عەتا نەهایی

# سەرجەمی چیرۆکەکان



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی رۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان:

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

## عەتا نەهایی

# سەرجەمی چیرۆکەکان

## زریکە، تەنگانە، ئەو باڵندە بریندارە کە منم



کتێب: سەرجەمی چیرۆکەکان "زریکە، تەنگانە، ئەو باڵندە بریندارە کە منم"
نووسینی: عەتا نەهایی
نووسیار: فەخرەدین ئامێدیان
بڵاوکراوەی ئاراس- ژمارە: ٥٠٣
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە و بەرگ: ئاراس ئەکرەم
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل
سەرپەرشتیی چاپ: ئاورەحمانی حاجی مەحموود
چاپی یەکەم، هەولێر- ٢٠٠٦
لە کتێبخانەی گشتیی هەولێر ژمارە (٧٧٦)ی ساڵی ٢٠٠٦ی دراوەتێ

# من چیرۆکنووسێکی کوردم(١)

عەتا نەهایی

من چیرۆکنووسێکی کوردم. ئەمە لە هەمان کاتدا کە خۆناساندنێکی کورت و سادەیە، باری بەرپرسایەتییەکی قورس و گرانیشە. بەرپرسایەتییەک بەرامبەر بەخۆم، وەک مرۆڤێک کە قەرارە جارێک بژیم و حەز دەکەم لەم ماوە کورتەی ژیانمدا بەرامبەر بە بڕیاری سەخت و دژواری داهێنان و نووسین و گێڕانەوە، بەرامبەر بەبیر و ئەندێشە و خەم دالّغە و پرسیارەکانم، بەرامبەر بەخەون و ڕوئیا و فەنتازییەکانم وەفادار بم. لە هەمان کاتیشدا بەرپرسایەتییەک بەرامبەر بەو خەڵکانەی کە لەگەڵیاندا دەژیم. بەرامبەر بەو نەتەوە کە کێشە و گرفت و ناتەبایی و ناتەواییەکانی، کێشە و گرفتی منە. بەرامبەر بەو مێژووە کە مێژووی هەوڵ و تەقەلای باب و باپیرانی من و، مێژووی هەوڵ و تێکۆشانی منە. بەرامبەر بە واقیع و پرسەکانی ئەم خەڵک و کۆمەڵ و نەتەوەیە. بەرامبەر بەکولتوورەکەی کە من دەبێ دەورم لە گۆڕانیدا ببێت و، بەرامبەر بەزمانەکەی کە منیش دەبێ خزمەتی گەشەسەندنی بکەم. ئەوە کامە ساتەوەخت بووە کە بۆ یەکەم جار شانم داوەتە بەر ئەم باری بەرپرسایەتی گێڕانەوە و داهێنان، یان بەوتەیەکی تر گێڕانەوەی داهێنەرانە؟ نازانم. ئەوەندە دەزانم کە لە پشت ئەم بەرپرسایەتییەوە هیچ هاندەرێکی سەرەکی و پاڵنەرێکی جیدی تر لەوە نییە کە ئەم کردە ئینسانییە، واتا گێڕانەوەی داستانی، هەوڵێکە بەقەدەر هەموو هەوڵە هاوکێشەکانی بۆ پڕ بەروبار کردنی بەها ڕەسەنە ئینسانییەکان، بەهاگەلێکی وەک دادوەری، ئازادی، ڕێزگرتن لە مافی مرۆڤ، بڵاوکردنەوەی تۆوی عیشق و خۆشەویستی و، دابین کردنی هەموو ئیمکانێکی هاوسان و بەرامبەر بۆ دەرخستنی توانا و قابلییەتە تاکە کەسی و کۆمەڵایەتییەکان. بۆ سڕینەوەی هەموو جۆرە دوژمن و خێوی

(١) ڕادوی دەوڵەتی سوید هاوینان بەرنامەیەکی بەهەموو زمانەکان هەیە بەناوی (سۆمەر پراترا) یان وتەبێژی هاوینە، کە بۆ ماوەی نیو سەعات میکرۆفۆنەکەی بەشاعیر یان نووسەر یان هونەرمەندێک دەسپێرێت تا دەربارەی ژیانی خۆی و پەیوەندی ژیانی بەکاری ئەدەبی یان هونەریەوە بۆ گوێگرەکان بدوێ. ئەم وتارە دەقی ئەو تاکبێژیەیە کە هاوینی ساڵی ٨٣ بۆ چەند جار لەو ڕادوییەوە بڵاو بۆتەوە.



توند و تیژی ناتەواییەکان، تەنانەت ئەو کاتەش کە مرۆڤی داهێنەر لە پێناوی هەموو ئەمانەدا ناچارە بەگێڕانەوەی ناحەزی و ناتەواوییەکانی بەشێک لەبیر و ئەندێشە کار و کردەوە مرۆڤەکان و، ناچارە بەگێڕانەوی ناحەزی و ناتەواوییەکانی لە ژیانی کۆمەڵگەو، ناچارە بەگێڕانەوەی پیسی و پۆخڵەواتی و توند و تیژی و ڕق و قین کۆی ڕشاییەکان، لەپێناوی بەها بەخشین بە جوانییەکان.

من لە سەرەتاوە، ڕەنگە تا ئێستاش، لەناو ئەم ناحەزی و ناتەواوی و ڕەشاییانەی ژیانی دەوروبەرمدا گەمەم کردووە و، بەقەدەر توانام ڕاوی گیرەرەوەی خەم و مەینەت و گرێ و کارەساتە دەروونییەکانی خۆم و مرۆڤی دەور و بەرم و، سەربووردە بەسەر هاتە تاڵ و تاریک و ڕەشەکانی کۆمەڵگەم بووم. لەهەمان کاتیشدا هەوڵم داوە لە ناسکی و لە تافەتی ڕۆحی کەسەکان و، لەو تروسکاییە ئومێد کە لە پشت کارەساتەکانەوە هەیە و، لەو سپیایی و ڕووناکاییە کە لەگیانی مرۆڤ و کۆمەڵگەدا خۆی حەشار داوە، غافڵ نەبم. لە ماوەی ئەم چەند ساڵەی کار و نووسینم گەلێک کەس گوتوویانە و نووسیویانە کە گوایە من نووسەرێکی تاڵ و ڕەشبین و تەنانەت نەهلیستم و ڕەشاییەکانی کۆمەڵگە و نامورادییەکانی مرۆڤ و بەرجەستە دەکەمەوە. من وەڵامی ئەم وتانە بەم شێوەیە دەدەمەوە کە نامهەوێت خیانەت لە خۆم و کەسانی دەوروبەرم و مێژووی پڕ لە نامورادی نەتەوەکەم بکەم. ناتوانم و، ڕاستییەکەشی بڵێم نازانم، خیانەت لەو ژیانە بکەم کە ژیاوم. هەر لە منالّیمەوە تا ئێستا کە چل و چوار ساڵ تەمەنە، هەر لە ژیانی ناو خێزان و ناو بنەماڵەوە تا ژیانی ناو کۆڵان لەگەڵ منداڵان و دواتریش لە قوتابخانە و لەناو سیستەمێکی سەیر و سەمەرە پڕ لە ناتەواوی فێرکردن و، بەتایبەت بارهێنان و پەروەردەدا، ئەوسا هەر لە تافی گەنجی و ئاشنا بوونم لەگەڵ کەسانێکی وەک خۆم کە خاوەنی ئارمان و ئیدەئالیکی ئینسانی شیرین و گەورە بوون و، ئاشنا بوونم لەگەڵ ئەو حیزب و ڕێکخراوانە کە دروشمی ئینسانی گەورەیان دەداو، پاشان بوونم بە سەربازێکی ناو شەقام و خۆپیشاندانە جەماوەرییەکانی وڵاتەکەم کە تەمەنای گۆڕینی ژیانی بوو، ئەوسا نامورادیم بۆ هەموو خەون و خولیاکان و تێگەیشتنم لەو ڕاستییە کە خەون و خۆزگەکانی مێرمنداڵی و گەنجییەتی من و هەموو کەسانێکی وەک من، بەتەنیا توانای گۆڕینی دنیایان نییە و، دنیاکەی منیش ئەگەر گۆڕانێکی بەسەر هات گۆڕانی بۆچوونەکانم بوو بەرامبەر بە هەموو ئەو ناڕاستییانە کە وەک ڕاستی وەرمگرتبوون و، ئەگەر ئەدەب و تەمەنای گێڕانەوەی ڕاستییەکان لەلام دروست نەبوایە و، ئەگەر چیرۆک و ڕۆمان وەک کردەی داهێنانی جیهان

و ژیانێکی ڕاستتر لە وەهمی ئەو جیهان و ژیانە کە دەمناسی و لەگەڵیدا ناتەبا بووم، بە هانامەوە نەهاتبایە، ئەوسا بێگومان دەبوومە مرۆڤێکی تۆخ ڕەشبین و پووڤگەرا. مرۆڤێک کە هیچ بیانوویەکی بۆ ژیان و بەردەوامی ژین نەدەبوو. لێرەوە ئیتر خەڵوەتەکەی خۆم کە پەناگەی خۆشاردنەوەم بوو لە لافاوی کاوڵکاری هەرەسی خەون و خولیا و ئیدەئالەکانی منداڵی و تازەلاویم بەقەرەباڵغی ناو ئەو کەسایەتییە چیرۆکییانە پڕ کردەوە کە هەموویانم بەشێوەیەک لە شێوەکان لە ژیانی خۆمدا ناسیبوو. هەموویان بە شێوەیەک لە شێوەکان مرۆڤێک بوون وەک خۆم و دایک و باب و خوشکەکانم و منداڵەکانی گەڕەک و ژن و پیاوە هاوشاری و هاوڵاتییەکانم.

من لە خەڵوەتی بە ڕواڵەت سارد و سڕی شەوان و ڕۆژانی سەرەتای دەهەی سێیەمی تەمەنم، لەناو قەرەباڵغی دەیان و سەدان کەسی زهنی کە هەر کامیان بۆ خۆیان کەس یان کۆمەڵە کەسێکی واقیعی دەوروبەریشم بوون و، بەرۆکیان دەگرتم کە ژیان و سەربووردەیان بگێڕمەوە، یەکەم چیرۆکەکانم نووسی.

یەکەم چیرۆک کە نووسیم و تا ئێستاش وەک زۆر چیرۆکی تری ئەو سەردەمە بڵاوم نەکردووتەوە، چیرۆکی «دوو کەرەت دوو» بوو. باوکێکی داماوی لە کار دەرکراو، بۆ ئەوەی زەینی منداڵەکەی لە واقیعە تاڵەکانی دەوروبەری بدزێتەوە پەستا پەستا خشتەی زەربی ڕەقەمەکانی لێدەپرسێتەوە و منداڵەکەش لە هەمان کاتی وەڵام دانەوەیدا بیری لەلای ڕووداوەکانی دەوروبەرییەتی. دایکم بۆ یارمەتیدانی بەڕێوەبردنی ژیانی بنەماڵە بچووکەکەمان کە چوار کەس پتر نەبووین شەو و ڕۆژ کاری دەکرد. دوورمان، هەوڕ کردن، لە هەمان کاتیشدا کاری ماڵ و مەزرا. دایکم هەموو ددانەکانی کێشا بوو. پارەیەکی لە ڕەنجی شانی خۆی پاشە کەوت کردبوو تا تاقمە تێبکاتەوە. دایکم لە ترسی باوکم پارکەی شاردبووەوە و، باوکم وەک هەمیشە کە پەی پێدەبرد، پێیزانیبوو هەڵگرتبوو. لە بیرمە کە دایکم یەک دوو ساڵ بێ ددان مایەوە، هەموو ڕۆژێک بەدەم ڕەنج و ئازاری کارەوە دەگریا و بە نامورادی خۆیدا هەڵدەگوت. دایکم ژنێکی میهرەبان بەڵام لە ژیانیدا ناموراد و خێر نەدیو بوو. ژنێکی بێ پشتیوان بوو. کچی باوکێکی خوێندەوار و بنەماڵەیەکی ماقووڵ و ناودار کە تووشی نەهامەتی ببوون و لە یەکێک لە گەمەکانی ژیاندا هەموو نێرینەیان بێجگە لە تاقە کوڕێک تێدا چووبوو. ئەو کوڕەش کە دەبێتە خاڵووم لە سەرەتای گەنجیدا سەری خۆی هەڵگرتبوو، هەرگیز نەگەڕایەوە. من لە ڕۆمانی «گوڵی شۆڕان» بەشێوەیەک لە شێوەکان ئاوڕم لە ژیانی دایکم و فرمیسکە شاراوەکانی و چاوەڕوانییە بێ بڕانەوەکەی



بۆ گەڕانەوەی تاقە براکەی داوەتەوە. خۆزگە ژیان مەجالی ئەوەی دەدام ئاوڕێکی جیدیترم لە ژیانی باوکیشم بدایەتەوە. باوکێکی هەمیشە ماندوو دەست و گیرفان بەتاڵ. کە منداڵ و ساوا بووم دەمزانی زۆری خۆش دەوێم. تاقە کوڕی بووم و دوای مەرگی چوار، یان پێنج کوڕ لە دایک ببووم. من تەنیا ئەو ساتانەی منداڵیم دێتەوە یاد کە لە باوەشی باوکمدا بووم. هەڵیدەگلۆفتم و ماچی دەکردم. بەڵام کە تەمەنم هەڵکشاو لە دوازدە و سێزدەم تێپەڕاند، بەقەدەر هەوڵم بۆ دابڕان لە باوەشی باوکم و قوتار کردنی مەچەکم لە پەنجەی ئاگاداری و ئاگا لێبوونەکانی، بەقەدەر هەوڵم بۆ وەرگرتنی کاریگەریەکی سەربەخۆ، ڕق و تووڕەیی باوکم بەرامبەر بەمن زیاد و زیاتر بوو. ئەمر و نەهیەکانی، بکە و مەکەکانی، شەڕ و لێدانەکانی وای لێ کردم لە مێرمنداڵیمدا پیموابێت باوکم دوژمنی منە و، ئەم بیرە وەها پەرەی سەند کە بە عەقڵ و بیرکردنەوەی ئەم دەمەم پێموابوو باوکم لە دەرەفەتێک دەگەڕێت من بکوژێت. ئەو شەوانەم لە بیرە کە ئەم فیکرە تۆقاندبوومی و، ئەو ڕۆژانەشم لە بیرە کە هەڵس و کەوت و تووڕەییەکانی باوکم فکرەکەی زیاتر لە لام دەچەسپاند. لە بیرمە کە ئەوەندە لە ئەمر و نەهیەکانی وەڕس ببووم کە بڕیاری کوشتنیم دا. بڕیارمدا باوکم بکوژم. بە بۆچوونی ئەو دەمەم پیموابوو ئەگەر هەندێک لە قارچکە مارانەی بن دیوار و پەسێوان وشک بکەم و وردی بکەم و لەو خواردنەی بکەم کە باوکم دەیخوات، دەمرێت. ئەو کارەم کرد. هەرگیز ئەو نیوەڕۆیەم لە بیر ناچێتەوە کە باوکم کەوچکە دۆینەی هەڵدەقوڕاند و من لە پشت دەرکە، پەشیمانی ئەو تاوانە گەورەیە، بێ ئەوەی بوێرم جامۆلکە چێشتە پڕ لە قارچکە مارانەکەی لەبەر دەست هەڵبگرم، دەگریام و بەو پەڕی پەشیمانییەوە چاوەڕوانی مردنی باوکم، خۆم سەرکۆنە دەکرد. ئەو خواردنە بەناو ژەهراوییە لە دەرەوەی زەینی منداڵانەو پیلان گێڕی من باوکمی نەکوشت و، لە ناوەوەی زەین و دەروونیشمدا باوکم هەرگیز نەمرد. ئەو بە هەمووی شکۆی باوکانەی خۆیەوە سەرجەمی تەمەنا ڕوا و ناڕەواکانی ساڵانی مێرمنداڵیمی بۆ ئازاد بوون و سەربەخۆ بوون پێشێڵ کرد. بۆ ئەوەی منی تاقە کوڕی بۆ ئەو بم و، لە جەغز بازنەی ئەودا دەرنەچم. بەڵام من ئەو جەغزەم پساند. لانیکەم خۆم پێموابوو پساندوومە. شانزە ساڵان بووم کە بۆ خوێندن لە پیمانگای مامۆستایان ٠دانشسەرای سەرەتایی) لە ماڵەوە دوور کەوتمەوە. لەگەڵ دوور کەوتنەوەمدا ڕوویەکی تری کاراکتەری باوکمم لێ ئاشکرا بوو. باوکم بەپێچەوانەی بیرکردنەوەی مێرمنداڵیم نەوەک هەر ڕقی لە من نەبوو، بەڵکوو تا سنووری شێتیەتی منی خۆش دەویست. کە لە دوای یەک- دوومانگ دووری دەهاتنمەوە ماچ بارانی دەکردم.

شەوان کە دەنووستم پێ و پلی دەلستمەوە. دەیان و شەو بەگەرمای دەم و هەناسەی لەسەر بەرەپێم بەئاگا بوومەتەوە. لەو ڕۆژەوە پەیوەندی من و باوکم گۆڕا. ئیتر من مێرمنداڵێک نەبووم کە لە بازنەی ڕق و نەفرەتی باوکمدا خۆم ببینمەوە. گەنجێک بووم لە دوای خۆشەویستی لە ڕادە بەدەر و بێ سنووری ئەودا. بیرم کردەوە هیچ نەگۆڕاوە. باوکم ئەگەر تا دوێنێکە بە تووڕەیی و تەحەکومەوە، کە من بەڕق و نەفرەتی تێگەیشتبووم، سنووری بۆ هەموو کار و کردە و جووڵەیەکم دادەنا، ئێستا بە پاڕانەوە و تکا و هەندێک جار گریانەوە بەری بە سەرەتاییترین تەقەلاکانی ئازادی و سەربەخۆیی کەسایەتی ن دەگرت. ئەمە زیاتر تۆقاندمی. بۆ هەڵوێستی یەکەمیان تا سنووری پیلان بۆ کوشتنی ڕۆیشتبووم. بەڵام بۆ هەڵوێستی دووهەمیان هیچم لە دەست نەدەهات. ئەو بەچەکی خۆشەویستی و سۆز و عاتیفەی لە ڕادەبەدەری باوکانەوە لەگەڵ سەرکێشی کەسایەتی تازە شکڵ وەرگرتووی من بەشەڕ هاتبوو. من تا دوێنێکە کۆیلەی بێ دەسەڵاتی خۆم و توودەیی ئەو بووم و، ئەمێستا خۆم بەکۆیلەی عەشق و سۆزی ئەو دەزانی. ئەو جگە لە من کەس و پشتیوانێکی تری نەبوو. من دەبوو تا هەتا هەتایە کۆیلەی تەمەناکانی ئەو بم. لە ڕاستیدا ئەو کۆیلەی من و منیش کۆیلەی ئەو بووم. هەردووکمان کۆیلەی بێ کەس و بێ دەسەڵاتی و بەتایبەت نەزانینی خۆمان بۆ شکڵێکی عاقڵانە بەخشین بە داوا و تەمەنەکانمان بووین. ئەو نەیدەزانی چۆن خۆشەویستییەکەی بخاتە خزمەت پێگەیاندنی من و، من نەمدەزانی چۆن تیبگەیەنم کە پێویستم بە ئازادی و سەربەخۆیی و داڕشتنی کەسایەتیم هەیە. من بە شێوەیەکی هەڵە و ناڕەوا کەڵکم لە سۆز و عاتیفەی ئەو وەردەگرت و، هەردووکمان یەکترمان ئازار دەدا. ئەم کێشەی من و باوکم دەیتوانی کەرستە بێت بۆ زۆر چیرۆک و تەنانەت ڕۆمانیش. گەلێکم نووسی و دواتر لەبەر چەند هۆی وەک بێ ئەزموونیم لە چۆنییەتی بە چیرۆک کردنیان دڕاندمن. لە یەکەم چیرۆکەکانمدا کە دواتر لە بەرگێک بە ناوی «زریکە» بڵاوم کردەوە، ئاوڕم لە یادەوەرییەکانی سەردەمی منداڵی و مێرمنداڵی و تەنانەت گەنجیم لە پەیوەندی لەگەڵ کەسانی تردا دایەوە. کەس نەیزانی «تەزووی ئازارێکی کۆن» چیرۆکی نامورادی منداڵێکی هاوتەمەنی خۆم بوو کە لەگەڵ خوشک و زاوایەکی پیریدا لە ژوورێکی ماڵی ئێمە دەژیا و، بیر و فەنتازیای منداڵی و مێرمنداڵی من بۆ ئەوساتانە چووبوو کە دەشێت ئاگای لە جووت بوونی ئەو پیرە لەگەڵ خوشکیدا بووبێ و، دەشێ ئەو ئاگا لێبوونەش گرێیەکی سەیر و سەمەرەی ڕۆحی بەرامبەر بە سێکس لەلا دروست کردبێت. ئەم منداڵە دواتر گەورە بوو خۆی کوشت. کێ ئەڵێ ئەو گرێیە کە لە



تەخەیولی منەوە سەرچاوەی گرتووە هیچ دەورێکی لە خۆکوشتنەکەیدا نەبینیوە؟ کێ چووزانێت چیرۆکی «زریکەیەک لە قوڕگی شەودا» کە خۆم بەدەم وەحشەتی نووسینیەوە هەڵلەرزیوم و، بەرهەمی فانتازیای خۆمە، بە شێوەیەک لە شێوەکان چیرۆکی ئەو کچە مێرمنداڵە نەبێ کە لەپێناوی ژن و بەژن کردن بۆ براکەی، بەزۆر درابوو بە کوڕێکی مێرمنداڵەی نەخۆش و پەککەوتە. دایکی ناموراد و بێوەژنی کوڕەکە ملی بەو ڕاستییە نەدەدا کە ئەو کوڕە

منداڵە نەخۆشە ناتوانێت ببێتە زاوای ڕوئیاکانی. نەمبیست ئەو بێوە ژنە هەمیشە جیدی و تووڕە و لە هەمان کاتدا خەمبارە بەچڵە چیلکەیەک بکەوێتە گیان پەردەی کچێنی بووکە مێرمنداڵەکەی، کە لە مێرمنداڵی خۆی دەچوو. بەڵام کێ هەیە بڵێ نەدەشیا کاری وا دڕندانە و پڕ لە توند و تیژی بنووسرێتەوە؟ کێ چووزانێت چیرۆکی «مەچەکێک لە تەڵەی پێنج پەنچەدا» کە گێڕانەوەی مەچەکی مرۆڤی کوردە لە تەڵەی پەنجەی دایک و باوک و دواتریش خەڵکانێکی پیاو کوژ و بەگشتی قەدەرێکی پڕ لە توند و تیژی، لە یادەوەرەی خۆم و مەچەکی هەمیشە نێچیری خۆم و کەسانی نێچیری خۆم و کەسانی دەوروبەرم سەرچاوەی نەگرتووە؟ یان هەڵاتنی تا سنووری خۆبەردانەوە لە بەرزاییی و خۆکوشتنی ئەو لە چیرۆکی «ئەو لەو مەراقێکی دێرین» لەبەر لافاوی وێران کەری سۆز و عاتیفەی هاجەرە شێتی دایکی، گێڕانەوەی خەیاڵی مێرمنداڵەنەی خۆم نەبووە؟ یان...یان...

کە چیرۆکەکانی دووهەم کۆمەڵە چیرۆکەکەم دەنووسی ئیتر باوکم نەمابوو. تا ڕادەیەکیش لە یادەوەرییەکانی سەردەمی منداڵی و مێرمنداڵیم دابڕابووم. من بووم و تەجرەبەکانی تافی لاویم. ئەزموونی خوێندنەوەکانم. بیرکردنەوە لە مانای چەمکەکانی و شۆڕ بوونەوە بەناخی مێژوویەکی تاڵی پڕ لە کارەسات و دووبارەکاری. چیرۆکی ڕابوودوویەکم نووسی لە ئاگردا. «ڕابوودوویەک لە ئاگردا» ئەزموونێک بۆ ئەوەی خۆم ڕابێنم کە چۆن واقیعی ژیانی کەسەکان بکەم (بەتەختە پەڕشێک) بۆ باز هەڵدان بۆ ناو مێژوویەک کە لە هەموو لایەکەوە ئاگر گەزارەی لێ کێشاوە. کە دەڵێم واقیعی ژیانی کەسەکان مەبەستم کەسە داستانییەکانمە. مەبەستم واقیعە بەرهەست و نابەرهەستەکان، واقیعە عەینی و زەینییەکان، ڕووداو و ڕوونەدراوەکانم ژیانی کەسە داستانییەکانمە. لەو ڕۆژەوە ئیتر ئاگر بووە بەبەکێک لە کاراکتەرەکانی بەشێک لە گێڕانەوەکانم. ئاگرێک کە لەو چیرۆکەدا ژیانی کەسێکی داماو دەقۆزێتەوە، لە ڕۆمانی «گوڵی شۆڕان» لەچەقی

سەرماو سۆڵی ژیانی خانزادێکی تەرەی بەتەنیا ماودا مەیلی سەرکوت کراوی جنسی و سێکس دەورووژێنی. تاسبەی ڕۆژ بەچەندان جۆری جیاواز و دژوازی خوێندنەوەی ڕەش و سپی، بۆ کەسانێک ببێتە سەرەتای پرسیار لە هۆکارەکانی نەبینین و فەرامۆش کردنی ژن و مەیل و خواستە ڕەواکانی. ئاگرێک کە لە ڕۆمانی «باڵندەکانی دەم با» لە ناو ژوور و لە کۆڵانێکی چۆڵدا لە لەشی ژن دەئاڵێ تا بیکاتە ڕەژی و تا لرفەلرفەکەی ببێتە کابووسێک و خەو لە چاوی پیاوانی هەڵوەدا بۆ ڕابوردوو، بۆ عەشقەکانی ڕابوردوویان بزڕێنێت. بەشێک لە چیرۆکەکانی «تەنگانە» هەروەها کە گوتم بۆ من تەختە پەڕشێک بوون لە ساتە وەختی ژیانی کەس یان کەسانێکەوە، بۆ باز دان بۆ مێژوو. مێژوویەک کە لەوێدا پیاوێکی پاتریارکی کەللە ڕەق دوا مردنیشی، دوای ئەوەی کە لە بۆگەن و پیسایی خۆیدا دەخنکێت، هیچ کەس ناوێرێت بڕوا بەمردنی بکات. هیچ کەس بێجگە لە منداڵێک. ئەوە « چیرۆکێکی ناتەواو»ە. چیرۆکێک کە هێشتا بەردەوامە. هەروەها چیرۆکی «ورمز و پەیکەرێک لە قوڕقوشم» کابووسی ورمزخانە کە کابووسی هەموومانە. چیرۆکی «لەگەڵ کۆچی پەڕەسێلکە»... نازانم، زۆر چیرۆکی نووسراو و نەنووسراوەی تریش... من لە دڵی ئەو مێژووە پڕ لە کارەساتەوە هۆرەیەکم دەبیست. «هۆزەی وەرزی بەرد بارین». چڕینێک، گۆرانییەک بوو کە لەگەڵیدا بەرد دەباری و، ژیانی هەموو دوژمنانی عەشق و خۆشەویستی و ئازادی دەخستە مەترسییەوە . ئەوە هۆرەی ژیان و سەرهەڵدان و بەرخۆدانێکی دوور و درێژ بوو لە گێڕانەوەکانمدا. ئەو دەم و قۆناغەش کە گێڕانەوەکانم شۆڕبوونەوە بوون بەناخی مێژوودا، لە ئێستا و ساتە وەختی هەنووکە دانەبڕابووم. ئەو دەمە تەجرەبەیەکی خۆشی نووسین و گێڕانەوە بوو. لە دڵی هەموو شتێکەوە چیرۆکێک هەڵدەقوڵا. کچە بچووکەکەم ئەو دەم پێنج یان شەش ساڵان بوو. ڕۆژانە گەمەیەکی زمانیمان دەکرد من دەمگوت: من... تۆم... خۆش... نەمدەگوت «ئەوێ» یان «ناوێ». ئەو دەیگوت: ئەوێ. لەو ڕستە ساکارەو لەو گەمە و یارییەی نێوان من و کچەکەم چیرۆکی «من... تۆم... خۆش... دەوێ» سەری هەڵدا. تەجرەبەی نووسین تەجرەبەیەکی سەیرە. ئەو چیرۆکە هیچ پەیوەندی بەیاری من و کچەکەمەوە نەبوو. یارییەکی تاڵ و پڕ لە ئازار بوو لە نێوان دوو کەسی تر. داوا و تەمەنایەکی دۆڕاو بوو بۆ خۆشویستن.

حەز دەکەم لێرەدا ڕاستییەک بدرکێنم. من پێموایە ژیانە داستانییەکان شاراوە و سەربەخۆی لە ئێمە، بوونیان هەیە. وەک هەموو ئەو ژیانانەی تر کە ئێمە ئاگامان لێیان



نییە و پەیمان پێیان نەبردووە. هەموو چیرۆکەکان، هەرچەندە فانتاستیک و دوور لە واقیعیش بن، بوونیان هەیە چیرۆکنووس جاری وایە ڕێچکەیەک دەبینێتەوە و لەوێوە خۆ بەژووری ئەو جیهانە داستانییەدا دەکات و دەیگێڕێتەوە. من نازانم ئەو جیهانانە بەر لەوەی ببیندرێنەوە و بگێڕدرێنەوە لە کوێدان. ڕەنگە لە دوورترین سووچەکان و تاریکترین خانەکانی زەینی ئێمەدا بن. ڕەنگە لە تووناوتوونەکانی زماندا بن. لە هەر کوێیەک بن جاری وایە وشەیەک، ڕستەیەک بیرێکی ئان و ساتی، دیمەنێک یان هەر شتێکی تر دەبێتە ئەو ڕێچکە و دەمانگەیەنێتە ئەو جیهانە. لە پاش گێڕانەوە، ئەو جیهانە چیرۆکییە دەبێتە بەشێک لە واقیعی ئێمە. بەشێک لە واقیعی هەموو ئەو کەسانە کە لەگەڵیدا ئاشنا دەبن. بەشێکی واقیعی تر لە هەموو واقیعێک. لێرەوە ئیتر چیرۆک و ڕۆمان داهێنانی چیرۆک نووس نییە. بەپێچەوانەوە، چیرۆک نووس داهاتەی جیهانی چیرۆکەکەیەتی. من وەک تەجرەبە و ئەزموونی خۆم، چاک یان خراپ، سەرکەوتوو یان تێشکاو، بەهۆی گێڕانەوەکانمەوە خۆم دەناسم و لە خۆم و خەم و خۆزگە و داڵغەکانم دەگەم. من بەهۆی چیرۆکەکانمەوە خۆم و مرۆڤەکانی دەورووبەرم و دۆخ و سەردەمەکەم کەشف دەکەم. ئێستا کە ئاوڕ لەو چەند چیرۆک و ڕۆمانەم دەدەمەوە، دەبینم بەبێ هیچ عەمد و ئەنقەستێکی لەوە پێش پلان بۆ داندراو، کێشەی سەرەکی من و هەموو کەسە چیرۆکییەکانم کێشەی شناس و ئایدێنتیتییە. لە زۆربەی کارە کەمەکانمدا کەسێک لە دوورەوە، لە شوێنێکی دیار و نەدیارەوە دەگەڕێتەوە، تا شناسی پارچە پارچە بووی خۆی کۆ بکاتەوە. کێم؟ چیم بەسەر هاتووە؟ بەرەو کوێ دەچم؟ خەم و داڵغەی دەستەبەرکردنی شناس، خەم و داڵغەی دروست کردنی بوون، خەم و داڵغەی وەڵام دانەوە بەو پرسیارانە سەخت و قووس و گرانە. «دوو وێنەی ون» زەقترین و لە هەمان کاتدا سەرەتاییترین تەجرەبەی گەڕانە بەشوێن بووندا. کەسێک لە مابەینی هەزاران و سەدان هەزار ڕوخساردا لە ڕوخساری ژن و پیاوێک دەگەڕێت کە دایک و بابی ئەو بن. لاسی «گوڵی شۆڕان» دوای ساڵەها لە شوێن چارەنووسی ونی خۆی و، چارەنووسی ئەو کەسانە دەگەڕێت کە بەشێک لە بوونی خۆین. میهربانی «باڵندەکانی دەم با»ش لاسێکیترە لە زەمەنێکی تردا. ترسی ون بوون و فەرامۆشی لە لای من ترسێکی ئاسایی نییە. من دەترسم لەوەی کە ببم و نەبم. لەوەی کە ببم و نەزانم کێم. بەر لە نووسینی ڕۆمانی «باڵندەکانی دەم با» ترسی فەرامۆشی و ئالزایمەر تەنگەر پێ هەڵچنیبووم. نامەیەکم بۆ هاوڕێیەکی نووسەرم نووسی و گوتم: هەموو خەمی ئەم ڕۆژانەم ئەوەیە تووشی فەرامۆشی ببم. وەها کە لە بیرم بچێتەوە

بێز لە بێمانایی بوون و ژیانی ڕووەکی خۆم بکەم. وەها کە لە بیرم بچێتەوە قێز لە بوونی بێ کاراکتەری خۆم و ئیفلیجی زەین و ئەندێشەم بۆ گەڕان لە شوێن ژیانی خۆم بکەم. گوتم دەترسم لەبیری بچێتەوە لە وەها دۆخێکی ئێجگار ترسناکدا تەنانەت کۆتایی بەژیانی بێمانای خۆم بهێنم. ئەو دەمە نەمدەزانی ماوەیەک لەوە دوا دەست دەکەم بەنووسینی ڕۆمانێک کە ئەم بابەتە یەکێک لە بابەتە سەرەکییەکانی دەبێت. ئەو دەمە نەمدەزانی وتارێک دەنووسم و لەوێدا سەنگەری گێڕانەوەی داستانی بەبڕوا پێکراوترین سەنگەر لە بەرامبەر شالاوی فەرامۆشی ناوزەد دەکەم. حەز دەکەم لێرەدا زۆر بەخێرایی باز بدەم بەسەر زۆر بابەتی تردا کە دەبێت ڕۆژێک لە ڕۆژان بیانلێم و، ئاوڕ بدەمەوە لە خەمێکی قووڵی تر کە خەمی ژنانە. ڕەنگە ئەمە شتێکی سەیر بێت چونکا من ژن نیم و تەجرەبەی ژیانی ژنانەم نییە. کەواتە بۆ پێم وانەبێ گەڕان لە شوێن کەشف و دۆزینەوەی قووڵایی خەم و ئازارەکانی ژن بەشێک نەبێت لە تەجرەبەی گەڕان لە شوێن کەشف و دۆزینەوەی خودی خۆم. من هەوڵم داوە لە نزیکەوە دایکم و خێزانم و کچەکانم باش بناسم. هەروەها خوشکەکانم. ژنان و کچانی دەرو دراوسێ و هاوشاری و ، ئەو ژنانە کە نووسەر و داهێنەر بوون و، هەروەها هەوڵم داوە لە ناخی ئازارەکانیان بگەم. کە زۆربەی ئەو ئازارانە سەرچاوەی لە کەلتوور و سیستەمی ئیدارەی کۆمەڵگە و تەنانەت لە زماندایە. ڕەنگە سەیر بێ و ڕەنگە سەیریش نەبێ، لەو ڕۆژەوە کە من بووم بە پیاو، واتە لەو ڕۆژەوە کە دایکم حسابی پیاوی بۆ کردم، تا ئەو ڕۆژە کە مرد و جەستەی نیانی بوو بەمیوانی خاک شەرمی لێ دەکردم. هەر ئەو شەرمە کە لە باوکمی دەکرد. هەر ئەو شەرمە کە لە پیاوانیتر دەکرد. خێزانم لە پێناوی خواستەکانی مندا زۆرترین قوربانی داوە. بێ ئەوەی خۆی پێ بزانێ یان بیدرکێنێ. خوشکەکانم تا ئێستاش کە خۆیان خەریکن پیر دەبن، بەبێ هیچ هۆیەکی دیار و ئاشکرا، لێم دەترسن. کچەکانم پێیان سەیرە من وەک باوکی هاوڕێکانیان نیم. ئەوان هەموویان پاراستن خوازن. ئەوان درەنگ هەڵدەچن و تووڕە دەبن و زوو پیر دەبن. ئایا ئەوان بەشێک لە بوونی من نین؟ ئایا ئەو سفەتانە بەشێک لە کاراکتەری من نییە؟ ئێمە لە کۆمەڵگەیەکدا دەژین کە پیاوەکان زۆرترین هەوڵ بۆ سەرکوتکردنی لایەنی ژنانەی ڕۆح و دەروونی خۆیان دەدەن. هەروەها زۆرترین هەوڵیش بۆ سەرکوتکردنی لایەنی پیاوەنەی ژنەکان دەدەن. من ئەم دابەشکردنی و ناو لێنانەشم بەدڵ نییە. ئەمەش خۆی جۆرێکە لە سەرکوتکردنی. ئەم هەوڵانە هیچ خێر و بێرێکی بۆ هیچ کەس تێدا نییە. گێڕانەوەی داستانی ئەم هەوڵە نەزۆکانە شەرمەزار دەکات. دەبێ



بیکات. گێڕانەوەی داستانی ئەو واقیعە حاشا هەڵنەگرانە ئاشکرا دەکات کە ژنان لە نگریسترین سیستەمی کەلتووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئیدارە کردنیشدا تەنیا میهرەبان و چاو لە ڕێ و کز و شەرمن نین. من لە ناحەزترین و توندو تیژترین کردەی ژناندا کە خۆ سووتاندنە، تەسلیم بوونی ئەوان بەواقیعە تاڵەکان نابینم. ڕاسان و بەرخۆدان و بەرگری لەخۆ دەبینم. یەکێک لە کچەکانم دەڵێ: وانییە. یەکیان دەڵێ: وایە. من چاوەڕوان دەبم بزانم ئەم دیالۆگی کچانە بە چ ئەنجامێک دەگات. ئەگەر توانیم و دەرفەتم بوو ئەوەش دەگێڕمەوە. هەموو شتەکان دەبێ بگێڕدرێنەوە. لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا پێموایە گێڕانەوەی داستانی بڕوا پێکراوترین جۆری گێڕانەوەیە.

ستۆکهۆلم بەهاری ١٣٨٣

# زریکە

کورتە چیرۆک

## مەچەکێک لە تەڵەی پێنج پەنجەدا

سەد ساڵی دیکەش بمرێ، بەو خورپە و داچڵەکانە دەمرێ. لە گۆمی خەیاڵاتیدا بوو. ئەوەی کە لە شاخ و ڕەقەن و هەڵدێر دەیپاراست، نیگا نەبوو، نیگای بەو دیمەنە ئەفسووناوییەوە، بەباخی ڕوخساری جوانێوە شەتڵ بوو. تەنانەت گوێچکەشی، گوێچکەشی سەر سەرا یەک بوو، کە لە هەندا هووشەی شەماڵ و خوڕەی قەڵبەزەکەی تەنیشتی و، جووکە جووکی مەلی بچووکی سەر لق و پۆپی دارەکان دەرگەی گاڵە درا بوو. تەنیا زایڵەی دەنگە ئاسمانییەکەی جوانێ بوو، کە پێیدا دەهات و دەچوو:

– مادام پێم بگاتە نێو ماڵت، ژیانێکت بۆ سازدەکەم ساڵی بەسەعاتێک لێت ڕابرێ.

بزە شیرینەکەی بەڕووی دیمەنە بەهارییەکەی ئەو شیو و دۆڵەوە نەبوو. با بڵێین ئاگای لەو دیمەنەش نەبوو بەدەم وڵامەکەی خۆیەوە بۆ جوانێ دەخنایەوە.

– جا کەواتە بڵێ سی چل سەعات لە تەکتدا دەژیم.

– جا بۆ سی چل سەعات بە کامەرانی خۆشترە، یان سەدان ساڵ بە نامرادی؟"

لەو چۆڵگەدا لە سەر سنگی ئەو شیوو دۆڵ و شاخ و داخە، بیرەوەری ئەو گفت خۆشیە و ئاقڵ و ئاوەزییەی جوانێ، دڕی بەترس و تەنیایی دەدا. کوا ترس لە هەندا ئەو بیرەوەرییانە توانای سەر بزێوی هەیە؟ پیاوی بەتەما بۆ بەتەنیایە؟ مەگەر لەمەو پێش جوانێ بست بەبستی ڕێگەکەی لەتەکدا نەپێواوە؟... بۆ تا ئێرە ڕادەستی نەگرتووە؟... ئاخر ئەو بێ جوانێ کوێرە؛ سەرەندەر ناکات. هەر کە بەڕێ بوو هەستی بەهاوڕێیی جوانێ کرد. بەگوێیدا چپاندی: "زۆر حەز بەم سەفەرە ناکەم.. بەڵام ئابێنە دەستت".

ئەوسا مەچەکی پێشکەش پەنجەکانی جوانێ کرد. ملی ڕێگەی گرت.

تا مەنزڵێکی باش گوێی لە هیچ پرسیارێک نەبوو. لەوەدا دەنگە ئاسمانییەکە هاتە گوێی: "باشە بۆ کوێ؟" بەدەم بزەیەکەوە پرسی: "هیلاک بووی جوانەکەم؟" دیسانەوە دەنگە ئاسمانیەکە گوتی: " نا.. بەڵام حەز دەکەم بزانم ئەنجام کوێیە..."

ئەم، شانی لە شانی سوو. تینێک لە گیانی گەڕا. بە گەشکەوە گوتی: "ئەنجام بەتۆ گەیشتنە".



– بۆ لە چۆڵگەو شاخ و دۆڵ؟

ئەم، بەدەستەکەی دیکەی هەر دوو چاوی هەڵگلۆفت.

– کوا چۆڵگە، جوانەکەم؟ بڕوانە هەمموو شوێنێک هەر تۆی.. هەموو دەنگێک هەر ئاوازی ئاسمانیتە.

ئیتر جوانێ لەو بابەتە نەدوا، ئەمیش هەڵی کوتایە مەیدانی ئەو دیمەنە شیرینە. زریکەیەک، بازنە زێڕینەکەی پساند. لەهەر چوار لاوە بوو. لە شاخە هەزار بەهەزارەکەی ئەو بەر شیوەکەوە. لە تەبارەکەی ئەم بەرەوە، لەزاری دۆڵەکەی بەرامبەری و لە پشتەوە.

هەموویان پێکەوە نەڕاندیان: "ڕاوەستە زەلام" زریکە وەک تۆپەوانەیەک ئاراستەی دڵی کرا؛ پڕ بەپڕی بوو.

ڕایتەکاند و جێگر بوو. ئەوسا برووسکەیەک لە پشت بەردێکەوە، پرچی نیگای گرت و ڕایکێشا. گران بۆی لە چنگی دەرباز بوو. هەستی بەهەرەسهێنانی شاخەکە کرد. دۆڵ وەک نەهەنگ زاری بۆ کردەوە. ئەوسا گشت ئەو دەنگانە – کە تا ئێستا هەستی پێ نەکردبوون – لە گوێچکەی یاخی بوون. گوێی پڕ بوو لە هاژە هاژ و خوڕە خوڕ..

نەیزانی چەندەی خایاند. کە وەخۆی هاتەوە، لە قەفەسی پرسیار دابوو:

– کێی؟

– ڕێبوارم.

– بۆ کوێ دەچی؟ شوێن چی کەوتووی؟

– شوێن کاسبی.

– بۆ بەتەنیا؟ بۆ لە ئەم شیو و دۆڵە؟

بەهۆی ئەو پرسیارانەوە سیوای لە ڕاوچییەکانی بۆوە. پشکۆی پرسیارێک لە کوانووی زاری گەشایەوە.

– ئەی ئێوە کێن؟

– وست بە نەفام. ئەوە تۆی، کە گومان لێکراوی.

وشەی گومان، بۆ ژووری دیمەنێکی کۆنی ڕاگوێزا. نەیانهێشت زۆری لێ وەمێنێ.. بەقۆناغە تفەنگێک لەلا کەلەکەیان کوتا. لە ئان و ساتدا لەخۆی پرسی.

– بڵێی ئەم دوو تفەنگچییە کێ بن؟ بڵێی بۆ سەر ڕێگەیان لێ گرتبێتم؟ جوانێ بەلارە

ملیەوە پێی گوت: "زۆر حەز بەم سەفەرە ناکەم". ئەم پرسی: "بۆ جوانەکەم؟" جوانێ تنۆکێ فرمێسکی گەشی هەڵوەراند: "دنیا شەڕو شۆڕە، چاوکە، ئاگر و گوللە دەبارێ".

ئەم دڵی دایەوە: "ئاگر و گوللە، بو شەڕکەر و دوژمندارە. من لە کاسبی دەگەڕێم. " جوانێ ملی بەلارەوە نا و هیچی نەگوت.

لەو ماوەدا دوو تفەنگچییەکە سرتەو چرتەیان بوو. ئەم، نە دەیبیینێ و نە گوێی بەسرتەو چرتەیان دەدا. بەڵام ئەوان چاویان لە ئەم نەدەترووکاند. دوا ماوەیەک ئەمریان کرد:

– لە تەکماندا ڕێکەوە.

– بۆ کوێ؟

– پرسیار مەکە.

– ئاخر بۆ؟

– تۆ گومان لێکراوی، هەر ئەوەندە و هیچی دیکە.

***

پێنج پەنجەی سارد، توند مەچەکی سوارۆیان گوشیبوو ئەگەر موانەتی چاوپێدا خشانێکی بۆ هەڵکەوتبایە، شوێن پەنجەکانی وەک مارێکی قەف خواردوو، وەک چەند بازنەی ڕەش، بەمەچەکیەوە دەبینی. ترس و سەرسامی بەر بێنگی پێ گرتبوو. ڕێگەی پرسیاری بۆ نەهێشتبوو. نسێی شاخە هەزار بەهەزارەکە، وەک مۆتە هەڵی کوتابووە سەر ڕۆحی. تەنیا پرسیارێک کە لە قەفەسی مێشکیدا دەیچریواند ئەوە بوو: "بلێی ئەمانە کێ بن؟ بلێی بۆ کوێم بەرن؟ "

ئەوانە دوو پیاوی کەڵەگەتەی پۆشتەو پەرداخ بوون. یەکیان بەتەمەن وەک باوکی ئەوی دیکەیان بوو. بەڵام بەتواناو هەڵسوکەوت، دوو برا بوون. دوو بەرازی بەهێز کە شفرەی نیاگایان لەبەر پێیانەوە تا لووتکەی شاخەکانی دەکێڵاو سەر لەنوێ دەگەڕایەوە.

یەکی تفەنگێکی تازە، وەک بووکی سووریان بەشانەوە بوو تا مل قەتارە فیشەکیان لە خۆ بەستبوو، پووزەوانەی مەرەزیان هەڵکێشابوو.

هەر کام جووتێ کڵاشی سووکی هەورامییان لە پێدابوو. ئەوەندە کە ڕازاوەو توندو تۆڵ بوون، دوو ئەوەندە مرو مۆچ و بێدەنگ بوون؛ وەک دوو ڕاوچی کەنێچیرێکیان ببێ لە داڵغەی بەشکردنیدا بوون. سێ جووت پێ بەرەو پێش دەچوون و شاخ لە بەریان دەڕەوییەوە. شێخەڵەکان چاویان بەو دیمەنەدا داپچڕیبوو. ئەوان هەستیان پێ دەکرد. سێ



جووت چاو نیگایان لە دەوروبەر بریبوو. سێ جووت چاوی ترساو. جووتێکیان توونی جووڵەیەکی دار و دەوەن بوو. دوو جووت لە خشپەیەک سڵیان دەکرد. پەنجەی بەهۆی مەچەکی گوشراوەوە کەوتە مێروولە کردن. ئەو ئازارە بەرەو دیمەنێکی منداڵی بردەوە:

– تۆ دەستم بەردە، بۆ خۆم لە شەقامەکە دەپەڕێمەوە"

بەڵام دایکی پێمل نەدەبوو؛ تاقانە کوڕ بوو. وەجاخی شێخ و پیران ئەوی بەدایکی بەخشیبوو. کەواتە دەبوو وەک بیلبیلەی چاو پارێزگاری لێ بکات. منداڵ کە ئاگاداری لێ نەکرێ، خۆی بەئاو و ئاگردا دەدات؛ بەتایبەت. سوارۆ. ماشەڵا! دوور بێ لە چاوی پیس و نەیار، منداڵێکی جەربەزە و شەیتانە؛ مەکە نازانێ. تازە، دارو بەرد گوێیان کەڕ بێ، شتێکی بەسەر بێ چی وەڵامی باوکی بداتەوە؟. بەڵام سوارۆ هەر دەیهەویست مەچەکی لەو بەندە ڕزگار کات:

– تۆ دەستم بەر بدە، بەخودا ڕاناکەم.

– واز بێنە کوڕم. دەستت با بەدەستی دایکتەوە بێ.

شەقام هێندەش قەڵەبالغ نەبوو. تاک و تەرا ماشینێک دەهات و یەکی دیکە دەچوو. سوارۆ دەیزانی کە تا دەگەنەوە بۆ ماڵ، دەبێ دیلی ئەو پەنجانە بێ ئەوەی لێ ڕوون بوو. بەڵام ئەو ڕاستییە سەری تەسلیمی پێ دانەدەنەواند.

هێڵی سپی نێوەڕاستی شەقام نیگای ڕاپێچ کرد. بردی... تا مەیدانی ئەو بەر پردەکە.

لەوێ نیگا قوتار بوو. بەسیمی دار تێلەکاندا گەڕایەوە داشقەی حەماڵێک لە پانتۆڵەکەی خشکا. کابرا هاواری لێ بەرز بۆوە. پەنجەکان مەچەکیان ڕاکێشا. گشت ئەندامی ڕاپێچ بوو. ئێشی مەچەک پتر بوو. هاواری بەرزبۆوە: "دەستم بەربدە... دەی..."

ئێستا توانای ئەو هاوارەشی نەبوو؛ دەیزانی سوود نابەخشێ. بەسیلەی چاو لە دوو ڕاوچییەکەی ڕوانی، هیچ دیاردەیەکی خۆشحاڵی بەرووەمەتیانەوە دیار نەبوو؛ مرو مۆچ... کڕ و بێدەنگ. بۆ هەوەڵ جار بوو کە توێشەبەرەی بەپشتیانەوە دەدی، کتریەکی ڕەش و دوو قروشکەش.. ئەمەیان لە شوانە گاڕان دەچوو. کەواتە ڕەنگە بۆ شێوکردن نەچن بۆ هیچ ئاوەدانییەک پرسیارەکەی پێشوو دیسانەوە لە مێشکیدا ژیایەوە: "بلێی کێ بن؟ بۆ کوێم بەرن؟" ڕێگە تەسک دەبۆوە. لای خوارووی هەڵدێر و شیو و دۆڵ. لای ژووروی شاخ وەک دیوارێکی بلند. تا چاو بڕی دەکرد، دیوار. دیوار لە سنگی ئاسمان چەقیبوو.. ئاسمان ئیتر ئەو دەشتە کاکی بەکاکییە نەبوو، کە شین بکاتەوە. هێڵێک بوو. هێڵێکی

پان و درێژ. وەک شەقام. "جوانێ گیان بڵێی ئەو ڕۆژە بێت کە دوو بەدوو بەو ڕاستە شەقامەدا هەڵگەڕێین؟"

– جا ئەو ئارەزووە بۆ؟

– ئاخ نازانی چەندە حەزی پێ دەکەم.

جوانێ بۆی تریقایەوەو گوتی:

– جا شێتە ئەوەت بەقازانج نییە. من پێم بگاتە بازاڕ، چی شتی جوان ببینم، بەهانەت پێ دەگرم و پێت دەکڕم.

– دەی بۆت دەکڕم.

جوانێ دیسان قاقا پێکەنییەوە، سوارۆ ئەم جارە مانای قاقاکەی ئاوا لێک داوە: "شێتە، تۆ جارێکە پارەت نییە بمگوێزییەوە، ئێستا شتی جوانم بۆ دەکڕی؟"

سوارۆ سەری شەرمەزاری دانەواند: "ئەی ماڵی نەبوونیم کاول کرد. هەر بەرەڵایەکی خوێڕی ئێستا حیسابی یەک ملوێنی لە بانکدا هەیە، منیش دەبێ ئاوەها..."

خەیاڵ، بیرۆکە، بەڵێنی بەخۆ، قسەکەی پێ بڕی:" ئیمڕۆ پارە لەو سەر سنوورە ڕژاوە" ڕووی کردە جوانێ و گوتی: "هیچی پێ ناچێ، منیش بەهەموو شتێک دەگەم".

– چۆن؟

– بە پارە.

– کوا پارە؟

– لە شوێنێک ڕژاوە، کۆ کردنەوەی دەوێ.

هەر دووکیان تریقانەوە.

ڕاوچی پیر ئیستێکی کرد. ئاوڕی دایەوە. بەسەرسامی و گومانەوە لە سوارۆی ڕوانی. سوارۆ لەبەر قاقاکەی بەخۆیدا شکایەوە. تازە زانی کە مەچەکی ڕزگار بوە.

ڕچە تەسک بووبۆوە. دوو کەسی پێدا ڕەت نەدەبوو. بۆیە ناو بەینی خۆیان گرتبوو. ڕاوچی پیر لە پێشەوە ڕاوچی لاو لەدوایەوە. بێگومان بیریان کردبۆوە کە کێ لەم زەندۆڵە هەڵاتنی بۆ دەکرێ؟ هەر کە خراپ جووڵایەوە، شیو دەمی بۆ کردۆتەوە. چۆمەکە بەلرفەلرف لە تەنگەبەرایی شاخ و بەردەکانەوە وەک مار دەخزی. خلێفی سپی لێ دەبۆوە و بەبەردەکانیدا دەسوو. ئەوسا لە بوومەلێڵی ئێوارەدا گوم و نادیار دەبوو. شەو تێدەکۆشا



ئەو مەڵبەندە داگیر بکات. خوڕەی ئاو و هاژەی با و خشپەی ماروو مێروو، بەرزتر لە کەمێک لەمەو پێش دەبیسترا.

"شەو قەڵای مێردە" ڕاوچییەکان لەوە دەترسان؛ بۆیە لە کاتی وچانییدا بستێک لێی جودا نەدەبوونەوە. ڕەنگە بەپێی ئەزموونی ژیانی پڕ لە کارەساتیان ئەو ڕاستییەیان بۆ دەرکەوتبوو. دوژمن ئەگەرچی ترساو و تەنگەتاویش بێ، هەر جێگەی مەترسییە. بەڵام سوارۆ چ دوژمنایەتییەکی لەگەڵ ئەواندا بوو؟ هەر چی بیری دەکردەوە، تا ئیمڕۆ کەسیانی نەدیبوو. خراپەی بۆ کەسیش نەبووبوو کە ئەمانە کرێگرتەی بن. ئەی بۆ؟ ڕمبەیەک دڕی بەشەو وتاریکی دا پاشان چەند گوللەی دوور. هەر سێ کەسەکە هەڵسڵەمینەوە، بەڵام درێژەی نەساند. ڕاوچییەکان کەوتنە مقۆ مقۆو ڕاوێژ، دیار بوو ئەوانیش بەقەدەر سوارۆ دەترسان. باشە لە کێ؟ لە چی؟

سوارۆ ئەمەی بۆ یەکالا نەدەبۆوە. ئەو دەیزانی کە ئەم جووتە لە شار یاخی بوون. ئێستا وا پەی پێ دەبرد کە لە شاخیش یاخین. ئەی کەواتە سەریان بەکوێوە بەندە؟ لەدووی چی وێڵن؟ بیری کردەوە پیاو دەبێ لە دووی چی وێڵ بێ؟ بۆ خۆی شوێن پارە کەوتبوو، شوێن کاسبی. ئەی ئەگەر ئەوانیش عەودالی پارە بن خۆ سوارۆ هیچی پێ نەبوو. ئەی بۆ ڕێگەیەکیان دەبڕی، کە هیچ ئاوەدانییەک نەگرێتەوە؟ بۆ جگە لە خۆیان لەهەموو شتێک سڵیان دەکرد؟ بیری لەوە زیاتر بڕی نەدەکرد. دیسانەوە هەستان. بابۆڵەیەکیان دایە و بەنووکە تفەنگ تێیان کوتا. ئەمیش وەک ئەوان هانای بۆ پێی برد. تاریکە شەو بوو. ئەستێرە کز و سەرشۆڕ بوون. دنیا لە خم هەڵکێشرابوو. ڕەنگاوی بەسەر پشتی چۆمەوە دەدایەوە.

ئەو ڕووناکاییە لە ڕاستیدا بەسەر ترۆپکی شاخەکەوە بوو. سوارۆ پێشتر وەیدەزانی بەئاسمانەوەیە. کە ملی ڕێگەکەیان بەرەو ژوور گرت. هەستی بەوە کرد کە ئەنجام ئەوێیە: "باشە بڵێی کوێ بێ؟ ئاوەدانی؟" ئازاری پەنجەی پێی، ئێشی مەچەک گوشینەکەی لە بیر بردبۆوە. باوکی کە بیرەوەرییەکی خۆی بۆ دەگێڕایەوە دەیگوت:

"پیاو کە بەشەو ڕێگەی سەخت دەبڕێ. هەر شەق لە بەرد دەدات" باوکی بەشەوانی زستان کە زۆپاکەی لەباوەش دەگرت، زۆر شتی بۆ دەگێڕایەوە. بەتایبەت ئەو شەوانەی کە لە تەک دایکی سوارۆدا سازبوو. بەدەگمەن ڕێ دەکەوت ئەوان ساز بوونایە. سوارۆ هەرگیز نەیزانیبوو شەڕ و قڕەیان لەسەر چییە؟ کەمتر بیری لێ دەکردەوە.

تا مندالّ بوو، پەنجەی هەر دووکیان بۆ مەچەکی ئەو داو بوو. ئەو دووانە ئەگەر لەسەر هیچ ڕێ نەکەوتبانایە لەسەر پارێزگاری لە سوارۆ یەک ڕا بوون. بەڵام ئێستاکە لەو دووانە ڕزگار بووبوو، کەوتبووە تەڵەی ئەم ڕاوچییانەوە.

بە جوانێی دەگوت: " هەمیشەی خودا، لە تەڵە وداو سڵم کردوە؛ بەڵام ئێستا کە لە داوی تۆ دام، هەست بە بەختیاری دەکەم"

جوانێ دەیگوت: "هێشتا لە کوێتە سوارۆ؟ شەرت بێ وەها ئەسیرت کەم، بۆ ساتێک دەربازبوونت نەبێ"

سوارۆ بۆی دەخنایەوە؛ "جوانێ، ئێستاش دەرباز بوونم نییە". دوا ماوەیەک کە هەوای کاسبی کەوتە مێشکی، جوانێ دەیگوت:

– ئێستا بڕوا دێنم کە لە هیچ داوێکدا عۆقرە ناگری.

– بۆچی جوانەکەم؟.

– ئەها وا دەرباز دەبی و دەڕۆی.

– جوانەکەم، بڕۆم بۆ سەر قولەی قافیش، هەر نێچیری خۆتم.

– بەڵام من حەز بەم سەفەرە ناکەم.

– دایک و باوکیشم هەر وا دەڵێن.

"کەواتە وازی لێ بێنە.

بەڵام سوارۆ دڵنیا بوو کە وازی لێ ناهێنرێ.

پارەیەو ڕژاوە. کۆی بکاتەوەو بگەڕێتەوە، بۆ هەمیشە لە بەندی جوانێدا دەمێنێتەوە؛ وەک کەوێکی ماڵی. شەرتە ئەگەر دەست بڕوا ژوورەکەش بەجێ نەهێڵێ.

ڕووناکییەکەی سەر شاخەکە، نێزیک بۆوە. ئاوەدانی نەبوو، خانوویەک بوو. دانیشتووەکانی کەوتنە هاوار. سوارۆ داچڵەکی، ترسا، تەنگەتاو بوو. هاوارەکە بەزمانی عەرەبی بوو. بۆچی؟ بۆ ئێرە کوێیە؟ نەکات، نەکات؟

– چییە لەتیف نێچیرت پێیە؟

– ئا...ئا...

– چەند دانە؟

– یەکێک.



– پیر بووی لەتیف. لەڕاو کەوتوویت.

ڕاوچی و ڕاو، لە گەمارۆی چەند ئەفسەرو سەربازدا بوون. یەکێک لە ئەفسەرەکان کورد بوو. ڕاوچی لە تەک ئەودا دەدوا. ئەوانی دیکە وەک گورگی برسی، سوارۆیان لە ئابلۆقەدا بوو. چاویان زەق بوو.

کەڵبەیان تیژ بوو، لە خۆشییان پێ دەکەنین. بەچاو دەیاندۆزی.

لە ئاسمانەوە بەردی بەسەردا دەباری، شاخ دەباری، بنکەیەکی سەربازی دەباری، تیشکی گڵۆپ، کۆمەڵێ سەربازی چاو زەق، تفەنگ، قەتارەفیشەک، ورتە ورتی عەرەبی، هەمووی بەسەردا دەباری.

بەڵام ئازاری یەکێکیان، لە هەمووان زیاتر بوو؛ ناوێک، لەتیف. وەک تێلا بەدەمی ئەفسەرە کوردەکەوە هەڵدەسووڕا.. پەستا پەستا لە مێشک و ڕۆحی سوارۆی دەسرەواند لەتیف! ئەرێ لەتیفە ڕەش. بۆ ئەو ماوە نەیناسیبوو؟ بەڵام خۆ ئەوەندە ڕەش نەبوو. جا بۆ لەتیفە ڕەش، دەبێ ڕوخساری ڕەش بێ؟ بۆ دڵی ڕەش نەبوو؟ وەک ئەم شەوە ڕەشە. دەمێکە بوو کە بیستبووی لەتیفە ڕەش و براکەی خەریکی پیاو دزینن. هەر کەسێک بێ، تەوفیری نییە. دوو پێی ببێ و دوو دەست و سەرێک، دەیفرۆشن بەئێراقییەکان. دەڵێن هەر کەسە ٥٠٠٠ دینار.

دەربارەی لەتیف زۆر شت دەگوترا.. دڵڕەق و مۆنە.. وەک ڕێوی فێڵەبازە و وەک گورگ نەدیو. سێ ساڵە جگە لە نێچیرەکان و مشتەرییەکانی کەسی دیکەی نەدیتووە. نەشی هێشتووە کەس بیبینێ.

سوارۆ، لە ژوورێکی تاریکدا بوو؛ ئەوەندە تاریک کە هەستی بەدیوارەکانیش نەدەکرد. پێنج پەنجەی ڕەق و ڕەش مەچەکی ڕۆحیان دەگوشی. گشت گیانی مێروولەی دەکرد.

– نەمگوت سوارۆ، حەز بەم سەفەرە ناکەم؟

جوانێ بوو. لەو تاریکاییەدا، چاوە جوانەکانی بلێسەیان دەدا.

– چیت لێ دەکەن سوارۆ؟

سوارۆ نەیدەزانی چی لێ دەکەن. نا، دەیزانی بیستبووی چی لە نێچیران دەکەن. غایەتی ئەوەی نەدەزانی کە چۆن دەست پێ دەکەن.

باوکیشی پەیدا بوو. دایکیشی وە ژوور کەوت.

– ئا بێنە مەچەکت سوارۆ.

مەچەکی بەدەست دایکیەوە بوو. ئاسوودە بوو. هەموو کوێیەک ڕووناک بوو. تەقەی دەرکە هات. سوارۆ داچڵەکی؛ چاوی گێڕا. جوانێ و دایک و باوکی هەر لەوێ بوون.

– بۆ دەبێ ئەمانە بەئاگری منەوە بسووتێن؟ ئێستا دێن، پرچی جوانێ دەگرن، هەڵی دەکەنن. چاوی باوکم هەڵدەکۆڵن. قۆڵی دایکم دەبڕنەوە. ئەوسا نۆرەی خۆم دێ. نا... نا... ئەمە دوورە لە مرۆڤایەتی، بۆ دەبێ وابێ؟ ئاخ لەتیفە ڕەش! ئاخ! چۆن تۆ لە دنیایەک یاخی بوویت؟ ئەگەر دەمناسیت، ئەگەر دەمزانی تۆیت، شەرتە پڕ بەپڕی شیوەکان هاوارم دەکرد. وەها کە شاخ بلەرزایە. هەڵتەکایە. دەتکوشتم؟ چش. کوشتنێکی بێ ئازار دەبوو. بۆ خۆشت پێوە دەبووی. تەلیسمی سێ ساڵەت دەشکا.

– چییە سوارۆ گیان؟

جوانێ و دایکی و باوکی پێکەوە پرسیاریان کرد:

– چییە سوارۆ گیان؟

سوارۆ دیسانەوە چاوی پێدا خشاندن.

– هیچ نییە. بڕۆن. وازم لێ بێنن. بڕۆن، با دەستیان بەئێوە نەگات، بڕۆن، بۆ هەمیشە بەجێم بێڵن. سوارۆ نەماوە. ڕۆیشت و بڕایەوە.

دەرکە کرایەوە. لەتیف بوو. چاوێکی بەژوورەکەدا گێڕا. نیگای وەک تیر ئاڕاستەی سوارۆ کرد. ئەفسەرەکە لە نەدیوەوە پرسی:

– بۆ کوێ لەتیف؟ ئیمشەو بمێنەوە.

لەتیف بەئارامی دەرکەی پێوەدا. سوارۆ گوێی لێ بوو:

– ناکرێ. تا شەڕوشۆڕە، ڕاو خۆشە.

٧١/٥/١٢



# تەزووی ئازارێکی کۆن

– ئیمشەو وەرە بۆ ماڵی ئێمە. کوڕگەل گشتیان دێن. دەیکەینە گۆڵمەز.

– دێم. بەمەرجێک تا دوای نیوە شەو دانیشین، وەک ئەو ڕایەی لێ نەیەت. سەعات نەبۆتە دە، بڵاوەی لێ بکەن.

– لە گەڵتام. تازە بۆ زوو بڵاوەی لێ بکەین؟

دەتوانین بەیانی تا نیوەڕۆ بخەوین. ئیمشەو شەوی جومعەیە.

– چی؟!!"

– شەوی جومعە. چییە؟ شتێکی تێدا هەیە؟ بۆ وا تێک چووی؟ بۆ وا پەشۆکای؟ ها؟.

– هیچ. من دەڕۆم.

– چییە؟ وادیارە نەخۆشی. وە بیری کارێک کەوتیتەوە؟.

– بەدوعا...

– شەو، لە بیرت نەچێ بێیت. چاکە؟

– من نایەم.

***

– کوڕێکی سەیرە، نەمزانی بۆ وای کرد. خۆ من هیچی وام نەگوت کە لێی هەڵسڵەمێتەوە. هەر کە گوتم شەوی جومعەیە، تێک چوو.

– چەند جارێکی دیکەش، بەبیستنی شەوی جومعە وا تێک چووە.

– بڵێی بۆ؟ تێک چوونەکەشی ئاسایی نەبوو، هەستم پێ کرد. موچڕکێک بەگیانیدا هات. زوو هەستا ڕۆیی لە بەر دەرکە وتی نایەم.

– چاکە. وازبێنە، حەتمەن کارێکی وەبیر هاتۆتەوە.

– کاری چی؟ ئەو چ کارێکی هەیە؟ ژن و منداڵە، نییەتی دایک و باوکە، نییەتی خۆیەتی و خۆی.

– چاکە بیبڕینەوە. خۆمـان کـەمان کـلـۆڵی هەیە، کـۆڵ بەخـەڵکیشـەوە هەڵگرین؟ ڕاستییەکەت دەوێ حەزم نەکرد کە پێت گوتووە.

ئێمە بۆیە لە دەوری یەک کۆ دەبینەوە کە بەدوو گاڵتە و قسەی قۆڕ زاخاوی مێشکمان وەدەین. حەمە بۆ ئەو شوێنانە نابێ. جاری وا هەیە کەیفی کۆکە و شەق لە قوونی خۆی هەڵدەدا. جاری واش هەیە وا دەکەوێتە بیرو خەیاڵاتەوە. کە شادیمان لێ بزر دەکا.

– وەڵا چووزانم. ڕەنگە تۆ ڕاست بکەیت...

***

هەمدیسان بەفر دایکردەوە. خەڵکی ترسیان لەدڵ نیشتووە. بیر لەوە دەکەنەوە کە ئەم گشتە بەفرە کەی دەچێتەوە؛ بەفری بان و سەر بانیژان لە کوێ بکەن.

حەوشە و حەسار و کووچەو کۆڵان جێگەی نەماوە. ئەوەندە باریوە کە خەڵک لە داهاتوودا ئەم ساڵ بکەنە بەروار. وەک چۆن دەڵێن ساڵی لافاوەکە، ساڵی چۆلەکە زۆرەکە، بڵێن ساڵی بەفرە زۆرەکە.

کلوە بەفرەکان بەسەر لێشێواویەوە دا دەبارین. دەتگوت بەنابەدڵ هەڵدەوەرێن. دەتگوت حەز بەسەر سنگی شار ناکەن. دڵیان بۆ هەوری دایکیان تەنگ بوەو تاسەی ئاسمان دەکەن.

دەستە بچووکەکانی حەمە، بەدەسکی دە لیتربیە نەوتەکەوە بەستبووی. سەرما لچ و لێوی ڕەش و شین کردبۆوە. ترس لە کەوتن، نیگای چاوە ڕەشەکانی بۆ بەرپێ، پێ هەڵدەڕشت.

– ڕیشم سپی کردووە، منداڵی وا لاسارم نەدیتووە. دەڵێی نەمەبیوە. هەر کە هەنگاوی هەڵهێنا، تەپ، کەوتووە

هیلاکی پشووی لێ بڕی، دە لیتربیەکەی، بۆ دەستاودەست پێکردنێک، دانا، چاوی لە ژێر لێواری تەپڵەکەی سەریەوە هەڵبڕی. چەند جووت دەسکێشی کاموا و بەن و لاسیق، بەبەردەرکەی دووکانێکدا هەڵواسرابوون، سەیری پشتە دەستی خۆی کرد. لە سەرمادا قەڵەشیبوو. دەستی بەگرمۆڵەیی بەرەو دەمی برد. هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا و هووی کردە نێو لەپە دەستییەوە. ڕەتڵێکی دا. خۆی گرتەوە. ئاوڕی دایەوە، کابرایەکی بەساڵا چوو خۆی پێدا دابوو. بیری ڕێوییە شەل کەوتەوە. دادەی بەخاڵە قادری مێردی دەگوت: " ڕێویە شەل."



– دەفەرموو، ئێستا بڕۆشتبایە، کەی دەهاتەوە؟ جوانە مەرگ!

تاوی دا دە لیتربیەکە یا عەلی! هێشتا دەنگی ڕێوییە شەل لە گوێچکەیدا دەزرینگایەوە. دەنگی زۆر ناخۆش و ترس هێنەر بوو. حەمە بیری کەوتەوە کە وریای هاوڕێی دەیگوت:

– حەمە! مامە قالەی باوکت، دەنگی بۆ وایە؟

– باوکم نییە. مێردی دادەمە.

– باشە. دەنگی بۆ وایە؟

– دەنگی چۆنە؟

– هێن دەیگوت... کاکەم دەیگوت، دەنگی لە دەنگی میز دەچێ کە بەتەنەکەیدا بکەیت.

– ئەشا ئەو درۆیە.

– تازە، کە دەڕوات دەڵێی شەشخان دەکات.

– ئەوە شەلە.

– دەزانم، بەڵام خۆ هیچ شەلێک وانییە. فەرەجە شەلیش، شەلە، کە چی وانییە.

– دەی من بڵێم چی؟ خودا وای لێ کردووە. بەتۆ چی؟

حەمە لای خۆی دەیگوت، بریا خراپتر بایە. بەڵام لەداخی وریا لە سەری دەکردەوە. وریا دەیگوت:

– چاویشی جۆرەیەکە...

– چاوی، ئیتر چییەتی؟

حەمە باش دەیزانی کە چاوی چییەتی. چاوی لە دوو سەگ دەچوون کە هەمیشە بۆ شەڕکردن لە سەر چۆک بن و بوەڕن. عالەم لێیان دەترسا. تەنانەت دادەشی، کە لە گەڵیدا بەشەڕ دەهات و فەزیعەتیان بەیەکتر دەکرد، سەیری چاوی نەدەکرد. کاتێکیش نیگایان لەیەک هەڵەنگوتبایە، خێرا دەکەوتە گریان و خۆ ڕنین، یام بەشەق و شەپلاخە دەکەوتە گیان حەمەی برای:

– هەرچیم بەسەر دێ، بەهۆی تۆی نەگبەتەوەیە. گوو بە گۆڕی ئەوەی...

"نەجیب" دژوێنەکەی تەواو نەدەکرد. بیری باوکی دەکەوتەوە. کاتێک لە سەرەمەرگدا دەستی نێو دەستی نابوو بەغەڵدەغەڵد گوتبووی:

– کچم، نەجیب، قەت بۆ تۆ باوک نەبووم. هیچ خێر و خۆشییەکم بۆت نەبووە، بستێ منداڵ بووی کە بەزۆر لەو ڕێوییە شەلەم مارە کردی. ئەویش سەرباقی چاکەو پیاوەتی، خۆم ئەم هەتیوە منداڵەی فڕێ دایە دەر. ئەوەشی بەسەر تۆ هێنا، کە خۆت دەیزانی. ئێستاش وا من دەمرم. بەتەمای دوعای بەخێرو خێرو خێراتت نیم. بەڵام ئەم هەتیوە بێ دایک و باوکە. منداڵە و تازە واپێی ناوەتە ٦ساڵ. دەبێ دەست بەباڵییەوە بگری...

کڵوە بەفر، دانەی بەقەد سەلکە چولەکەیەک دەبوو. سێ چوار منداڵ، کیف لە شان خەریکی شەڕە تۆپەڵە بوون. تۆپەڵەیەک لە حاستی کەوت. ڕاوەستا. بەو بۆنەوە پشوویەکی دا. لەپڕ بیری قسەکەی دادەی کەوتەوە:

– حەمە، دەچی نەوتەکە دەهێنییەوە. نەکەیت ماتڵ بی. زوو نەیەیتەوە، ڕێوییە شەل بەسەرماڵی سارد و سڕدا دێتەوە. ئەوسا قوڕ بۆ من و تۆ دەگێرێتەوە.

سەیری منداڵەکان خۆش بوو. بەتۆپەڵە شوێن یەکتر کەوتبوون، دەستەیەکیش لە دواوە گۆرانییان دەخوێند. حەمە لە پێشدا تێیان نەدەگەیی. کە نێزیک بوونەوە:

– بەیانی تەحتیلە.. دەچین بۆ شەڕە پشیلە...

– بەیانی تەحتیلە... دەچین بۆ شەڕە پشیلە...

حەزی دەکرد لە تەکیاندا بیڵێتەوە. بەیانی تەحتیلە دەچین بۆ شەڕە پشیلە: دووکاندارێک بەدراوسێکەی گوت: " ئەرێ بەیانی جومعەیە؟ " حەمە داچڵەکی، چاوی بزبوون و بەزاری کابراوە شەتڵ بوون، کابرای دراوسێ وەڵامی دایەوە: بەڵێ کاکە برا... ئیمشەو شەوی جومعەیە..." بزەیەکی هاتێ. حەمە ئەوەندەی بەس بوو. ئەژنۆی شل بوو. موچڕکەیەک گیانی ڕاتەکاند.

***

شەو، وەک گورگ دەیلووراند.

– تۆ شەوو ڕۆژت لێ کردووین بەدۆزەخ.

– خانم، ئەم نیوە بنیادەمە ژیانی لێ کردووم بەدۆزەخ.

– من نازانم تۆ، چ ڕقێکت لەم منداڵە هەڵگرتووە. نانت دەخوات؟ دوو ئەوەندە بۆ ماڵەکەت هەڵدەسووڕێ؛ نەوتە ئەو دەیکڕێ؛ چایە ئەو دەیکڕێ، نانە ئەو دەیکڕێ. ڕەفیقی ئەو ئێستا لە پۆلی چوار و پێنجدا دەرز دەخوێنێ ئەم نۆکەریی ماڵی تۆ دەکات. ئیتر چ ڕقێکت لێیەتی؟



– چاوی. چاوی وەک دار کونکەرە، دەنووک لە گیانم دەگرێ.

– خودا هەڵناگرێ. قەبر و قیامەتێک هەیە...

– دەزانم. بەدەست خۆم نییە. کە سەیرم دەکات، نیگای وەک بزمار لە گیانم ڕۆ دەچێ...

– چاوی، دەڵێی چاوی ئاسکە کێوییە. گوناح و پڕ پاڕانەوەیە.

– وانییە، ڕوخساری دەڵێی دایمە تیزم پێ دەکات.

– ڕوخساری؟ سەیری کە چەندە جوانکیلەیە. وەبزانە کوڕی خۆتە...

– قسە دەکا. دەڵێی چڕنووک لە دڵم دەگرێ. نازانم بۆ؟

– دەڵێی چی لێ بکەم؟ دەری کەم، تا لەسەرمان ڕەق هەڵێ؟ سبەینێ خەڵکی چیت پێ دەڵێن؟

***

ژوورەکە وەک کەڵبەی گورگ ڕۆحی دەکرۆشت. دەستی بەسمێڵیدا هێنا. چنگی لە قژی خۆی گیر کرد. باوەشی بەسەرینەکەدا کرد و بەڕوومەتیەوە گوشی. بێ سەیری سەعات کردن، زانی کات چییە. کەمتر لە سەعاتێک، لە نیوە شەو تێپەڕیبوو. خۆی بۆ لای تاقەکە کێشا.

حەبێکی دیکەی هەڵگرت. فڕێی دایە دەمیەوەو چۆڕێ ئاوی بەسەردا کرد. تاڵیی حەبەکە هێڵنجی پێ دا. دڵی کزایەوە. بیری کردەوە کە شەربەتە سپییەکەی نەخواردووە. هەستا کەوچکێکی لێ خواردەوە. تامی شەربەتەکە پێچ و خولێکی بەڕوخساری دا. چووە بەر پەنجەرەکە.. لەبەر تیشکی چرای سەر کۆڵانەکە سەمای کڵوەکانی دەدی. بیری کردەوە هاوڕێکانی ئێستا خەریکی یاری و پێکەنینن.

– باش بوو ئەو هەتیوە نەهات.

– حەزم دەکرد هاتبایە.

– من نازانم تۆ چی ئەو هەتیوەت بەدڵدا چووە؟

– کوڕی چاکە.

– قەت وانییە. کە سازە، لە ڕادە بەدەر پێدەکەنێ. کە خۆی گوتەنی دڵی قوفڵ دەبێ، پیاو بێزار دەکات.

– کوڕێکی دڵ سافە.

– دیسان وانییە. ڕایەکیان خۆی دەیگوت ڕقی لە هەموو کەسە. دەیگوت دەسەڵاتی هەبووایە، ئاگری لە دنیا بەردەدا.

– قسەیە و بەدەمیدا هاتووە.

– ڕایەکیان پێم گوت، کە حەز لێ کردوویی دەکات، یان نا؟ دەزانی چ وەڵامێکی دامەوە؟

– ئەرێ. حەتمەن گوتوویەتی ڕقم لە هەموو ئافرەتێکە.

– دەیگووت لە دنیادا، تەنیا دەعبایەک لە ئافرەت پیسترە.

– نەیگوت کامە دەعبا؟

– با. دەیگوت پیاو. گوتم کەس و کاری خۆشت یان ئافرەتن یان پیاو. گوتی بۆ خۆشم دەعبایەکی مزیرم، ڕاستی تۆ قەت ئاموشۆی ماڵەوەیت کردووە؟

– ئەرێ. بەتەنیا دەژی. منداڵ بووەکە دایک و باوکی مردوون.

– ئەی کێ بەخێوی کردووە؟

– ڕایەکیان لێم پرسی. گوتی ورچ، من پێکەنیم. ئەو هیچی دیکەی نەگوت.

– هەر لەورچیش دەچێ. هەموو خوو خدەی وەک ورچە.

– پێش ئەوەی واز لە خوێندن بهێنم، مامۆستایەکم دەیگوت: هەموو کەس خوو خدەی وەک دەعبایەک دەچێ. پرسیم : من لە چی دەچم؟

گوتی: لە بزن. ئەگەر ئێستا لێرە بایە و لێم پرسیبا، تۆ لە چی دەچی؟ دەزانی چ وەڵامێکی دەدایەوە؟

– من ئەگەر قەرارە لە دەعبایەک بچم، حەز دەکەم لە..."

– تۆ، لە سەگ دەچی.

بەفربارینەکە، لە خۆش بوونەوە نەبۆوە. دەتگوت لەوەتی دنیا دنیایە، هەر باریوەو تا ئاخر زەمانیش هەر دەبارێ.

کە منداڵ بوو، جارو بار لەتەک وریای هاوڕێیدا بنیادەمیان لە بەفر ساز دەکرد.

وریا دەیگوت: " سەیرکە حەمە، هەر لەخاڵە قالە دەچێ. ئەشا، ئەو سکەزلەی؟

– بۆ نالێیی لە باوکت دەچێ؟

– ئاخر لە باوکم ناچێ. تازە، خۆ خاڵە قالە باوکی تۆ نییە. مێردی خوشکتە.



– دەی با مێردی خوشکم بێ.

– خۆ هەمیشە لە خوشکت دەدا. لە تۆش دەدا.

– دەی چییە؟

حەمە بنیادەمە بەفرینەکەی ڕووخاند. لەتەک وریادا بەشەڕ هات. وریا گریا. ڕێویبیە شەل، بەسەردا هاتەوە...

– چییە جوانە مەرگ؟ بۆ بووی بەسەگی هار؟

– گوێچکەی گرت. ڕاکێش ڕاکێش بەرەو ماڵی بردەوە. بەسەر نەجیبدا نەڕاندی. نەجیب ترسا.

– چییە، چی بووە؟

– چی بووە؟ جوانە مەرگەکەی برات، خەریک بوو کوڕی کابرای بکوژێ. کە من دەڵێم ئەم هەتیوە ئاخریەکەی دەبێتە پیاو کوژ، تۆ دەڵێی وانییە.

ئەوسا هەردووکیان بەربوونە حەمە. حەمە گریا. خوشکی بەزەیی پێداهات. دەستی لە لێدانی هەڵگرت. قووڕەقووڕ بۆی گریا و لە تەک مێردەکەیدا کردی بەشەڕ.

– من ئاخریەکەی لەداخی تۆ خۆم دەرمان خوارد، دەکەم.

– تۆ بەینێکە لە بەهانەی.

– ئاخر ئەمە ژیانە؟

– " قسە لەوە نییە خانم. پێ لە حاشای، پێ لە حاشا. خودا دەزانێ چیت لە ژێر سەر دایە.

– بۆ ئابڕووم دەبەی. بۆ بوختانم بۆ دەکەی؟

– بوختان؟ کامە بوختان؟ تۆ هەرکە شەوی جومعەت لێ دێ دەیکەیتە فیتنە. بۆ نازانم؟ بۆ گیام بەکێوەوە خواردووە؟

– شەوی جومعە... شەوی جومعە... خودا شەوی جومعە ببڕێ!

– حەمە... حەمە گیان.. کوڕی خۆم.. هەستە.

هۆش خۆی هاتەوە، چاوی هەڵبڕی. پێڵووەکانی بەحاستەم لێک دەڕەوینەوە. پوورە ڕابە، لە ژوور سەری بوو. چاوی بەچوار لادا گێڕا. پێی وابوو مژ هەموو ژوورەکەی گرتووە. مژ نەبوو. هەڵمی کتربیە زەردەکە بوو. زستانان سەر چراکەیان دەنا. حەمە کە

دەستی دەچوو، بەر بەلووعەکەی دەدا. دەزوولە گەرمایەک لە مستییەوە گیانی دەکشا. هەڵمەکە نەیدەهێشت بەجوانی ڕوومەتی پوورە ڕابە ببینێ. چاوە پڕ بەزەییەکانی پوورێ لێڵ و وێڵ بوون. هێڵی سپی نێوەڕاستی سەری زەقتر دیار بوو. دەکشا تا لە ژێر سرکەییەکەیدا گوم دەبوو. پوورە ڕابە دەستە لاوازەکانی کێشا. ئارام لەسەر نێوچاوانی جومعە داینا هەستی بەتەزوویەکی سارد کرد. دەنگی گەرمی پوورێ ئیزنی داچڵەکانی نەدا.

– کوڕم چیتە؟ بۆ وڕێنە دەکەی؟ خەونت دەدی؟

حەمە بیری خەونەکەی کەوتەوە:

ڕێوبیە شەل. لە هەمیشە ناحەزتر بوو. چاوی دەرپۆقیبو، لچی شۆڕ. خوشکی لە سووچێکی ژوورەکەدا دەگریا. ڕێوبیە شەل پەستا پەستا هرووژمی بۆ دەبرد. ئەویش پاشەو پاش دەخزی تا لە دیوارەکە توووند دەبوو.

– شەوی جومعەیە، خانم.

– تۆ خودا وازم لێ بێنە.

– شەوی جومعەیە، خانم.

– تاقەتم نییە. لێم گەڕێ.

– شەوی جومعەیە، خانم.

لێی نزیک دەبۆوە. کەفی سپی بەلێویەوە. دەزوولەی دەکرد. خوشکی ترسا. وردە... وردە...ترسەکەی ڕەوییەوە...

– ئاخر حەمە نەخەوتووە.

– جوانەمەرگە، پرخەی خەوی دێ.

– ئا...خر... نا... چراکە... وەکوو...

دیوەکە پڕ بوو لە مشەمش. ئەوە پەستی دەکرد...

زریکاندی... بترسە.. پێمل مەبە...

– شەوی جومعە... شەوی جومعە...خودا شەوی جومعە ببڕێ.

– قسەی تێدا نییە، کە ترساوە ئەشا، لەشی دەڵێی کوورەیەو دەئایسێ. هەستە حەمە گیان. بەدایکی خۆت بلێ کە کوێت دێشێ.



حەمە بیری کردەوە. پوورە ڕابە ژنێکی چاک بوو. لە گشت ژیانی منداڵیدا بیرەوەرییەکی ناخۆشی لێی نەبوو. کە لێیان دەدا. لەسەری هەڵئەقرا. دەیبردە سەر. بۆ ژووری خۆی. وەک دایکێکی دڵسۆز بەلام وەرز، بەسەر ڕێوبیە شەل و نەجیبدا دەیبۆڵاند.

– چیتان لەم منداڵە هەژارە داوە؟ پێتان بەخێو ناکرێ، بیدەن بەخۆم. وەک گوڵ بەخێوی دەکەم.

خوشکی دایمە ڕێوبیە شەلی بەئەو دەشکاندەوە.

– هەر ئەو، بەدخوویی کردووە، خانم. ئەگەر خاوەن ماڵ نەدەبوو، تێم دەگەیاند لاواندنەوەی نا بەجێی منداڵی خەڵکی، سزای چییە؟

هەر کە شەوی جومعەی لێ دەهات، ڕۆحی دەچوو، دەتۆقا. پاروو لە قوڕگییەوە نەدەچووە خوار. خودا خودای بوو کە خوشکی و ڕێوبیە شەل، لە بێ تاقەتی وەڕز بن و بچنە سەرێ. بۆ ماڵی پوورێ. یان ئەو بانگیان بێڵێ. زۆر جار ئاواتەکەی بەدی دەهات. بۆ سەیری تەلەفزوێن دەچوونە سەر. هەمیشە وا لە فیلمەکە خورد دەبۆوە کە پوورێ بەزەیی پێدا بێت و نەهێڵێ زوو بڕۆنە خوار.

– پەلەی چیتانە؟ فیلمەکە خۆشە. بڕوانن ئەو کوڕە جوانەم چۆن سەرنجی ڕاکێشراوە؟

ئەوسا کەمێک لە شەوی جومعە دوور دەکەوتەوە. لەو شەوە شوومە.

حەمە پەستا پەستا لە جێگەکەیدا تلاوتلی بوو. لەم شان بۆ ئەو شان. بەقەفاوە. سەر، لەسەر سەرین، یان سەرین، لەسەر سەر، باسک لە سەر نێوچاوان، یان نێو چاوان، لەسەر باسک، جار جار هەوڵی دەدا بیری بۆ شتێکی دیکە وەگوێزێ. هاوڕێکانی کچەکەی دراوسێی مشتەرییەکانی دووکان، یان تەنانەت دەلاکەکەی گەڕەک، کە کاتێ ڕیشی بۆ دەتاشی، لە دە لاوە دەیبڕی. ئارەزووی خەوتن لە شەوی جومعەدا بەمیوانیش بەمێشکیدا نەدەهات.

ئاواتی گەورەی بڕانەوەی شەو بوو. قەڵپ بوونەوەی بێدەنگی و پەیدا بوونی غەڵبەغەڵبی بەیانی. هەروەک شەوانی جومعەی ڕابوردوو. ڕابوردوویەکی دوور و نێزیک.

– سەعات لە دە لایداوە خانم. ئەو جێگەمان بۆ ڕاخە. ئاغاش خەوی دێ.

حەمە خەوی نەدەهات. ترس و ڕق و چاوەڕوانییەکی دڵتەزێن، خەوی لێ تاراندبوو. چرا کوژایەوە. هەستی پێ دەکرد کە خوشکی بۆ چوونە نێو جێ، خۆی دەخافڵێنێ. لەو ماوەیەدا کەوتە بژاردن. یەک، دوو، سێ... پەنجا و دوو، پەنجاو سێ...

ڕەقـەمـەکـان خۆیان لە مـێشـکی دەدزیەوە. خـوشکی بۆ نێو جـێگە خزی. حـەمـە لێـفـە شرەکەی بۆ ژوور سەری هەڵکێشا . گشت گیـانی بووە گوێ، گوێی لە سەرینەکە چەقاند. لەوەها شەوێکدا دەنگی باڵە مێشوولەشی دەبیست، هەناسەی ڕێوبیە شەل، قرخەو کۆکە کۆکی، سرتەو چپەی... مشەمشی.. وست، وستی نەجیب.

– خەوتووە. لە شیرین خەودایە.

بەڵام حەمە نەخەوتبوو، تەنیا ئەوە بوو، کە لە ترسان هەناسەی نەدەکێشا.

بۆڵە بۆڵ و مشەمش.. هەست بەسووکایەتییەکی قورس.. مەراقێکی گەورە.. گشتیان، وەک شەوە، ئاوقای گیانە تۆقیوەکەی دەبوون.

مشەمش پەرەی سەند. لە گشتی حاڵی دەبوو. بوغز لە گەروویدا خڕ دەبۆوە.

بێدەنگی ڕێبوارێکی تازە گەیشتوو بوو. بۆ سبحەینێ فرمێسکی لەسەر سەرینەکەی وشک بووبوۆوە. تا حەوتوویەکی تر، مەراقی شەوی ڕابوردوو. ترس لە هاتنەوەی شەوێکی شوومی دیکە، لە سەر دڵی باربوو.

ڕوون بۆوە. بەفـر نەدەباری. بەڵام دیار بـوو. وشکە سـەرمـایە. دەبوو هاوڕێکانـی تازە خەوتبێتن. بیری کردەوە. ڕەنگە دوێ شەو خۆشیان ڕابواردبێ.

زستانی ٧٠



## مەرگی نووسەر

کە دەڵێن شەڕو قـڕە بەر دەرکەت پێ دەگرێ، ئەوەیە، لەنێو ئەو هەموو خەڵکەدا یەکەوڕێ هات بۆ لای من.

نەمـزانی لە کوێوە هات. ئاسـمـان قـەڵشت ئەوی لێ کـەوتە خوار؟ زەوی دەمـی کـردەوەو لێی دەرپەڕی؟ لە دەرکەوە هات؟ نەمزانی. هات و لەبەر دەممدا قوت بۆوە.

کاکە ئەبێ تاوێک لەلات دانیشم؟ بـریا بمگوتبایە، نا. من حەز دەکـەم، بەتەنیـا بم. هەر خـۆم بەتەنیـا. خـۆم و خـەیاڵاتەکـەم. خـۆم و ئازارەکـانم بێ تۆش دەردو مـەینەتم زۆرە. بێ تۆش گرفت و ئالۆزیم زۆرە.

بەڵام.. بۆ وام نەگوت؟.. ئەشا ئەو پرسیارە. من کەی توانای ئەوەم بووە کەسێک جواب کـەم؟ کـەی بۆم کـراوە، دەست بەڕووی کـەسەوە بنێم؟ خـۆم لە خـەڵکی شـاردۆتەوە کـاتی گیروگرفت و تەنگانەی ڕۆحی نەچوومەتە دەر.

ئەگـەر چووبم بەلاڕێ و چۆڵگەدا ڕەت بووم خـۆم لە ئەم و ئەو نەبان کـردووە. سـەرم داخسـتـووەو خـۆم لێ گـێـل کـردوون. بەڵام کـە تـووش بووبێـتم، کـەتەڵەی بێکارێک، دۆستێک، وەڕزێک لە تەنیـایم، ترازاندبێ، ئیـتر جووڵەم بۆ نەکراوە. لای خۆم گوتوومە" ها کاکە.. ئەوە گوێم چیت پێ خۆشە بیڵێ.. بەڵام مەردی چاک بە زۆرم لێ مەکە منیش بدوێم. تۆ سەر لەقاندنت ناوێ؟ دەی چاکە فەرموو... ئەوەش سەر لەقاندن.. بەڵام پرسیار مەکە.. نەکا، شەرمەزارت بم. نەکا پەی بەبێ ئاگاییم بەری..." کەچی ئەم، نا...لەو کەسانە نەبوو... بێ ئەوەی بمەوێ سـەرنجم بووە هەودای کـلافـەیەک و ڕایکێـشـا. ڕایکێـشـا و ڕایکێـشـا... تا ئاخـری...تا... ئاخ.. چ بێـجـایەکم کـرد کـە هاتم بۆ ئەم هوتێلە...لەوەش ناماقوولتر ئەوە بوو کە چووم بۆ هۆڵەکەی. ئاخر خۆ من برسیم نەبوو. هیچم نەدەخوارد. ئەی بۆ چووم؟ جا کێ چووزانێ؟ ڕەنگە لەم ژوورەی خۆشم بامـایە هەر بیدۆزیبـامـایەوە. هاتبایەو تەقەی لێ دابایە وەک ئێستا. خۆ من ئێستا لە ژوورەکەی خۆمم. خۆم لە چنگی ڕاپسکاندووە، دەرکەم لە خـۆم گـاڵە داوە. بڕوانە چۆن واز ناهێنێ. تەقـە لە دەرکـە دەدا، دەڵێی تەقە لە دەرکەی بیرو هۆشم دەدا، دەڵێی دەرکەی ئەندێشـەم دەکوتێ. بڵێی خەڵکی

ژوورەکانی دیکە بەو تەقە تەقە لەخەو بەئاگا نەبنەوە؟ بڵێی، نەیەنە دەر بزانن چی قەوماوە. خۆزگە وا دەبوو. دەهاتن دەیان پرسی، ئەرێ کاکە تۆ چیت دەوێ؟ ئەویش هەڵبەت دەیگوت کە، کارم بەکابرای نێو ئەم ژوورەیە. دەی ئەوانیش بانگیان دەکردم. ئەوسا من وە دەنگ دەهاتم. دەمگوت:

برادەرینە! خوشکینە! پێی بڵێن وازم لێ بێنێ. من کارم بەو نییە، نایناسم و نەمناسیوە. تکای لێ بکەن وازم لێ بێنێ، ئەگەر بەگوێی نەکردن، بەزۆر. دەری کەن. ئەشا ئەو سەیرە. چ چاوەڕوانییەکی غەریب. کێ لەم ڕۆژگارەدا، هێندە بە دەرستی کابرایەکی نەدیو و نەناسیاوی وەک منەوەیە؟ نەخێر.. ئەوە خەیاڵ پڵاوە. تازە... خۆ کەسیش لەو دەنگە بەئاگا نایەت. بۆ خۆم بەگوێی ئاسایی نایبیستم؛ بەڵام، زایڵە و دەنگدانەوەی لە گوێی دڵمدا لە گوێی ئەندێشەمدایە... وەک زایڵەی زەنگی کلێسەکان. من تەنیا لە سینەما و تەلەفزوێن گوێم لەو دەنگە بووە. لە هەموو شاردا دەنگ دەداتەوە. لە شاخ و کێوەکانیشدا. هەمیشە بەبیستنی تووشی دڵەڕاوکەو سەرسامی بووم. ئارامم لێ هەڵگیراوە. بیری مردن کەوتوومەتەوە..

وەک ئەو کاتانەی کە گوێم بۆ قورئان خوێندن شل دەکرد. ئەو کاتانەش بیری مردن دەکەوتمەوە. تەنانەت ئەگەر کەسیش نەمردبێ. هەرکە عەبدولباسیت یان کەسێکی دیکە زار هەڵدەپچڕێ، من هەست دەکەم، لە ئوتمبێلێکدام و بەرەو مەیتەکەی وریا دەچم. باشە بۆ؟ خۆ وریا یەکەم کەس نییە لە من مردبێ. پێش ئەویش سەدان کەس لە شارەکەدا مردوە. دەیان دۆست و برادەریشم سەری پڕ شۆرو دڵی پڕ ئاواتیان خستۆتە ژێر خاک. بەڵام ئەی بۆ وریا؟ ڕەنگە لە بەر ئەوەی کە لە ئاودا خنکا... جا ئەوە چی بەسەر چییەوەیە؟ مردن، مردنە، چ لە ئاودا، چ لە ئاگردا... چ لە نێو جێگەو نوێنی ماڵدا. تازە چ لە ژێر تەگەرە ماشینێکی گەورە لەسەر شەقامەکە. بۆ کەمم دیوە؟ ئەی بۆ وریا؟ زۆر سەیرە. وریا دەمباتەوە بۆ دەورانی منداڵیم. ئەو کاتە خۆشانە بڵێی بۆ مرۆڤ تا تەمەنی دەچێتە سەر، منداڵی لاشیرینتر دەبێ؟ ڕەنگە لەبەر ئەوەی کە مرۆڤ هەمیشە چاو لە دوایە. یان بەو هۆیەوە کە ژان و پەژارەی ئێستا ئەوەندە زۆرە کە بۆ خۆ لێ دەرباز کردن، مرۆڤ بەکلاو ڕۆژنەی منداڵیدا هەڵدەگەڕێ... چوزانم...

بگرە لە بەر ئەوە بێ کە جیهانی منداڵی بەڕاستی خۆشە مرۆڤ ئەقڵی بەکەم. شت دەشکێ. لە بیری کەم شت دایە سک تێر بێ مەیدانێک بۆ گاڵتەو ڕمبازێ و شەیتانی هەبێ، هەر ئەوەندە. بیرەوەری وریا، هەمیشە ئاوم وەبیر دێنێتەوە. کەس بەقەدەر ئەو



حەزی لە نێو ئاو نەدەکرد. دەبوو خودا ئەوی بەماسی خولقاندبایە. کە هاوینمان لێ دەهات، من و ئەو و ئاراس...

سێ دەستە برای گیانی، گیانی، سرتە و جرتەیەک و چۆمی بەر ماڵان بمانگرە هاتین. ئاراس حەزی لەقرپۆک کوشتن بوو. ئەوەندەی ئەو قرپۆکی کوشتووە، هیتلەر بنیادەمی نەکوشتووە. ئەگەر ڕۆژێک لە ڕۆژان مەحکەمەی قرپۆک کوشتنی بکەن، سزای بۆ دیاری ناکرێ.

ئاخر چی لێ بکەن؟ مەجبوور دەبێ خۆی بکوژێ و خەلاس؛ وەک هیتلەر. کێ دەیگوت ئاراس کە گەورە بوو دەبێتە شوفێر؟...وریا زۆر جار دەیگوت: " کە گەورە بووین، من دەبمە مەلەوان، ئاراسیش ڕاوچی" دەمپرسی: " ئەی من؟ " ئەگەر لە نێو ئاودا بایە، بە مست کەمێک ئاوی بەقەڵەم و کاغەزەکەی نێو دەستمدا دەپرژاند و دەیگوت. "نووسەر" ئەگەریش لە دەرێ بایە، بەتیزێکەوە سەیری دەکردم. چنگی لە قژە شانە نەکراوەکەم ڕۆدەکرد و دەیگوت:"شاعیر" ئەو ساڵانە من پێم وا بوو بۆ خۆی و ئاراس ڕاست دەکات، بەڵام ئێستا دەزانم کە تەنیا بۆ من بەدرۆ نەبۆتەوە، کەمێکیش بۆ خۆی. ئاخ کە ژیان و مەرگی وریا دەمترسێنێ. هەر چی بیری مردن دەکەومەوە، پێشبینییەکەی وریام لێ دەبێتە کۆمەڵێک ڕیشۆڵە.

نا، ئاسمانێک ڕیشۆڵە. وەک خەونەکەم. ئەو خەونە وەیشوومە.. نازانم کەنگێ دیتوومە. بەڵام ئەوەندە دەزانم کە وەک شمشێرەکەی دامۆکلێسە. هەمیشە بەژوور سەری ئەندێشەمەوەیە. دەڵێی بەبەنێک کە هەمان پێشبینییەکەی وریایە، بەستراوەتەوە. مەرگی وریاش بۆتە خۆرەو کەوتۆتە گیان بەنەکە.. ئەرێ..

خەونە وەیشوومەکە، لە خەونمدا قەفەسێکی گەورەم بوو. بەقەدەر ژوورێ. بگرە زیاتریش، گەڕەکێ، شارێ، تەنیا ڕیشۆڵەم تێ دەکرد. تا ڕۆژێک ڕیشۆڵە زۆر بوون و تووڵی قەفەسیان شکاند. ئەوسا کەوتنە گیان خۆم. ئای لەو خەونە ناخۆشە! ملوێنەها ڕیشۆڵە دەیانفڕاند. باڵیان دەکوتا و دەنووکیان لە گیانم دەگرت.. من هاوارم دەکرد، بەڵام دەنگم لەنێو قڕە قڕیاندا گوم دەبوو... نا... نا...

با نەیگێڕمەوە، با وە بیر خۆمی نەهێنمەوە. ئەرێ، گوتم کە وریا تەنیا بۆ من بەدرۆ نەبووەوە. کەمێکیش بۆ خۆی. کە گەورە بووین، وریا بوو بەمووچە خۆرو ڕەوانەی شارێکی دوور کرا.

گوتم : وریا، ئەو شارە خۆشەیان نا؟

گوتی : هەتیو چۆمێکی لێیە، هەموو کوردستان چۆمێکی وای لێ نییە.

گوتم : کەواتە...

گوتی: کەواتە چی؟ یان لە دایەرەم، یا لە نێو چۆمەکە مەلە دەکەم. کەس وەک منی بۆ نەلواوە.

ئاخری هەر ئەو چۆمەش هەڵی لووشی، ئەیزانی کە وریا حەز دەکات ببێ بەماسی. ئەویش حەزەکەی...

من بووم بە چیرۆک نووس. دەیان و بگرە سەدان کورتە چیرۆکم نووسی. وریا پێش مردن. تاک و تەرا دەیخوێندنەوە. ئاراس شوفێریی خۆی دەکرد. دەیگوت:

"پێڵاوی ماشێنەکەم نادەم بە سەدان چیرۆک" مەبەستی لە تەگەرەکانی بوو. دەیگوت: "شاعیری و چیرۆک نووسی بۆ پیاوی تەمبەڵ باشە " دەیگوت: "تۆ چیرۆکێک دەنووسی. دەیکەی بەدووان.. سیان... چوار... ئەوسا لە چاپی دەدەی. پاشان یان دەتگرن و دەتخەنە سیا چاڵەکانی ساواکەوە یان.. " ئەوسا بۆ باقیەکەی تێدا دەما. دەمگوت : "یان چی؟" دەیگوت: "یان قسەی قۆڕ..."

دەمگوت : "ئەی بۆ خۆت؟"

دەمگوت: "جێپێ دەکڕم.. کاری پێ دەکەم.. تێ دەکۆشم. دەیکەمە لاندەوێرێک.. هەروا.. تا لە ئەنجامدا دەبێتە ئوتۆبووسێک. ئەوسا..."

دەمگوت: "ئەوسا چی؟ "دەیگوت:"ئەوسا دەیدەم بەشوفێر و بۆ خۆم وەک پیاوان پاڵی لێ دەدەمەوە."

بەڵام وریا وای بۆ نەدەچوو. ئەو تەنیا گلەیی لە پاڵەوانی چیرۆکەکانم بوو.

دەیگوت: "هەتیوە، هەرچی دزو حیز نەبێ تۆ نایکەیتە پاڵەوان"

دەمگوت: "باشە ئەی کێ بکەم؟ " دەیگوت: "چوار پیاوی ماقووڵ". دەمگوت: "جا ئەوان پاڵەوانی ماڵی خۆیانن..."

دەیگوت: "هەتیوە...

– هەڵبەت لەم ئاخریانەدا دەیگوت "مامۆستا...

منیش بەتیزەوە دەمگوت: "مامۆستای هەرچی و پەرچییەکان ها؟ "دەیگوت:" پاڵەوانی چیرۆکەکانت پیاو دەتۆقێنن. ڕاستی خەڵکی واهەیە کە ئەوەندە قۆڕ بژین؟"



دەمگوت : "وریا زۆرن.. زۆر..." ئەوسا پێ دەکەنی. دەتریقایەوە. شانی هەڵدەتەکاند و دەیگوت: "خۆزگە بەخۆم. لە ژیانی کەس ورد نابمەوە. "دەمگوت: "ئەی لە ژیانی دەعباکانی نێو ئاو..." دەیگوت: "وردبوونەوەی ناوێ. هەموو وەک یەک دەژین. کە چۆمیش وشک دەکات وەک یەک دەمرن..."

***

(مامۆستا دەرکە لە گرێژنە چوو، بۆ خۆتی لێ کەڕ دەکەی؟
هەستە بیکەوە... هەستە...)

***

نایکەمەوە، من هیچ کارێکم بەو نەداوە... لە خۆڕایی واز ناهێنێ. نازانم چی لە من دەوێ. ژوورەکەش بڕووخێنێ نایکەمەوە. هۆتێلەکەش کاول کات هەر نایکەمەوە. خودام دەکرد، کاولی دەکرد. بەسەر یەکدا دەیڕماند.. ئەوسا دەبووە هات و هاوار و زەنا.. زەنا.. منیش لە سووچێکی کەلاوەکەوە بۆی دەردەچووم. لە ژێر دەواری ڕەشی ئەم شەوەدا خۆم دەشاردەوە. یان، دەچوومە ماڵی دۆست و برادەرێک. من هەر پێشتر دەبوو وابکەم.. کە کامەرانی شاعیر زانی هاتووم بۆ ئەم شارە، لە کۆڵم نەدەبۆوە. دەیگوت: عەیبە... شوورەییە ماڵی ئێمە لێرە بێ و تۆ بچیتە هوتێل؟ فارووقی نووسەرشی لەو خراپتر..کاک بارامیش... مەنوچەهریش بەڵام من بەگوێی کەسم نەکرد. سوار ئەسپی خۆم ببووم. دەمگوت: لە هوتێل حەوانەوەم، باشتر بۆ دەکرێ... تەنانەت داوەتی میرزا فەتاحی ناشریشم ڕەت کردەوە. من خۆمم لەوان باشتر دەناسی. تاقەتی بەچۆکدا هاتن و پیاوانە دانیشتنم نەبوو.. تاقەتی بەڵێ، بەڵێ و فەرموو، فەرمووم نەبوو. من هێشتاش لە کاسی دوا نووسینەکەمدا بووم. ئەوان چووزانن کاسی دوا نووسین چییە. کەس نازانێ.. تەنیا بۆ خۆم دەزانم. خۆم و پاڵەوانی ڕۆمانەکە.. ئای ماڵی ڕۆمانەکەم بەقوڕ گرت. ماڵی ئەو خولیایەش کە بۆ یەکەم جار بەمێشکمدا گوزەری کرد.. ماڵی ئەو هەموو شەو و ڕۆژەش کە لە تەکیدا بەسەرم برد.. جاران کورتە چیرۆکم دەنووسی. هەر دانەی بە ١٥-١٠ ڕۆژ..

بگرە مانگێک دەنووسرا. ئەوسا کاسی دوا نووسینەکەی هەر مانگێکی دەخایاند. بەڵام ئەم جارە.. ڕۆمانێک بە ٨ ساڵ نووسرابێ، دەبێ کاسیەکەی چەندە بخایەنێ؟... کێ چووزانێ؟ ٨ ساڵ؟... جا خۆ دەمکوژی.. ئەم جارە، لای ڕۆژنامەگەرێک، کە وتووێژی لە تەکدا دەکردم درکاندم. بووە بنێشتە خۆشەی سەر زاری، پرسی: "مامۆستا تۆ باسی کاسی

دوا نووسینت کرد. دەکرێ بفەرمووی چۆن حاڵەتێکە؟ "جا وەرە ئەو کەرە لەو قوڕە دەربێنەوە.

گوتم : "کاکی خۆم حاڵەتێکی تایبەتییە. تەنیا نووسەرەکە دەزانێ چییە.. " پرسی: " ئایا وەک حاڵەتی دابڕان و جودایی نییە؟. جودایی دوو دڵخواز.. ئاشقە و ماشقە.. نووسەر و پاڵەوان.. "

گوتم: " ئەوەش بەشێکە لە حاڵەتەکە.. "پرسی:"یان بیرکردنەوە لە پاڵەوانەکەت.. ئایا لە نێو جەماوەردا چ دەورێکی دەبێ؟ چ کارێک دەکاتە سەر مێشکی خوێنەر؟" گوتم: "ئەوەش هەروا بەشێکە..."

پرسی: "یان چەشنێک نارەزامەندی لە خۆ.. بۆ وام کرد؟ بۆ وام نەکرد؟"

گوتم: " ئەوەش هەیە... "پرسی:... گوتم!... بەو جۆرە زۆر لە هۆکانی ئەو حاڵەتەی پێ دەرکاندم. بەڵام هێشتا هەر هەمووی نەبوو. هێشتا ئەوانە هەر هۆ بوون. خودی حاڵەتەکە نەبوون. شاعیران پێش نووسین دەکەونە دۆخی گەشکەداری و کاسی و ئیلهامەوە. کە شیعریان بۆ هات و نووسییان، وەک ژنە زەیستانی لێ بۆوە ڕزگار دەبن. بەڵام نووسەر. هەم ئەو پێشەکییەی هەیەو، هەم ئەم پاشەکییە. چووزانم هێندێک لە دۆستە شاعیرەکانم دەڵێن، ئەوانیش تووشی کاسی و وەڕزی دوا نووسین دەبن..

باسی ڕۆمانەکەم دەکرد. ٨ ساڵ... ٨ ساڵی ڕەبەقی خایاند. زۆربەی مووی ڕیش و سەرم بەدیاریەوە سپی بوو.. کوت کوت، توانا و هێزم بووە ئارەقەو تنۆک تنۆک بەگیانمدا هاتە خوارێ. بەڵام بەهیچم نەدەزانی، من کاتی نووسین تەنیا لە بیری نووسینەکەدام. لە خۆم دەبڕێم. وەک دەورێش، سۆفی، چووزانم.

بۆ ڕۆمانەکەش هەروا بووم. تەنانەت تا نووسینی دواهەم لاپەڕەش، بیرم لە نێوەکەی نەکردبۆوە. بەڵام کە تەواو بوو، ئەوسا بێ تێفکرین و دۆزین نێوم نا: "سووڕانەوە لە بازنەیەکی تەسکدا" بۆ بەیانی دەستە بارەک کاغەزم خستە نێو کیفێکەوە و ڕێ کەوتم. تا ئەوکاتە بیرم لەو نەکردبۆوە کە چۆن لە چاپی بدەم. دەتگوت هەر بۆ چاپکردنیش نەمنووسیوە. لێرەش خستمە سەر مێزەکەی میرزا فەتاحی ناشر. گوتم: ئەمەش سووڕانەوە لە بازنەیەکی تەسکدا.

گوتی: کورتە چیرۆکە؟.

گوتم: نا... درێژە.. بەقەدەر ٨ ساڵ تەمەنی خۆم و...



گوتی: کەواتە ڕۆمانە.. خنایەوە. بزەی سمێڵی دەهات. من و ڕۆمان... ڕۆمانی من.. دەبێ فرۆشی باشی هەبێ. پاروێ نانە و بەدیاری بۆی هاتووە، یاخود کولێرەیەکی چەور.. کەمێک لە دەستە بەرەکەم ڕاما. ئەوسا نیگای بەرەو خۆم ڕاگوێزا

گوتی: بۆ وا پێ جووی؟

گوتم: پیر بووم.

گوتی: قەیدی ناکات. پیری کاتێک ناخۆشە، کە ئاوڕ بدەیتەوە بۆ دواوە و چۆڵگەیەک زیاتر بەدی نەکەیت.. یا دالآنێکی تاریک و نووتەک...

گوتم: بۆ وانییە؟

گوتی: نا.. تۆ پاڵەوانێکت خوڵقاندووە.. ئەو پیری بۆ نییە.. مەرگی بۆ نییە..

داچڵەکام.. موچڕکێک لە تۆقی سەرمەوە هات و لە کەڵە موستی پێمەوە دەرچوو.. ترس و گومان چڕنووکیان لە جەرگم گرت... هەڵیان کۆڵی... خەریک بوو بڕشێمەوە. بۆ شەوێ ئازاد لە شاری خۆمانەوە تەلەفوونی بۆ کردم. ئازادیش دۆستێکی دێرینە. وەک وریا نییە، وەک ئاراسیش نییە، تایبەتییە. لەوانەیە کە بەمنداڵی هیچ پێشبینییەکی بۆ نەکراوە. تا لێرە دانیشتووم.

وەک ئێستا.. بەڵام نا.. وەک ئێستا، تا ئەو کاتە تەقەی دەرکە نەدەهات، دنیا ئارام و کپ بوو. تەلەفوون زریکاندی..

– ئەلۆ... بەڵێ...

– چۆنی؟ ئازادم..

– خۆش بی ئازاد! تۆ چۆنی؟

من چاکم. هەواڵی ڕۆمانەکە؟ دات بە ناشر؟ چاپی دەکەن؟

– ئەرێ.. بەڵام..

بەڵام چی؟

– بەڵام من خەریکم لە چاپکردنی ژێوان دەبمەوە.

هەر ئەوەندە بەس بوو. ئازاد بەسەرمدا نەڕاندی.. گوتی:

– کاکە تۆ شێتی.. پیاوی ئاقڵ چۆن کاری وا دەکات؟ ئەوە ٨ ساڵ تەمەنی خۆتە، چۆن بەفیڕۆی دەدەی؟

ئیتر ڕستی و ڕستی، نەمزانی کێهەمان تەلەفوونەکەمان دانا.

نازانم بۆ ئازاد وا لە چاپکردنی سوور بوو. خۆ ئەو هیچی لێ نەدەزانی، نەیخوێندبۆوە. دڵنیاشم کە قەت نایخوێنێتەوە. ئاخر ئازاد هەمیشە پێم دەڵێ: براله کورتەیەکم بۆ لێ بڵێ و تەواو. تازە من کورتەی ئەم ڕۆمانەشم بۆ نەگوتبوو. بەڵام دیار بوو وەها کە هەمیشە بۆخۆی دەیگوت، دڵی بۆ وەچەی داهاتوو دەسووتێ، دڵی بۆ داهاتووی ئەدەبەکە دەسووتێ.

بەڵام من هەرگیز بیرم لەو شتانە نەکردبۆوە.. داهاتوو بەلای منەوە هی داهاتوو بوو. من تەنیا دڵم بۆ ئێستا دەسووتا. ئێستا و هیچی دیکە. بۆ شەوی دوایی. ئەرێ مەبەستم ئیمشەوە ئەم شەوە تاڵە، ئەم شەوە بێ بڕانەوەیە..ئەم شەوە پڕ تەقەو تۆقە، ئەم شەوە کە دەرکەم لە خۆم گاڵە داوە و لە ترسی کابرایەکی نەدیوو نەناسیاو، وەک برێشکە، هەڵدەچۆقم. ئەم شەوە کە نازانم چیم بەسەردێ. ئەرێ ئەم شەو. کە لەبەر وەڕزی چووم بۆ هۆڵەکە تا چایەک قوزەڵقورت بکەم..

دیسان کابرای مودیر گازی لێم کرد. "مامۆستا تەلەفوون" بەبیرم نایەت قەت ئەوەندە ڕقم لە تەلەفوون بووبێ. بیرم بۆ ئەوە چوو کە بەڕاستی تەلەفوونی ئامرازێکی پڕ زیانە. ئاخر سوودی چیە؟ خەڵکی چی تێدا دەڵێن؟ خۆم لێ کەڕو نەبان کرد. بەڵام مودیر دەستبەردار نەبوو. هەر دەیگوت: "مامۆستا! مامۆستا! بەتەلەفوون بانگت دەکەن. " داخم هائێ.. مامۆستا؟ مامۆستا؟ مامۆستای چی؟ مامۆستای مەرگ!

– بەڵێ کێیە؟

– منم.. بەکر.

– چۆنی بەکر... چاکی؟

بەکر تووڕە بوو. نازانم بۆ.. خۆ ئەو کەم تووڕە دەبوو.

+ باشە کاکە، ئێمە بیستوومانە کە هونەرمەندو نووسەرو شتی وا، شێت دەبن. بەڵام نەمانبیستووە کە ئاوا شێت بن..

– چی بووە بەکر؟

– ئازاد بەڕاستی بوو؟

– چی؟... چی دەگوت؟



– کە گوایە لە چاپکردنی ڕۆمانەکە ژێوان بوویتەوە؟

– وەڵا ژێوان بووبوومەوە بەڵام تازە کار لەکار ترازاوە.

– ئێ چاکتر... کوڕی باوکم! تۆ ئەگەر دەربەستی خۆت نیت، دەربەستی خەڵکی ببە.

– چۆن؟

– ئەی خۆ ئێستا تۆ هەر هی خۆت نیت. تۆ نووسەری نەتەوەیەکیت ڕۆمانەکەت ماڵی نەتەوەیەکە..

– چاکە خودا حافیز.

کێ بڕوا بەم قسانە دەکات؟ ئەگەر بڵێین قسەکەش ڕاست بێ، خۆ خاوەنەکەی درۆ دەکات. وەڕز و تووڕە گەڕامەوە بۆ هۆڵەکە. ئای بریا قەڵەمی پێم بشکایە بریا تووشی سەر ئێشە، دان ئێشە، زک چوون، بوومایە، بەڵام نەگەڕامایەوە بۆ ئەو شوێنە. بۆ سەر ئەو مێزە کە دانیشتم، هەستم بەقورسایی نیگای کارگوزارەکە کرد. دۆستانە نەبوو. دەتگوت، گلێمۆتە توانجم تێ دەگرێ. توانج بۆ ئەوەی کە گەڕاومەتەوە.. بۆ داگیرکردنی ئەو مێزە و داوا نەکردنی هیچ خواردنێک بەخۆمدا شکامەوە. داوای قۆریەک چام کرد. قۆریەک چاو پەرداخێک بۆ نەفەرێک. نەمزانی چۆن هێنای. بێ دەنگ داینا و پاشەو پاش گەڕایەوە. گەڕایەوە بۆ جێگەکەی خۆی. بۆ سەر کورسییەک لەلای دەرکی ژووری چا لێنان دیسانەوە چاوی تێ بڕیم، هەستم بەدەرزی ئاژنی ڕۆحم کرد.

وەک نیشانەیەکی ناوەندی شەڕگە.. سەرنجی خۆمم قۆستەوە..کەوتمەوە خەیاڵات.. تا ئەوەی کە. ئەم کابرایە پەیدا بوو. نەمزانی چۆن لێم نزیک بۆوە: " ئەکرێ تاوێک لە لات دانیشم؟

ڕاچەنیم. بێ تێفکرین.. تەنانەت بێ سەیرکردنیشی، گوتم:"فەرموو". دوایی بیرم کردەوە، بۆ دەبوو وای لێ بێ؟ لەوەها شەوێک و وەها حاڵێکدا کەی تاقەتی ئاخاوتنم هەیە؟ تازە کار کرا بوو. بیرم بۆ ئەوە چوو، بەپەلە چایەک هەڵقوڕێنم. ئەوسا "بە ئیزنی خۆت من دەبێ بڕۆمە ژووری خۆم" ئاوا باشتر بوو دیارە هەر وام دەکرد. بەڵام... وای لێ نەهات. من چوزانم پێوە دەبم؟ چوزانم تەڵەی ڕاوچییەکی قیرسچمەی جەردە وەڕووم، تەقاندۆتەوە. گوتی: "حەتمەن چایەکم دەدەیتێ" وەک دۆست دەدوا. وەک کۆنە ناسیاو دەنگیشی بێگانە نەبوو. دەتگوت، دەیان جار بیستوومە باشە لەکوێ؟ ها؟ وەبیرم نەدەهاتەوە. سەرم هەڵبڕی ناحەقە پیاوی وا چەرداوەڕوو نەبینم.. قژێکی تەنکی ئاڵۆزاو،

ڕیشێکی بۆ ڕەقنەی زەردباو. جووتێ چاوی ترسنۆک. نا، زەق. بەڵام چۆن ئەو گشتە ترسە لەو جووتە چاوە زەقەدا کە خۆی لە بن پاردەی ئێسکی ژێر برۆوە شاردۆتەوە نەبینم؟ بەکورتی. ڕوومەتێکی خڕی قوپاوی، پۆخڵ. لەوە دەچوو دەمێک بێ نەشۆرا بێ. دەمێک بێ ئاوێنەی نەدیبێ.

بزەیەکی تاڵی پێشکەش کردم. ئاخ! ئەو بزە بۆ ئەوەندە ئاشنا بوو؟ ئەو ڕوومەتە بۆ لام بێگانە نەبوو؟ ئەم کابرا کێیە؟ لە کوێ دیتوومە؟ کەل و کونی مێشکم دۆزی. نا، وەبیرم نەدەهاتەوە. بەڵام ئەوە ناگەیەنێ کە بە هەڵە چووبم. دەبوو لە خۆی بپرسم. ترسام، ترسام، سەری قسە بکاتەوەو شەوم پێ شەق کات. موانەتی بیر کردنەوەی نەدام. تیری یەکەمی هاویشت، ناوی پرسیم. سەری وەڵامم بۆ شۆڕ کردەوە." من جەمالم"

پرسی : " پیشەت چییە؟" زانیم ئەوە ڕۆژەکەیە وا لێی دەترسام. "ئا" م گوتووە و دەبێ "بێ" ش بڵێم تازە بەوەشەوە نابێ بوەستمەوە.

بەڵام چارم نەما. لە هەندایدا هەستم بە بەزین دەکرد. دەبوو وەڵامی دواهەم پرسیاری بدەمەوە. گوتم: "نووسەرم". نەهێنای و نەبردی تەقەی لە پرسیاری سێهەمیش هەستاند.

– نووسەر؟ چی دەنووسی؟

گوتم: "چیرۆک. حەقایەت." گوتی: "بۆ چیرۆکنوسینیش پیشەیە؟ نان و ئاوێکی تێدایە؟" ئەو پرسیارە کاکەمی وەبیر هێنامەوە:

– هەتیوە پیشە نەما، حەقایەت و درۆ و دەلەسە نووسین نەبێ. پێی بەڕێ دەچی؟ وەڵامی کاکم دەداوە: "حەزم لێیەتی، ئەگەرچی، تێرو تۆخیش نیم. لەخودا بەزیاد بێ. تا ئێستا لە برسان نەمردووم. "بەڵام حەزم نەکرد ئاوا بەدوورو درێژی وەڵامی ئەو بدەمەوە. گوتم: "ئێ باشە" ئەوسا، پرسیار بەدوای پرسیاردا" چی دەنووسی؟ بۆ دەنووسی؟. "نەمدەزانی بۆ لەهەندایدا زارم بۆتە کانی تەقیو. بەخوڕ قسەم بۆ دەهات. دیارە کە ئەو کارە خۆشحاڵی نەدەکردم. زۆر شتم لا درکاند. زۆر شتم بۆ گێڕایەوە. گوتی: "خاوەن هوتێل، هوتێل دەکاتەوە تا چوار غەریبەی وەک من و تۆ، تێیدا وەحەسێین.

دووکاندار شمەک دەفرۆشێ تا ژووری خەڵکی پۆشتەو سکیان تێر بێ. تەنانەت پینەچی، پێڵاوی دڕاو پینە دەکا تا خاوەنەکەی چوار ڕۆژی دیکەش لە پێی کا. چیرۆک نووس بۆ چیرۆک دەنووسێ؟"

پرسیارێکی دژوار بوو. هەزاران و هەزاران جار ئەو پرسیارەم لە خۆم کردبوو. بەڵام ئەم



کابرایە بۆ؟ ئەم بۆ دەبێ ئاوا بمدۆزێ؟ ئایا وەڵامی بدەمەوە؟ ئایا نەدەبوو، وەڵامی نەدەمەوە؟

گوتم: "چیرۆک نووس بۆیە دەنووسێ تا فەلسەفەی خۆی بۆ ژیان بەخەڵکی ڕابگەیەنێ" پرسی: "یانی، ڕێگە نیشان خەڵکی دەدات؟ ڕێگە بۆ ژیان. ها؟" گوتم: "ئەرێ". بەڵام ئەم وەڵامە هەروا بەسووک و ئاسانی لەدەمم نەهاتبووە خوار. هەستم بەساردی و تەڕایی ئارەق بەسەر پشتی لەشمەوە دەکرد. حاڵەتی تاوانبارێکم بوو کە لە مەحکەمە تاوانەکەی خۆی بسەلمێنێ. بیرم بۆ ڕۆمانەکە چوو. ئەو ڕۆمانەی کە تاماوەیەکی دیکە لە ژێر چاپ دەهاتە دەرێ و خۆی بەماڵاندا دەکرد. باشە لەوێدا چ ڕێگەیەکم بەر پێی خەڵکی ناوە؟ ها؟ ئەمە هەمان پرسیار بوو کە وەڵامەکەی تووشی ئەم کاسبەی کردبووم. هەمان پرسیار، کە بیرو هەست و ئەندێشەمی بەر پلار دەدا. وریای هاوڕێم، هەمیشە دەیگوت:

– هەتیوە تۆ بۆ ئەوەندە ڕەشبینانە سەیری ژیان دەکەی؟

من دەمگوت: "ژیان خۆی ڕەشە. وریا دەیگوت "پیاو کە چیرۆکی تۆ دەخوێنێتەوە، دەکەوێتە ئەو بیرەوە کە مرۆڤ لە سەرگەردانییەکی هەتا هەتاییدایە. هیچ شتێک داڵدەی نادات. چاکە و پیاوەتی، ڕاستی و دروستی، خۆشەویستی و فیداکاری، تەنیا مەراق تەقاندنێکی کاتیە... "وریا دەیگوت: "... تۆبێ ئەوەی بیدرکێنێ، بەختەوەری مرۆڤ لە خۆ کوشتنێکی بەکۆمەڵدا دەبینی.

وریا دەیگوت: "خودا ڕوحمی بەدانیشتوانی گۆی زەوی کردوە کە دوگمەی تەقاندنەوەی بۆمبا ئەتۆمەکان لە ژێر پەنجەو ئەنگوستی تۆ دانییە، ئەگینا، تە...ق..."

ئاخ! ئەم تەقەتەقە بۆ دوایی نایەت؟ ئەم کابرا نگریسە بۆ واز ناهێنێ؟ چی لە مێشک و بیری من دەوێ؟ بۆ منی لێ بۆتە حەکیم و داوای ڕێگەی ژیانم لێ دەکا؟ نایکەمەوە. تێ بگە. بەهیچ کلۆنجێک نایکەمەوە... بەڵام لەوە دەترسم، لەخۆڕا بەسەرمدا بێ و هەستم دەرکەی لێ وەکەم. ئەوسا... ئاخ، ئەوسا دیسان بەرۆکم بگرێ و بەسەرمدا بنەڕێنێ. بنەڕێنێ و بڵێ: "دەی... دەی... ئێستا دەبێ من چی بکەم؟" چی بکەم، بەگۆڕی بابتەوە چی دەکەی. بەڵام نا، دەرکەی لێ ناکەمەوە. ئەگینا پێملم دەکا، کە ئەنجامی ڕۆمانەکەمی بۆ وەگێڕم ئەوسا ئەویش.. ئاخ، ئەویش، بڕوات، وەک پاڵەوانی ڕۆمانەکە بکات.. خوێنی ئەویشم بێتە مل. بۆ خۆم دەردم کەمە ئەمەش سەرباری.. بڵێ بۆ ناڕوات بۆ لای چیرۆک نووسێکی دیکە؟ چیت لە من داوە؟ بۆ ناچی ڕێگەی ژیان لە یەکێکی دیکە بپرسی؟ یا بۆ ڕاناوەستی تا ڕۆمانەکە لە ژێر چاپ بێتە دەرێ؟ ئەوسا بیخوێنێتەوە و بۆ خۆی پەی

بەهەموو شتێک بەرێ؟ بەڵام، جا چ جیاوازییەکی هەیە؟ ئەوساش هەر خوێنی دێتە ملی من. ئاخ! چ ئەنجامێکی سەیرە!

کابرا زمانی لە گۆ نەدەکەوت. پەستا پەستا دەیگوت: "بە سەرهاتی ژیانی خۆمت بۆ دەگێڕمەوە. تۆ چیرۆک نووسی حەز بەو زانیارییانە دەکەیت. منیش دەردەدارم. حەزم لەگوتنە. بەگوتن سوکناییم دێ. "دەیگوت: "تۆ وەک خاوەنی کارخانەیەکی شەکری. لە چەوەندەر، شەکر دەگری. منیش چەوەندەری بەلاشت دەدەمێ. شیرینەکەی وەرگرە و پڵتەکەیم بەسەردا بدەرەوە."

دەمزانی مەبەستی چییە. دەیویست پێملم بکا کە گوێی بۆ شل کەم. بۆ بەسەرهاتی، بۆ چۆنیەتی ژیانی، چار نەما. مامڵەیەکی ئاقڵانەبوو.. گوتم: "فەرموو". ئەوسا ئەویش چاوی قووچاندو، دەمی کردەوە. گوتی، و گوتی، لەپێشدا لام سەیر و سەمەرە بوو، دوایی هەستم کرد کە پشووم سوار بوە. دیار بوو ڕەنگم وردە وردە دەگۆڕا. چاوم زەق دەبوو و دەردەپەڕی.. بەنیگای ئەودا ئەمانەم دەزانی. سستی و هیلاکییەکی سەیر لەشمی داگرت. هەوەڵ لە دەستەکانمەوە. دەستم لە گۆ دەچوون. پەنجەم بۆ بەرز نەدەبۆوە. پاشان هەموو لەشم. هەر دوو ئەژنۆم شەپلەیان لێ درابوو. وەک لق و پۆپی شۆڕەبی دەلەرزین. سەرەتای ژیانی وەک پاڵەوانی ڕۆمانەکەم دەچوو؛ کوتومت. ئەوسا بیرم کەوتەوە کە ڕوومەتی، چاو و برۆی، دەم و لێوی، سەروقژی، بۆ لەلام ئاشنا بوو. ئەرێ... هەموو شتێکی لە پاڵەوانی ڕۆمانەکەم دەچوو. نازانم چۆن بوو... کامە هێزێ کۆ بۆوە لە قووڵایی ناخمدا بوو کە دەرباز بوو. زمانم پژا: " ناوت چییە؟ "بۆ ماوەیەک ڕاما. تاس بردییەوە. باقڵ سەرسام بوو، غایەتی سەر خۆی نەهێنا.. بەبزەیەکی تاڵەوە هەر وەک پاڵەوانی ڕۆمانەکە.. وەک ئەو پاڵەوانەی دەسکردی خۆم... نا... نا... دەسکرد وشەیەکی جوان نییە. وەک پاڵەوانە مێشک کردەکەم گوتی: "ناوم جەلالە". نەدەبوو وابێ. ئەوە ئیتر ئەشکەنجە بوو. ئەشکەنجەیەکی زاڵمانە. کارێکی نامرۆڤانە. هەراسانی کرد. هەر ئەو هێزە نهێنییەی نێو ناخم دیسان یارمەتی دام. زریکاندم " تۆ درۆ دەکەی. درۆ. تۆ پیاوێکی درۆزن و کەڵەکچیت"

دیسانەوە سەر خۆی نەهێنا. بەڵام نەیتوانی لە منی وە شارێ. کەمێک بەخۆیدا شکایەوە. شەرمەزارییەک، هەستێکی خۆ بەکەم زانین، وەک هەڵم بەری چاوی گرت. ئەو دۆخەش ئاشنا بوو. گوتی: "درۆ پەتایەکەو هەموو خەڵکی گرتۆتەوە."

قسەی خۆم بوو. جوان لە بیرمە لە کوێ گوتبووم. ئەوسا من کپ بووم. کپ و مات.



ئەویش درێژەی بەبەسەرهاتەکەی دا. هەنگاو بەهەنگاو پێی دەنایە شوێن پێی پاڵەوانی ڕۆمانەکەم. ئەو ڕۆمانەی کە حاسڵی ٨ ساڵ شەونخوونیم بوو. ٨ ساڵ چاو بە کاغەزدا داپچڕین. ٨ ساڵ دوورە پەرێزی لە هاوڕێکانم. لە خەڵکی، لە شارەکە، لە ژیانی ئاسایی، ٨ ساڵ خەندە بەدەم پێکەنینی پاڵەوانەکانەوە. گریان لەتەکیاندا، ئاخ هەڵکێشان و پێش خواردنەوە بۆ ئازارەکانیان، ٨ ساڵ بە چۆکدا هاتن بۆ لاپەڕە سپییەکان لە ژوورێکی بچووکدا، خۆم و مەیدانی زۆرانبازی پاڵەوانەکان لەتەک ژیانێکی پڕ کێشەو چەرمەسەری. دەیگوت، ئەوی دەیگوت نەی دەگوتەوە. شەویلکەی گەرم بووبوو. هیچ ئاگاداری سست بوونی من نەبوو. ئاگاداری کڕوماتیم، ترس و بێ باوەڕیم، بەخۆدا شکانەوەم، هەست بەتاوانباری کردنم، کڵوکۆی دەروونی پڕ لە نەفرەت لە خۆم. بێ هیلاک بوون بەڕچەی بەسەرهاتی ڕۆمانەکەمدا دەڕۆیی. بەقەدپاڵ و بەرزایی شاخەکانیدا هەڵدەگەڕا. لە هەڵدێرەکانی هەڵدەسڵەمییەوە.. بەو پەڕی بێ دەستەڵاتی و دەستەوەستانی لەبەر پێی خۆی ڕادەما. ترس، گومان، هەست بەهیچ و پووچ کردن، هەست بەدیلی و کۆیلەیی لەهەندا ڕوو- داوەکان و کارەساتەکانیدا دەڕۆیشت؛ دەیپێوا... تا ئەوەی کە بەپێچەوانەی چاوەڕوانی کردنی من ڕاوەستا لە گوتن کەوت. لە کوێ؟ لە ناوەندی بازنەیەکدا، لە حەواوە، لەنێوان زەوی و ئاسماندا. چاوی تێ بڕیم؛ دیار بوو هیچ بەدەربەستی بارودۆخی ڕۆحی منەوە نەبوو. دەستی نیگای، دەستی تکا کارانەی نیگای، لە دەلاقەی چاویەوە هاتنە دەر. بەرەو ڕووی من بوونەوە. خۆم لێ نەبان کردن. وەک دەستی تکای ئافرەتێکی بەزیو دەچوون. ئەو کاتەی کە بەرەو لای مامان دەکشێن. ئەو کاتەی دەمی خاوەنی ئەو دەستانە، دەزریکێنێ پرسیارێکی زەقت بەگژدا دەکات: " کەی لێ دەبمەوە.؟ کەی ئەم ئازارە دوایی دێ؟ کەی؟ کەی؟"لە ئاخری بەشی نوزدەهەمی ڕۆمانەکەدا بوو. هێشتا دەرکەی بەشی بیستەمی نەخستبووە سەر پشت. گوتم: "دەی؟"

دەمویست بەو پرسیارە پاڵ پێوەنەرە، بەرەو دواهەم ژووری ڕۆمانەکەی بنێرم. گوتی: "ئیتر تەواو. ئەمە بەسەرهات و ژیانی من بوو تا ئێستا. لەمەو دواش نازانم چ بکەم. نازانم پێ بنێمە چ قۆناغێکەوە"

ئەو قسانەی دوایی وەخۆی هێنامەوە بەر دوچکەی درۆ، توانج و بەدرۆ کردنەوەم لە داروقایشی دەروونەوە بەرەو ڕووی ئەو هاویشت. گوتم: "تۆ درۆزنی..."وەک کەمێک لەمەوپێش. گوتی: "بۆ؟" گوتم: "ئەوەی تۆ گێڕاتەوە، بەسەرهاتی پاڵەوانی چیرۆکەکەی من بوو. تا سەرەتای بەشی بیستەم."

دوای ماوەیەک واق ورمان، تێ فکرین، شیکردنەوەی گوتەی من، بەگەشکە دارییەوە پرسی: "پاڵەوانی ڕۆمانەکەی تۆ؟" گوتم: "ئەرێ" وەک شێت لێم ڕاسا. ترسا، زۆر زیاتر لە ساتێک لەمەوبەر. ترسێکی ئان و ساتی بێ سنوور. منیش هەستام. بەهەردوو دەستە لاوازەکەی بەرۆکی گرتم. ڕایتەکاندم. بەدەم ڕاتەکاندنەوە پەستا پەستا دەیگوت: "دەی بەشی بیستەمی ڕۆمانەکە چییە ئەنجامی پاڵەوانەکەی تۆ کامەیە؟" دەمدی کە کەف هەڵدەچڕێنێ. چاو دەردەپەڕێنێ. لەسەر پێ وشک بووم.. توانای بیر کردنەوەو، وەڵامدانەوەم نەبوو. ئەو حاڵەتە زۆری نەخایاند. بەرۆکی بەردام. لەسەر کورسییەکە دانیشتەوە. منیش دانیشتمەوە. سەری داخستبوو. حەزم دەکرد سەری بەرز بکەمەوە. سەیری ڕوخساری بکەم.

سەیری جووتێ چاوی دەرتۆقیوو دەمێکی کەف گرتوو. شان و ملی بەدەم هەنیسکەوە دەلەرینەوە. وەک لەرینەوەی گوڵێکی سیس بەدەم شنەباوە. وەک لەرینەوەی لەشی شۆخێک بەدەم ختوکەی ئیشتیای هاو باوەشییەوە.. خۆم بۆ ڕانەگیرا. ویستم تاو بدەمە شانی و بەرزی بکەمەوە. بەڵام دڵڕەقی و بێ بەزەیی لەناخمدا سەری هەڵدا.

هەستێکی بێگانە بوو. لە بیرم نەدەهات لە کەنگێوە خۆی بەژووری دەروونمدا کردووە و بۆ ئەم ڕۆژە خۆی مەڵاس داوە، نا.. نا.. ناسیمەوە، جارێکی دیکەش هەر ئەم هەستە لە دەروونمدا سەری هەڵدا بوو. کەی؟... ئەرێ... کاتی نووسینی بەشی بیستەمی ڕۆمانەکە. دیسانەوە سەیرم کردەوە. ئەمجارە بەنەفرەتەوە.. نەفرەتێکی تێکەڵ بەبەزەیی، وەک نەفرەتی تێڕوانینی دایک، یان باوکێک لە منداڵێکی ناکامڵ، منداڵێکی سەقەت.. گێج، ئیفلیج، چوار سەر، هەشت پێ. پشتم تێ هەڵکرد. ویستم بڕۆم. دەنگی تێکەڵ بەگریانی ڕایوەستاندم. "بۆ کوێ؟. پێم بڵێ پاڵەوانی ڕۆمانەکەت لە بەشی بیستەمدا چی کرد. پێم بڵێ با منیش وا بکەم."زانیم، هەربەو گوتنەوە بەو داواکاریەوە، ناوەستێتەوە.

زانیم هەڵدەکوتێتە سەرم و ڕێگەی دەرچوونم لێ دەگرێ. وەک دزێک کە هەست بەمەترسی بکات، هەیپێم لێ کرد، هەڵهاتم. پلیکانەکانی ئۆتێلەکەم چوار بەهەنگاوێک بڕی. یەکەو ڕاست خۆم بەژوورەکەدا کردو دەرکەم گاڵە دا. ئەرێ، نایکەمەوە بۆ دەبێ بیکەمەوە؟

با تا بەیانی هەر تەقە لێ بدات. با نەهێڵێ چاوی ماندووم لێک نێم.. بەڵام، ئەی بۆ هاتووم بۆ ئێرە؟ بۆ لەسەر قەرەوێڵەکەم هەستاوم و گوێم بەم دەرکەوە ناوە؟ ئەوە کێیە دەستم دەگرێ؟ کێیە دەرکەم پێ دەکاتەوە؟ نا...نا...



– ئاوا دێمە ژوور. ئێستا پێم بڵێ بزانم، پاڵەوانی ڕۆمانەکەت چی بەسەرهات؟"

– بەتۆ چی. تۆ حەقت بەسەر ئەوەوە چییە؟

– چۆن بەمن چی؟ مەگەر تا سنووری ئەنجام وەک یەک نەژیاوین؟ کەواتە دەبێ بەئەنجامێکیش بگەین. پێم بڵێ، بۆ لە ئەنجامی دەسکردەکەت – ئای ببورە – مێشک کردەکەت دەترسی؟ بۆ لە ئەنجامی خوڵقاندنەکەت دەترسی؟ مەگەر نەتگوت چیرۆک ڕێگە پیشان دەرە؟ دەی کەواتە پێم بڵێ... پێم بڵێ.

– بۆ وازم لێ ناهێنی؟ من ئامادەم پشت لە ٨ ساڵ نووسینەکەم بکەم. ئەنجامی ژیانی پاڵەوانەکەم سوودێکی بۆ تۆ نییە. ئەو ڕێگەی من خستوومەتە بەر پێی ڕێگەیەکی ڕەوا نییە. وازم لێ بێنە. بڕۆ لاسایی پاڵەوانی چیرۆکی دیکە بکەرەوە...بڕۆ..."

– پێم بڵێ. کەرتی بیستەمی چییە؟ پێم بڵێ پاڵەوانی چیرۆکەکەی تۆ چی کرد؟

– "خۆی کوشت.

+ " چۆن؟ "

– خۆی هەڵواسی... لە ژوورێکی ئاوا تەنگ و تاریکدا.. ئای... بۆ پێم گوتی؟ بەتۆ چی.

– کەواتە هەموو شتێکم لێ ئاشکرا بوو. منیش خۆم دەکوژم. خۆم هەڵدەواسم. هەر لەم ژوورەدا کۆتایی بەدواهەم بەشی چیرۆکی ژیانم دەهێنم.

– نا... وا مەکە...

– هەشت ساڵ نووسین بە وشەیەک پاک ناکرێتەوە...

– ئەگەر تۆ وابکەیت منیش خۆم دەکوژم...

***

بۆ بەیانی. بەیانییەکی درەنگ. دوا بڵاوبوونەوەی هەتاو بەسەر هەموو شاردا، کارگوزارەکانی هوتێل کە دەرکەی ژوورەکەیان شکاند، نووسەریان دی کە بەپشتێنەکەی خۆی هەڵواسیبوو.

بەولاوەتر، بەقەدی دیوارەکەوە، سێبەرەکەی ئارام دەجووڵایەوە..

ساڵی ١٣٦٩

# زریکەیەک لە قوڕگی شەودا

تەنیا بۆ خۆی دەیزانی کە ئەو چڵە دارو تەوراسەی بۆ بەدەستەوە گرتووە. خۆر نومایەکی شەکەت بوو. بەکاوەخۆ بەقەدپاڵی ئاسماندا دادەگەڕا. لە پەڵە هەورەکان سەرسمی دەدا. بێ ئەوەی سەرنگڵ بدات، ملی دەکێشاو بەسیلەی چاو لە سەر بانیژەکەو هەموو ئاوایی و بەرایی دەشتەکەی بەرماڵان و گشت ڕیزەشاخەکەی دەڕوانی. تەنیا، دەنگی حیلەی دڵنیایی و شاد بوونەوەی بەژووره پڕ نهێنییەکەی ئەو دیوی شاخەکان نەدەهاتە گوێی. گوڵچین لەسەر بانیژە چوار میلکەی دابوو. دەستە کارامەییەیان لە پاش دارتاشێک خواستووە. تەوراسی لەچڵە دارە باریکەلەکە دەسوو. کێ نەیدەگوت، سنگە چێونییە ساز دەکات؟ ڕەنگە بۆ ئەوەی بەدیوارە کاگڵییەکەی ژوورێدا دای کوتێ و بوخچە تایبەتیەکەی خۆی پێدا هەڵواسێ.

کێ چووزانێ...؟ ئەم لێرەو لە سەر بانیژەی تاکە ماڵێکی تەریک و ئاوایی لەو بەری شیوەکە. ئاوایی ئەوەندە گەورە نەبوو خانووەکان هێندە زۆر نەبوون کە نیگای لە ئان و ساتێکدا، بانەو بان و دەرگاو دەرک و ژوورا و ژوورێکی بەدڵی تێدا نەکات. ئاخر نیگای گوڵچین، نیگای گوڵچینە.. ڕاسپاردەی ئەو جووتە چاوە ڕەشانەیە کە وەک خەڵک دەیلێن: "مەلایکەتان بۆیان ڕشتووە" کوا لە ژوورەکانی ئاوایی هەست بەنامۆیی دەکات و بەند نابێ؟ ژوورەکانیش هەر ئەوانەی ٢٠-١٥ ساڵ لەمەو بەرن. کێهەیان قاقا و حیلکەی گوڵچینی تازە بووکیان نەقۆستۆتەوە؟ خەڵکیش هەر خەڵکی جارانن.

با ڕیشیش سپی بووبێ و سەریش بە وسمە خورمایی هەڵگەڕابێ، کێ بێ لە سەر بانیژەو دەلاقە پەنجەرەوە، چاوی بەتازە بووکێکی دابەزیو کە لە پەریۆکەی حاسمانان- نەدەمایەوە، نەکەوتبێ؟ لە دۆستایەتی یان ئێرەیی پێبردن، بۆ فەتاحی سۆفی ڕەشیدی دانەگرتبێ:

– سەگبابە لە هەموو پیاوی ئاوایی سەرە. قورمساغ ئەمەی لە کوێ بینیوەتەوە؟ پەنجەرە شینەکەی ژوور مزگەوت بووە داو و نیگای گوڵچینی ڕاپێچ کرد. بەبووکی بۆ ئەوێیان برد.



– هەتا هەتایە کابانی ئەم خانووە نابی گوڵچین.

شەرتە لەو بەر شیوەکە. خانوویەکت بۆ بکەم، لە قەسری شا نەمێنێتەوە.

کە خانووەکەی کرد، چش لە قەسری شا، لە ژوورە کۆنەکەی خۆشی تێ نەپەڕاندبوو.

– بەبێوەژنێکی جوان و جحێڵ ئەوەندە کراوە، قوڵت و نیوێکیشی زیادە.

– هەیەتی، فەتاحی جوانەمەرگ بەقەدەر جوویەکی بۆ بەجێ هێشتووە.

– مامە گیان، بێوەژن پاشنەی پێڵاویشی زێڕ بێ، بەهیچ ناچێ.

بە ڕقەوە سەیری چڵە دارەکەی کرد. تەزووی ئازارێک لەناخی گەڕا. زامێکی کۆنی کولایەوە. کینە وەک بێوڵە ورچێک لە دەروونی زا. زل بوو. لە ئان و ساتدا ئامبازی خۆی بوو. کەڵبەی لە گیانی گیر کرد و کەوتە کرۆشتنی.

– کوا ژنێکی وەک گوڵچین، بەکەشم و نەشم، بەحیلکە و پێکەنین، دڵتەڕو جوان، بێ مێرد ئیدارە دەکات؟ ئەوە خانووی ساز کردووە، هەر دوو ڕۆژی دیکە باوکیش بۆ هێرۆ و هیوا پەیدا دەکات. بڵێی ئەو باوکە بەختەوەرە کێ بێ؟..."

گوڵچین نیگای لە ئاوایی دزییەوە. چاوی لە دەشتەکەی بەر ماڵان بڕی. لە سەر کانی گوڵەزەرد، لەم دیو کیویلەکانەوە، کەسی نەدی. ڕقەکەی بوو بە سەرسامی، دڵەڕاوکە. بۆ دەبێ ئەم عەسرە وەک هەموو ڕۆژان نەبێ؟!

عەسرانی پێشوو، ئەم کاتانە، فەتاح لەسەر کانیەکە بوو. تا ئەو دەستنوێژی دەگرت و لە سەر بەردەنوێژەکە چوار ڕکات نوێژی دەخوێند، ئەم خۆی پێ دەگەیاند.

– ماندوو نەبی فەتاح.

– بەخێر بێی گوڵچین، هەواڵ و باسی ئاوایی؟.

– کەس و کارت تەنگەیان پێ هەڵچنیوم، فەتاح، هەر ڕۆژەی، قسەیەک، بوختانێک، بیانوویەک و پیلە پێگرتنێک. دەیانەوێت لە هیوا و هێرۆم بکەن، واز ناهێنن.

– هیواو هێرۆ چۆنن؟

– چاکن. ئەگەر لێمان گەڕێن، چاکین. هێرۆ، وردە وردە هەڵدەکشێ و بەخۆیدا دێ، بەڵام هیوا دەپووکێتەوە.

– پێیان ڕابگە... یادگاری منن.

– هەموو ژیانمیان بۆ تەرخان دەکەم. پرچی سپییان بەدیارەوە دەهۆنمەوە. بەکەس و کارو هەموو خەڵک دەسەلمێنم کە بێ فەتاحییان پێدا دیاری نادات. بێ فەتاح نین..."

– ڕوو سوور بی گوڵچین... ڕوو سوور بی.

هاتنەوەی هیوا خۆشحاڵی نەکرد، تەنانەت بەقەدەر گەڕانەوەی مەڕو بزنەکانیش. سەیری کرد، یەک دوو ئەمری دەرکرد. تەنانەت درێغی لە دژوێنیش نەکرد. ئەوسا هەڵی کوتایە سەر کارەکەی.. چڵە دارەکە بەدەم تەوراسەکەوە خلیفی دەدا. باریک دەبۆوە. نووکەکەی تیژ دەبوو. لەچاوی هەڵدەچەقی. لە ڕۆحی ڕۆ دەچوو برینەکەی ناخی هەڵدەکۆڵی. کێماوی لێ دەردێنا. نەفرەت دەبووە حۆقێ تف و لە ژوور بانیژەکەوە بەرەو خوار فڕێ دەدرا. لە نێزیک هیواوە دەکەوتە زەوی. هیوا سەری هەڵدەبڕییەوە. چاوەکانی وەک دوو پشیلەی ترسنۆک بوون. خۆشی وەک پشیلەیەکی پیس لاواز.. بێ ڕۆح و ڕەنگ پەڕیو.

– ئەم هەتیوە لە کێ دەچێ؟

نەیدەزانی چەندی خۆش دەوێ و چەندەی لێ بێزارە. لە دەمێکەوە ئەو هەستەی بۆ یەکالا نەدەبۆوە.

لەوکاتەوە، کە ژنی بۆ هێنا بوو هەمیشە حەزی دەکرد کە بزانێ کەی خۆشی دەوێ و کەی لێی بێزارە؟

بۆ خۆشی دەوێ و بۆ لێی بێزارە؟ نا ئەمەی دەزانی. خۆشی دەویست چونکە کوڕی بوو. کوتێک لە جەرگی بو. یادگاری فەتاح بوو؛ بەڵام لێی بێزار بوو، چونکە ئەوە نەبوو کە سەری بەرز بکاتەوە. ببێتە گورگێک و ئامبازی خەڵکی نەیار ببێ، یان لانی کەم دەمەوانەیەک بێت و زاری خەڵکی بۆ ببەستێ.

بێدەنگی لەمەو پێشی ئاوایی قڵپ بوبۆوە. زەنا زەنای خەڵکی، هات و هاوار، وەحەو ئێخە، گەڕانەوەی گاڕان، مەڕو بزن، بەرغەل، گا بۆڕ، بارەبارِو قارە قارِ ئەم ئێوارەیە هەمووی دەبیست. هاتوچۆی خەڵکی، دەست لە کەلەکە نانی کوڕو کاڵ بەسەر بانەکانەوە، سەرە دزەی چەتیو مەتیو لە دەلاقە پەنجەرەکانەوە،

خستنەسەر پشتی دەرکەی ئاغەڵ و کۆزەکاران.. هەمووی دەدی. " بێ فەتاحییە" چاوی بۆ ئاسمان هەڵبڕی. جوانوو مایین، ئارام لەو دەشتە شینەدا دەلەوەڕی. شینایی ئاسمانی کاوێژ دەکرد. نیگای شۆڕ بۆوە. تا سەر کانییەکە. بەردە نوێژەکە چۆڵ بوو. کوا جووتێ دەست، کە بەرەو ئاسامان بەرز بووبێتەوە؟

– نوێژەکەت دەچێ فەتاح. مردوو مراو، چۆن بەم ڕۆژە پشتم تێ هەڵدەکەی؟ چۆن بەدەنگمەوە نایەیت؟



– هیواو هێرۆ توند لە باوەش گرەو حەقت بەسەر قسەی خەڵکییەوە نەبێ.

– دەڵێی لەوە زیاتر چییان لێ بکەم؟ هێرۆ خانمێکە، جوانیەکەی سەیرە.

– بە شووی بدە گوڵچین.. بە شووی بدە.

گوڵچین هەڵسلەمیبۆوە. داچڵەکا بوو. وەها کە بوومەلەرزە گیانی هێنابێتە ڕاتەکان. گرکان لەدەروونیدا تەقیبێتەوە. ترس چاوی پێ لێک ناوە، لە ژوورێکی دیکەدا هەڵی هێنایەوە. (باوکی پێی دەگوت:" کچم ئیمرِۆ یا سبەی دەبێ شوو بکەیت. ئەمە هەر تەنیا بۆ تۆ نییە، بۆ هەر کچێکە. " ئەوەندە منداڵ نەبوو، کە نەزانی شوو چییە.

بەڵام پێی سەیر بوو. لەماڵە باوکی ببێتە غەریبە و نان و چێشت بۆ کابرایەکی غەریبە ساز بکات. جگە لە ئەوەش لە ژوورێکدا، لە تەکیا شەو بەرێتە سەر... چۆن شتی وا دەبێ؟

تا ئەوکاتە. لەشی لە هەناسەی پاش دیوە چۆڵەکەی خۆشیان شاردبۆوە. قژی بەرشانەی شنەش نەدا بوو.

زەوییەکی شاردراوەبوو؛ زەوییەکی گوم. ئێستا پیاوێک بێ و داگیری بکات؟ لە گەرمەی قسەکانی باوکیدا دەستێکی نهێنی بەسەر لەشیدا خزی. تەزوویەکی گەرم لە گیانی گەڕا، ڕەنگی پێستی سوور هەڵگەڕا. سوور وەک کوڵمی. هەناسەیەکی ئاگرین بەشان و ملیدا تێ پەڕی. چۆن شتی وا دەبێ؟ ببووە دەریایەک و شەپۆلانی دەدا. خۆی لە ڕۆخی ئاواتە گومەکان، نێزیک دەکردەوە، پێی خۆش بوو.. بەڵام" چۆن شتی وا دەبێ؟

– نا، چۆن شتی وا دەبێ؟

– بۆ نابێ گوڵچین؟ ئەی بۆ بۆ تۆ بوو؟ تۆ بۆ شووت کرد؟

ئەگەر چی لە شووەکەت نەحەسایتەوە. ئەگەرچی خێرو خۆشیت لە خۆت نەدی، بەڵام ئینشالا بەختی دایکی جیازی کچی نابێ، هێرۆ بەبەختی چاک دەبێ.

– ئاخر دڵم نایەت. کێ دڵی دێ، بەهەزار کلۆڵی کچ پێ بگەیەنێ و ئەوسا بیکاتە دیاری و بۆ ماڵە بێگانەیەکی ڕەوانە بکات؟ گرانە فەتاح.

– یاسایە، گوڵچین یاسا. ئەوە هەر بۆ هێرۆی تۆ نییە. بۆ هەموو کچێکە. لەوەتی دنیا دنیایە وابووەو وادەبێ.

– ئەی هاتو خۆی...

– واز بێنە گـولچین. کـچی دەمـەوبەخت وەک پووشی وشک وایە. پزیسکی پێ هەڵپەڕێ، گڕ دەگرێ. تۆش دوژمن خێوی. کەم نین ئەو کەسانەی کە لە قەڵێک دەگەڕێن لێت هەڵفڕێ...

– ئەی هیوا؟

– ژنی بۆ بخوازە. ژنێک جێگەی هێرۆت بۆ پڕ بکاتەوە.

نازێ لە حەساری بوو. کە تێکەڵ مەڕەکان دەبوو، وەک ئەوان گێژو وڕ دەهاتە پێش چاو. کە شاخی بزنەکانی دەگرت و لەیەک هەڵی داواردن، بزنێکی زیتەڵەی وت و وریا بوو. جاروبار سەری بەرز دەکردەوە. بەگوێ بانەکەدا هەڵدەزنا. نیگای لە نیگای گوڵچینی خەسووی هەڵەنگوت. دڕکی بێزاری، ناو کونە لووت و مەڵاشووی دەڕنی. ترس لە چاویدا پەنگی دەخواردەوە. لە پاساوی بەردەبارانی چاوی خەسوویدا، پێچ و خولێکی منداڵانەی بەلەش و لاری دەدا، بەپشتە دەست لە لمۆزی مەڕو بزنەکانی ڕادەکێشا.

لە وەڵامی پرسیاری هیوای نووزندا، لچی بێزاری هەڵدەقرچاند پشتی تێ هەڵدەکردو گوێی نەدەدایە. ئەم کردەوە دوو هۆی هەبوو. یەکەمیان خواستی دڵی بوو، قێزی لە هیوا دەشێواوە. دووهەمیان وەڵامی بەردەبارانەکە بوو. ئاگری لە گیانی گوڵچین بەردەدا.

– هیوا ئاوزای ژن هێنانی نییە، فەتاح، دوور لە گیانی مارە تۆپاوێکە، کێ کچی دەداتێ؟

– گوڵچین، ژن بەژنی بۆ بکە.

***

– بەماڵ بمدەنێ.. هێرۆم بەماڵ بدەنێ، ئەوەندە دەدەم، چوار ژنی بۆ هیوا پێ بێت.

مام ڕەحیم کە بۆ خوازبێنی هێرۆ بۆ شەماڵی کوڕی هاتبوو، ئەمەی گوتبوو، بەڵام گوڵچین یەک قسە بوو.

ئەمە نە لە خەڵکی ئاوایی خۆیان و نە لە مام ڕەحیم کە خەڵکی گوندێکی دراوسێ بوو، شاردراوە نەبوو، ژنەکەی مام ڕەحیم بەمێردەکەی گوتبوو: "ئاخر کابرا، نازێ بدەم بە کێ؟ خۆ بەناشوکری نەبێ پیاوی لێ نییە."

مام ڕەحیم گوتبوی: " چار نییە، شەماڵ هەردوو پێی خستۆتە کەوشێک و دەڵێ هێرۆی گوڵچین نەبێ نامەوێ."

ژنە گوتبوی: " نازێ کوا بەو مارە تۆپاوە ڕازی دەبێ؟"



مام ڕەحیم گوتبووی : "دەبێ ڕازی بکەین."

نازێ کەوتبووە قژ ڕنینەوەی خۆی. شووخاڵی لە ڕوومەتی گرتبوو. جێگەی هەشت پەنجەی بەم بەراو بەرەوە داماڵیبوو هەڕەشەی کردبوو کە خۆی دەرمان خواردوو دەکات.

لە شاخی خۆی بەر دەداتەوە. خۆی دەم ئاوی چۆمی دەدات، گوڵچین بەمانەی نەزانیبوو. چ کاری بەوە دابوو؟

گرینگ لای ئەو، ئەوەبوو کە ژن بۆ هیوا بهێنێ. نازەش کەم بووکێک نابێ. لە جوانیدا زۆر لەهێرۆ لەدوانییە. کەواتە زوڵمی لێ ناچێ. خەڵکیش ناتوانن هیچ بڵێن.

کەسوکاری فەتاحیش کوێراییيان بەچاودا دێ.

نازێ نەیدەزانی ئەم ئێوارە خەسووی بۆ لەو قوونە بانە چەقیوە؟ بۆ وەک منداڵۆچکە دار و هەلووک سازدەکات؟

گوڵچین پێی سەیربوو، ئەم ئێوارە، بۆ فەتاح ئامادەی ژوان نییە؟ نەکات لە نەخشەکەی بۆ ئیمشەو دڵ خۆش نەبێ؟

هیوا ئەم ئێوارە، زیاتر لە هەمیشە بەتاسەی چوار قسەو دوو پێکەنینی نازێوە بوو.

– کچەکەت سەر جێی کوڕەکەم ناکات، مام ڕەحیم.

– بەنا شوکری نەبێ، کوڕی لێ نییە خات گوڵچین.

– ئەی چارە چیە؟

– یان هیوا نازێ تەڵاق بدات و چەندەی پێ خۆشە پێوەی ببەستێتەوە، یان...

– یان چی مام ڕەحیم؟

– ئەگەرچی هێرۆ و شەماڵ بەژیانی خۆیان خەنین. بەڵام ناچار تەڵاق بەتەڵاقێ دەکەین..

– بەڵام هێرۆی من ژنە و نازێی تۆ کچەو هێشتا بوخچەی نەکراوەیە.

جوانوو ماین بەشاخەکەدا دادەگەڕا. ئێستا تەنیا یاڵە هاوریشمییە زەردە چیویەکەی دیار بوو.

– چۆن شتی وا دەبێ، فەتاح؟ چۆن شتی وا دەبێ؟

– ئەی چار چییە؟

– خەڵک چیم پێ دەڵێن فەتاح؟ گوڵی من ژاکاوە، بەڵام گوڵی خەڵکی هێشتا خونچەیە... پارچە زەوییەکەی لە مەڕ من...

– ئاخ فەتاح! بەو حیسابە من دۆڕاوم، چەتیوەیەکی سرکی شێتۆکە ڕیسی ١٥ ساڵەی لێ کردوومەتە خوری، ئەمە لە مردن گەلێ گرانترە.

***

– من تەڵاق بەتەڵاق ناکەم... سەرم دەدەم بەڵام داینانەوێنم.

– دەزانم، بەڵام چارم نییە مام ڕەحیم. ١٥ساڵە دانم بەجەرگمدا گرتووە، باش نێچیری گشت تیرێکی توانج و تەشەرو سەرکۆنە بووم. لە هەمووی گرانتر، دەستم ناوەتە بینی تاسەو ئاواتەکانم و قایم... قایم گوشیومەو خنکاندوومە.

– ئێستا دەڵێی چی؟

– دەڵێم دەبێ وەک یەک دەرچین.

– ئەگەر پیاویشی لێ نەبێ؟

– ئەگەر پیاویشی لێ نەبێ.

پێڵووی چاوی دنیا بەئارامی یەک هاتنەوە. شەو وەک ڕازێکی تاریک ئەو ناوەشی لە باوەش گرت. تەنیا دەنووکی چرا فتیلەکانی ئاوایی بوو کە پێستی ئەو ڕازەیان کون دەکرد. لە تەکیاندا کوانووی دەروونی کۆنە بووکەکەی فەتاح بوو کە بڵێسەی دەسەند.

بڵێسەیەکی برسی وەک گورگێکی برسی، بەسەر دوندی شاخێکەوە. خولیای هەڵمەت بردن و خواردنی بوو. گورگ دەیەوێ بژی، تێر بژی. کوا لە حاڵ و ڕۆژی نێچیری دەپرسی؟ گوڵچین هەڵی کردە ژوورەک. پێشتر ئەمری بەهیوا کردبوو، هەر کە شێوی کرد، بڕوا لەسەر تەندوور سەری نامرادی بنێتە سەر سەرینی خەونەکانی و بخەوێ. مابوو، نازێ... شۆخە کچێکی شووش بەجووتێ چاوی زیت و سرکەوە. جووتێ کانی گومانی و دڕدۆنگی..." بنوو، جوانەکەم. بنوو. " نەیدەزانی، نازێ ئیمشەو بۆ ئەوەندە لە گوڵچینی نۆ بووک دەچێ؟!...

" بنوو، کچی خۆم. بنوو." ئیمشەو چەندە تاسەی هێرۆی دەکرد. هێرۆ... وڵاتێکی داگیرکراو. "بنوو، نازێ..." چۆن دەبێ وابێ؟ منداڵۆچکەیەک خانووی ١٥ ساڵەی برمێنی، هەر وابە سووک و ئاسانی لە لووتکەی ئارخەیانییەوە گلۆری کاتەوە. سبحەینێ خەڵک دەڵێن ئاخ، چش لە قسەی خەڵک. دەیزانی قسەی خەڵکی تەنیا بیانوویەکە.. ئەوەی گرینگە، خۆیەتی. دڵی خۆی، ئاواتی خۆی، مەراقەکانی خۆی؛ ئەوەی وا لەسەر بەردەنوێژی کانی گوڵەزەرد، بەگوێی فەتاحدا دەیچرپێنێ...



– فەتاح، نەمهێشت بدۆڕێم، هەتیوە بۆ وەڵامم نادەیتەوە نەمهێشت بدۆڕێم؟ لامەسەب.. بێ دین... بۆ دەنگت دەرنایە؟ بۆ چاو لە چاوم نابڕی؟

دەیزانی ئاسک خەوی سووکە. وەها هەر دوو دەستی بەکوڵەکەکەوە بەستەوە کە خەونەکانی نەڕووشێ.. هەر دوو پێشی بەلاشیپانی دەرکە و پەنجەرەکەوە بەستەوە، بەڵام، ناسکۆڵە چاوی هەڵهێنا، چۆن چاو هەڵناهێنێ؟

خەیاڵیش بەڕاگوزاری لە پشتێن بەرەژێری بدرایە، چاوی هەڵدەهێنا...گڵێنەکانی دەردەتۆقی. ماوەیەک سەرسام دەبوو. ترس، مستی بەقوڕگیدا دەکرد. هەزار ڕەنگی دەگۆڕی؛ هەر وەک ئێستا. ئەوسا نازێ زریکاندی، پڕ بەقوڕگی، پڕ بەدەروونی گوڵچین. پڕ بەژوورەکەو، هەموو بۆشایی ئەو شەوە تاریکە. گوڵچینیش بەدەم ترس و دڵەکوتەو دەنگدانەوەی زریکەکە. لە دۆڵی مەراقەکانیدا. هەستایە سەر پێ. پەنجەرەی کردەوە. چڵەدارەکەی وەک چەکی دوا تاوان لە مشتدا بوو.

– ئێستا وەک یەک دەرچووین، مام ڕەحیم.

شەو، ئەو ڕازە تاریکە، چڵە داری هەڵلووشی.

# نابێ شێرە پێ بزانێ

بەفر، کلۆوکلۆو، وەک پەڕ و پۆی وەریوی مەلە سپییەکان، بەسەر شاردا دەباری. سەربان و شەقامەکان کە بەفری کۆنیان چووبۆوە، لە پێشدا بەتینی خۆیان کلۆوەکانیان دەتاواندەوە. دەیان کردە ئاو و ڕوخساریان پێ دەشوشتەوە. دوا ماوەیەک، کلوەکان گران خۆیان بەدەستەوە دەدا، ماتڵ دەبوون، تا کلویەکی تر هەڵکوتێتە سەریان. ئەوسا زمانەیەک بەفری سپی، هەموو سەربان و شەقامی دادەپۆشی. شار بەرەو یەک ڕەنگی، بەرەو سپیایەکی تۆخ دەچوو. ڕێبواران هەستیان بەقورسایی بارشتەکە لەسەر شان و باڵیان دەکرد. چاویان لە بەر پێی خۆیان دەبڕی و بەگورجی لە بن گوێسپانەکانەوە ڕەت دەبوون. کەم کەس لەو حاڵەتەدا دڵی دەیهێنا ، لە حاست شووشە بەندی فەرش فرۆشییەک ڕاوەستێ و بەبێ خەیاڵیەوە نیگای بەگوڵی قاڵییەکاندا بگێڕێ. لە ژووری دووکانی فەرش فرۆشەکە، ژن و پیاوێک دەمێک بوو بەیەکەوە دەدوان. دەرەوەو بەفرو ڕێبوارانیان لە بیر کردبوو.

میرزا جەمالی فەرش فرۆش پاڵی بەکورسیەکەوە دابوو، سییەکانی بەدووکەڵی جگەرە سپاردبوو، نیگای بەجووتێ دەستی ئێسکنی دەمار هەڵەساوەوە، شەتڵ بووبوو. کێ دەیزانی خاوەنی ئەو جووتە دەستە، کە بەتینی چراکە سوور هەڵگەڕابوون، ژنێکی کزەڵۆکینەی لەڕو لاوازە، کە چاوی بەقووڵدا چووەو تەمێک شەرم، وەک چاویلکەیەکی نهێنی، ڕێگەی پەی بردن بەقووڵایی گلێنەکانی لەبینەر گرتووە. ژنێکی ٤٠ ساڵەی لەدەم و دووکەوتوو، کە چارشێوێکی بورەقنەی توونەی لە خۆی ئاڵاندووە. دەرکەی ژیانی ڕابووردوو، لە بیر چۆوەی لە میرزا جەمال خستۆتە سەر پشت و بەرەو ناوەندی گێژەنی گۆمێکی قووڵی بردووە. ئەسمەر لەو کاتەدا کە چاوی لە گوڵی قاڵیچەی سەر مێزەکەی میرزا جەمال بڕیبوو، بەدەنگێکی گڕەوە، کە دەتگوت لە پێچا و پلووچی گەرووی ئەشکەوتێکەوە دێتەدەر. دەیگوت:

– بزانێ بەئێرەم زانیوە و ڕووم لێ ناوی هیچی لە دەست نەیەت لە مەراقدا دەمرێ.

جەمال نیگای لەو دوو دەستە ئێسکنە کە دیاربوو لە بەر شەپۆلی خوێن لە دەمارە گرژەکانیەوە، پەنجەکانی دەلەرزین بۆ نەدەدزرایەوە.



ئەسمەر پێی وابوو پاڕانەوەی تا گوێی ئەو کابرا قەڵەوە – کە چاوی لە بەر تێری سوور هەڵگەڕابوو – زیادتر بڕی نەکردووە. بەخۆیدا دەشکایەوە. لە هاتنەکەی پەژیوان دەبۆوە. ئارەزووی هەستان و خۆ دەرباز کردن و باوەشی بارشتەکە لە ناخیدا چەکەرەی دەکرد. بەڵام هەرچی بیری دەکردەوە لەو ڕێگە کە تائێرە بڕیبووی، لە کرێی ماشینەکە، کە قەرزی کردبوو، لەو گشتە خەیاڵە خۆشە کە بەمێشکیدا تێپەڕیبوو، لەو حەزو ئارەزووەی پاشگەز دەبۆوە. کەل و کونی مێشکی، بۆ دۆزینەوەی قسەیەکی ترو بابەتێکی دڵتەزێنتر، لە ژیانی خۆی و شێرە و منداڵەکان، دەپشکنی.

– ئێستا خەمی مردنی خۆیم نییە. کێ نامرێ؟ خەمی ئەو چوار منداڵە سەلکەو پێچکەمە، کە چۆن بەخێویان بکەم؟

جەمال لە گێژەنی خەیاڵەکانی خۆیدا بوو: جاران زوو زوو سەری لە من دەدا. مادام ڕێگەی بکەوتبا بەئەم شارە، یەکەو ڕێ دەهات بۆ ئێرە. ئەو کاتەش جووتێ دەست، جووتێ دەستی ئێسکن، کە بەدەمار گرژییەوە، لە یەکتر دەسووان نیگامی دەدزی.

دوایی جووتێ چاو، کە هەمیشە توێیەک شەرمیان لە سەر نیشتبوو. دەمگوت، شێرە حەز ناکەم ئاوا بێیت بۆ لام. کە دەردەکەوت وای دەنواند کە گوایە لێرەوە ڕەت بووەو، نیگای لە خۆم، یا لە دووکانەکە هەڵەنگوتووە، بۆیە بۆ چاک و چۆنیەک، لای لێ کردوومەتەوە. بەڵام من دەمزانی وانییە، گاڵتەم پێی دەهات. بەڕوو خۆشییەوە بەرەو پیری دەچووم. بەخێر هاتنم دەکرد. بەدەست ئیشارەتم بۆ کورسییەکە دەکرد. ئەویش دادەنیشت و پاڵی لێ دەدایەوە. نا، هەر دوو پێی لە یەک جووت دەکرد. بەرە دەستی بەئەژنۆکانیەوە دەنووساند.

بیری ئەوانەی دەهێنامەوە، کە بەشان کزی بۆ داوای قەرز دەهاتن. دایمە لای وابوو، لە کاری کردووم داوای لێبووردنی لێ دەکردم. منیش زۆر دۆستانە بەشانیمدا دەکێشاو دەمگوت، شوورەییە، من و تۆ هەر هاوڕێکەی جارانین. چایەکم بۆ تێ دەکرد و جگەرەیەکم دەدایە.

ئەوسا یەکەم پرسیارم لێ دەکرد. کەی هاتووی شێرە؟

دەیگوت: "دوو ڕۆژە لێرەم" ڕوخساری بەدرۆی دەکردەوە. چاوی هاواری دەکرد کە ئێستا دابەزیوەو یەکەوڕێ بۆ لای من هاتووە."

ئەسمەر گوتی: " قەت نەمدەزانی چۆن و بۆ، دێ بۆ سەقز، کە دەگەڕایەوە، لێم دەپرسی: سەقز بۆ؟"

– بۆ لای جەمال.

– ئەی ئەو بۆ رۆژێک لە رۆژان هەڵناستێت بێت بۆ لای تۆ؟

– ئەو سەرقاڵە ئافرەت، رۆژێک لە کار ببێ بەقەدەر هەموو ئەم نێو ماڵە زەرەر دەکات.

– بۆ ئەم کاک جەماڵە چ کارەیە؟

– تاجری فەرشە.

ئەوسا ئەسمەر بەتیزەوە سەری لێ ڕادەوەشاند: کەنگرو قوماش نابن بەوێلداش.

شێرە هەناسەیەکی بۆ کرووزاوی لە ناخەوە هەڵدەکێشا. پاڵی بە بەستەکە نوێنەکەوە دەدایەوە، چاوی لە سووچێکی ژوورە بچووکەکە دەبڕی و بێدەنگ دەبوو.

بێدەنگی جەمال وەک دەستار ورەی ئەسمەری دەهاڕی. وەرزی تێکەڵ خوێنی دەبوو. دڵنیایی وەک ئەو کڵوە بەفرانە بەڕوخساری شیشەکانەوە دەتوایەوە. ئەوسا بەپلووسکی چاوەکانیدا دەهاتە خوارێ.

شێرە دەیگوت:" دەتوانم ڕوو لە دوژمن بنێم، بەڵام ناتوانم ڕوو لە دۆست بنێم."

ئەسمەر مەمکە چرچەڵەکەی سەر دەمی منداڵە کە دەناو دەیگوت:" خۆ ناڵێم برۆ سواڵیان لێ بکە. دەڵێم شتێکیان بەدەست قەرز لێ وەرگرە. خۆتی پێ عەمەلیات بکە و سبحەینێ کە بوویتەوە بەبنیادەمەکەی جاران، پەیدای بکەو بیاندەرەوە."

شێرە دەیگوت: "ئەی هات و نەیاندامێ؟"

ئەسمەر بەبێزارییەوە دەیگوت: "ئەی ئەم هاوڕێ، هاوڕێیەت لە چییە. ئەوسا لاسای دەکردەوە: جەمالی هاوڕێم، سوارەی هاوڕێم...

شێرە دەیگوت: "ئەسمەر، حەز بەمردن دەکەم، بەڵام حەز بەسووک و ترۆیی ناکەم."

ئەسمەر دەیگوت: "بەڵام من حەز بەهەموو شتێک دەکەم، جگە لەمردنی شێرە."

جەمال ئەو دەمە قڕەشی بەگیان قۆستەوە. هەستی بەوە کرد کە لە هۆڵی مەحکەمەدایە.

– شێرە کە دەهات دەیگوت: لێرەوە ڕابوردم، پێم حەیف بوو چاوم پێت نەکەوێ. منیش دوای بەخێرهاتن، لە ماڵ و خێزانیم دەپرسی.

هەستم بەوە دەکرد کە ئەو لێپرسینەی بەلاوە گرانە. حەزی بەوەڵامدانەوەی نەدەکرد. سەرزارەکی دەیگوت: سازن. ڕۆژێک کە نم نم باران دەباری و دڵۆپەکانی وەک ئاوڵە لە شیشەبەندی دووکانەکە نیشتبوون، لێم پرسی: شێرە بۆ ڕۆژێک پەلی ماڵ و منداڵت



ناگری و نایانهێنی بۆ ئێرە، بۆ ماڵی ئێمە. هەتیوە، تا چاو لێک دەنێی دنیا خولێکی داوە و ئێمەی بۆ نێو گۆڕ بەرداوەتەوە. پێم وابوو دەیەوێ بڵێ: تۆ دایمەزرێنە. تۆ ڕۆژێک بیانهێنە بۆ بانەو دیدەنییەکمان لێ بکە. زۆر ماتڵ بووم وابڵێ. دووپاتم کردەوە. ئەوسا ئەوەش چاوی لە فەرشەکان هەڵبڕی و وازی لە ژماردنی بەنهێنی قاڵییە لە سەر یەک ڕاخراوەکان هێنا. نیگامان لەیەک هەڵەنگوتن. چاوی داخستەوە بەشەرمەوە گوتی با بزانین چۆن دەبێ؟

ئەسمەر دەیگوت: کاک جەمال پێش ئەم نەخۆشییەش گەلێک جار دەمگوت: ئێمەش هەڵگرە و بمانبە، با دیدەنییەکیان لێ بکەین. مادام تۆ ئەوەندە خۆت بەڕابووردووەوە بەستۆتەوە بۆ دەبێ ئێستات درێژەی ڕابووردووت نەبێ؟" شێرە دەیگوت:"چەتیو ئەسمەر، تازە ئەو دەمانەمان بۆ ناژێتەوە، ڕۆیشت و ڕابورد."

من ئێستا دەڵێم:" هەتیوە هیچ شتێک نەگۆڕاوە، تۆ هەر شێرەی منیش جەماڵەکەی جاران. ئێمە هاوڕێین، هاوڕێی گیانی بەگیانی."

شێرە پێی دەگوت:" چەتیو ئەسمەر، ئەو میرزا جەمالی تاجرە. خاوەنی دووکانی فەرش، ماشین، ماڵی چەند قات. بەڵام من شێرەی هەژارم. شێرەی دۆڕاو. خاوەنی ژنێک و چوار منداڵ و دیوو، پاش دیوێکی کرێ و بەرەیەکی دڕاو."

من دەڵێم: " ئەوانە ڕواڵەتی ژیانن شێرە. تۆ شێرەی، منیش جەمال. بیست ساڵ دۆستایەتی پێکەوە دەمانبەستێتەوە."

شێرە دەیگوت:" ئەسمەر، ئەوە کاتی منداڵی بوو. ئەو کاتانە من شێرە بووم. ئێستا ڕێوی تەواویش نیم."

بەڵام ئەو کاتانە ئەم قسانەمان نەدەکرد. نازانم، ڕەنگە بەنیگا؛ بەبێدەنگی، ئەم بەر خوردەمان بوو بوو، کەم باسی گوزەران و ژیانی خۆی و ماڵ و منداڵی دەکرد، ڕەنگە دەترسا پرسیارەکەی من لاپرەسەنی بێ. جارە ناجارێک شێوەی پرسیار کردنەکەم دەگۆڕی. بیرم دەکردەوەو هەوڵم دەدا وەک کاتی منداڵی لێی بپرسم:

– چیە شێرە؟ دەڵێی تەواو نیت.

– زۆرم بۆ هاتووە جەمال. خەڵک واز ناهێنن.

– گوێیان مەدەرێ، هەتیو. خۆ بۆ خۆت دەزانی چی ڕاستەو چی درۆ.

دەکەوتە بیر کردنەوە. گومان وەک کوند بەکەلاوەی چاوەکانیەوە هەڵنیشتبوو، ئارام

هەڵدەستایە سەر پێ تا گوێی بانەکە دەچوو. فڕی بۆ یەک دوو کۆتری تەمەڵی گەڕاوە دەکرد. ئەو ساڵانەش شەرم و شوورەیی دەمبێنی لە دەم دەکرد؛ بەڵام بەچاو لە ڕازی دڵی دەگەیاندم.

– جەمال، دەبێ شتێک لە ئارادابێ، کە خەڵک وا بەدڵنیاییەوە باسی لێ دەکەن. دایکم هێشتا جوان و جحێڵە بەبەریەوە ماوە. باوکیشم کە جووت پێی هەنگاوێک لە دوا سەرو سینگییەوە دەڕوات. گۆج و ئیفلیجە. حەتمەن تەڕایی لەبەر بڕاوە.

ئەوسا نۆرەی من بوو کە خۆم لە شەپۆلی نیگای بدزمەوە. شەپۆلی تووڕەیی، ڕق، بێزاری دڕی بەتاقەتم دەدا. دەستم بەکولانە کۆترەکاندا دەکرد. چیتینم دەگرت. دڵی چیتین لە باوەشی پەنجەکانمدا وەک دڵی شێرە لە قەفەسی بوختانێکدا بێ ئۆقرە بوو. حەزم دەکرد بەتووڕەییەوە، تا هێزم هەیە دەست هەڵبڕم. قەفەسی پەنجەم بپسێنم و چیتین هەڵفڕێ. ئەوسا نیگا لە باڵی چیتین بەرەو شێرە بگوێزمەوەو بڵێم:" هەتیوە! چۆن لە هەندا دایکت وا بیر دەکەیتەوە؟"

بێدەنگی جەمال ئەسمەری وەرز کردبوو. لە نێوان ترس و تکادا بوو:" ئایا گوێ بەقسەکانم دەدا؟ یان ماتڵە وەیبرڕێنم و بڵێ: بەداخەوە هیچم لە دەست نایەت. "جەمال بەوەڕزیەکەی زانی بیرەوەریەکان دەرفەتی وەڵامدانەوە، دڵدانەوە، بەڵێنی یارمەتییان نەدەدایەوە. جگەرەیەکی داگیرساند. پەرداخێک چای لەسارد و گەرمەکە تێ کردو بەدڵسۆزییەکی برادەرانەوە بۆی ڕاگرت.

– کار نییە خودا جێ بەجێی نەکات، چایەکەت هەڵقوڕێنە با تینێک لە دەروونت گەڕێ.

ئەو ساڵانە دایکی شێرە هێشتا جوان بوو. ڕووبازاڕی بوو. باوکی گۆج و نوقستان بوو. لە سوارەم پرسی: ئەرێ وەک تۆ بزانیز باوکی شێرە بۆ وای لێهات؟ سوارە گوتی: باش نازانم. بەڵام وەک باسی دەکەن بەهۆی کاری مەجی بەگەوە بووە.

شێرە بە مەجی بەگی دەگوت، مەشکەگوو. ڕەنگە بەهۆی گولەکەیی و ورگنیەکەیەوە بوو. باوکی لێی تووڕە دەبوو:

– تۆ بەنان و نمەکی ئەو مەشکە گووە گەورە بوویت. شێرە ڕقی هەڵدەستا. چاوی لە حورمەتی باوکایەتی دەقووچاند، دەیگوت:" ئەی ئێوە بەخێری مردووەکانتان تەویلەی بۆ خاوێن دەکەنەوەو شیاکەی بۆ دەڕێژن؟



ئەوسا دەردەپەڕییە دەر. لە دەرێ بێ باکانەتر دەینەڕاند:

– دەستی خەڵکی خۆش بێ، کە وامان پێ دەڵێن.

ئەو ساڵانە کێشەی شێرەو، مەجی بەگ، ئێمەشی گرتبۆوە. ئەو شەوانەی وا بەماشینەکەی دەچوو بۆ دیدەنی باوکی سوارە، سوارە بەپڕتاو دەهات بەشوێنمدا، هەر چوار تەگەرەکەی ماشێنی مەجی بەگمان پەنچەر دەکرد. بەیانی زوو بۆ شێرەمان دەگێڕایەوە. ئەو ساڵانە من و سوارەو شێرە لە مەدرەسە لەسەر کورسیەک دادەنیشتین. مامۆستا و منداڵەکان ناویان نابووین، سەبرو سێزدەو ناشکوری. جارەکیان شێرە، بەتووڕەییەکی نا ئاساییەوە پرسی:

– باشە ئێوە بۆ دوژمنایەتی مەجی بەگ دەکەن؟

وادیار بوو لەوە دەترسا کە ئێمەش قسەی خەڵکمان لەمەڕ مەجی بەگ و دایکی لا ڕاست بێ. سوارە ژیرانە هەڵیدایە:

– لەسەر کاری ئەو خوێڕییە باوکت وا گۆج بووە، شێرە!

سوکنایی هاتی.

لەم ساڵانەدا کە دەهات بۆ لام، لێم دەپرسی:" شێرە سوارە چۆنە؟ هەرگیز نەیدەگوت نازانم، لێی بێ ئاگام. هەمیشە دەیگوت:"سازە شوکور" وەها کە گوایە هەر دوێنێ دیتوویەتی و لێی پرسیوە."

ئەسمەر گوتی: قەت ئامۆشۆمیان لە تەک ماڵی کاک سوارەدا نەبووە. لە شێرەشم نەبیستووە سەری لێ دابێ.

جەمال گوتی: باشە لێت نەبیستووە هەرگیز گلەیی لێ بکات؟

ئەسمەر گوتی: نا. نەمزانی کۆنە هاوڕێیەتی. بۆ خۆی دەیگوت. لەم ئاخریانە، کە ئاوا پەکی کەوت و خانەنشین بوو یەک دوو جار گوتم، داوای یارمەتی لێ بکە. جەمال گوتی: دەی شێرە چی دەگوت؟

ئەسمەر گوتی: سەرێکی ناڕەزامەندی دەلەقاندو دەیگوت، "سوارە بۆ ئەوە نابێ، تازە خۆ میراتم بەسەریەوە نییە."

– باشی هەر چی بێ کۆنە هاوڕێتە. لە تەنگانەدا پیاو ئاوڕ لە بێگانە دەداتەوە.

سوارە بەبێزارییەوە گوتی: نا – بەکەڵک نایەت.

ئەسمەر سفرەی لە بەر دەم منداڵەکاندا ڕاکێشا و بۆڵاندی:" ئەی ئەم هاوڕێ، هاوڕێیەت لە چییە؟ خودا هەزاری وا ببڕێ.

سواری گوتی: دوعای شەڕ لە خەڵکی مەکە ئافرەت.

ئەوەم زۆر لاسەیرە. سوارە بەمنداڵی ئاوا بەسەبر نەبوو. دوو ڕۆژ بەهەر هۆیەک لێمان نەپرسیبایە، دەتۆرا. هەمیشە دەیگوت:

– هەر کەس دوو ڕۆژ لە هاوڕێکەی نەپرسی، ئەوە خێر ناداتەوە. من شێرەم بەهۆی سوارەوە دەناسی.

هاوڕێیی ئەوان کۆنتر بوو. کە باوکی سوارە دەچوو بۆ دیدەنی مەجی بەگ لە باخ و ئاژەڵدارییەکەی، سوارەی دەبرد. ئەو ساڵانە ماڵی شێرە لە قەراغ ئاژەڵدارییەکە بوو.

سوارە و شێرە لەوێ بوون بە هاوڕێ. سوارەی جوانکیلە بەکراس و شەڵواری ڕەنگاو ڕەنگ و پاک و خاوێنەوە، بەدیار شێرەوە ڕادەوستا.

شێرە لە گوێ دیواری ماڵی خۆیان، جادەیەکی پێچاو پلووچی دووروو درێژی بۆ سەر تەبارەکە کێشابوو. تایەک پێڵاوی دڕاوی دەکردە ماشێن و بەتەبارەکەیدا هەڵی دەگێڕا. جاری وابوو تا دەیگەیاندە سەر تەبارەکە، دەیان جار پاشەو پاش دایدەگێڕا و هەڵی دەگێڕاوە.

سوارە لە دیتنی ئەو گشتە هەوڵە، ئەگەر چی پشووی سوار بوو بەڵام وەرز نەدەبوو. کە جارجاریش داوای سەرێک شۆفێری لێ دەکرد، شێرە دەرێغی نەبوو. هەموو درەنگانێک کە باوکی سوارە وازی لە کایە پێ دەهێنا، هەر دوو منداڵەکە بەداخەوە لە یەک جودا دەبوونەوە.

سوارە دەیگوت: جەمال، نازانم چۆن شێرە لە شوفێری هیلاک نەدەبوو؟

من دەمگوت : ئاخریەکەی هەر دەبێتە شوفێر.

شێرە دەیگوت: ناهێڵم هیچ ماشێنێک تۆزم بگرێ.

ئەسمەر دەڵێ: "کردەوە کۆشی دنیامان کرد، تا جیپە شرۆڵێکمان کڕی، بەڵام ساڵێکی پێ نەچوو، کە لە کەڵ گلۆری کردەوە و، جیپە تێدا چوو. بۆ خۆشی تووشی ئەو بەڵایەبوو.." کە گەورەتر بووین، دووچەرخەیان بۆ من و سوارە کڕی. بەسواری دەچووینە بانەکۆن. ئەو ساڵانە بانەکۆن بەڕووکاری چۆمیدا ماڵی لێ نەبوو. تازە جادە ماشێنیان بۆ سەر ترۆپکی کێشا بوو. لە هەڵگەڕاندا شێرە پاڵی پێوە دەناین. تا دەگەیشتینە سەر،



لەشی شەلاڵی ئارەقە دەبوو. ئەوسا لەوێوە ئێمە بە سواری و ئەو بە پێ، دادەگەڕاین. سێبەرمان لە سەر جادەکە ئامبازی یەک دەبوون. زۆر جار سێبەری ئێمەو دووچەرخەکانمان دوای دەکەوتن. بۆ قۆپی خوار شارو لای کەوپێچیش، بەدوامان‌دا وێرغەی دەکرد. دەمگوت: شێرە چ دەبوو تۆش دووچەرخەیەکت بایە و شان بەشانی ئێمە بهاتبایەیت؟

شێرە دەیگوت : من تا گەورە نەبم، هیچم نابێ.

سوارە دەیگوت: باوکم بەڵێنی داوە دووچەرخەیەکی تازەم بۆ بکڕێ. لێی دەپاڕێمەوە، ئەم کۆنە بدات بە تۆ.

شێرە دەیگوت: نامەوێ. غار غارێنەکەم پێ خۆشترە.

بەڵام دەمزانی، کە بەشەوانە ئێشی پێی هەراسانی دەکات کە دایکی بەسەریدا دەیبۆڵاند: "کەم غار غارێن بکە.." شێرە بەڕقەوە دەیگوت: دەی دووچەرخەیەکم بۆ بکڕن.

باوکی شێرە بەتیزێکەوە دەیگوت: "گوێ درێژێکی باشت بۆ دەکڕین و وێرغەت بۆ بکات.

ئەسمەر لە بیری منداڵەکانیدا بوو: "بلێیی بەم سەرمایە چی بکەن؟ خۆ شێرە ناتوانێ ئاگای لێیان بێ." بیری دەکردەوە وا باشترە قسەی ئاخری بکات و ماڵ ئاوایی بخوازێ. بەڵام لە دەرێ چاو چاوی نەدەدی بەفر بەباوە دەباری. سەر لق و پۆپی دارەکانی گوێ شەقام، هیچی وایان پێوە نەما بوو. شووشەبەندی دووکانەکان، تا پشتێنی پیاوێکی کەڵەگەت سواغ درابوون. ئەسمەر دەیزانی ئێستا کاتی وەدەر کەوتن نییە. دەبێ تا خۆش بوونەوە سەبر بگرێ. ئەی هات و خۆشی نەکردەوە؟

دەبوو ئیمشەو بگەڕێتەوە. سەقز، بۆ بانە ڕێگەیەکی وا نییە. بیری کردەوە، ئەگەر ئەو کەلەکون نەکرابایە، تا بەفر چوونەوەی بەهار دەبوو لێرە بمێنێتەوە. ئێستاش خودا عالەم، لێرە وا بکات ئاخۆ دەراوی کلاو ڕەش چۆن بێ؟

ڕایەکیان لە شێرەم پرسی: "چۆناو چۆن ژنت هێنا؟ شێرە گوتی: بەشوفێری دەچوومە گوندەکەیان. بەر دڵم کەوت و هێنام.

ئەسمەر جوان نییە. بەڵام بۆ خۆشەویستن دەبێ. لە قووڵایی چاوەکانیدا شتێک سەرنج ڕادەکێشێ.

گوتم: بۆ ژن هێنانەکەت لە منت نەگێڕایەوە. لە سوارەت گێڕایەوە؟

گوتی: کە هێنام زۆر لە مردنی دایکم تێنەپەڕیبوو. زەماوەندم بۆ نەکرد.

ئێواران من و شێرە و سوارە دەچووین بۆ پیرمراد. لەسەر کانی و ئاوەکە دەموچاومان دەشوشت، ئەوسا بەشیوەکەدا، بەرەو قسنەکە دامان دەقلاشت. پاڵمان بەقسنەکەوە دەداو، دەکەوتینە باسکردن لە داهاتوو.

سوارە دەیگوت: کە گەورە بووین لە زەوییەکانی باوکمدا سێ چاوە خانووی گەورە ساز دەکەین. بەهەر سێکیان، حەوشەو حەسارێکی ببێ. ئەوسا ئێواران لای حەوزە گەورەکەی سووچێکی حەسارەکە دادەنیشین. با منداڵەکانیشمان لەو لاترەوە یاری خۆیان بکەن.

ئەوسا باسی دایکی منداڵەکان دەهاتە گۆڕێ. ئەو ساڵانە من و سوارە، هەر کامە حەزمان لە کچێک دەکرد. من ساڵەها بەتاسەی بەیانی باش گوتنێکەوە بووم. سوارەش هێشتا ڕازی دڵی لای کچە نەدرکاندبوو. زۆر لەوەدوا سوارە سازی کرد و چەند مانگێکی نەخایاند کە لێی جودا بۆوە. بەڵام من ئێستا و ئێستاش دەنکەکەی خۆمم نەدواند. شێرە پێمان پێدەکەنی. شێرە بەتاقەتترین گوێ بوو. هەموو ڕۆژێک چەند سەعات باسی چەند پاتەوە بوومان بۆ دەگوتەوەو وەڕز نەدەبوو.

سوارە دەیگوت: بریا شێرە تۆش حەزت لە کچێک کردبایە؛ ئەوسا تێدەگەیشتی ئێمە چی دەڵێین.

شێرە بەبزەیەکەوە دەیگوت: ئێستاش تێ دەگەم.

من دەمگوت: باشە بۆ حەز لەو کچەی دۆستی دەنکەکەی من ناکەیت؟ هەتیوە دەڵێی کۆترە.

شێرە دەیگوت: من زیاتر لە ٢٠ کۆترم هەیە، بەسمە.

کە ئاغای مورادی مودیری مەدرەسەکەمان زۆری بۆ هێناین، تا واز لە کۆتر بازی بهێنین و سەری هەڵکەندراوی کۆترەکانمانی بۆ بەرین، من و سوارە هەرکامە سەری سێ چوار کۆتری زڕو خراپمان بۆ برد. بەڵام شێرە گوتی: سەری براوی خۆم دەبەم.

سەری کۆترێک نابەم. مورادی دەیگوت: هەتیو! تۆ دەبیتە حەماڵ، هەر لە ئێستاوە دیارە.

من هەمیشە حەزم دەکرد لێی بپرسم، ئەی من دەبم بە چی؟ بەڵام نەمدەوێرا. سوارە دەیگوت: ئێمە هەر سیانمان دەبینە شتێک. لەم دوایەدا، کە شێرە هات بۆ لام گوتم: ئێستا سوارە چەند منداڵی هەیە؟ زوربەخۆیدا شکایەوە. ڕەنگی ڕوخساری گۆڕا. بەداخێکەوە گوتی:



پێم وابێ دوو سێ منداڵ.

گوتم: حەتمەن بەتۆ دەڵێن مامە، ها؟

شێرە نەیگوت کە هەر نایناسن.

من هەمیشە دەمگوت بریا ئێمە باوکیشمان پێکەوە هاوڕێ و دۆست بانایە. ماڵەکانیشمان لەلای یەکتر بایە. سوارە بەحەزەوە بەرە دەستی لە یەک دەسوو. بەڵام شێرە دەکەوتە گێژاوی ماتەمینەوە.

ڕەنگە لەو کاتەدا بیری دەکردەوە کە چ دەبوو کوڕی مەجی بەگ بایە؟ ئەوسا هیچ قسەیەک بەشوێن دایکیشیەوە نەدەبوو.

مەجی بەگ و باوکی سوارە کۆنە هاوڕێ بوون. ئەوسا دەمایەوە باوکی من، دۆستایەتی فەرش فرۆشێک لە تەک مەجی بەگی خاوەن ئاژەڵداری و دانسازێکی وەک باوکی سوارە، شتێکی نا ئاسایی نەبوو.

جەمال ڕووی کردە ئەسمەر. نیگای لە دەستە لاوازەکانیەوە بەرەو چاوی گوێزاوە، گوتی:

– کە شێرەیان برد بۆ سەربازی، کۆشکی دۆستایەتیمان یەکەم درزی برد.

شێرە کە ئیزنی وەردەگرت و دەگەڕایەوە دەیگوت: کوڕینە! یەک دوو هاوڕێم پەیدا کردووە، زێڕن زێڕ، خۆزگە ڕۆژێک دەتانناسین.

من دەمگوت: بۆیە ئێمەت لە بیر کردووە، ها؟

سوارە دەیگوت: منیش ئێستا زۆرتر لەگەڵ هیوای خاڵۆزامدا پێکەوەین. هیوا خۆتان ئاسایی کوڕە خاسەیە. هیوا ئێستا ژن برای سوارەیە. شێرە لە سەربازی بەهۆی هاوڕێ تازەکانیەوە گیرا و چوار ساڵ حوکمی درا.

سوارە دەیگوت: ئەگەر شۆڕش سەر نەکەوتبایە، شێرە دەبوو هەر چوار ساڵەکە بکێشێ.

شێرە دەیگوت: کاک جەمال شا بۆ من ڕووخا.

من بەتیزەوە دەمگوت: هەتیوە بۆیە ئێستا قایمقامی.

شێرە دەیگوت: لە هیچ مەملەکەتێک شوفێر نابێ بەقایمقام.

ئەسمەر دەڵێ: چۆن بوو ئێوە لێک هەڵبڕان؟

جەمال دەڵێ: سوارە ژنی هێناو و ئێمەش ماڵمان هات بۆ سەقز.

ئەسمەر دەڵێ: هەر ئەوەندە؟

بەڵام من هەرگیز بیرم لەو هەڵبڕانە نەکردۆتەوە.

شێرە دەیگوت: سوارە سەرقاڵی کاروباری خۆیەتی.

ئەو نیمچە دوکتورێکە. شەو و ڕۆژ چاوی بەدەمی خەڵکدا داپچڕیوە. دانی ساغ و نەخۆش دەبژێرێ.

من دەمگوت: بەڵام دۆستایەتی هەر دەبێ بمێنێ.

شێرە دەیگوت: حەتمەن لەدڵدا دەمێنێ.

ئەسمەر دەڵێ: شێرە ئێستا لە دنیادا هیچ کەس و هیچ شتێک شک نابات.

هەوا لە خۆش بوونەوە نەبوو. بانگ بێژ بانگی عەسری فەرموو.

ئەسمەر هەستایە سەر پێ. جەمال دوا بەدوای بەرز بۆوە.

جەمال گوتی: لەبەر منداڵەکان نەبایە نەمدەهێشت بڕۆی. بەڵام دڵنیابە، سبەینێ زوو خۆم دەگەیەنمە بانە و چی پێویست بێ بۆی دەکەم.

کە دەرکەی دووکانەکە کرایەوە. بەفرو سەرما شاڵاویان هێنا. ئەسمەر لە تۆفەکەدا گوم بوو، جەمال بیری لەوە دەکردەوە. کە چۆن بەڵێنی خۆی بەجێگە بهێنێ.

ئاسمان چاوی لێک نەدەنا. زستان لە بڕانەوە نەبوو. دنیا سپی بوو. سپی وەک کۆنە خەیاڵێک. سپی وەک بەرگی مردوو...

٧١/٦/٥



## ئەولە و مەراقێکی دێرین

خۆر بەسەر دڵی ئاسمانەوە وەک کلافەیەک گڕ دەئایسا. تینی بتاوێنی بەسەر شاردا دەپژاند.

گومبەزە ئاڵتوونییەکەی مزگەوتی گەورە، نیگای چاوی ڕێبوارانی لە خلیسک دەبرد. هێرشی گەرمای نیوەڕۆی هاوین ئاش بەتاڵی بەقەڵەباڵغی شەقام و کۆڵانەکانی شار کردبوو، سیلەی چاو، لەم سەراوسەری ڕاستە شەقامەکەدا، جگە لە داگەڕانی هاجەرو، ئەولە کەسی دیکەی بەدی نەدەکرد.

–وازم لێ بێنە. بیکە بۆ خاتری خودا وازم لێبێنە. تۆ شێتی؛ شێتێکی پیس و ناحەز، هاجەرە شێت. من حەز ناکەم.. حەز ناکەم کوڕی تۆ بم. نامەوێ کوڕی هاجەرە شێت بم. دەبڕۆ وازم لێ بێنە.

دەنگی تێکەڵ بەگریانی ئەولە، دڕی بەبێدەنگی شەقامەکە دەدا.

شەقام هەڵمی لێ بەرز دەبۆوە. قیر، بەقەدەر شوێن پێیان بەحاستەمێک بەقووڵدا دەچوو. ئەولە لە جۆگەلەکە پەڕییەوە، لە بن ساباتی دووکانێکدا ڕاوەستا؛ چاوە پڕ فرمێسکەکانی – لە پشت شیشەکانەوە– لە ژووری دووکانەکە بڕی، هیچ شتێکی ئەو ژوورە سەرنجی ڕانەکێشا؛ ڕووی لێ وەرگێڕا. لە سەر سەکۆکەی دانیشت. هاجەر شوێنی کەوت. لە پێشدا ترسا. دوانی ئارام بۆوە.

بێ ئەوەی سەیری ئەولە بکات، لە پەنایدا دانیشت.

ئەولە چی نەدەگوت. بوغز بەربینگی گرتبوو. هاجەر بەوەی نەدەزانی. سیلەی چاوی تێ گرت. لە ڕوومەتە چڵکن و ڕەش داگیرساوەکەی ئەولەدا، ئازارێکی قووڵ و گران بەدی دەکرا، توانای بیر کردنەوەو گەڕان بەشوێن هۆی ئازارەکەیدا نەبوو. ئەوەندەی زانی کە کزەیەک لە ناخیدا پەیدا بوو. پاشان سەر دڵی قورس بوو. ڕووی لە ئەولە وەرگێڕا. نیگای وەک کۆتر بەرەو گومبەزیەکە فڕی. لە یەکەم فڕدا سەری لێ شێواو گەڕایەوە خۆی کوتایە سێبەری بەر دووکانەکانی ئەو بەر زۆر. گیر نەبوو. هەڵگەڕا. لە کوێسپانی دووکانێکەوە سەری کێشا ئاربەبا لە خەونی نیوەڕۆدا بوو. گەڕایەوە. بەپانی شەقامەکەدا، بەرەو

پیادەڕۆکە، بەرەو ناو کۆشی، لە نێو چینی کراسە بۆرەقنە چڵکنەکەیدا عۆقرەی نەگرت. هاتەوە نێو چاوەکانی. ئەولە، خۆی لێ دەخواردەوە، دزە نیگاکانی هاجەر چڕنووکیان لە ڕۆحی دەگرت. قامکیان بەچاویدا دەکرد و ناخی دەهێنایە خوروو.

– ئاخر بۆ لێم ناگەڕێیت؟ بۆ ناڕۆی بەلای کاری خۆتەوە؟ بۆ وەک سەگ شوێنم کەوتووی؟ من ڕقم لێتە... ڕق.

ئەوسا گورجێک هەستا. هاجەری داچڵەکاند. بەرامبەری دانیشت. دەستی نایە سەر ئەژنۆکانی. هەستی بەدوو چڵە ئێسک کرد. چاوی لە ڕوومەتی بڕی. ڕوومەتێکی گردیلانەی ڕەشی چڵکن، جووتێ چاوی چکۆڵە، وەک چاوی کوند. لووتێکی خڕ وەک مازوو بەژوور دەمیەوە بوو. دەمی وەک ئەشکەوتێک دەچوو. ئەشکەوتێکی تاریک کە جووتێ دانی درێژو زەرد بەسەرو خواریەوە وەک گڵۆپی کز دەئایسا. ئەو دیمەنە زیاتر ڕقی هەستاند. بیری کردەوە کە چۆن وەک سەگ زمان لە منداڵان دەردەکێشێ و یاری پێ دەکات.

– من ڕقم لێتە. تێ دەگەی چی دەڵێم؟ حەز بەبینینت ناکەم. کە چاوم پێت دەکەوێ گریانم دێ. حەز دەکەم بمرم بەڵام تۆ نەبینم. ئەرێ پێم خۆشە بمرم.

چاوە کوندیەکانی هاجەر وەک دوو پلووسکە، تک تک فرمێسکیان پێدا هاتە خوار دڵۆپەکان لە چرچو لۆچی ڕوومەتیدا ون بوون. ڕوومەتی بەدەستە ڕەشەکانی شاردەوە. ئەولە ئێستا تەنیا جووتێ پشتە دەست و باخەیەک قژی هەژگەڵ و تیسک تیسکی دەدی. دەزوولە بەزەییەک لە ناخیدا پەیدا بوو.

– دەزانم منت خۆش دەوێ. تۆ منت خۆش دەوێ. وانییە؟

هاجەر ئەو پرسیارەی پێ خۆش بوو. ڕوومەتی لە بەندی بەردەستی ڕزگار کرد. نەرمە بزەیەک لەسەر ڕوومەتی کەوتە سەما. ترووسکایی لە چاوەکانی گەڕا. بەپەلە سەری ڕەزامەندی بۆ لەقاند.

– ها... ها...

– کەواتە لە کۆڵم بەوە. ئەگەر منت خۆش دەوێ دڵم مەشکێنە. لێم گەڕێ با بڕۆم. شوێنم مەکەوە...

بزە ڕەوییەوە. ترووسکایی چاوەکانی وشک بوو، وەری. هیچی نەگوت. سەری نەلەقاند.



– کەی وازم لێ دێنی؟

– بانی... بانی...

وێنەیەک لە بەیانی لە مێشکیدا نەبوو. ئەولە بەبێزارییەوە دەستی لە ئەژنۆی بەردا. گەڕایەوە بۆ سەر سەکۆکە سەری تەپاندە دوو بەرەدەستی و چنگی لە تیسکە قژەکانی خۆی ڕۆ کرد.

– تۆ هەر دەڵێی بەیانی و پەشیمان دەبیتەوە... تۆ خودا ئەم ڕایە پەشیمان مەبەوە، باشە؟

بزەیەکی تاڵی تێکەڵ بەتکاو پاڕانەوەی منداڵانە لە چاوەکانی ئەولەوە هەڵقوڵا و بەگشت ڕوومەتیدا بڵاو بۆوە. مێشکی هاجەر تەنیا دواهەم وشەی داواکارییەکەی ئەولەی بۆ وەرگیرا. بۆیە بەسەر لەقاندن و خۆشحاڵییەوە دووپاتی کردەوە.

– باشە... باشە...

ئەولە، ئەگەرچی دەبوایە بیزانیبایە ئەو سەر لەقەناندن و باشەگوتنە. هیچ مانایەک نابەخشێ؛ بەڵام وەک شوانە بەرغەلێک کە پێی وایە بەرغەل تێ دەگات و بەگوێی دەکات، دەستی دڵنیایی بەئەژنۆی هاجەردا کێشا و درێژەی دایە.

– ئەگەر دیسانەوە پەشیمان دەبی و شوێنم کەوی، دەزانی چی دەکەم؟

خۆم دەکوژم بەقورئان خۆم دەکوژم. ئەوسا چاوی لە گومبەزەکەو دوو منارە تازە دروست کراوەکەی مزگەوت بڕی و درێژەی دایە: دەچم لە منارەی ئەو مزگەوتەوە خۆم دەخەمە خوارێ.

بە نیگا نێوانی سەر منارەکە، تا تەختی زەوی پێوا، بەزۆری هاتە بەرچاو بۆیە قسەکەی گۆڕی.

– یان.. نا.. دەچم لە چۆمی گەورەدا خۆم دەخنکێنم. ئەوسا دەزانی چی دەقەومێ. ئیتر بەمردوویش نامبینیتەوە...

لەگەڵ قسەکانی ئەولەدا، تەزووی ترسێکی ئاشکرا لەگیانە لاوازەکەی هاجەر گەڕا. شان و ملی لەبەر تەوژمی ترسەکە کەوتە جموجۆڵ. دەنگی ماسولکەکانیان بیسترا، بڕۆی وێک چوونەوە. دوو کانیاو لە چاوە بچووکەکانیدا تەقینەوە. دەستی لە ئەژنۆی بوونەوە. ڕووی لە ئەولە وەرگێڕا لە هەمان کاتدا دڵی پڕبوو لە قسە، بەڵام بۆی نەدەگوترا. تەنیا گوتی:

– تۆ... خراپ... تۆ خراپ...

ئەولە. دڵی پێی سووتا. قوڵپێک گریانی قووت دایەوە، دەستی بۆ سەری هاجەر برد و بەرەو لای خۆی وەرگێڕا.

– چاکە قەڵز مەبە.. خۆ ناڵێم ئێستا خۆم دەکوژم. دەڵێم ئەگەر شوێنم کەوی، وا دەکەم. خۆ تۆ شوێنم ناکەوی؟ وانییە؟

هاجەر بەبیستنی ئەو قسانە خاو بۆوە. لە ئان و ساتدا ئەو دۆخەی لێ تەڕە بوو. خەندەیەکی شیرینی هاتێ. وەک پێشوو بەدەم سەر لەقاندنێکی بەپەلەوە گوتی:

– ها...ها...

– کەواتە منیش خۆم ناکوژم. با هاجەر بێ کوڕ نەبێ. هاجەر کوڕی هەیە. من کوڕی هاجەرم. بەڵام بۆ ماوەیەک لەلای دەڕۆم. دوا چەند ساڵ دەگەڕێمەوە. وانییە؟

– ها...ها...

ئەولە بەخۆشحاڵییەوە پرسی:

– کە واتە من کەی دەبێ بڕۆم؟

– بانی... بانی...

– تەواوە. من لە بەیانییەوە دەڕۆم.

ئەوسا هەستایە سەر پێ، دەستی بەشانی هاجەردا هێنا و گوتی:

– هەستە، بڕۆین شتێک بخۆین.

هاجەر هەستا. شان بەشانی ئەولە بەپیادەڕۆکەدا داگەڕا، هاجەر لاواز و درێژ بوو. دیار نەبوو تەمەنی چەندەیە. بەڵام ئەولە کورتە بالاتر بوو. لە پانزدەساڵی تێپەڕاندبوو. بەرگ و پێڵاوی ئەگەرچی نەدڕابوو بەڵام وەک هی هاجەر چڵکن و تۆزاوی بوو.

ڕۆژ لە گەرمترین کاتی خۆیدا بوو. شەقام هەروا چۆڵ بوو. ئەولە چاوی لە زەوی بڕیبوو. هاجەر لە خۆشی ئاشت بوونەوەکە پێدەکەنی و بۆی دەخنایەوە. بیری لە بەیانی نەدەکردەوە. بەیانی لەمێشکی ئەودا. تەنیا تارماییەک بوو. لەو تارماییەش سڵی نەدەکردەوە. سەرسام نەبوو. گرنگ لای ئەو ئێستا بوو. ئەو تەنیا لە ئان و ساتدا دەژیا. بەڵام ئەولە لە بیری بەیانیدا بوو. تەنیا برسیایەتی دەیگێڕایەوە بۆ ئێستا.

– من دەچم بۆ باخی گشتی تۆش بڕۆ شتێک بێنە بیخۆین.



هاجەر لە خۆشییان خۆی بۆ نەگیرا. قاقایەکی کێشا و وەک سەگ زمانی دەرکێشا.

ئەمە خووی خۆشحاڵی بوو. لە بیری کردبوو کە ئەولە لەو کردەوەی بێزارە، ئەولە سەر خۆی نەهێنا. دیسان دووپاتی کردەوە:

– وا من دەڕۆم...

ئەوسا هەیپێی لێ کردو لێی جودا بۆوە. هاجەر بەدەم ترسێکی ئان و ساتییەوە، بەچەشنێک کە تەنیا ئەولە لێی دەگەیشت گوتی:"هەڵنەیەیت باش" ئەولە وەها کە ترسی لێ بڕەوێنێ وەڵامی دایەوە:

– تا بەیانی... باش...

چەند منداڵ لە کۆڵانێکەوە دەرکەوتن، هەرکە هاجەریان بینی بەیەکەوە لە چەپڵەیان دا:

ئەولەی کوڕم بۆتە پیاو        بەتفەنگەوە چووە بۆ ڕاو<br>ژنێکی جوان هەڵدەگرێ        دایکی لە خۆشیان دەمرێ

هاجەر ئاوڕی لە منداڵەکان دایەوە. بەدزیەوە زمانی لێ دەرکێشان. ئەوسا ڕووی وەرگێڕا. ئەولە بەتووڕەییەوە دەگەڕایەوە. هاجەر ترسا. بەدەست و زمان داوای لە منداڵەکان کرد کە بڕۆن؛ منداڵ وازیان نەدەهێنا. بەچەپڵە لێدانەوە ئەو شیعرەیان دەگوتەوەو حەزیان دەکرد، هاجەر وەک جاران لەتەکیاندا بیلێتەوە. بەڵام هاجەر لە ترسی ئەولە نەیدەوێرا. ئەولە تاوی دایە بەردووچکەیەک. بۆ منداڵانی هاویشت. منداڵ بەپڕتاو هەڵاتن.

هاجەر کۆشی بۆ بەردەکە گرتبۆوە باوەشی بە ئەولە دا کرد.

– مەکە... مەکە...

ئەولە بەبێزارییەوە لە قوڵپی گریانی دا.

– ون بە سەگە شێت. لێم گەڕێ...

***

ئەولە، لە ژێر سێبەری دار بییەکدا هەڵترووشکا بوو.. لەو دیو تەلبەندەکەی باخەکەوە ژنێک دەستی منداڵەکەی گرتبوو، دەیبردە ژوور. لە سەر حەوزەکە سێ چۆلەکە ئاویان خواردەوەو هەڵفڕین. ئەولە برسی بوو.

بە تەنگەتاوییەوە چاوی لە فڕینی چۆلەکەکان هەڵگرت و لە دەرکەی باخەکەی ڕوانی. هاجەر بەبابۆڵە نانێکەوە پەیدا بوو.

– تۆ لەوێ خواردت؟

– ها...ها...

ئەولە دەستی بەخواردن کرد. هاجەر چاوی لە دەمی بڕیبوو لە تەک هەر پاروو قووت دانێکدا، چاوی بۆ هەڵدەتەکاندو دەتریقایەوە. مۆڕەی ئەولە وازی لە تریقاندنەکە هێنا و چاوی لە زەوی بڕی.

تا دوا عەسرێکی درەنگ ئەولە خەوت و هاجەر بەدیاریەوە ئەژنۆی لە باوەش گرت و دەمەو ئێوارە لە باخەکە وەدەرکەوتن. سەرەو خوارێکی ڕاستە شەقامەکەیان کردو لە چایخانەیەک نان و ماستاویان خوارد. بۆ خەوتن وەک شەوانی دیکە، خۆیان بەکەوش کەنی مزگەوتی گەورەدا کرد.

هاجەر حەزی دەکرد لە پاڵ ئەولەوە ڕاکشێ. پێی خۆش بوو دەستی لە مل کات. بەڵام ئەولە نەیهێشت. بەتووڕەییەوە لێی دوور کەوتەوە. هاجەر هەستاو بەدیاریەوە چۆکی دادا.

ئاسمان سامال بوو، مانگ وەک ڕوخساری گۆشتنی کیژێکی جوان چاوی لە کەوش کەنەکە بڕیبوو. هاجەر خەوی لێ نەکەوتبوو. سەیری ڕوومەتی ئارامی ئەولەی دەکرد.

هەستی بەپەنجەی مانگ، بەسەر ڕوومەت و لاملی ئەولەوە دەکرد. تینێکی سەیر لە گیانی گەڕا پاڵی بەدیوارەکەوە دابوو. سەری بەلای چەپەی شانیەوە نووساندبوو، ئارەزووی قاقایەک لە گیانیدا پەنگی خواردبۆوە. خەو خۆی لێ نێزیک کردەوە. لە باوەشی گرت. تا بەیانی خەونی دی.

***

لەگەڵ کازیوەی بەیانیدا خشپەی پێی مجێورەکەی مزگەوت هاجەری بەئاگا کردەوە. یەکەو ڕێ چاوی بۆ ئەولە گێڕا، نەیدی.. ترس چرنووکی لە ناخی گرت.

گورجێک هەستایە سەر پێ و وەدەرکەوت، ئەم سەرا و سەرێکی حەوشەکەی کرد، بەرەو ماڵەکان چوو دەرکەی دانە دانەیانی کردەوە. ئەولە ڕۆیشتبوو. هەڵهاتبوو. نوێژکەران بەسەر سوڕمانەوە لە هاجەر و هەڵپە هەڵپەکەیان دەڕوانی.

– چ بووە هاجەر؟

– بەم مەلا بانگدانە. لە چی دەگەڕێی چەتیوە؟

– دیسان نەحلەتیەکان خۆیان نیشان داویت؟

– ئەی ئەولە کوا؟



هاجەر وەڵامی کەسی نەدایەوە. وەک برێشکەی سەر ساج لە هەڵبەزیندا بوو. لەناخەوە دەسووتا. کەس گوێی لەگریانی نەبوو. قەت بەدەنگی بەرز نەگریا بوو. قاقای بۆ خەڵکی بوو، بەڵام گریان خەزێنەیەک بوو کە وەک پیسکە دەستی پێدا گرتبوو. هی خۆی بوو، هەر هی خۆی و بەس.

– کەس نازانێ چی بەسەر ئەولە هاتووە.

– کوڕە لێی گەڕێن هەژارە، هەتیوەکەی لێ ون بووە.

– کلۆڵە دڵی بەو هەتیوە خۆشە، ئەویش ئاوا خۆی لێ دەشارێتەوە.

– چەتیوە، ڕوون وەبێ بۆ خۆی دەگەڕێتەوە. بۆ کوێ دەڕوات؟

ڕوون بۆوەو ئەولە نەگەڕایەوە. هاجەر چی شەقام و کۆڵانی شارەکە بوو پشکنی. کە بەرەو مزگەوت دەبۆوە نیگای لە منارەکە هەڵەنگووت؛" لەو منارەوە و خۆم دەخەمە خوارێ." شەپڵە گشت گیانی ڕاتەکاند. خۆی بە مزگەوتدا کرد. بە پیلکانەکان دا هەڵگەڕا. بەرەو کلاوی منارەکە هەڵکشا.

لەو سەرەوە نیگای بۆ شەقامەکە شۆڕ کردەوە.

شەقام... کۆڵان.. کەس نەکەوتبووە خوار. گەڕایەوە.

– "دەچم لە چۆمی گەورەدا خۆم دەخنکێنم."

بە نێوە ڕاستی شەقامدا. بەتەقڵەغار، بەرەو چۆمی گەورە بۆوە. لە پردەکەوە سەیری کرد. ئاو کەم بوو. بەگوێ چۆمەکەدا هەیپێی لێ کرد. لەشار دوور کەوتەوە. زۆر دوور هیچی نەدی. دیسان گەڕایەوە. دوانیوەڕۆ بوو کە هاتەو بۆ نێو شار. بەپیادەڕۆکەدا هەڵگەڕا لە حاست کەبابخانەکە وەستای کەبابچی بانگی کرد.

–هاجەر وەرە بزانم

کە گەیشتە حاستی، وەستا.

– چییە ساز نیت، نیوە ڕۆژە ناکەیت؟ کەباب بۆ ئەولە نابەیت؟

هاجەر بەسەور دەست وەڵامی "نا" ی دایەوە.

–بۆچی؟ ئەولە برسی دەبێ.

لەو بەری ناهومێدییەوە تێیگەیاند کە ئەولە ڕۆیشتووە. ئەوسا وەک دێڵی بەزیو، پشتی تێکرد.

- بۆ کوێ؟ باشە بۆ پشتمان تێدەکەیت؟

هاجەر بەند نەبوو، هیچی نەخوارد. ئەو ڕۆژە تا تاریکان لە گۆی شەقامەکان لە دەوری مەیدانەکان لە ئەولە گەڕا. کەس هاجەری بۆ نەهاتە قسە تەنیا لەبەر خۆیەوە پرتەی لێ دەبۆوە.

- ئەولە چوو... چوو...

کەس نەیزانی ئەو شەوە لە کوێ سەری نایەوە. بۆ بەیانیش کەس نەیبینی. منداڵ تا چەند ڕۆژێ بیریان دەکرد و هەڵبەستەکانیان دەگوتەوە. گەورەکانیش یەک دوو ڕۆژ باسی کلۆڵییان کرد. بەڵام زۆری نەخایاند کە هەموو خەڵکی شار، هاجەر و ئەولەیان لە بیر کرد.

٦٨ /١/ ١١



# دوو وێنەی ون

دوای خشەیەک، سەری بەهەژی چڵە شەمچەیەک گڕی گرت و تیشکی بەلەپی دوو بەرەدەستی گۆشتندا پژاند.

جگەرەکەی داگیرساند. بەدوا هووشەی هەناسەیەکی عەزرەتیدا، پەڵە دووکەڵێکی شین باو لە دووتوێی لێوی لەرزۆکیەوە دەرباز بوو. لەو دیو پەڵە دووکەڵەکەوە نیگای دەستێکی لەڕو لاوازی بەرەو قۆریەکی چینی تەلبەند کراو، بەڕێ دەکرد.

- چایەکت بۆ تێکەم کوڕم؟

دەنگی خاوەن دەستەکە لە تەک لەرەی ڕامووسانی بەلووعەی قۆریەکەو لێواری پەرداخە چا خۆریەکە، تێکەڵ دەبوو.

- ئاخ! بریا بمزانیبایە ماوەیەکە لە داڵغەی چی دای.

نیگای بەپەیژەی دەستە لاوازەکەدا هەڵگەرا. قۆڵە کلۆنجەیەکی مەخمەڵی خەنەیی پرتووکاو. بیری کردەوە، چ شەوگارێک سەری ناوەتە سەر ئەو باسکە ڕەق و تەقەو دەستی کردۆتە ئەو ملە چرچ و لۆچە. چاوی لەو چاوە تەڕانە بڕیوەو بەنووزە نووزێکی نازدارانەوە گوتوویەتی: "حەقایەتێکم بۆ بڵێ..." ئەوسا ئەو زارە وشکە، چی خۆشە، ئەوەی بەگوێدا چپاندووە.

- ناڵێم لاسارو دەستەوەستانیت. ئەوەندە دەڵێم کە ماوەیەکە دڵت لای کارو کاسبی نییە. دایکتم، حەزدەکەم بزانم چت لە دڵدایەو بیرو هۆشت لای کێیە.

قەڵشت و درزی دیوارە، کا گڵێییەکە، ئەو دەنگەی هەڵدەلووشی.

-" کاسبیش نەکەیت، لە برسان نامرین، باوکی ڕەحمەتیت تا زەخیرەی ئەم پاییزو زستانەشی نەخست، ماڵ ئاوایی نەکرد.

دووکەڵی مژی دووهەم، نیگای بۆ وێنە هەڵواسراوەکەی بلە گۆچ ڕاپێچا. دیار بوو ڕۆژی جەژن، یان بگرە ڕۆژێک دوا جەژن، جامانەیەکی نوێی لە سەر ئاڵاندووەو لە حاست کامێراکە وەستاوەو لە دڵی خۆیدا گوتوویەتی: "چش لە پارە.. وێنەیەو دەمێنێتەوە... ئامادەم، قرچەی لێ بێنە..." ئەوسا فلاشی کامێرا دایچڵەکاندووە. بزەیەکی شەرمنی بۆ

هەموو تەمەنی ئەو کوتە کاغەزە بەیادگار، بەجێ هێشتووە.

لە ئاوێنەی خەیاڵیدا نیگای بەڕوومەتی خۆیەوە شەتڵ بوو. چوار چرچی ماروو دووی، لەم لاو لای لچ و لێوی لێ زیاد کرد.

جامانەیەکی خەیاڵی نایە سەری و کەوتە بەراورد کردن. جیاوازییان وەک جیاوازی نێوانی شەمامەیەک و کێویلەیەکی سیسەڵ بوو، ئەمیان بەدیواری ئەندێشەیەوە بێوڵە ورچێکی چاو زەق و ئەویان بەدیواری ژوورەکەوە بزنە گەڕۆڵێکی چاو ترساو.

– ڕەحمەتییەکە تا مرد پێڵاوی نوێژکەرانی جووت کرد، چاوی بەدووکەڵی ئاگری مزگەوتدا داپچڕی و فووی لە پشکۆی دارەتەڕ کرد. بەڵام هەرگیز لە دەم و دوو و گفت و لفتی خۆی نەنا.

ڕەسمەکان بوون بەسیان. بزنە گەڕۆڵێکی چاو ترساو مەڕێکی چاو چکۆڵەو شێدار. لە نیوەڕاستیاندا بێوڵە ورچێکی چاو دەرتۆقیو.

پرسیارێک لە ئەندێشەیدا چەکەرەی کرد: "کێ بڕوا دەکات بێوڵە ورچ لە پشتی بزن و داوێنی مەڕ کەوتبێتە خوار؟!»

ژوورەکەی لێ بووە دووکانی وێنەگەری. نیگای خەیاڵی خولیای گەشتێکی کەوتە سەر. هەر لەم نێزیکەوە باجی زێنەبی دراوسێیان و بێوڵە ورچێکی چاو دەرتۆقیو، بەو لاوەتر، خا فاتم و بێوڵەور، زێنەبە ڕەش و بێوڵە، خەجی شەل و ئامە بێوەژن، مەحسە، ڕابە. دەڵێن کاتی خۆی ڕابە دەستی لەگەڵ حەمە سەعید دوو وێنە پێکی گرتن. خستنیە سەر یەک. ئەوەی پەیدا دەبوو لە هەموو شتێک دەچوو جگە لە بێوڵەورچ.

– باشە بۆ پێم ناڵێیت چی پەستی کردووی؟

سووتووی جگەرەکە بەدەم لەرینەوەی دوو قامکی قەڵەوێچکەوە بەربۆوە کەوتە سەر بەڕەکە.

– نەکات دیسان بەرەڵایەک بەدووقسە پەستی کردبێ؟

مژێکی قووڵ و خەسەی سووتانی تووتن و کورت بوونەوەی جگەرەکە، خەنی کرد. دەتگوت لە تەواو بوونی بەپەلەیە.

– پیاو ئەو پیاوەیە گوێ نەداتە قسەی خەڵکی.

ئەم وتەیە بەلایەوە وەک تۆقێک بوو. تۆقێک کە بەمنداڵی کرابێتە ملی بێزارییەکانی. ئێستا مل ئەستوور بووەو تۆق لە گۆشت و خوێندا ون بووە.



– ئایا هەمدیسان لەو بابەتە قسانە قەڵز بوویت؟

ئارەزووی گەشتێک بەوێنە زیندووەکانی نێو شاردا و گەڕان لە دوو وێنەی ون، ڕایپەڕاند. بۆ دواهەم جار دەمی نا بەقوونە جگەرەکەوە. لە ناخەوە هەڵی مژی. گەرما لێوی گەست. تەپڵەکە قوونە جگەرەیەکی پێ زیاد بوو. پاشماوەی دووکەڵەکە بەگەرووی کۆڵاندا بڵاوبۆوە.

٧١/٤/٢٨

# ڕۆژێ لەو ڕۆژانە

خۆر، سەر توولی پەرژینەکەی ئەنگاوتبوو کە خاوەرلە فرمانی ژوورەکەی بۆوە. گسکە کۆتەرەی بەدەستەوە گرت. بەنووکە پێ دەرکەی پاش دیوەکەی بەرەو کۆڵان خستە سەر پشت. لەگەڵ یەکەم خشەیدا، گێژەڵۆکەیەک تۆز، بەرز بۆوە. بیری کردەوە دەبوو پێشتر ئاو پرژێنی بکردبایە. لەبەر خۆیەوە لچی هەڵقرچاندو لە ژێر لێوەوە گوتی:

– بەگۆڕی باوکی خاوەنیەوە.

کۆڵان چۆڵ بوو. دووکانە گچکەکەی بەرامبەر دەرکەکەیان هێشتا دەرابەی هەڵنەدرا بۆوە. دەمەقاڵەیەکی دووراو دووری هاتە بەر گوێ. سەرنجی ڕاکێشرا، چاک لە قسەی کابرا نەگەیشت. بەڵام ژنێک دەیگوت: " جا زوڵمیش بکەم، لە ئاوارەی کلۆڵی دەکەم؟ دەک بەژاری مارم بێ. وەڵاهی بەئایەرەی خۆم، نیو ئایەرەشم زیاد بۆ تێ کردووە. حەقمەن هەتیوەکەی ڕشتوویەتی.»

خاوەر سەری داخ و نارەزامەندی ڕاوەشاند: دەک بەرپشی باوکتەوە بۆ درۆت. ئەگەر پیاو بایت بستێکت بەژنی ئاواران بەقەرز نەدەدا.

دوو منداڵ لە سەرووی کۆڵان یاریان دەکرد هەرای لێ کردن:

– قالەتان نەدیوە؟

یەکێک لە منداڵەکان بە سەر وەڵامی "نا" ی دایەوە.

– ئەی ئەو جوانەمەرگە لە کوێیە؟!

گسکە کۆتەرەی بۆ پشت پەرژینەکە فرێ دا. ئەو دیو پەرژینەکە حەساری خاوەن ماڵەکەیان بوو. شەوانە مەرووبزن لەوێ دەمۆڵێن. پەنجەرەی ئەمان بەرووکاری ئەو حەسارەدا بوو. بەیانی زوو، سەنەم کچی خاوەن ماڵ گسکی دابوو. بەڵام خاوەر دڵی بەو جۆرە گسک لێدانە ئاوی نەدەخواردەوە؛ بۆیە بەتەما بوو وەک ڕۆژانی پێشوو بیماڵێیتەوە. سەنەم ئەو کردەوەی لا گران بوو. بەسووکایەتیکردن بە خۆی دەزانی.

– مویارەک نەبێ. بەگسکی من قایل نابێ. دێڵە شارستانی، ڕەبی لەوە خراپترتان بەسەر بێ.



خاوەر، لە پارسەنگی خێسەو مۆڕەی سەنەمدا دەیگوت: "لە خۆڕا نییە پێیان دەڵێن کونە ئەسپێ.

گسک لێدانێک نازانن. کەچی ئێستا خۆیان بەسەر ئێمەدا ڕادەوەشێنن. ماڵی خودام بەحەوت تۆپەڵە قوڕ گرت. ئێمە موحتاجی تەویلەکانیانین" ئەوڕەحمانی مێردی هەمیشە پێی دەڵێ:

– ئافرەت. کەم بڵێ تەویلە. پیاو ماقووڵانی شار چاویان بۆ کونێکی وەک ئەم ژوورە دەفرێ. بنەماڵەی حاجی مچەی دراوسێمان لە ئاوایی ئەو خوارە شان بەشانی گاو گۆڵی کابرای خاوەن ماڵ ڕادەکشێن. بۆن بەتەرس و شیاکەیانەوە دەکەن. کەچی حەپسە خانمی خێزانی نابۆڵێنێ.

– دەی ئێمەش شان بەشانی بزن و مەڕ، سەر دەنێینەوە، بۆ وانییە؟

– بەس نییە ئەو پەنجەرە شکاوەمان لە مابەین دایە.

– دەک خودا بیبڕێ بە... بەندە.

– ئەوەندە دەبۆڵێنی، بۆیە تا ئێستا چوار جار جوابیان کردووین.

– دەک کاول بێ. خۆ بەخێری باوکیان تێیدا نین. کرێ دەدەین. تازە با دووکانەکە بکەیتەوە، بۆیان بەجێ دەهێڵین. لە پاڵ کەپرەکەدا خێوەت هەڵدەدەم.

– ئەی خێوەتم بۆ وەرگرتووە؟ ڕشک و ئەسپێ خواردیانین.

خۆی بەژووریدا کرد. ژوورەکە تاریک بوو. چاوی بەشەوارەی ڕووناکی دەرێ کەوتبوو. چەند جار پێڵووەکانی توند لێک نا و کردییەوە. ژوور خۆی لێ ئاشکرا کرد. چوار سووچی دۆزی. چی ماوە بیکات؟ ڕمبەیەک لە سەرەوە هات. داچڵەکی. دارەکان وەک کۆڵنجیان بۆ شکابێ، کەوتنە جیرە جیر. گڵە وردە داباری. " ئەگەر دەنگیان دەدەی.

دەڵێن بێ حەیایە. " دیسان بەرەکەی گسک دایەوە.

سەر بەستەکی نوێنەکان و کارتۆنە هەڵچنراوەکانیشم تەکاند.

– بڵێی کەی بڕۆینەوە بۆ شار و ئەم کارتۆنانە لێک بکەینەوە؟

چاوی لە ڕەسمی فەرهاد هەڵەنگووت. هەناسەیەکی لە ناخەوە هەڵکێشا: دایکت کوێر بێ..." ڕەسمەکە بۆی خنایەوە.

– کێ بەدەردی کێ دەزانێ؟! شێری ئاوام تەسلیم بە خاک کردووە. بەڵام..." ماوەیەک

لە قسەکەی خۆی ڕاما. "خەڵک چی دەڵێن با بیڵێن. بەلای منەوە شێر بوو. پاڵەوان بوو..." دەنگێکی کچانە، هەودای بیرەکەی قرتاند. دەرکەی کردەوە، تا مل سەری کێشا. گوڵێ بوو. دیار بوو بەڕاکردن هاتوە. پشووی سوار بوو. لاجانگ و سەر کوڵمەکانی خوێنیان تێ زابوو.

– چییە چەتیو. ڕەدوایان ناوی؟

– باوکم دەڵێ تا ئێرە بێ.

– دیسان کوورەکەی ڕووخاوە؟

– چش لە کوورەکە. دەیانەوێ کەپرەکەش برووخێنن.

تەزوویەک لە کەڵەموستی پێیەوە بەرەو تۆقی سەری خزی. دەمارێکی ژوور چاوی. وەک فووتێنەی منداڵ ماسی دەتگوت گوڵەگەنمی قووت داوە چاوی دەرتۆقی. بەگران تفی قووت دایەوە.

– چ ناپیاوێک دەیڕووخێنێ؟

– تۆ وەرە من نازانم.

– بڕۆ، وا هاتم... ئەو هەتیوە– قالە – وەبینەو بیبە.

کچە، کۆڵانی کرد بەچوار شەقاو. خاوەر، سرکەییبیەکەی سەری توند کرد. دەرکەی لە دوا خۆیەوە ژەند و بێ تێفکرین تووڵێکی لە پەرژینەکە هەڵکێشا. "نافۆکیان دەبڕم، بە بێ کەسمان دەزانن؟

***

کە جادەی خوار ئاوایی دەردەکەوت، ئوردووگایەکی قەڵەباڵغ دەبینرا. ڕیزە کەپرێک وەک شەمەندەفەری لەکار کەوتوو، لەگوێ جادەکە ڕوابوو. لە پشتیانەوە کۆمەڵێک خێوەتی بۆرەقنە، بەپەرتەوازەیی هەڵدرابوون. هیلالی سووری سەر پشتی خێوەتەکان، لەبەر تیشکی خۆر دەبریقانەوە. تازە بازاڕی ئاوایی جمەی دەهات. لەبەر هێندێک لە کەپرەکان کارتۆنە جگەرەی ئێراقی هەڵچنرابوو تا شەکر، ڕیز کرابوو. ماشێن بە پڕی دەهاتن و بە خاڵی دەگەڕانەوە؛ یاخود بە خاڵی دەهاتن و بەمیچوکتی پاش دەبوونەوە. لەبەر چەند کەپرێکیشدا ڕیزە کورسی تەختە کە زۆربەیان کورسی مەدرەسەکەی ئاوایی بوون، لە بن سێبەری ساباتەکانیاندا داڵدەی شارستانی بێکار و سەر لێشێواویان دابوو. کەم کەس نەیدەزانی، ئەو کەلافە بنیادەمانە کە ئەژنۆیان توند لە باوەش گرتووەو سەریان



بەلاوە ناوە، بیر لە چی دەکەنەوە. ئەوەی لە خشپەی مارو مێروو دەترسا، گوێ قولاغی هاژەیەک بوو کە بەرەو شیو و ژێر پردەکەی، خوار کەپرەکان تێی قووچێنێ. ئەوەی وا کۆڵی بەماڵی دنیاوە هەڵگرتبوو، چاوی بەشوێن پێیی هەڵگەڕان و داگەڕانی خۆرەوە بوو کە ئێوارەی لێ بێ و خۆی بە شاردا بکات و چوار کوت شڕەی دیکەش بێنێ. ئەوەی تازە زاوا بوو، هێشتا لە هەنگوین خواردن نەکەوتبوو، لە بۆنەیەک دەگەڕا دەستی تازە بووکی بگرێ و لە تاریکاندا بۆ ئاوپڕژێنی باخچەی حەوشەکەیان خۆی بەشاردا بکات. ئەوەیش کە بێ دەربەست و عەلی بێ خەم بوو، لە هاوڕێیەکی دەگەڕا دەستێ دومێنەی لە تەکدا بکات. سەر جادەش وەک حەسا و بەر هەیوانی مزگەوتان دەچوو کە خەڵک وەک فەقێ پێیدا هات و چۆیان دەکرد. لەگوێ شیوەکە جەماوەرێکی زۆر لە دەوری کەپرێکی تازە سازکراوی گوێ داتەپیو، کۆببوونەوە. کەم کەس لە غەڵدەغەڵدی ئەوڕەحمانی تووڕەو دەمارگیراو دەگەیشت.

دەستی قوڕاوی بوو، کەوا و پاتۆڵەکەشی تێ نابوو. بەدەم لووت سڕین و چاو هەڵگلۆفینەوە، چڕو چاویشی سواغ دابوو.

– تا دوێنێ هەموو ئەم ناوە نێرەکەریشی تێدا نەدەبەسترایەوە. ئێستا بۆ هەر بستێکی حەوت خاوەن پەیدا بووە.

کەس نەیدەزانی ڕووی دەمی لە کێیە. نیگای وەک مەلی سلۆک و ترسنۆک، قەرەی لقی هیچ ڕوخسارێک نەدەکەوت، دەستی لەرۆزکی ڕادەتەکاند. جاروباریش پڕ مشتێک لە کۆگا قوڕەکەی بەر پێیی دەکردە تۆپەڵەو بەچوار بەردی دا دەسوو: " لە وەحە باوکم ڕزگار بوون. هەر کامە چوار تویتایان کڕیوە. شەڕو شۆڕ بۆ ئەمان گرتی. ئێمە جەرگمان دەسووتێ، ماڵمان دەڕووخێ، ئەمان پێی دەبن بە پیاو. کەپری منی کڵۆڵ دەڕووخێنن. هەڕەشە لە منی هەژار دەکەن."

ئەوڕەحمان ئاگاداری گەڕانەوەی گوڵێ نەبوو، بەڵام زووتر لە هەمووکەس هەستی بەهاتنی خاوەر کرد. بۆیە لەنەکاو قیت بۆوە، دەستی بەپاتۆڵەکەی سڕی، دەنگی نێر کرد و کەوتە هەڕەشەکردن:

– سی ساڵە ئاسنگەرم. سی ساڵە ئاسنی ڕەق دەتوێنمەوە. کێ پیاوە دەست بۆ کەپرەکەم بەرێ.

یەکەم کەس کە پەی بەپووچەڵی بافیشەکانی برد، خاوەر بوو، دڕی بەخەڵکەکە دا. وەک گورگ هەڵی کوتایە بەر دەرکی کەپرەکە. وەک ئاغاواتی کۆن، چەند جار تووڵەکەی بەپێیی

خۆیدا کێشا. خولی بەلەشە لاوازەکەی دا. پشت لە ئەوڕەحمان و ڕوو لە جەماوەر زریکاندی:

– کێ بێجای وای کردووە؟ کێ نیازی ڕووخانی ئەم کەپرەی هەیە؟

لەتەک زریکەکەیدا، جەماوەر ڕاچەنی کێ خاوەری ژنی ئەوڕەحمان ناناسێ. بەسیلەی چاو خەڵکەکەی دۆزی. نیگای لەسەر ڕوومەتی گرۆییەکی پەککەوتەی دێهاتی گیر بوو. کێ لە ئەمە چاکتر؟ خەڵکی ئاواییە.

باقەڵ چەند ڕۆژ لەمەوپێش تەشەرێکیشی دەرفرتاندووە. لە چاو ترووکانێکدا کابرای گرۆێ، خۆی لەناوەندی قڕەکەدا بینییەوە. بەرۆکی بەدوو چنگی ڕەقەڵەوە بوو. سەرسام بوو. ڕوخساری لە بزەوە بۆ ترس، لە ترسەوە بۆ پاڕانەوە، سێ چوار دۆخی گۆڕی.

– من حەقم چییە، خوشکی خۆم؟ ئەوەی کەپرەکەتان بڕووخێنێ، خوداش دەیگرێ.

تا قەباڵەی خۆی خوێندەوە وەک ڕێوییەکە، کەوڵ کرابوو، قۆڵی کەواکەی، ئەم سەراوسەر لێک بەر بووبوو.

سێ قۆپچەی وەک نوقڵی زەماوەند، بەدەست منداڵە وردکەوە بوو.

نەزانرا یەکەم کەس کێ بوو کە گوتی: "تەیارە هات."

سەدان جووت چاوی ترسنۆک باوەشیان بۆ ئاسمانی چێشتەنگاوی هاوین گرتەوە. ئاسمان شین و ساماڵ بوو. نینۆکە هەورێکیش چییە، ڕوخساری نەشەمزاندبوو. ئەی کوا؟ گوتەکە بەسەر متمانەی چاودا زاڵ بوو. ئەوڕەحمان بە لەپە دەست کەپرۆچکەی بۆ چاوی کردبوو. خاوەر بەرۆکی کابرای گرۆیی بەردا بوو. خۆی بۆ ژێر سێبەری کەپرەکەیان خزاندبوو. وێڕای چاوی، زاریشی دەرکە کاڕێژێک کردبۆوە کابرای گرۆێ، هەلی بۆ هەڵاتن وەگیر کەوتبوو.

ئەم جارە گوڵێ بوو کە زریکاندی: " ئەوەتا."

ئەوەی لەو ناوەدا بوو لە ڕچەی قامکی گوڵێوە نیگای بۆ ئاسمان بەڕێ کرد. ئاسمان درزی بردبوو. باریکە هێڵێکی سپی تۆخ دڕی بەشینی ئاسمان دابوو. تا درێژتر دەکشا، لەدواوە زیاتر بڵاو دەبۆوە وەک ڕیسێکی شی بۆوە، دەبوو بەلۆکە. پێش ئەوەی خەڵکی لە وڕو کاسی بێنە دەرو قوفڵی پێیان بترازێ، ڕمبەیەک ئەو ناوەی ڕاتەکاند. ڕمبە وڕی خەڵکی قڵب کردەوە. لە ئان و ساتدا دارستانێک پێ بەرەو شێوەکە دایانقەڵاشت. لافاوێک زیڕە، کون و کەلەبەری بێدەنگی مێچ کوت کرد. تازە بازاڕ بوو بە ئاشی ئاو



کەوتوو. ژێر پرد کۆشی بۆ شەپۆلەکە گرتەوە. خاوەر توانای شاردنەوەی ترسەکەی نەبوو.

بەڵام بەهۆی هەڵنەهاتنەکەیەوە لەخۆی ڕازی بوو، لە شاخەوە دەتریقایەوە. کێشەو قڕەکەی لەمەوبەری لەبیر خوو بۆوە. بەدەنگێکی بەرز، وەها کە بەئازایەتی خۆی خەڵکی بشکێنێتەوە گوتی:

– هیچ نەبوو وەگەڕێن، بەردا و دەرچوو.

ئەوسا لەسەر خۆیەوە گوتی: ماڵی باوکی خاوەنی وێران بێ بڕوات و نەگەڕێتەوە.

خەڵک سەریان لە پشت تەیاری شیوەکەو ژێر پردەکەوە دەرکێشا، ئەنجا وەک لەشکری بەزیو، تاک و تەرا بەخۆ تەکاندنەوە گەڕانەوە.

– ئەوەی زۆر بترسێ ناخەلسێ.

خاوەر ئەم ئامۆژگارییەی نەبۆ کەسێکی تایبەت، بەڵکی بۆ هەموو خەڵکەکە بوو، کابرایەکی ڕیش سپی لە وەڵامیدا هەڵیدایە:

– ماڵی باوکی سەددامم بەقوڕ گرت. وەک ماری بێ ئیجازە وایە.

خاوەر بەتیزەوە پێی گوت:

– مامە، تۆ بۆ؟ خۆ سەرت لە گوێی قەبر دەلەرزێ. تەیارەش لە ئارادانەبێ لە ئیمڕۆو سبەیدا...

باقی قسەکەی خواردەوەو بەدڵسافییەوە بۆی خنایەوە.

– ڕاست دەکەی کچی خۆم. بەڵام چی لە ترس دەکەی؟

ئەگەر ترس لە خاوەر نەبایە، ئەوڕەحمان وا زوو دەرنەدەپەڕییە دەر.

خاوەر، هەر کە لە نێو خەڵکەکەدا چاوی بەئەوڕەحمان کەوت کە بەمێزەرەکەی پاشڵی خۆی دەتەکاند، لێی لە قاودا:

– ئیتر تۆ بۆ هەڵدێی؟ زۆرت دڵت بەدنیاوەیە؟

ئەوڕەحمان وەڵامی نەدایەوە. بەهەنکە هەنک هەڵگەڕا. مێزەرەکەی لەسەر ئاڵاندەوە. تاوی کۆگا قوڕەکەی دایەوە.

بۆ جاری چوارەم بوو، کە کوورەی ئاسنگەرییەکە ساز دەبوو و دەڕووخایەوە. بۆ جاری چوارەم بوو کە خاوەر بە تیزەوە دەیگوت:

– ئادەی تۆ خودا کوورەیەکی دی سازکە. بەڵام با ئەمیان بەرگەی ڕۆژێکی تەواو بگرێ.

ئەورەحمان کە خاوەری بەژوور سەری خۆیەوە دەبینی دەستی تێکەڵ دەبوو. لووتی دەهاتە خوروو.

ئەم ئەتوارانە ڕقی ژنەی پێ هەڵدەستا. بۆیە بەهەر دوو دەست شانی مێردەکەی گرت. بەتووڕەییییەوە ڕایکێشا. کابرا بەدەستییەوە ڕەتەڵی دا و لە سووچێکی کەپرەکەدا گیرسایەوە. خاوەر سەتڵێ ئاوی بەکۆگا قورشەکەدا کردو دەرەلنگی هەڵدایەوە و بەپێ کەوتە شێلانی.

– چوار ڕۆژە پێت دەڵێم کەمێک کای ڕەگەڵ کە، بەڵام بەگوێتدا ناچێ.

لەو کاتەدا دووسێ کەس خۆیان بەژووریدا کرد. نەیاندەناسی. لەترسی تینی گەرماکە هاتبوون. هەڵبەت لای خۆیان گوتبوویان:

– با برۆینە ژێر سێبەری کەپرەکەی ئەورەحمان دوو قسە بەخوێدا ژێنین.

ئەورەحمان جگەرەیەکی لە میوانەکانی وەرگرت و دایگیراند. خاوەر سەری لێ ڕاوەشاند. میوان زەردە خەنەیان بۆ کرد. یەکێکیان بەدۆخێکی بەخەمەوە بوون پرسی:

– بەخێر کەی دەست بەکار دەبی؟

خاوەر هەڵیدایە:

– خۆ دەڵێی بەنەمەییوییەوە لەدایک بووە. ئەمە بۆ جاری چوارەمە سازی دەکات و دەڕووخێتەوە.

میوان هیچیان نەگوت. ئەورەحمان کە هێشتا پرسیارەکەی لە بیر نەچووبۆوە گوتی:

– هەر کە کوورە ئامادە ببێ، دەست بەکار دەبم.

پێی وا بوو پرسیارێکی دیکەشی لێ کراوە. بۆیە درێژەی پێ دا: «ئەی بۆ کار نابێ؟ هەر لە ئاواییییەکانی ئەم ناوە گەلێک کۆنە مشتەریم هەیە. داس و تەوراسیان بۆ کوێ دەبەن؟ بۆ شار؟ خۆ بەناشوکری نەبێ کوند لێی دەخوێنی. کەواتە هەر دەیهێنن بۆ خۆم سی ساڵە ئاسنگەرم، سەنعەتکارم. مەڕواننە ئەوەی کە چەرمەسەری ڕۆژگار بەم مەرەی بردووم. سەد گەنجی ئەم زەمانە بەپێڵاوەکانیشم نازانم."

ئەو قسە، فەرهادی لەخاوەر ژیاندەوە. کاتێک لە وەڵامی وەها وتەیەکی باوکیدا جرتی بۆ دەداو دەیگوت:

– تۆ کەوتوویتە لەنجە...



خاوەر هەمیشە لەسەر فەرهادی دەکردەوە. ئێستاش پێی وابوو ئەو گوتەی ئەورەحمان بۆ شکاندنی فەرهادی جوانەمەرگە بۆیە گوتی:

– بێ فەرهادییە چاومان لە دەستی لەرزۆکی تۆ بڕیوە. دایکی کوێر بێ.

ئەورەحمان بەئاشکرا باسی فەرهادی لا خۆش نەبوو. لە قسەیەک دەگەڕا، باسەکەی پێ بگۆڕێ بۆیە گوتی:

– ئەرێ ئەو چەتیوە، گوڵێ، چی لێ هات؟ منداڵەکەش دیار نییە.

گوڵێ هێشتا لەو دیو تەبارەکە بوو. کەم نەبوون ئەوانەی وا لەترسی گەڕانەوەی تەیارەکە ئەو ناوەیان چۆڵ نەکردبوو. گوڵێ لەگوێ شیوەکە چوار مێلکەی دابوو. بەولاوەتر دوو سێ کوڕی گەنج لە تەک قالە بچووکی برایدا گالتەیان دەکرد. بانگی لێ کرد. یەکێک لە گەنجەکان بۆی هێناو دایە دەستی. نوچرقێک لە باسکی گوڵێ گیرا. هەر ئەو پەنجانە بەئانقەست لە دەستی خشکان. ئەو تەزووە کە بۆ یەکەم جار، لە ڕاموسانی دەستی کوڕێکی گەنج لەگیانی کچ دەگەڕێ، لە گیانی گوڵێ نەگەڕا. بە حەکەیارەییەوە گوتی: "کوێر بی".

گەنجە لە خۆشییان خنایەوە. بەگەشکەدارییەوە بەرەو هاوڕێکانی بۆوە. گوڵێ چاوی بەم لاولایدا گێڕا. بۆی گرینگ بوو کە پێیان نەزانیبێ. بەزللە قالەی دانیشاند، بەلاچکی کەواکەی لووتی بۆ سڕی. یەکێک لە گەنجەکان بە زەردەخەنەوە گوتی:

– ئەو منداڵەش لە فەرهادی جوانەمەرگ دەچێ، بزۆزە.

گوڵێ دەیزانی کە کۆنە هاوڕێی فەرهادن، باش دەیناسێن. گوتی:

– دە کەواتە خودا بیباتەوە بۆ لای فەرهاد.

سەری قسەی بۆ گەنجەکان کردەوە. گوڵێ چاوی بۆ ژوور تەبارەکە هەڵبڕی، لە بەر خۆیەوە بۆڵاندی: ئەو دووانە بۆ نایەن؟ ئێستا تەیارەکە دەگەڕێتەوە."

ئەورەحمان بەگەوجیەکی ئاشکراوە بۆڵاندی:

– ئەو چەتیوە بۆ نایەتەوە؟ نەکا لە تەک هەتیوەتیواندا قسە بکات؟

خاوەر لە ڕوومەتی میوانەکانی ڕوانی. دوایی سەری هەڵبڕی و چاوی بە تەبارەکەدا خشاند ئەوەندەی پێویست بێ ئەو ناوە قەڵەباڵغ بوو. نیگای لەویش دزییەوە. بەخێسەوە سەیری ئەورەحمانی کرد.

– تۆ هەر لە سووک کردنی ئەو چەتیوە بگەڕێ. نە کچەو نە نیوە کچ، فەرهادیش...

ئاوڕی لە میوانەکان دایەوەو درێژەی پێ دا:

– فەرهادم پاڵەوانێک بوو، ئەوەندەی تانەو تەشەر لێدا تا پارێکە لەوەها ڕۆژێکدا... ئاخ! دایکت کوێر بێ! ئەگەر لە بیرتان بێ ئەو یەکەم ڕۆژەی وا سەگبابەکە نێوی ئەو شارانەی خوێندەوە کە بۆردومان دەکرێن و دەبێ چۆڵ کرێن، لەو ڕۆژەدا لە داخی ئەم لە گرێژەنە چووە، خۆی بەشاردا کردووە. ئاخ، بریا قەزات لە گشتمان کەوتبایە، ڕۆڵە.

یەکێک لە دانیشتووان پرسی:

– جا بۆ چوو بۆ شار؟ لە کوێ جوانەمەرگ بوو؟

خاوەر، پێی بەقوڕە خەستەکەدا نووساو تیری نیگای لە زاری ئەوڕەحمان هەڵچەقی.

ئەم هەستی بەکوشندەیی نیگاکە کرد. هیچی نەگوت دوای ساتێک ڕامان هەستایە سەر پێ؛ تاوی بەردو قوڕەکەی دایەوە. خاوەنی پرسیارەکە زیاتری لەسەر نەڕۆیشت. بێدەنگی، وەک سێبەری شیرێک ترسی خستە نێو دڵی دانیشتووانەوە. خاوەر پەی پێ برد. دەنگی هەڵبڕی:

– دەخەریک بە دەی.

پرسیارەکە وەک مزراق لە مەیدانی مێشکیدا دەخولایەوە: «جا بۆ چوو بۆ شار؟ لە کوێ جوانەمەرگ بوو؟» وەڵامی ئەم پرسیارانە لەتەک فەرهادی جوانەمەرگدا چاڵ کرا بوون. ویستی خاوەر وەها بوو. بەڵام...

کینەی ئەوڕەحمان. دەمی بڵاوی گوڵێ ئەمانە نەیاندەهێشت خاوەر بۆ ساتێک دڵنیابێ. هەمیشە دەیگوت:

– نەکات، نەکات قەبرەکە بدەنەوە و وەڵامی ئەو پرسیارە شوومە ئاشکرا ببێ.

کووره بەرەو تەواو بوون دەچوو. هێشتا میوانیش دەستیان لەقوڕ و بەرد وەردابوو. ئەوڕەحمان بزەی سمێڵی دەهات تاریفی دەست و پەنجەی ڕەنگین و سەنعەتکاری خۆی دەکرد. خاوەر لە تانە و تەشەری خۆی نەدەنا. ڕاستەوخۆ بەقسەی سووک دەیشکاندەوە. میوان پێش نیوەڕۆیەکی خۆشیان بەسەر دەبرد. تەیارە لە بیری هەموو خەڵک چووبۆوە.

گوڵێ و گەنجەکانی دەوروبەری سیوایان لە یەکترو خەڵکیش بووبۆوە. قالە بچکۆل بەمست گڵی بەخۆیدا دەپرژاند.



زرمەیەک زەوی ڕاتەکاند. کەس بەپێویستی نەزانی چاو بۆ ئاسمان هەڵبڕێ. سەدان جووت پێ بەرەو شیوو ژێر پردەکە هاتن. زۆری نەخایاند کە گەڕانەوە. تەیارەیەک – کە کەم کەس دیتبووی – شاری کوتابوو. ئەوانەی چاویان تیژ بوو، دەیانگوت گێژەڵوکەیەک لە جەرگی شارەوە بەرەو ئاسمان بالآی هەڵکشاوە. خاوەرو ئەورەحمان نیگایان بەسەر کووره ڕووخاوەکەدا شۆڕ بووبۆوە. گوڵێ لە ژێر پردەکەدا چاوی لە هیچ نەبوو. بیری دەکردەوە.

– ئاخۆم برای کێ بۆ دزی خۆی بەشاری چۆڵدا کردووەو جوانە مەرگ بووە؟

کەس لە بیری ئەوەدا نەبوو کە خەمی کێ گورچکبڕترە.

بەهاری ١٣٦٦

# مونو درامای چاوەڕوانی

بۆ هونەرمەند: کاک هادی زیائەدینی

*شوێن : ژووری هونەرمەندێکی نەقاشە. سەعاتێکی دیواری لەکارکەوتوو و سێ چوار تابلۆ بەدیوارەکانەوە هەڵواسراوە.*

چۆخەو پشتێنی هونەرمەندەکە هەڵواسراوە. لایەکی ژوورەکە، مێزو کورسییەکی لێیە. لە سەر مێزەکە، جگە لە قەڵەم و کاغەز، تەلەفوونێک هەیە. لە نێوەڕاستی ژوورەکەدا سێ پایەیەکی نەقاشی تەنشتی لە بینەرانە؛ تابلۆیەکی سپی لە سەرە. لە سووچی تری ژوورەکە کورسییەک دانراوە، لە پێشیدا مێزێکی بچووکی شووشەیی هەیە. یەک دوو گوڵدان بەشێوەیەکی ئاسایی لە سەر تاقی پەنجەرەکە دانراون.

کە پەردە هەڵدەکشێ، نەرمە ڕووناکاییەک لە سووچێکی لای خوارووی پەردەکەوە لە تابلۆو نەقاشەکە دراوە. سێبەری درێژی خستۆتە سەر دیوارەکە. کە ئەکتەر لەفیکس دەرچوو. نەرمە ڕووناکاییەکە دەکوژێتەوەو نوورێکی مام ناوەندی گشت ژوورەکە دەگرێ.

هونەرمەند: [دەمارگیراو و چاوەڕوانە. دادەنیشێ. کەمێک بەقەڵەم و کاغەزی سەرمێزەکە یاری دەکات.]

– ئیمڕۆ ڕۆژێکی تایبەتییە. ڕۆژێکی دەگمەن لەو ڕۆژانەی کە دوا چاوەڕوانییەکی درێژ ماوە هەڵدەکەون. چاوەڕوانیەکی بێ ماندوو بوون.

[قەڵەم و کاغەزەکە دادەنێ و هەڵدەستێ]

– ئیمڕۆ ئەو ڕۆژەیە. ئەو ڕۆژە پیرۆزە. ئەو ڕۆژەی وا خەون و خەیاڵ و ڕاستی لەیەک جودا ناکرێنەوە. ئەو ڕۆژەی وا مەستی و هوشیاری لەیەک دەچن. ئەو ڕۆژەی وا گریان و پێکەنین مانایەک زیاتر نابەخشن [خەنی] ئا... خ... چ ڕۆژێکی پیرۆزە. ئیمڕۆ چ ڕۆژێکی خۆشە... ئەرێ خۆش... خۆش. لەم ڕۆژانەدا هەموو کەس و هەموو شتێکت خۆش دەوێ؛ یا باشتر وایە بڵێم، هەموو کەس و هەموو شتێکم خۆش دەوێ. دار، بەرد، دیوار، سێپایە، قەڵەم، پەنجەرە، ئەرێ پەنجەرە. حەز دەکەم لەم پەنجەرەوە باڵ بگرم. وەک مەلێکی ئێسک



سووک لە شەقەی باڵ بدەم. بڕۆم، بڕۆم، [بەترس و گومانەوە] نا، نا، نابێ بڕۆم بۆ کوێ بڕۆم؟

خۆشییەکەم بەم ژوورەوە بەستراوەتەوە؛ کەواتە نابێ بڕۆم. شاییم لەم ژوورە دایە. ئەم ژوورە پیرۆزە. کەواتە حەز دەکەم لە گشت باڵندەکان وەگێرم. هەموو جیهان داوەت بکەم. [بەگەشکەوە] وەرن!

وەرن ئەی هەموو کەسەکان و هەموو شتەکان! وەرن بۆ ئەم ژوورە پیرۆزە. بەم دەرکە پیرۆزەدا وەرنە ژوور. بەم پەنجەرە پیرۆزەدا. بەم تەلەفوونە پیرۆزەدا.. ئا... ئا... ئەم تەلەفوونە پیرۆزە.. [بەرەو تەلەفوونەکە دەخشێ] کە مزگێنیم دەداتێ.. هەر ئێستا... یان ساتێکی دیکە... [لێی دوور دەکەوێتەوە] نا، ساتێکی دیکە نا، هەر ئێستا، زەنگ لێ دەدات.

[تەلەفوون دەنگی بەرز دەبێتەوە. هونەرمەند بەسەر سووڕماوییەوە بۆلای دەچێ] نەمگوت؟ نەمگوت هەر ئێستا؟ [گووشییەکە بۆ گوێی دەبات] ئەلۆ... فەرموو. فەرموو نازدارەکەم! فەرموو چاوەکەم! ڕۆحەکەم! ژیانەکەم!

[خەیاڵ دەیباتەوە. گووشی وردە وردە لە گوێی دەخزێتە خوارو دەکەوتە سەر دڵی] بەڵێ بەڵێ خۆمم. ئەی چۆن دەنگت ناناسمەوە؟ لەگیانمدا دەنگ دەداتەوە. خۆشترین موسیقایە خۆشترین ئاهەنگە، ڕۆحم دەلاوێنێتەوە. بەقوربانت بم! هەموو ژیانەکەم، ئەی چۆن. بەڵێ چاوەڕوانتم.. بەهەموو هەستمەوە. بەهەمموو هەستمەوە چاوەڕوانتم. ئا... ئا... بەڵێ... هەر لێرە چاوەڕێ دەبم. گیانم بەنەزمی دەرکەکە دەسپێرم. بەڵێ... بەڵێ.. [وەخۆی دێتەوە. گوشییەکە بۆ گوێی دەباتەوە.. ماوەیەک سەرسام دەبێ] ئەم ڕایە ئەو نەبوو. ئاخ... ئەو نەبوو...

[تەلەفوونەکە دادەنێ. سەری دەخاتە نێوان دوو بەرە دەستی و ماوەیەک ڕادەمێنێ] بەڵام ئەوە ناگەیەنێت کە ئەو نایەت، هەر دێت. دڵنیام کە دێت، هەر ئیمڕۆ و هەر ئێستاکە. تەلەفوون زەنگ لێ دەدا. ئەم جارەیان خۆیەتی. هەواڵی هاتنیم دەداتێ. دەڵێ ئامادە بە وا من دێم. ئامادە.. ئامادە... [پێدەکەنێ] ئامادە [ئارام دەبێتەوە] چۆن ئامادە بم؟ دەبێ چی بکەم تا ئامادە بم؟ هەرگیز بیرم لەم پرسیارە نەکردبۆوە.

بڵێی لەو تەلەفوونەدا ڕەمزێک نەبێ؟ دڵنیام لە خۆوە نییە. دەیتوانی بێ تەلەفوون کردن، ڕاستەوخۆ بێ. باش دەزانێ کە من لە چاوەڕوانیدام. ئەی بۆ تەلەفوون؟ بۆ؟ [وەک

شتێکی دۆزیبێتەوە] کەواتە ڕەمزێکی تێدایە. ڕەمزەکەش ئەوەیە کە من ئامادە بم. باشە مەگەر من ئامادە نیم؟ مەگەر من لە دەمێکەوە خۆم ئامادە نەکردووە؟

[ماوەیەک ڕادەمێنێ.. چەند سوورێ بەژوورەکەدا دەدات و لە شتەکان ورد دەبێتەوە] ئەمە کورسی دانیشتنەکەیەتی.. [لە تەک کورسییەکەدا یاری دەکات] لێرە دادەنیشێ. ئەمەش مێزی شووشەیی بەردەمی. خۆ ڕوون و جوانە.. [بە وریاییەوە سەیری دەکات. گورجێک دەسرەیەک دەهێنێ و خاوێنی دەکاتەوە].

لەوە ڕوونتر مەگەر گیانی ئەو بێ. ئەو میوانە بەڕێزە، با گولدانێک لێرە دانێم. [گولدانێک دەهێنێ و دایدەنێ] تەواوە، زۆر شیاوە، زۆر جوانە؛ کەواتە ئێستا ئامادەم. ئامادەی، ئامادە. هەر کە تەقەی لە دەرکە دا، هەڵدێم لەبەر قاپیەکەدا ماوەیەک دەوەستم. تادڵە کوتەکەم چاک دەبێتەوە. تا بە سەر خۆمدا زاڵ دەبم. پاشان دەرکە دەکەمەوە. لە پشت قاپێکەیە. ئارام وەک دەریایەکی مەند. بزەیەک ڕوومەتی نەخشاندووە. وەک ڕەنگدانەوەی مانگەشەو لە کانیدا. کانییەکەی شیعری گۆران. کانییەکی ڕوونی بەر تریفەی مانگە شەو. ئای خۆش بی گۆران. پاشان دەڵێم فەرموو. دێتە ژوور. خەرامان خەرامان بەرەوتی کەو، یان کۆتر یان سروە یان، ئاخ! بەرەوتی خۆی، چاوێک بەژوورەکەدا دەخشێنێ. لە چاوەکانیدا ڕەزامەندیی بەدی دەکەم. دادەنیشێ. منیش لێرە، لە حاستی چۆک دادەدەم. خۆم دەدەمە بەر لێزمەی بارانی نیگای. با بشۆرێم.. با خاوێن ببمەوە، خاوێن خاوێن. هەڵدەستم. پاشەوپاش دەگەڕێمەوە. ئەچمە لای تابلۆکە.. قەڵەمەکە هەڵدەگرم. ئەم ڕا تابلۆ دەنەخشێنم. ئای.. ئای.. ئای.. لەو تابلۆیە.. ئای لەو هەموو هەستە. لەو گشتە ڕاستییە. لەو هونەرە؛ بەرەو پیری دەچم. داوەتی دەکەم لە تابلۆکەم بڕوانێ، فەرموو. سەیری کە. ئەی نازدارەکەم فەرموو! پێدەکەنێ. نەرم و لەسەرخۆ. سەیری چی بکات؟ مەگەر خۆی نەیکێشاوە؟ مەگەر ئەو دەستی نەگرتووم؟ مەگەر ئەو هێزی پێ نەبەخشیوم؟ ئای...ئای... من چ گێلم. ئەرێ گێلم... [قاقا پێدەکەنێ. لە ناکاو وەخۆی دێتەوە. چاو بەژوورەکەدا دەخشێنێ]

ئەی ئەگەر نەهات؟ [تووڕەو قەلز] ئەی بەلەعنەت بی، گومان. سەرچاوەت وشک بێ گومان. چۆن نایەت؟ هەر ئەبێ وابێ. دڵنیام کە دێت. لەو دەرکەوە. لەو پەنجەرەوە. لەو کلاوڕۆژنەوە. لە دیوارەکەوە دێت، دێت.. دێت.. وەک سروە. وەک هەوا. کە کەس نایبینێ. وەک شەپۆلی ڕادوێ کە کەس نایبیستێ. لە پێشدا تەلەفوونم بۆ دەکات.



تەلەفوون... تەلەفوون.. ئەو ڕەمزە.. دەڵێ ئامادە بە وا هاتم. ئامادە بە... ئامادە بە... ئامادە بە... [توندوتووڕە] ئاخر چۆن ئامادە بم؟ چی بکەم؟ [پەشۆکاوو ناڕەحەت دادەنیشێ. دیسانەوە سەری دەخاتە نێوان دوو دەستی]

[سەری هەڵدەبڕێ]. بوو بەچی؟ [ئاماژە بۆ تەلەفوونەکە دەکات] لەگەڵ تۆمە بوو بە چی؟ بۆ دەنگت لێوە نایەت؟ بۆ نازریکێنی؟ بۆ؟ [هەڵدەستێ] ئەم بێدەنگییە، وەک بێدەنگی گۆڕستان دەچێ.

وەک بێدەنگی مەرگ [ئاماژە بۆ دەرکە دەکات] تۆ بۆ؟ تۆ... کوا جیرەت؟.. کوا تەقەت؟... [ڕوو لە هەموو ژوورەکە] کوا دەنگ؟ کوا؟ کوا؟ کوا دیاردەیەک لە ژیان؟ بۆ پێم نالێین؟ ئایا من مردووم؟ ئایا من دیلی هەزار توێی خاکم؟ ئایا دیلی هەزار توێی مەرگم؟ نەکات ئێرە وەک ژووری پاشا مردووەکانی میسر بێ؟ [تووڕەو توند] کوا زەمان؟ زەمان کوا، تا نەبزی بگرم؟ نەکات هەزارەها ساڵ بێ کە من مردووم؟ [وەخۆی دێتەوە] نا.. نا.. نەمردووم. چاوەڕوانم.

ئەگەر مردووم، چۆن چاوەڕوانم؟ ئەگەر چاوەڕوانم چۆن مردووم؟ چاوەڕوانی، ئەو پەرژینەیە کە منی لە دێوەزمەی مردن شاردۆتەوە. ئاخ! چاوەڕوانی، چ شیرین و چ تاڵ. پێتان دەڵێم مادام چاوەڕوان بن نەمردوون. مردن ئەو ڕۆژەیە کە چاوەڕوانی وەک گەڵایەک بەداری ئەندێشەوە وشک دەبێ و دەوەرێ. ئاخ چاوەڕوانی ئاخ! [بەدەم بزەیەکەوە] ڕەنگە لە سکی دایکمدا چاوەڕوانی هاتنە دنیام دەکرد. کە هاتم، چاوەڕوانی بزەی دایکم. چاوەڕوانی ڕووی خۆشی باوکم. هەروا پەیتا پەیتا چاوەڕوانی، چاوەڕوانی چاوەڕوانی تا گەورە بووم. چاوەڕوانی. چاوەڕوانی دەسگیرانێکی ڕەزا سووک.

چاوەڕوانی ماچێکی دیل. چاوەڕوانی چاوەڕوانییەکی هەزارەها ساڵە. کێ دەڵێ باوکە ئادەم، کە پێی نایە سەر ئەم زەوینە، ئەنگوستیلەی چاوەڕوانی لە قامکی مێشکیدا نەبوو؟ بۆ دەبێ وانەبێ؟ بۆ مرۆڤ دەسگیرانی چاوەڕوانییەکی هەتا هەتایی نییە؟ بۆ نییە... بەڵام ئایا چاوەڕوانی من لە ڕەگەزێکی دیکە نییە؟ نازانم. ڕەنگە وابێ و ڕەنگە وانەبێ. من چاوەڕوانی میوانێکی خۆشەویستم کە بوونی خۆمی پێ بسەلمێنم.

[بەرەو تابلۆو پایەکە دەچێ] وانییە؟ وانییە ئەی ڕۆڵەی شیرینی ساتێکی دیکەم؟ [یاری لە تەک تابلۆ سپییەکەدا دەکات] کە هات، ڕازی یەکە یەکە ڕەنگەکانم پێ دەڵێ. لە چاویدا دەیخوێنمەوە. پاشان قەڵەمەکەم دەداتە دەست. ڕەنگەکان هەڵدەگرم. [بە دەم

قسەکردنەوە چی دەڵێ، دەیکات] ئینجا خەتێک.. خەتێکی دیکە.. دیسانەوە... ڕەنگ ڕەنگ تێکەڵیان دەکەم. لە تابلۆکەیان دەسووم دوایی تۆ لە دایک دەبی، کچی شیرینم. تۆ کە ڕۆڵەی ڕاستەقینەی خۆمی. ئاوێنەی بالاّ نوێنی ڕۆحمی. بۆخۆمی، هی خۆمی، وەک خۆم پێدەکەنی. وەک خۆم دەگری، وەک خۆم بیر دەکەیتەوە. وەک خۆم بەنێو بازاڕو نێو کۆڵان دەچی. بۆ نێو منداڵان یاری دەکەی. شەڕ دەکەی بزێوی دەکەی. ئارام دەبییەوە. خۆشیان دەوێی. دوژمن ڕقت لێ هەڵدەگرێ. بە بەرد سەرت دەشکێ. خوێنی لێ دێ. لە خەستەخانە دەرمانت دەکەن. برینەکەت دەبەستن. برین سارێژ دەبێتەوە. چاک دەبییەوە. دوایی [لە تەک خۆیدا] دوایی چی؟ نا، دوایی، نا. هەمدیسان چاوەڕوان دەبی وەک من. وەک باوکی من وەک باپیری من، وەک گشت مرۆڤێک، وەک مێژوو، وەک داهاتوو، وەک هەمیشەیەکی بێ بڕانەوە، ئەرێ ڕۆڵەی شیرینم! ئەرێ تابلۆ نەخشینەکەی ساتێکی دیکەم. بەمەرجێ، بەمەرجێ کە بێت بەمەرجێ ئەو تەلەفوونە بزریکێنی ئەو دەرکە دەنگی لێ بەرزوەبێ بەمەرجێ من هێشتا مرۆڤ بم، هێشتا هونەرمەندبم.

بەو مەرجە تۆش دەبیتە ئەندامێک لە بنەماڵەی ئێمە، وەک ئەم تابلۆیانەی دیکە. [ئاماژە بۆ تابلۆکان دەکات] وەک ئەمە.. ئەمی دیکەیان. ئا ئەوەش.

[رادەمێنێ. ترس زۆری بۆ دێنێ. دەتاسێ] باشە، ئایا ئەمانە ڕۆڵەی خۆمن؟ ئایا تۆوی کەسی دیکەیان پێوە نییە؟ [پەشۆکاو] ئاخ... ئەی نەفرەتت لێ بێ، گومان! ئەی دەعبا! ئەی جاڵجاڵۆکەی پیس! بۆ وازم لێ ناهێنی؟ هەزارەها ساڵە مێشکم دەجوی. بیرم دەلێسییەوە نەفرەتی خودات لێ بێ گومان. باشە، ئەگەر وابێ چی؟ ئەگەر ئەم تابلۆیانە حەرامزادە بن چی؟

ئایا نەدۆڕاوم؟ ئای لەم قومارە... ئای لەم مەرگەساتە. [تووڕە، ڕوو لە یەکەی یەکە تابلۆکان دەکات] تۆ، تۆ، پێم بڵێ بەدەم هێلنجی کام ئازارمەوە لە دایک بوویت؟ بیسەلمێنە، کە حەرام زادە نیت. بەڵگەم پێ بنوێنە. تۆ، تۆ لەگەڵ تەقینەوەی کام بوغزو گریانمەوە هاتی؟ تۆ تۆ لە کامە شادی و پێکەنینمدا گیانت گرت؟ دەری خەن.. هەڵی ڕێژن.. کوا باری ئازارەکانتان؟ کوا گەڕی شایی و رەشبەڵەکتان؟ [بەدەم پارانەوەوە] تکاتان لێدەکەم. دەعبای گومانم لێ بتارێنن. ناسنامەکانتان دەرخەن. لێتان دەپاڕێمەوە. ڕاستیم پێ بنوێنن. ئایا ڕۆڵەی هەست و ئەندێشەی خۆمن؟ [ماوەیەک بەگومانەوە سەیریان دەکات] دەزانم چیتان لێ بکەم، دەزانم چۆن لەمەحەکتان بدەم. دەتانبەمە



مەیدانی شار، هەڵتاندەواسم؛ نا، نا داتان دەنێم. لەقەڵەباڵغی مەیدانەکەدا، ئەگەر باڵتان گرت، ئەگەر هەڵفڕین، ئەگەر توانەوە... ئای ئەی ئەگەر وانەبوو؟ ئەی ئەگەر بوونە پەیکەرێکی قوڕینە و دوور لە زەمان و زەوی مانەوە؟ چارنییە.. دەبێ وا بکەم.

جا بۆ وا؟ بۆ سەبر نەگرم، تا میوانە خۆشەویستەکەم بێت؟ فتوای خۆیی بوونتان لەو وەردەگرم. فرێتان دەدەمە بەر پێی. وەک گۆران کە شێعرەکانی فڕێ دایە بەر پێی پیرەمێرد. گوتی: کێهەیان زۆڵە، بە سەری گۆچانەکەت سەری پان بکەوە. فڕێ تان دەدەمە بەر پێی. بۆ خۆی دەزانێ چی بکات. دڵنیام دەکات. دڵنیام کە دڵنیام دەکات. بەڵام بۆ نەهات؟ بۆ وا درەنگی کرد؟ بڵێی نەتۆرابێ؟ بڵێی بێ؟ بڵێی...

[لەم کاتەدا تەلەفوون زەنگ لێ دەدات. هونەرمەند دوا واق وڕمانێکی کورت بەرەو تەلەفوون دەچێ. پێش ئەوەی بیگاتێ، دەرکەش لێ دەدرێ. دەگەڕێتەوە. لە کاتێکدا کە دەرکە لێ دەدرێ و تەلەفوون دەزریکێنێ هونەرمەند بێ ئەوەی بەهیچیان گەیشتبێ بەوپەڕی خۆشحاڵییەوە، پەستا پەستا، دەڵێ:]

هات، هات... [پەردە دەکێشرێ و شانۆ دوایی پێ دێ].

٧٠/٤/٢٤

# تەنگانە

کورتە چیرۆک

# وتەیەک

بێ گومان زۆربەی خوێنەران لەسەر ئەو باوەڕەن کە خولقاندنی بەرهەمێکی ئەدەبی، سەختترین بەشی پرۆسەی لەدایکبوون تا پێشکەشکردنی بەرهەمەکەیە. بەڵام نووسەران و هونەرمەندانی هاوچەرخ دەزانن کە لە وڵاتی ئێمەدا هەوڵ و تێکۆشانی نووسەر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکەی زۆر جار ئەگەر گرانتر لە خولقاندنی نەبێ ئاسانتریش نییە.

کەم بەرهەمی ئەدەبی بەتایبەت بەشی ئەدەبیاتی خولقاندن و هاوچەرخ هەیە کە بەختی یار بێ و لەکاتی خۆیدا چاپ و بڵاو بکرێتەوە؛ «تەنگانە» لەو بەرهەمانەیە. ئەگەر چی پێشبینی دەکرا لە وەها بارودۆخێکی ئابووری و بە تایبەت فەرهەنگیدا ساڵەهای ساڵ لە تەنگانەدا بمێنێتەوە، بەڵام دوا چەند ساڵێکی کورت و لەئەنجامی چیرۆکی دوور و درێژدا بڵاو دەبێتەوە.

هەرچەندە لە پشت بەرگی «زریکە»دا هەواڵی ئامادە بوونی تەنگانەم ڕاگەیاندبوو، بەڵام دوا ماوەیەک بیرم لەوە کردەوە ڕۆمانی «گوڵی شۆڕان» کە بەشێک لە ئێوەی ئازیز هەواڵیتان دەپرسی و خۆشم پێم وابوو – ئێستاش هەر پێم وایە – نیازی ئەوەی هەیە زیاتر لەم چیرۆکانە شوێن لەسەر سەردەمەکەی دابنێ، پێش بخەم. بەڵام وەک ئەوە چارەنووسی دووهەم کتێبم هەر لە پشت بەرگی یەکەم کتێبمدا لە قەڵەم درابێ، گوڵی شۆڕانی لەمەیدانی نەبوونی هەموو چەشنە ئمکاناتێکی چاپ و بڵاو کردنەوەدا بەجێ هێشت و پێش کەوتەوە.

ئەم کۆمەڵە چیرۆکە کە زۆربەیان هیچ ویکچوونێکی شێوازی و تەنانەت مەوزووعیش بە یەکەوە نایانبەستێتەوە و تەنیاو تەنیا بە بۆنەی حاڵەتێکی هاوبەشی کەسەکانیانەوە –تەنگانە– لە دوو توێی ئەم کتێبەدا کۆ بوونەتەوە، بە پێی تەمەن و مێژووی لەدایکبوونیان ڕیز نەکراون.

«شەو قەڵای مێردە» یەکەم چیرۆکی ئەم کۆمەڵە لە ڕاستیدا تا ئێستا



دواهەم چیرۆکمە و بەرهەمی داچڵەکین لەو ڕووداوانەیە کە هەموو شەوێ لە دراوسێیەتیمەوە ڕوو ئەدەن.

حەوت چیرۆکی لەوە دواش کە لە پاییزی ساڵی ١٣٧٢ و بەدوای شاڵاوی شەپۆلێکی زەینیدا نووسراون، زۆربەیان ئەگەرچی لە فەزایەکی ئەفسانەییدان و زیاتر لە فانتازی دەچن، بەڵام هەر کامە ئیشارەتێکن بە مەوزووعێک کە ئازارم پێیانەوە بینیوە.

بەڵام دواهەم چیرۆک «ڕابووردوویەک لە ئاگردا» بەرهەمی سەرەتای تێکۆشانی چیرۆک نووسیمەو تەنانەت لە پێش هەموو چیرۆکەکانی زریکەشدا نووسراوە. کە دواتر بۆ چاپ لە گۆڤاری سروەدا کورتە دەسکارییەک کراوە. هۆی ئەوەش کە لە پاشکۆی ئەم کتێبەدا بڵاوی دەکەمەوە، بەشێکی ئەوەیە کە خۆم و ئێوەی خوێنەری ئازیز بزانین لە ماوەی ئەم چەند ساڵەدا چیم کردووە. ئەگەر چی ناتوانم دان بەو ڕاستییەشدا نەنێم کە لای ئێمە خوێنەری ئەم چەشنە چیرۆکانە ڕەنگە گەلێک زیاتر لە چیرۆکەکانی ترم بن.

عەتا نەهایی

## شەو قەڵای مێردە

گوتی: «ئەگەر تۆ دەسەڵاتی خوڵقاندنی جیهانێکت ببوایە، جیهانێکی ناحەز و پڕ لە کارەساتی ڕەشت دەخولقاند.»

گوتی: «مرۆڤەکانی ئەو جیهانە ئەگەر شەل و قۆڕ و گێڕیش نەبوونایە، لانی کەم کۆمەڵێ مرۆڤی شێت دەبوون کە بەزەییییان بە یەکتردا نەدەهات و بەو پەڕی دڵڕەقییەوە یەکتریان دەبرییەوە.»

گوتی: «لەو جیهانەدا جگە لە ڕەنگی ڕەش هیچ ڕەنگێک نەدەبوو؛ ئەگەریش ببوایە زەردی خۆڵەمێشی و شینی خۆڵەمێشی و سووری خۆڵەمێشی دەبوون.»

گوتی: «تۆ پیاوێکی نەخۆشی کە بە داخەوە توانای بیرکردنەوە و خەیاڵ پەردازیت زۆرە.»

من لەو کاتەدا بیرم لە کابرایەک دەکردەوە کە کۆڵێک قاچاغی لە نێو ژوور و لە سەروو لانکەی منداڵەکەیەوە دانابوو. جاجمێکی دڕاوی بەسەردا کێشابوو، بۆ سەدەمین جار – لە نیوەڕۆوە– سەیری سەعاتە دیوارییەکەی دەکرد و بەبێ بڕوایی و گومانەوە سەری لە میلەکانی ڕادەوەشاند. ئەوسا سەری لە تای پەنجەرە چکۆلەکەوە دەردەکێشا و ڕووەو ئاسمان چاوی بۆ هەتاو دەگێڕا. کە نەیدەدییەوە سەری دەبردە ژوور و بەداماوییەوە بە ژنەکەی دەگوت: «ئافرەت پێت وایە چەندەی ڕۆژ ماوە؟»

ژنەکەی بەتوانجەوە دەیگوت: «تا نیوەڕۆ ملت نەئەدا. لە نیوەڕۆشەوە کە ملت داوە، واز ناهێنی. هەراسانت کردم پیاو. دڵنیابە نامری و شەو دێ و تۆ ئەو کۆڵە لە کۆڵ دەنێی و سەر ڕێ ئەکەوی.»

گوتی: «نازانم چۆنە ئەمجارە بابەتێکی ئاساییت بۆ چیرۆک هەڵبژاردووە؟ من زۆر کەس دەناسم وەک کابرای تۆ چاوەڕوانی ڕۆژاوا بوونن و دڵیان بەو کۆڵە خۆشە کە بۆ سنووری دەبەن.»

گوتم: «نازانم لە کوێوە دەست پێ بکەم؟ هەمیشە دەست پێکردنم لە کۆتایی پێهێنان، بەلاوە گرانتر بووە.»



گوتی: «دڵنیام دەڵێی شەو بوو. شەوێکی تاریک و ئەنگوستەچاو. بێدەنگییەکی سەیر لە ژوورە چکۆلەکەی گەردووندا پەنگی خواردبۆوە. هەموو شتێک لە جمین و بزووتن کەوتبوو، جگە لە هەنگاوی کابرا کە بەرەوپێش دەخزی و خەیاڵی کە بەرەو دواوە دەفڕی...»

گوتی: «چیرۆکێکت نەنووسیوە کە لە ڕۆژدا ڕووی دابێ.»

گوتم: «بۆ ئەو پیاوانە تۆ دەیانناسی بە ڕۆژ بارەکەیان لەکۆڵ دەنێن و سەر ڕێ دەکەون؟»

گوتی: «ئێستا پێم بڵێ کابرای چیرۆکەکەت چۆن پیاوێکە؟ شەلە یان گۆج؟ گولەکەیە یان درێژ؟»

گوتم: «پیاوێکی گەنجی لەش ساغی تۆکمە».

گوتی: «پێم سەیرە! کەواتە ژنەکەی نەخۆش و داماوە. نەکا ئەو بارکێشانە قاچاغە بۆ پەیدا کردنی پارەی دەواو دەرمانی ژنەکەی بێ؟»

گوتم: «بە پێچەوانەوە ژنەکەی لە خۆی ساغتر و جوانترە.»

گوتی: «ئەگەرچی دەزانم ئەم هەویرە ئاو زۆر دەبا، بەلام دەست پێ بکە بزانین چۆن دەردەچێ.»

گوتم: «لە دەست پێکردنیدا ماوم.»

گوتی: «بە بڕوای تۆ ژیان لە کوێوە دەست پێ دەکا؟»

تا من هاتم بڵێم: «لە یەکەم وشەی چیرۆکەکەمەوە» کابرای کۆڵکێش گوتی: «لەم کاتەوە کە کارم دیوەتەوە.»

ژنەکەی گوتی: «کەواتە تۆ مانگی حەوت جار ژیانت دەست پێ دەکا.»

کابرا ئاخێکی هەڵکێشاو گوتی: «حەوت جاریش کۆتایی پێ دێ.»

ژنەکە لچی هەڵقرچاندو و بەتیزەوە گوتی: «بەو پێیە من لەگەڵ پیاوێکدا دەژیم کە دەبێ مانگی حەوت جار گوێزەبانی بۆ بکەن و حەوت جاریش شینی بۆ بگێڕن.»

کابرا گوتی: «ئافرەت تۆ جاران ئاوا لەگەڵ من نەدەدوای. پێت وا نییە گۆڕابێتی؟»

ژنەکە گوتی: «تۆش جاران ئەو قسانەت نەدەکرد. کەواتە تۆ گۆڕاوی.»

کابرا لە جێی خۆی بزوا. بەرەو لانکەکە هەڵخزی. سەری هەڵدایەوە و لە ڕوومەتی

منداڵەکەی ورد بۆوە؛ پاشان لەکۆڵەکە نزیک بۆوە. وەک ئەوە خۆی بۆ لەکۆڵنانی ڕابێنێ، پشتی لێ هەڵسوو. دیسانەوە سەیری سەعاتەکەی کردەوەو بە دزی ژنەکەیەوە سەری لێ ڕاوەشاند. ئەوسا گوتی: «پیاو نابێ قسەی دڵی بۆ ژن بکا.»

ژنەکەی زەردەخەنەیەکی کرد و گوتی: «نابێ چاوەڕوانیش بێ ژن لەگەڵیدا ڕاستگۆ بێ.»

گوتی: «نەمگوت؟ نەمگوت ئەم هەویرە ئاو زۆر دەبا؟ دیسان گومان، دیسان دڕدۆنگی، پیاوی باش تۆ کەرەسەی خۆشەویستییەکی بێ گەردت لە مێشکدایە. پیاوی ئازاو لە خۆبردوو کە تەنیا بیر لەکارەکەی دەکاتەوە. ژنی جوان و ژیر کە وەک فەیلەسووف دەدوێ. منداڵێکی ساوای نێو لانکە و پەنجەرەیەک بەرەو جیهانی دەرەوە. بۆ لە عەشق نادوێی؟ بۆ باسی بڕواناکەی؟ بڕواو لەخۆ بوردوویی. دەڵێم، ڕاستی ئەو بارە قاچاغە چییە؟»

گوتم: «هەرچی لێرەوە بشێ بۆ ئەو دیو سنووری ببەن. بابڵێین چوار باتری ماشێن.»

گوتی: «بۆ ئەو چوار باتریە بە پارەی ژنەکەی نەکڕدرابێ؟ ئێستا کە کابرا هەژار و بێکارە، بۆ ژنە بەدزییەوە ئاڵتوونەکانی نەفرۆشتبێ و نەیکردبێتە دەسمایە بۆ مێردەکەی؟»

گوتم: «بەچیدا بزانین ژنە ئاڵتوونی هەیە؟»

گوتی: «هەموو ژنێک لانی کەم جووتێ گوارە و دوو بازنەی هەیە. لە زەماوەندەکەیدا بۆی کڕدراوە.»

گوتم: «من پێم وایە ئەم کابرایە کاتێ ژنی مارە کردووە، ئاڵتوونەکانی خوشکی بە ئامانەت وەرگرتووە.»

گوتی: «دواییش لێیان سەندووەتەوە. کابرایەکی دراوسێی ئێمەش وای کردبوو. کە لێیان سەندەوە لەگەڵ ژنەکەی لێیان بوو بە شەڕ. من و خێزانم ئاشتمان کردنەوە.»

گوتی: «ئەی کەواتە پارەی ئەو باتریانەی لەکوێ بووە؟»

گوتم: «بابڵێین هی پیاوێکی دراوسێیانە. بیستوویەتی کابرا بێ کار و بێ دەستمایەیە، بە قسەی خۆی یارمەتی داوە.»

گوتی: «نا. ئەوە لە ڕاستی دوورە و چیرۆکەکە بێ تام دەکا. بە کرێی گرتووە؛ با بڵێین شەوی بە پێنج سەد تمەن.»

گوتی: «جا خۆ ئەو کرێکەی دەرناهێنێتەوە. ئەی ئافەرین پیاوی ئازا. دەی کەواتە لە



ئازایەتی و پیاوەتی دراوسێکەیانەوە دەست پێ بکە.»

گوتم: «ئەرێ...»

کابرا زیاتر لە حەوتوویەک بوو بۆ کار دەگەڕا و دەستی نەدەکەوت. ڕۆژی ئاخری حەوتە لەکاتێکدا لەماڵەوە دۆش دامابوو، چاوی شەرمی لە بەردەمی خۆی بڕیبوو، ژنەکەی گوتی: «کاک ئەحمەد هەواڵی دەپرسی.»

کابرا کە لە شێوە گوتنی میهرەبانانەی ژنەکەی زیاتر بە خۆیدا دەشکایەوە، بێ ئەوە سەر هەڵبڕێ لەبەر خۆیەوە گوتی: «لە کوێ دیت؟»

ژنەکە میهرەبانتر گوتی: «خێزانی فەرشی دەشت، بۆ یارمەتیدانی چووبووم. ئەویش بەسەردا هاتەوە و دەربارەی کار و کاسبیت پرسیاری لێ کردم.»

کابرا گوتی: «خۆزگە هیچت نەگوتبێ.»

ژنەکە تەواو لێی نزیک بۆوە و گوتی: «بۆ دەبێ نەیڵێم؟ خۆ بێ کاری عەیب نییە. جگە لەوەش کاک ئەحمەد تاجرە و دەیان کەس نان لە دەستی دەخۆن. گوتم بەڵکو تۆش...»

کابرا قسەکەی پێ بڕی و گوتی: «هیچی خراپم لێ نەدیوە، بەڵام لە خۆوە خۆشم ناوێ.»

ژنەکە گوتی: «پیاوی هەژار کەسی خۆش ناوێ. بەڵام پیاوی ساماندار...»

کابرا بەنیوە تووڕە بوونێکەوە گوتی: «پیاوی ساماندار مەلایکەیە. ئەی بۆ یەکێک لەو مەلایکانە کارێک بە من نادا؟»

ژنەکە بە ڕەنجاوییەوە گوتی: «نە دەڵێم ئەو مەلایکایە، نە تۆش داوای کارت لێ کردووە تا پێی نەدابی.»

کابرا لە تووڕە بوونەکەی پاشگەز بۆوە و ئارامتر گوتی: «دەی کە تۆ باسی بێ کاری منت بۆ کرد، چی گوت؟»

ژنەکە دیسان میهرەبان بۆوە و گوتی: «دەی کاری بۆ بینیتەوە.»

کابرا پەنجەی لە یەک ترازان و ئەژنۆکانی ئازاد بوون. ئەوسا بە خۆشحاڵییەوە سەری هەڵبڕی و گوتی: «بە ڕاستتە ئافرەت؟»

ژنەکە زەردەخەنەیەکی کرد و بەناز سەری بۆ لەقاند. «ئەگەر دەرەقەت بێیت؟»

کابرا بە لە خۆ ڕادیوبییەوە گوتی: «کێوی بۆ کون دەکەم.»

زەردەخەنەی ژنەکە بوو بە قاقا و گوتی: «پێویست بەکێو کونکردن ناکا شەوێ کۆڵێکی

بۆ ببە بۆ سەر سنوور. دەرەقەت دێی؟»

کابرا شادییەکەی لێ تارا و گوتی: «شەو؟»

ژنەکە دەستی بە شانیدا هێنا و گوتی: «شەو قەڵای مێردانە. چوار شەو کرێچی ئەو دەبی و سەری پێنجەم شەو باری خۆت دەبەی. وەک کاک ئەحمەد دەیگوت دوا ساڵێک خۆت دەبی بەتاجر و کرێچی دەگری.»

کابرا بە خەمەوە گوتی: «ئاخر تۆ بەتەنیا دەمێنییەوە.»

ژنەکە پەنجەی لە قژی ڕۆکرد و گوتی: «مەترسە گورگ نامخوا.»

گوتی: «ئەمە بوو بە شتێک؛ چاکەو پیاوەتی عەشق و خۆشەویستی، هەوڵ و تێکوشان. بەڵام تکات لێ دەکەم بە شێوەیەک بینووسە هەموو کەس تێی بگەن.»

گوتم: «لە چی بگەن؟»

گوتی: «لە چی بگەن؟ لە چیرۆکەکە.»

گوتم: «لە چیرۆکەکە یان لەکابرا و ژنەکەی؟»

گوتی: «کامە کابرا؟ کامە ژن؟»

بەنەرمە پێکەنینەوە گوتم: «ئەو ژن و پیاوە کە لەوکاتەوە باسیان لێ دەکەین.»

گوتی: «مەبەستت کەسەکانی چیرۆکەکەیە؛ وانییە؟»

بە غەمبارییەوە گوتم: «نازانم، مەبەستم پیاوێکە کە لەگەڵ ئاوابوونی دواهەم گزنگەکاندا کۆڵەکەی لەکۆڵ دەنێ و دەچێتە بەر دەرکە. دوا ئەوە بەسڵ و ترسەوە سەرەتاتکەی دەرەوە دەکا و ئەوەندەی نیگا لە تاریکایی کۆڵانەکە دا بڕشتی ببێ لەم سەر و سەری دەڕوانێ. ئەوسا ئاوڕ لە ژنەکەی دەداتەوە و دەڵێ: «ئافرەت وا ڕۆیشتم ئەگەر چی...»

ژنەکەی نەیهێشت قسەکەی تەواو بکا. لچی لێ هەڵقرچاندو سەری لێ ڕاوەشاند. ئەوسا بە بێزارییەوە گوتی: «دە برۆ پیاو! خۆ بۆ سەفەری قەندەهار ناچی. تاسەر سنوور دەچی ماڵت کاول بێ.»

کابرا کە دیار بوو پێی ڕۆشتن و توانای دڵ هەڵکەندن لەماڵەکەی نییە، هەناسەیەکی هەڵکێشا و گوتی: «ئافرەت ئاگات لەخۆت و منداڵەکە بێ.»

ئەوسا ڕەنگە بە پاڵنانی نیگای ژنەکەی چووە ئەو دیو. ژنەکە دەرکەی لە سەر پێوەداو



دواکەمێک کردیەوە. پاشان بەنازێکی ژنانە گوتی: «دەبرۆ پیاو!»

کابرا لە نێو ڕێش جگە لەو دوو وشە هیچی تری لە بیر نەمابوو.

گوتی: «لەوێوە شوێن کابرا بکەوە.»

بە پێکەنینەوە گوتم: «ئەی ناکرێ کەمێک لای ژنەکە بمێنمەوە؟»

وەک پیاوێکی زۆر زیرەک گوتی: «نا... نا... نا.. تۆ لەماڵی کابرا هیچ کارێکت نەماوە. چنکا ئافرەتێکی تەنیا ناتوانێ کەرەسەی هیچ ڕووداوێک بێ.»

گوتم: «تەنیا؟»

گوتی: «جا بزانە چۆن پێت دەگەم. مادام لەوێ بمێنییەوە نیازی خراپت هەیە.»

گوتم: «نیازی خراپ.»

گوتی: «بەڵێ؛ گوێ بۆ ڕووداوێکی خەیانەتکارانە هەڵدەخەی.»

گوتم: «خەیانەت لە بن گوێماندایە.»

گوتی: «تکات لێ دەکەم بە قسەم بکە. لەوێ نەمێنییەوە، هەموو شتێک مرۆڤانە دەردەچێ.»

گوتم: «بەڕاستتە؟»

گوتی: «پەلە بکە. کابرا بە جێت دێڵێ. پێی ناگەیتەوە.»

کابرا لە ڕاستە جادەکەوە نەدەڕۆیی. نەیدەوێرا زۆریش لە جادەکە دوور بکەوێتەوە ئەو جادە چۆڵە کە تەنیا هەستی بەچەند میترێکی پاش و پێشی دەکرد، ئاسوودەیی و دڵنیاییەکی سەیری پێ دەبەخشی. لەناکاو دەنگێکی بیست. دەنگێکی ئاشنا بەڵام لەو کاتەدا ترسناک. ڕەنگە زیاتر لەوەی بەگوێ بیستبێتی بە پێ هەستی پێ دەکرد. هاڕە هاڕێک بوو. ئاوڕی دایەوە هیچ ڕووناکاییەکی نەدی. لە بەر خۆیەوە گوتی «ڕەنگە بە هەڵە چووبێتم، یان گوێم زرینگابێتەوە.» سەر ڕێ کەوتەوە. چەند هەنگاوی هەڵنەهێنابۆوە کە دیسان هاڕەهاڕەکەی بیستەوە. ئەم جارە بەرزتر. ئەوەندە بەرز کە ناچار بوو بڕوای پێ بکا. ڕاوەستاو بۆ جارێکی تر ئاوڕی دایەوە. ڕووناکاییەک قەدپاڵی شاخەکەی دەرخست. ڕووناکاییەکە بێ ئەوەی سەرچاوەی دیار بێ، ماروو دوو خزی. ماشێنێک بوو بە جادەکەدا دەهات. لەبەر خۆیەوە گوتی «بەم شەوەو بەم جادەدا؟» یەکەو ڕێ بیری بۆ ماشێنی ژاندارمە چوو. دڵی داخورپا. هەست بەتەنیایی و بێ کەسییەکی

سەیر ناخی داگیر کرد. لەوە دەچوو تازە بیری لە تاریکە شەوەکە کردبێتەوە. گوتی «ئێستا دەمبینن و...» نەیتوانی بیر لە ئەنجامەکەی بکاتەوە. لە بن بەردێکی قەراغ جادەکە هەڵتووتا. «بڵێی نەمبینن؟» نەیوێرا هەستێ و بەشاخەکەدا هەڵگەڕێ. زیاتر خۆی مت کرد. سەرچاوەی ڕووناکاییەکە دەرکەوتبوو. دوو گڵۆپ کە درێژایی جادەکەیان دەردەخست. «بڵێی چ ماشێنێک بێ؟» بەشەوارە کەوتبوو. لە پشت ڕووناکاییەکەوە هیچی نەدەدی. «خۆم بە خودا دەسپێرم.» ماشێن نزیک و نزیکتر دەبۆوە. هێشتا نەیگەیشتبوویە کە ڕاوەستا و چەند ژەندارمەی لێ دابەزی. بانگیان کرد. «وەرە دەر. وەرە دەر...» نەیوێرا خۆی دەرخا. لوولەی تفەنگی ژاندارمەکان لەبەر تیشکی ڕووناکاییەکەدا دەبریسکانەوە و زیاتر دەیانترساند.

– «بارەکەت چییە؟»

نەیوێرا هیچ بڵێ.

ماشێن ئارام و بەکاوەخۆ بەجادەکەدا هەڵدەگەڕا. ئارام دەڕۆیی. گوێی لە دەنگی کەسەکانی بوو. فارس بوون یان کورد؟ تێنەدەگەیشت. زەنا زەنایەک زیاتری نەدەبیست. ڕووناکاییەکە بەسەریدا هەنگاوی ناو لێی ڕەت بوو. ئێستا ماشێنەکەی وەک تاپۆیەک دەدی؛ تویۆتا بوو. گوێی لەدەنگی کەسەکانیشی بوو. بە کوردی دەدوان. کەواتە ماشێنی حوکمەتی نەبوو. ترسەکەی لە ئان و ساتدا تارا و لە بن بەردەکە هاتە دەر. ڕەنگە بۆ ئەوەی سواری بکەن. ماشێنەکە لەبەر پێیی ڕاوەستا. دڵی خۆش بوو. شوفێرەکە بانگی کرد: «مردووت مرێ پێمان وابوو چەتەی.»

لێی نزیک بوە و یەکتریان ناسییەوە. ماشێنی کاک ئەحمەد بوو. شوفێرەکەشی لە دەمێکەوە دەناسی لێی پرسی: «بارەکەت چییە؟»

باری ماشێنەکەش باتری بوو. بەسەر سوورمانەوە گوتی: «هەر بەو ڕاستە جادەدا هاتووی؟»

شوفێر بە پێکەنینەوە گوتی: «ئەی پێت وایە بە شاخ و دۆڵەدا هاتووم؟»

ئەوەندەی تریش سەری سوڕما. گوتی: «ناترسی بتگرن؟»

شوفێرەکە گوتی: «بمگرن؟»

ئەوسا تێی گەیاند جادەکە لە قۆنتەراتی کاک ئەحمەد دایە و زیاتر لە دە ماشێنی بەڕێوەیە. ئەوەی بۆیە گوت کە لە ماشێنەکانی دواوە نەترسێ و خۆ نەشارێتەوە.



شوفێرەکە گوتی: «کۆڵەکەی تۆ چییە؟»

نەیتوانی ڕاستی پێ بڵێ. لەبەر خۆیەوە گوتی: ئەی ئەگەر وایە بۆمنی سەر ئەم ڕێگە خستووە؟»

شوفێرەکە داوای لێ کرد سوار بێ. سوار نەبوو. تەنانەت سوپاسیشی لێ نەکرد.

ماشێنەکە ڕەت بووبوو. لە خۆی دەپرسی: «ئەگەر وایە بە ئازادی باری بۆ دەردەچێ، من ناوم چییە؟» بیری بۆ ماڵەوە چوو. تەزوویەک لە گیانی گەڕا و بێ ئەوە دەرچێ لە دڵێدا هێلانەی کرد گوتی: « لەهەر ڕێیەکەوە بڕۆی بە مەبەستێک دەگەی.»

گوتم: «کێ؟ من؟»

گوتی: «نەدەکرا وا دەرنەچێ؟»

گوتم: «نازانم.»

بەدەمارگرژی و بێزارییەوە گوتی: «ناکرێ واز لە نووسینی بێنی؟»

گوتم: «بۆ ناکرێ؟»

دوا کەمێک ڕامان دیسان گوتم: «لە ڕاستیدا خۆشم زۆر بەدڵم نییە. وازی لێ دێنم.»

ئەوسا بەدەم قسەکردنەوە لە چایخانە هاتینە دەر.

## من... تۆم... خۆش... دەوێ

دوکتۆر هێرۆ لە ژووری کارەکەی لە پشت مێزێکی گەورە دانیشتبوو. کاتێ بەردەستە ژمارە نووسەکەی بێ تەقە لێدان دەرکەی کردەوە کە بڵێ: «خانم، نەخۆش بێتە ژوور؟» دکتۆر لێوی وەک خونچە کۆکردبووە و دەیگوت: «من ... تۆم ... خۆش ...» بەڵام بەدیتنی ئەو، خونچەی لێوی ژاکا، چرچ کەوتە تەوێڵی و قیژاندی:

– «چەند کەڕەت پێت بڵێم، کاتێ نەخۆشم لابوو بێ تەقە لێدان خۆت بەژوورا مەکە؟»

بەردەستەکەی بەسەر سامییەوە چاوی بەژوورەکەدا گێڕا و دەرکەی پێوەدا.

دوکتۆر هێرۆ گوێی لێ بوو لەودیو، لە هۆڵی چاوەڕوانی بەنەخۆشێکی دەگوت:

– «نەخۆشی لێیە و بەم زوانەش کاری تەواو نابێ.»

هێرۆ گەڕایەوە بۆ دۆخی پێشووی: «وەک من بیڵێرەوە، من... تۆم... خۆش...» بەڵام تووڕەییەکەی نەڕەویبوەوە بزەیەکی تاڵ نیشتە سەرلێوی و لەبەر خۆیەوە گوتی: «چاوت لێیە؟ تەنانەت ئەویش...»

دیسان قسەکەی تەواو نەکرد. لە درزی پەردەی پەنجەرەکەوە هێڵێکی باریک ڕووناکی خۆی گەیاندبووە دیوارەکە و لەملا شێرەی دەست شتنەکە ئارام دەلەرایەوە. سەرنجی هێرۆ ڕاکێشرا. قامکی بەرزکردەوە لە حاست تیریێژەکە ڕایگرت. سێبەری کەوتە سەر دیوارەکە. ئارام قامکی جووڵاندەوە. سێبەرەکەش جووڵایەوە. توندتر. سێبەرەکەش توندتر جووڵایەوە. چاوی بەمێزەکەدا گێڕا، چەکوشێکی بچکۆڵەی پزیشکی بەرچاو کەوت. لەوانەی بەئەژنۆی نەخۆشیدا دەکێشن. بەرزی کردەوە و لە حاست تیریێژەکە ڕایگرت.

سێبەری لەسەر هێڵەکە جێی نەبۆوە. بەبێزارییەوە فڕێی دا. زرمەیەک هەستا. بەدوا زرمەکەدا هەستی بەتکەتکی ئاوی شێرەی دەست شتنەکە کرد. لە گوێیدا زرینگایەوە. لە خۆیەوە گوتی: «هەر دەزانێ لە خۆوە بێتە ژوورەوە و قسەمان پێ ببڕێ...» دیار بوو لە تەک کێیەتی. «سێ ڕۆژە ئەو شێرە تکە دەکا.» هەستایە سەر پێ یەکەوڕێ بەرەو شێرەکە چوو. پێش لەوەی دەستی بیگاتێ، سەرنجی بۆ ئاوێنەکە ڕاکێشرا. لە خۆی ڕوانی. چاوی چکۆڵە کردەوە. خوماری کرد. ئەوسا تا بۆی دەکرا پێڵووەکانی لێک ڕەواندەوە. گلێنەکانی



وەک بەلەم لە دەریایەکی سپیدا... «چاوت زۆر جوانە، هێرۆ.»

ساڵانێک لەمە پێش کچێکی دەستە خوشکی ئەوەی پێ گوتبوو. ئەمیش پرسیبووی: «هەر چاوم؟»

ئەوەی بەرز گوتەوە. ئاوێنەکە هاوکات بۆی سەندەوە. دەستی بۆ زولفی برد. بەڕقەوە لەچکە سپییەکەی لەسەر خۆی داماڵی. یەک دوو جار سەری ڕاوەشاند. قژی پەرێشان کرد. «ئەم ئاوێنە لێڵە.»

لە زیپکەکانی ڕوومەتی ورد بۆوە. زیپکەی شین، دانە و دوان نا، زیپکەیەک پەڕیبووە سەر لووتی. «ماڵ لە خۆیانییە...» زیپکەی سەر لووتی گەورە بوو. بەقەدەر لووتێکی تر. هەموو ڕوومەتی داپۆشی. بەڕقەوە ئاوڕی دایەوە و گوتی:

«تۆ لەو زیپکە نەحلەتییانە بێزاری، بێ چاووڕوو...» لە دەنگی خۆی سەرسام بوو. هەڵوێستەیەکی کرد. پێی وابوو ئێستا دەرکە دەکرێتەوە، بەڵام تەنیا تکەی ئاوی شێرەکەی بیست. وەک چرکەی کاتژمێر. «کەواتە چرکەی کاتژمێرەکەیە...» کاتژمێرێکی بەقەدی دیوارەکەوە بوو.

– «بۆ ئەم کاتژمێرە گەورەیە، بابە؟»

– «یادگارە کچم. بۆ ئێرە جوانە. سەیرکە چۆن ژوورەکەی پێ ڕازاوەتەوە...» هێرۆ بیری لە چاوەڕوانییەکانی کردەوە. ئاوڕی دایەوە و گوتی:

– «ئەم کاتژمێرە شایەتی چاوەڕوانیمە هیوا.»

گوێی لێ بوو بەردەستەکەی بەکەسێک دەڵێ: «نەخۆشی لێیە؛ دوکتۆر ئیمڕۆ دەرفەتی نییە.»

هێرۆ ئارام تریقایەوە. پێچ و خولێکی بە لەشی دا و خۆی گەیاندە پشت مێزەکە.

«وەک من بیڵێ، من... تۆم... خۆش...»

هەم دیسان چرکەی کاتژمێرەکە، لەبەر خۆیەوە گوتی: «کاتژمیر نەبووایە مرۆڤ ئاسوودە دەژیا.»

ئارەزووی ڕاوەستانی میلەکان لە گیانیدا چەکەرەی کرد.

– «حەزدەکەی میلەکانی ڕاوەستێنم، هیوا؟»

بیری کردەوە. وا چاکە میلەکان بەتوندی هەڵسووڕێنێ...

– «پێت خۆشە خۆم بەمیلەیەکیدا هەڵواسم و وەک چەرخ و فەلەک هەڵسووڕێم؟»

خۆی بەمیلەیەکدا هەڵواسی. وەک جیلانەکردن. میلە پاشەوپاش هەڵسووڕا.

کاک سەلیم، هاوڕێی باوکی بوو. قسەی ئەو لای هێرۆ ڕەتبوونەوەی نەبوو کە ڕووی لێ نا هێرۆ هەر ئەوەندەی گوت:

– «قوربان چاککردنەوەی نەخۆشی وا کاری ڕۆژێک و دووان نییە.»

بەدڵ بیری لەوە دەکردەوە کە بلێی کاک سەلیم بۆ چاککردنەوەی نەخۆشێکی وا نائاسایی چەندە پارەی بداتێ؟

کاک سەلیم گوتی:

– «چاوم لەوە نییە، دوکتۆر هێرۆ! با زۆر بخایەنێ. چی پارەم دەچێ، با بچێ. هیوا کوڕێکی زیرەکە. بابڵێم هەڵکەوتەیە. ناوەندی تەواو کردووە. بۆ زانستگاش دەرچووە. بەڵام دوو کۆسپی لەسەر ڕێگەیە. یەکەمیان پارەیە. ئەو لە ئەستۆی من، بەفیرۆ ناچێ. ماڵی دونیا بۆ پیاوەتی کردن لە تەک خزم و ناسیاو چاکە. دووهەمیان لە ئەستۆی تۆیە. پارە لە من چاککردنەوەی لە تۆ. نا. لاڵێکی وا نییە؛ تەنیا وشەکانی باش بۆ ناگوترێ. ئەم دوانزە ساڵە وا خوێندوویەتی بەکڵۆڵی هێناویەتی. بەڵام لە زانستگا لە نێو چاک و خراپدا، لە نێو کچ و کوڕی قوتابیدا، لە غەریبیایەتی، نا... دەرەقەت نایەت. کوڕێکی ناسکە. دەبێ یارمەتی بدەی. دڵنیام زمانی چاک دەبێتەوە. پیاوێکی سەیر دەردەچێ.»

هێرۆ تێدا مابوو. چاککردنەوەی نەخۆشی وا ئاسان نەبوو. پێویستی بەڕاهێنانی زۆر بوو. گوتن و گوتن و... بەڵام ماندووبوونەکەی دێنا. کاک سەلیم دەست و دڵ ئاوەدان بوو. جگە لەوەش چاککردنەوەی نەخۆشی وا لە نێو شاردا. دەنگی دەدایەوە.

– «هیوا بلێ، دوکتۆر هێرۆ... چۆنی...؟»

کاک سەلیم ڕاستی گوتبوو. هیوا زۆر لاڵ نەبوو. شەرمن بوو. ڕۆژانی ئەوەڵ هەموو گیانی سەر ئارەق دەنیشت. چاوی لەبەر پێی دەبڕی. پێویست بوو لە ئاوێنەدا سەیری دەم و زمانی خۆی بکات و دوکتۆر چی گوت بەشوێنیدا بیلێتەوە.

هێرۆ دەیگوت:

– «ئاوێنەکەمان لێڵە، لێڵ و ناحەز. پێویستە بیگۆڕین.»

هێرۆ هەرگیز حەزی لە ئاوێنە نەکردبوو.



– «هیوا بەدوا منا بیلێرەوە، من ... گەنجێکی ... زیرەکم...»

هەر زیرەک نەبوو، جوانیش بوو. گەنجێکی جوان، شەرمن و لەبەر دڵان. هێرۆ تا ئێستا بیری لە جوانی ئەم گەنجە نەکردبۆوە. ئەو تەنیا لە بیری ئەنجامی کارەکەیدا بوو. لە بیری داهاتی کارەکەیدا. بەڵام...

دەرکە دوا تەقەیەک کرایەوە. بەردەستەکەی بوو. دیار بوو ترساوە.

– «خانم ئەگەر کارت بەمن نەبێ...»

هێرۆ دەستی لە ملی کاتژمێرەکە بەربوو. میل بەگورجی گەڕایەوە سەر دۆخی پێشوو. چرکە... تکەی شێرەکە... سەرئیشە... «ماڵت کاوڵ بێ هیوا.»

بەباوکی گوتبوو:

– «کاتژمێر پێوانەیە. ناهێڵێ ئاسوودە بژین.»

باوکی تێنەگەیشتبوو. گوتبووی:

– «هەموو ژوورێک کاتژمێرێکی دەوێ. ئەویش ژووری ئاوا ڕازاوە. ژووری کاری خانم دوکتۆر هێرۆ...»

بەباوکی گوتبوو:

– «کاتژمێر لە تەمەنی مرۆڤ بەپەلەیە. جگە لەوەش لە کارمان دەکا. دەبێ هۆشمان لای بێ تا بزانین چەندە لە تەمەنمان ڕۆیشتووە و چەند ماوە.»

دیسان باوکی تێنەگەیشتبوو. گوتبووی:

– «تۆ ئێستا سەرەتای ژیانتە.»

– «تۆ تەمەنت چەندەیە. هیوا؟»

ئاگای لێ بوو هیوا نیگای بۆ کاتژمێرەکە بەرێ کرد. هێرۆ بەهەڵەداوان خۆی گەیاندە میلەکەی و کەوتە جیلانە.

– «گوێ بگرە هیوا، خەریکە تەواو چاک دەبیتەوە. ئێستا چاو هەڵبڕە و ڕوو لە ئاوێنەکە بلێ، سوپاس... بۆ تۆ ... هیرۆ...»

– «سوپاس ... بۆ تۆ... هیرۆ خانم.»

سوپاس بۆ تۆ هیوا. ئەمەی بەزمانی دڵ گوت. بەوردی لە باڵای هیوای ڕوانی. وەک پەیکەرێکی ئەفسانەیی دەچوو. پەیکەرێکی جوان کە هێرۆ زمانی هێنابووە گۆ،

پەیکەرێک کە هێرۆ بەشی بەبەرۆکییەوە بوو. پەیکەرێک کە خاوەنەکەی هێرۆ بوو. دەبوو وابێ.

– «تۆ زیرەکی... ئێستا بە جوانی... قسەش دەکەیت...»

– «تۆ زیرەکی... ئێستا بە جوانی... قسەش دەکەیت...»

ئیتر ئاوێنە پێویست نەبوو. ئاوێنەیەکی لێڵ و ناحەزکە دەبوو بیگۆڕن. چاوی لە چاوی پەیکەرەکە بڕی. خۆی بۆ ڕانەگیرا. نیگای بەرەو دەمی پەیکەرەکە شۆڕبۆوە. ئەو دەمە دەبوو گەلێ ڕاز بدرکێنێ. ئەی بۆ نایەتە گۆ؟ موڵکی هێرۆ بوو. زەوییەکی ئامادە. دەبوو خاوەنەکەی تۆوی وشەی تیدا بچێنێ. کامە وشە؟

– «چاو لە من کە و بڵێ، تۆ جوانی...»

– «تۆ جوانی...»

هەرچی هێزی بوو بۆ ڕاوەستانی میلەکە بەکاری هێنا و فێنکاییەک لە دەروونی گەڕا. دووبارەی کردەوە.

– «تۆ جوانی...»

– «تۆ جوانی...»

دەنگێکی زوڵاڵ لە قووڵایی ناخی هیرۆدا دووبارە دەبۆوە.

– «چاوت... زۆر جوانە...»

– «چاوت... زۆر جوانە...»

– «هەر چاوم؟» ئەمەی لە دەستە خوشکەکەی زانستگای پرسیبوو، ئێستا لە هیوا دەپرسێ:

– «هەر چاوم؟»

– «هەر چاوم؟»

– «بڵێ، هەموو گیانت جوانە.»

– «هەموو گیانت جوانە.»

– «بڵێ،...» ئاخ! ... نا ... هیچ مەڵێ. بەباوکی گوتبوو:

– «چۆن ئەو کاتژمێرە لە کار دەکەوێ؟»

باوکی گوتبووی:



– «مەترسە کچم، لەوەتی من وەبیرم دێ کار دەکا.»

– «هیوا بڵێ، من ... تۆم ... خۆش ... دەوێ.»

– «من ... تۆم ... خۆش ...»

هێڵی ڕووناکییەکە بەرەو ئاوێنەکە خزابوو. بەهێمنی لە سەری دەلەرایەوە. چرکەی کاتژمێرەکە دەنووکی لە جەرگی دەگرت.

– «گوتم بڵێ، من ... تۆم ... خۆش ... دەوێ.»

– «من ... تۆم ... خۆش ...»

بەباوکی گوتبوو:

– «کاتژمێر تەمەنی چاوەڕوانی درێژ دەکا.»

باوکی تێنەگەیشتبوو.

# بەهیوای «باران»

بۆ شاعیر و نووسەری هاوڕێم

نەجیبە ئەحمەد

– «نا. من بەهیوای منداڵێکی سەیر و سەمەرە نەبووم...»

ئەمە وتەیەک بوو کە کابرا ویستبووی بە ژنەکەی بڵێ، بەڵام دڵی نەهاتبوو. دوا ئەوەی ژنەکەی چاوی لێکنا، هەستایە سەر پێ. بەدەم بەرزبوونەوەوە سەیری ڕوومەتی ژنەکەی کرد. نەخەوتبوو. جاروبار لە درزی پێڵووەکانییەوە چاوی دەکرد. تێ دەکۆشا ڕوومەتی ڕازی دەروونی نەدرکێنێ. چاوی هەڵبڕی. نیگای بەقەدی دیوارەکەوە لکا. بەرەو تاقەکان خزی. ئاوێنەیەک لە قاپێکی زیودا لەسەر تاقێک بوو. بیری کردەوە: (بڵێی چەندەها ساڵ لەمەوبەر ئەم قاپە داڕێژرابێ؟) نیگای بۆ تاقی دووهەم چوو. خۆی و ژنەکەی لە وێنەیەکی کۆندا پێدەکەنین.

– (سەیر، پێکەنینمان لێ پژاوە.)

– (چاکتر، خەندەیەکی هەتاهەتایی دەبێ.)

وێنەگرەکە ئەمەی گوتبوو.

– (خەندەیەکی هەتاهەتایی) وێنەکە کوتێ کاغەز بوو کە زۆر بەئاسانی دەدڕا.

کەواتە تەنیا یادگارێک بوو. یادگاری ڕۆژانێکی بەسەرچوو. (ئێستا چ سوودێکی هەیە؟) مامڵە بەیادگارەکان ناکرێ.

– (وێنەکە لێرە دادەنێین پیاوەکە. با هەمیشە چاومان لە چاویان بێ...)

– (لە چاویان؟)

– (لە پێکەنینیان.)

– (تۆ باسی کێ دەکەی ئافرەت؟)

ژنەکەی زانیبووی وەک دوو کەسی گوم باسی کردوون.

پێکەنیبوو.



– (با ئەم دەستە گوڵەش لە پێشیانەوە بێ.)

– (لە پێشیانەوە؟)

ژنەکەی ویستبووی خۆی لەو مەیدانە دەرباز بکات.

– (ئەوان ئیتر ئێمە نین، کابرا.)

– (ئەی کێن؟)

ژنەکەی بۆی تریقابۆوە. بەرەو پیری چووبوو. شەرم نەیهێشتبوو باوەشی پێدا بکا.

کابرا خۆی لە وێنەکە دزیبیەوە. پرسیارێک ئازاری دەدا. (ئەوان کێن؟)

ژن و مێردێکی گەنج. خاوەنی ژیانێکی تازە و شیرین. دنیایەک خەون و ئارەزوو.

(ئەی ئێمە کێین؟) دوودڵی شکاو. دوو گیانی ماندوو. خاوەنی کۆشکێکی هەرەس هێناو. دانیشت و پاڵی دایەوە. چاوی قووچاند. گوێی بۆ سەمفۆنیای دڵە کوتەی خۆی و ژنەکەی شل کرد. مۆسیقایەکی ئارام، ئارام و بەسۆز. لە موومانێکی دیکەدا دەنگی سازێکی تازەی بیست. (ئەمە چییە؟) دڵەکوتەیەکی تر. (هی کێ؟) چاوی هەڵێنا مەلۆتکەیەک لە پاڵ ژنەکەیدا بوو؛ وەک هەگبەیەکی بچووک. (ئەمە بوو مژدەی وەرزی بەدیهاتنی ئاواتەکانی بۆ دەهێناین؟) منداڵێکی سەیروسەمەرە. سەرێکی بچووک. بێ چاو و گوێ. لەشێکی گۆشتن. چەند دەست... چەند پێ... (ئەگەر ئەمە گەورە ببێ...) بیری کردەوە: دیمەنی گەورە بووی هێنایە بەرچاو، هەیکەلێکی زەبەلاح. هەر دەهات و هەڵدەکشا؛ بڵێند و بڵێندتر دەبوو. لێک دەڕەوییەوە. پان و پۆڕ، لە دەرکەوە نەدەچوو.

– (ئەی شوێنێک بۆ حەسانەوەی خۆمان؟ شوێنێک بۆ ژیانێکی ئاسوودە؟ ئەم بەڵایە بەری خەونەکانمان نییە، ئافرەت.)

– (دەڵێی چی لێ بکەین؟)

ژنەکە لە مێشکی کابرادا ئەمەی پرسی.

هەستایەوە. سوورێکی بەژوورەکەدا دا. دیسانەوە سەیری ئاوێنەکەی کرد ژنەکەی لەوێدا ڕاکشابوو. دیاربوو خەوی لێکەوتووە؛ کەواتە دەبوو بەدڵ سەیری بکات. خەرمانەیەک قژی کاڵ بەدەوری مانگی ڕوومەتیدا پەخش بووبۆوە.

– (قژت دوا شتن بۆنی گڵی دوا بارانی لێ دێ.)

– (گڵ یا گوڵ؟)

کابرا لە ڕوومەتی ورد بۆوە. لە گوڵێکی نەجیب بەسەر شانی لاسقەکەیەوە.

بیری بۆ مریەمی دایکی مەسیح چوو. مەلۆتکەکە نیگای ڕنیەوە.

– (من منداڵێکی سەیروسەمەرەم ناوێ.)

ئەو دەنگە لە ناخیدا، لە هەموو ژوورەکەدا بڵاو بۆوە؛ داچڵەکی؛ ترسا، بڵێی بەدەنگی بەرز ئەوەی گوتبێ؟

پرسیارێک بۆی سەندەوە.

– (بۆ دەبێ منداڵی من سەیروسەمەرە بێ؟)

نەیزانی خۆی یان ژنەکەی ئەوەی پرسی. هەر کامیان بوو ئەوەی دیکەیان وەڵامی دایەوە:

– (بارەو هاتووە، ئێستا دەبێ چی لێ بکەین؟)

– (گەورەی بکەین و...)

– (گەورەی بکەین؟)

(بیکوژین و ...)

(بیکوژین؟)

مێشکی مەیدانی ململانەی دوو هەستی جیاواز بوو. بۆ دەبێ بکەوێتە ئەو مەیدانەوە؟ دەیزانی بوونی نییە. دەبێ بڕیاری خۆی بدات. ئاوڕی لە جێگەی ژنەکەی دایەوە. لە حاستیدا ڕووخا. دەستەوئەژنۆ دانیشت.

– (بڕیار بدە...)

– (دەترسم.)

– (لە چی؟)

– (لەوەی کە ئەمجارەش...)

– (بڵێی دوا ئەو هەموو ساڵە ئەمجارەش نامراد بین؟)

ژنەکەی یەکەم منداڵی لەبار چووبوو. دڵەمەیەک خوێن. لەبەر چاویدا چاڵیان کرد. نەیهێشت خەونەکانی چاڵ کەن. ئەو شەوە چاوی لە سووچێکی ژوورەکە بڕی، شیری پێ دا. زمانی هێنایە گۆ. پێی پێ هەڵگرت. گەورەی کرد و لە هۆڵێکی تاریکدا لێی گوم بوو. بەیانی هیچی بۆ مێردەکەی نەگێڕایەوە.

دووهەم منداڵیان بەمردوویی بوو. منداڵێکی تەواو. سەرێک، دوو دەست، دوو پێ،



بەڵام بێ گیان. کابرا بردی و ناشتی. شەو خەونی دی. لە ئەشکەوتێکی نیوە تاریکدا منداڵەکەی بەکۆڵەوە بوو. نەرمە تیشکێک تیرێژی لەبەر پێی گرتبوو. لە ئەژنۆ بەرەو ژێری خۆی دەدی.

جووتێ پێڵاوی سوور. دەرەلنگی پانتۆڵێکی سوور، پێی وابوو لە ڕووباری خوێن پەڕاوەتەوە. کەسێک لێی پرسی: ( بۆ کوێ؟) لە زمانی دایکیەوە گوتی:

(بەرەو باوەشێکی گەرم.) لە زمانی باوکیەوە گوتی: (بەرەو سەرچاوەی تیرێژەکە...) بەباڵای تیرێژەکەدا هەڵزنا. هەنگاوێکی نا. تیرێژ بەدەم چەقۆی هەنگاویەوە شەق بوو. وەک پارچەیەک بلوور، ورد و خاش بوو. بەیانی هیچی بۆ ژنەکەی نەگێڕایەوە؛ دوا ماوەیەک خۆشی لە بیری کرد. تا ئەوەی مژدەی منداڵی سێیەمیان پێ دا.

– (ئەگەر کچ بوو ناوی ئەنێین باران.)

– (ئەی ئەگەر کوڕ بوو؟)

– (ئەگەر کوڕ بوو؟ باران بۆ کوڕیش خۆشە، ئافرەت.)

شۆڕە شۆڕی ئاوی گوێسبانەکان وەخۆی هێنایەوە. ژنەکەی بەئاگا بووبووە؛ دیار بوو بەدیتنی مێردەکەی خۆشحاڵ بوو. لێوی بۆ زەردەخەنەیەک پشکووت.

پەتۆوەکەی لادا.

بەرە دەستی بەفەرشەکەوە نووساند و هەڵخزا. بەدەم ئاخیکی نازدارانەوە گوتی:

– (خەوی دوا نیوەڕۆ خۆشە، لەشم پێی سووک بوو.)

نیگای کابرا لە ڕوومەتی ژنەکەیەوە شۆڕ بۆوە. بەرەو سەر سنگی، سکی ...

سکێکی هەڵئاوساو... تەزوویەکی شیرین لە گیانی گەڕا.

– (دەباری؟)

لە بری وەڵام نیگای بۆ دەرەوە، بەرێ کرد. ڕێژنە بارانێک دایکردبوو.

# مەسخ

شەوێکی گەرم بوو. هەوا نمدار و قورس بوو. گەڵا و لق و پۆپی گوێ چایخانەکە بێ جووڵە پاڵیان بەیەکترەوە دابوو. هیچ شتێک لەو ناوە نەدەبزوا. ئەستێرەش ئەگەر چی بەئاسمانەوە بوون، بەڵام ترووسکەیان نەبوو. تەنیا دەنگی وەڕینی دووری سەگە بەرەڵاکان دەبیسترا. سەگوەڕێک کە لەوە دەچوو لە بڕانەوە نەبێ. لۆتی وەک هەموو شەوێکی تر لەسەر سەکۆی چایخانە درێژ بووبوو. بەرە دەستی ژێر سەری نابوو، چاوی لە ورچەکەی بڕیبوو. ورچەکە بەزنجیر بەدارەکەوە بەسترابۆوە؛ هەڵتووتابوو بزوەی نەدەکرد. دەتگوت بەشێک لە دارەکەیە و بەسەر زەویدا کشاوە. لۆتی تەنگەتاو بوو. لە شتێک دەترسا، یان وەڕزی ڕۆژی ڕابوردوو بەری نەدا بوو. ڕۆژێکی ناخۆشی ڕابواردبوو. زیاتر لە ڕۆژان ماندوو، کەمتر لە هەمیشەی وەگیر کەوتبوو. ڕەنگە لە گەرما خەڵک تاقەتی ڕاوەستان و سەیرکردنی ئاهەنگەکەی ئەویان نەبووبێ. ڕەنگە ئاهەنگەکەی وەک ڕۆژان گەرم نەبووبێ؛ یان ورچەکەی وەک جاران بەکەیفەوە سەمای نەکردبێ. هەرچی بوو، لۆتی ڕازی و سەر و دڵ خۆش نەبوو. لەگەڵ ڕۆژاوا بووندا وەک هەموو ئێوارەیەکی تر، بەڵام ئەمجارە زووتر کۆڵەکەی پێچابۆوە و بەرەو چایخانە سەر ڕێ کەوتبوو. لە نێو ڕێدا بەورچەکەی گوتبوو: (ڕۆژێکی خۆش نەبوو، بەڵام خودا بکا شەوێکی ناخۆشتر نەبێ.)

لۆتی هەروا ئەمەی بەدەمدا هاتبوو. شەوی خۆش و ناخۆش نەبوو. لەوەتی هاتبۆوە ئەم ناوە، شەوان دوور لە شار و ئاوەدانی لەم چایخانە ڕایدەبوارد. بەڵام لەوە دەچوو زۆر ناحەقیشی نەبووبێ، شەوێکی ناخۆش بوو. چایچی نەخۆش بوو. پێش خۆر ئاوابوون جێی خۆی لەبەر چایخانەکە داخستبوو. موسافرێکیش ڕێی نەکەوتبووە ئەوێ کە لۆتی وەک شەوان چوار قسەی لەگەڵ بکا. لە کلۆڵییان خەویشی نەدەهات. کە لە سەیرکردنی ورچەکەی ماندوو بوو، چاو و دڵی بەتاریکییەکە سپارد. لە پشت دارەکەوە تەپۆڵکەیەک بوو؛ لە پشت ئەویشەوە ئاواییەک. لۆتی چرای ئاواییەکەی نەدەدی. بۆیە چاوی لە بەرزی و نزمی تەپۆڵکەکە بڕیبوو. بەلایەوە لەسەر و پشتی ورچێک دەچوو. لەو کاتەدا تارماییەکی خزۆکی لەسەر پشتی تەپۆڵکەکە دی. سەرنجی ڕاکێشراو هەڵخزا.



تارماییەکە بەرەو ئەم دیو پەڕییەوە. لۆتی هەستی بەبزووتنێ بەلاپاڵی تەپۆڵکەکەوە کرد. بیری کردەوە، ڕەنگە حەیوانێک بووبێ. سەگ یان گوێلک یان ڕەنگە مانگایەک. لە دوای کەمێک تێڕامان بەخۆی کوت، یان ڕەنگە مرۆڤێک. هەرچی بوو لە تەپۆڵکەکە هاتبۆوە خوار و لە چاوی لۆتی ون بووبوو. لۆتی هەستا. بێ ئەوەی پێویست بێ بە بەرە دەست سێبەری بۆ چاوی کرد دیسان هیچی نەدی. بەبێ مەبالاتییەوە شانی هەڵتەکاند و دانیشتەوە. سەیری ورچەکەی کرد. ورچ بەئارامی سەری لەقاند. ئاوڕی لە جێی چایچییەکە دایەوە. خشەخشێکی بیست و دیسان سەری بەرەو ورچ و دارەکە وەرچەرخاند. بەولاوەتر بزوەی شتێکی ڕەشی دی. تارماییەکەی پێشوو بوو. لۆتی بەدەم بەرز بوونەوەوە قوولتر ڕوانی. بەهەڵە نەچووبوو؛ تارماییەکە حەیوانێک بوو کە بەرەو درەخت و ورچەکە دەهات. جێی ترس نەبوو بەڵام ترسا. لە دەور و پشتی خۆی بۆ چلەدارێک گەڕا. بەردێکی پڕ لە مستی بەر چنگ کەوت. تارماییەکە وەک ئەوەی ئاگای لێ بووبێ، ڕاوەستا. دڵی لۆتی وە تەپوکوت کەوت. بە بەردەکەوە بەرەو درەختەکە چوو. ورچەکە بەئارامی سەیری دەکرد. لەو کاتەدا چاوی لە تارماییەکە بڕیبوو، دەستی بەلامل و پشتی ورچەکەدا هێنا. ورچەکەش سەری بۆ لەقاند. لۆتی ئاوڕی لە چایخانەکە دایەوە. بەبیری داهات چایچییەکە بانگ کا، بەڵام ژێوان بۆوە. چەند هەنگاو لە دارەکە دوورکەوتەوە و بەرەو تارماییەکە چوو. تارمایی بزوەی لە خۆی بڕیبوو. دەتگوت لەسەر زەوی درێژ بووە. لۆتی لێی چووە پێش. وەک ئەوە بەسەگی زانیبێ چەند جار چغەی لێ کرد. بەڵام دەنگ لە تارماییەکەوە نەهات.

زیاتر لێی چووە پێش. چەند هەنگاوێکی نەمابوو کە دەستی لێ بەرز کردەوە. تارمایی لە ترسی بەردەکەی ناو دەستی بزوا. دەتگوت مرۆڤە و دەستی کردووە بەسپەری سەر و ملی. لۆتی داچڵەکی. هەناسە لە سنگیدا پەنگی خواردەوە. هەنگاوێک لێی کشایەوە و بەلاڵەلاڵ گوتی: (زەلام کێی؟)

تارمایی هەم دیسان بزوا. لۆتی دڵنیا بوو مرۆڤە. گوتییەوە: (ئادەمیزادی؟)

کابراکە هێشتا دەستی لە حاست سەر و ملی بەرز کردبۆوە گوتی: (ئەرێ)

(لێرە چی دەکەی؟) دەستی دانەخست: (گوتم لێرە چی دەکەی؟)

کابرا هەستایە سەر پێ. لۆتی چەند هەنگاوی تریش کشایەوە: (دزی؟ بۆ دزی هاتووی؟)

ڕوومەتی کابرای نەدەدی. کابرا بەترسەوە گوتی: (نا).

– (ئەی بۆ بەدزییەوە دەهاتی؟)

کابرا هیچی نەگوت. دیار بوو سەری داخستبوو.

– (ڕێ کەوە بزانم. وەرە بەر چایخانە با چاک بتبینم).

کابرا لە پێشەوە سەر ڕێ کەوت. لۆتی بە بەردەوە شوێنی کەوت.

– (ئەگەر دزیش بی لێرە هیچت دەست ناکەوێ. چایچی کلۆڵ هیچی بۆ بردن نییە. منیش هەمە و نیمە ئەم ورچەیە و دایەرەیەک).

چایچی لە دەنگە دەنگی لۆتی وەخەبەر هاتبوو. پەتووی لە خۆیەوە پێچابوو، لە نەخۆشییان گران هەناسەی بۆ دەردەهات، چاوی لە ڕوومەتی کابرا بڕیبوو. کابرا هیچی لە دز نەدەچوو. بە ڕواڵەت دەست و پێ سپی بوو. باریکەلەیەکی دوو چڵ ئێسقان. لەو تاریکییەدا تەنیا سمێڵی زل و دوو چاوی درشتی سەرنجیان ڕادەکێشا. (لانەوازی؟) چایچی بەمیهرەبانی نەخۆشانەوە ئەوەی لێ پرسی. کابرا وەڵامی نەدایەوە. چاوی لە ورچەکە بڕیبوو.

– (حەیوانێکی بێ ئازارە) چایچی پێی وابوو کابرا لە ورچەکە دەترسێ.

– (دەی بدوێ. خۆ لاڵ نی.) لۆتی ئەوەی گوت. ئیتر نەدەترسا، بەڵام هێشتا سەراسیمە بوو. (دە زار هەڵپچڕە.)

کابرا هەروا لە ورچەکە ورد بووبۆوە.

– (نەکا چاوت لە شوێن ورچەکەم بێ. دەستی بەلادا ببەی ونجڕونجڕت دەکا.)

چایچی لەوە زیاتر خۆی نەگرت. هەستا و ڕوو لە کابرا گوتی: (من نەخۆشم و تاقەتی دانیشتنم نییە. خۆت لە چایخانە کوتێ شڕە بێنە ڕایخەو لە سەری ڕاکشێ.) ئەوسا بەلارەلار ڕۆیی.

شەو لە نیوە تێ پەڕیبوو. لۆتی لەبەر کاری بەیانی دەبوو بخەوێ.

– (هەر کەسێک بی، ئیمشەو بەچاوی میوان سەیرت دەکەم. خۆشم کوتێ شڕەت بۆ دێنم.)

لۆتی هەستا و خۆی بەچایخانەکەدا کرد. دوا ماوەیەکی کورت پەتوویەکی کۆنی بۆ هێنا. کابرا چاوی لە ورچەکە نەدەترووکاند.

– (لێرە لای خۆم ڕاکشێ.) لۆتی بە بەرەدەست لە شانی کابرای کوتا. (گوتم ڕاکشێ و



بیری خراپ مەکەرەوە.)

کابرا ناچار درێژ بوو، بەڵام هێشتا دڵی لای ورچەکە بوو. لۆتیش ڕاکشا.

– (پێم وتی ئەگەر بەلایدا بڕۆی ئاوقات دەبێ.)

لۆتی سەیری ورچەکەی کرد. ورچەش دەتگوت چاوی لە کابرا بڕیوە. لۆتی دەستی کێشا، بەردێکی دییەوە و لە خۆی نزیکی خستەوە. هێشتا لێی بەگومان بوو، دەترسا.

کابرا وەک مۆتەکە سواری شانی بوو بوو. چی لێ دەویست؟ لۆتی تێ نەدەگەیشت. لە داخ و مەراقا وەک مار دەیفیشکاند. بەگژ زەوی و زەماندا دەچوو. لە کار و کاسبی کەوتبوو. لە بەیانی ئەو شەوەوە، کابرا ببووە سێبەری و هەنگاو بەهەنگاو شوێنی کەوتبوو، لۆتی لە یەکەم سەعاتەوە بیری کردەوە. ئەمە چیرۆکێکی سەیرە. لێی ڕوون بوو کابرا دز نییە؛ سەر و سەکوتی لە دز نەدەچوو. ترسنۆکتر لەوە بوو بوێرێ دزێکی ببێ. شێت بوو؟ لۆتی تێ نەدەگەیشت. هەرچی لێی ورد دەبۆوە وەک شێتان نەدەبزوایەوە. جگە لەوەی شوێنی دەکەوت. پێ بەپێی، چەند هەنگاو بەرەو دواتر. لەوە دەچوو وا بنوێنێ کاری پێی نییە. بەڵام لۆتی خۆی پێ فریو نەدەدرا. کابرا شوێنی ئەو کەوتبوو. لە چایخانەوە بۆ یەکەم ئاواییەک کە لۆتی دەیویست بەزمی لێ بگێڕێ.

بەگۆرانی خوێندن و دایەرە کوتان چەند کەسێکی لە خۆی کۆکردەوە. کابراش خۆی تێکەڵ خەڵکەکە کرد و بۆ سەیر ڕاوەستا. دیار بوو هۆشی لای ورچەکەیە. سەیری لۆتی نەدەکرد. ورچەکە بەئاهەنگی دایەرەکە سەمای دەکرد. لەسەر دوو پێی ڕادەوەستا و سەمای دەکرد. بەدەوری جەماعەتدا هەڵدەسووڕا و سەمای دەکرد. بەڵام کابرا شادی لە چاوانیدا نەدەدی، پێی وابوو ورچە لەوەی کە بەزۆر سەمای پێ دەکەن بەگلەییە. پێی وابوو ورچە دەگری. بۆیە خۆشی دڵی پڕ دەبوو. فرمێسک لە چاوەکانیدا کۆ دەبۆوە، لۆتی دەیدی و سەری دەسووڕمێ. هەر بۆیەش دوایی بە بەزمەکەی هێنا. دایەرەکەی وەک کەشەفەی سواڵ بەناو خەڵکەکەدا گێڕا.

– (خەرجی ئیمشەوی ژن و منداڵەکەم، خودا جەزاتان بداتەوە!)

کە خەڵکەکە بڵاوەیان کرد، کابراش چەند هەنگاو کشایەوە و لە ژێر سێبەری دارێک دانیشت. هێشتا چاوی لە ورچەکە بوو. لۆتی دەیدی. زنجیری ورچەی بەدەستەوە گرت و لە کابرا نزیک بۆوە.

– (شوێنم کەوتبووی بەزمەکەم ببینی؟)

کابرا بێ ئەوەی وەڵامی بداتەوە بەپشتە دەست چاوی سڕی.

– (بۆ من دەگری یان بۆ ورچەکەم؟)

لۆتی وەڵامی پرسیارەکەی خۆی دەزانی.

– (هەر چی نەبێ لە سواڵ چاکترە، وانییە؟)

لۆتی بەشەرمەزارییەوە ئەوەی کوت.

– (دوێ شەو هیچت نەگوت. ئێستا پێم بڵێ، خەڵکی کوێی و کارت چییە؟)

لۆتی لە ژێر سێبەری دارەکە لە حاست کابرا دانیشت. ورچەکەی لمبۆزی لە زەوی دەسوو هەڵدەسووڕا.

– (ئەهلی حەقی؟)

بەسمێڵەکانیدا ئەوەی گوت. کابرا پانتۆڵێکی خۆڵەمیشی و کۆتێکی ڕەشی لە بەردا بوو. کۆتەکە ئەگەر چی بۆی گەورە بوو بەڵام لە کۆتی سواڵ نەدەچوو. دەتگوت ساڵانێک لەوە پێش پڕ بە بەری بوو. سمێڵی زل و جووتێ چاوی ڕەش و درشت بەڕوومەتیەوە غەریبایەتییان دەکرد.

– (دەزانم لاڵ نی. دوێ شەو کە دەمویست بەردەکەت پێدادەم، هاتییە قسە. ئێستا پێم بڵێ بزانم. ئەهلی حەقی؟ لە چی دەگەڕێی؟)

کابرا هەروا بێ دەنگ بوو. نەیدەوێرا لە چاوی لۆتی ورد بێتەوە. جاروبار کە سەری هەڵدەبڕی، سەیری ورچەکەی دەکرد.

– (ناتەوێ بدوێی، مەدوێ. لە دوێ شەوەوە تا ئێستا قسەمان پێکەوە بووە، لە ئێستاوە دەبێ لێک دابڕێین. تۆ شوێن کاری خۆت کەوە و منیش شوێن کلۆڵی خۆم.)

بەڵام کابرا لێی دانەبڕا. بەدرێژایی ئەو ڕۆژە دووراودوور شوێنی کەوت. نزیکە و ئێوارە لۆتی دڵی سەرهات. زنجیری ورچەکەی فڕێ دا و بەگورجی وەرچەرخا. کابرا دەرفەتی دوور کەوتنەوەی نەبوو. بەترسەوە بەرۆکی بەدەستەکانی لۆتی سپارد.

– (چیت لێم دەوێ؟ بۆ شوێنم کەوتووی؟)

کابرا متەقی لێوە نەهات. هەموو ئەندامی بەدەست لۆتییەوە دەلەرزا. سمێڵەکانی شۆڕ بووبوونەوە.

– (ئاخر تۆ کێیی؟ دزی، شێتی، پیاو خراپی؟ پێم بڵێ کێیی؟ دەتەوێ بمکوژی؟ دەی چاکە. خۆ لێرە چۆڵترت گیر ناکەوێ. دەی بمکوژە و بەرۆکم بەربدە.)



کابرا لەوە لاتتر بوو توانای کوشتنی کەسی ببێ. لۆتیش بەوەی دەزانی.

– (کەواتە چیت دەوێ؟ دەتەوێ بتکوژم؟ بەخودا ئەگەر هەنگاوێکی تر، ئەرێ تاقە هەنگاوێکی تر شوێنم کەوی دەتکوژم. بە بەرد مێشکت دەپژێنم؛ یان بۆ بە بەرد؟ ورچەکەت ئاوقا دەکەم. تێگەیشتی کابرای شێت؟)

لۆتی بەرۆکی بەردا. کابرا دیسان شوێنی کەوتەوە.

ئێوارە کە لۆتی بۆ چایخانە گەڕایەوە چایچی چاکتر بوو. لەگەڵ چەند موسافیردا لەسەر سەکۆکە دانیشتبوو دەدوا. لۆتی لە دیتنیان خۆشحاڵ بوو. بۆ ساتێک کابرای لە بیر چۆوە. دایەرەکەی بەدەستەوە گرت و بەگۆرانی گوتن لێیان نزیک بۆوە. ورچەش بێ ئەوەی ئەمری پێ کرابێ کەوتە سەما. موسافیرەکان بەدیتنی لۆتی بەدەماخ کەیفیان ساز بوو، بەخۆشییەوە وەریان گرت. چایچیش بەخێرهاتنی لێ کرد. بەڵام کە کابرای بەشوێنەوە دی، بەسەر سووڕمانەوە گوتی:

– (وا دیارە هاوڕێیەکەت بەجێی نەهێشتووی.)

لۆتی لە دەماخ کەوت. بەتووڕەییەوە گوتی: (هاوڕێم نییە. قاتڵی سەرمە، سەگباب.)

چایچی گوتی: (دیسان بۆ شوێنت کەوتووە؟)

لۆتی بەدەم لێو کرۆشتنەوە گوتی: (هەموو ئیمڕۆ وەک سێبەر بەشوێنمەوە بووە. نازانم، نازانم چی لێم دەوێ.)

کابرا نزیک بووبۆوە. پێش ئەوەی بگاتە تاقە دارەکە لەسەر بەردێک دانیشت.

موسافیرەکان کە سەرنجیان ڕاکێشرابوو لە دەوری لۆتی کۆبوونەوە.

– (چی بووە؟ دانیشە بۆمان بگێڕەوە.)

لۆتی چیرۆکی کابرای لە دوێ شەوەوە تا ئێستا بۆ گێڕانەوە. یەکیان گوتی: (وا دیارە پیاوێکی بێ ئازارە. بەڵام لەوە دەچێ تێک چووبێ. گوێی مەدەرێ و گۆرانییەکمان بۆ بڵێ.)

لۆتی تاقەتی گۆرانی نەبوو. بەڵام بە هەر هۆیەکەوە بوو دایەرەکەی بەدەستەوە گرت و کوتای. زیاتر لەبەر ئەوە دەیزانی کابرا بەسەمای ورچەکە قەڵز دەبێ. ئۆیینی بەورچەکە دەردەهێنا. هەوا تاریک و کابرا دوور بوو. بەڵام لۆتی هەستی بەگریانەکەی دەکرد.

ئەو شەوە و شەوانی دوایش چایچی نان و ئاوی بۆ کابرا دەبرد.

لۆتی هەموو شەوێ بەتووڕەییەوە دەیگوت: (تۆ ئاوا بەخێوی کەی، ئەویش بەرۆکی من بەرنادا. بۆ بەری بدا؟)

چایچی دەیگوت: (ئەگەر هیچی نەدەمێ لە برسا دەمرێ.)

چایچی توانیبووی کابرا بهێنیتە قسە. کارێکی ئاسان نەبوو. هەر شەوە و یەک دوو وشە. ئەویش هەر زۆر بوو. لۆتی لە دوژمنایەتی کابرا دڵنیا بوو. بەڵام بەهۆی ئەو دوژمنایەتییەی نەدەزانی. هەرچی لە ڕابردووی ورد دەبۆوە. هیچی وەبیر نەدەهاتەوە. تەنانەت بیری نەدەکەوتەوە کە لەوە پێش کابرای دیبێ. لە ترسا بیری لە هەموو شەڕ و کێشەی ڕابردووی دەکردەوە. هەزار جۆر بیر و خەیاڵ بەمێشکیدا تێ دەپەڕی. ئیتر نەیدەوێرا بۆ ماوەیەکی زۆر مل لە ڕێی چۆڵ بنێ. تەنانەت خەوی شەوانیشی نەمابوو. بە هەر دەنگ و چرپەیەک ڕادەچەنی و گوێپاڵەکەی - کە ماوەیەک بوو هەڵی گرتبوو - لێ ڕاست دەکردەوە. ئەو کاتەش ڕادەکشایەوە خەونی بەکابراوە دەدی.

ئاخری لۆتی تاقەتی نەماو کابرای بەر شەق و مستەکۆڵە دا.

بەیانی زوو بوو. هێشتا ڕوون نەبووبۆوە کە لە خەو هەستا. زنجیری ورچەکەی لە دارەکە کردەوە و بە دزیەوە سەر ڕێ کەوت. شەوی پێشوو بیری کردبۆوە، چۆن لە دەست کابرا هەڵێ. لەوە دەچوو ڕزگاری بووبێ. هەرچی ئاوڕی دەدایەوە، کەسی بەدوا خۆیەوە نەدەدی. لە خۆشییان گورجتر دەڕۆشت. نیو سەعاتە ڕێییەک دوور کەوتبۆوە کە هەوا ڕوون بۆوە. ڕاوەستا و بۆ دڵنیایی ئاوڕی دایەوە. کابرا بیست هەنگاوێک لە دوایەوە ڕاوەستا. لۆتی بەدیتنی داچڵەکی. هەناسەیەکی داماوانە و نا ئومێدانەی هەڵکێشا. ئەژنۆی لە تووڕەییيان کەوتنە لەرزین. دوا کەمێک لێڕامان بەرەو کابرا گەڕایەوە. کابرا لە بەری نەبزوا. لۆتی پێش ئەوە بیگاتێ ڕاوەستایەوە. ڕاستەوخۆ نیگای لە چاوە درشتەکانی کابرا بڕی. کابرا خۆی لەبەر نیگای نەگرت و سەری داخست. ئەو کارە لۆتی تووڕەتر کرد. بەپڕتاو هەڵمەتی بۆ برد و ژێر مست و شەقی خست. کابرا بەیەکەم مستەکۆڵە کەوتە زەوی. بێ توانای دەستکردنەوە ئاخ و ئۆخی لێ بڵیندبوو. لۆتی بەهەموو هێزی خۆی لێی دەدا. لە دەم و چاوی کابراوە خوێن فیچقەی دەکرد. لە خاک و خۆڵی خوێناویدا دەگەوزا. لۆتی لەبەر هەناسە سواری دەستی لێ کێشایەوە. بەڵام هێشتا ڕقەکەی نەنیشتبۆوە. هێشتا هەڕەشەی لێ دەکرد: (دەتکوژم. بەخودا دەتکوژم.)

کابرا بێ ئەوە هەستێتەوە دەگریا. بەپشتە دەست خوێنی دەم و لووتی بەپانتۆڵەکەی دەسڕی. لۆتی لە ڕق و قیندا دەگریا. بەدەم گریانەوە دەیگوت: (ئاخر بۆ خۆتم پێ بەکوشت



دەدەی؟ بۆ وازم لێ ناهێنی. بیکە بۆ خاتری شەیتانێک کە دەیپەرستی. بیکە بۆ خاتری مەلەکە تاووس و ناووس و هەرچی ئیبلیسی دنیایە بە ڕۆکم بەردە.)

کابرا توانای هەستانەوەی نەبوو. لۆتی دژوێنی پێ دەدا: (ئاخر سەگبابی شەیتان پەرست. مەگەر نالێین تف ڕۆکەن ئێوە هەڵدێن. دەی تف... تف... تف... تف... لە شەیتان. تف لە هەرچی حەقە.)

کابرا موچڕکەی پێدا دەهات. خوێنی لووتی نەدەوەستایەوە.

ئێوارە کاتێک چایچی کابرای بەو حاڵە دی خۆی پێ نەگیرا. ڕووی لە لۆتی کرد بۆ یەکەم جار بەرپلاری توانج و تەشەری دا. لۆتی سەر خۆی نەهێنا؛ سەری داخست و بێ دەنگ بوو. چایچی بەرەو کابرا چوو. ڕوومەتی بۆ شت و برینەکانی بۆ خاوێن کردەوە.

شەوێکی جوان بوو. مانگ - وەک نیوە کەشەفەیەکی زیوین - زووتر لە شەوانی پێشوو هەڵاتبوو. تریفەی هەموو ناوچەی ڕووناک کردبۆوە. چایچی و کابرا لەبەر دەرکەی چایخانەکە لەسەر بەڕە شرێک دانیشتبوون. کابرا چاوی لە ورچەکە بڕیبوو. لەوە دەچوو برینەکانی لە بیر چووبێتەوە. ورچە لە پاڵ دارەکەدا سەیری دەکردن.

چایچی بەئارامی گوتی: (تەنانەت ئەو ورچەش سەری لە تۆ سووڕماوە؛ بڕوانە چۆن لێت ورد بۆتەوە.)

کابرا سەری بەرەو چایچی وەرچەرخاند. چاوی پڕ لە پرسیار بوو. چایچی هەستی پێ کرد و درێژەی پێ دا: (پێم وا بێ چاوت لە دووی ورچەکەیە. وانییە؟)

کابرا هەناسەیەکی هەڵکێشا. بەحاستەم سەری لەقاند و دیسان لە ورچەکەی ڕوانییەوە.

چایچی گوتی: (دەزانی لۆتی ئەو ورچەی لە کوێ بوو؟)

کابرا سەری لەقاند و ئاخێکی هەڵکێشا.

چایچی گوتی: (ئەم ورچە پێشتر هی تۆ نەبووە؟)

کابرا دیسان بەرەو چایچی وەرسووڕا. لێوی بەبزەیەکی تاڵ لەرییەوە.

چایچی گوتی: (پێم بڵێ چییە؟ تێم گەیەنە.)

کابرا دەستی بۆ برینەکانی ڕوومەتی برد. وا دیار بوو دەکزانەوە و ئازاریان دەدا.

- (دەزانم لە خۆوە شوێن لۆتی نەکەوتووی. بیڵێ بەڵکو کارێکم لە دەست هات.)

کابرا ئەمجار ئاشکراتر سەری لەقاند و لەبەر خۆیەوە گوتی: (کەس هیچی لە دەست نایەت.)

چایچی وازی نەدەهێنا: (بۆ کە ورچە سەما دەکا تۆ دەگری؟ خۆم چەند جار دیومە و لۆتیش بۆی گێڕاومەتەوە.)

کابرا بەئارامی هاتە قسەکردن: (ئەوە دایکمە.)

چایچی داچڵەکی. نیگای لە کابراوە بۆ ورچەکە و لەویشەوە بۆ کابرا گوێزایەوە.

– (ئەرێ ئەو ورچە دایکمە.)

کابرا لەوە دەچوو بۆ خۆی بدوێ. چایچی وەک لە شێتێک بڕوانێ لێی ورد بووبۆوە.

«ئەوەی لە بەرگی ئەو ورچەدایە دونی(*) دایکمە.»

چایچی زۆر شتی دەربارەی ئەهلی حەقەکان بیستبوو. وەبیری دەهاتەوە.

«من کوڕێکی نائەهل بووم. من بەدەستی خۆم کردم بەورچ و بەم لۆتییەم سپارد.»

کابرا ئەوەندە بەدڵنیایی دەدوا کە چایچی بڕوای پێ کردبوو.

«حەقایەتەکەی دوورودرێژە. حەقایەتی هەزاران ساڵ لەمەوبەرە. ئەو سەردەمەی کە ئێمە چەند برابووین و حەق سوڵتان بوو. من دونی میر بووم. یەکێ لە براکانم دونی داوود. ئێمە لەسەر پیری و گەورەیی شەڕمان بوو. دایکمان کەوتە بەینمان. ئەرێ حەقایەتێکی دوورودرێژە.»

کابرا بۆ درکاندنی ئەو ڕازە ئازاری دەکێشا. چایچی هەستی پێ دەکرد، بەو حاڵەش تکای دەکرد درێژە بەقسەکانی بدا.

«ئێمە دایکمان مەسخ کرد و کردمان بە ورچ. ئێستاش خۆ چاوت لێیە. دایکم چۆن سەیرم دەکا؟ چاوت لێیە چۆن ئازارم دەدا؟»

کوڵی گریان بێ دەنگەی پێ کرد. چایچیش بێ دەنگ بوو. ڕەنگە هیچی بۆ گوتن پێ نەمابێ، نە پرسیارێ، نە وەڵامێ. بێ دەنگییەکەیان تا بەیانی خایاند.

بەیانی زوو لۆتی لە خەو هەستا. کۆڵەکەی لە کۆڵ نا و بەرەو ورچەکە چوو. زنجیرەکەی کردەوە و سەر ڕێ کەوت. کابراش چەند هەنگاو لە دواوە شوێنی کەوت.

---

(*) ڕۆح.



# لەگەڵ کۆچی پەڕەسێلکەدا

کە هەواڵی مردنی خاڵە نایەریان بۆ دەروێش مینە هێنا، دانەچڵەکی و بە پێی یاسا توند بەئەژنۆی خۆیدا نەکێشا و نەیگوت: «ئای دەستی شکاو داخی گرانم!» بەکاوەخۆ تەشوێکەی فڕێ دا. بەچەند تەکان بەرز بۆوە و ئاردەمشار و تۆلاشەداری لە خۆی تەکاند. چاوی لە هەواڵ هێنەر – کە گەنجێکی ڕیوەڵە بوو – بڕی. نیگای لە ئەوەوە بۆ دەلاقەکەوە گەڵای دارەکان، وشک و زەرد بەدەم شنەیەکی پاییزییەوە دەلەرانەوە. دەروێش مینە وێڕای نیگای، بیریشی بۆ ئەو دیوی دەلاقەکە بەڕێ کرد و گوتی:

– «تا ئاوڕ دەدەیتەوە ساڵێک تێپەڕیوە.»

گەنجە هەواڵ هێنەرەکە بەسەرسامی هەنگاوێک لێی نزیک بۆوە و گوتی:

– «بەڵێ؟»

دەروێش بێ ئەوەی گوێی بداتێ، لەبەر خۆیەوە درێژەی پێ دا: «مەگەر خاڵە نایەر ئاگادارم بکاتەوە» ئەوسا بیری بۆ ئەوە چوو: «بۆ دەمێک ساڵە پەڕەسێلکە کۆچەرەکان لە حاست دەلاقەی ژوورەکەی منەوە تێ ناپەڕن؟» پاشان وەک ئەوەی بیەوێ گەنجەکە لەسەرسامیدا نەهێڵێتەوە، گوتی:

– «دەرەوە ساردە؟»

کابرا گوێی بەو پرسیارە نەدا و گوتی:

– «دەروێش گورج نەکەی دیارە و ئاخرەتی دەبی. کە من هاتم نوێژیان لەسەر مەیتەکە خوێندبوو.»

دەروێش مینە بزەیەکی تاڵی هاتێ. بەدڵ بەزەییەکەی زۆری نەخایاند. هەواڵەکەی وەبیرهاتەوە. خاڵە نایەر لە خووی خۆی نانێ.

دیار بوو گەنجەکە لەو ڕاوەستانەی ڕازی نییە، دڵ لە دوایە و پەلەیەتی.

– «خەڵک پێیان سەیربوو کە چۆن نەتزانیوە و نەهاتووی. ئەگەرچی کوتوپڕ بوو، بەڵام خۆ لە تۆوە زۆر نیزیک بوو.»

گەنجەکە بەدەم ئەم قسانەوە بیری کردەوە: «بۆ دەبێ خاڵە نایەر و دەروێش مینە ئەوەندە یەکتریان خۆش ویستبێ؟ چی ئەو دووانەی وا لێک نیزیک کردۆتەوە؟ خۆ ئەو خۆشەویستییە ناگەڕێتەوە بۆ هاوتەمەنی و بیرەوەرییە کۆنەکانیان لە تەک یەکتردا. خاڵە نایەر وەک خۆی دەیگوت دوعای دایکی گیرا بووە و مووی سپی لە کەشکە ئەژنۆی دەرهاتووە. بەڵام دەروێش مینە هێشتا کوێستانی خاڵو بەڵەکە. هاوپیشەش نین. لەوەتی خەڵکی ئاوایی بەبیریان دێ خاڵە نایەر هەرگیز خۆی بەکارێکەوە خەریک نەکردووە کە پێی بگوترێ پیشە. بەڵام دەرکە و پەنجەرەی قاپی ئاوایی، دەستکردی دەروێشە...»

دەروێش مێزەرەکەی داکەند و تەکاندی.

– «ئێستا لە مزگەوتن؟»

بەڵێ، چاوەڕوانی تۆن. خۆت دەزانی مردوو تا زووتر تەسلیم بەخاک بکردرێ. چاکترە؛ وانییە؟»

دەروێش هەمدیسان زەردەخەنەی کرد: «خۆزگە ڕۆژێک لە ڕۆژان ئەم ڕازەم بۆ یەکالا دەبۆوە.»

گەنجەکە تێنەگەیشت.

– «جگە لە یەکەم ساڵ هەموو ساڵێک بەدرۆ خۆی دەمرێنێ» بیری لە یەکەم ساڵ کردەوە. چۆن خاڵە نایەری ناسی؟ کە چاوی کردەوە خاڵە دۆست و خۆشەویستی بوو. پیرێکی جوان و نێو چاوان نوورانی. مووی سپی لە ئەژنۆی دەرهاتبوو.

دەبوو چۆن ناوی بێنێ؟ یەکەوڕێ گوتی، «خاڵە» پێی وابوو دەبێ خاڵەی بێ؛ برای دایکی... چاوی لە چاوی دایکی دەچوو. قسەی تێدا نییە. ئەگەر ڕۆژێک لە ڕۆژان خاڵەیەکی بووبێ، هەروەک ئەم بووە. ئەو ساڵانە دەروێش گەنجێکی ڕیوەڵە بوو. وەک ئەم هەواڵ هێنەرە. خەڵک پێیان دەگوت: «دەروێش» یەکەم جار کێ وای پێ گوتبوو؟ نەیدەزانی. بەبیری نەدەهات خەلیفەیەک بەم ناوەدا تێپەڕیبێ و تۆبەی مینەی دادابێ. هەموو جارێک بەگاڵتە بەخاڵە نایەری دەگوت: «دەروێشی تۆم خاڵە. تۆ خەلیفەی کامە شێخ و پیری؟» خاڵە بەزەردەخەنەوە دەیگوت: «خەلیفە؟» ئەوسا حەقایەتێکی کۆنی بۆ دەگێڕایەوە کە چۆن پیرێک لە ئاواییەکەدا کەراماتی نواندووە. هەر کە خاڵە ویستوویەتی تۆبەی لێ وەرگرێ، پیرە بەرماڵەکەی کە گوایە بەقەدەر هەموو ئاوایی و دەوروبەری بووە و



لە دەشتەکەی بەر ئاوایی سەوزتر بووە لە خۆی ئاڵاندووە و لە ترسی دوژمن و نەیارەکانی ئایەتێکی خوێندووە و چوار دڵۆپە فرمێسکی ڕشتووە و لەبەر چاوان گوم بووە.

«دەروێش» بەسەر سامییەوە دەیپرسی: «باشە ئەی بۆ دوعای لە دوژمنانی نەکرد و بۆ فەوتانیان لەخودا نەپاڕایەوە؟»

خاڵە نایەر سەری بۆ دەلەقاند و بەئەنقەست خۆی لە پرسیارەکە دەدزیەوە و باسێکی تری دادەمەزراند. لەوە دوا هەموو ڕۆژێک خاڵە سەری بەژووری دارتاشییەکەی «دەروێش»دا دەکرد و کەم و زۆر لە لای دەمایەوە و هەموو ڕۆژێک...

تا ئەوەی ڕۆژێک نەهات. نەهاتنەکەی ئارامی لە دەروێش هەڵگرت. لە دەلاقەکەوە سەیری دەرەوەی کرد. گەڵا وشکبووەکان خۆیان لەبەر شنەی بای پایزدا بۆ ڕانەدەگیرا و دەوەرین. پۆلێک پەڕەسێلکە لە حاست دەلاقەکەوە تێپەڕین؛ گوێی لە سۆزی کۆچ بوو، زانی کە پایزە.

بەتەنگەتاوییەوە چووە دەر. هەستی بەژاوە ژاوی دەرەوە نەکرد: «بڵێی خاڵە ئێستا لە کوێ بێ؟» خەڵکێکی زۆر لە مەیدانی ئاواییدا کۆببوونەوە. چووە پێش بەشانە کوتێ دڕی بەحەشاماتەکە دا. لە جەرگەی مەیدانەکە، لە ناوەندی بازنەی کۆبوونەوەکەدا، خاڵە بەتاقی تەنیا هەڵدەپەڕی. چ هەڵپەڕینێک؟ وەکە گەنجێکی بەگوڕ هەڵدەبەزی. جاروبار قریوەیەکی لێ بڵیند دەبۆوە. بەترسەوە لە یەکێکی پرسی:

– «چی ڕووی داوە؟»

ئەوەندەی گوێ لێ بوو.

– «لە بەیانییەوە یەکبین هەڵدەپەڕێ.»

دەروێش گەلێ جار بەزمی سەما و هەڵپەڕکێی دیبوو. بەلاویەتی لە گەڕی گۆبەند و زەماوەندا هەڵپەڕیبوو. سەرچۆپی کێشابوو. بەڵام ئەمەی خاڵە شتێکی تر بوو.

فەقیانەکانی بەربووبوونەوە و دەشەکانەوە. سەر و سنگی ڕوو لە حەوایە بوو. بە لەنجەیەکی سیحراوی دەستی بەرزکردەوە و پێی لە زەوی دەبڕا. دەروێش سەرسامی ئەو دیمەنە بوو. پێی وابوو هەموو سروشت، کێوەکان، دارەکان، تەنانەت خانووەکانی ئاوایی هەناسەیان لە سنگدا حەپس کردووە و سەیری سەماکە دەکەن. هەڵپەڕینەکە لە تەواو بوون نەبوو. خەڵک ماندوو بوون، خاڵە ماندوو نەبوو. خەڵک وەڕز بوون، خاڵە وەڕز نەبوو، خەڵک ڕۆشتن و ئەو ناوەیان چۆڵ کرد، «خاڵە» وازی نەهێنا. کە «دەروێش مینە» ئاوڕی

دایەوە، تاقە سەیرکەری هەڵپەڕکێکە خۆیەتی، ئەوسا ترس پەیدا بوو. چنگی لە جەرگی گیرکرد. ویستی هەڵێ، بەڵام هەڵنەهات. خۆر ئاوابوو. تاریکی هەڵیکوتایە مەیدانەکە. دەروێش بەدیار سەماکەوە خەوی لێکەوت. کە وەخەبەر هاتەوە، خۆر لەسەر زینی کەلی پشت ئاوایی خۆی دەکێشایەوە. خاڵە دەستی گرت. دەروێش بەخەواڵوویی پرسی:

– «ئەوە دوێنێ بۆ وات کرد، ماڵ کاول؟»

خاڵە زەردەخەنەیەکی کرد.

– «جا وەڵامی خەڵکی چۆن دەدەیتەوە؟ بە شێتت دەزانن.»

خاڵە دەستی نایە سەر شانی و گوتی:

– «پێ هەڵگرە. من بەرگەی کزەی ساردی پایز ناگرم.»

دەروێش ئێستا هەرچی بیر دەکاتەوە، نازانێ ئەو ڕۆژە چیدیکەی لێ پرسی و چ وەڵامێکی وەرگرتەوە. ئەوەندە دەزانێ کە لەو ساڵەوە بەتاسەی دوو شتەوەیە. یەکەم، بۆ لەوە دوا خاڵە نایەر سەما و هەڵپەڕکێی لە بیرکرد و لە بری ئەوە خۆی دەمرێنێ؟ دووهەم، بۆ کەسێک لەو خەڵکە ڕۆژێک لە ڕۆژان ناپرسێ، خاڵە نایەر هەموو ساڵێک لەگەڵ کۆچی پەڕەسێلکەدا چ ئۆینێک دەنوێنێ؟

گەنجی هەواڵ هێنەر لەوە زیاتر خۆی بۆ نەگیرا:

– «دەروێش گیان، لە خێرەکەم کەم مەکە. ئەگەر نایەیت بڵێ، نایەم»

هەر خۆی وەڵامی بەخۆی دایەوە «ئەرێ من بۆ ئەوەندە لە ڕێی ڕاوەستم؟ بۆ ڕێگەی مزگەوت نازانێ؟ پێی خۆش بوو دێت و حەزی نەکرد، نایەت. بۆیە بێ ماڵاوایی کردن لێی داو ڕۆیشت.

دەروێش بیری کردەوە: «ئەگەر زوو نەچم ڕەنگە عەیبەم بێتە سەر.» لە ژوورەکەی هاتە دەرو دەرکەی داخست. بەدرێژایی ڕێگە لە بیری سبحەینێدا بوو، سبحەینێ کە «خاڵە نایەر» خۆی بەژوورەکەیدا دەکات و دەڵێ:

«دەروێش ئاگرێ نەکەیتەوە، من بەرگەی کزەی ساردی پایز ناگرم.»

ئەوسا دەروێش پێی دەڵێ:

«ماڵ کاول هەمدیسان بۆ مردی؟ ئەگەر ڕۆژێک خەڵک پێت بزانن چی؟»



پاشان خاڵە نایەر دەستی دەخاتە سەر شانی و سەری بۆ دەلەقێنێ.

دەروێش مینە وەک ساڵانی پێشوو، لەوسەر لەقاندنەی ناگات.

دەروێش مینە کەسی لە مزگەوتدا نەدی. دیار بوو تابووتەکەیان بەرەو گۆڕستان بردبوو. پێی هەڵگرت. کە گەیشت، حەشاماتێکی زۆر کۆ ببوونەوە. چەند کەس گۆڕێکی کۆنیان دەتەپاندەوە. «مەلا» لەسەر تاشە بەردێک داوێنی عاباکەی لە باوەش گرتبوو. بەسۆزەوە تەڵقینی دەخوێند. یەکێک بەدەم ئاخێکی قووڵەوە لەبەر خۆیەوە گوتی:

«هەژمان بەسەر! تەڵقینی مەلا بۆ مردوو نییە، بۆ زیندووەکانە.»

دەروێش ئەو دەنگەی ناسییەوە. میرزا شەریف بوو. لەوەتی دەروێش بەبیری دێ میرزا شەریف بە «هەژمان بەسەر» سەری قسەی کردۆتەوە.

مەلا لە تەڵقینەکەی نەبووبۆوە کە ئاخەکەی میرزا لە نێو خەڵکەکەدا تەشەنای سەند. هەموو ئەو ناوە پڕ بوو لە هەناسەی بۆ کرووزاوی. دەروێش لە دڵی خۆیدا پێیان پێدەکەنی.

– «ئای خاڵە! چۆن هەموو ساڵێک ئەم کاتانە بەدرۆ خۆت دەمرێنی و گاڵتە بەخەڵکی دەکەی؟ چۆن کۆنە گۆڕێکیان پێ دەتەپێنییەوە؟»

مەلا لە تەڵقینەکەی نەبووبۆوە کە پێکەنینە نهێنییەکانی ناخی دەروێش وەک گەڵایەکی زەردی پاییز، بەشنەی ساردی ترسێکی ئان و ساتی هەڵوەری...

– «نەکا بەڕاستی خاڵە لە ژێر ئەو خاکەدا بێ! نەکا!»

# ورمز و پەیکەرێک لە قورقوشم

«ورمز خانی عێلبەگی» ئەگەر بیزانیایە ئەو پەیکەرە بچکۆلە قورقوشمە، کەی و چۆن کراوەتە گەردنی، گوێی نەدەدایە زریزە ئاڵتوونەکەی. دەیپساند و بەرقەوە سەیرێکی دەکرد و دوور لە چاوی خێڵەکەی، بەو دیو یاڵەکەدا فڕێی دەدایە دۆڵەکەوە. تا ڕۆژێک لە ڕۆژان کەس سۆراخی نەکا. ئەگەر دایکی، «بی بی نێرگس»ی ڕەحمەتی بمایە، ڕەنگە ڕۆژێک لەو ڕۆژانەی وا ورمز بەسەر غولام سەردار، فەرماندەی لەشکری شای لە شان و شکۆ کەوتوودا دەینەڕاند و دەیگوت: «بە شا بڵێ، من ورمز خانی عێڵبەگی، کوڕی ئیمام قولیخانی کۆهگلو، لەو کاتەوە وا لە داوێنی دایکم بەربومەتەوە نەمزانیوە ترس چییە...» «بی بی نێرگس» بەزەردەخەنەوە بانگی بکردایە بۆ دیوەخانی ئاوێنە بەند و لەوێ پێی بگوتایە:

– «نا، نا، کوڕم. ورمزیش وەک هەر سەرەک عێلێک ڕۆژێ لە ڕۆژان ترساوە.»

ئەوسا «ورمز» بەسەرسامییەوە بەدایکی دەگوت:

– «من، ورمز خانی عێڵبەگی، کوڕی ئیمام قولیخانی کۆهگلو ترسابێتم کەی و لە کێ؟»

پاشان ڕەنگە بی بی نێرگس بۆی بگێڕایەوە کە: ... بەمنداڵی پێش ئەوە پێڕۆکە ببێ، تووشی نەخۆشییەک بووە. نە دایکی و نە ئیمام قولی باوکی بەتەمای نەبوون و دەستیان لێداشتووە. تا ئەوەی ڕۆژێک دایەنەکەی بەگوێی دایکیدا چرپاندوویەتی: «خانم لە منت نەکەوێ، ورمز ترساوە. بەپێی ڕەسمێکی کوردی قورقوشمی بەژوور سەریەوە بتاوێنەوە و دوایی لە ئاوی ڕۆکە. هەر دیمەنێکی لێ ساز بوو دیارە ورمز لەوە ترساوە» دایکی و دایەنەکەی وایان کرد و قالاییان دوا تواندنەوە لە جامێک ئاو ڕۆکرد. ئەوەی لێی پەیدا ببوو پەیکەری پاشایەک بوو. شایەک کە تاجێکی چوار قوتکەی لەسەر بوو. پشتێنێکی باریکی بەسەر لاچکی کورتی کەوایەوە توند کردبوو. جووتێ چەکمەی هەڵکێشا بوو. شیرێکی ڕاستی بەدەستەوە بوو. چاوە زەق و دەرپوقیوەکەی، «بی بی نێرکس» و دایەنەکەی دڵنیاکرد کە هەبێ و نەبێ «ورمز»ی منداڵ نە لە جندۆکە و شەیاتینی، بەڵکو



لەو شا چاوبزە ترساوە. بۆیە ئەو پەیکەرە بچکۆلەیان کە بەحاستەم لە دوو بەرە نینۆک زلتر بوو ئەوەندە بەچاویدا گێڕا تا سیوای لێی بۆوە و ئازار و نەخۆشی لە گیانی دەرچوو»

ئەگەر بی بی نێرگس بمایەو ئەو حەقایەتە کۆنەی بۆ باس بکردایە، بێ گومان ورمز بەترسەوە پەیکەرەکەی بەدوو قامک بەرز دەکردەوە و دەیگوت:

– «ئەی بۆ لە گەردنتان کردووم؟»

بەڵام بی بی نێرگس نەمابوو تا ئەو ڕازەی لا بدرکێنێ. ورمزیش تا لاو بوو لە بەر ڕاو و شکار بەقەد پاڵی شاخەکانی کۆهگلووە و دڵداری لە تەک شۆخی کچی ژێر دەواری خێڵە کۆچەرەکان و دزی کردن لە عەشرەتی قەشقایی دراوسێ سەر هیچی تری نەدەپەرژا. کە تەمەنیشی هاتێ و شکۆفەی باخچەی ژینی سپی بوو و لای کردەوە سەرەک عێڵە و گەورەی سەدان بنەماڵی کۆچەر و نیشتەجێیە و خاوەنی قەڵا و دیوەخانی ئاوێنە بەند و نۆکەر و قەرەواش و سەدان تفەنگچی گیان فیدایە.

بۆیە لە بری ئەوەی بیر لەو وردە شتانە بکاتەوە بیری لەوە دەکردەوە کە مادام ئەحمەد شای قەجەر هێز و دەسەڵاتی باب و باپیرانی نەماوە و ئەوەی گەورە پیاوی وڵاتە بەڕبەی ناپێوێ، ئەم بۆ دەبێ ساڵە و ساڵ خەڵات و بەراتی عێڵەکەی بۆ تاران بنێرێ؟ نە وەڵا کێ لە کێ کەمترە؟ بەیداخی یاخیگەری هەڵکرد و بەئاشکرا گوتی: «شا بەسەپان ناگرێ» ئەم وادە و بەڵێنەش کاتی و سەر زارەکی نەبوو. لە کردەوەی خۆشی دوودڵ نەبوو. ترسی دوا ڕۆژیشی نەبوو. بەڵام چی دەکرد لە خەونەکانی؟ هەر کە لە شانشینی و دیوەخانی چاوی لێک دەنا، پاشایەکی چوار قوتکە لە سەری چاوبزی لێ پەیدا دەبوو. ژیانی خەونەکانی لێ تاڵ دەکرد.

یەکەم شەو دوا ئەوەی خان و میوانەکانی ژوورەکەیان بەدووکەڵی قلیاناوی قانگ دابوو بەراتەلی دەشتی دەنگ خۆش ئەوەی لە «باوە تایەری» دەزانی گوتی و میوان مالاواییان خواست. ورمز هەستی بەدڵتەنگییەکی سەیر کرد. لە ژووری «روبابە» خانمی گچکە خێزانی زۆر نەمایەوە. دوا شان و مل شێلانی بیانووی پێ گرت کە لە دیوەخان دەخەوێ. لەوێ هەر کە چاوی چووە خەو، خۆی لە قەڵا کاولێکدا دییەوە. چاوی بەقەڵا کاولەکەدا گێڕا. پێی وابوو ئاگاداری هەموو قوژبن و کەلەبەرێکی کەلاوەکەیە. هەستێکی ئاشنا دنەی دەدا کە لە کەلێنێکەوە بەرەو ژوورێکی تر بڕوات. لە ناکاو پیاوێکی کەڵەگەت کە تاجێکی چوار قوتکەی بەسەرەوە و شیرێکی ڕاستی بەدەستەوە بوو، لێی پەیدا بوو. ورمز

خان سەری هەڵبڕی. سەیری کرد کابرا پێی پێدەکەنێ و گاڵتەی پێ دەکا. حەپەسا. چەند هەنگاو پاشەوپاش بۆوە، کابرا لێی چووە پیش. ورمز خان ترسا. لە ترسان داچڵەکی و بەئاگای بۆوە. لە پەرداخی ئاوەکەی ژوور سەری قومێکی خواردەوە. شایەتومانی هێنا. تا خۆرکەوتنی بەیانی جێی لێ حەرام بوو.

شەوانی دوایی، بەتایبەت ئەو شەوانەی وا ورمز خان لە خۆوە دڵتەنگ دەبوو، ئەو شەوانەی کە دەبوو لە ژووری روبابە خانمی گچکە بخەوێ لە خۆوە بیانووی دەگرت و سەری تەنیایی سەر سەرین دەنا، کابرای لێ پەیدابوو. ئیتر بەپێکەنین و گاڵتە پێکردنەوە نەدەوەستایەوە، بەزمانێک کە ورمز نەیدەزانی چۆن و بۆچی تێی دەگەیشت. ئەوەی قسەی سووک و دژوێنی بازاڕیە حەواڵەی ورمز خان و باب و باپیری دەکرد. ورمزی کلۆڵیش لە داخ و مەراقی خۆی شیری لێ ڕادەکێشاو بەسەریدا دەینەڕاند. بەڵام شیرەکەی تەنیا پەردەی ئاوریشمی خەونەکەی دادەڕی و خەبەری دەبۆوە. لەگەڵ خۆر کەوتندا ڕووداوەکەی لە بیر دەچۆوە، تا شەوێک کە ورمز خان دیسان دڵی «روباب»ی پەشاند و لەگەڵ هەناسەی ساردا بەتەنیا جێی هێشت. لە دیوەخاندا هەر بەدانیشتنەوە لە هۆڵی یەکەم وەنەوزدا بەرەو ژووری خەونە شوومەکە شۆڕ بۆوە. هەمدیسان کابرای لێ ژیایەوە. ئەم جارە ورمز باش لێی ڕاما. جووتێ چاوی دەرپۆقیوی تووڕە. سمێڵێکی باریکی شارییانە، بالآیەکی هەڵچوو. وەک ئەوەی لە پشوودابێ بێ تاج و کەوا، لە قەڵا کۆنەکەدا ورمزی بینی. چاوی لێ قووچاند و گەزارەی لێ کێشا. شتی وای دەگوت ورمز لە دەمی هیچ خێڵەکییەکی دەم شڕ نەیبیستبوو. «ورمز» ورەی بەر خۆی دا. لێی چووە پێش. چاو لە چاو و ڕوو لە ڕوو. کوڕانە لە چاو ترووکانێکدا شیری لێ ڕاکێشا و بەهەموو هێزی هێنایە خوار. شیر وەها کە لە سندانی ئاسنگەرخانە بدرێ، زرینگەیەکی لێ بڵیند بۆوە. دەستێکی پەڕیو کەوتە مەیدانەکە. ورمز خان لە ترسا ڕاپەڕی و بەخەبەر بۆوە.

پاڵی بەکۆڵەکەی دیوەخانەوە دابوو. چوار دەوری ئاوێنە بوو. ورمز خان دەبوو بە دەیان ورمز. هەر کامە شەلآلی ئارەقە و ڕەنگ پەڕیوو دەم وەک پەلآسی وشک، لەوانی تری دەڕوانی هەستی بە شەکەتی کرد. دەتگوت لە مەیدانی شەڕ گەڕاوەتەوە. پشوویەک و قلیانێک. هاواری لە «موراد»ی خزمەتکاری کرد:

«ئادەی قلیانێک تێکە...»

موردا خەوی سووک بوو. قلیانی شا عەباسی هێنا. ورمزخان مژی لێ دا و ئاوەکەی



هێنایە قوڵتە قوڵت. موراد خۆی بۆ نەگیرا. لە خانی پرسی:

– «خان خەونی ناخۆشی دیوە؟»

ورمز لەو بیرەدا بوو، تا خۆر هەڵدێ پەی بەڕاستییەک بەرێ. ئایا لە شا دەترسێ؟ لە کامە شا؟

ڕووی کردە «موراد» و لێی پرسی:

– «تۆ لە شا دەترسی، موراد؟»

موراد بزەیەکی هاتێ، ورمز هەستی بە گاڵتەپێکردنێکی شەیتانانە لەودیو بزەکەیەوە کرد. سەرخۆی نەهێنا.

– «تۆ شا دەناسی، موراد؟»

ئەرێ موراد، شای دەناسی. شا شەراوی دەخواردەوە. شەراوی شیری وشتر. شا کافر بوو. لە بنەماڵەی قەجەر بوو. کوڕی شمر بوو. ئەو شیرەی وا حوسێنیان پێ شەهید کردبوو، ئێستاش لە دیوەخانەکەیدا بوو. ئەو شیرەی وا سەدان جار لەتوکوت بکردایە دیسان لە چاو ترووکانێکدا ساغ دەبۆوە و بەقەدی دیواری دیوەخانەکەی شادا هەڵدەواسرایەوە. کافری کافرباب...

ورمز خان هەستا، کوتە قوڕقوشمێک لە کۆشی بەربۆوە. «موراد» بە پرتاو هەڵیگرتەوە.

– «ئەمە چییە، خان؟»

ورمز خان سەیری کرد. دەستێکی بچووکی قورقوشمی بوو. بیری پەیکەرەکەی گەردنی کەوتەوە. پەیکەر دەستی پەڕیبوو. بە سەرسامییەوە لە مورادی ڕوانی.

موراد گوتی:

– «ژێر خۆت کەوتووە، خان.»

ورمز خان، گوێی بەقسەکەی موراد نەدا، بەرەو دەرکەی دیوەخان چوو موراد قلیانەکەی هەڵگرت و شوێنی کەوت. پێی سەیر بوو. بۆ خان بە شکانی ئەو پەیکەرە قوڕقوشمە وا ڕەنگی گۆڕا و تێکچوو؟

موراد بیری کردەوە. لە قەڵاکون پەیکەرێک هەر لەو شێوەی لە ژێر خاکدا دۆزیبۆوە. ئەو پەیکەرە ئێستا وا بەدەست منداڵەکانیەوە و یاری پێ دەکەن.

# هۆرەی وەرزی بەرد بارین

لەم سەردەمەدا کە هەموو شتێک بەئاسانی لە بیر دەچێتەوە، چیرۆکی مەرگی هەڵۆخان لە دەیان ساڵ لەمەو پێشەوە پشتاوپشت دەگێڕدرێتەوە. دەستەیەک دەڵێن: «لە باوکی خۆمانمان بیستووە، کاتێ ڕووسەکان بەم ناوەدا هاتن، لە گەڕانەوەدا هەڵۆ خانیان لەگەڵ خۆیان برد و لە شوێنێکی دوور لێرە سەریان بەگۆمدا کرد.» دەستەیەکی تر دەڵێن: «نا عوسمانییەکان کە ئێرەیان گرت هەڵۆ خانیان گوللە باران کرد». زۆر ڕیش سپی و بەساڵاچوو دەلێن، «عەشایەر هەڵۆ خانیان کوشت.» زۆر کەسیش دەڵێن: «بەدەسکیسی حوکمەت هەڵۆ خان کوژرا». هێندێکیش دەڵێن: «هەرگیز هەڵۆخانێک نەبووە، تا ڕووس یا عوسمانی، عەشایەر یا حوکمەت بیکوژن». چەند ئۆباڵێکیشیش دەڵێن: «هەڵۆ خان بووە؛ بەڵام نەگیراوە و نەکوژراوە. هەڵۆ خان ئێستاش زیندووە و زۆر کەس بەپیری و کەنەفتی دیویانە». بەڵام من شتێکی دیکە دەڵێم. من هەڵۆ خانم دیوە کە ملی بەپەتەوە بووە. شەوێک لەم شەوانە بەخەون دیم. لە مەیدانی ناوەڕاستی شار ملیان بەپەتەوە کردبوو. لە سەیرکردنی تێر نەبووم کە دایانگرت و بەچوار دەست سەر پشتی ڕووتی ئەسپێکیان خست و ئەسپەکە هەڵیگرت. کە بەئاگا بوومەوە، دایە گەورەم لە ژوور سەرمەوە نوێژی بەیانی دەخوێند. سڵاوی نوێژەکەی نەدابۆوە هەواڵی هەڵۆ خانم لێ پرسی...

– «خات پیرۆز شێرەژن بوو، کوڕم. گوێی لە سمکوتی ئەسپەکە بوو لە کۆڵان بەرەو دەرکە ڕۆیشت. کە کردییەوە چی ببینێ؟ تەرمی مێردەکەی بەسەر پشتی ڕووتی ئەسپەکەوە.»

خەڵکی شار کۆبوونەوە. خات پیرۆز نیگای پڕ پرسیاری پێداگێڕان. دوو دڵۆپ فرمێسک لە چاویدا قەتیس مابوو. بیرێژێ یان نا؟ بیری کردەوە، نابێ دوژمن بەخۆی خۆش کات. هاواری لە هەڵۆی کوڕی کرد، سەرپۆشێکی ڕەشی بۆ بێنێ. «لەوە دوا کەس بێ ئەو سەرپۆشە نەیدیوە کوڕم.»

هەڵۆی مێرمنداڵ لە تەرمی باوکی ورد بۆوە. ڕووی لە خەڵکەکە کرد و پرسی: «کێ



کوشتوویەتی؟» پرسیارەکە بەمێشکی خەڵکەکەدا شۆڕ بۆوە. «گوتم کێ کوشتوویەتی؟» تەنیا کەسێک وەڵامی دایەوە: «گوللەی وێڵ.»

خات پیرۆز باوەشی بەهەڵۆی کوڕیدا کرد: «بڕوایان پێ مەکە هەڵۆ، دەتخەڵەتێنن.» خۆی لە گەمارۆی سەدان جووت چاوی شۆڕ ڕزگار کرد. تەرمەکەی دابەزاند. هەڵۆ پرسیی: «لە کوێ دەینێژین، دایە؟»

– «بیستوومە دەڵێن، تەرمەکەیان بەجلوبەرگی خوێناوییەوە لە حەوشە ناشت؛ دەڵێن خات پیرۆز کێلی بۆ قەبرەکەی دانەنا. گوایە گوتوویەتی، یاساولّی ڕۆحی ناوێ.»

خات پیرۆز جوانترین ژنی شارەکە بوو.

– «ئای ڕۆڵە! وەرە جوانی وا بەتافی لاوی بێوەژن بکەوی».

باوکی هەڵۆ لە پێناوی ئەو جوانییەدا کوژرا.

– «ئۆباڵ بەئەستۆی گوتووان. بەڵام ئەوە ناشاردرێتەوە کە زۆر کەس بەتەمای بوون.»

کەس نەیگێڕاوەتەوە خات پیرۆز کچی کێ بووە و لە کوێوە هاتووە. ئەو بەژن و باڵایە لە کوێستانی زەنوێر نەبێ نەڕسکا بوو. وەک ئاسک سووکەڵە و وەک کەو خەرامان بوو. چاوی نەجیب و نیگای سەوز بوو. دەتگوت سەوزایی هەموو گژ و گیای کوێستان لە چاویدا دەبریسکایەوە. کە دەکەوتە گوتن، بیر تەنیا بۆ چرپەی ژێر دەواری خێڵ دەچوو؛ چرپەی ژوانگە.

خەڵکی پێیان وابوو باوکی هەڵۆ یەکەم جار ئەو باڵا هەڵکشاوەی لەو دیو دەوارێکی سپییەوە، بەقەدپاڵی کوێستانەوە دیوە. ڕەنگە خۆی لە ملاترەوە لە گوێ ئاگر، لە تەک چەند پیاوی دیکەدا باسی مەڕ و ماڵات، یان بژوێنی ئەو ساڵەی کوێستانیان کرد بێ. بەڵام چاوی هەر لە پەیکەرەکەی ئەو دیو دەوارە سپییەکە بووە؛ یان ڕەنگە سێبەری پەیکەرەکە کە بەسەر دەوارەکەوە دڵی ڕفاندووە.

– «دەبێ خات پیرۆز پێش لەویش دڵی زۆر کەسی ڕفاندبێ، ڕۆڵە.»

بەڵام چارەنووس بەباوکی هەڵۆی بەخشی.

– «کاری خودا لە خۆوە نییە، باوانەکەم. ڕەنگە ئەو دووانە پێک گەیشتبن تا کوڕێکی وەک هەڵۆ خانیان لێ ببێ.»

هەڵۆ لەبەر دەستی باوکی پەروەردە بوو. تا باوکی مابوو کەس پێی نەگوت هەڵۆ خان.

– «نه ڕۆژە جووتی زەوی بوو. نەکۆنە دیوەخانێک. بەڵام هەموو خەڵک بۆی ببوونە خۆشخوان و حەقایەت بێژ. بە باڵایدا دەهاتنە خوار و پایزە و ئازیزەیان بۆ دەگوت.»

باڵای وەک چنار بەرز و نێوشان پان و سەرسنگ شێرانە بوو. ئێوارە بەئێوارە دەستێک پانتۆڵ و مرادخانی لەبەر دەکرد و حەوت قەف گرێی لە پشتێنەکەی دەدا و دوومشکی ڕاست و چەپی لە سەر دەبەست. کامە بەگ و بەگزادە و سەرەک عەشیرەتە لە حاستی وەک منداڵۆچکە بوون. گفت خۆش و دەم پاراو بوو. کە دەکەوتە قسە، بازاڕی دیوەخانی لە برەو دەخست. بەڵام کە تووڕە دەبوو بەدایکی نەبێ بە کەس خاو نەدەبۆوە.

– «ئێی کوڕی خۆم. وەرە پیاوی وا ڕۆژێک لە ڕۆژان پێ بزانێ کە تەمایان لە دایکی کردووە. پێ بزانێ کە چاو چنۆک و گیان نەوسنان باوکیان کوشتووە...»

«هەڵۆ خان» گوم بوو.

دوژمنەکانی وایان بڵاوکردەوە.

دەرکەی ماڵی خات پیرۆز کەوتە سەر پشت. دەستەیەک خۆیان بەژووریدا دەکرد، دوو دەستە دەهاتنەدەر.

– «کە باوکی هەڵۆ مرد، سەرپۆشی ڕەشم لەسەر کرد. دەبێ گڵ لە سەرم داکەنێ.»

– «ئافرەتێکی وەک تۆ جوان و بێ پشت و پەنا؟»

– «چاوم لە باڵای هەڵۆ بێ، هەرگیز بێ پشت و پەنا نابم.»

– «هەڵۆ بۆتە کوڕی حەقایەت».

– «هەڵۆ ڕۆشت و بڕایەوە».

– «شەو و تاریکی هەڵۆی هەڵلووشی.»

– «بەڵام هەڵۆ دەستی لە گەردنی مندایە. دەمی بەکانیی مەمکەکانمەوەیە. بێ دەسەڵات و دەستەوەستان نییە. دۆست و دوژمن لێک هەڵداوێرێ.»

– «هەڵۆ هەرگیز ناگەڕێتەوە.»

– «نەیاندەزانی هەڵۆ بۆ هیچ شوێنێک نەچووە. من دەیبینم و لەوان نەدیوە. ئەو دەمە خۆیان لێ ئاشکرا دەکات کە بەزمانی لووس منیان بۆ لە خشتە نەبردێ و بیانەوێ ناجوامێرانە پەلامارم بدەن.»

– «ئەگەر گەڕایەوە چاکتر. وەک کوڕی خۆمان دەبێ.»



– «چاوی گەشمان دەبێ.»

– «چاوی ئەوان ترسنۆکە. هەڵۆی کوڕی من پاڵەوانە.»

بەبیری نەدەهات ڕۆژێک لە ڕۆژان ویستبێتی وەک پاڵەوانان بژی. پاڵەوان، پاڵەوان بوو. بەڵام هەڵۆ تەنیا کوڕی دایکی بوو. لە دایکی بگەڕێتەوە، هەموو حەزی، ئەسپەکە و تفەنگێک بۆ ڕاو و شکار و چاوە هەنگوینییەکانی نازداری مەلا فەتاح بوو.

– «ئەو دەمانە هەڵۆ تازە خەتی دابوو، منیش کچۆڵەیەکی تیژکەلە بووم. چاومان لە چاوی یەکتر دەبڕی و تا درەنگانێک بێدەنگ لە یەک ورد دەبووینەوە. هیچمان نەماندەزانی دڵ و دڵخوازیی چییە. ئەوەندەمان دەزانی بێ یەکتر ناژین. لانی کەم من وابووم.»

– «منیش بێ تۆ ناتوانم بژیم نازدار.»

– «گەلێ جار بەبیانووی ئاو هێنانەوە، لەسەر کانی و ئەستێرەکە دەچوومە ژووانی. ئەویش لەسەر بەردە نوێژی گوێی ئاوەکە نوێژی دەخوێند. کە من دەگەیشتم لە نوێژەکەی دەبۆوە و دەستە و دوعا دەبوو. نەمدەزانی داوای چی لە خودا دەکات.»

– «داوای زۆر شت نازدار گیان! داوای زۆر شت.»

– «دەڵێن تا دڵ لە یەکتر نزیک نەبنەوە پەی بەنهێنییەکانی یەکتر نابەن. من هەمیشە هەستم بەخەمێک لە گیانیدا دەکرد. هەڵۆ و خەمی وا گران؟ باوک مردن هەر بەدەم خۆشە؛ بەڵام خەمی هەڵۆ تەنیا بۆ باوکی نەبوو. نەمدەوێرا لێی بپرسم.»

– «دایکم بێ کەسە نازدار.»

– «خات پیرۆز وەک دایکی خۆم بوو. دڵپاک و جوان بوو. نازانم بۆ، ئیرەییم پێ دەبرد؟ ڕەنگە لەبەر ئەوەی هەڵۆ لە منی زیاتر خۆش دەویست.»

– «لە خۆشم زیاتر خوش دەوێ.»

هەڵۆ بەدەم هەناسەیەکی گەرمەوە ئەوەی دەگوت. ئەوسا دیسان لە چاوەکانم ڕادەما. بێ دەنگ دەبوو. نازانم دەیویست پەی بەچی بەرێ. ڕەنگە ویستبێتی من پەی بەقووڵایی خۆشەویستییەکەی بەرم. هەموو جارێک پێم وابوو لەو بێ دەنگییەدا دەرسی عەشقم بۆ دەڵێتەوە. داخی گرانم کە تێی نەدەگەیشتم. من حەزم دەکرد بۆم بشنێتەوە. پێبکەنێ. بتریقێتەوە. وەک جاران. جارانێکی زوو. بەڵام خەمی هەڵۆ ڕۆژ لە دوا ڕۆژ گرانتر دەبوو. هەناسەی گەرمتر و نیگای تیژ و دوورتر. لەم ئاخرانەدا نیگای لە چاوم نەدەبڕی. لە

دەشتەکەی دەڕوانی، دوور... لە شاخەکان... لە ئاسۆی سوورباوی ئێواران. جار جار لەبەر خۆیەوە شتێکی دەگوت. وەها کە بەگران تێی دەگەیشتم چی بوو؟ دەیگوت:

– «ئەگەر ڕاست بێ؟»

هەناسەی هەڕەشەی دەکرد. ئەو دەمانە نەمدەزانی چی «ئەگەر ڕاست بێ؟»

– «ڕاستە نازدار، هەزاران چاوی چنۆک، نیگای چڵکنیان بڕیوەتە دایکم.»

– «خات پیرۆز و نیگای نامەحرەم؟! لە پێشدا گاڵتەم پێ دەهات. بەڵام...»

– «بەڵام ڕاستە نازدار.»

– «ڕاستی ئەو هەواڵە دایچڵەکاندم. داچڵەکانی چی؟ کاسی کردم. ئەو هەواڵە هەڵۆی لە من دەسـاندەوە. من هەڵۆم باش دەناسی. دەمـزانی لە پێناوی دایکیـدا خـۆی بەئاو و ئاگردا دەکات. کێ بێ و لە عەشقی هەڵۆ بەرامبەر بەدایکی، ئاگادار نەبێت. کێ بێ و لە پیاوەتی هەڵۆدا شک بکات؟»

– «ئاگر لە دنیا بەردەدەم، نازدار.»

– «دەمزانی وا دەکات؛ بەڵام دەترسام هەر خۆی لە ئاگرەکەدا بسووتێ.»

– «بۆ نەسووتێم، نازدار؟»

لەو ڕۆژەوە هەڵۆ گوم بوو. دوژمنەکانی وایان بڵاوکردەوە.

دایە گـەورە جـاروبار لەسـەر بەرمـاڵ بێ دەنگ دەبوو. قـامکی بەدەنکە قـەزوانی تەزبیحەکەیەوە دەنووسا و بیری بۆ ڕابردوویەکی دوور دەچوو.

– «زۆری پێ نەچوو گـوتیـان هەڵۆ خـان گـەڕاوەتەوە. کـەس هەڵۆی نەدەدی؛ بەڵام هەر شـەوە دەچووە سـەربانـێک و هۆرەیەکی بەسـۆزی دەچڕی. لەگـەڵ چڕینەکـەی بەرد دەباری. سەیرە! وانییە! بەڵام دڵنیابە دایە گەورەت درۆت بۆ ساز ناکات. زۆر کەس وەرزی بەرد بارینەکەی لە بیرماوە. لەو دەمەوە هەڵۆ خان بوو بە ئەفسانە.

چی دز و درۆزنە، چی چاو چنۆک و داوێن پیسـە، کەوتنە مـەترسی. هەر شـەوە نۆبەی یەکێکیان بوو. لەسەر بانەکەیانەوە هەڵۆی گوم و نادیار هۆرەی دەکرد و لە چوار لاوە بەرد دەباری.

شـەوانی هەووەڵ پێیـان وابوو هۆرەی هەڵۆ خـان ڕەمزە و پیـاوەکـانی لە دوورەوە بەرد دەهاوێژن. تفەنگچییان بەنێو شاردا بڵاوکردەوە. دەوری شاریان بەتفەنگچی تەنی لەسەر هەمـوو بانێکیش چەند یاسـاوڵیـان دانا. بەڵام هەڵۆ خـان لە بن گـوێی یاسـاوڵی



سەربانەکانەوە هۆرە بەسۆزەکەی دەست پێ دەکرد و لەبەر دەم تفەنگچییەکانەوە، بەردی گەورە گەورە بەرز دەبۆوە و بەرەو ماڵەکە باڵیان دەگرت.

«بۆ بەیانی کـە خـەڵک لە مـاڵ دەهاتنە دەر دەیانبـینی لە شـوێنێکەوە تەبارێک بەرد هەڵچندراوە و ماڵەکە ژێر کەوتووە؛ بەرد کوشتاری دەکرد، کوڕم.»

خەڵک پێیـان وابوو هەڵۆ خان بەڕۆژدا لە ماڵی دایکی خۆی دەشارێتەوە، دوژمنەکانی هێرشیان بۆ برد. کە چوونە ژوور خات پیرۆز بەتەنیا لە ناوەڕاستی ژوورەکەیدا دانیشتبوو. وەک هەمـیشـە جوان بـوو. پیـاوێکی گـردیلانە لێی چووە پێش و هەواڵی هەڵۆ خـانی لێ پرسی. خات پیرۆز وەڵامی نەدایەوە. کابرا لێی تووڕە بوو. پیاوەکانی نارد هەموو کون و کەلەبەری مـاڵەکـەیان پشکنی. خـات پیـرۆز هەروا بێ دەنگ بوو. کـابـرا ترسـا. بەچرپە پاڕایەوە کـە بەهەڵـۆ خـان بڵـێ لە سـەربانـی مـاڵی ئەوان هۆرە نەچڕێ. کـەس هەڵۆ خـانی نەدی.

ئەو شـەو تا دەمـەی بەیانی هەڵـۆ خـان لە سـەربانـی مـاڵی کـابرای گـردیلانە، بەسـۆزەوە هۆرەی کرد. بۆ بەیانی، تا ئێوارە گەڕان. ئەوسا تەرمەکەیان هێنایە دەر، کوڕم.

کە هۆڵۆ خانیان گرت، وەرزی بەرد بارین دوایی پێ هات.

کەس نەیزانی کێ و لە کوێ دەرفەتیـان لێ هێناو گرتیان. کە گرتیان کەس نەیوێرا بڵێ هەڵـۆ خـان بۆ سـاتێکیش بووە ترسـا بێت. بەڵام هەڵۆ خـان ترسـا؛ لە مـردن نا، لە بێ دەسـەڵاتی ترسا. دەسـتی بەسـترا بوو. پێی زنجیـریکی گرانی بەسەر زەویدا ڕادەکـێشـا. دەیان تفەنگچی پێش خۆیان دابوو. تەنیا پیاوێکی کەتەی چاوبز لە پێشییەوە دەڕۆیشت.

حەشاماتێکی زۆر کۆببوونەوە. کەس هیچی نەدەگوت. ئارام شوێنی کەوتبووم، ڕوومەتی لە کەسیانەوە دیار نەبوو. پیاوە کەتەکە ئەگەر بیوێرایە دەیتوانی سەیری چاوی بکات.

لە خەیاڵی خەڵکەکەدا هەڵۆ خان تووڕە بوو. لە خەیاڵی خەڵکەکەدا خوێن لە دەمارەکانی ڕوومەتی سوور هەڵگەڕاویدا شەپۆلانی بوو. تیشکی هەتاو لەسەر شەپۆلانەکە دەخزی و دەبریقـایەوە لە خـەیاڵی خـەڵکەکـەدا بیـری دەکـردەوە، مـردن حـەقـە، بەڵام نابێ خـۆی بەدەسـتەوە بدات. دەبێ تا خـۆرئاوا بیـانـخافڵـێنێ. ئەوسا کە تاریکی داهات هۆرەیەکی بەسۆز بچڕێ. بەڵام من لە خەونـەکەمدا دەمدی کە ڕوومـەتە جوانەکەی زەرد هەڵگەڕابوو. توێژاڵێـک لە وەڕزی لە ژوور پێڵـووی نیشـتبـوو. بۆ ساتێکیش دایکی لەبەر چاوان گوم نەدەبوو.

چاوم گێڕا. خات پیرۆز لە نێو جەماوەرەکەدا نەبوو. دیسان چاوم گێڕایەوە خات پیرۆز شان بەشانی هەڵۆ خان هەنگاوی دەنا. هەڵۆ خان لە دارەکە نیزیک بۆوە. سێبەری دارەکە کەوتە سەر شان و باهوی. سێبەرەکە کشا بەرەو چاوی جەماوەر. هەڵۆ خانیان لەبەر دارەکەدا ڕاوەستاند و پەتێک بەربووبۆوە، لە ملیان کرد. کەس سەیری ئەو دیمەنەی نەدەکرد. هەموو نیگاکان بۆ بەرپێی شۆڕبوونەوە. تەنیا من هەڵۆ خانم دی، ئارام هەڵکشا. لە سەیرکردنی تێرنەبووم کە دایانگرت و بەچوار دەست سەرپشتی ڕووتی ئەسپێکیان خست. ئەسپەکە بردی....



## چیرۆکێکی ناتەواو

وەبیرمان هێنایەوە کە نۆبەی ئەوە دواهەمین چیرۆکمان بۆ بگێڕێتەوە. نیگای لە ڕایخەکە هەڵبڕی. لە پێشدا بەخێرایی سەیری بازنەکەی کوڕەکەمانی کرد و پاشان لە ڕوخساری یەکە یەکەمان ورد بۆوە. پێم وابوو دەیەوێ پێش دەست پێکردن سەرنجمان ڕاکێشێ. دەستی بۆ پەرداخە ئاوەکە درێژ کرد و نیوە پەرداخیک ئاوی خواردەوە. ئەوسا هەمدیسان نیگای بۆ ڕایخەکە شۆڕ بۆوە. پەنجەی شادەی بەسەر ڕایەڵ و پۆکانی داهێنا. بێ دەنگی ئەو و کوڕەکە لە مەودای سەرنج ڕاکێشان تێپەڕی. یەکێکی چاو قایمان لێی هاتە دەنگ و گوتی:

– «چاوەڕوانین دەست پێ بکەیت.»

بەهەمان دۆخی پێشووەوە لە ڕوخسارمان ورد بۆوە. ڕەنگە دەیویست لە قسەی هەواڵەکەمان دڵنیابێ. نیگای بۆ پەنجەرە بەرزەکەی ژوورەکە گوێزایەوە. باڵا بستێک بەفر بەدامێنی ئەو دیوی شیشەکاندا هەڵدرابۆوە. نیگای نوقمی شەوی ئەودیوی میلەکان بوو. ئەوسا گوتی:

– «شەو درەنگ نییە؟»

بۆی نەدەشاردرایەوە کە پێی خۆشە چیرۆکەکەمان بۆ بگێڕێتەوە. ئەی بۆ وا درەنگی دەکرد؟ گوێم لێ نەبوو هەواڵەکانم چییان گوت. کەوتبوومە بیری ئەو حاڵەتە تایبەتە وا ئەوی تێدا بوو. کە وە خۆم هاتمەوە دەستی بەچیرۆکەکەی کردبوو:

هەرچی پیر و زۆرهان بوو، بەڵام بەیانییان وەک هەمیشە زووتر لە هەموو خەڵک هەڵدەستا. لەسەر دەستشۆرکی ژوورەکەی لەپە دەستێک ئاوی بەڕوومەتیدا دەکرد، سمێڵە سپییەکەی بەم لاولادا بادەداو پێش ئەوەی پانتۆڵ و مراد خانی و بەسەریدا چۆغە شینکییەکەی لەبەرکا و پشتێنەی حەوت قەف لە پشت ببەستێ، مشکییەکی گەورەی بەپانایی جاجمێکی سێ تەختە لەسەر دەئالاند و خەنجەرەکەی بەکالانەوە بەر پشتێن دەدا و تەزبێ قەزوانەکەی لە مشتووی دەئالاند و سیواک و قەنەی لەملا کەلەکەی توند دەکرد و کاڵە و پێڵاوی هەڵدەبەست و وەدەر دەکەوت. لەسەر کانی و ئەستێرەی سەر تەبارەکەی

پشت ئاوایی دەستنوێژی دەگرت و نوێژی دەکرد و ئەوسا ڕوو لە خۆرهەڵات چاوی لە کەلێکی دوور دەبڕی و چاوەڕوانی خۆر کەوتن، چوار میلکەی دەدایەوە. بەدیتنی یەکەم گزنگی خۆر وەک کەسێک بیری کاری ڕۆژانەی کەوتبێتەوە چاوپۆشی لە سەیرکردنی جوانییە تەمەن کورتەکەی ئەو سات و دیمەنە دەکرد و هەڵدەستا و بەرەو ئاوایی شۆڕ دەبۆوە.

تا ئەم ساڵانەی دوایی ئەوەی ڕۆژێک نەیدیبایە و دەست و موستی لەگەڵ نەکردایە و پرس و ڕای پێ نەکردایە، خۆی بەتاوانبار دەزانی و لەسەر بەرماڵی نوێژکردن لە خودا دەپاڕایەوە لە تاوانی خۆش بێ و لە دەرفەتێک دەگەڕا قەربووی بکاتەوە و ڕیشی ماچ کا و بڵێ:

– «قوربان بەخزمەت نەگەیشتنی دوێنێم لەبەر بێ چاو ڕوویی یان بێ دەربەستی نەبووە، بەڵکو...»

لەو کاتانەدا ئەویش زەردەخەنەیەکی دەکرد و دەستی بەسەریدا دێناو دەیگوت: «بتبینم و نەتبینم دڵم هەر لە لاتە...» هەمیشە هەر ئەو قسەیەی دەکرد و هەموو کەسیش بەبیستنی وەک گوڵی سیس بوو کە ئاوی بن کرێ دەگەشایەوە.

نە ئاغا بوو نە مەلا و نە بەشی کۆلکە میرزایەتییەکی خوێند بوو. بەو حاڵەش هەموو خەڵکی ئاوایی گوێ لە مستی چاک و خراپی فەرمانی بوون. وەسێتی باب و باپیریان بوو کە ڕێزی لێ بگرن و خۆشیان بوێ و لە قسەی دەرنەچن. ئەگەرچی ئەو ڕێزلێنانە پشتاوپشتەیان لێ ببووە ترس، بەڵام یان پێیان نەدەزانی و یان سەرخۆیان نەدەهێنا و لە سووچێکی دڵیاندا ئەو ترسە شیرینەیان تاقەت دەکرد و خزمەتیان دەکرد.

تەمەنی لە سەد ساڵ و دووسەد ساڵ تێپەڕیبوو. ئەوەندەی خەڵک دەیانزانی لە هیچ وڵاتێک هاوتەمەنی نەمابوو. بۆیە کەس هیچی دەربارەی تافی منداڵی و لاوەتی نەدەزانی و ئەوەی کە بیستبوویان لە زمانی خۆیەوە بوو. ئەوەی خۆشی گێڕابوویەوە، باسی ئازایەتی و ڕەشیدی و پیاو چاکی بوو کە لە هەڵسوکەوتی ئێستا و تەمەنی درێژ و چالاکییەکی دەوەشایەوە و گومان و دوودڵ بوون سەرەتاتکەی بۆ دڵی کەس نەدەکرد. وەجاغ کوێری و بێ ئەولادی تەنیا خاڵێکی ژیانی بوو کە خەڵکەکە خەمیان پێوە دەخوارد و خۆشی لەبەر ئەوەی بیری لێ نەکاتەوە خووی بەڕاوو شکار و ئەسپ سواری دابوو. هیچ نێچیرێک لە تیری دەرنەچووبوو، هیچ ئەسپێک تۆزی ئەسپی ئەوی نەگرتبوو. ئەمانە دوو دڵخۆشی گەورەی ژیانی بوون کە دوا ساڵەها خەریک بوون لێی بستێننەوە.



یەکەم تفەنگ کە لە گوندەکە تەقاندیان دایچڵەکاند و تیروکەوانە کۆنەکەی لە بەرچاو خست. بەڵام شەوی بەسەردا تێنەپەڕی کە پێشکەشیان کرد. زۆری نەخایاند ئوتومبێل بەناڵە ناڵ و نرکەنرک خۆی بەگوندەکەدا کرد و لەیەکەم کێبەرکێدا ئەسپە بۆری ئەوی بەزاند. ئەو شەوە تا بەیانی لە داخان خەوی لێ نەکەوت. بۆ بەیانی دا ئەویشی کڕی. ئیتر لەوە دوا بزە هەمیشەیییەکەی سەر ڕوومەتی بەپیر هەر شتیکی تازەوە کاڵ و کاڵتر دەبۆوە و خەڵک دەیاندی کە بەدەم گێڕانەوەی کۆنە بیرەوەریەکانییەوە جاروبار هەناسەی قووڵی هەڵدەکێشا و سەری داخی ڕادەوەشاند.

هەواڵی مەرگی، ئەگەر چی کەسی دانەچڵەکاند - چنکا بڕوایان پێ نەکرد - بەڵام شتێکی وەبیر خەڵکەکە هێنایەوە کە پێشتر بیریان لێ نەکردبۆوە. بەدرێژایی ساڵان و مانگان باسی مردنی لە هیچ ماڵێکی ئاوایی نەکرابوو. بیری مردنی بە مێشکی کەسدا تێنەپەڕیبوو. هەواڵەکە لە ئەندێشەی خەڵکەکەدا شەتڵی پرسیارێکی چەقاند. «مەرگ و ئەو؟ ئەو و مردن؟» دەتگوت لە بیریان چۆتەوە کە موسڵمان و خواناسن. دەتگوت لە بیریان چۆتەوە کە ژیانی هەتا هەتایی هەر بۆ خوایە و هەموو بوونەوەرێک ڕۆژێ لە ڕۆژان مەرگ بەربینگی دەگرێ.

باب و باپیران خوویان بەبوونی گرتبوو. ئەوانیش وەک پێشوونانیان لە ژێر سێبەری بوون و مانیدا ژیابوون. ئێستا ئەو پرسیارە لە جەرگەی مەیدانی مێشکیاندا قوت بووبۆوە و خەوی شەوانی لێ ڕزاندبوون و لە کار و پیشەی کردبوون.

دەبوو بیتارێنن. ئاسانترین شێوە خۆ دزینەوە لە پرسیارەکە بوو. پیر و بەساڵاچووەکان لەو خۆ دزینەوە و لە بیر کردنەوەدا سەرکەوتووتر بوون. بەوان چی؟ تەمەنی پیرە مەرێکیان مابوو. با ئەو پرسیارە و وەڵامانە بۆ وەچەی داهاتوو بمێنێتەوە. ئەوانەی وا لە تەک پرسیارەکەدا گەورە دەبن.

بەو چەشنە قورسایی پرسیارەکە دەکەوتە سەر شانی گەنجەکان. ئەوان خوێنگەرم و چالاکتربوون. بشیان توانیایە خۆیان لێ نەبان نەدەکرد و وازیان لێ نەدەهێنا. لە مەیدان و چایخانە و بەرهەیوانی مزگەوت و سەر خەرمان و ناو ماڵەکان هەواڵەکەیان بەگوێی یەکتردا دەچرپاند:

– «دەڵێن مردووە.»

– «بیستووتە دەڵێن مردووە؟»

– «بیستوومە بەڵام درۆیە.»

– «منیش دڵنیام کە درۆیە.»

لەوە زیاتر چی بەیەکتر بڵێین؟ تازە دەیانزانی کە لە منداڵییەوە فێر نەکرابوون چۆن دەربارەی هەواڵێک بدوێن. بۆیە لەو پەڕی بێزارییەوە نەفرەتیان لە هەواڵ و هەواڵدەرەکە کرد. نەیانتوانی ڕووبەڕووی هەواڵەکە بێنەوە، بیریان بۆ هەواڵدەرەکە چوو. «یەکەم کەس کێ بوو هەواڵی مردنەکەی بڵاوکردەوە؟» لەشکرێکی تووڕە لە دەوری ئاڵای ئەو پرسیارە کۆبۆوە. هەواڵدەرەکە هەرگیز نەیوێرا خۆی بناسێنێ.

هێشتا مقۆمقۆی هەواڵەکە نەڕەوییبۆوە کە بۆنێکی ناخۆش بەنێو ئاواییدا بڵاو بۆوە. لە دوا عەسرەوە خەڵک هەستیان بەبۆنەکە کرد و لە هەر شوێنێک بوون چەند جار بەلووت هەوایان هەڵمژی و لچیان هەڵقرچاند و سەری پێ ناخۆش بوونیان ڕاوەشاند. دوا ئەوەی تاریکی هات و سفرەی شێو لە ماڵەکاندا ڕاخرا ژن و منداڵ زۆریان بۆ هات و ویستیان دەرکە و پەنجەرەکان پێوەدەن. بەڵام پیاوەکان کە ماندووی کاری ڕۆژێکی درێژی هاوین بوون نەیانهێشت و گوتیان:

– «بۆگەنی کەلاکی تۆپیو لە ئارەق ڕشتن و خۆ هەڵکڕاندن چاکترە.»

لە نیوەشەودا، کاتێک بۆنەکە وەک شەپۆلی سێڵاوێکی قورس هەڵی کوتایە ژوورەکان ئیتر کەس خۆی بۆ نەگیرا و دەرکە و پەنجەرە پێوەدران و چی درزو برینەکانیانە ئاخندران. لەو شەوەوە سات بەسات و ڕۆژ بەڕۆژ بۆنەکە خەستتر و ناخۆشتر بەهەموو وڵاتدا بڵاوبۆوە.

ڕۆژانی ئەووەڵ خەڵک بۆ دۆزینەوەی سەرچاوەی بۆنەکە لە زبڵ و خەوشی نێو کۆڵانەکان وەربوون و خاوێنیان کردەوە. دوا ئەوەی ئەو کارەیان دادی نەدا، هەرەوەزییان لە گوێزانەوە و دوور خستنەوەی سەلوێنکەکان کرد. کە چارە نەما، سەری حەوز و مەباڵەکانیان داپۆشی. بەڵام هیچکام لەوانە سەرچاوەی ئەو بۆنە نەبوون کە خەڵکی ئاوایی خەریک بوو خوویان پێ دەگرت. ئەوەی لە هەموو شتێک زیاتر تەنانەت لە نەخۆشی زگچوون کە کەسی لە بیر نەکردبوو، چەند منداڵیشی کوشتبوو، خەڵکەکەی ئازار دەدا هێرشی جڕوجانەوەر بەتایبەت مێش بوو. وەها کە مێشی هەموو دنیا لەو ئاواییە بچووکە پوورەیان دابێ بەسەر گڵێنەکانیشەوە هەڵدەنیشتن. وەزعەکە لە تاقەتدا نەمابوو. ژن و منداڵی نەخۆش و پەککەوتەیان بۆ دەرچووبایە، وازیان لە ماڵ و موڵکی ئاوایی دێنا و سەری خۆیان



هەڵدەگرت. زۆربەی ڕۆژان لە فێنکایی ئێوارەدا پیر و ڕیش سپی و پیاوی ئاقڵمەندیان لە شوێنێک کۆ دەبوونەوە و ڕاوێژیان دەکرد. کە بەهیچ ئەنجامێک نەگەیشتن بیری پیرەی ئاوایی کەوتنەوە. دەمێکە بوو دیار نەبوو؟ بەکۆمەڵ بەرەو ماڵەکەی چوون. لەسەر بانیژە پاڵی بەکۆڵەکە گەورەکەوە دابوو.

دەیانزانی هەموو ئێواران دوا ئەوەی لە گەشتی نێو ئاوایی دەگەڕێتەوە، لەو شوێنە پاڵ دەداتەوە و تا درەنگانێک هەڵناستێ. چەند ڕۆژ بوو کەس لە نێو ئاوایی نەیدیبوو؛ یان ڕەنگە دیبوویان و بەرەو پیری چوو بوون و دەست و موستیان لە تەک کرد بوو، بەڵام لە بیریان نەمابوو. سڵاویان لێ کرد و لە حاڵیان پرسی. بەڵام خەڵکەکەی لە چاوەڕوانی وەڵامدانەوەدا هێشتەوە. ئەو ئێوارەیە تا درەنگانێک وەزع و حاڵی خۆیان بۆ گێڕایەوە و داوای ڕا و تەدبیریان لێ کرد. دیسان هیچی نەگوت.

– «لە داخ و خەمی ئەو ڕۆژە شوومانە خانەنشین بووە و خەڵوە دەکێشێ.» خەڵکەکە ئەوەیان گوت و هەر ئەو شەوە بەنێو ئاواییدا بڵاویان کردەوە.

– «پێشتر قەت کاری وای کردووە؟» لە خۆیان دەپرسی.

– «کەس نەیدیوە و نەیبیستووە ڕۆژێک لە ڕۆژان خانەنشین بێ و کەس نەدوێنێ.» وەڵامی خۆیان دەدایەوە.

– «ئەی ئێستا بۆ وا دەکا؟» لە خۆیان دەپرسییەوە و لە ناچاری و بێ وەڵامیدا درۆیان دەکرد.

– « لە خوالێخۆشبووی باوکمم بیستووە، ساڵانێک لەوە پێش حەوتوویەک وای کردووە.» یەکێکیان دەیگوت:

– «دوا ئەوەش من بەبیرم دێ ساڵێک لە ساڵان حەوتوویەکی تر وای کرد.» یەکێکی دیکەیان بۆی دەساندەوە.

گردەنشینی و بێ دەنگی پیرە لە بن کۆڵەکەکەدا لە حەوتوویەکی تێ پەڕاند.

بۆ جارێکی دیکە هەواڵی مەرگی بڵاوبۆوە. هەواڵدەرەکە ئەمجارە گوتبووی، بۆنی کەلاکی ئەوە بەئاواییدا بڵاوبۆتەوە.

تاڵی ئەو قسە، بۆن و نەخۆشی و مردنی منداڵ و هێرشی مێشی لە بیر خەڵک بردەوە. هەموویان دڵنیا بوون کە ئەو نەهامەتییانە تاوانی ئەو بیرە چەوتەیە وا لە مێشکی کەسێکی گوم و نەناسراوی ئاواییدا سەری هەڵداوە.

– «کەواتە با بیدۆزینەوە و بە سزای خۆی بگەیەنین.»

ئەو بڕیارە هێز و گوڕی بە لەشە ماندوو نەخۆشەکان بەخشی و ڕاپیەڕاندن. گەڕەکا و گەڕەک، کۆڵانە و کۆڵان، ماڵە و ماڵ و تەنانەت تەویلە و کادینەکانیشیان پشکنی و بەهیچ ئەنجامێک نەگەیشتن. ئەوسا دیسانەوە بەکۆمەڵ بەرەو ماڵی پیرە بوونەوە.

وەک ڕۆژان پاڵی بەکۆڵەکە دارەکەوە دابوو. ملی بەحاستەم بەلارەوە نابوو. دوو هێڵی ڕاستە و چەپی سێبەری دوو کۆڵەکەی خوار و خێچی بانیژەکە کەوتبووە سەر لەشی. حاشامەتەکە لە حەوشە لە باوەشی نیگایان گرتبوو. کەس دەنگی لێوە نەدەهات. تەنانەت ویزەی باڵی مێشیش نەدەبیسترا. مێردمنداڵەیەک لە پێش خەڵکەکەوە وەک ئەوەی لەبەر دەرکەی یەکەم ژوانگەی دڵداریدا بێ، بەعەشقەوە سەیری دەکرد. ڕوومەتی بەدەم بزەیەکەوە دەگەشایەوە. هەنگاوی بێ ئەوەی ئەمریان لە مێشکی وەرگرتبێ بەرەو پیری دڵداریان برد. لە ئان و ساتێکدا کە خۆشەویستی سەدان ساڵەی هەموو خەڵکی ئاوایی بۆ پیرە لە گیانیدا بوو، موچڕکەیەک بەلەشیدا هات و زریکەیەک لە قووڵایی ناخیەوە بەرز بۆوە و بێ دەنگی حەوشەکەی دڕی. ئەوسا پشتی تێ کرد و خۆی لە باوەشی حەشاماتەکەدا شاردەوە.

– «چی بووە؟»

– «مردووە.»

کە من ڕێم کەوتە ئەو ئاوایییە لە هەموو ماڵێک شەڕ و کێشە بوو. هێندێک لە گەنجەکان دەیانگوت: مردووە. لەشی لەبەر تیشکی گەرمی هەتاودا ڕزیوە و بۆگەنی کردووە. بەڵام زۆربەی خەڵکی ئاوایی جگە لەوەی کە بڕوایان بەو قسەیە نەبوو، زۆر زیاتر پیرەیان لەبەر دڵ شیرین بووبوو. هەموو ڕۆژێک لە بەیانییەوە تا تاریکان لە حەوشەی ماڵەکەی لە بن سێبەری حەسارەکە دادەنیشتن و چاوەڕوان دەبوون و کە واز لە خانەنشینی بێنێ و بێ دەنگییە پیرۆزەکەی بشکێنێتەوە.

زۆرم پێ خۆش بوو کە سەرێک لە ماڵی پیرە بدەم، بەڵام لەبەر بۆگەنەکە وازم لێ هێنا و بەپرتاو خۆم دەرباز کرد.

زۆر ماتڵ بووین کە هەواڵەکەمان درێژە بەگێڕانەوەی چیرۆکەکە بدا. بەڵام ئەو وەک پێش دەست پێکردنەکەی چاوی لە ڕایخەکە بڕیبوو پێشی وەبەر خۆی دابۆوە.

خۆم پێ نەگیراو گوتم: «دەی ئاخری...»

سەری هەڵبڕی. نیگای لە نیگام گرێ دا و گوتی: «زۆر لەوە دوا، ڕێبوارێک کە ڕێی



کەوتبۆوە ئەو ئاواییە بۆی گێڕامەوە، کێشەی نێو ئاواییەکە لە هەمیشە زیاتر پەرەی سەندووە. تەنانەت ڕۆژ نییە یەکێکی تێدا نەکوژرێ.

دەیزانی چیرۆکەکەی بەئەنجام نەگەیاندووە. سەری داخست و بەشەرمەوە گوتی:

– «چیرۆکێکی ناتەواو بوو.»

لەو کاتەدا هەمووومان بیرمان لەوە دەکردەوە ئەنجامی ئەم چیرۆکە چۆن دەبێ...

# ڕابوردوویەک لە ئاگردا

– « ئەی خوایە بمکوژی و ڕزگارم کەی...»

پێچ و ژانە سک ئۆقرەی لێ هەڵگرتبوو. وەک ماری بریندار گینگڵی دەدا. کە زۆری بۆ دەهات، هەر دوو ئەژنۆ لاوازەکەی کۆ کردەوە. ڕانەکانی بەسەر سنگ و سکیەوە دەنووساند. باوەشی بەهەر دوو قاچیدا دەکرد بەخۆیەوە دەگوشین. پاشان گرمۆڵە دەبوو وەک بەنی لێ دەهات.

شان و ملی وێک دەچوونەوە. سەری بەهەر چوار دەوری ملیدا هەڵدەسووڕاند. کەفی هەڵدەچڕاند و وەک پشیلە مێرو دەیزریکاند.

– «ئەی سکم... ئەی خوا هاوار...»

ئازار وەک خڕەبەردێک ئاو پێش خۆی دابێ، گشت کۆڵانەکانی ورگ و ڕیخۆڵەی دەپشکنی. لەبەر موسولانی تاوێک دەوەستا. دەیخستە گریان. دوایی ئارام و کوشەندە وەک گلمۆتە گلێک خاو دەبۆوە. دەتوایەوە بەگشت گیانیدا بڵاو دەبۆوە. پشوویەکی دەدا. ئارەقەی نێو چاوانی، تەپ و تۆز و دووکەڵی ڕوومەت و لاجانگی دەشتەوە و وشک دەبوو.

ئەژنۆی لێک دەڕوینەوە. گرێی پەنجەکانی دەکرانەوە. قاچی درێژ دەبوو. هەناسەیەکی لە ناخەوە هەڵدەکێشا و بۆ ماوەیەکی کورت دەحەسایەوە.

چاوی بەکەلاوەکەدا دەگێڕا. نیگای لەسەر پشکۆی ئاگرەکە دەوێستا. ئەگەر ئاگر لە کوژانەوە بوایە، یەک دوو کۆتەرەی پێوەدەنا. ئەگەر کۆتەرەکان نمی بارانیان هێشتا پێوە مابوایە، دووکەڵێکی تۆخیان لێ بڵیند دەبۆوە. ئەوسا بەپێی خووی هەمیشەی چاوی لە کەلاوەکە دەبڕی.

دەلاقەکە ئەگەر چی بچووک بوو، بەڵام بەگوێرەی ساڵان ژوورەوەی لە با و بۆران و سەرمای دەری بێ بەش نەدەکرد.

دەرەوە تاریک بوو. ئەستێرەیەک چییە، بەئاسمانەوە نەبوو. لەگەڵ ئەوەشدا، چاوی ئاسمان وەک پوورپنۆک ئاوی لێ نەدەبڕا. دەرەوە بێ دەنگ بوو. بێ دەنگییەکی بەسام،



چڕنووکی لە دیواری کەلاوەکە، لە ژوورەکە، لە دڵ و مێشکی نەخۆشەکە دەگرت. دەرەوە بۆنی چۆڵی لێ دەهات، بۆنی کاولی، بۆنی مەترسی و دڵەکوتە، بۆنی شەڕ و کێشە و...

«مەحە» گوێی بەهیچ کام لەمانە نەدەدا. با و باران و سەرما تەنگەی پێ هەڵنەدەچنی. بەدرێژایی ساڵان خووی پێ گرتبوو. پاڵتۆ ئەستوورەکە و کڵاوە بەنەکە و سێ چوار جووت گۆرەوی تاوتاش پتر دەیان پاراست. لە بێ دەنگی دەرەوەش وەڕز نەدەبوو. تەنانەت حەزی لێی بوو. بێ دەنگی بۆ ئەو خەڵاتێک بوو کە شەڕ و کۆچ و ڕەو پێی بەخشیبوو. مەترسی تەنیا بۆ سەر هەڵدانەوەی ئازاری سکی بوو. کە هەستی بەتەزووە ئێشی دەکرد. خێرا گرمۆڵە دەبوو. بەڵام جاروبار ئازارەکە یاری پێ دەکرد. پێی ڕادەبوارد. چاوێکی لێ دەقرتاند و بەس؛ ئەنگوستێکی لێ دەدا و هیچی دیکە. ڕەنگە پێی پێدەکەنی، بەترسنۆکییەکەی. ڕەنگە حەزی لە دەم وچاوی ڕەشە چڵکنەکەی، لە چاوێلکە ڕەشەکەی دەکرد. یاخود ئەهوەندی دەکردەوە. سێ چوار تەزووی بەلەشیدا دێنا. دڵی خۆش دەکرد کە گوایە تەواو بووە، لە خەم ڕەخسیوە. درێژتر دەبوو.

بزەیەکی دڵنیایی لەسەر دڵی دەنیشت. کۆمەڵە شڕەکەی کۆ دەکردەوە ژێر سەری دەنا. بێ ئەوەی بزانێ کە ئەمە ساتێک زیاتر ناخایەنێ، دەکەوتە بیر و خەیاڵاتەوە.

نەتدەزانی وات بەسەر دێ، هەرگیز بیرت بۆ وەها ڕۆژێک نەچووبوو. بیری وەها شەوێک بەمێشکتدا نەهاتبوو. قەت پێت وانەبوو ئازاری سک ئاوا زۆرت بۆ بێنێ؛ تەنگت پێ هەڵچنێ. ئارەزووی مەرگی خۆت بکەیت. پێت وانەبوو بەئازاری سک بمری. زۆر بیرت لە مردن کردبۆوە. بەدرێژایی شەوانی تەنیایی نێو کەلاوەکە هەموو جۆر و چەشنەکانیت هێنابووە بەرچاو. ئەوەندەی بیرت لە مردن کردبۆوە، بیرت لە ژیان نەکردبۆوە. پێت وابوو بۆ مردن خولقاوی. پێت وابوو دەبوو زۆر زووتر بمردیتایە. جا بۆ نەمردبووی؟

خۆت جارێک دەتگوت:

«بیست و چوار ساڵانە بووم کە پەروەندەم ڕوو کەوت. قابیز چنگی لە ملم گیر کرد. ئەوا شانزدە ساڵە بەگیانەڵاوەم». ئەو کاتە وات دەگوت. ئێستا دوو ساڵیش بەسەریا تێپەڕیوە. کەواتە هەژدە ساڵە بەگیانەڵاوەیت. سەیرە بیرت بۆ کوێ چووە؟ دەتگوت: «کاتێ عیزرایل دێ گیانی کەسێ بکێشێ، لای خەڵکی وایە، کە تەنیا ساتێک دەخایەنێ. بەڵام لای مردووە کلۆڵەکە ماوەیەکی پێ دەچێ. ئەوەی تاوانی کەم بێ، ڕەنگە کەمتر. بەڵام بۆ تاوانبار زیاتر و زیاتر.»

خۆشت باش لە خۆت نەدەگەیشتی. ئەو ساڵانە نەخۆش نەبووی، پەکت نەکەوتبوو. بەهەوای دڵ قسەی زلت بۆ دەهات؛ لە خۆوە نەبوو. خەڵکی بۆچوونی جۆراوجۆریان لەسەر تۆ بوو.

هێندێک دەیانگوت، پیاوی ئینگلیزی بۆ سیخوڕی و شۆفاری هاتوویتە ئێرە. هێندێک پێیان وابوو سۆفییەکی گەورەی مەیلت لە دنیا هەڵکەندووە. کۆمەڵێکیش دەیانگوت، شەیتان چۆتە کەولّتەوە.

سەرچاوەی خراپە و پیسی. تاک و تەراش پێیان وابوو لە زۆرزانی خۆت ئاوات بەسەر هاتووە. زۆرزانی پیاو شێت دەکات. بەڵام ئەوانەی تۆیان پێ شێت بوو، زۆر نەبوون. دنیایەکی سەیرە! حەزت دەکرد بەشێتت لە قەڵەم بدەن. خۆت دەتزانی کە شێتی. کەچی خەڵکی پێیان وانەبوو. بۆ شێت نەبووی؟ ئەی شێت چۆن دەبێ؟ کە شەوان لە کەلاوەکە، لە گوێ تەنەکە ئاگرەکە هەڵدەترووشکای، تەنیا شەوانی زستان نا. تۆ بەشەوی بەهار و هاوینیش ئاگرت دەکردەوە. چاوت لە گڕەکە دەبڕی. ئەرێ تۆ بۆ ئەوەندە حەزت لە ئاگرە؟ لەو گڕە ڕەنگاوڕەنگە چی دەبینی؟

ڕایەکیان کە ئەمەت لە خۆت پرسی، لە وەڵاما گوتت: «ژیانی خۆمی تیا دەبینم، ڕابردووی خۆمی تیا دەبینم.» ئەی چۆن شێتی؟ خۆ شێت ئەمە نازانێ. ئەقڵی بەم شتانە ناشکێ. بەڵام تۆ شێت بووی. ڕێگەیەک بوو هەڵت بژارد بوو. لە هەموو ژیاندا ئەوەندە لە هەڵبژاردندا بەشداریت کرد بوو، بەست بوو. خۆت بەدۆڕاو نەدەزانی. بەئازایەتیت دەزانی. شانازیت پێوە دەکرد. بەوەوە مابوویت. هەژدە ساڵی ڕەبەق دڵت پێ خۆش کردبوو. لە بیرتە، کاتێ سەیری ئاگرەکەت دەکرد و ژیانی خۆت، ڕابردووی خۆت تێدا دەدی چ حەزێکت دەکرد؟ کزەکزی گۆشت و پێستی ژیانت کە دەسووتا دەیهێنایتە بزە. لای خۆت پاڵەوانێکی ئەفسانەیی بوویت. ئەی ئیمشەو بۆ وا گۆڕاوی؟ بڵێیی بەهۆی ژانە سکەکەوە بێ؟ خۆ زۆر جار نەخۆش کەوتوویت. خۆ زۆر شەوی وا بەدەم ئازارەوە تلاویتەوە. ئەی بۆ ئیمشەو ورەت بەرداوە؟ بۆ وا هەست بەدۆڕان دەکەی؟ ئەمە یەکەم جارە، یەکەم شەوە، کە چەمۆڵە لە هەڵبژاردنەکەت بکەیت. یەکەم شەوە کە نەفرەت لە خۆت بکەیت. چیت لە دڵدایە؟ ها؟ چی؟

هاتەوە، دیسان هێرشی هێنایەوە. پێی وابوو لە تەزوە ژانەکانە. خۆی ڕاگرت نیوە خولێکی بەلەشی دا.



«ئێستا دەڕوا». ئەمەی لای خۆی گوت. «تەنیا دەیەوێ لە یادی نەکەم. بڕۆ... بڕۆ... دڵنیابە لە یادت ناکەم. چون ماران گەز، خشپە لە یاد دەکا؟ چۆن گورگ گرتوو کەڵبەی لە بیر دەچێتەوە؟ بڕۆ... واز بێنە.»

بەڵام ئەمجارە تەزووە ژان نەبوو. بەنیوە خولێک و دان لە یەک گیرکردنێک وازی نەهێنا. هەستا؛ بێ ئەوەی بزانێ کۆمەڵە شڕەکەی ژێر سەری بەچنگ ڕاکێشا لێکی بڵاوکردنەوە. تەواو ڕاست نەبووبۆوە کە ئازار هەمدیسان لەبەر موسوڵانی خڕ بۆوە. داینیشاندەوە. دیسانەوە ئەژنۆی پێ لە باوەش گرت، گینگڵی پێدا. هاواری کرد، نەیزانی بۆ چنگی لە کلاوەکەی گیرکرد؛ لەسەری خۆی داماڵی. یەک دوو جار کێشای بەزەویدا. تۆز و خۆڵی نەدی، بەڵام هەستی پێ کرد. دەستی بەرەو ئاگرەکە کشا. ئارام دەئاسیا. بڵێسەی وەک سەماکاری بەسوغرە گیراو سەمای دەکرد. وەک پێچ و خولی ئازار لەسک و ڕیخۆڵەیدا، پێچ و خولی دەدا. بۆ ساتێک بەمێشکیدا تێپەڕی مشتی لە پشکۆکان ڕۆکات. گەرمای زۆر نەیهێشت، دەستی کشایەوە. گۆزەڵەی ئاوەکەی لێ نیزیک بوو. مشتی تێ ڕۆکرد. تەڕایی و فێنکی ئاوەکە وەخۆی هێنایەوە. بۆ وا دەکات؟ نەیدەزانی چۆن ڕزگاری دەبێ؟ نیگای بۆ دەرەوەی کەلاوەکە بەرێ کرد. هەر وا تاریک بوو. ئاواتی ڕوون بوونەوە لە دڵی گەڕا. «بڵێیی زۆری مابێ؟» گوڕپە ژانە خڕبۆوەکە توایەوە؛ بەهەموو لەشیدا بڵاوبووە.

«بڵێیی ڕوون ببێتەوە؟» هەرگیز ئاواتی وای بەبیردا نەهاتبوو. هیچ ڕۆژێک ئاواتەخوازی شەو، یا شەوێک خۆزگەی ڕوون بوونەوەی نەبووبوو. شەو و ڕۆژ بۆ ئەو جیاوازییەکیان نەبوو. ئەگەر بەڕۆژ جاروبار دەچۆوە دەر و نێو بازاڕێکی دەدی و چوار قسەی لەگەڵ خەڵکدا دەکرد، بەشەوانەش لە کەلاوەکەیدا چاوی لە ئاگرەکە دەبڕی. کەواتە چ جیاوازییەکیان بوو؟ بەڵام ئیمشەو حەزی دەکرد ڕوون ببێتەوە؛ نەیدەزانی بۆ؟ پێی وابوو دەرکەوتنی خۆر و بارکردنی ئازاری سکی پێکەوە گرێ دراون.

ژان بۆ ماوەیەکی دیکە وازی هێنا. ماندوو بووبوو.

ئارەقە و ڕەشاوی ڕوومەتی تف کردەوە. باوشکێک ئارەزووی خەوی ئاشکرا کرد. بەڵام خەو لە هێلانەی چاوی تارا بوو.

شەوێکی نەهاتە؛ قەت تووشی شەوی وا نەبووی. هەموو ئەو بیرەوەرییانەی وا بەدرێژایی ئەم هەژدە ساڵە لێت نامۆ بوون، هێرشیان هیناوە، تەنانەت بیر لە ژانی دایکیشت دەکەیتەوە.

که شەیتانییەکی دەکرد، دایکی بەهەر دوو چەپۆک بەسەریدا دەکێشا. «سەر و بابانت لە قوڕ گیرێ. لەوەتی گەرای تۆم کەوتە سکەوە خێر و خۆشیم نەدی. گۆڕ بەگۆڕەکەی باوکت کە چوار گیسکی باش پێ بەخێو نەدەکرا، هەوای چەکداری کەوتە مێشکییەوە. لە ترسی شوانی و کۆڵە گەڵا و دار هێنان بوو بە تفەنگچی بەگزدان چوار منداڵی سەلکە و پێچکەی بۆ بەجێ هێشتم و شوێنی گوم بوو. بەتۆی سەرە خۆرەوە پێو مانگی خۆم بووم کە مەیتەکەیان بۆ هێنامەوە. ئافرەتێکی سک لەسەر دەم و مەیتێکی بۆگەن کردوو. لە ناشتنی نەبوومەوە کە عوقرەت لێ هەڵگیراو کەوتیە جموجووڵ. دەی بەتوون، ئەوە کاسەو ئەوەش پوور مریەمی مامان. فەرموو، خۆ لە منداڵبوون ناترسم. خۆ نۆبەرەم نیت، بەڵام تۆ وەک منداڵی بنیادەمان نەبوویت. لە بری ئەوەی سەرت بێ، پێت هات. لە بری ئەوەی بەجووت بی، تاکە... تاکە... پوورە مریەم لێم ماندوو بوو. نازانم بۆ نەمردم؟ بمزانیایە دەبیە ئەم کوڕە، دەمگوت لە سکمدا هەنجن هەنجنت کاو لەت و پەتەکانت بێنێتە دەر. تۆ تووشی دەردت کردم. تۆی ئاگر کەوتیتە گیان وماڵم.»

هەرگیز نەتدەویست دایکت ئازار بدەی، بەڵام نەتدەزانی ئازاری نەدەی. تەنانەت ئەو ڕۆژانەش کە گەورە بووبوویت. ئەو ڕۆژانەی وا بەڵێنیت دەدا کارێک بکەیت جێی ڕەزامەندیی بی، بێ ئەوەی بزانی؛ بێ ئەوەی بتەوێ، کارێکت دەکرد کە گریان و دوعا و نزای حەوتوویەکی بەدواوە بوو. ئەوسا ڕقت هەڵدەستا. لە خۆت، لە کردەوەکەت، لە دایکت.

بەر جنێوانت دەدا. تەنانەت لێت دەدا. پاشان دەچوویتە چۆڵگەیەک و تێر دەگریای. هەر بەتەنیا بۆ دایکت وانەبووی، بۆ برا و خوشکەکانیشت وابوویت. دەزانم ناتەوێ بیدرکێنی. بەڵام باش دەزانی کە لە مردنی خوشکە گەورەکەت «حەلاو»دا بێ تاوان نەبوویت.

پیرێژن بەدەم دوعا و نزاوە دەگریا. حەجمینی نەبوو. پەستا پەستا دەیگوت:

– «تەواو بوو. تەواو بوو. ئیمشەو نەدۆزرێتەوە گورگ دەیخوا. لە دارایی دنیا تەنیا ئەو مانگایەم بۆ مابۆوە، ئەویش ڕۆیی.»

حەلاو لە ترسان کەوتبووە لێوەلەرە. تاوانبار بوو؛ دەبوو بیبەستایەوە. بەڵام پێی وابوو بەستنەوەی ناوێ. ئەم دەشتە لەوەڕی خۆشە، بۆ کوێ بڕوات لێرە باشتر؟ کەچی مانگا قەشان ڕۆشتبوو. حەلاو گشت ئەو دەروبەرەی بۆ گەڕابوو. نەیدۆزیبۆوە ماڵ بەماڵ نێو دێشی پشکنیبوو. کەس مانگا قەشانی نەدیبوو تا دایکات. ئەوسا بەگریان گەڕابۆوە بۆ



ماڵ. دایکی سەر و قژی ڕنیبوو. بەڵام هیچ سوودێکی نەبەخشیبوو.

پیرێژن بەتووڕەیییەوە ڕووی کردە مەحە:

– «هەتیوە! من ئەڕۆم پشت ئاوایی بۆ دەگەڕێم. تۆش لەگەڵ ئەو چەتیوە سەرێ ئەو بەری چۆمی بدەن.»

مەحە لە داخی حەلاو وەڵامی داوە:

– «کێ ونی کردووە، ئەویش بۆی بگەڕێ.»

پیرێژن وەڕز بوو، بەسەریدا نەڕاندی. بەڵام مەحە تازە وای گوتبوو، پاشگەزیش نەدەبۆوە.

– «من بۆ بچم؟ خۆی بۆ ناڕوا بیدۆزێتەوە؟»

– «بەم ئێوارەیە چۆن چەتیوێک بەتەنیا بنێرمە ئەو بەر چۆمی؟»

– «ئەی خۆ گورگ نایخوات.»

حەلاو کزەڵەی کردبوو. پیرێژن بەتووڕەیییەوە گوتی:

– «دەبڕۆ سەرشین، بەتەنیا بڕۆ.»

پاشان خۆی بەرپەرچی قسەکەی دایەوە و ڕووی لە مەحە کرد:

– «ئاخر ناوێرێ ناپیاو.»

– «بۆ ناوێرێ؟ ناز و نووز دەکات. ئەی بۆ دەوێرێ...»

حەلاو نەیهێشت قسەکەی تەواو بکات. بەگریانەوە چووە دەر.

ئەو شەوە مانگا قەشان دۆزرایەوە، بەڵام حەلاو گوم بوو. بۆ بەیانی مەیتەکەیان بەلقی شکاوی دارێکی گوێ چۆمییەوە دۆزییەوە. خەڵک دەیانگوت شەیاتینی دەستیان لێ وەشاندووە و پاڵیان پێوەناوە.

ژان درەنگی کرد بوو. مەحە دەیگوت: «بلێ بڕوا و نەگەڕێتەوە؟ وەک چۆن حەلاو ڕۆیی و نەگەڕایەوە.» ئارام هەستا. کۆتەرەیەکی بەئاگرەکەوە نا. کۆتەرە کەوتە قرچە قرچ. زۆری نەخایاند گڕ بەرز بۆوە. بەڵام دەرەوە هەروا تاریک بوو. چاوی لە گڕەکە بڕی. حەلاو لە گڕەکەدا بوو. ژوور ڕووناکتر بۆوە. حەلاو بەمەحە پێ دەکەنێ.

– «ئەوە بۆ وات لێ هاتووە. مەحە؟ نەمناسیتەوە.»

– «ئازاری سک زۆری بۆ هێناوم، حەلاو.»

– «ئازارەکە هیچ، بۆ وات لێهاتووە؟»

– «چیم لێهاتووە؟ چەتیوە؟»

– «بۆ وا ڕەش و چڵکن و ناحەزی؟ بۆ وا پیر بووی؟ لەم کەلاوەدا چی دەکەی؟»

«ئەمە ژیانی منە. دەمێکەیە، هەژدە ساڵە وا دەژیم.»

– «ئەی ئەو چاویلکە ڕەشە زلە چییە؟ بۆ چاوت دەشاریتەوە؟»

مەحە دەستی بۆ چاویلکەکەی برد. بەکەژ بەستبووی. شەوانەش لە چاوی نەدەکردەوە. بیری قسەی منداڵان کەوتەوە. ئەو دەمانەی وا تازە هاتبووە ئەم شارە. منداڵ شوێنی دەکەوتن. «مەحە عەینەکی... قەپان چۆلەکی... مەحە عەینەکی... قەپان چۆلەکی.» حەلاو پێی پێ دەکەنی.

دیار بوو بەزەییشی پێدا دەهات. لێی پرسی:

– «هەواڵی دوو براکەمان نازانی؟»

– «من هەواڵی خۆشم نازانم. ڕاستی پێم ناڵێیت چۆن کەوتیتە نێو چۆمەکە؟»

حەلاو قاقا پێکەنی.

– «هەتیو تۆ لەگەڵم نەهاتی.»

– «بریا بهاتمایە و منیش بخنکامایە. حەلاو من زۆر...»

ئازاری سک هاتەوە. لە تاو گڕی ژانەکە. گڕی ئاگرەکەی لە بیر چۆوە.

ئۆقرە بگرە، ڕۆژ دەبێتەوە. کەی تۆ جاران دەربەستی ئەو شتانە بووی؟ دەترسی بەیانی نەبینی؟ دەی با نەبینی؛ چ دەبێ؟ لەم دنیایە و لەم شارە چی کەم دەبێتەوە؟ «مەحە عەینەکەییەک». نەکا دڵت بەکەلاوەکەوە بەستبێ؟ تۆ لە بیرت نایەت ئەم کەلاوە، کەی سازکراوە. بیستووتە پێش لەوەی ببێتە ژووری تۆ، ماوەیەکی زۆر چۆڵ بووە، چۆڵی چۆڵیش، نا، سەگە بەرەڵا شەوانە ستاریان لێ گرتووە.

یاخود هەتیو مەتیو شەیتانیان لێ کردووە و پێش ئەوساش هی جوولەکان بووە. ئەوان بەکۆمەڵ ڕۆشتن بۆ فەلەستین. شوێن ئاواتەکانیان کەوتن. شوێن ئاواتەکانیان خستن. ڕاستی دڵت پێداوە؟ زەوییە خۆڵینەکەی، دیوارە سواغ لێ بووەکانی دەلاقە بێ پەنجەرەکەی، دەرکە بێ لاشیپانەکەی، بانە تەپیوەکەی، بەکوێیەوە؟ سوێندە لەم هەژدە ساڵەدا بۆ ساتێکیش بیرت لە هیچکام لە مانە نەکردۆتەوە. تەنانەت بیرت لە تەنەکەی



ئاگرەکەش نەکردۆتەوە. بیرت لە گۆزەڵە ئاوەکەش نەکردۆتەوە. نازانی ئەو شڕو شاتاڵەی واژێر سەری دەدەی، چۆن وەگیرت هاتووە. کەواتە دڵت بەم کەلاوە نەداوە. ئەی بۆ وا سەیری دەکەی؟ نەکا تازە بیرت دێتەوە لە چ کەلاوەیەکدا ژیاوی؟ هەژدە ساڵ لەمەوبەر بۆ سەیرت نەکرد؟ بیرتە چۆن ئێرەت دۆزییەوە؟ یەکەم ڕۆژە کە هاتیە ئەم شارە وەک ئێسکی سەرپێستان سەرنجی خەڵکت ڕاکێشا. بەتایبەت بەو چاویلکە زلە ڕەشانەوە. بەو کڵاوە بەنە چڵکنە و پاڵتۆ ئەستوور و زلەوە.

قرچەی هاوین بوو. یەکەوڕێ چوویتە بەر مزگەوتەکە. خۆت نەتدەزانی بۆ؟ کابرایەک بەلاتدا ڕەت بوو. چاوی تێ بڕی و واقی وڕما. گوێت لێ بوو لەبەر خۆیەوە دەیگوت: «شێتمان کەم بوو، ئەمەش زیابوو.»

چەند حەزت بەو قسە کرد. یەکێکی تر دەستی برد قڕانییەکی بۆ ڕاگرتی. وەرت نەگرت. مۆڕەیەکت لێ کرد. کابرا تێگەیی. دەستی بۆ گیرفانی بردەوە گوتی: «دەک موبارەک نەبێ» و ڕۆیی. دوو گەنج بەلاتدا هاتن. گرژ بوون. لووتیان گرت. بە بەزەیی و نەفرەتەوە سەیریان کردی. یەکیان گوتی:

«شێتی وا پیسم قەت نەدیوە.» ئەوەی تریان گوتی: «سەیرکە ئەو عەینەکەی.» زۆری پێ نەچوو خەڵک ناوت فێر بوون، ناویان نایت «مەحە عەینەکی». چ ناوێکی تەواو بوو. تۆ چیت بوو جگە لە عەینەکێک کە پێوەی بناسرێیتەوە؟ منداڵ هەر دوو سێ ڕۆژ لێت گەڕان. دوایی شوێنت کەوتن. «مەحە عەینەکی... قەپان چۆلەکی» ئەوەت پێ خۆش نەبوو. منداڵت خۆش نەدەویست. بەمنداڵیش حەزت بەنێو منداڵان نەدەکرد. هەر ئەوان ڕاویان نایت بۆ ئەم کەلاوە. هەرگیز ڕێی ژوورەوەت نەدان بەڵام بوختانیان بۆ کردی بەقازانجت تەواو بوو. باوک و دایک ئامۆژگاری منداڵەکانیان کرد. کاریان بەتۆ نەبێ، ئەوسا ئاسوودەتر ئاموشۆی دەرەوەت دەکرد. سیوات لە خەڵکەکە بۆوە. ئەوانیش وەریان گرتی. ناسییانی. بەخوو خدەت ئاشنا بوون. بەناوی بچووک بانگی فەرمانداریشت بکردایە لێڵ نەدەبوو، ڕێزت لە کەس نەدەگرت لە بیرتە، ئەو ڕۆژەی وا فەتاح خانت بەگیر هێنا.

– «فەتاح، ئا پانتۆڵێکم بۆ بێنە.»

فەتاح خان پیاوێکی ساماندار بوو. بەپەلەپیتکە خۆی دەتەکاند. زۆری پێ سەیر بوو کە ئاوا ڕووت لێ ناوە. تووڕە بوو. وەڵامی نەدایەوە. بەڵام تۆ وازت نەهێنا.

– «دەڵێم پانتۆڵێکم بۆ بێنە بۆماڵەوە.»

ویستی که وازی لێ بێنێ، گوتی:

– «چاکه. بۆت دەنێرم.»

گوتت:

– «پانتۆڵێک ئەوەندە قورس نییە، حەماڵی بۆ بگری، دوا نیوەڕۆ کە هاتی بەرەو خوار بۆم بێنە. ئەگەر لە ماڵەوەش نەبووم بۆم دانێ.»

دیسانەوە ئازار. ئەمجارەیان تەوژمێکی بەگوڕتری بوو. پێی وابوو لە چنگی ئەمەیان ڕزگاری نایەت. پێستی ڕوومەتی گرژ بوو. چرچەکانی قووڵتر بوون. دەمی گەڕا. دانی خوارەوەی لە پووکی ژوورەوەی گیر کرد. جمگەی شانی ئارام و قورس هێنایە خولدان. حەزی دەکرد جمگەی دەرچێ. لە قووڵایی دەروونیەوە ئاخێکی هەڵکێشا و قووڕە قووڕ گریا. دەرەلنگی پانتۆڵەکەی بەچنگ گرت، گوشی و هەڵکێشا. قاچە ڕەقەڵەکانی دەرکەوت. لەبەر تۆز و چڵک مووی دیار نەبوو. نینۆکی لە پێستی قاچی گیرکرد و ڕنی. قەتماغەی برینێک لەسەر کەشکە ئەژنۆی هەڵکەندرا. هەستی بەتەڕایی کرد. توانای بیرکردنەوەی نەبوو برینەکەی هەڵکۆڵی. بێ ئاگا دەرەلنگی دادایەوە. چنگی لە پێڵاوە دڕاوەکەی گیر کرد. پێڵاو ئەوەندەی دیکەش داقڵێشا. گوێی نەدایە. چنگی لە زەوی گیر کرد. بەردووچکەیەکی تیژ کەوتە ژێر نینۆکی. پێی زانی. دەری هێنا. گرمۆڵە بوو. خۆی گەوزاند. سەری لە خۆڵەکە سوو. دیسانەوە گریا. بەدەنگی بەرز. بێ دەنگی دەرێ هاوارەکەی هەڵدەلووشی. خولیای هاتنی کەسێک کەوتە گیانی. دەنگی بەرزتر کرد. وەک تکای یارمەتی. کەس بەهانایەوە نەهات. ئازار خڕبۆوە. خۆشییەک لە گیانی گەڕا. بیری کردەوە، «هەر ئێستا خاو دەبێتەوە».

دیسانەوە چاو لە گڕەکە دەبڕی. حەز دەکەی تەندوورێکی گەورە بێ.

تەندوورێک خۆت فڕێ دەیتە ناوی. بتسووتێنێ، کوڵوکۆت دامرکێنێ؛ بەڵام تەنیا تەنەکە ئاگرێکە کە هەژدە ساڵ سووتانی ژیان و ڕابوردووتی تێدا دەبینێ. بزەت پێی دێ. خۆشحاڵت دەکات. کەچی ئیمشەو خەبەرێک لە خۆشحاڵی نییە. هەموو شت داخێکە و ئاواتێک... داخ بۆ هەڵبژاردنێکی دۆڕاو. ژیان و ڕابردوویەکی دۆڕاو ئاوات بۆ مەرگێکی کوت و پڕ. ڕزگار بوونێکی یەکجاری. هەژدە ساڵ چیت لە خۆت دەویست؟ تۆڵەی چیت لە خۆت دەسەندەوە؟ تۆڵەی ئەو تاوانەی وا لە حاست دایکت کردبووت؟ تۆڵەی مردنی حەلاو؟



کە مەیتەکەی حەلاویان ناشت. دەمارگیراوتر بوو بوو. لەتەک کەس هەڵینەدەکرد. دڵنیا بوو کە وا خولقاوە. جگە لە نەگبەتی و نەهامەتی هیچ سوودێکی بۆ کەس نەبێ.

دایکی تووکی نەکرد. سەر نەپەرژا. ئەویش لە دوا «حەلاو» مرد. ئەو مایەوە و دوو برای لە خۆ گەورەتر. دوو براکە بەدەستیەوە دامابوون. شەوێک بڕیاری دا بڕوات، سەری خۆی هەڵگرێ، بڕوا شوانی بکا، سەپانی بکا، لە شوێنێک کە کەس نەیناسێ. نەبیتە هۆی کەسەری کەس. وای کرد. بۆ بەیانی مەلا بانگدان هەستاو ڕۆیی. لە یەکەم دێ کە گیرسایەوە، بوو بە شوان. دوا یەک دوو مانگ گورگ لە مەڕەکەی دا و ئەو ئاگای لێ نەبوو؛ دەریان کرد.

لە دێیەکی تر بوو بەکرێکار. دزییەک کرا و لە ملی ئەویان کرد. لە دێیەکی تر شەڕی بوو. دارکاریەکیان کرد و ڕاویان نا. تا ئەوەی ڕۆژگار «بەهێی» پێ ناساند.

– «بەهێ دێهاتە و دێهاتم زۆر کردووە. کچی جوان و چەلەنگم گەلێ دیوە. لێتی ناشارمەوە بەدەوروبەریشمدا هاتوون، خۆشیان تێهەڵسووم. بەڵام کەسیانم بەر دڵ نەکەوتووە، کەس چۆکی پێدانەداوم.»

– «باشە مەحە خۆت فشە مەکە. بۆ کوڕ هەیە کچان گوێی بدەنێ و گوێیان نەداتێ؟»

– «فشەت بۆ ناکەم، «بەهێ». بەسەری بابت فشەت بۆ ناکەم.»

– «ئەی بۆ گوێت نەداوەتێ؟»

– «چنکا هیچیان لە تۆ نەچوون.»

– «بۆ من لە کێ دەچم؟»

– «نازانم، لە کەسێکی زۆر نزیک. دەڵێی لە دەمێکەوە دەتناسم.»

– «مەحە تۆ مانگێک نابێ هاتوویتە ئێرە، نەکا لەمەو پێش ڕێت کەوتبێتە ئێرە؟»

– «نە بەچاوە جوانەکانت.»

– «ئەی چۆن؟»

– «بەهێ پێم پێمەکەنە. گاڵتەم پێ مەکە. چی دەڵێم بەڕاستی بزانە. کە هاتمە ئێرە، کە تۆم دی، هەر ئەو ڕۆژەی وا لە دەسکەنەی نۆکان دەگەڕایتەوە و هاتیتە سەر کانییەکە. لە بیرتە؟ ها؟ نەبوو بەقاقای پێکەنین هاتی؟ دەستە خوشکەکانت ڕەدوایان نابووی. ئەرێ ئەوسا بەچی پێ دەکەنین؟»

– «نازانم. له بیرم نەماوه.»

– «هەر ئەو ڕۆژەکە منت دی، بەخۆتا شکایتەوه. لەبەر شەرمان ڕەنگێکت هێناو برد. سڵاوت کرد. له بیرته، وەڵامم پێ نەدرایەوه؟ کەمێک له یەکتر ڕاماین، ها؟ هەر ئەو ڕۆژه شێت و شەیدات بووم. بەچاوت ئەو شەوه تا بەیانی، گورگی شاخان خەویان لێ کەوت. مەحە خەوی لێ نەکەوت.»

– «بەڵام من هەر بیریشم لێ نەکردیتەوه.»

– «ڕاست ناکەیت. بەپێکەنینەکەتدا دیاره. دڵنیام تۆش تا بەیانی خەونت پێوه دیوم.»

– «ئا... ئا...»

– «ئا... ئای پێناوێ بەهێ. یا بیدرکێنه که خۆشت دەوێم، یان دڵنیام که تا هەر سبەینێ ئێره بەجێ بێڵم.»

– «جا بۆ وا زوو؟»

– «گاڵتەم پێ مەکە بەهێ. دایکم هەمیشه پێی دەگوتم، که سەرشێتم. لێره بمێنمەوه و تۆ گوێم نەدەیتێ، دەدەمە کێوان.»

– «کەواته ئۆغربێ. بەیانی بەرەو کوێ دەڕۆی؟»

– «واته خۆشت ناوێم؟ ئەی دڵڕەق! شەرته بەشەرتی پیاوان له ئیمرۆ زیاتر ئاوی ئێرەم لێ حەرام بێ. شەرته لێره بڕۆم.»

بریا بڕۆشتیایه. بریا چارەنووس بۆ شوێنێکی دیکەی ببردیبایه. کێ دەڵێ ڕۆژت بەم ڕۆژه دەبوو؟ بەڵام تۆ نەڕۆیشتی. دەست و دڵت نەیهێنا. شەرتت بەسەر نەبرد. لەوێ مایتەوه. دیسان چوویته سەرکانی. دیسان بەهێت دیبیەوه و لەبەر حیلکەی پێکەنینی سەری شەرمت دانەواند. پاڕایتەوه، لاڵایتەوه، وازت نەهێنا تا ڕازی دڵێت پێ درکاند. چییه؟ دەمت بۆ وا تاڵ بووه؟ نەکا ئازار هێرشی هێنابێتەوه؟ نا... نا... بەوەی وا ئارام سەیری ئاگرەکه دەکەی وا دیاره له پشوودای. چییه؟ بزەت هاتێ؟ ئا بزانم کێت دی؟ بەهێ؟

– «شەوانی پێشوو وا لێقەوماو نەبووی «مەحە» چی ڕووی داوه؟»

– «نازانم. شتێک ڕووی داوه و...»

– «دەتەوێ نەیدرکێنی؟»



– «بەهێ گومان. گومان ئیمشەو لەشکری کێشاوه.»

– «گومان یان ژان؟»

– «هەر دووکیان. بەڵام دەرەقەتی ئەمیان دێم.»

– «باشه ئەی ئەویان؟ خۆ تۆ خۆڕاگر بووی مەحە.»

ئازار سەری هەڵداوه. تەزوویەک... موچڕکێک. دوایی هەیجو... هەیجو...

سەگوەڕێک له دوورەوه دەبیستری. ڕەوه سەگەکەی شەوانن. بەداخەوه که نازانێ شەوانی پێشوو چ کاتێک ڕەوه سەگ دەکەوتنه وەڕین. ئەگەر بیزانیبایه، ئێستا تێدەگەیشت که چەندەی شەو ماوه. لەشکری ژانی یاخی، ئەگەر تا کەڵەشێر خوێندن پاشەکشه نەکات، بێ گومان بەرگەی ناگرێ. کەڵەشێر ئیمشەو له خوێندن نین. بیری کردەوه. ئایا شەوانی پێشوو کەڵەشێر دوا سەگوەڕەکه دەیانخوێند؛ یان له نێو بەینیدا؟ پاڵتۆکەی داکەند. بەڵکو سەرما ئازارەکه بڕەوێنێتەوه. قۆپچەی کەواکەی ترازاند، کراسەکەی هەڵدایەوه. دەستی بەسکیدا هێنا. بەدەم گریانەوه ناڵاندی: «چیت لێم دەوێ سەگی خوێڕی؟» ئەنگوستی له ناوکی بڕی. وەک بزمار له شتێک ڕۆکا. هێزی دایه. ئازار گەزارەی کێشا. قامکی کشایەوه. لاچکی کەواکەی گرت. گرمۆڵەی کرد و له دەمی خۆی ڕۆکرد. سەگوەڕ نیزیک بۆوه. بەخۆی گوت:

«ئەمجاره ئازار بڕەوێتەوه و پێم زەوی بگرێ، دەچمه دەرێ. بەڵکو سەگەکان زۆریان برسی بێ و بمخۆن.»

ژانیش وەها که گوێی لێ بووبێ ئارام بەرەو دواوه کشایەوه. لاچکی کەواکەی له دەم دەرهێنا. تفی کردەوه. حوقه تف بەتەنەکه ئاگردانەکه کەوت. ئاگر له کوژانەوه بوو. دوو سێ تەختەی پێوەنا. فووی لێ کرد. پشکۆکان گەشانەوه و تەختەکان گرتیان. بیری کردەوه هەمیشەی خودا کەریمی نەجاڕ فریای کەوتووه و تەخته و داری وشکی نێو دووکانی پێ داوه، که هەر بەفوویەک گڕ دەگرێ.

– «ها، مەحە دار و چیلکه و چەوێڵی ئێستا تەڕه، ئەم دار و تەخته وشکانه بسووتێنه و چوار دوعای بەخێرم بۆ بکه؛ کێ چووزانێ ڕەنگه دوعای شێت گیرا بێ».

هەستی بەبێتاقەتی کرد. بیری کردەوه: «بڵێی ئێستا کەریمی نەجار له کوێ بێ؟»

کەریم ڕۆژی کۆچ و ڕەوەکەش هەر له بیریدا بوو. هاتبوو بۆ کەلاوەکه و بەپەله و ترسەوه گوتبووی:

– «مەحە رادوێ دەڵێ ئێرە بۆمباران دەکرێ؛ وەک ڕای پێشوو. ماڵی سەدامم کاول کرد. دەڵێن دوێشەوە تەلەفزیۆنەکە نیشانی داوە کە چۆن فڕۆکەوانەکانی ماچ کردووە و خەڵاتی کردوون. هەر ئەوەندەت زانی ئێستا هاتن. شار چۆڵ بووە. کەسی تێدا نەماوە. ئێمەش وا دەڕۆین. لەگەڵمان وەرە».

مەحە گوێی پێ نەدابوو. چاوی هەڵبڕیبوو بەتووڕەییییەوە گوتبووی: «وازم لێ بێنە.» کەریم وازی لێ نەهێنابوو و گوتبووی:

– «هەتیوە، بۆمب شێت و ئاقڵ ناناسێ... هەستە بڕۆین... شار چۆڵ بووە».

مەحە تووڕە ببوو: «بەتوون، تۆش بڕۆ. من ماڵەکەم بەجێ ناهێڵم.»

ئێستا ئاواتە خواز بوو لەگەڵیدا بڕۆشتایە. نە لە ترسی تەیارە. لە ترسی ئەو ئازارە وا لە سکیدا گورپەی کرد بوو. لە ترسی ئەو ژانەی وا لە دەروونیدا گوورابوو.

چاوە جوانەکانی «بەهێ» هەموو شتیکی لە بیر بردەوە. بۆنی «بەهێ» مەینەتی چەند ساڵەی لێ تاراند. دایکی لە بیر نەما. براکانی بەخەیاڵدا نەهات. تاوانی مەرگی حەلاو لە گیانی داماڵدرا. بەهێ خۆشی دەویست. لە گوڵ کاڵتری پێ نەدەگوت. دڵی نەدەشکاند. ئەگەر چی براکانی لێیان دابوو. هەڕەشەیان لێ کردبوو کە مەحە نەدوێنێ، بەڵام شەو و نیوەشەو دەچووە ژوانگەی. تا کەڵەشێری ئاوایی دەیخوێند. تا بەیانی ئەو جووتە لە ژوانگە بەگوێی یەکتردا دەیان چرپاند، یەکتریان لە باوەش دەگرت. گلەیی و بناشتی دڵدارییان بۆ یەک دەکرد. شەڕیان دەبوو. ئاشت دەبوونەوە. بەڵام هەردووکیان لەسەر ئاگری مەترسییەک وەک برێشە هەڵدەچۆقێن.

– «مەحە زۆر دەترسم.»

– «لە چی چاوەکەم؟»

– «لە باوک و براکانم، لە قسەی خەڵکی ئاوایی. لە ئەنجامی ئەم دڵدارییە، لە زۆر شت. بۆ تۆ ناترسیی؟»

– «من؟ من تەنیا لە شتێک دەترسم.»

– «لە چی؟»

– «لەوەی کە تۆ دەرەقەتی ترسەکەت نەیەیت و واز بێنی. لە جیایی.»

– «خوا نەکا. ئەرێ مەحە ئەگەر ڕۆژێک من و تۆ لە یەک جیاببینەوە، چی دەکەی؟»



– «سەری خۆم هەڵدەگرم و شێت دەبم.»

– «بۆ ئێستا کەم شێتی؟»

– «پێ مەکەنە بەهێ. سوێند بەو چاوانەت سەد ئەوەندە شێتتر دەبم. پشت لە دنیا و جوانییەکانی دەکەم.»

– «بۆ ئەوەندە منت خۆش دەوێ؟»

– «بەهێ پێش ناسینی تۆ، زۆر کلۆڵ بووم. هەرگیز نامەوێ بگەڕێمەوە بۆ ئەو ژیانە.»

خۆشت نەتدەزانی قیرسیچمە بووی یان شێت. کە هاتیتە سەر ئەوەی پەیمان بەجێ بێنی، بیرت کردەوە چۆن شێتێک بی. وەک مەحمموودە شێت خۆت ڕووت بکەیتەوە؟ وەک حەسەنە شێت دەست بوەشێنی و بەدار شوێن منداڵان کەوی؟ یا وەک شێتە سەر سپییەکەی ئاوایی ژووروو هەر گۆرانییان بلێیی؟ خۆشت نەتدەزانی شێت بووی، یان نا. کوا شێت بیر لەو شتانە دەکاتەوە؟ ئەگەر شێت نەبووی، ئەی بۆ وات دەکرد؟

– «ئیمشەو پێی لێ دەنێی کە بەڕاستی شێتی. نەوەک پێ لێنانی ئەم هەژدە ساڵە. نە ئەو شێتیەتییەی وا شانازی پێوە بکەی. شێتێکی دۆڕاو. ئیمشەو بیر لەوە دەکەیتەوە کە هەژدە ساڵە تەمەنت بەخۆڕایی پێشکەش ئاگر کردووە. ئیمشەو لە خۆت دەپرسی، بۆ وات کردووە؟ لە پێناوی کامە تاواندا خۆت سزا داوە. مەرگی حەلاو؟ چەرمەسەری و کلۆڵی دایکت؟ یان ئەو بەڵێنەی بە بەهێت داوە؟ چییە؟ دەڵێی ئیمشەو حەز ناکەی ناوی بەهێ ببیستی نەکا لێی زیزبی؟

– «تۆ هەرگیز منت خۆش نەویستووە بەهێ.»

– «چۆن شتی وا دەڵێی مەحە؟ ساڵێکە لەبەر تۆ نەخەوم هەیە نە خواردن.»

– «ئەی بۆ بەقسەم ناکەیت؟»

– «چیت بەقسە بکەم؟ تۆ لایەنێکی لێک دەدەیتەوە. تۆ ئۆقرەت لەبەر هەڵگیراوە و عاقڵانە بیری لێ ناکەیتەوە».

– «چی بکەم؟ گوتت، بنێرە بۆ خوازبێنی، ناردم، ناردم و خوازبێنیکەریان دەرکرد. هاتم، گوتم! بەهێ چاوەکەم، سوودی نییە. چیت پێ دەڵێم، بەقسەم بکە گوتت، نا. دیسان بنێرەوە. سۆفی قادر بنێرە، مام ڕەسول بنێرە. چووم و لەبەریان پاڕامەوە. ئەوانیش هاتن. بەڵام باوک و براکانت تۆیان نەدامێ و گاڵتەیان پێ کردم.»

– «نا، نا، مەحە. وانەبووە کە تۆ دەیڵێی.»

– «ئا...ی، بەهێ. ئەی گاڵتە پێکردن چۆن دەبێ؟ قسەی وایان پێ گوتبووم بۆ گێڕانەوە نابێ. بیخەیتە سەر نان، سەگ بۆنی پێوە ناکات. بەیانییەکەی هاتم گوتم، بەهێ گیان ئەمەش سوودی نەبوو. بەقسەم بکە. گوتت، ماوەیەک ڕاوەستە.»

– «بەڵام تۆ ڕانەوەستای. لەگەڵ براکانمدا هێناتە ژار و ژەنگ.»

«بەرۆکیان پێ گرتم بەهێ. لێیان دام. بەچاوت، لەبەر دڵی تۆ هیچم نەگوت بەسواڵکەر و شێت و بێکەس و کاریان کردم. دانم بەجەرگی خۆما گرت.»

– «لاڵ بم مەحە. تاوانی من چییە؟ بۆ بە منیان نەکرد؟ من کەم تێلاّنم خوارد؟ دەستم نەشکا؟ قاچم نەشکا؟ مەحە گیان، منیش وەک تۆ چەرمەسەریم زۆر دیوە، بەسەرت هەر ئێستا ببیستنەوە چاوم بەتۆ کەوتووە و قسەم لەگەڵدا کردووی دەمکوژن. ئەمجارە بەڕاستی دەمکوژن.»

– «ڕاست دەکەی؟ دەی کەواتە بەقسەم بکە.»

– «چیت بەقسە بکەم مەحە؟ چۆن شتی وا لە من دەوەشێتەوە؟»

– «بەهێ گیان، چاوەکەم، چۆن پێمل بەکارێکت دەکەم شیاوی تۆ نەبێ؟ بەڵام پێویستە وا بکەین. وا نەبێ من و تۆ هەرگیز بۆ یەک نابین.»

– «خودا گەورەیە مەحە. وا مەڵێ.»

– «هەزارساڵە خودا گەورەیە و دڵدار لە یەک جودا دەکرێنەوە.»

بەقسەم بکە هەر ئیمشەو دەستی یەک دەگرین و دەڕۆین. بەشەرعی خودا و پێغەمبەر مارەت دەکەم و براشت کە زانییان کار لە کار ترازاوە، هیچیان بۆ ناکرێ. ئەوسا مەسڵەتی دەکەین.»

– «شتی وا نابێ مەحە، کەسوکارم سەرشۆڕ دەبن.»

– «کەواتە منت خۆش ناوێ. هەرگیز منت خۆش نەویستووە.»

– «وا مەڵێ، تووڕە مەبە. ئامادەم گیانم بەقوربانت بکەم.»

– «کوا؟ ئەی بۆ لەگەڵمدا نایەیت.»

– «دڵم نایهێنێ مەحە. نامەوێ دڵت بشکێنم، بەڵام دڵم نایهێنێ... دەترسم...»

– «لە هیچ مەترسە بەهێ. تا من لە لات بم لە هیچ مەترسە.»



سەگوەڕ نەما. تەنیا، گورگە لوورێکی دوور کپی و بێدەنگی شەوەکە دەگەچڵێنێ. تاریکی دەرەوە تۆختر بووە. دەڵێی دەرەوەیەک نییە. هەرچی هەیە ئەم ژوورەیە کەلاوەیەک و تەنەکە ئاگردانێک، کیتەڵەیەکی ڕەش و مەحە عەینەکییەک.

مەحە عەینەکیەک و هێندێک شڕوشاتاڵ.

مەحە عەینەکییەک و چاویلکەیەکی ڕەش، ئەی دەرەوە؟ ئەی شار؟ ئەی دوورتر؟ مووچە و مەزرا و چۆم و قۆپییەکە... کانی و شیوو خوڕە خوڕی ئاو، دوورتر، کوێستان و ڕنوە بەفر، گوڵە نەورۆزە و کورادە و کەمای بەهار. ئەو دیوتر گوندەکان و ماڵی «بەهێ». ماڵی خۆیان و دایکی و حەلاو و براکانی و هەموو شتێکی تر؟ بڵێی هەموو ئەم شتانە جیهانی خەیاڵەکانی نەبێ؟ ئەی تاوانەکانی؟ ئەی ئەو چۆمەی وا حەلاوی هەڵلووشی؟

ئەی بەهێ و ئەو ژیانە خۆشە، ئەو پەیمان و بەڵێنە، ئەو کارەساتە؟ بزەیەکی تاڵی هاتێ.

– «بریا وا بوایە. ئەگەر وا بوایە. مردن ڕەحەتتر دەبوو. پڕ ماناتر... لانی کەم بەمردنی من ڕووداوێک دەخولقا. دەیانگوت، تەنیا بنیادەمی ئەم سەر زەمینە بچووکە مرد.» سەری بێزاری لەقاند. «باشە، کێ دەیگوت؟» بێزاری وەک سێبەر هەڵیکوتایە سەر هەموو ڕوومەتی. «ئەگەر وا بوایە، چی دەقەوما؟» هەناسەیەکی قەتیسی سنگی دەرباز بوو. دەتگوت پەی بەڕاستییەک بردووە: «بریا وا بوایە. لانی کەم هەژدە ساڵ دۆڕاندن بێ مانا دەبوو.» گیانی لەبەر شەکەتییەک چۆکی دادا. درێژ بوو لەسەر گازەرای پشتی ڕاکشا. سەرمای لێ ڕەوییەوە. هەروەها ئازاریش؛ ڕەنگە سک و ڕیخۆڵەی نەمابێ، یان هەرگیز نەیبووبێ، تەنانەت بیرەوەری ئازارەکە لە مێشکدایە توایەوە ئاسەواری بڕا. هەستی بەگەورە بوونی مێشکی کرد. ئەوەندە گەورە. کە گشت یادگارەکانی، بێ پاڵە پەستی تێیدا جێیان ببۆوە.

چییە؟ دەڵێی سەفەرییی. دەڵێی ئازار کاری خۆی کردووە؟ سەرما و تەنیایی ترس و تاریکی داگیریان کردووی؟ بۆ وا هێور بوویتەوە؟ کوا گینگڵدانەکەت؟ کوا بێ ئۆقرەیی و لەسەر سەر خولانەوەکە؟ بۆ چیلکە و چەوێڵ بەزاری ئاگرەکەوە ناکەیت؟ ئاگری نێو تەنەکەت لە کوژانەوەیە. هەستە، هەستە غیرەتێک، سەیری گڕەکە بکە، وەک شوان. وەک هەژدە ساڵ شەوی کورت و درێژ؛ هەستە چاو لە خۆت بکە. چاو لە خۆت و بەهێ:

– «ڕاکە بەهێ... دە ڕاکە...»

– «ناتوانم... ماندوو بووم»

– «بیکە بۆ خاتری خودا دەمانگەنێ. ڕاکە ئەمانکوژن.»

– «من ئیتر ناتوانم تۆ بڕۆ... تۆ بڕۆ...»

– «چی؟ من بڕۆم؟ چۆن شتی وا دەبێ بەهێ گیان؟ هەستە ڕاکە.»

– «ناتوانم مەحە گیان.»

– «وەرە باکۆڵت کەم.»

– «نا... تۆ بڕۆ... بڕۆ با دەستیان نەتگاتێ.»

– «ئەی تۆ؟»

– «من؟ من دەمێنمەوە.»

– «دەتکوژن.»

– «قسمەت وا بووە، چار چییە؟»

– «ئاخر چۆن دەبێ؟ من بەزۆر تۆم هێنا. ئەگەر تاوانێک کرابێ تاوانی من بووە. هەستە بەهێ.»

– «ناتوانم. مەحە ناتوانم. تۆ بڕۆ.»

– «نابێ.»

– «بڕۆ مەحە.»

– «چۆن بێ تۆ؟»

– «دەڵێم بڕۆ... وا دەمانگەنێ... عاقڵ بە مەحە بۆ جارێکیش بووە عاقڵ بە و بڕۆ.»

– «ناڕۆ...»

– «من پێت دەڵێم تو چاوی من بڕۆ.»

– «باشە، شەرتە بەڵێنم بەجێ بێنم.»

– «بڕۆ بڕۆ...»

ڕوون بۆوە. لە دەلاقەی کەلاوەکەوە تاقە دارە پیرەکە دەرکەوت. لقەکانی هەڵکشاوتر. دەتگوت زەنوێر بوونەتەوە. تکەی بارانی شەویان لێ دەچۆڕایەوە. هەورێکی بێ ڕوح هات و ڕەت بوو. هەتاو لە بن کێوەکەوە بەحاستەم سەرە دزەی کرد. دەرکەوت. لە پشکۆیەکی گەشاوە دەچوو. وەک پشکۆی نێو تەنەکە ئاگردانەکە. مەحە خۆی تێدا بینییەوە. سەیری لەشە هەڵقرچاوەکەی خۆی کرد. حەسرەت لەسەر ڕوومەتی هێلانەی نەکرد. بیری بۆ هەژدە



ساڵ تەمەنی دۆڕاو نەچوو. بەهێی دی.

– «چییە مەحە دەڵێی سەفەریی؟ ئۆغری خێرت بێ»

– «خێر ببینی»

– «کوا عەینەکە ڕەشەکەت؟ نەکا دوێ شەو شکابێ؟»

– «شکاوە، شکاوە، چێ لێ بکەم؟»

– «پیاوانە پەیمانت بردە سەر. خۆ ئێستا بۆ ڕۆشتنەکەت لە لای من داوای لێبووردن ناکەیت؟ ها؟»

– «داوای لێبووردن؟»

– «خوا باوک و براکانم بگرێ. بێ تاوان منیان کوشت و تۆشیان...»

– «منیشیان کوشت.»

«بنوو... بنوو... وا دیارە زۆر ماندووی.»

# ئەو باڵندە بریندارە کە منم

کۆمەڵە چیرۆک

# ڕازی پشت پەردەی نارنجی

ئەڵێ: «وادیار بوو دەمێک بێ چاوەڕوانی دەرفەتێک بن غیرەت و پیاوەتی خۆیان بنوێنن؛ ئەویش وەها نواندنێک کە ساڵان و مانگانی لەوەدواش وەبیر خۆیان و یەکتری بهێننەوە. لەمەیدانی گەڕەک، یان لە چایخانە و بەر دوکان و تەنانەت لە شەوگەڕ و دیدەنیشدا بەسەربەرزییەوە بۆ یەکتری بگێڕنەوە و لەملاو لەولاش، لە هەر شوێنێک کەسێک خۆی بەکوشتنی فاسقی دوورە خزمێکیەوە هەڵکێشی. کەسێک باسی سەربڕینی خوشکێکی هەڵخلیسکاو و خەتاکاری بکا، یان کەسانێک لەدەرکردنی بەچلەی زستانی بنەماڵەیەکی سووک و ترۆ لە شار و گەڕەکەکەیان بدوێن، ئەمانیش نەقڵێکیان بۆ گێڕانەوە پێبێ.» ئەڵێ: «وادیاربوو مووی یەکەیەکەیان پێکەوە هەڵپڕووزاندبێ. یان لە شەوی پێشترەوە و بگرە شەوان و ڕۆژانی پێشترەوە ڕەنگی وەها ڕاسان و بزووتنەوەیەکیان ڕشتبێ. لەچاو تررووکانێکدا چی نێرینە و پیاوی گەڕەکە لەبەر یەکێک لە ماڵەکاندا کە تاقە ژووری نهۆمی سەرووی بەدەست مامۆستایەکی گەنج و ڕەبەنی قوتابخانەوە بوو کۆبوونەوە. نەک کۆبوونەوەیەکی ئارام، کۆبوونەوەیەکی توندوتیژ. هەموویان تووڕە و تووترکەسەر تێلا و گۆپاڵی ئەستوور و گاکوژیان پێبوو. شان بەشانی یەکدی وەستابوون و سەریان بەرەو تاقە پەنجەرەی ژووری مامۆستا هەڵبڕیبوو. لەگەڵ بەرزکردنەوە و جارناجاریش ڕاوەشاندنی تێلاکانیان ناحەز و جوێنیشیان ئەدا. بەمن، کە لە ژوورەکەم لە پشت پەنجەرەوە، بەدزی و سەرەتاتکێ لە درزی پەردەی دادراوەوە سەیرم ئەکردن».

ئەڵێ: «هەرچی بیرم ئەکردەوە و مێشکم سنگ وسووژن ئەدا کەسم لێ نەئەناسینەوە. ڕوومەتی سوور هەڵگەڕاو و چاوی دەرپەڕیو و نیگای تووڕە و شەڕخێویانم وەبیر نەئەهاتەوە. ئەتگوت خەڵکی گەڕەک نەبوون. ئەو پیاوانە کە ئەمناسین و لە ماوەی ئەو ساڵەدا کە چووبوومە گەڕەکەکەیان دیبوومن. خەڵکێکی لارەمل کە بەیانیان لەگەڵ خۆرکەوتن لە ماڵەکانیان ئەهاتنە دەر و عەسرانیش ماندوو و مردوو ئەگەڕانەوە. لە کۆڵان و ڕێبازدا شەرمن و ڕەنگ پەڕی و سڵاوێکیان ئەکرد و نەوەک تیژ، سووک تێ ئەپەڕین.» ئەڵێ: «بڕوام نەئەکرد ئەو خەڵکە بەستەزمانە لە بەیانییەکی ساردی پاییزیدا لەپڕ ئاوا



شێر بووبێتن. ئاوا یاخی و تووڕە کە بیانەوێ دەرکەی ماڵی دراوسێکەیان لە گرێژەنە بهێننەدەر. دەرکەی ماڵی پیرێژنێکی هاوگەڕەکیان کە لە دوو ژووری نهۆمی خواروو ئەژیا.» ئەڵێ: «ترسابووم؟ دیارە کە ترسابووم. ترس چییە، زراوم تۆقیبوو. هەموو ئازای لەشم وەک بی، وەک شۆڕە بی کە با یاڵ و پۆپی وەشەکێنێ، ئەلەرزی.»

ئەمانە بەمن ئەڵێ و ساڵانێک بەر لە ئێستاش ئەمانەی بەخاتوون گوتبوو. خانمی گەنجی ئەو چیرۆکە کە قەرار بوو بینووسێ. یان نووسیبووی و خاتوون لە دەلاقەی یەکەم ڕستە، یان ڕەنگە یەکەم وشەی چیرۆکەکەیەوە هاتبووە دەر. نیوەشەو بوو. ئەو پێی وابوو خەون ئەبینی، خەونی خاتوون. کراسێکی سپی ئاوادامێنی لەبەردابوو. گوڵ و کەنێرەی کراسەکەی بەدەزووی زیو چنرابوو. وەک کراسی بووک. خۆشی لەبووک ئەچوو. بووکێکی جوانی خەمباری تۆرێنراو. خاتوون هەراهەرای ئەو پیاوانەی ئەبیست کە لە دەرەوەی ماڵەکە، لەبەر دەرکە کۆببوونەوە. گوێی لە جوێن و هەڕەشەو گوڕەشەشیان بوو. بەڵام نەئەترسا. هیچ نیشانەیەکی ترس بەڕوومەت و چاوەکانییەوە دیارنەبوو. چاوی لەئەو بوو. ئەو لەم دیو پەنجەرەی ژوورەکەی، نەوەک لەپشت پەردە، پاڵی بەدیوارەکەوە دابوو. هەموو ئازای لەشی وەلەرزین کەوتبوو. شانی کز و داهێزراوی و دەستەکانی کە بەملاولایدا بەربووونەوە و بەدیوارەکەوە نووسابوون. ئەژنۆکانیشی. خاتوون ئەیدی. ڕەنگی پەڕیوی ڕوخساریشی ئەدی. جوولەی توندی پێڵووەکانی و لەرەی لێوی و تەنانەت قرچەقرچی دانەکانیشی ئەبیست. خەم دایگرتبوو. خەمی ئەو بینین و بیستنە. خەمی ئەو ترس و تۆقینە ڕووت و عوریانە. ئەو تێگەیی بەڵام هیچ هەوڵێکی بۆ شاردنەوەی ترسەکەی نەدا. گوتی: «ئەترسم. ئەری ئەترسم. هەر لەبەیانی یەکەم ڕۆژەوە لەم وەخت و ساعەتە ترساوم.»

بەیانی یەکەم ڕۆژ ئەو بەیانییە بوو کەدوا خەوێکی تێر و خۆش بەئاگای بووبۆوە و چاوی هەڵێنابوو. هەوا تازە ڕوون بووبۆوە. ڕووناکای لە ڕەنگی نارنجی پەردەی پەنجەرەکە پەڕیبووەوە و ناو ژوورەکەی خوێنی کردبوو. خوێنیی خوێنییش نا، شتێکی وەک بڵێسەیی. ئەو لە ڕۆشنایی خوێن و بڵێسەدا خاتوونی دیبوو. بەرزە باڵا و هەڵچوو بەژوور سەریەوە وەستابوو. وەک پەریزادێک لەناکاو بەژوور سەری پیاوێکەوە دەربکەوێ. پەریزادێک بەقژی نەرم و خاوی خورماییەوە کە بەسەر شان و ملیدا پەخش و پەرێشان بوو. بەچاوی میهرەبان و هەنگوینییەوە. ئەو دواتر لەمە گەییبوو. دووچاڵی دەرزی سمی سەر گۆناشی دواتر دیبوو. بۆ ماوەیەک حەپەساو و بێ باوەڕ لەو ستوونە سپیە کە

ئەتگوت تاڤگەیەکی کەف چڕینە بەژوور سەریەوە، ڕامابوو. بەبێ هیچ بزوەو تەنانەت چاو ترووکانێک. دوا ئەو ماوە، جوولە کەوتبووە کراسە سپییەکەی خاتوون و ئەهوەن و ئارام، بەرەو ڕۆشنایی پەنجەرەکە، هەنگاوی هەڵێنابوو. دەستی بڵێندو بلوورینی درێژ کردبوو، پەردەکەی لە لەتی ناوەڕاستیەوە بۆ هەردوولا هەڵدابۆوە. ئێستا ئیتر بالاّی لە قاپی ڕووناکی پەنجەرەکەدا بوو. ئەو هەروا ڕاماو و حەپەساو نیگای بێ باوەڕی شوێن هەموو جووڵەو تەکانێکی خستبوو. لە شالاّوی سپی ڕووناکاییەکە وەخۆی هاتبۆوە. داچڵەکی بوو. گورج و بەپەلە هەر دوو دەستی کردبووە ستونی لەشی و، لەپشتێن بەرەو ژوور بەرزبووبۆوە. لەسەر جێگەکەی هەڵخزابوو، پشتی لە دیوارەکە توند کردبوو.

– «ئەوە چی ئەکەی؟ بۆ پەردەکە هەڵئەدەیتەوە؟»

ترساو و بەرز و بێ ئاگا لەخۆی پرسیووی. خاتوون سەر و پاشان لەشی وەرسووڕاندبوو. ڕووخساری لە خەرمانەی ڕووناکی پشتە سەریدا تواببۆوە. گوتبووی: «دەمەوێ پەنجەرەکە بکەمەوە. هەوای ژوورەکە نەگۆڕێ ئەخنکێین.»

دەنگیشی ساف و زولاڵ بوو. ئەو نەیفاماندبوو. بەپەلە هەستابووە سەر پێ. پانتۆڵەکەی لەپێ کردبوو، جێ و بانەکەشی کۆ کردبۆوە.

– «پێویست ناکا. تکایە مەیکەرەوە. تکایە پەردەکەش...»

پێویست نەبوو ڕستەکەی تەواو کا. خاتوون وەک ساتێک لەوەبەر، مەند و ئەهوەند بەر پەنجەرەکەی چۆڵ کردبوو، بەرەو سووچێکی ژوورەکە گەڕابۆوە. ئەو هەروا شپرزەو شڵەژاو بەرەو پەنجەرەکە چووبوو. لە درزی پەردەوە لە دەرەوەی ڕوانی بوو. لەکۆڵان، لە ڕیزی ماڵەکانی ئەوبەر کۆڵان و، بەولاوەتر لە قوتابخانەو مەیدانی بەر قوتابخانەکەش. کەس بەدەرەوە نەبوو. نە لە کۆڵان و... حەساری قوتابخانەکەش چۆڵ بوو. کەواتە کەس خاتوونی نەدیبوو. کەس خانمێکی گەنجی سپی پۆشی لەبەر پەنجەرەی ژوورەکەیدا نەدیبوو. ئەم دڵنیاییە وەخۆی هێنابۆوە. بەحەزەوە، لێبووردن خوازانە ڕووی لە پەنجەرە و دەرەوە وەرگێڕابوو. خاتوون لە سووچی ژوورەکە ڕاوەستابوو. هەروا ئارام، بەویقارەوە سەیری کردبوو. ئێستا ئیتر ئەویش پێی ئەکرا بەئارامییەوە سەیری بکات و ڕوخسار و بەژن و بالاّی وەبیربێنێتەوە.

– «تۆ لێرەی؟»

ئەو پرسیبووی. ئان و ساتیش لە بێمانایی پرسیارەکەی گەیبوو، بەخۆیدا شکابۆوە.



دیسان گوتبووی: «ئەمەوێ بڵێم تۆ ئیمشەو، یەعنی شەوی ڕابوردوو لێرە بووی؟ لەم ژوورە؟»

هێشتا هەوڵ و هەراسان بوو. وەک شەوی ڕابوردوو. بەلاّم لە شەوی ڕابوردوو زیاتر گیرۆدەی مەندی و ویقار و جوانی ڕوخسارو بەژن وبالاّی خاتوون بوو. ئەمە نەک لە پرسیارەکانیدا بەڵکوو بەڕەفتاری سەیر و سەمەرەیدا دیار بوو. شاگەشکە یەک دوو هەنگاو لێی نزیک ئەبووەوە، کە دەگەییە ناوەڕاستی ژوورەکە ڕائەوەستا. بزە بەلێویەوە وشک ئەبوو. کوتووپڕ، وەک کەسێک بیهەوێ لە بەئاگایی خۆی دڵنیابێ، بەپشتە دەست چاوەکانی هەڵئەگلۆفت. کە دڵنیا ئەبوو، ئەترسا. پاشەوپاش بەرەو پەنجەرەکە ئەکشایەوە. دووبارە ڕووی وەرئەگێڕاو هەمدیس لە درزی پەردەکەوە لە دەرەوەی ئەڕوانی. لە کۆلاّن و تاک وتەرا ئەو خەڵکانە کە بەکۆلاّندا ڕائەبوردن. چەند جار ئەمەی دووبارە ئەکردەوە. کە ماندوو ئەبوو، دیسان چەند هەنگاو ئەهاتە پێش. ئەمجارە نەک بەرەو خاتوون، بەرەو دەرکەی چێوی ژوورەکە. دەرکەی ئەکردەوە، سەری بۆ ڕاڕەو و پلیکانەکان ئەکێشا. کە کەسی نەئەدی دەرکەی ئەبەستەوە. ئەو هەموو ئەم کارانەی بەشڵەژاوی و بێباوەڕییەوە کردبوو. خاتوون لەهەموو ئەو ماوەدا هیچی نەگوتبوو. تەنیا لەو ڕەفتارە سەیرو سەمەرەی ورد بووبۆوە. ڕەنگە چاوەڕوان بوو ئەو هەڵچوون و شڵەژاوییەی کۆتایی بێ و لە سووچێکی ژوورەکە ئارام بگرێ. بەلاّم ئەو ئارامی نەگرتبوو. ئارامی نەئەگرت. بەتایبەت ئەو کاتە کەدەنگی پێی کەسێکی لە دەرەوەی ژوورەکە ئەبیست. کەسێک بەپلیکانەکاندا هەڵئەگەڕا. ئەیگوت: «پیرێژنی خاوەن ماڵە.» بەخاتوونی ئەگوت و بەرەو دەرکەکە ئەچووەوە. ئەیگوت: «ئەو پیرێژنە نابێ تۆ لێرە ببینێ. خۆت بشارەوە.» بەرلەوە دەرکە بکاتەوە ئەوەی ئەگوت. کە دەرکەی ئەکردەوە، پیرێژن بەنیوەی پلیکانەکاندا هەڵگەڕابوو.

– «هەستاوی کوڕەکەم؟»

ئەڵێ: «وادیاربوو بۆ وەها کۆبوونەوەیەکی پیرۆز پیاوەکان کەم بوون کە ژنەکانیش هاتبوون. زۆربەی کچ و ژنی گەڕەک. ڕەنگە پیاوەکان لە دوویان ناردبوون. بۆ ئەوەی بێن و لە وەها خۆپیشاندانێکی پڕ لە شانازیدا بەشدار بن. بێن و بەچاوی خۆیان ئاخر و عاقیبەتی خاتوون ببینن و عیبرەت وەربگرن. ژنەکان بەتەمای بینینی خانمی پشت پەنجەرەو پەردەی دادراوەی ئەو ژوورە وا لێی ورد بووبوونەوە، تۆقیو لە کارەساتێک کە ڕوویدابوو، نەک کارەساتێک کە ڕوویئەدا، لێوی خۆیان ئەکرۆشت.» ئەڵێ: «بەلاّم لە

هەموو ئەمانە ناخۆشتر کۆبوونەوەی منداڵەکانی قوتابخانە بوو. ئەو منداڵە کلۆڵ و بەستەزمانانە بەهیوای چوون بۆ قوتابخانە لە ماڵ هاتبوونە دەر. هەریەکەو چەند کتێب و دەفتەری چرچ و لۆچی شڕیان بن باخەڵ دابوو. ڕوومەتی خەواڵوویان لەبەر کزەی سەرماکە ڕەش وشین هەڵگەڕابوو. هاتوچۆی بەپەلەی خەڵک لە کووچە و کۆڵانەکانداو، هەراهەراو کۆبوونەوەکەی بەرماڵی یەکێک لەمامۆستاکانیان، سەرەنجی قۆستبوونەوە. هەڵئەهاتن و وەک مارمێلکی زیت و شەیتان کە بۆ بن هەژگەڵان ئەخزێن، ئەخزانە ناو ئاپۆرەی جەماوەرەکە.» ئەڵێ: «لە هەموو خەڵکەکە تووڕەتر منداڵەکان بوون کە بەرلەوەی شتێک بپرسن و شتێک ببیستن بەشان و کۆڵی گەورەکاندا هەڵئەگەڕان و مستە بچووکەکانیان بەژوور سەریانەوە ڕائەوەشاند. ئەتگوت دەرس و دەوریان لەبیر چۆتەوە. زڕەی زەنگی قوتابخانەیان نەئەبیست کە بەگەڕەکدا بڵاو ئەبووەوە. ئەوانەش کە ئەیانبیست دڵیان نەئەهات کۆبوونەوەکە بەجێ بێڵن و لە دەرکەی قوتابخانە بچنە ژوور. ئەتگوت بەتەما بوون لەوەها ڕۆژێکداو بەبۆنەی وەها کۆڕ و خۆپیشاندانێکەوە مەدرەسەکان دابخرێن. بەهیوا نەبوون لە ڕۆژی وادا بچنە سەر کەلاسەکانیان و وست و بێدەنگ گوێ بۆ مامۆستا مۆن وگرژو تووڕەکانیان شل بکەن. بۆیە گوێیان بەزڕەی زەنگ و داوا و هەڕەشەی مودیری قوتابخانەکە نەئەدا کە لە بڵێندگۆکەوە بەرز بووبۆوە. ئەو داواو هەڕەشەیە گەورەکانیشی تووڕە کردبوو. بەخێسەوە ئاوڕیان ئەدایەوەو لە دەرکەی کراوەی چۆڵی قوتابخانەیان ئەڕوانی. ڕەنگە چاوەڕوان نەبوون لەکاتی وادا قسەی وا لە بڵێندگۆکە ببیستن. چاوەڕوان بوون شتێکی تر ببیستن. شتێکی وەک ئەوەی خۆیان ئەیانگوت. جنێوێک، ناسزایەک بەمن. بەمن کە هاوکاریان بووم. هاوکاری مودیر و مامۆستاکان و، هۆی سەرلەنگی و شەرمەزاریان بووم.» ئەڵێ: «ئیتر دڵنیا بووبووم کە ئەم خەڵکە وازهێنەر نین و مەسڵەتیان لەگەڵ ناکرێ.»

ساڵانێک بەرلەوە ئەمانە بەمن بڵێ، خاتوون هەروا لە سووچێکی ژوورەکە کز دانیشتبوو. وەک هەمیشە ئارام، ئەتگوت هەراو هوریای دەرەوە نابیستێ. هەڕەشەی پیاوان، پچەپچی ژنان و قیژەی منداڵان نابیستێ. تەنیا ترس و بێ ئۆقرەیی ئەو ئەبینێ کە لە چوار قوژنەی ئەو ژوورە بچووکەدا بۆساتێکیش نەیئەتوانی ئارام بگرێ. خاتوون لە سووچی ژوورەکە، لەسەر جێ و بانە کۆکراوەکەی ئەو دانیشتبوو. پێیەکی نابووە سەر ئەو پێی و بەری پێی لەسەر لاپەڕە ڕەشبۆوەکانی دەفتەرێک بوو کە لەسەر فەڕشەکە کەوتبوو. دەفتەری چیرۆکێک کە ئەو ئەینووسی. چیرۆکی ڕازی پشت پەردەی نارنجی. دواهەم



چیرۆکێک کە ئەو لە تافی گەنجی نووسیبووی. چیرۆکەکە بەتەنیایی خانمێکی گەنج لە کووچە و کۆڵانە تاریکەکاندا دەستی پێکردبوو. بەلانەوازی و وەیلانی ئەو خانمە کە لە هیچ ئافرەتێکی دی نەئەچوو. لە پەنا دیوارەکانەوە تێئەپەڕی. لە تاریکترین پێچ و خولەکاندا خۆی لە ڕۆشنایی بێ تینی چرای دارتێلەکان ئەشاردەوە. لە بزەبزی نیگای پاسەوانە شەوگەڕەکان. ئەو خانمە گەنجەکەی لە یەکێک لەو کۆڵانانەدا دیبوو. لە ئەنگوستەچاوی ئەو کۆڵانەدا کە هەموو ڕۆژ و شەوێک چەند کەڕەت لێی تێپەڕیبوو. ئەو شەوە سروە بۆنێکی خۆشی بڵاو کردبۆوە. بۆنی هیچکام لە گوڵەکانی گوڵدانی سواڵەت و تەنەکەی بەر پەنجەرەکان نەبوو. بۆنی قژی پەرێشان و لەشی ناسک و نیانی خانمێک بوو کە باڵا بەرز و سپی پۆش وەک پەریزاد، وەک خەونی مانگ، لە پێچی کۆڵانەکەوە هەڵاتبوو. لەو دیو داماوی و بێ پەنایی خانمەکەوە سەدان چیرۆک بوو. چیرۆکی بووکێکی هەڵاتوو... یان بۆچی بووک؟ چیرۆکی خانمێکی ئازا و نەترس و جەربەزە کە داوێکی پساندبێ، یان لە گەمارۆیەک دەرباز بووبێ و خۆی بەخەڵوەتی تاریکیی کۆڵانەکان سپاردبێ. یان چیرۆکی... هەرچی بوو لەقەدەرێکەوە بۆ قەدەرێکی دی پەڕیبووەوە. لە چیرۆکێکەوە بۆ چیرۆکێکی دی و، ئەو بڕیاری دابوو ئەم چیرۆکەی دی بنووسێ. نووسیبووی: «خاتوون لانەواز و وەیلان لە کووچەو کۆڵانە تاریکەکاندا...» و هیچی دیکەی بەبیردا نەهاتبوو، جگە لەوە دەرکەی ماڵەکەی خۆی لێ بکاتەوەو لەتاقە ژوورەکەیدا پەنای بدا. ئەڵبەت ئەوەشی بەبیردا هاتبوو چیرۆکێک کە لە تاقە ژوورێکدا و بەبوونی کچ و کوڕێکی گەنج دەست پێ بکرێ، ڕەنگە چیرۆکێکی عاشقانە دەربچێ. ئەو ئەیزانی نووسینی چیرۆکێکی عاشقانە کارێکی چەند ترسناک و تاوانێکی چەند گەورەیە. ئەیزانی ئەگەر با بەگوێی ئەو خەڵکەیدا بدا کە ئەو خانمێکی گەنج و تەنیای بردۆتە ژوورەکەی چ بەڵایەکی بەسەر دێ. بەو حاڵەش ملی دابوو. تەسلیم بووبوو. تەسلیمی ئەو بیرەو، تەسلیمی بوونی خاتوون لەماڵ و ژوورەکەیدا. هەروا کە لەوەدوا گوتبووی و ئەیگوت لە هەموو ئەو ماوەدا کە خاتوون لە ژوورەکەیدا بوو، لەوەها ڕۆژ و سەعاتێک کە ڕازی بوونی خاتوون و ڕازی چیرۆکەکەی ئاشکرا ببێ، ترسابوو. هۆی سەرەکی ئەو ترسەش پیرێژنی خاوەن ماڵی بوو. پیرێژنێک کە ئەو نەیئەزانی و نەیزانیبوو چۆن و بەچ فرتوفێڵێک سەری بەژوورەکەیدا کردبوو، خۆی بەچیرۆکەکەدا هەڵواسیبوو. لە دوا خۆی پیرێژن تەنیا کەسێک بوو پێیەکی لە دەرەوە، لە ژوورەکەی خۆی، لە کۆڵان و لە ناو خەڵکی گەڕەک بوو. پێکەی دیکەیشی لەناو چیرۆکەکەداو، هەموو جارێک بەبۆنە و

بیانوویەکەوە بەپلیکانەکاندا هەڵئەگەڕا. بەو هیوایە کەخۆی بەژوورەکەی ئەودا بکات. ژوورەکە شپرزەو هەڵڕژاو بوو. دیار بوو خاتوون پێی نەکرابوو وەک هەموو بەیانییەکی دی دەستی پێدا بێنێ و هەڵیپەردێوێ. دەفتەری چیرۆکەکەو کتێبەکان کۆبکاتەوەو، لەسەر تاقەکە هەڵیانچنێ. جاجمێک بەسەر جێوبانەکەدا بکێشێ و جلەکانی ئەو هەڵواسێ. تۆزی ڕەسم و تابلۆی سەرسنگی دیوارەکان بتەکێنێ و سەماوەرەکە هەڵکات و سفرەکە ڕابخات. ئەوسا چاوەڕوان دانیشێ تا پیرێژنی خاوەن ماڵ بەبیانووی هێنانی نانێکی گەرم بەپلیکانەکاندا هەڵگەڕێ. پیرێژن بەنیوەی پلیکانەکاندا هەڵگەڕابوو. ئەو بەنیوەکەی دیکەیدا دادەگەڕا. بەری پێئەگرت. ئەیگوت: «تۆ بۆ عەزیەتت کێشاوە؟» بەئەدەبێکی لە ڕادەبەدەر ئەیگوت. وەک غەریبەیەکی نەناسیاو. «پێشتریش عەرزم کردووی ئەگەر پێویستم بەنان یان هەرشتێکی دی بێ خۆم دێم و داوا ئەکەم. پێویست ناکا ئێوە زەحمەت بکێشن و بەم هەموو پلیکانە کووڕەدا هەڵگەڕێن.» پیرێژن گوێی نەئەدایە. لەقسەکانی نەئەگەیشت. یان تێئەگەیشت و بەجیدی وەرنەئەگرت. هێشتا بەتەمابوو بەباقی پلیکانەکاندا هەڵگەڕێ. بەڵام ئەو نەیئەهێشت و لە وەڵامی گلەییەکەیدا کە «ماوەیەکە حەزناکەی سەرلە ژوورەکەت بدەم.» سوور هەڵئەگەڕاو ئەیگوت: «بۆ ئەبێ حەز نەکەم؟» پیرێژن وازی نەئەهێنا. «ئەی بۆ کە لە ماڵ ئەچیە دەر دەرکەی ژوورەکەت دائەخەی؟» ئەو لاڵ ئەبوو. «دائەخەم... دائەخەم، چونکا حەز ناکەم ئێوە بخەمە زەحمەت. من لە هەر کوێ بم پێم خۆشە کاری ماڵەکەم خۆم بیکەم.»

خاتوون ئەم قسانەی بیستبوو. ئەیبیست. بزەکەی ئەبووە نەرمە پێکەنینێک و چاڵی گۆناکانی ئەپشکووت. ئەو ئەیدی. ئەیگوت: «پیرێژن دڕدۆنگ بووە.» پاشان ئەیگوت: «ئەگەر پێبزانێ...» خاتوون ئەیگوت: «ئەگەر پێبزانێ چی ئەکا؟»

ئەڵێ: «نەمئەزانی بۆچی پیرێژن دەرکەی لەو خەڵکە نەئەکردەوە. ڕەنگە لە ماڵ نەبووبێ. بەیانی زوو چووبێتە دەر دەرکەی ماڵەکانی گەڕەک بکوتێ. هەرا بکا. جاڕ بدا. ئای خەڵکینە ئەوە بەتەمانین هیچ بکەن؟ من ئیتر سەبرم نەماوە. حەجمینم لێ بڕاوە. لە ئێستاوە هەست بەئاگری دۆزەخ ئەکەم کە ئەمسووتێنێ. ئەو دووپشک و مارو ئەژدیهایانە ئەبینم دەوریان داوم... بەڵام پیرێژن نەیئەتوانی چووبێتە دەر. گریمان چووبێتیش، ئەبوو گەڕابێتەوە. ئەبوو کەسێک کلۆمی دەرکەکەی لەناوەوە هەڵپێکابێ.» ئەڵێ: «هەر خودا ئەیزانی پیرێژن بۆچی دەرکەی لەو خەڵکە نەئەکردەوە. ڕەنگە نەیویستبێ ئەو شانۆی غیرەت وپیاوەتییە بەو زووانە کۆتایی بێ. ویستبێتی ئەو ڕاسان و بزووتنەوە هەروا



بەردەوام بێ. تانیوەڕۆ، ئێوارە، شەو. تەنانەت تا شەوان و ڕۆژانێکی دیکەیش. زۆر بەکەمی ڕێدەکەوت کە ئەو خەڵکە ئاوا یەکگرتوو سەرلەیەک، شان بەشانی یەکدی، دەست لە ناو دەستی یەکدی، یەک دڵ و یەک دەنگ داوای شتێک بکەن.» ئەڵێ: «بەڵام من نەمئەزانی چیان ئەویست. یەعنی دڵنیا نەبووم. ئایا ئەیانویست ماڵەکەمان بەسەردا بڕووخێنن؟ یان ئەیانویست لە ماڵەکە دەرمانکێشن و بمانبەن لە شوێنێک، بڵێین لە مەیدانەکەی گەڕەک بەردبارانمان کەن؟ ئەوەی ڕاست بێ پێمـوانەبوو کاری وامان لەگەڵ بکەن. ماڵەکەمان بەسەردا بڕووخێنن، ماڵی پیرێژنێکی هاوسێ و هاوگەڕەکیان. یان ڕەجم و بەردبارانمان بکەن.

ئەم کردەو هەڵوێستە تووشی کێشەو دەردەسەری ئەکردن. پێموانەبوو ئەوان مل بەکێشەو دەردەسەری وا گەورە بدەن. پێموابوو لەو پەڕی ڕق و نەفرەتیشدا لە بیری سبەی ڕۆژیان غافڵ نابن. لەبیری ئەو پرسیارانە کە لێیان ئەکراو، ئەو وەڵامانە کە ئەبوو بیدەنەوە. ئەوان، هیچیان، حەقداری ئێمە نەبوون و، تاوانی ئێمە ئەوانی نەئەگرتەوە کە بیانەوێ بەکوشتنمان ئابڕو و شەرەفی خۆیان بپارێزن. هیچیان برا و باوک و خاڵ و مامی ئێمە نەبوون کە خوێنمان پێیان حەڵاڵ بێ. من پێموابوو ئەوان ئەیانویست ئەو شانۆیە، ئەو خۆنواندنە، بەبێ بەهای قورس وقوربانی گران، ئەڵبەت بەسوود و قازانجێکی زۆر بۆ خۆیان و بۆ شەرەف و ئیعتوباری گەڕەکەکەیان کۆتایی پێ بێ. ڕەنگە ویستبێتیان دەرکەکە بشکێنن. دەرکەیان پێ ساز ئەکرایەوە. ویستبێتیان بەپلیکانەکاندا هەڵگەڕێن و ئێمە – من و خاتوون – پێکەوە لە ژوورەکەدا ببینن. دەستە دەستە و بەنۆرە، بۆ ئەوەی دوایی هەر یەکەیان شتێک بڵێن و حەقایەتێکی لێ سازکەن. یەکیان بڵێ: ڕووت و قووت لە باوەشی یەکدیدا خەوتبوون. یەکیان بڵێ: نا، هەستابوون و خەریک بوون خۆیان پۆشتە ئەکردەوە. یەکێکی دیکەیشیان بڵێ: بیریان لای جلەکانیان نەبوو، هەروا ڕووت و عوریان هەر کامەیان لە سووچێک دۆش دامابوون و لە ترس و شەرمی ئەو تاوانە گەورەیان هەڵئەلەرزین.»

کە ئەمانەی گوتبوو خاتوون موچڕکەی بەلەشدا هاتبوو. هەڵلەرزیبوو. نەوەک لە ترس و شەرمی ئەو تاوانە گەورە کە لە زمانی خەڵکەکەوە بەخەیاڵی ئەودا تێپەڕیبوو، ڕەنگە لەبەر ئەو کزەی سەرمایە کە لەشی بەخەیاڵ ڕووتی دۆش داماوی دەگەست. تەنیا کراسی سپی ئاودامێنی گوڵدوزی کراو، هەستی بەو لەرزینە کرد. ئەو نەیدی. گۆڕانی ڕوخساریشی نەدی. تیزە بزەیەکی تاڵ و پڕ لە سووکایەتی پێکردن نیشتبووە سەر لێوی

خاتوون. نیگای لە ئەو، کە لەملا پەنجەرەکەوە، لە پشت دیوارەکە سەنگەری گرتبوو، پاشماوەی غیرەت و ورەی وردە وردە سەرفی سەرەتاتکە و دزەڕوانین لە درزی پەردەوە ئەکرد، گواستەوە. شەکەتی دانیشتنی زۆر و وەڕزی هیچ نەگوتن و بێدەنگەی زۆرەملە هەستا. لە ناو ژوورەکە و لەناو زەڕڕاتە وردو نەبینراوەکانی ترس و خۆفدا چەند هەنگاوی هەڵێناوە. دەرکەی ژوورەکەی کردەوە. ئەو جیرەی تیژی دەرکەکەی بیست. چاو و سەرنجی لە درزی پەردەو قەرەباڵغی دەرەوە بۆ دەرکەکە گواستەوە. بۆ خاتوون کە بەتەمابوو بچێتەدەر. ئەو هەڵات.

– «ئەوە چی ئەکەیت؟»

بەرز گوتی. دەستی گرت. لەو وەزعەشدا لە بیری بوو کە چۆن و بەچ ئادابێک ئەو دەستە ناسکە بگرێ.

– «تۆ نابێ لەم ژوورە بچیتە دەر.»

خاتوون لە هەموو ڕۆژەکانی بوونی لەو ژوورەدا ئەمەی بیستبوو «نابێ هیچ کەس بەبوونی تۆ لێرە بزانێ» و، هیچی نەگوتبوو. نە ئەو ڕۆژەو، ڕۆژانی لەوەبەریش هیچی نەگوتبوو. هیچی نەئەگوت. تەنیا سەیری ئەکرد. بەو بزە هەمیشەییەو، ئەویش بزەی ئەهاتێ، بزەیەکی لێبوردن خوازانە. دیار بوو هەستی بەتاوان ئەکرد. ئەیگوت: «ئەزانم تەنیایی ئازارت ئەدا. بەڵام تۆش ئەبێ لەوەزعی من بگەی. من ناچارم بڕۆمەدەر. منداڵەکان چاوەڕێمن.» ئەوسا خاتوونی لە کۆتایی دێڕێکی ناتەواوی چیرۆکەکە، لە خەڵوەت و بێدەنگی ژوورەکەدا بەجێئەهێشت. دەرکەکەشی لێ دائەخست. بەداخستنی دەرکە، بزە بەسەر لێوی خاتوونەوە وشک ئەبوو. تا عەسر کە ئەو دووبارە ئەگەڕایەوەو دەرکەی ئەکردەوەو، بزە بەسەر لێوی خاتوونەوە شین ئەبووەوە. بەڵام تا ئەو کاتە، پیرێژن کە دەنگی دەرکەکەی بیستبوو، لە ڕۆشتنی ئەو دڵنیا بووبوو، بەدەستی بەتاڵ و بەبێ هیچ بیانوویەک بەپلیکانەکاندا هەڵئەگەڕا. خاتوون نەوەک هەر دەنگی پێی، هانکە هانکی هەناسەی سوار و ماندووشی ئەبیست. پیرێژن لە دواهەم پلیکانەکاندا کۆکەی لێ ئەپژا.

بەکۆکە کۆک خۆی ئەگەیاندە دەرکەی چێوی ژوورەکە. دەستی بۆ قوفڵی سەر دەرکەکە هەڵئەبڕی و چەند جار ڕایئەکێشا. پاشان نائومێد شان و، جارجار پشتی لەسەر دەرکە، یان لەسەر لێواری دیوارەکە دائەخزا و هەر لەوێ لەسەر بەرەی بچووکی ڕاڕەوەکە دائەنیشت. «هەرخودا ئەزانی چی لەم ژوورەدا شاردۆتەوە.» ئەوەی ئەگوت و لە درزی



نێوان تا و لاشیپانی دەرکەوە سەیری ژوورەکەی ئەکرد. پیرێژن تەنیا قاشێکی باریکی ناو ژوورەکەی ئەدی. باریکەیەکی فەڕشەکە و دیوار و تاقچە و چەند کتێب و بەرەوسەرتریش ڕەسمێکی ڕەش و سپی کابرایەکی کڵاو لەسەر کە بەرە ئەنگوستێک سمێڵ لە بن لووتیەوە ڕەشی ئەکردەوە. پیرێژن خاتوونی نەئەدی. هەرچی سەری ئێناوئەبرد جگە لەوەی پێشتر دیبووی هیچی دیکەی نەئەدی. بەڵام خاتوون گوێی لە دەنگی بوو کە ئەیگوت: «ئەترسم ئەم کوڕە بەم کارانە خۆی و منیش تووشی چەرمەسەری بکات.» خاتوون لەو چەرمەسەرییە وا پیرێژن لێی ئەترسا نەئەگەیشت. دواتر کە ئەو ئەگەڕایەوە لێی ئەپرسی و ئەیگوت: «ئەوە چ کارێکە کە تۆو پیرێژن تووشی چەرمەسەری ئەکا.»

ئەو ئەیگوت: «هەرئەم کارە کە خەریکم ئەیکەم.»

خاتوون ئەیگوت: «خۆ تۆ هیچ ناکەی. تۆ تەنیا خەریکی چیرۆکی من ئەنووسی.»

– «چیرۆکی خانمێکی گەنج کە لە ماڵی کوڕێکی جاهێڵ و ڕەبەن خۆی حەشار داوە.»

خاتوون تێنەئەگەیی نووسینی چیرۆکی خانمێکی گەنج، جا لە هەرکوێ خۆی حەشار دابێ، بۆ ئەبێ خەڵک تووشی چەرمەسەری بکات. لەوەدواش تێنەگەییبوو. تەنانەت ئەو بەیانییەش کە هەموو خەڵکی گەڕەک لەبەر دەرکەی ماڵی پیرێژن کۆبووبوونەوە.

ئەڵێ: «لە هەموو شتێک زیاتر سەرم لە بێمەبالاتی خاتوون سووڕمابوو. لەوەی کە لە ئاوا وەزع و سەعاتێکدا هیچ نیشانەیەک لە ترس و تەنانەت دڵەخورپە و نیگەرانیشی پێوە دیار نەبوو. جاروبار کە غیرەتم وەبەر خۆم ئەدا و لە ڕوومەتی بێ حاڵەتی و لە ئارامی چاو و نیگاییم ئەڕوانی بەخۆمدا ئەشکامەوە. لەو ترس و وەحەشەتەی خۆم تەریق ئەبوومەوەو هەستم بەسووکایەتی ئەکرد. دیار بوو هەموو هۆش و سەرەنجی خاتوون لەلای من بوو. لەلای ترس و بێ قەرارییەکەی من. دیار بوو هێشتا لە ئەنجامی ئەو کارەساتە، لەو کلۆڵی و لێقەومانە نەگەیشتبوو. یان ڕەنگە تێگەیشتبێ و تەسلیم بووبوو. وەک غەریقێک کە تەسلیمی بێ ئامانی ئاو ئەبێ و بەئارامی و دڵ داسەکنانەوە خۆی بەشاڵاوی شەپۆلەکان ئەسپێرێ. خاتوون خۆی بەچارەنووسی و ئەنجامی کارەساتەکە سپاردبوو. ئەڵبەت هێشتا بەو ئەنجامەی نەئەزانی. منیش هیچم لێ ڕوون نەبوو. منیش وەک ئەو لە دوا دێڕ و دواهەم وشەی چیرۆکەکەیدا مابووم. ئەو دێڕ و وشانە کە ئیتر من نەمئەنووسین. ڕەنگە ئەو خەڵکە تووڕەو هەڵچووەی بەردەرکە ئەیاننووسی.» ئەڵێ: «هەراو هاواری خەڵکەکە نیشتبووەوە. ئیتر جوێن و ناسزام لێ نەئەبیستن. باقەڵ ماندوو بووبوون. نە

ئەوەندە ماندوو کە وازیان لە دەوامەی شانۆکە هێنابێ و یەکە یەکەو، پاشان دەستە دەستە ناو کۆڵانیان چۆڵ کردبێ. هێشتا لەوێ مابوون. هەموویان. تەنانەت خەڵکی دیکەیشیان پێوە لکابوو. لە شوێن و گەڕەکی دیکەوە ژن و پیاوی دیکەیش هاتبوون. پیرێژن و پیرە پیاوی زەوین گیر و لە پێ کەوتووش هاتبوون. ڕەنگە گوتبێتیان ئەخوازن لەو خێر و حەسەناتە بێبەش نەبن. لە منداڵەکانیان ویستبێ بڕۆنە ژێر باڵیان، کۆڵیان کەن، یان بەسواری داشقەو گاری بیانگەیەننە خەڵکەکە. پیرێژن و پیرەپیاوەکان لەمەیدانی بەر قوتابخانە لەبەر هەتاوی بەیانی، لەسەر مەقەبا و بەڕەی شڕ خۆیان هەڵخستبوو. بەبێ هیچ گفت وگۆیەک. تەنیا جارجار لەبەر خۆیانەوە دۆعایەکیان ئەکردو ئەستەغفیرەڵایەکیان ئەگوت. ژنان و کچانیش ئەمبەراوبەری کۆڵان پاڵیان بەدیوارەوە دابوو، چاوەڕوان بوون ماجەراکە کۆتایی بێ و خاتوون ببینن. ئەو خانمە گەنجە کە شەوان و ڕۆژانێکی زۆر لە ژووری گەنجێکی ڕەبەن، لەپشت ئەو پەنجەرەو پەردە نارنجیەکەی کە ئێستا تیشکی خۆر لێی ئەدا و شەبەقی چاوی ئازار ئەدان، خۆی حەشاردابوو. مابوونەوە کوڕ و پیاوەکان کە هەروا شان بەشانی یەکدی، بووبوونە چەند دەستەو پێکەوە ئەدوان. ئیتر وەک پێشوو توند و تیژ هاواریان نەئەکرد و تێلاکانیان ڕووەو پەنجەرەکە ڕانەئەوەشاند.» ئەڵێ: «ئەم بێدەنگییەیان بەلامەوە لە بێدەنگی بەر لە کارەسات ئەچوو. بێدەنگی گورگێک کە بەتەمابێ نێچیری غافڵگیر بکاو لە دەرفەتێکدا...»

قسەکەی تەواو نەکردبوو کە گرمەو هاڕەیەک بێدەنگییەکەی شکاند. گرمەی تۆپ یان هاڕەی ڕمانی ماڵێک؟ هیچیان نەبوو. دەنگی ترسناکی شکانی پەنجەرەکە بوو. ئەو کاتێک بەمەی زانی کە خڕە بەردێکی لە ناوەڕاستی ژوورەکەدا دی بەرەو پێی خاتوون خولی ئەخوارد. داکەوتنی چەند پارچە شیشەشی بیست. کە سەری وەرسوڕاند، با ، نە زۆر بەهەیبەت لە پەنجەرە شکاوەکەوە ئەهاتە ژوورو پەردەنارنجیەکەی ئەشەکاندەوە. ئەو تۆقاوتر لە هەموو ئەو ماوە پشتی لە دیوارەکە توند کرد. بەلەشی لەرزۆک و ئەژنۆی شلەوە، داماوتر لەپێشوو لە خاتوونی ڕوانی. ئێستا ئیتر خاتوونیش نیگەران بوو. بەرد پڕ بەمستی گەنجێکی بەخۆوە، لەبەر پێی خاتوون، لەسەر دەفتەری چیرۆکەکەی کەوتبوو.

خاتوون پێێ لەسەر پێ لابرد و بەردی لەسەر دەفتەرەکە، چەند پەڕەی دەفتەرەکە دڕابوو. خاتوون دەفتەرەکەشی هەڵگرت. ئەو هەروا پاڵی دابوو بەدیوارەکەوەو چاوەڕوانی بیستنی گرمەو هاڕیەکی دی و کەوتنی بەردێکی دی بوو. خاتوون پەڕە دڕاوو شەمزاوەکانی ساف کردەوەو تۆزی بەردەکەی لێ تەکاندن. بەردێکی دیکەیش هات. هەر ئەو گرمەو هاڕەو،



بەردەکە ئەمجارە بچووکتر بوو. لە دیواری بەرامبەر پەنجەرەکە درا و لە گەڕانەوەدا کەوتە ناوەڕاستی ژوورەکە. ئەو بەدەنگێکی وەک نرکەو ناڵە، نەک زۆر بڵێند، بەخاتوونی گوت: «واز لەو دەفتەرەبێنە. وەرە لە پشت دیوارەکە خۆت وەشارە.»

خاتوون وازی لە دەفتەرەکە نەهێنا. بەڵام هەستاو یەک دوو هەنگاوی بەرەو ئەو هەڵێنایەوە. ئەو بەدەستی لەرزۆکی لاکەی دیکەی پەنجەرەکەی نیشان دا. خاتوون خەمبار بەرەو لاکەی دی پەنجەرە چوو. ئێستا هەردووکیان لەملاو لەولای پەنجەرەکە ڕاوەستابوون و پاڵیان بەدیوارەکەوە دابوو. پەردەی نارنجی لەبەر تیشکی خۆرەتاودا وەک بڵێسەی ئاگرێکی گەورە، بەدەم شنەی بای بەیانییەوە، لە بەینیاندا ئەشەکایەوەو سەمای ئەکرد. لەگەڵ هاتنی هەر بەردێکی ورد یان درشت هەراو هوریای پیاوان و قیژە و زریکەی ژن و منداڵ بەرز ئەبووەوە. لە ناو هەرا هەراو قیژە قیژەکەدا ئەو تەنیا لە هەندێک قسەیان حاڵی ئەبوو.

– «بەردی گەورە بهاوێژن. زۆر گەورە.»

– «ئاوا نابێ. توندتر.»

یەکێک بەرزتر لەوانی دی هەرای کرد: «بۆ بەو پەنجەرەوە نووساون و دەرکەتان لە بیر چۆتەوە؟ وەرن دەرکەکە بشکێنن.»

ڕاسانی خەڵکەکە وردە وردە خەریک بوو ئەبوو بەشەڕو شۆڕێکی تەواو. لەمیانەی بەردە فڕکەکەدا دەنگی کوترانی توندی دەرکەی ماڵەکەش بیسترا. وەها توند کە ماڵەکە لەریەوە.

– «ئەبێ هەڵێین. حەتمەن ڕێیەک بۆهەڵاتن لەم دۆزەخە هەیە.»

ئەو گوتی. بەدەنگێک کە نەئەزانرا لەکامە چاڵ و چۆڵی دەروونیەوە ئەهاتەدەر.

– «لێرە بمێنینەوە کارمان تەواوە.»

ئەوسا لەدەرفەتی کورتی نێوان فڕکەی دوو بەرد، لەملای پەنجەرەکە بەرەو ئەو لای پەڕیەوەو، ئەمجارە نە بەئادابی ڕۆژان و شەوانی پێشوو، دەستی خاتوونی گرت. بەناو کۆگایەک بەردی وردو درشتدا پەڕیەوەو خۆی گەیاندە دەرکەی چێوی ژوورەکە. بەرلەوە خاتوون بگاتە دەرکە، بەردێک لە پووزی دراو خستیە زەوی. ئەو گەیشتبووە ئەو دیو دەرکە. خاتوون هێشتا دەستێکی لە دەستی ئەوداو دەفتەری چیرۆکەکەش لەدەستەکەی دیکەیدا بوو. دەستێک کە بەرەو ئەوی کێشاو، ئەو دفتەرەکەی نەگرت. ئەو قۆڵی گرت و

خاتوونی لەسەر ڕێی فڕینی بەردەکان بەرەو خۆی، بەرەو ڕاڕەوەکە ڕاکێشا. خاتوون بەزامی بەردو داوێنی ونجڕ ونجڕی کراسە سپییەکەیەوە، سووک، وەک خەیاڵی پەریزاد بەرەو ئامێزی کشا. ئەو هەستی بەبۆنی قژی خاو و پەریشانی کرد. بەناسکی گۆناو گەرمای خۆشی گەردن و سنگی. دەرفەتی لەزەتی بەچاو و لەشی لەرزۆکی نەدا. پەنجەی بەدەست ومەچەکی خاتوونەوە شل بوو. لەشی خاتوون بەبێ هیچ پاڵ و پەنایەک لە مابەینی بن میچ و ناو فەڕشی ڕاڕەوەکە مایەوە. ئەو بەپلیکانەکاندا داگەڕا. لە نهۆمی خواروو، پیرێژنی خاوەن ماڵ، ترساو و گرمۆڵە بوو، دانیشتبوو. باوەشی بەئەژنۆکانیدا کردبوو. بینینی پیرێژن ئەوی زیاتر ترساند.

– «تۆ...»

لە وشە و قسەیەکی دی نەگەڕا. پیرێژن سەری بەرز کردەوە. نیگای شیفتەو چاوی تەڕی لە پلیکانەکان بوو. لە خاتوون کە بریندار و نائومێد بەپلیکانەکاندا دائەگەڕا.

ئەڵێ: «هیچ ڕێیەک بۆ هەڵاتن و دەربازبوون لەو دۆزەخە نەبوو. پیرێژنی خاوەن ماڵ ئەمەی ئەگوت کە بەر لە من بیری لە وەها وەزعێک کردبۆوە. شەوان و ڕۆژان و، لە هەموو ئەم ماوەشدا کەلوپەلی زیادەی ماڵەکەی قورس و سووک بۆ داڵانەکە ڕاکێشابوو. تەنانەت خرت وپرتی ناو کۆڵانیش. بۆ ئەوەی لە وەها ڕۆژو سەعاتێکدا لە پشت دەرکە هەڵیانچنێ و کەس نەتوانێ لە دەرکەکەوە بێتە ژوور. داڵانی پشت دەرکەکە تاریک بوو. من لە هەموو ئەو ماوەدا نەمدیبوون. لە میهرەبانی و دڵسوزی پیرێژنیش نەگەیشتبووم. تازە ئەمفاماند کە سەرکێشانی جاروبارەی پیرێژن بۆ ناو ژوورەکەو، پێداگری قیرسیچمانەی بۆ بوون لە ناو چیرۆکەکە، لەراستیدا سەرکێشان و بوونی قیر سیچمانەی دایکێک بوو لەخەڵوەتی کوڕەکەیدا.» ئەڵێ: «کاتێک زانیم پیرێژن دەستی لە کۆکردنەوەی خەڵکەکەدا نییە بیرم کردەوە بڵێی کێ بەبوونی خاتوون لە ژوورەکەمی زانیبێ و پاشان چووبێ لە هەموو کووچە و کۆڵانەکانی گەڕەک جاڕی دابێ؟ لەپیرێژنم نەپرسی. بشمپرسیایە نەیئەزانی. دواتر زانیم کە نازانێ. دواتر، کاتێک کارەساتەکە، وەها کە ڕەنگە تا ئێستا تۆش تێیگەیبی، کوتایی هات. کاتێک قڕەکە خەوتەوەو خەڵکەکە بڵاویان لێکردو بەرەو ماڵەکانیان ڕۆشتنەوە. ئەو کاتە زانیم کە خەڵکەکە، هیچکامیان هیچیان لە خاتون، ئەو خانمە گەنجە کە شەوان و ڕۆژانێک لە ماڵ و ژوورەکەی مندابووە، نەدەزانی. هیچیان لەچیرۆکەکەش نەدەزانی. چیرۆکێک کەمن نووسیبووم، یان دەمنووسی و ئەوان نەیانبیستبوو. ئەوەی



بووبووە هۆی ئەو نمایشە گەورەو ڕاپەڕینە بەربڵاوەی بەر دەرکەی ماڵی پیرێژن، نەوەک خاتوون، بەڵکوو پەردەی هەمیشە دادراوەی ژوورەکەم و گومانی ڕازی پشت ئەو پەردە ئاگرییە بوو.» ئەڵێ: «پەنجەرەی داخراو و پەردەی هەمیشە دادراوەی ژوورەکە سەرەتا خەڵکی دووشک و دڕدۆنگ کردبوو. شکی بوونی ڕازێک. ڕازێک کەخاوەنەکەی، بەمانا من، هەوڵی شاردنەوەی ئەداو، ئەو جەخت و پێداگرییە شکی خەڵکەکەی کردبووە بڕواو ئیمان. پیرێژن ئەمانەی پێ گوتم. بەرلەوەش گوتبووی. ئەو ڕۆژانە کە بەهەر بۆنەو بیانوویەکەوە بەپلیکانەکاندا هەڵدەگەڕا، من بەرم پێدەگرت. دەیگوت: دەرکەی ژوورەکەت دادەخەی، پەردەی پەنجەرەکەشی خۆ هەمیشە دادراوەیە. بیر لەوە ناکەیتەوە بەم کارەت خەڵکی نیگەران و تووڕە دەکەی؟ من گوێم نەدەدایە. نەک هەر بەوەی کە پیرێژن دەیگوت، گوێم بەنیگەرانی و تووڕەیی خەڵکەکەش نەدەدا. نەمدەدین چۆن هەموو جوولەو بزووتنێکم لەژێر چاوەدێریاندایە. کاتێک بەیانییان لە ماڵ دەچوومەدەر و لە کۆڵان چەند جار سەرم وەردەسووڕاند، لە پەردەی پەنجەرەکە ورد دەبوومەوە نەکا لۆیەکی بەحاستەم لادرابێ. کاتێک عەسران لە قوتابخانە دەردەچووم و یەکەوڕێ دەهاتمەوە بۆ ماڵ و لەژوورەکەم لەپشت ئەو پەردە نارنجییە دەخزام،نەمدەدی خەڵکەکە کە لە کۆڵانەوە تێدەپەڕین بەچ ڕق و تووڕییەکەوە بەسیلەی چاو لەپەردەکەیان دەڕوانی. دواتر پەردەکە بۆ خەڵک وەک تەلیسمی لێ هاتبوو. دێوێک کە لەسەر خەزێنەی ڕازێکی سەیر گرنگ دانیشتبوو. ئەوان زۆر جار هاتبوونە شەڕی ئەم دێوە نارنجییە. زۆر شەو یەکەیەکەو پاشان دەستەدەستە چووبوونە سەر بانی ماڵی بەرامبەر بەژوورەکەم و تا درەنگان لە ڕۆشنایی و پێستی ئاگرینی دێوی پەردەکە ڕامابوون. بەو هیوایە کەخەوالّوو باوێشکێک بدا، یان جووڵەیەک بکاو بەقەدەر لەپە دەستێک لەو ڕازە ئاشکرا ببێ. بەڵام دێوی پەردە وەک هەمیشە وشیار، پاسەوانیی لە ڕازی ژوورەکە کردبوو.» ئەڵێ: «دواتر زانیم کە ئەو خەڵکە لەوماوەدا چەند ئەفسانەو حەقایەتیان دەربارەی ئەو دیوە نارنجییە داناوەو بۆ یەکدییان گێڕاوەتەوە. دەربارەی ئەو ڕازە کە دێو بەری بەئاشکرا بوونی گرتبوو. ئەو ئەفسانەو حەقایەتانە کە هەرکامیان جیاوازتر لەوی دیکەو، خاڵی هاوبەشی هەموویان هەوڵ وجەسارەتی ئازایانەی ئەو خەڵکە بوو کە بەوپەڕی گیان بێزاری و لەخۆبوردوویییەوە لەودێوە ڕاپەڕیبوون.» ئەڵێ: «نمایشی ئەو بەیانییە، ئەو کۆبوونەوەو خۆپیشاندانە مەزنە لە ڕاستیدا شۆڕشێک بوو دژ بەپەنجەرەی داخراو، دژ بەپەردەی هەمیشە دادراوەی ژوورەکە. ئەو پەردە کە بەخواستی ئەوان هەڵنەدرابۆوە و دەمەلاسکەی ویستی ئەوانی

کردبوو. خەڵک ئەم بێ مەبالاتی و دەمەلاسکەیان لە چاوی من دیبوو. پەردە پەردەی ژووری من بوو. ڕازی پشت پەردەش ڕازی من و ڕازی منیش چیرۆکی خاتوون بوو.»

ئەمانە کە ئەیلێ، پێشتر بەخاتوونی نەگوتبوو. بەهیچ کەسی دیکەیشی نەگوتبوو. جگە لە من، ئەویش دوائەوە ساڵەها لەو کارەساتەو لە مەرگی خاتوون تێپەڕیبوو. خاتوون دوای ئەوە کە بەهەموو پلیکانەکاندا داگەڕا. نائومێد و خەمبار چاوەڕوانی نووسینی دواهەم دێڕو دواهەم وشەکانی چیرۆکەکەی بوو. دەفتەری چیرۆکەکە ئێستا بەدەست ئەوەوە بوو. بەڵام قەڵەمەکەی کە لە دوو توێی دوا لاپەڕە ڕەشەکاندا بوو دنەی نووسینی نەدا. تەپ و کوتی دەرکەو هەراو هاواری خەڵکەکە پەرەی سەند. خەڵکەکە ڕەنگە ئەیانویست دەرکە لە گرێژنە بیننەدەرو لەشت ومەکی هەڵچنراوی پشت دەرکەکەش بپەڕنەوە. پیرێژن تۆقاو لە ڕق و غەزەبی خەڵکەکە و شەیدای جوانی خەمباری خاتوون ئاگای لە بڕیاری ئەو نەبوو. بڕیارێک کەئان وسات وەک بروسکەیەک بەمێشکیدا تێپەڕی. بڕیاری سووتاندنی چیرۆکی خاتوون. خاتوون بزە هەمیشەییەکەی لەسەر لێو نەبوو. تەنانەت تیزە بزەیەکی پڕ لە توانج و سووکایەتی پێکردنیش. بێ ئەو تیزەبزەش، ئەو سووک و چرووک بووبوو. داماو و دەستەوەستان بووبوو. گوتی: «ئەمە تەنیا چارەیەکە عەقڵم پێی بشکێ.» ئەوسا شەمچەی لە گیرفانی دەرهێنا. کە شەمچەکە گڕی گرت پیرێژن دوو دڵۆپ فرمێسکی لە چاویدا بینی. کە بڵێسەی گەییە دەفتەرەکە، فرمێسکەکان بەگۆنایدا خل بوونەوە و کەوتنە خوار. دەفتەری چیرۆکەکە ڕەنگە خۆشحاڵ لە هاومالّی بڵێسە ئان وسات گڕی گرت.

لە دەرەوە، یەکەم کەسانێک کە بڵێسەی ئاگرەکەیان دی، ئەو ژنانە بوون کە دەمێک بوو پاڵیان بەدیواری ماڵەکانی بەرامبەر بەماڵی پیرێژنەوە دابوو. یەکێکیان ئازاترو، بگرە تۆقاوتر لەوانی دیکە هاواری کرد: «ئاگر. ژوورەکە ئاگری گرتووە.»

هاوارەکەی لە ناو زەنازەنای خەڵکەکەدا ون بوو. بەڵام ژنە هیوابڕاو نەبوو و بەرزتر هاواری کرد.

– «ژوورەکە ئاگری گرتووە.»

ئان وسات هەراو هوریای خەڵکەکە دامرکا. هەموو سەریان بەرەو سەرو، چاویان لە پەنجەرەی شکاوی ژوورەکە بڕی. لەبەر تریفەی ڕوونی هەتاو، بەگران توانیان بڵێسەی ئاگر لە سەمای پردە هەڵاوێرن. تا ئەوەی کە بڵێسەکان باڵاین کشا و پەردەکەش گڕی گرت و لەبەندی پەنجەرە قوتاربوو. خەڵکەکە تۆقاو و هەراسان لە کاتێکدا لە ماڵەکە



دەکشانەوە هەروا چاویان لە ژوورەکە بوو. لەو شوێنە کە ئەبوو ڕازێک ئاشکرا ببێ و، هیچ ڕازێک لە ژوورەکەدا نەبوو جگە لە ئاگر کە لە پەنجەرەی شکاوەوە گەزارەی ئەکێشا. جگە لە دووکەڵێکی ڕەش کە لە بانەکەوە بەرەو ئاسمان هەڵئەچوو. کە بانی ژوورەکە هەرەسی هێنا و ڕما، خەڵک کۆڵانەکەیان چۆل کردبوو لە مەیدانی بەر قوتابخانە کۆبووبوونەوە. ئێستا ئیتر کەس هیوای بەرزگار بوونی دانیشتوانی ماڵکە نەبوو و کەس نەیدەوێرا لە دەرکەی هێشتا داخراوی ماڵەکە نریک بێتەوە. بێدەنگی کۆڵان و کڕی جەماوەر تەنیا بەقرچە قرچی سووتانی ڕازێکی ئاشکرا نەبوو ئەشکا. دەرکە لە پڕ بەدەم جیرەیەکی تیژەوە کرایەوە. سەرەتا پیرێژن و پاشان مامۆستای گەنجی قوتابخانە، دڵسووتاو و خەمبار، بەدەستی بەتاڵ کە بۆنی کاغەزی سووتاویان لێدەهات، لەدەرکەکەوە هاتنەدەر.

زستانی١٣٨١

# ئەو باڵندە برینداره كە منم

كە ئەڵێ من پیاو كوژم، مەستووره لێوی لێ ئەگەزێ و پێڵووەكانی بەحاستەم دائەخا، یەعنی كە مەیلێ. مەڵێ من كاوەم كوشتووە. مەڵێ گوڵدانە گەورەكەی سەرتاقی پەنجەرەكەم بەرز كردۆتەوەو لە كاتێكدا كاوە پشت لە من لەسەر كورسییەك دانیشتووە، بەهەموو هێزم كێشاومە بەتەپڵی سەریدا.

ئەڵێ: ئای لەو دەنگە ترسناكە مەستووره گیان! ئای لەو گرمە كە دەتوت گرمەی تەقینەوەی دنیایە لە دەستەكانمدا و گرمەی تەقینەوەی گوڵدانەكە بوو لە سەریداو لەت و كوتی سواڵەت و گڵ و خۆڵ بەچوار دەورا هەڵڕژاو گوڵە شەمدانی بەڕەگ و ڕیشەی وشك و تینوویەوە كەوتە باوەشی. كاوە زریكاندی و ئان و سات هەر دوو دەستی بۆ سەری هەڵبڕی كە تەقیبۆوەو خوێن فیچقەی كردو كاوە كۆم و تەواو چەماوە لەسەر كورسییەكە هەڵكەندراو لەبەر چاوما وەك جووڵەی خاوی فیلمەكان، بەدەم مەیلی ڕاست بوونەوەی قامەتییەوە نیوە خۆلێكی بەلەشی دا.

ئەو ئەگری و مەستووره سەرسووڕماو لێی ورد ئەبێتەوە. لە ڕوومەتی و لە چاوە تۆقاوەكانی ورد ئەبێتەوە كە تەڕی فرمێسكن.

منیش لە ڕوومەتی خوێناوی و گڵ و خۆڵاوی و لەودیو شۆڕاوگەی خوێنەوە لە چاوە تۆقاو و پڕ پرسیارەكانی كاوە ورد بوومەوە مەستووره گیان! كاوە لەسەر پێی خۆی پێ ڕانەگیراو كەوتە زەوی. بەرلەوە بكەوێ سەری شكاو و كاسی بەملاولادا گێڕا. بەچواردەوری ژوورەكەدا. ڕەنگە لە شتێك گەڕا، لە كەسێك یان لە من كە پاشەوپاش كشامەوە. تا دیوارەكەو، پشتم لە دیوارەكە توند كرد. كاوە بەدەم ئازارەوە ئەژنۆی شل بوو، ڕووخا. بەرلەوە تەواو بڕووخێ هەردوو دەستی كردە كۆڵەكە بۆ ڕاگرتنی سەر و سنگی و، خوێن لە سەریەوە ئەفیچقاو لە ڕوومەتیەوە بەرەو سنگ و بەرۆكی دائەچۆڕا. كاوە هەروا چاو و نیگای پڕ لە هەڕەشەو گازندەو، ڕەنگە تكا و پاڕانەوەی بۆ من گێڕاو، من هەروا لێی ڕامام. كاوە كە منی دی دەمی بەخۆزگەی وتنی قسەیەك كردەوە. خوێن بەرەو دەمی جۆگەلەی بەست و دەنگێك وەك غەڵتە غەڵتێكی پچڕ پچڕ و بێ مەعنا لە دەمیەوە



هاتە دەر. خوێن لە دەمیەوە هاتە دەر و من دەستم هەڵبڕی، هەردوو دەست. بۆ ئەوەی كارێكیان پێ بكەم و شتێكیان پێ بتارێنم و دەستە كۆڵەكەییەكانی كاوە لەبەر قورسایی لەشی نەوین و سەرو سنگی لە فەڕشەكەو لە گڵ و خۆڵی ڕژاوی گوڵدانەكە چەقی. من پێم وابوو مرد، بەڵام هێشتا نەمردبوو. بەدەم گیاندانەوە هەڵبەزیبەوە. وەك مریشكی سەربڕاو كە هەڵئەبەزێتەوە و بەدەم هەڵبەزو دابەزی لەشی غەڵتانی خوێنییەوە سەر و ملی وەرسووڕا.

ئەو قیژاندی و هەڵاتەدەر. بۆ ژوورەكەی دی، بۆ باوەشی مەستووره كە بەویقارو خانمانە، وەك هەمیشە میهرەبان و نیگەران، لە ژوورەكەی دی دانیشتبوو. ئەو خۆی خستە باوەشیەوە. وەك منداڵێكی ترساو كە خۆی ئەخاتە باوەشی دایكی یان خوشكی و كوڵی گریانی ئەپژێ. وتی: «من چۆن توانیومە كاری وا بكەم مەستووره گیان؟ چۆن توانیومە ئەوەندە دڵڕەق و بێ بەزەیی بم؟»

مەستووره توند بەخۆیەوە گوشی. بەرزتر هەستی بەتەپ وكوتی دڵی كرد. بۆ ئەوە ئارامی بكاتەوە دەستی بەشان و مل و سەر و قژیدا هێنا و ئەوسا بەگوێیدا چرپاندی: «تۆ بێ ڕەحم و دڵڕەق نی، دڵنیابە. تۆ ماندووی.»

ئەرێ ماندووم مەستووره گیان! بۆ هیچ كەس بڕوا ناكا من ماندوو بم؟ دایكم و دایكی كاوەو خوشكەكانی و تەنانەت دەستە خوشكەكانی خۆشم پێیان وایە من بۆ ئەوە ماندوو بم ئەبێ كۆڵێكی قورسم بەكۆڵەوە بێ و هەڵبێم. لەبەر شتێك یان لەبەر كەسێك هەڵبێم و هەموو لەشم سەر ئارەق بنیشێ و ئارەقی سارد بەلاجانگ و لامل و سنگ و بەرۆكما شۆڕاوگە ببەستێ. كێ بڕوا ئەكا من كاتێ لە ماڵ دێمەدەر، بەمانتۆ و لەچكەی جوان و ئوتوكراوەوە و بەئاڕایشێكی سادە كە هەمیشە ئەیكەم، كرێمێك لە دەست و پل و ڕوومەتم هەڵئەسووم و ماتیكێكی گۆشتی كە بەحاستەم بەلێومیا ئەهێنم و قەڵەمێكی ڕەش كە پێڵووە تەنك و كورتەكانمی پێ دەر ئەخەم، جگە لە كیفێك كە جاروبار ئەیدەم بەشانمدا، كۆڵێكی قورسیشم بەكۆڵەوە بێ و كاتێ بەپیادەڕۆی شەقامەكەی بەرماڵماندا، لە پاڵ درەختەكانیەوە تێئەپەڕم... ئارام و لەسەرخۆ...

بەڵام ئەو ئارام و لەسەرخۆ تێنەئەپەڕی. هەڵدەهات. لە شوێنێكەوە بۆشوێنێكی دی و بۆ هەموو شوێنێك كە حەزی بكردایە. ئەو حەزی ئەكرد سەر بەهەموو شوێنێكدا بكا. بەهەموو ڕێبازو ڕێچكەكاندا بڕوا. لە هەموو دەركەكانەوە بچێتە ژوور. تەنانەت لە هەموو دیوارەكانیشەوە سەر هەڵبڕێ. بۆیە هەڵئەهات و هەستی ئەكرد شتێك یان كەسێكی

بەدواوەیە. وەک سێبەر. نەوەک سێبەری خۆی کە لەبەر خۆر و ڕۆشناییدا بەدوایەوە ڕادەکشا، بێ ئەوە بیهەوێ بیگرێ، یان دەست بنێتە بینی و بیخنکێنێ و بیشارێتەوە. بەڵکوو وەک کاوە. نا، وەک مێرد. ئەڵێ: «من نەئەبوو شووم بکردایە مەستوورە گیان!»

کاوە ئەیوت: «تۆ نەئەبوو شووت بەمن بکردایە. ئەبوو شووت بە...» ئەوسا ناوێکی بەدەمدا ئەهات کە ناوی کەس نەبوو. ناوی کەسیەتییەکی شیعریی بوو کە لە زۆربەی شیعرە کانی ئەودا و بەتایبەت لە شیعرەکانی یەکەم دەفتەرەکەیدا دووبارە و دووبارە ئەبووەوە. کاوە ئەیوت: «هەموو ناوێک ناوی کەسێکە. لە پشت هەموو کەسیەتییەکی شیعرییەوە کەسێکی تایبەتیش هەیە.» وتی: «تۆ بۆ پێتوایە من گێل و گەوجم.» ئەوسا گەڕا، بەئێستا و ڕابوردووی ئەودا گەڕا. هەموو کەل و کونی ژیانیی پشکنی. بۆ ئەوەی سۆراخی کورە لاوێکی شاعیری بلێند باڵا بکا کە بەچاوی بازو نیگای خەمناک و میهرەبانیەوە سووچێ لە زەینی کچە شاعیرێکی داگیر کردبوو، جاروبار لە دەلاقەی وێنەیەکی شیعریەوە دەرئەکەوت. کاوە هەرچی گەڕا لە هیچ کوێی ژیانی ئەودا کەسێکی وای نەدی. بۆیە بەپێکەنینەوە وتی: «بۆ لەبەری سیامەند نانووسی کاوە؟»

ئەڵێ: پرسیارێکی سەیرە مەستوورە گیان. سەیرم دێتێ کە چۆن پرسیاری وا بەمێشک و پاشان بەزمانی کەسێکدا دێ و چاوەڕوان ئەبێ وەڵامی بدرێتەوە. کاوە چاوەڕوان بوو وەڵامی بدەمەوە و من هەروا لێی ورد بوومەوە. لە ڕوومەتی کە ئەوسا خوێناوی نەبوو. زەردەخەنەیەکی منداڵانە و دەرۆزەکەری شەرمن، بەڕومەتییدا بڵاو بووبۆوە. بەزەردەخەنەکەیدا زانیم کە شتێکی گران بەهای لە من ئەوێ و بەشەرمەکەیدا زانیم کە نابێ بیدەمێ. نابێ تەسلیمی ئەو داوایە ببم کە ئەگەر بەزەردەخەنەو شەرم و تکاشەوە ڕازابێتەوە، داوایەکی ناحەقە. حەق و ناحەق، ڕەوا و ناڕەوا فەرقیان چییە ئەگەر کاوە من بەهی خۆی بزانێ، بەخۆی نا. من لەبەری کاوە بەخۆمدا شکامەوە و کاوە بەخۆیدا نەشکایەوە. هەروا چاوەڕوانی وەڵام بوو. بۆیە لەگەڵ درەنگ کردنمدا زەردەخەنەکەی کاڵ بۆوەو شەرمی داواکەی شکا و من ترسام. لە کاوە ترسام. لەخۆم و، بۆ ئەو ژیانە هاوبەشە ترسام کە تازە دەستمان پێکردبوو. کاوە ڕەنگە لەو ترس و گۆمانەم گەیشت، بۆیە ئەمجارە بێ شەرم و شوورەیی پرسیارەکەی دووبارە کردەوە. وتی: «ها؟ بۆ لەبەری سیامەند نانووسی کاوە؟»

لە بەنددایە سیامەند، لە بەندی هەزار زنجیردایە سیامەند، کە هەر ئاڵقەیەکی وشەیەکی ناسنامەدارە و لە ڕزگاریی من ئەفکرێ کە وشەی بێ ناسنامەی حورمەتی مرۆڤە.



من لە خۆمم پرسی: ئایا کاوە سیامەندە؟ نەبوو. بۆیە وتم: «من لەبری خۆت ئەنووسم کاوە.»

ئەوسا ئەو یەکێک لەشیعرەکانی پێشکەش کرد. شیعرێک کە بەهەست و سۆزی شەوی زەماوەندەکەیانەوە وتبووی. دواهەم شیعری کتێبێک کە دواتر بڵاوی کردەوە. «یەکەم فڕینی باڵندەیەکی شەیدا» نووسی: «بۆ کاوە» بەڵام کاوە خۆشحاڵ نەبوو. بەحاستەم دەمی پان کردەوە. وەک بڵێی بزەی هاتۆتێ. ئەو تێگەیی. وتی: «ئەمە ڕەشنووسی شیعرەکەیە. لە پاکنووس کردنەوەیدا زۆر شت ئەگۆڕێ.»

یەکەم شت کە گۆڕا «بۆ کاوەی هاوسەر و هاوڕێم» بوو. هەندێک شتی دیکەیش گۆڕا. لەوانە چەند وشە و، یەک دوو دێڕیشی لێ زیاد بوو. جێ گۆڕکەش بەدوو وێنەکرا. کاوە هیچیانی نەدی. یان دی و دڵی لای ئەو جۆرە شتانە نەبوو. لای جیاوازی وشەیەک و وشەیەکی دی، زیادو کەمیی دێڕێک. بەلای کاوەوە وێنەیەک لە سەرەتادا بوایە یان لە ناوەڕاست و کۆتایی شیعرەکەدا فەرقی نەبوو. بەو حاڵەش لە سەرەتاوە تا کۆتایی شیعرەکەی خوێندەوە. پەستا پەستاش سەری لەقاند و دەمی پان کردەوە. ئەوسا گەڕایەوە بو سەرەتا و جارێکی دی و ئەمجارە بەدەنگی بەرز، خوێندییەوە: «بۆ کاوەی هاوسەر و هاوڕێم»

مەستوورەش بۆ یەکەم جار یەکەم فڕینی باڵندەیەکی شەیدای لە دوو توێی بەرگێکی ئاسمانی ڕەنگدا دی کە زووتر لەوەی چاوەڕوانی ئەکرا خۆڵەمێشی بووبوو. بەر لە هەمووشتێک، بەر لە هەموو شیعرەکان، ئەو ڕستە پێشکەشییەی بەدەنگی بەرز خوێندەوە. ڕستەیەک کە جێگۆڕکەی پێکرابوو. لە سەرەتای دواهەم شیعرەوە بۆ سەرەتای هەموو شیعرەکانی کتێبەکە گوێزرابۆوە. «بۆ هاوڕێیەتی کاوەی هاوسەرم».

مەستوورە وتی: «خۆشت ئەوێ؟»

ئەو داچڵەکی. «ها؟» ئەویش وەک کتێبەکەی ئیتر ئەو ژنە شاد و پڕ جموجووڵەی پێشوو نەبوو. ئەو باڵندە شەیدایە کە لە ئاسمانی شینی بەرگی کتێبەکەدا فڕیبوو، ئێستا مەلێکی کز و خەمۆک بوو کە پرسیارێکی سادە هەراسانی ئەکرد. مەستوورە سەرنجی بۆ پێشکەشی کتێبەکە ڕاکێشا.

– «خۆشت ئەویست؟»

ئەو نەیزانی ئەبێ چ وەڵامێکی بداتەوە. ڕەنگە خۆشی ویستبێ. نەک عاشقی بووبێ.

بەڵام کاوە عاشقی بوو. لەو عاشقانە کە بەیەکەم نیگا، دڵێک نا سەد دڵ ئەدۆڕێنن و ڕەنگ بەڕوخساریانەوە کاڵ ئەبێتەوە و ئەژنۆیان ئەکەوێتە لەرزین. ئەوسا کەمەندکێش، خەو و خۆراک لێ حەرامبوو، شەو و ڕۆژ یار لە کۆێ بێ و بۆ کوێ بچێ بەدوایەوەن. بەدڵ یان بەجەستە. کاوە فرەتر بەدڵ و چەند جارێکیش بەجەستە لەسەر ڕێگەی سەوز بووبوو. کوڕێکی خۆش قەدو باڵای تەرپۆش کە هەمیشە کیفێکی سامسۆنێتی بەدەستەوە بوو. ئەو یەک، دووجار لە کۆڕە ئەدەبییەکانیش کاوەی دیبوو. کاتێ ئەچوو بەرامبەر بەدانیشتووانی کۆڕەکە شیعری ئەخوێندەوە و کە لە خوێندنەوەش ئەبووەوە کاوە بلێندتر لە هەموان چەپڵەی بۆ لێئەدا. جارێک لە دەرەوەی کۆڕەکەش لێی چووە پێش. وتی: «دەستت خۆش بێ خانم. ئەو شیعرە جوانترین شیعرێکە کە تا ئێستا بەزمانی کوردی...» ویستی بڵێ وتراوە، ئەو فرسەتی پێ نەدا، کاوە وتی: «بیستوومە.» ئەوسا خۆی پێ ناساند. «من موهەندس کاوەی...»

دەسبە جێ ناسیمەوە مەستوورە گیان. موهەندس کاوە جێگری سەرۆکی ئیدارەیەک بوو کە باوکم فەرمانبەری بوو. سەیرە کابرا موهەندس بێ و جێگری سەرۆکی ئیدارە بێ، کەچی عەقلی بەوە نەشکێ بەر لەوە کچ لە باوکی بخوازێ پێشنیار بەخۆی بکا. وتم: «من شوو بەپیاوی وا ناکەم.»

نەمئەکرد. دڵی دایک و باوکمم ئەشکاند و شووم پێ نەئەکرد ئەگەر عالەمێکی نەناردایە تکا و کە ناردی وتم: «بەمەرجێک شووی پێ ئەکەم، بۆ ئەو سووکایەتی پێ کردنەی بێت و داوای لێبووردنم لێ بکا.» کە هات نەمهێشت داوای لێبووردنم لێ بکا. وتم: «بە مەرجێک شووت پێ ئەکەم هەوڵ بدەی خۆشبەختم کەی. منیش هەوڵ بۆ خۆشبەختیت ئەدەم.» ئەوسا چاوم لە بەر پێیی خۆم بڕی. لە شەرما. کە زانی شەرمی لێ ئەکەم بزەی شیرینی هاتێ و وتی: «تەنیا یەک مەرج بۆ ژن ومێردایەتی هەیە. ئەویش ئەوە کە یەکدییان خۆش بوێ، تا سەر و بۆ هەمیشە.»

ئەڵێ: خۆشبەختی نەکردم مەستوورەگیان. خۆشیشی نەویستم. خۆی خۆش ویست و من کوشتم نەوەک چونکا درۆی ئەکرد و خۆشی نەئەویستم. کوشتم و گوڵدانە گەورەکەم کێشا بەتەپڵی سەریدا چونکا سووکایەتی پێ ئەکردم و بچووکی ئەکردم. ئەوەندە سووک و بچووک کە وردە وردە خەریک بوو خۆشم لێ ون ئەبوو. ئیتر خۆم نەئەدی کە لەناو ماڵدا هەڵئەسووڕام و کە لەماڵیش ئەڕۆشتمە دەر خۆم نەئەدی. بەڵام کاوە منی ئەدی. هەمیشەو لە هەر شوێنێک بوومایە و بۆ هەر کوێ بچوومایە. سەرەتا بۆ هەرکوێ ئەچووم نەیئەوت



مەچۆ. بۆ ماڵی باوکم یان ماڵی باوکی و بۆ لای هاوڕێ و دەستە خوشکەکانم و بۆ کۆڕ و کۆبوونەوەکان و دواتر زانیم بۆ هەرکوێ ئەچم بەشوێنمەوەیە. تەنانەت لە ناو ماڵیش لەم ژوورەوە بۆ ئەو ژوور شوێنم ئەکەوت. سەرەتا بەبیرمدا نەئەهات کاتێ لە ماڵ ئەچمە دەر، کاتێ بەقەراغ جۆگەی پیادەڕۆی شەقامەکەی بەرماڵمان شان بەشانی درەختەکان تێئەپەڕم، کاتێ سوار تاکسی ئەبم، بەشوێنمەوەیە. خۆی تێی ئەگەیاندم. جاروباریش ناوونیشانی بۆ هەڵئەدام. بۆ ئەوەی بڕوا بکەم لە هەموو کوێ بەشوێنمەوەیە و بڕوام ئەکرد. هەستم ئەکرد پێم ئەڵێ چی بکەم و چی نەکەم. لە کوێ سوار تاکسی ببم و لە کوێ دابەزم، کێ بدوێنم و کێ نەدوێنم. وتم: «کاوە گیان! مادام تۆ هەر شوێنم ئەکەوی بۆ نایەی پێ بەپێیی خۆم، شان بەشانی خۆم بڕۆی.» کە شان بەشانی یەکدی ئەڕۆشتین پێم لە پێم دەئاڵا و دڵە تەپەم ئەگرت و گۆج ئەبووم. وەک کەسێک بەڕووتی بەناو خەڵکا بێ و بڕوا، بەڕووت و قووتی. بەشەرم و داوەشانەوە خۆم لە نیگایان ئەشاردەوە و کە کەسێکیش ئەیدۆزیمەوە و ئەیدواندم سوور هەڵئەگەڕام و لاڵ ئەبووم. کاوە ئەیوت: «تۆ ئەڵێیی شاعیرم، بەڵام نازانی دوو کەلیمە کەسێک بدوێنی.»

ئەیوت: «بروانە ئەو ڕەنگ و ڕوخسارەت!»

ئەموت: «ماندووم کاوە گیان.»

ئەوسا لەبەر ئەوە پێم پێئەکەنێ و تیزم پێ نەکا کە بۆ ئەبێ ماندوو بم لە کاتێکا شەو و ڕۆژ بێکار و بەتاڵ لە ماڵەوە دانیشتووم، ئەموت: «نەخۆشم» و، بەڕاستیش نەخۆش بوم و ئیتر کاوە لەگەڵما نەئەهاتەدەر و ئیتر نەیئەهێشت خۆشم بەتەنیا بڕۆمە دەر.

مەستوورە وتی: «دڵپیسی ئەکرد؟»

ئەو بەخۆیدا شکایەوە. نە بۆ پرسیارەکەی مەستوورە؛ نە بۆ ئەوەی کە زانیبووی کاوە دڵی لێ پیس کردووە، کە ئەو زانی کاوە دڵی لێ پیس کردووە وتی: «دڵپیسی ئەو پەڕی بێ ئەخلاقییە.»

وای نەوت کاوە تێ بگا ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئەویەتی. وای وت کە هەم حورمەتی پاراستبێ و دەروویەکیشی بۆ دەربازبوون لە سزای تاوانی ئەو هێرشە لە خۆی کردبێتەوە. باسەکە لە خۆکوشتنی ژنێکی هاوگەڕەکیانەوە دامەزرا. لە خۆکوشتنی یەک لەدوا یەکی چەند ژن لە ماوەیەکی کورتدا. ژنەکان کە هەموویان گەنج بوون خۆیان دەرمانخواردوو ئەکرد یان خۆیان ئەسووتاند، ڕۆژنامەکان و ڕادوێ و تەلەڤیزیۆنیش قڕوقپ هیچ هەواڵێکیان لێ بڵاو نەئەکردنەوە.

کاوە وتی: «چاک ئەکەن ئەو هەواڵانە بڵاوناکەنەوە. یەکەم لەبەر حوورمەتی شارەکە و دووهەم لەبەر حوورمەتی بنەماڵەکانیان.» پاشان وتی: «لەبەر حوورمەتی مێردەکانیان.»

ئەو وتی: «مێردەکانیان ئەگەر حوورمەتیان ببوایە کارێکیان نەئەکرد ئەو ژنە کلۆڵانە...»

کاوە قسەکەی پێ بڕی. وتی: «چییان کردووە؟ چی ئەکەن؟»

لەوێوە ئەو لەگەڵ کۆمەڵی قسەو باسدا، لە دڵپیسی پیاویش دوا. وتی: «پیاو یان ژنی دڵپیس نەک هەر بێ حوورمەتی بەهاوسەرەکەیان، بێ حوورمەتی بەخۆشیان ئەکەن.»

وتی: «ئەوانە نەخۆشن و لە بەرامبەر خەڵک وتەنانەت هاوسەرەکانیشیاندا خۆیان بەکەم و ناتەواو ئەزانن. پیاو یان ئەبێ متمانەی بەهاوسەرەکەی ببێ، یان ئەگەر نییەتی...»

کاوە وتی: «ئەگەر نییەتی چی؟ ها، چی؟»

ئەو وتی: «ئەگەر نییەتی لێی جیا ببێتەوە.»

کاوە تیزەبزەیەکی هاتێ و وەها کە گاڵتە بەعەقڵی بکا سەری لەقاند.

«لێی جیا ببێتەوە؟ یەعنی حوکمی ئازاد بوونی بدا؟»

وتی: «لە هەموو شوێنێکی دنیا خەڵکی تاوانبار زیندانی ئەکرێن. کەچی تۆ...»

من چ تاوانێکم کردووە کە ئەبێ لە سزایدا زندانی بکرێم؟ کە ئەمەم وت داچڵەکی مەستوورەگیان. دیار بوو چاوەڕوانی پرسیاری وا نەبوو. وتی: «بەڕاستی ژنێکی سپڵە و بێ ئەمەگیت.» یەکەم جار بوو ئەمەی ئەوت و ئەمەش یەعنی ئەو هەموو جۆرە ئازادییەکی بەمن داوە و، بەوحاڵەش من هەست ئەکەم لە زیندانیدا دیلم. من تا ئەو کاتەش هەستم نەئەکرد لە زیندانیدا دیلم. تەنانەت کە ئەشیوت وابکە و وامەکە، ئەو بدوێنە و ئەو مەدوێنە، بۆ ئەوێ بچۆ و بۆ ئەوێ مەچۆ، هەمیشە ئەو بوو ئەیوت چی بکەم یان چی نەکەم و پاشان ئەیوت ئەمە ڕای منە. تۆ چیت پێ سەڵاحە یان چۆنت پێخۆشە وابکە و من ڕقم لە هەموو سەڵاح وخۆشی دنیا ئەبووەوە. بۆیە نەمئەوت چیم پێ خۆشە یان چۆنم پێ سەڵاحە. هیچم نەئەوت و وردە وردە لەوە گەیشتم کە هەموو ئازادیەکم لێ زەوت کراوە و پەیم بەوە برد کە لە زیندانیدا دیلم و هەموو پەیان بەدیلیەتی من برد. تەنانەت تۆش.

کە ئەڵێ تۆش زانیت کە من دیلم، مەستوورە وەها کە تاوانێکی بدەنە پاڵ یان شاهیدییەکی ناحەقی لێ بخوازن، ئەڵێ: «من؟» ئەوسا بۆ شاردنەوەی سەرسووڕمانەکەی



کە سەرکۆنەکەرە، لە بەر ئەوە ئازاری نەدا و نەیڕەنجێنی، زەردەخەنەیەکی بۆ ئەکا و ئەڵێ:

– «بۆ ئەو کاتە من هاتبووم؟»

هاتبوو. سەرەتا لە قاپێکی ڕەشی سی لە چل سانتی متریدا. پۆستەری پۆرترەیەک کە نەقاشێک کێشابوویەوە. ماشەرەف خانمی کوردستانی کراسێکی بنەوشی ئاودامێن و سوخمەی سووری لەبەردابوو. تاسکڵاوی لەسەر کردبوو. تاسکڵاوێکی ڕازاوە بەگوڵێنگەو، ژێرچەنەیەکی زێڕی بەستبوو. جوان و بەویقار لەسەر کورسییەک دانیشتبوو. ئەو تابلۆیە ئەوسا وەک خەڵاتی کارگەیەکی فەڕشچنی پێشکەش بەهەموو فەڕش کڕێک ئەکرا، کاوە لەگەڵ دوو تەختە قاڵی هێنابوویەوە. قاڵیەکانی لە ژوورەکە ڕاخست و پۆستەرەکەشی... ئەو حەزی نەئەکرد بەدیوارەوە هەڵیواسێ. کاوە بەلایەوە سەیر بوو. ماشەرەف خانم، مەستوورەی کوردستانی، شاعیر و عالم و... ئەو هیچی لە عیلمەکەی نەئەزانی. شیعرەکانیشی...

کاوە وتی: «ئەڵێن دە هەزار تا بیست هەزار بەیت شیعری وتووە. شیعر نەوەک قسەی هەلەق و مەلەق کە ئیمرۆ زۆرکەس بەناوی شیعر ئەیلێن.»

ئەو هیچی نەوت. لە تابلۆکە وردبۆوە کە کاوە لە باشترین و دیارترین شوێنی دیوارەکە کوتابووی. لە مەستوورە وردبۆوە کە لەمدیو عورووسی عەمارەتەکەی والی، لە بەر ڕۆشنایی ڕەنگاوڕەنگی چاوە شیشە بچووکەکانیدا کتێبی ئەخوێندەوە. ئەو ڕۆژە نا، ڕۆژێک لە ڕۆژانی لەوەدوا بوو مەستوورە نەوەک کەسیەتی بەعزێک چیرۆکی تازە کە لە قاپی ڕەسمەکەیان دائەبەزن، وەک خانمێکی شاعیر کە جارێک و لە سەردەمێکی کۆنی لەوەبەردا ژیانی خۆی ژیاوەو، ئێستاش لە خەڵوەت و تەنیایی ماتەمباری ژنە شاعیرێکی ئاوەڵیدا دەرئەکەوێ، دەرکەوت. هەروا کە نەقاشەکە کێشابوویەوە، جوان؛ بەویقارێکی خانمانەوە هەنگاوی سووک و لەسەرخۆی بەسەر قاڵیەکاندا هەڵێنایەوە و لەولای ژوورەکە لەسەر کورسیەک دانیشت و پاڵی دایەوە. ئەو ئەگەرچی چاوەڕوانی دەرکەوتن و هاتنی بوو، بەڵام خەجلا. وەک کەسێک میوانێکی ناو و ناوبانگداری بۆچووبێ بەخێرهاتنی لێ کرد. وتی: «ببوورە ئەگەر لێرە وەک لەو کۆشک و عەمارەتە ئاسوودە نەبی.»

ئەو بەدەم وتنەوە سەری بەرەو تابلۆکە وەرسووڕاند و نیگای بۆ عورووسییە پڕ نەخش و نیگارەکە گوێزایەوە. مەستوورە شوێن نیگای بەرەو تابلۆکە هەڵگرت. وتی: «چۆن ئەزانی من لەو کۆشک و عەمارەتە ئاسوودە بووم؟» بەگلەییەوە وتی: «تۆ ئەزانی من لەو کۆشک و عەمارەتەدا چۆن ژیاوم؟»

ئەو نەیئەزانی. دواتر زانی کە زیاتر ناسی. لە ڕێگەی بیرەوەری و نووسینەکانییەوە. لە هەموو ئەو ڕێگایانەوە کە دەیانبرد بۆ ئەو سەردەمە مەستوورەی تیا ژیابوو. لەو سەردەمەدا مەستوورە لە ئەندەروونی کۆشک و عەمارەتەکەی والی، ژنێک بوو وەک هەموو ژنەکانی دیکەی حەرەمسەرا، بەڵام جیاواز لەوان. نەک هەرچونکا جوانتر و شۆخوشەنگتر بوو، چونکا خەمبارتر بوو. مەلێکی ناو مەلەکانی قەفەسە ئاڵتوونییەکەی والی کە خەمۆکتر و دڵتەنگتر لەوان ئەچریێ. نەئەچڕی، شیعری ئەوت: من ئەو ژنەم باڵانشینی مۆلکی حەیا... لە خێلی پەردەنشینان بەڵام لەوان جیا... لەژێر مەقنەعەکەمدا سەرێکە لایەقی تاج... هەزار مەخابن بوومە زەبوونی ئەم دنیا... ماشەرەفی کۆشک و عەمارەتەکەی والی هیچی لەو کچە شادو سەرخۆشە نەئەچوو کە گوایە خۆشەویست و گوڵەکەی بان دڵەکەی دایک و باوک و ماموانی بووە. تاقانەی پاش کۆستی برا، نەک هەرتاقانەیماڵەباوان، تاقانەی شار. وشیار و خوێنەوار و خەت خۆش و شاعیر و نووسەر. ئەو بەهۆی شیعر و نووسینەکانیەوە مەستوورەی ناسی گە چەپگەردی گەردوون و تەوێڵ نووسی لە ئەزەلەوە خەت ناخۆشیی ژن کردبوویە قوربانی مەسڵەتی خوێنی باوک و ماموان و لە کاتێکدا کەسی بەلایقی هاوسەری و هاوسەرینی خۆی نەئەزانی کۆت لە گەردن و کەت بەستراو و پێوەند لە پێ ناردبوویە حەرەمسەرا و کردبوویە هەوێ و هاونشینی ژنانی ئەو نامورادخانەیە. ئەو چی ئەبیست و چی ئەخوێندەوە بۆ مەستوورەی ئەوتەوە ومەستوورە پێێئەکەنی.

بەڵام من تریقامەوە ئەو یەکەم جارە کە وتت: «منی کەمینە بۆ پتەوکردن و چەسپاندنی نێوان تەبایی و نێوان کۆکی بنەماڵەکان بەند و بەندەواری هاوسەریم لەگەڵ خەسرەو خانی والیدا سەروبەر نرا و بەوپەڕی شان وشکۆوە پێم هاویشتە حەرەمسەرایەوە.» بەگازەرای پشتا کەوتم. تۆ داچڵەکیت مەستوورە گیان، سەیرت هاتێ، بۆ وا پێئەکەنم؟ وتم: «ئەگەرمن ئاوا لە کاوە بدوێم...» نەتهێشت قسەکەم تەواو بکەم و بڵێم ئەگەر من ئاوا لە کاوە بدوێم... نەمئەزانی چی بڵێم. تۆ وتت: «کاوە خەسرەو خانی والی نییە.»

وتم: «منیش ماشەرەف خانم نیم، ها؟»

ئەوسا هەستم کرد بێحساب بووین. پاک لە پاک. تریقانەوەکەی من بەتوانجەکەی تۆو، تۆ هەستایت. بەویقارتر بووی لەوەی کە لە قاپە ڕەشە سی لە چل سانتی مەترییەکەتدا بووی. کە هەستای وتم نەکا بیەوێ بڕوا چونکا من ئەو خانەخوێیە نیم کە دەبوو ببم. ژنێکی مەند و بەنەزاکەت وەک خۆت کە عەرزم فەرمووانە ئەدوای، بەزمانی کتێبەکانت ئەدوای. نەئەتریقایتەوە. وتم: «ببوورە، ڕەنگە من نەزانم یان نەمەوێ وەک تۆ بم یان وەک تۆ ڕەفتار بکەم.»

کاوە وتی: «تۆ بۆ نازانی یان ناتەوێ وەک هەموو ژنێکی دی ڕەفتار بکەی؟ وەک دایکت، دایکم، وەک خوشکەکانم کە هاوتەمەنی خۆتن و وەک خۆت خوێندەوارن و تەنانەت...»

ئەوەندەی وتبوو تەنانەت دەرچووی دانشگا و کارمەند و مامۆستای قوتابخانەن، کە من ڕقم لە هەرچی دەرچووی دانشگا و کارمەند و مامۆستای قوتابخانە ئەبووەوە. وتم: «خوشکەکانت چی ئەکەن کە من نایکەم؟»

وتی: «حورمەتی مێردەکانیان ئەگرن. بێ قسەییان ناکەن و...»

وتم: «لەمەودوا منیش بێ قسەیی تۆ ناکەم. هەرچی تۆ بیڵێی و هەرچی تۆ بتەوێ، وەک ژنێکی کارمەند نا، وەک ژنێکی کارەکەر... وەک عەبد...»

ئەرێ وەک عەبد مەستوورە گیان! چونکا ئەو عەبدایەتی لە من ئەویست و نەیئەدرکاند. من کە ئەمدرکاند وەک ئەوەبوو پەردەم لە ڕازێک هەڵدابێتەوە، لە نهێنییەک، لە برینێکی شاراوە کە حەز نەکا کەس بیبینێ و من ئەمدی. کێم و جەراحەتم ئەدی چەپەڵ لە برینەکەی ئەڕژا. من ئیتر لە بەیانییەوە تا ئێوارە و لە ئێوارەوە تا بەیانی لە کونجێکی ماڵەکەدا دەستەو ئەژنۆ ئامادەی فەرمانبردن ئەبووم، ئامادەی تیمار کردنی ئەو برینە شاراوەو ئەمەش ڕازی نەئەکرد. ئازاری ئەدا. ئەیوت: «تۆ ئەتەوێ بیسەلمێنی کە من پیاوێکی زاڵم و تۆش ژنێکی لەخۆبوردوو و فیداکاری.»

بەڵام ئەو نەیئەویست بیسەڵمێنێ کە ژنێکی فیداکارە. ئەیویست بیسەلمێنێ کە عەبدە. بەحوکمی عەبدایەتی و بێ دەسەڵاتیی خۆی و هەموو ئەندامەکانی لەشی بەداوا حەق و ناحەقەکانی کاوە سپارد. چاوی بۆ بینینی شتێک کاوە حەز بکا بیبینێ و گوێی بۆ بیستنی شتێک کاوە حەز بکا بیبیسێ و ئەوەشی ئەوت کاوە پێی خۆش بوو بیڵێ. دەست و قاچیشی لە خزمەتی ئەمر و نەهیەکانی کاوەدابوو. بیوتایە دانیشە، دائەنیشت. بیوتایە هەستە، هەڵدەستا. بەڵام ئەم خزمەتگوزارییانەش کاوەیان ڕازی نەئەکرد. تووڕەیان ئەکرد. ئەیوت: «من ژنم هێناوە نە کارەکەر.»

ئەو وتی: «من کارەکەر نیم، عەبدم.»

– «ئەمەش گەمەیەکی تازەیە؟ پیلانێک بۆ ئەوە چۆکم پێدا بدەی و تەسلیمم کەی؟»

کاوه شەوێکی ساردی زستان ئەمەی وت. درەنگانێک هاتەوە بۆماڵ و بەرلەوە دانیشێ داوای پیاڵەیەک چای کرد. ئەو بۆی هێنا. کاوه بەبیانوویەکەوە ڕشتی. ئەو پیاڵەیەکی دیکەی بۆ هێنا. کاوه ئەویشی ڕشت. ئەو دیسان بۆی هێناوە و کاوه دیسان ڕشتییەوە. ئەم هێنان و بردنە کاوەیان دەهری کرد. بۆیە هەستا و بێ هیچ پێشەکی و بیانوویەک کەوتە لێدانی. ئەو هیچی نەوت. دەستەوەستان خۆی بەمست و زللەکانی سپارد و کاوه بەدەم هیلاک بوونەوە کوڵی گریانی پژا و گریا. خۆی وتەنی وەک ژن گریا. ئەوسا وتی:

– «بۆ وام لێ ئەکەی؟ بۆ؟»

چەند جار ئەم پرسیارەی دووبارەکردەوە. ئەو هەروا دەستەوەستان و لارەمل بێ هیچ وەڵامێک وەستابوو. کاوه بەباڵایەوە شەتڵ بوو. وەک پیاوێکی تینووی تامەزرۆ کەوتە لیستنەوە و ماچ کردنی و، دەستی بۆ دوگمەی کراسەکەی برد. ئەو کە لە تەماکەی گەیشت خۆی، لەسەر خۆ، یەکە یەکە دووگمەکانی ترازاند و ڕووت بۆوە. ڕووت وقووت. وەک مەیت لە بەر دەستیدا ڕاکشا. کاوه لێی ئاڵا. وەک لە کۆتەرە دارێک بئاڵێ. دارێکی وشک و بێ گیان. جووت بوون لەگەڵ دارێکی وشک و سارد و بێ گیاندا خۆش نەبوو، بۆیە لێی جیابۆوە و شەرمەزار و نائومێد لە لەشی هەلاهەلا و ڕەش و شین هەڵگەڕاوی ورد بۆوە. لە چاوەکانی کە چاوی ژنێکی سەرکەوتوو نەبوون، چاوی ژنێکی تێشکاویش نەبوون.

بەڵام چاوی کاوه و نیگا و وردبوونەوەی، چاو و نیگای پیاوێکی تێشکاو بوو. من یەکەم جار بوو ئاوا بەئاشکرا تێشکانیم ئەدی و، ئەمدی کە خەریکە ئەڕووخێ. وەک پایە دیوارێکی بەرکەنشت خەریکە هەرەس دێنێ. هەستم کرد ئەو پیاوە کە ساڵەها لەگەڵیا ژیاوم چەندە زەبوون و کڵۆڵەو ئێمە هەردووکمان زەبوون و کڵۆڵ بووین کە ناچار بووین پێکەوە بژین، لە ماڵێکدا و لە ژوورەکانیدا و من دەمێک بوو پێمـوانەبوو لە ماڵێکدا ئەژین کە ماڵی خۆمانە، لەو ژوورانەدا کە من لە بیرم چووبۆوە ژوورن بۆ ئەوەی تیایانا بژین. بەسەر فەرش و ڕاخەرەکانیانا هەنگاو هەڵێنینەوە و لەسەر کورسی و مۆبلەکانی دانیشین و پاڵ بدەینەوە و من کتێب بخوێنمەوە و کاوه جەدوەل حەل بکا و سەیری تەلەویزیۆن بکەین و گوێ لە گۆرانی و مۆسیقا بگرین.

ئەڵێ: گۆرانی و مۆسیقا بەژوورەکەدا بڵاو ئەبووەوە مەستوورەگیان. بەماڵەکەدا و ماڵەکە پڕ بوو لە شتی جوان و عەنتیکە کە دووبەدوو کڕیبوومانن. پڕ بوو لە تابلۆی جوان کە دیوارەکانمان پێ ڕازاندبۆوە و گوڵ و گوڵدانەکانیشمان لەسەر مێزەکان و لەسەر تاقی



پەنجەرەکان دانابوو. لەسەر تاقی ئاشپەزخانەکە. ئاشپەزخانەکەمان گەورە و خۆش بوو. کەرەسەکانی تازە و تایبەت بوون. تەخت و قەرەوێڵەی ژووری خەوتنەکەشمان نەرم بوو. پەردەی چینداری پەنجەرەکانمان هەڵئەدایەوە. ڕۆشنایی هەڵیئەکوتایە ماڵەکەمان و ئێمەش ڕۆشن ئەبووینەوە. کاوه وتی: «وەرە با خۆمان نەجات بدەین. کۆمەکم بکە ژیانی هاوبەشمان نەجات بدەین.»

وتی: «من هێشتا تۆم خۆش ئەوێ. زیاتر لە هەمیشە و لە هەموو کەس.»

من بڕوام نەکرد هیچ لەخۆمان و لە ژیانی هاوبەشمان مابێتەوە. کاوه وتی: «منداڵێک ئەتوانێ ژیانی هاوبەشمان نجات بدا. هەناسەی گەرمی منداڵێک ئەتوانێ سەرما و سۆڵی ئەم ماڵە بتارێنێ»

من ملم نەدا. وەک هەمیشە کە ملم نەئەدا و ئەموت منداڵم ناوێ.

وتم: «منداڵم نابێ. نەزۆکم.»

وتی: «درۆ ئەکەی تۆ ئەتەوێ بڵێی کە من پیاو نیم. ئەتەوێ بیسەلمێنی کە من پیاو نیم.»

پاشان هەستا و دیسان لە ماڵ ڕۆشتەدەر و حەفتەیەک نەگەڕاوە. من لە ماوەی ئەو حەفتەدا شیعری ئەو باڵندە بریندارەم وت کە من بووم.

ئەڵێ: ناوی شیعرەکە ئەگۆڕم مەستوورەگیان. ئەشمدڕاند ئەگەر لە بەرم نەبوایە، یان لە بیرم بچوویایەوە. لە بەر دڵی کاوه ئەمدڕاند، ئێستا کە نەماوە و من کوشتوومە. گوڵدانە گەورەکەی سەر تاقی پەنجەرەکەم کێشاوە بەتەپڵی سەریدا و کاوه ئێستا غەڵتانی خوێن لە ژوورەکەدا کەوتووە و چاوەڕوانە من بیشارمەوە. بیبەم لە شوێنێک چاڵی بکەم. یان دەم ئاوی ڕووبارێکی بدەم. ئاوی ڕووباریش ئەو هەموو خوێنەی پێ ناشۆرێتەوە. من ناوێرم ئەو هەموو خوێنە بشۆمەوە. ناوێرم لێی نزیک ببمەوە، لە کاوه، لە دەستەکانی، من لە دەستەکانی ئەترسم. لە لەشیشی کە گوشراوە و، خوار و خێچ بەملاولادا بادراوە و چۆڕایی و تەڕایی داهاتووە و ڕوومەتی خوێناوی و چاوەکانی هێشتا کراوەن. لەودیو شۆڕاوگەی خوێنی مەیبووەوە کراوەن و لە من ورد ئەبنەوە. وەک دوو چەقۆی تیژ لە گیانم ئەچەقن و ڕۆحم هەڵئەکۆڵن. ڕۆحی باڵندەیەکی بریندار نا کە من بووم. ڕۆحی پیاوکوژێک.

کەئەڵێ ڕۆحی پیاو کوژێک مەستوورە هەمدیس لێوی لێ ئەگەزێ کە نەیلێ.

ئەڵێ: «کاوە کە شیعرەکەی دی داوای لێکردم ناوەکەی بگۆڕم.»

ئەو شیعرەکەی نەدابوویە بیخوێنێتەوە. لێی شاردبۆوە. بەڵام کاوە گەڕابوو. کاغەز و نووسینەکانی پشکنی بوو، دیبووی. وتی: «لانیکەم «کە منم»ەکەی بقرتێنە.»

ئەوە کەمترین داوای بوو. بەڵام نەیئەتوانی لەوە زیاتری لێ بخوازێ. دڕاندن و سووتاندن و... کاوە ئەیزانی مەعامەلەی وا لەگەڵ ئەو شیعرە و لەگەڵ شاعیرەکەی، تەنانەت ئەگەر ژنی خۆشی بێ، ناکرێ. ئەو شیعرە ئەوەندە بەسۆز و کاریگەر، ئەو ڕەوایەتی خەم و ئازارە، نەئەبوو بوترێ و ئێستا کە وترابوو، ئێستا کە نووسرابوو، ئەگەر بڵاو ببووایەوە، بەناوونیشانی زەق و ئاشکرای کەمنم... ئەو وتی: «ئەگەر خەمی تێگەیشتنی خەڵکتە، مەترسە.»

کاوە وتی: «خەمی خۆمە. خەمی خۆمانمە. ئێمە لە کوێوە گەیشتووینەتە ئێرە؟»

– «لە یەکەم فڕینی باڵندەیەکی شەیداوە.»

کاوە وتی: «بریا تۆ شاعیر نەبوایەیت.»

ئەوە یەکەمجار نەبوو خۆزگەی وای ئەخواست. بەهەناسەی سارد و بزەی داماوانەیدا دیار بوو لە هەموو شتێک زیاتر شاعیر بوونی ئەوە ئازاری ئەدا. کێشەی لەگەڵ شاعیر بوونیدایە. لەگەڵ شیعریدا. لەگەڵ ئەو وشانە کە پێیوایە سەد ڕەنگ و سەد پۆ و لە هەمان حاڵیشدا زیندوون. ئەوەندە زیندوو کە بکەونە بەینی ژن و مێردەوە. کاوە ئەیوت: «ئەو کەلام و کەلیمانە کەوتوونەتە بەینمان.»

ئەو پێئەکەنی.

کاوە ئەیوت: «وازبێنە. تۆ بێ ئەو شیعر و نووسینانەش ئەتوانی خۆشبەخت بی. ژنتێکی خۆشبەخت. ژنی پیاوێک کە خۆشی ئەوێیت و حازرە...»

ئەو قسەکەی پێ بڕی. وتی: «تۆ لە چی ئەترسی؟»

کاوە نەیوت لە چی ئەترسێ. لەوەی کە لە ژنەکەی ناگا؟ لە حەز و خواست و هەستی ناگا؟ کاوە لەوە نەئەترسا. لەوە ئەترسا کەسی دی و کەسانی دی لەو حەز و خواست و هەستە بگەن. ژن بەشی شاراوەی حەریمی مێرد بوو. بەشێک کە ئەبوو لە تاریکی و بێدەنگیدا بمێنێتەوە و شیعر دەنگێک بوو لەو تاریکی و بێدەنگییەوە بەرز ئەبۆوە و بەگوێی هەموو نائەهل و نامەحرەمێک ئەگەیشت. ئەو نەوتراو و نەدرکاو لەمە گەیشتبوو.

بەڵام کاوە لەوە نەئەگەیی کە شیعر و نووسین تەنیا بیانووی مانەوەم بوو. نەوەک لە



ماڵی ئەودا، لە ماڵی ئەودا نەبووم. لە ماڵی ئەو وشانەدا بووم کە ئەموتن و ئەمنووسین و من لەو ماڵەشدا تەنیا بووم و تەنیایی خۆم ئەگێڕایەوە. کاوە وتی: «کێ گوێ لە گێڕانەوەی ژن ئەگرێ کە هەمووی ئاخ و ئۆف و ناڵەناڵە»

من وتم: «تۆ» و ئاماژەم بۆ کتێبێک کرد کە بەدەستیەوە بوو ئەیخوێندەوە.

چەند شەو بوو ئەو مێژووەی ئەخوێندەوە کە مەستوورە نووسیبووی. مێژووی ئەردەڵان کە مێژووی خانەدانێکی کۆن و هەزار ساڵە بوو. مێژووی پیاوانی ئەو خانەدانە کە هەموویان حاکم و دەسەڵاتدار بوون. هەر لە بابای گەورەیانەوە تا خەسرەوخانی مێردی مەستوورە. مەستوورە لەو مێژووەدا نەبوو، مەگەر وەک کەمینە و هیچ کەمینەیەکی دیکەی تیانەبوو. هەر ئەو نەبوونەش خۆی بوون بوو. بوونی ژن لە تاریکی و بێدەنگداو، مەستوورەبوونی ژنی لەتاریکی و بێدەنگیدا گێڕابۆوەو، کاوە بێدەنگ بوو. سەری بۆ پۆستەرەکەی مەستوورە هەڵبڕی و ئەو چاوەڕوان بوو بڵێ مەستوورە خانمی کوردستانی عالم و شاعیرو... نەیوت. هیچی نەوت. تا ئەو ڕۆژە کە زووتر لە هەمیشە هاتەوە بۆماڵ. ئەو سەیری هاتێ. زیاتر بۆ ئەوەی کە جگە لە کیفەکەی کتێبێکی گەورەشی بەدەستەوە بوو. ئەو پێشتر نەیدیبوو کاوە کتێب بهێنێتەوە بۆ ماڵ. جگە لە یەکەم ساڵی ژیانی هاوبەشیان کە دووکتێبی بەدیاری بۆکڕیبوو. ئەو کتیبە بەدڵنیاییەوە دیاری نەبوو. کاوە کۆتەکەی داکەند و لەسەر کورسیەک بەرامبەر بەپۆستەرەکەی مەستوورە دانیشت و کتێبەکەی کردەوە. لە ناوەڕاست بەولاوە کردیەوە. چەند لاپەڕەی دیکەی هەڵدایەوە و بێ پێشەکی دەستی بەخوێندنەوە کرد. مەستوورە کە خوسناو ئەدیبە بەحسابێ. هاتە خەوم ئەمشەو بەچ نازێک و عیتابێ...

ئەڵێ: بەس لێوم لێ بگەزە کە نەیڵێم مەستوورەگیان. من ئەزانم تۆ نەچوویتە خەوی کەس. چووبێتیشی بەپێی خۆت نەچووی کە ئەگەر بەتاوانیان لە قەڵەم دا تۆ تاوانباربی و من سەرەتا هیچ تاوانێکم لەو شیعرەدا نەئەدی. دەمێکەبوو دیبووم بەرلەوە کاوە پێی بزانێ و لە کۆڕێکی پیاوانەدا بۆی بخوێننەوە و کەیفی بێتێ و کتیبەکە بەئامانەت وەربگرێ، من کتیبەکەم کڕیبوو. شیعرەکەم خوێندبۆوە و کە کاوە پۆسترەکەی تۆی هێنا، لەگەڵ قاڵیەکان و، بەدیوارەوە هەڵیواسی، دیسان بیری ئەو شیعرە کەوتمەوە و خوێندمەوە. وتم: ئەشا لەدەسەڵاتی ئەو شاعیرە کە خەونێکی شەیتانانەی کردووە بەدەسمایە بۆ وتنی شیعرێکی ئەوەندە جوان و پڕ وردەکاری. بەخۆمم وت، نەک بەتۆ کە نەمئەزانی ئەو شیعرەت دیوە یان نا. لێم نەپرسیت. نە ئەو کاتە و لەوەدواش لێم نەپرسیت. تا ئەوەی

کاوە بەرامبەر بەپۆستەرەکەت خوێندیەوە و ئەو پێشتر نەیدیبوو کاوە ئاوا هەستیار شیعر بخوێنێتەوە. بەدەنگی بەرز و بەسۆزێکی هەرزەکارانەوە. هاتووم وتی عوقدەم هەیە قەت مومکینە وابێ... دیار بوو گرێ و عوقدەیەکی کۆنی دەرفەتی کرانەوەی بۆ ڕەخساوە. دەستێکی بۆ کتێبەکە و دەستەکەی دیکەی سەماکەر ئەجولاندەوە و پەنجەکانی بەڕیتمی شیعرەکە بەڕانی خۆیدا دەکوتا. ئەو سەرەتا سەرسووڕماو و پاشان بەڕق و تووڕەییەوە سەیری کرد. سەیری ڕوومەتی کاوە کە وەک پشکۆ، گەرم و سوور هەڵگەڕابوو. سەیری دەم و پلی کە لیکی پێدا بەربووبۆوە و، چاوەکانی کە قەت ئەوەندە حیز و حەشەری نەیدیبوو. مەستوورە بەڕامبەر بەو چاوانە لە قاپی ڕەشی پۆستەرەکەیدا وەک هەمیشە مەند و بەویقار نە بڵێی هیچی ئەبیست و نە بڵێی ئاگای لە کاوە بوو کە نیگای لە پۆستەرەکەوە بۆ ئەو و، لە ئەوەوە بۆ پۆستەرەکە ئەگوێزایەوە. ئەو هیچی نەوت و هەروا سەیری کرد تا کاوە لە خوێندنەوەی شیعرەکە بۆوە. دەم و پلی خۆی سڕی و چاوەکانی سڕی کە دەبریسکانەوە و، لە خۆشی و لە پێکەنینێکی بەدڵ تەڕ بوون. ئەوسا ئەو هەستا. بۆ ئەوەی لە ژوورەکە بچێتەدەر. کاوە وتی: «پێت خۆش نەبوو؟»

شوێنی کەوت.

– «شیعری نالییە. پێغەمبەری شیعری کوردی.»

ئەو لە کاتێکدا پشتی لێی بوو، سەیری هاتێ. پیغەمبەری شیعری کوردی تەعبیری خۆی بوو. زۆر لەوە پێش لە وتووێژ لەگەڵ مەجەللەیەکدا وتبووی. کاوە ئەترسا. نەوەک هەر لە تەعبیری پێغەمبەری شیعر، لەو گلە وگازەندە و هێرشانە ئەترسا کە ئەو لە وتووێژ و کۆڕ و کۆبوونەوەکاندا ڕووبەڕووی خەڵک و بەتایبەت دەسەڵاتدارانی ئەکردەوە. ئەیوت: «تۆ ئەگەر خەمی خۆتت نییە، لانیکەم خەمی منت بێ کە کارمەند و مووچەخۆری ئەو دەسەڵاتەم.» ئەیوت: «بە من چی زمانی کوردی پێی ناخوێنرێ، ئەدەب و فەرهەنگی کوردی ڕێزی ناگیرێ، یان ژن مافی پێشێل ئەکرێ و ڕۆشنبیریش...»

وتی: «ئێستا ئەزانم کە نالی گەورەترین شاعیر و ڕوشنبیری کورد بووە. بریا پۆستەرێکی ئەویشم دەست ئەکەوت و بەرامبەر بەپۆستەرەکەی مەستوورە هەڵمئەواسی.»

بەرلەوە خۆزگەکەی بێنێتە دی من پۆستەرەکەی تۆم بەدیوارەکەوە نەهێشت. لە بیرتە مەستوورە گیان؟ ئەو ڕۆژە نا کە هیچم نەوت و پێموابوو ئەوەش یارییەکی تازەیە بۆ ئازاردانی من کە سبەی دووسبەی لە لەزەت ئەکەوێ و یارییەکی دی دەست پێ ئەکا. من دەمێک بوو دۆڕاوی ئەو گەمەو یارییانە بووم. بۆیە هیچم نەوت و لەگەڵیدا بەشەڕ نەهاتم



تا بردنەوەکەی لەوە زیاتر لێ شیرین نەکەم و، دەنگیشم لێ دانەبڕی. تەنانەت شەو کاتی خەوتنیش بێ هیچ مەکەومننایەک خۆم بەئەشکەنجە و ئازاری سەرجێیی کردنی سپارد و کاوە مەست و سەرخۆشی شیعرەکەی نالی باوەشی پێداکردم. شاڵاو و دەست درێژی بوو ئەو باوەشە دڕکاوییە. تاڵترین تەجرەبەی داگیر کردنی لەشم بوو. مووچڕکەم ئەهاتێ کە خۆی تێهەڵئەسووم. دەرزی ئاژن ئەبوو پێستم. بەبۆنی هەناسەی هێڵنجم ئەهاتێ. ئەترسام بڕشێمەوە، بەسەر ئەودا و بەسەر لەشی خۆمدا کە لێی کردبوومە مایەی شەرم و شوورەیی و من ڕقم لە لەشی خۆم ئەبۆوە کە ئەتوت سەلوێنکی پاڵ قەسابخانەیە و کاوە ملێ ومۆشی تیا ئەکرد، کە تێر بوو پشتی تێ کردم و بەولاوەتر خەوی لێ کەوت. من خەوم لێ نەکەوت. تا تلووعی بەیانی لەسێ و دووی ئەوەدا بووم چۆن ڕووبەڕووی تۆ ببمەوە مەستوورە گیان. چۆن داوات لێ بکەم بمبووری؟

مەستوورە وتی: «پێویست ناکا داوای لێبووردنم لێ بکەی.»

بە زەردەخەنەیەکەوە وتی کە نیشانەی دڵ گەورەیی بوو. نیشانەی خەمێک کە لە کۆنەوە لەگەڵ خۆی هەڵیگرتبوو.

ئەو وتی: «تۆ پێشتر ئەو شیعرەت بیستبوو؟ یان دیبووت؟»

نەیدیبوو. بەڵام شاعیرەکەی دیبوو. فەقێیەکی شارەزووری. گەنجێکی بەلەباریکە کە لە پێناوی عیلم و خوێندندا بەشوین باش مەلا و باش مامۆستادا گەڕابوو. لەم وڵاتە و، لە دارولئحسان گیرسابۆوە. مەستوورە کە ئەودەم ماشەرەفی ماڵە باوانی و چیغی دەواری کۆڕە شیعریەکانی مامۆ میرزای بوو، فەقێ خزری لە یەکێک لەو کۆڕانەدا دیبوو. ئاخر کەس بوو کە بەداوای مامۆستاکەی شێعری خوێندبۆوە. گەر دەپرسی من لەبەر چی کەم دەخۆم... من بەبرسی قەت مەزانە خەم دەخۆم... خەمی خواردبوو کە خانم جیا لە هەموو دانیشتووان هیچی نەوتبوو. ئافەرەم و بارەقەڵای پیاوەان بزەی نەهێنابووە سەر ڕوخسارە جیددیەکەی نالی. کە کۆڕ بەتاڵ بوو، مامۆ میرزا ڕای برازاکەی بەرامبەر بەو شێعرە و شاعیرەکەی خواست. مەستوورە وتی: «هەرگیز پێموانەبوو زمانی کوردی شیعری ئەوەندە جوانی پێ بوترێ.»

دوای ئەو ڕۆژە نالی زۆر نەمایەوە و کۆچی کرد. مەستوورە وتی: «عەمری ئەمانەت وەفا بکا جارێکی دی بەمامۆستایی و مەلەکولشوعەرایی مۆڵکی بابان ئەیبینمەوە.»

وتی: «نەمدیەوە. ساڵەها لەوەدوا کە لێمان قەوما و بەرەو شارەزوور و موڵکی بابان ڕەومان کرد هەواڵیم لە حوسێن قولیخانی پوورزام پرسی.»

ئەو وتی: «ئەیناسی؟»

مەستوورە وتی: «کێ نەیئەناسی؟ بەڵام دیانی خێری پیدا نەهێنا. نەوەک شەڕی بلێ. تەنیا وتی ئەڵێن چووە بۆ زیارەتی بەیتولڵا. من لەملاو لەولا، لای ئەمی عالم و ئەوی مەلا پارچە پارچە شیعرەکانیم دەست کەوت.»

وتی: «بەڵام ئەم شیعرەم نەدی و نەبیست.» تائەوەی کە بۆ یەکەم جار لە کاوەی بیست. بۆ دووهەم جار سێهەم جار... ئەم یارییە لەوە نەئەچوو ببڕیتەوە. لەوە نەئەچوو کۆتایی پێ بێنێ. سەر قاڵیی و ئیسراحەتێکی خۆش بوو بۆی. بەڕۆژ و بەشەو، زیاتر بەشەو کە دەگەڕایەوە ماڵ و ئەوی ئەدی کە کزو داماو لە سووچێکی ماڵەکە دانیشتووە، کتێبەکەی هەڵئەگرت و لەسەر کورسیەکە بەرامبەر پۆستەرەکەی مەستوورە دائەنیشت. قاچی ئەخستە سەر قاچی، پاڵی ئەدایەوە و شیعرەکەی ئەخوێندەوە. ئایینە بەماییینە دەبێ ڕەنگ نوما بێ... مەستوورە بەمەستوورە دەبێ موهرە گوشا بێ... ئەوەندە خوێندبوویەوە لەبەری کردبوو. بەیت بەبەیت و وشە بەوشە و کە بیویستایە زیاتر چێژ وەربگرێ و کەیفی ساز ببێ مانای بەیتەکانیشی هەر بەو شێوە ڕووهەڵماڵراوە، کە لە پەراوێزدا نووسرابوو، ئەوتەوە. واتە: ئەبێ ئاوێنەکەی مەستوورە خانم بەشتێکی ئاواوی و وەک ئاو پاک بکرێتەوە تا ڕەنگ بداتەوە و، سەرقاپی خۆشی بەم شتە ئەستوورە یان بەم شتە شاراوەیەی نالی بکرێتەوە.

کاوە ئیتر شیعری نەئەخوێندەوە، بەدی ئەوت و بەدی ئەکرد و من هەروا داماو و دەستەوەستان لەو بەدکارییەم ئەڕوانی و لە خۆما کۆ ئەبوومەوە. گرمۆڵە و بچووک، ئەوەندە بچووک نەئەبوومەوە نەبیندرێم. کاوە ئەیبینیم و قاقا پێم پێئەکەنی و چاوە حیزەکانی پڕ ئەبوون لە ئاو. تف و لیک بەلچیدا شۆڕ ئەبۆوە و دەزوولەی ئەبەست و من نەمئەناسیەوە. ئەو پیاوە زەبەلاح و ناحەزەم نەئەناسیەوە کە خۆی بەسەر کورسیەکەدا پان کردبۆوە و ژنی، تەنانەت لە قاپێکی ڕەشی سی لە چل سانتی مەتریشدا بەڕووتی نەبێ نەیئەدی و بەڕووتیش ئەوەی ئەیدی مایەی شەرم و داوەشانی من بوو. من شەرمم ئەکرد و دائەوەشام. وەک ئەو ژنە کە لەبەر چاویدا شالاو بۆ ژنێکی دی ئەبەن و دەستی تەماعی بۆ درێژ ئەکەن و جلی لەبەر دائەدڕن و عەورەتی دەرئەخەن و ژن ئەقیژێنێ، ئەگری و ئەلالێتەوە و خۆی لە چنگی دەست درێژکەر ڕائەپسکێنێ و لەبەری هەڵدێ و خۆی بەدار و دیواردا ئەداو لە دەروویەک ئەگەڕێ لێیەوە دەرباز ببێ. من هیچ دەروویەکم بۆ دەرباز بوون لەو هەموو سووکایەتی و تەحقیرە شک نەئەبرد و تۆش هیچ دەرفەتێکت بۆ ڕزگاربوون لەو



قاپە ڕەشە سی لە چل سانتی مەترییە بۆ نەئەڕەخسا. من هەستام و هەڵات، بەرەو تۆ نا، بەرەو پۆستەرەکەت و دەستم هەڵبڕی و لە سنگی دیوارەکەم کردەوە و بەهەموو هێزم بەزەویمدا کوتا. قاپەکە شکا و شیشەکەی وردوخاش بوو. من پەنجەکانم بەناو گەستنی وردە شیشەکاندا گێڕا و پۆستەرەکەم هەڵگرت و دڕاندم.

ئەو لە کاتێکدا لە پەنجەکانیەوە خوێن ئەچۆڕا، لە ژوورەکە چووە دەر. کاوە دی. بێ ئەوە لەسەر کورسیەکەی بجووڵێ کتێبەکەی لێکنا. لە قاپە ڕەشە شکاوەکە و وردە شیشەکان و لەت وکوتی پۆستەرەکەی مەستورە وردبۆوە کە بەناو ژوورەکەدا هەڵڕژابوو. وتی: «من ئەو شیعرەم نەوتووە. نالی وتوویەتی کە ڕەنگە سیامەندی مەستوورە خانمی ئەردەڵانی بووبێ.»

ئەو لە دەستشۆرەکەکە بوو. دەستی خستبووە بەر ئاوی شێرەکە و خوێناو لە کاسەکەیدا لوولی ئەخوارد و دەڕەفتەکە هەڵئەلووشی. کاوە خۆڕەی ئاوەکەی ئەبیست. دوا ساتێک ئەوەش نەما. هیچ دەنگ و چرپەیەک نەما. بێدەنگییەکی خەست هەڵیکوتایە سەر ماڵ و ژوورەکە. کاوە خۆی بەتاڵیی و ترسناکی بێدەنگییەکە سپارد. هەستی بەتەنیاییەکی سەیری کوشندە کرد. تەنیا بوو. ئەوکاتەش کە من چوومە ژوور تەنیا بوو. لە تەنیایی خۆی و بێدەنگی ژوورەکەدا و من هەناسەی سوارم لە سنگمدا حەپس کرد کە نەیبیستێ و کاوە نەیبیست. خشپەی پێشمی نەبیست کە لە پشت سەریەوە لەپەنجەرەکە نزیک بوومەوە و بەهەموو هێزم تاوم دایە گولدانە گەورەکەی سەر تاقی پەنجەرەکە و بەرزم کردەوە... کاوە ئیتر ئەو پیاوە زل و زەبەلاحە نەبوو کە نەمئەناسیەوە. ئەمناسیەوە. هەموو گیانی گڵ وخۆڵ بوو. خوێن لە سەریەوە فیچقەی ئەکرد و لە دەم و لووت و گوێچکەکانییەوە فیچقەی ئەکردو من لەو دیو شۆڕاوگەی خوێنەوە ئەمدی چاو و نیگای بۆ من ئەگێڕاو من هەلاتمە دەر. بۆ ئێرە و بۆ باوەشی تۆ مەستوورە گیان. مەڵێ من کاوەم نەکوشتووە. مەڵێ گولدانەکەم نەکێشاوە بەتەپڵی سەریدا و غەڵتانی خوێن لەژوورەکە نەکەوتووە. مەڵێ خوێن خەون بەتاڵ ئەکاتەوە.

# چیرۆکێک بۆ خوشکی ڕەحمەت

تا ئێستاش ئێمە نازانین ئەو گۆڕە کە ڕۆژی دوا بۆمبارانەکە کابرا ژنەکەی بردبووە سەری و گوتبووی: «ئەمەش گۆڕی تاقە کوڕەکەمان. دەئێستا با دانیشین و تێر بۆی بگرین و بیلاوێنینەوە.» بەڕاستی گۆڕی ڕەحمەت بوو یان نا؟ لەو ڕۆژەوە ژن و مێرد هەموو پێنج شەمووان، تەنانەت ئەو ڕۆژانەش کە دوژمن هەڕەشەی دەکرد تەیارەکانی دەنێرێ و شار بۆمباران دەکا، ئەو ڕۆژانەش کە خەڵک نەیاندەوێرا تا تاریکان و تەنانەت دوا تاریکانیش لەشار نزیک ببنەوە، دەستی کچەکەیان دەگرت و بۆسەر جادەپێش خۆیان دەدا، لەوێش سوار ئوتومبێلێک دەبوون و تا هەرکوێ شۆفیری ئوتومبێلەکە بیوێرایە لەشار نزیک دەبوونەوە. کەشۆفیرەکەش دەترساو زاتی بەرەو پێش چوونی نەدەبوو، دادەبەزین. نەرم وبەکاوەخۆ، یاڵە ویاڵ نیوە دەورێکی شاریان دەدایەوە، تادەگەیشتنە گۆڕستان. لەوێ فاتیحایەکیان دادەدا. دەستیان بەرەو ئاسمان هەڵدەبڕی و ئەوەندەی بیانزانیایە دۆعایان دەکرد و پاشان گریانێکی خۆش دەگریان.

باوکی ڕەحمەت کە پیاوێکی گەڕاوەی ئەو دەم چوارشانە و بەخۆوە بوو، دەیگوت: «ڕەحمەت ئەولادی ساڵح نەبوو. نەک هەر ساڵح نەبوو، زۆر ناساڵح و خراپیش بوو. تابوو ئازاری داین و لەناو خەڵکدا سووک و سەرلەنگی کردین. بەڵام ئێمە خراپەی بەچاکە قەرەبوو دەکەینەوە و پشتی تێهەڵناکەین. تا بمێنین شەڕ ببێ و نەبێ، وەیلان و ئاوارە بین و نەبین، بەناو ئاو و ئاگریشدا بپەڕینەوە، هەموو پێنج شەمووان دەچینە سەر گۆڕەکەی و دۆعاو فاتیحای نافەوتێنین.»

باوکی ڕەحمەت ئەمانەی بەدایکی ڕەحمەت دەگوت کە ئەو دەم ژنێکی ناوین ساڵی کزو لاوازو بێ دەم و پل بوو. زەردەخەنەیەکی تاڵی ئەمەکدارانە دەنیشتە سەر لێوی و دەیگوت: «خوا تۆ لە ئێمە نەستێنێ. خوا بکا لەسەر لانی خێر سەد ساڵت تەمەن بێ، تا ڕەحمەتم هەست بەبێ باوکی نەکا.»

بەڵام خاڵۆی ڕەحمەت شتێکی دیکەی دەگوت. خاڵۆی ڕەحمەت، دوور لە ئێستای، گەنجێکی هەرزەکار بوو. سێ چوار ساڵ بەتەمەنتر لە ڕەحمەت. دەیگوت: «ئەو گۆڕە گۆڕی



ڕەحمەت نییە. نازانم، ڕەنگە گۆڕی هیچ کەس نەبێ. مشتێک گڵ بێ و هەڵدرابێتەوە. ئێوە لەخۆوە حەوتووی جارێک ئەو کچە بەستەزمانە پێش خۆتان دەدەن و ئەم ڕێگە پڕ خەتەرە دەپێون کە بچن لەسەر مشتێک گڵ فاتیحا دادەن و بگرین.» خاڵۆی ڕەحمەتیش ئەمانەی بەدایکی ڕەحمەت دەگوت. دایکی ڕەحمەت تێدامابوو. بلێی قسەی کامیان ڕاست بێ؟ مێردەکەی، کە لەو ڕۆژەوە ڕەحمەت کوژرابوو دڵناسک و میهرەبان بووبوو، یان براکەی؟

مێردەکەی دەیگوت: «ئەو گۆڕە خۆم هەڵمکەندووە. بەم دەسانەی خۆم. خۆم تاقە کوڕەکمم تیا ناشتووە. گڵەکەی خۆم بەسەرمدا کردۆتەوەو کێلەکانیشی خۆم دامناون.» دەیگوت: «گوێ بەقسەی ئەو هەتیوە بەڕەڵایە مەدە. هەرچیمان بەسەردێ، لەو هەتیوەوە بەسەرمان دێ. ڕەحمەتی کوڕیشت ئەو بەکوشتی دا.»

بەڵام براکەی دەیگوت: «ڕەحمەت کەکوژرا تەنیا منی لەگەڵ بووم. تەنیا من بووم ئاکام لە هەموو شتێک بوو. هیچ لە ڕەحمەت نەمابوو کە کەسێک بچێ بینێژێ.» دەیگوت: «ئەو مێردەزمە خۆی و ئێوەش فریو دەدا. دەیەوێ وابنوێنێ کە گوایە باوکێکی چاک و میهرەبانە. ئەو ئەگەر چاک و میهرەبان بوو بۆ کاتێک ڕەحمەت زیندوو بوو ئازاری دەدا و لە ماڵ دەری دەکرد؟ عەزیەت و ئازاری ئەو ڕەحمەتی بەکوشت دا.»

دایکە هەزار جار ئەم قسانەی بیستبوو، هەموو جارێک گوتبووی: «ڕۆڵە لە دەوری ئەو باڵایەت گەڕێم کە لەژێر ئەو خاکەدا ڕاکشاوە.» ئەمەی لە دوا قسەی مێردەکەی گوتبوو. لە دوا قسەی براکەشی دەیگوت: «کوێرایم دایە کوڕە بێ گۆڕ و بێ ناوونیشانەکەم.» ئەوسا دەگریا و کچەکەی کە ئەو دەم دوانزە ساڵانە بوو، بەدوایدا دەگریاو بەدەم گریانەوە دەیگوت: «کامەیان ڕاست دەکەن دایە، باوکم یان خاڵۆم؟» ئەوسا بیری دەکردەوە، ئەگەر باوکی ڕاست بکا، ئەگەر ڕەحمەت لەناو ئەوگۆڕە داو لەژێر ئەو تەبارە گڵە ڕاکشابێ، هەموو پێنج شەمووان دەنگی خوشکە چکۆلەکەی دەبیستێ کە فاتیحای بۆ دەخوینێ و دەگری و بێ ئەوەی دایک و باوکی ببیستن لەگەڵیدا دەدوێ و دەردە دڵی بۆ دەکا. لە میهرەبانی باوکی دەدوێ. لە خەمی تەنیایی و بێ پشتیوانی باوکی. باوکی زۆر جار گلەیی دەکا کە ڕەحمەت دەیتوانی کوڕێکی چاک بێ و هێشتا زندووبێ. دەیتوانی دارتاشێکی قابیل بێ و دوکانەکەی باوکی بگێڕێ. لە بێتاقەتییەکانی دایکیشی دەدوێ. لە گریان و لاواندنەوە بێ کۆتاییەکەی. باسی خۆشی بۆ دەکا. باسی ئەوە کە لە دەربەدەری و گونداو گوندو ژێر خێوەتیشدا دەرسەکانی نافەوتێنێ. کە شەڕو بۆمبارانیش تەواو دەبێ،

هەمووساڵێک لە قوتابخانە بەنمرەی چاک دەردەچێ. باسی ئەوەی بۆ دەکا کە بەتەمایە دوا وەرگرتنی دیپلۆمەکەی بچێتە دانشگا. ساڵەها لەوەدواش باسی کوڕێکی بۆ دەکا کە لە دانشگا دەیناسێ. کوڕێکی شەرمن و میهرەبان کە جارجارە شیعری بۆ دەڵێ. جارێکیش چیرۆکێکی خۆی پێشکەش دەکا. باسی زۆر شتی بۆ دەکا. کوڕە خۆشی دەوێ و قەرارە بچێتە خوازبێنی. پرسی پێدەکا: «کاکەتۆڕازیت شووی پێ کەم؟» کوڕە دەباتە سەر گۆڕەکەی: «کاکە ئەمە ئەو کوڕەیە کەقەرارە بمخوازێ. هێناومە بیبینی. بڕوانە چەندە جوان چاکە... ئەرێ کوڕی چاکیشە. ناتوانێ چاک نەبێ. ناتوانێ عەزیەتم بکا. خۆ من بێکەس نیم. برای وەک تۆم هەیە... برای چاک، کە خوشکی خۆی بێ خەم ناکا...»

ئەی ئەگەر خاڵۆی ڕاست بکا؟ ئەی ئەگەر ئەو بۆمبە، یان ئەو ڕاکێتە ڕەحمەتی هەپروون بەهەپروون کردبێ و هیچی لێ نەمابێتەوە کە بنێژرێ! بڵێی ئەو هەموو ساڵە ئەو لەگەڵ هیچدا دوابێ و دەردە دڵی بۆ هیچ کردبێ؟ بۆ مشتێک گڵ؟

دەڵێم: «ئەگەر بمەوێ چیرۆکی ڕەحمەت بنووسم، چیرۆکی کوژرانی ڕەحمەت، تۆیارمەتیم دەدەی؟» من دەیلێم، ئەو کوڕە «شەرمن ومیهرەبانە» کە دوانزە ساڵ دوای کوژرانی ڕەحمەت، خوشکەکەی دەخوازێ و ماوەیەک لەوەدوا بەبیریدا دێ ڕەنگە چیرۆک بتوانێ ئەو گومان و دڕدۆنگییەی خێزانی بەلایەکدا بخات.

ئەو دادەچڵەکێ. سەری بەرز دەکاتەوە، زەردەخەنەیەکی تاڵی دێتێ و دەڵێ: «چیرۆکی کوژرانی ڕەحمەت؟ دوای ئەو هەموو ساڵە؟» ئەوسا نیگای لەمنەوە بۆ ڕەسمەکەی ڕەحمەت بەسنگی دیوارەکەوە دەگوێزێتەوە.

منیش سەرو نیگام بەرەو ڕەسمەکە وەردەسووڕێنم. گەنجێکی جوان چاک. بەچاو و برۆی ڕەش و سمێڵێکی زلی قەترانییەوە، چەناگەی ناوەتە سەر مستی دەستی ڕاست یان چەپی و، لاشان لە ئێمە دەڕوانێ. ڕەسمەکە ڕەش و سپیەو، کۆن و قەدیمی دەنوێنێ. کۆنترو قەدیمی تر لەودەمە کە ڕەحمەت گەنج بووە، گەنجێکی شەڕو جەربەزە. کە دایک و باوکی و ڕەنگە زۆر کەسی دیکەیش بەدەستیەوە ئەلئامانیان بووە. دەڵێ: «نا، نامەوێ ئەو دەمانەم وەبیر بێتەوە. نامەوێ ئەو ڕۆژانەم لێ بژیەتەوە.»

هێشتا چاوی لەڕەسمەکەیە کە ئەمە دەڵێ. هێشتا ڕەحمەت سارد و جیدی لێی ورد بووەتەوە. منیش لێی ورد بوومەتەوە...لە چاوەکانی و لەو دوو دڵۆپ فرمێسکانە کە لە چاوەکانیدا پەنگیان خواردۆتەوە. دەڵێم: «بەڵام تۆ ئەو دەمانەت لەبیر نەکردووە. ئەو ڕۆژانە هێشتا لەلای تۆ زیندوون. جگەلەوەش، خۆ تۆ هیچ بیرەوەرییەکی ناخۆشت لە



ڕەحمەت نییە. ڕەحمەت بۆ تۆ برایەکی میهرەبان بووە.وانییە؟ برایەک کەهەمیشە لەبیری تۆدا بووەو هەر کاتێک هاتبێتەوە بۆ ماڵ شتێکی جوانی بۆ تۆ پێ بووە. شانەیەک، دەرزیەقژەێک، گوڵەسەرێک، چەند جار لەچکەی جوانی گوڵداری بۆکڕیوی. کیف، کەوش، جلوبەرگی قوتابخانە. مەگەر بۆخۆت ناڵێی هەموو ساڵێک، کاتی چوون بۆ قوتابخانە، تەنانەت لە ئاوارەیی و لەژێر خێوەتەکانیشدا تۆ پۆشتەو پەرداختر لە هەموو کچەکانی دی بووی؟ نەبووی؟»

تاڵیی بزەکەی نامێنێ. ڕوومەتی دەکرێتەوەو چاوەکانی گەش دەبریسکێنەوە. هێشتا چاوی لە ڕەسمەکەیە.

– «ئەرێ ڕەحمەت برایەکی میهرەبان بوو. هیچ بیرەوەرییەکی ناخۆشی لەلام نییە.»

ئەوسا دوا کەمێک بێدەنگی، وەها کە شتێکی ناخۆشی وەبیرکەوتبێتەوە، زەردەخەنە و بریسکەی چاوەکانی دەتارێن. چاو لە ڕەسمەکە دەقووچێنێ و کە دەیانکاتەوە، لەمن دەڕوانێ.

«بەڵام ڕەحمەت تەنیا برای من نەبوو. کوڕی دایک وباوکیشم بوو. ئەوان، بەتایبەت باوکم...» دەزانم دەیەوێ بڵێ چی. دەزانم ئەگەر بیلێ گریانی دەپژێ و، حەز ناکەم بگری. دەڵێم: «تۆ نابێ لەبیرت بچێتەوە کە ڕەحمەت گەنج بووە. گەنجێک لەو ڕۆژە سەخت و دژوارانەدا. لەو ڕۆژانی شەڕو شۆڕو شۆڕشەدا، لەو ڕۆژانی بۆمباران و کۆچ و ڕەوەدا. ئەو ئەگەر کارێکیشی کردبێ، ئەگەر کەسێکیشی ئازار دابێ، ئەگەر دایک و باوکیشی ڕەنجاندبێ... تازە، خۆمن بەتەمانیم چیرۆکی هەموو ئەو ڕۆژانەو ئەو کارانە بنووسم. من دەمەوێ چیرۆکی کوژرانەکەی بنووسم. ئەویش لەبەر تۆ، لەبەر ئەوە کە لە ڕاستییەکان بگەیت. لە ڕاستی کوژرانی ڕەحمەت. لە بوون یان نەبوونی لە ناو ئەو گۆڕەدا. من نازانم ئەم کارە دەکرێ یان نا، بەڵام دەزانم دەبێ هەوڵێک بدەم. کارێک بکەم.»

هیچ ناڵێ. لە ڕەسمەکەی ڕەحمەتیش ورد نابێتەوە. لە منیش ناڕوانێ. لە من کە دەزانێ هەرچی بکەم لەبەر دڵی ئەو دەیکەم و چیرۆکەکەش ئەگەر بنووسم، بۆ ئەوی دەنووسم و دەینووسم. لەو ڕۆژەوە دەست پێ دەکەم کە شار بۆمبارن دەکرێ. ئەو ڕۆژە کە ڕەحمەتی تێدا دەکوژرێ. لەو بەیانییەوە، مەلابانگدان. ئەگەر چی ئەو بەیانییە مەلا بانگ نادا، نە لەو ئاواییەو نە لە ئاواییەکانی دیکەی سەر جادە کە مزگەوتەکانیان جێ ستارو پەناگای خەڵکی ئاوارەو لێقەوماوی شارە. ئەو بەیانییە کاتێک ڕەحمەت ئەو گۆڵمەزەی نایەوە، ئەو کارە ناشایستە...و، دوائەوەی خۆی لەچنگی خەڵکی تووڕەو ڕق

هەستاوی ناو مزگەوتەکە ڕاپسکاند، وەک پشیلەی تۆقاو بەڕووی چەند کەسێدا هەڵشاخاو لە دەرکەوە دەرباز بوو، باوکی قیژاندی: «دەتکوژم ڕەحمەت. بەساحێبی ئەم ماڵە ناهێڵم لەمە زیاتر بژی.» بەڵام ڕەحمەت نەیبیست.

دەڵێم: «باوکت هەڕەشەی کوشتنی لێ کرد؟»

دەڵێ: «باوکم تووڕە بوو. تووڕەو داماو. لە کاتی وادا و، لە شوێنی وادا، لە بەر نیگای قورس و پڕ لە غەزەبی ئەو خەڵکە. خەڵکەکە هەموویان، ژن و پیاو بەڕق و نەفرەتەوە، بەچاوی سووکایەتییەوە لێمان ورد بووبوونەوەو جنێویان دەدا.»

دەڵێم: «ئەی تۆ و دایکت؟»

«ئێمە سەرەتا حەپەسابووین. وەک هەموو خەڵکەکە تازە خەومان لێ کەوتبوو، بەقیژەو زریکەیەکی ژنانە لەخەو ڕاپەڕیبووین. کە چاومان هەڵێنا، هەموو خەڵکەکە چاویان هەڵێنابوو، لە ئێمەیان دەڕوانی. لەو ژنە کە شەرمەزار لە قیژەو زریگەکەی خۆی و، نیگای پڕ لە پرسیاری خەڵکە خەواڵووەکە، پەتوویەکی بەسەر خۆیدا دابوو دەگریا. بەرز دەگریا. بەملایەوە ڕەحمەت هەستابووە سەرپێ. ڕەنگ پەڕیوو هەوڵ و هەراسان بوو. چاوە تۆقاوەکانی بەچوار دەوری خۆیدا دەگێڕا. زەردەخەنەیەکی زەردو چلکنی لەسەر لێو بوو، دەستەکانی بێ ئیختیارو بێ مانا لەحەوادا هەڵدەسووڕاند. ژنە هەروا دەگریا. لە شەرمان و لە ترسا. ئێمە نەماندەزانی چی ڕوویداوە. دوایی زانیمان. کاتێک ڕەحمەت خۆی درباز کرد و، خەڵکەکە شاڵاوی توانج و تانەو تەشەریان بۆهێنایین.»

کە ڕەحمەت دەرپەڕییە دەر هێشتا هەوا ڕوون نەبووبۆوە. ئاسمان کلی بوو. لای ڕۆژاوا تەڵخترو تاریکتر. ژاوەژاوی ناو مزگەوتەکە کاسی و بێدەنگی ئاوایییەکەی شەمزاندبوو. ڕەحمەت ژاوەژاوەکەی دەبیست. بەغار لە کۆڵانی بەرمزگەوتەکەوە تێپەڕی. لە بەر حەوز و کانییەکەدا، لەسەر بەفر و سەهۆڵەکە هەڵخلیسکاو کەوت. پیاوێک کە ڕەنگە زرمەی کەوتنەکەی بیستبێ لە حەوزەکە هاتەدەر و گورجی بەرەو پیری چوو. نەیگەیشتبوویە کە ڕەحمەت هەستایەوەو هەڵاتەوە. لە کۆڵانێکەوە بۆکۆڵانێکی دی و خۆی گەیاندە سەرجادە. سەرجادەکەش قەرەباڵغ بوو. ڕەحمەت سەیری هاتێ. بەو سەرمای دەمەو بەیانییە ئەوەندە خەڵک لەسەر جادە بوون کە ڕێی تێنەدەچوو جادەو تەنانەت ئاوایییش پێشتر هەرگیز ئەوەندە خەڵکیان بەخۆوە دیبێ. ئەوەندە پیاوی ماندوو سەرما بردە کە لە دەوری کۆگا ئاگرەکان کۆبووبێتنەوە. ڕەحمەت سەرنجی کەسی ڕانەکێشا. گورج و خێرا بەتاریکایی قەراغ دوکانەکاندا ڕەت بوو. لە خوار جادە، لە دەرەوەی ئاوایی، لە پشت چەند بەرمیلی



بەتاڵەوە خۆی شاردەوە. ڕەحمەت هەڵدەلەرزی. بەدەم لەرزی ترس و سەرماوە چاوی بڕییە ئاگرەکان و چاوەڕوان ما ئوتومبێلێک بێ و لەو ئاوایییەو لەو خەڵکەی دوور بخاتەوە. چاوەڕوانییەکەی ئێجگاری نەخایەند. هاڕەی ئوتومبێل و دوو چرای گەش و ڕووناک لەو پەڕی ئاوایییەوە دەرکەوتن. چراکان نزیک بوونەوەو ئەو لە پشت بەرمیلەکان هاتەدەر. لەگەڵ هەڵبڕینی دەستی ئوتومبێلەکە ڕاوەستا. وانێتێک بوو.

– «بەرەو شار؟»

نەشۆفیرەکە بیستی و نە ئەویش ماتڵی وەڵام بوو. خۆی فرێدایە پشت ئوتومبێلەکەو، هەوا تەواو ڕوون بووبۆوەو تەشقی سەرماکە شکابوو کە ئوتومبێل لەسەر جادەی ئاوایییەکی دی، نزیکترین ئاوایی لە شار، ڕاوەستا.

– «ناچیتەناو شار؟»

ئەمجارەش شۆفیرەکە نەیبیست. بەڵام ڕەحمەت دووبارەی کردەوە: «ناچیتە ناو شار؟»

ئێستا ئیتر شۆفیرەکە دابەزیبوو بەسەر سووڕمانەوە سەیری دەکرد.

«بەم ڕۆژە؟» سەری لێ ڕاوەشاند.

– «وەرە خوار دەبێ بڕۆم ماشینەکەم بشارمەوە.»

ڕەحمەت ناچار دابەزی. هێشتا سەرمای بوو هەڵدەلەرزی. دەستەکانی لە دەوری سنگی ئالاندو دیانەکانی لێک توند کرد. ئەوێش قەرەباڵغ بوو. لەوێش خەڵک لە سەرجادە کۆببوونەوە. ڕەحمەت چاوی بەملاولادا گێڕا. چایخانەیەک لەوبەر جادە سەرنجی قۆزتەوە. بەناو قەرەباڵغییەکەدا بەرەو چایخانەکەچوو. نەیگەییبوویە کەسێک لە دواوە دەستی خستە سەر شانی.

– «ئەوە تۆش لێرەی؟»

لای لێکردەوە، خاڵۆی بوو. ڕوومەتی ڕەش و شین هەڵگەڕاوی گەشایەوە.

– «تۆ لێرە چی دەکەی خاڵۆ؟ نەکا ئیمشەو لێرە، لەگوێ ئەم جادە بووبی؟»

خاڵۆ سەری بەرەو ژوور لەقاند.

– «لە گوێ ئەم جادەنا، لە ناو ئەو چایخانە.»

ڕەحمەت خۆی بەچایخانەکەدا کرد. خاڵۆش شوێنی کەوت. ناو چایخانەکەش قەرەباڵغ بوو. دەرزی حەوا درایە نەدەکەوتە زەوی. بەتایبەت لە ناوەڕاستی چایخانەکە، سێ ڕیزو چوار ڕیز خەڵک دەوری زۆپاکەیان دابوو. زۆپا نێڵەی دەهات و لوولە ڕەشەکانی وەک پشکۆی سوور گەشابوونەوە. خاڵۆ گوتی: «تۆش ئیمشەو لێرەبووی؟ ئەی ماڵەوەتان؟ ئەی خوشکم و...»

ڕەحمەت قسەی پێبڕێ. زۆپای دیبوو لەرزەکەی زیاتر ببوو. گوتی: «تۆجارێک پیاڵەیەک چای گەرمم فریاخە.»

چا بەرنەدەکەوت. پیاڵەی خاڵی لێنەبوو. خالۆ بەدیار دوو کەسەوە وەستا تا چاکەیان خواردەوەو، ئەوسا پیاڵە بەتاڵەکانی بۆ چایپەزەکە برد تا پڕیان بکاتەوە. خەڵکەکە کزو سەرما بردە لە شەوی ڕابوردوو دەدوان. لەو بەیاننامە کە ڕادوێ و تەلەفزیۆنی دوژمن بڵاوی کردبووە. لە چۆڵکردنی کولۆگورجی ماڵەکانییان و لە ڕەوی بەکۆمەڵی خەڵکی شار بەرەو ئاواییەکان. شەوێکی سەیر و ناخۆش بوو. هەزاران کەس بەو تاریکی و سەرماو سۆڵە، بەئوتومبێل یان بەپێی پیادە بەجادەکاندا وەرببوون. هەر کەس لەوەی دیبووی و بیستبووی دەدوا. لەو کەسانە کە ژێر ئوتومبێل کەوتبوون. لەوانەی دڵیان وەستابوو. باسی ژنێکی زەیستانیان دەکرد کە لەناو ڕێدا منداڵی لەبەرچووبوو ڕەق هەڵاتبووە. خالۆ بەدوو پیاڵە چای گەورەوە گەڕایەوە.

– «ئێستا پێم بڵێ ئیمشەو لەکوێ بووی، ماڵەوەتان لەکوێن؟»

ڕەحمەت چایەکەی لێ وەرگرت و هەر دوو بەرەدەستی بەپیاڵە گەرمەکەوە نووساند.

– «با چایەکەم بخۆمەوە و تۆزێک گەرم دابێم، ئەوسا دەڕۆینەدەرو...»

لە دەرەوە ڕەحمەت گوتی: «ئەگەر دەتزانی ئیمشەو لەکوێ بووم خالۆ!» بەدەم زەردەخەنەو چاو هەڵتەکاندنەوە گوتی. دەستی بەسمێڵە ڕەشەکەیدا هێنا.

خالۆ گوتی: «لەکوێ بووی؟»

– «لە مزگەوتی یەکێک لەم ئاواییانەی سەرجادە. لەگەڵ دەیان بنەماڵەی دی، لە مزگەوتێکی بچووک.»

خالۆ گوتی: «مزگەوتی ئێرەش پڕ بووە لەخەڵک. لێرەش...»

ڕەحمەت پەڕیبە قسەکەی: «جێگەت دیارو سەوز خالۆ. ئیمشەو لەناو سەدان کچ و ژنی جواندا خەوتبووم. ئەوانەی وا لە شەقامەکانی شاردا دەیانبینی و لیک بەدەم و لچتدا شۆڕ دەبێتەوە.» ئەوسا پێکەنی. ئیستا ئیتر سەرمای نەبوو. خۆر بەئاسماندا هەڵزنابوو، بەختی دوژمن تاو و ساو بوو. ئەمە خەڵکەکەی زیاتر تۆقاندبوو. خەڵک وردەوردە لەسەر جادە کشابوونەوە، جادە چۆڵتر بووبوو. ڕەحمەت گوتی: «بەخەونیش نایبینی خالۆ. شەو تا بەیانی لەناو ئەو هەموو ژن و کچە جوانەدا، یەکێک لەم لاوە سەری نابووە سەر شانم و یەکێک لەولاوە لنگی خستبووە ناو لنگم. ئەوەندە شەکەت و هیلاک بوون کەس نەیدەپرسی ئەوەی لە پاڵیدایە کێیەو، ئەوەی بەپشت و ملیەوە مەلاسە کێ؟ ئەوەندەیان



سەرما بوو، لەخودایان بوو کەسێک خۆیان لێ توند کا. هەموومان وەک ڕانەمەڕی مۆڵیو لەپاڵ یەکدا خەومان لێ کەوتبوو.»

خالۆ گوتی: «حەرامزادە تۆش خەوت لێ کەوتبوو؟»

ڕەحمەت تریقایەوە. بەرزو بڵیند. خەڵکەکە دەیانبیست و سەر سووڕمیو لایان لێ دەکردنەوە. گرژو مۆن، بەخێسەوە بەلایاندا ڕەت دەبوون. ڕەحمەت پێی زانی و دەمی لێک نا. ساتێک بێدەنگ و دوا ساتە بەگوێی خالۆیدا چرپاندی: «بەتەمام بگەڕێمەوە بۆ ناو شار.»

خالۆ داچڵکی: «بۆناو شار؟ بەم ڕۆژە؟ مەگەر قەرار نییە شار بۆمباران بکرێ؟»

ڕەحمەت تیزەبزەیەکی هاتێ و گوتی: «دەی بابکرێ. بۆ لەمەبەر نەکراوە؟»

ئەو هەناسەیەک هەڵدەکێشێ. هەناسەیەکی سارد و پڕ لە خەم و مەخابن. دەڵێ:

– «تێناگەم، بۆ دەبێ ڕەحمەت لەوەها ڕۆژێکدا، ئەویش لەوەها وەخت و سەعاتێکدا کە مەترسی هێرشی تەیارەکان لە هەمیشە زیاتر بووە بڕیاری دابێ بگەڕێتەوە بۆ شار؟»

باوکی گوتبووی: «ئەو خالۆ بەڕەڵایە ژێر و ژووری کەوتووە. دنەی داوە کە شار چۆڵەو کەسی تێدانییەو، کوڕی ئازا دەبێ لە ڕۆژی ئاوادا گورزی خۆی بوەشێنێ. گوتوویە دەچین بەدیواری دوو ماڵدا هەڵدەگەڕێین و چیمان پێ چاک بێ بەر باوەشی دەدەین و دیبەینە دەر. ئەو هەتیوە بەڕەڵایە بەئاگریەوەناوە.»

بەڵام خالۆی گوتبووی: «هەر چیم کرد نەمتوانی پەشیمانی بکەمەوە. دەیگوت تۆ لەگەڵم بێیت ونەیەیت من هەر دەچم. دەیگوت شەو لەبەر ترس و پەلەپەل هیچمان بۆ دەرنەچووە. دەچم هەندێک کەلوپەل وشتومەکی پێویست لە ماڵی خۆمان هەڵدەگرم و دەیهێنمەدەر و» خالۆ گوتبووی: «لەپێشدا نەمدەویست لەگەڵی بچم. دەمگوت نایەم، خۆ من وەک تۆ لە گیانی خۆم بێزار نیم. ئێستا یان تاوێکی دی تەیارەکان دێن و شار بەتوورەکە دەبێژن. ئەوەم دەگوت کە بیترسێنم. بەڵام ڕەحمەت نەدەترسا. پێدەکەنی. بەترسنۆکی من پێدەکنی. دەیگوت تۆش نەیەیت من هەر دەچم. دەمگوت دەکوژرێی. دەیگوت حەزدەکەم بکوژرێم.»

لە بۆمبارانی ئەو ڕۆژەدا خەڵکێکی زۆر کوژرابوون. دوانزە کەس و، کەس و کاری کوژراوەکان عەسرەودوا بەدەم ترس و لەرزی گەڕانەوەی تەیارەکانەوە، مەیتی کوژراوەکانیان بردبووە گۆڕستانی قەراغ شارو، قەبر هەڵکەندن و ناشتنی مەیتەکان تاشەوی خایاندبوو. مەیتەکان، هەر دوانزەیان لە ڕیزێکدا و لەو شۆێنە کە شەهیدەکانی

شەڕ و بۆمباران بەزۆری لەوێ دەنێژران، نێژرابوون و لەسەر کێلی هەر کامەیان ناوەکەیان نووسرابوو. حەوت پیاو، سێ ژن و دوومنداڵ. بەڵام هیچکام لەو ناوانە ناوی ڕەحمەت نەبوو. وەها کە ڕەحمەت لەو ڕۆژەدا نەکوژرابێ.

باوکی گوتبووی: «درەنگانێک مەیتەکەی ڕەحمەتم دۆزیەوە. دوای ئەوەی کە هەموو شاری لێ گەڕام. هەموو ئەو شوێنانە کە بۆمباران کرابوون. هەر کەسم دی هەواڵی ڕەحمەتم لێ پرسی. هەواڵی کوڕێکی گەنجی چاو و برۆ ڕەش و سمێل زل. کەس نەیدیبوو. دەمەو ئێوارە خۆم گەیاندە نەخۆشخانە سەحراییەکەی دەرەوەی شار. لەوێش نەبوو. ناچار گەڕامەوەو گوتم شەو لە شارو لە ماڵی خۆمان دەمێنمەوە.» باوکی گوتبووی: «کە ڕۆشتمەوە بۆ ماڵ دیم ڕەحمەت لەسووچێکی ژوورەکە ڕاکشابوو. هەمووگیانی قوڕاوی بوو. قوڕاوی و خوێناوی. خوێن بەلەش و جلەکانییەوە مەیبیبوو. دەستم بۆ برد دیم نەماوە. دیار بوو دەمێکەبوو نەمابوو. جلەکانم لەبەر داکەند. تەنیا لایەک لەکەلەکی بەحاستەم کون بووبوو. کوێی نەدابوویەو بەخێشکە خێشکە خۆی گەیاندبووە ماڵەوە. بەکۆڵمدا داو بردم بۆ مزگەوت. کەس لە مزگەوت نەبوو. کەس لەو دەورو مەحاڵەش نەبوو. هەموو کوێ چۆڵ و تاریک بوو. ناچار هەر لەوێ شتم و دوو، سێ بەرماڵم تێوە پێچاو خستمە ناو تابووتێکەوە.» باوکی گوتبووی: «بەو تاریکەشەوە بەتاقی تەنیا تابووتەکەم تا گۆڕستان بەدوا خۆمدا ڕاکێشا.»

دەڵێم: «باوکت کەی گەڕابووەوە بۆشار؟ دوای بۆمباران؟»

دەڵێ: «باوکم دوای هەڵاتنی ڕەحمەت لەمزگەوتەکەی ئاوایی ڕۆیشتەدەر. کلۆڵە خۆی لەبەر تەشەر و توانج و جوێن وناحەزی خەڵکەکە پێ نەگیراو ویستی ئێمەش لەگەڵ خۆی بەرێ. تا ئەوەی چەند ژن و پیاوی سەرسپی و ڕیش سپی لێی دەنگ هاتن کە بەو سەرمایە ئافرەتێکی زەعیفەو کچۆلەیەکی بەستەزمان بۆ کوێ دەبات. کلۆڵە خۆشی نەیدەزانی. بۆ ئاواییەکی دی، بۆ شار، داماوترو دەستەوەستانتر لە هەمیشە بوو. دڵپڕترو بریندارتر لە هەمیشە. وەی لەو هەموو سووکایەتییە پێمان دەکراو وەی لەسەرماو سۆڵی دەرەوەی مزگەوتیش. ناچار بێ قسەیی ژن و پیاوەکانی نەکرد. وازی لە ئێمە هێناو، خۆی بەتەنیا ڕۆشتەدەر. بۆئەوەی بگەڕێ و لە شوێنێک، لەو ئاواییە یان لە ئاواییەکی دی ژوورێک، تەویلەیەک، ئاغەڵێک پەیدا بکاو ئێوارەش بڕواتەوە بۆشار هەنێک کەلوپەلی پێویست لەماڵەوە بێنێ و شەو بگەڕێتەوە.»

باوکی ڕەحمەت ئەو شەوە نەگەڕابووەوە. بۆبەیانیدا گەڕابووەوە. ماندووترو داماوتر لەڕۆژی پێشوو. گەڕابووەوە تا هەواڵی کوژرانی ڕەحمەت بەژن و منداڵەکەی ڕابگەیەنێ.



بەڵام ئەوان هەواڵەکەیان بیستبوو. شەوی بەرێ، دوای ئەوەی خاڵۆ هیلاک و شپرزە خۆی بەمزگەوتەکەدا کردبوو. مزگەوتەکە هەروا کە ڕەحمەت گوتبووی پڕ بوو لەخەڵک، بەڵام ژن و پیاو تێکەڵ نەبوون. پیاوەکان لە کەوشکەن و لە ژووری فەقێکان بوون.

خاڵۆ سەرەتا چووبووە لای پیاوەکان. نەچووبوو، بردوویان. پاشان کە زانیبوویان چی ڕوویداوەو چ هەواڵێکی پێیە، سێ چوار پیاوی گەڕاوەی دەمڕاست پێش خۆیان دابوو، بۆناو مزگەوت. لەناو مزگەوت خوشک و خوشکەزاکەی لەسووچێکدا کز دانیشتبوون. خاڵۆ تا بیانگاتێ بەسیلەی چاو ناو مزگەوتەکەی دۆزیبوو. ڕەحمەت درۆی نەکردبوو، ئەو هەموو ژن و کچەجوانە شان بەشانی یەکدی دانیشتبوون و سەیریان کردبوو. خاڵۆ لەپڕمەی گریانی دابوو. بەشوێنیدا خوشک و خوشکەزاکەشی لەپڕمەی گریانیان دابوو. هێشتا ژن و منداڵی ناو مزگەوتەکە نەیانزانیبوو چی ڕوویداوە. وردە وردە لێیان چووبوونە پێش. لە دایک و خوشکی ڕەحمەت و، لە خاڵۆ. خاڵۆ گوتبووی: «ڕەحمەت کوژرا. لە بۆمبارانەکەی ئەم دوانیوەڕۆیە. لەشار.» گوتبووی: «خۆم دیم. بەم دووچاوەی خۆم، دیم یەکێک لە بۆمبەکان ڕاست لەو شوێنە درا بەعەرزا کە ڕەحمەت لێی ڕاوەستابوو. دوخێنی پانتۆڵەکەی کردبووەوەو، خەریک بوو مێزی دەکرد. بەڕۆژی ڕووناک لەو ناوەڕاستی شەقامەدا، لەکاتێکدا دووتەیارە بەسەر شارەوە هەڵدەسووڕان و هەزاران گوللە لەملاولاوە بەرەو ئەوان دەتەقا.» خاڵۆ ئەمانەی لەمزگەوت و لە ناو ئەو ژن و منداڵانەدا نەگوتبوو. دواتر گوتبووی. دواتر کە باوکی ڕەحمەتیش هاتبووەوە ژن و منداڵەکەی هەڵگرێ و لەگەڵ خۆی بیانباتەوە بۆ شار، بۆ سەر گۆڕەکەی ڕەحمەت.

باوکی گوتبووی: «ئەو هەتیوە درۆ دەکا. دوو تەیارە نەبوون، زیاتر بوون. سێ یان چوار تەیارە. یەک دوویەکیان بەبەرزیەوەمابوونەوە. دووکەڵێکی تۆخ سپیان بەدواخۆیاندا ڕادەکێشاو ئاسمانیان خەت خەتی دەکرد. ڕەنگە دەیانویست سەرنجی خەڵک و سەرنجی تۆپ و تەیارەشکێنەکان بەلای خۆیاندا ڕاکێشن، تا ئەو دوانەی دی دەرفەتیان بۆ بڕەخسێ و نزم ببنەوە، وەک دوو قشقەڕە. نزیک و نزیکتر ببنەوە، وەک دوو داڵ.»

لەڕەحمەت و لەخاڵۆی سەرەتا خاڵۆی بەهاتنی تەیارەکانی زانیبوو. بەرلەوەی دەربکەون. تەنانەت بەرلەوەی تەق وتۆقی گوللە و تەیارەشکێنەکانیش دەست پێ بکا. ئەوان یەکی تەلیسێکی پڕیان بەکۆڵەوە بوو، گورج و بەپەلە بەخەڵوەتی کۆڵانێکدا تێدەپەڕین. کە گەیشتنە قەراغ شەقامەکە خاڵۆ هاڕەیەکی دووری بیست. ڕاوەستاو هانکەهانک گوێی شل کرد. ڕەحمەتیش ڕاوەستابوو. ئەویش هەناسەی سوار بووبوو.

گوتی: «ئێرە شوێنی ڕاوەستانە مردووت مرێ؟ لەم قەراغ شەقامە...»

خالۆ قسەکەی پێ بڕی. بەترسەوە گوتی: «تەیارەکان... ڕەحمەت تەیارەکان.»

ڕەحمەت سەر ڕێ کەوتەوە.گوتی: «زووکە دەبێ لەم شەقامە بپەڕینەوە.»

قسەکەی تەواو نەکردبوو تەقە دامەزراو هاڕەی تەیارەکانیش ئاشکراتر بوو. ئێستا ئیتر هەردووکیان گەیشتبوونە ناوەڕاستی شەقامەکە. خالۆ کۆڵەکەی فڕێداو بەرەو جۆگەی قەراغ شەقامەکە هەڵات. لەناو جۆگەکەدا ڕاکشا بوو کە دووبارەی کردەوە: «ڕەحمەت تەیارەکان.» ڕەحمەت ترساو و حەپەساو هێشتا لە جێی خۆی ڕاوەستابوو. هێشتا تەلیسەکەی بەکۆڵەوە بوو. ئوتومبێلێک گورج و خێرا بەناوەڕاستی شەقامەکەدا داگەڕا. جیبێک بوو کە ڕووبەرووی ڕەحمەت دەهات. ڕەحمەت نەبزوا. چاوی لە ئاسمان و دڵی لای تەیارەکان بوو. جیبەکە بەدەم خشەیەکی توندەوە ڕاوەستاو، ڕەحمەت دی کە سێ پیاو بەپەلە لێی دابەزین و هەڵاتن. یەکێک لە پیاوەکان قیژاندی: «ئەوە تۆ کوێری یان کەڕی؟ مەگەر گوێت لەو هاڕە هاڕەو تەقو تۆقە نییە؟»

پیاوەکان هەروا گورج بەپیادەڕۆی شەقامەکەدا ڕایان کردو، لەسەر چوار ڕێیانەکە بەدەستی ڕاستدا ئاوا بوون. تەلیسەکە بەپشتی ڕەحمەتەوە داخزاو کەوتە خوار. خالۆ بەناو جۆگەکەدا بەرەو چوار ڕێیانەکەو لەوێشەوە بەرەو پەناگایەک کە بۆ ئەو جۆرە کاتانە ساز کرابوو، شوێن پیاوەکان کەوت.

«ڕەحمەت وەرە... ڕەحمەت هەڵێ...»

ڕەحمەت چەند جار ئەو بانگەبانگەی بیست و گوێی پێنەدا. بەخەم و حەسرەتەوە سەیری تەلیسەکانی کرد کە لەسەر شەقامەکە کەوتبوون. ئەوسا سەری هەڵبڕییەوەو بەڕق و نەفرەتەوە لە ئاسمانی ڕوانیەوە. ئاسمان دەتگوت مانگا لێستبوویەوە. ڕەحمەت تفێکی کردو جنوێکی دا. دەستی بۆ دووخێنەکەی بردو بۆ ئاخر جار گوێی لە دەنگی خالۆی بوو کە بانگی دەکرد.

خالۆ گوتبووی: «کەسەرم کرد بەپەناگاکەدا، دەتگوت سەرم کردووە بەچاڵێکدا. ئەو پیاوانە کە بەر لە من هەڵاتبوون، تاریکی بێبنی چاڵەکە قووتی دابوون. من ئەوانم نەدەدی، بەڵام ئەوان منیان دیبوو. گوتیان: ئەی هاوڕێکەت؟ ئەو کوڕە کە... نەڕۆشتمە ژوور. دیسان گەڕامەوە. لە ناو دەرکەی پەناگاکەوە گەڕامەوە بۆ سووچی چوار ڕێیانەکەو دیسان هاوارم کردەوە. قیژاندم: «ڕەحمەت... ڕەحمەت ئەوە نابینی تەیارەکان بەژوور سەرتەوە دەخولێنەوە؟»



خالۆ نەیوێرابوو سەری هەڵبڕێ، بەڵام ڕەحمەت سەری بەرز کردبووەوەو، سەیری تەیارەکانی دەکرد. تەیارەکان تەواو نزیک بووبوونەوە. ئەوەندە نزیک کە خەلەبانەکانیان ڕەحمەتیان دەدی دووخێنی پانتۆڵەکەی کردبووەوەو بەسەر شەقام و بەسەر دوو تەلیسی پڕدا هەڵدەمیزت. ڕەحمەت جنێوی دەدا. نەک هەر بەئەوان، بەهەموو کەس و بەهەموو شتێک کە ئەو کاتە بەبیریدا دەهات. تەیارەکان نزمتر و نزیکتر دەبوونەوە و ڕەحمەت بەرزترو بڵێندتر هەڵدەمیزت و توندترو تووڕەتر جنێوی دەدا. لەپڕ گڕێک لەژێر سکی یەکێک لە تەیارەکانەوە دەرکەوت. دووکەڵێکی خەستی ڕەش بەرەو دواو، گڕەکە وەک گلۆڵە بەرەو پێش خۆشی.

خالۆ گوتبووی: «کە بۆ یەکەم جار گرمەی تەقینەوە بەرزبۆوە من نەمزانی تەیارەکان کوێیان کوتاوە. پیاوەکانیش نەیانزانی. پیاوەکان لە قوڕنەیەکی پەناگاکە هەڵتووتابوون و بەرەدەستەکانیان بەگوێیانەوە نووساندبوو. بەشوێن ئەو یەکەم تەقینەوەدا گرمەیەکی دی و دیسان چەند گرمەی هاوکات و، ئاخر تەقینەوە ئەوەندە نزیک بوو کە پێمان وابوو بۆمبەکە بەسەر خۆماندا دراوە. پەناگاکە وەها کە بوومەلەرزە لێیدابێ چەند جار هات و چوو، گڵ و خۆڵ و تەنانەت دووکەڵیش تێک ئالا.» خالۆ گوتبووی: «کە دەرپەڕیمەدەر هەموو کوێ وەک ناو پەناگاکە بوو، گڵ خۆڵ و دووکەڵ بەرز بووبووەوە. بەغار خۆم گەیاندە چوارڕێیانەکە. جیبی پیاوەکان لەناوەڕاستی شەقام هەڵکەندرابوو، فڕێدرابووە پیادەڕۆکەو، ئەو شوێنە کە تا ساتێک لەوەبەر ڕەحمەت لێی ڕاوەستابوو، چاڵ بووبوو. چاڵێک بەقەدەر ناو ژوورێک پان و، لە ناو چاڵەکەشەوە دووکەڵی شین و ڕەش بەرەو ژوور لوولی دەخوارد. دووکەڵێک کە بۆنی باڕووت و بۆنی قیری تواوەو بۆنی لەشی سووتاوی بنیادەمی لێدەهات. بەبینینی ئەو چاڵە بەسەری خۆمدا کێشا. ڕەحمەت نەمابوو. تەنانەت کوتێکیش لە لەشی نەمابوو.»

باوکی گوتبووی: «درۆدەکا. دڵنیام دوو سەعاتیش دوا بۆمبارانەکە نەیوێراوە لەو کونە بێتەدەر. ڕەحمەت مابوو. لەشی هیچی لێ نەهاتبوو. تەنیا تەڵەزمێک بەقەدەر سەرە ئەنگوستێکی بچووک لە کەلەکەی ڕۆچووبوو. هەر ئەوەندە و هیچی دی.»

کە تەیارەکە یەکەم تۆپی فڕێداو گرمەی تەقینەوەکەی بەرزبووەوە، ڕەحمەت هەر دوو چاوی توند قونجاندبوو، دیانەکانی لێک توند کردبوو. ڕەنگە چاوەڕوان بوو شتێکی قورس، زۆر قورسی بەر بکەوێ و چاوەڕوان بوو... ئەرێ، چاوەڕوان بوو بکوژرێ و نەکوژرابوو. بۆیە چاوی هەڵێناو لەپێشدا لە خۆی و پاشان لەملاولای ڕوانی. لە هیچ

لایەکەوە گڕ یان دووکەڵ یان تەنانەت گڵ و خۆڵیش بەرز نەبووبووەوە. ئان وسات بەبیریدا هات دەشێ شەڕی ئەو تەیارانە لەگەڵ ئەو نەبێ. گورجێک دووخێنی پانتۆڵەکەی بەستەوە. تاوی دایە تەلیسەکەی کە هەروا لەسەر شەقامەکە کەوتبوو، بەرەو ئەو کۆڵانە کە لێی هاتبووە دەر هەڵات. ڕەحمەت گەیشتبووە ناو کۆڵان کە گرمەی تەقینەوەی دووهەم و، لە پێچەکەی ئەوسەری نزیک بووبووەوە کە گرمەی سێهەمیشی بیست. تەلیسەکە بەکۆڵیەوە بوو. بۆ ساتێک ڕاوەستاو ئاوڕی دایەوە. تەلیسەکەی خالۆ هێشتا لەسەر شەقامەکە بێ خاوەن کەوتبوو. بەبیریدا هات خۆزگە دەیتوانی تەلیسەکەی خالۆشی هەڵگرێ. لەو کاتەدا تەلیسەکەی خالۆ تەقییەوە، وەک بەرمیلێک باڕووت کە بتەقێتەوەو دنیا لە بەر چاویدا تاریک بوو. بایەکی توندو گەرم شالاوی بۆ هێناو بەرزی کردەوەو بەزەویدا دا.

ئەڵێم: «تۆ پێت وایە ئەو تەلیسانە چیان تێدا بووبێ؟ ئەو تەلیسانە کە بەکۆڵی ڕەحمەت و خالۆتەوە بوون.»

ئەڵێ: «تەلیس؟ کامە تەلیس؟»

خالۆ هیچی لەبارەی ئەو تەلیسانەوە نەگوتبوو. تەنیا گوتبووی: «ئێمە دەمان ویست هەندێک کەلوپەلی پێویست لە ماڵی خۆمان بەرینە دەر. ئەوەش پێشنیاری ڕەحمەت بوو. ڕاستییەکەی ڕەحمەت بۆئەوە گەڕابووەوە بۆ شار ومنیشی شوێن خۆی خستبوو.»

خالۆی لە هەموو کوێ و لای هەمووکەس ئەمەی گوتبوو. بەڵام باوکی شتێکی دیکەی گوتبوو. باوکی گوتبووی: «ئەوان بەتەمای ماڵی موسوڵمانان گەڕابوونەوە بۆ شار. چۆڵبوونی شاریان بەهەل زانیبوو. بۆ تالان کردنی ماڵی موسوڵمانان گەڕابوونەوە.» باوکی تەنیا یەک جار ئەمەی گوتبوو: بەدایکی و، ئیتر هەرگیز دووبارەی نەکردبووەوە.

ڕەحمەت کە هەستاوە هارەهاڕی تەیارەکان نەمابوو. تەق وتۆقی گوللە و تەیارەشکێنەکانیش نەمابوو. شار لە بێدەنگییەکی ترسناک ڕۆچووبوو. بێدەنگییەک کە ناوەناوە بەداکەوتنی شتێک دەشکا. داکەوتنی لقەدارێکی قەراغ شەقام، یان ساباتی بەردووکانێک. داکەوتن و شریخەی چاوەشیشەیەک. هێشتا هەموو کوێ گڵ و خۆڵ و دووکەڵ بوو. بۆنێکی ناخۆشی کەسکوند ئەو ناوەی گرتبوو. ڕەحمەت هەستی بەگەرماییەک لە کەلەکەیدا کرد. شتێک وەک کرم، نەرمەلیقەو تەڕ بەکەلەکەیدا دەخزا. دەستی بۆ برد. ئازارێک لە کەلەکەو سکی پەیدابوو. دوگمەی پاڵتۆکەی ترازاند و دەستی بۆ شوێنی ئازارەکە برد. هەستی کرد تەڕاییەک بەبەرە دەست و کەلەکەیدا بڵاو بووەوە.



تەڕایی خوێن. ترسا. ترسەکەی کاتێک پەرەی سەند کەهاڕەهاڕی ئوتومبیل و قیژەو ویژەی ئامبولانسێکی بیست. دەبوو چی بکا؟ دەستی بۆ تەلیسەکە برد و هەوڵیدا بەرزی بکاتەوە. توانی. کەواتە برینەکەی کاری نەبوو. تەلیسەکەی بەرز کردەوەو، تا ئوتومبێلە سووپاییەکان و ئامبولانسەکەی بگەنێ ئەو لەپێچی کۆڵانەکەوە ئاوابوو.

خالۆ گوتبووی: «کە ئامبولانس و ئوتومبێلە سووپاییەکان گەیشتن من لەسەر چاڵی شەقامەکە سەرم بەدووکەڵ و بۆگەنەکەدا شۆڕ کردبۆوەو دەگریام. ئەو پیاوانەش کە لە پەناگاکە لەگەڵم بوون... نازانم. ئاگام لەوان نەمابوو. باقەڵ هەڵاتبوون و جیپە شکاوەکەیان بەجێهێشتبوو.» گوتبووی: «خەڵکێکی زۆر کۆ بووبوونەوە. سەیرم هاتێ. بەو ڕۆژەو لەو شارە چۆڵ و هۆڵ و بۆمباران کراوەدا ئەو خەڵکە چۆن کۆبووبوونەوەو بەدەوری چاڵەکەداو، بەئەمبەراوبەری شەقامەکەدا دەگەڕان و کوتە گۆشت و تیتاڵە جلیان کۆ دەکردەوە کە حەتمەن کوتە گۆشت و تیتاڵە جلی ڕەحمەت بوون.»

ڕەحمەت لە کاتێکدا سات لە دوا سات وزە و هێزی دادەچۆڕا، هەردوو چنگی لەسەر و بنی تەلیسەکەی سەرشانی گیر کردبوو، لە کۆڵانە پێچاو پلووچە چۆڵەکانەوە بەرەو ماڵ، ماڵی خۆیان، دەبووەوە.

دەڵێم: «تۆ پێت وانیە باوکت دوای بۆمبارانەکە، دوای ئەوە کە خۆی بەناوشاردا کردووە، یەکەوڕێ چووبێتەوە بۆ ماڵ؟»

دەڵێ: «بۆدەبێ چووبێتەوە بۆ ماڵ؟»

«لە بەر زۆر شت. یەکەم، لە بەر ئەوەی پێی وابووبێ ڕەحمەتیش لە ماڵەوەیە. دووهەم، لە بەر ئەوەی کە بزانێ لەو بۆمبارانەدا ماڵەکەی چی بەسەر هاتووە... نازانم... من پێموایە هەموو کەس لەوەها وەزعێکدا یەکەم شوێن کە دەچێ ماڵی خۆیەتی.»

«بەڵام باوکم...»

دەڵێم: «گوێ بگرە، خاڵی شاراوەو تەمومژاوی چیرۆکی کوژرانی ڕەحمەت لێرەدایە. ئێمە ناچارین لێرەدا گومان لە هەموو ئەو شتانە بکەین کە گوتراون وبیستوومانە. ئێمە ناچارین لەخۆمان بپرسین باوکت چۆنی زانیوە ڕەحمەت، لە وەها ڕۆژو وەها وەخت و سەعاتێکدا گەڕاوەتەوە بۆ شار؟ بۆ ئەوەندە دڵنیا بووە ڕەحمەت لە کاتی بۆمبارانەکەدا لە شاربووەو لە شوێنێکی دی نەبووە؟ بۆچی وەک خۆی گوتوویە هەموو ئەو شوێنانەی بۆ گەڕاوە کە بۆمباران کراون؟ بۆچی نەخۆشخانە سەحراییەکەشی بۆ گەڕاوە؟»

بە شەرمەوە ئەمانە دەڵێم. بەترسەوە.ترسی ئەوەی کە لێم بڕەنجێ و من نامەوێ بیڕەنجێنم.

تەنانەت نامەوێ نیگەرانیشی بکەم. بەڵام ئەو نیگەران دەبێ. بەچاو و نیگاکانیدا دەزانم کە نیگەران بووە.

دەڵێ: «دەتەوێ بڵێی چی؟» بەخەمەوە دەیڵێ. بەترس و گومانەوە.

دەڵێم: «دەمەوێ بڵێم باوکت دوا بۆمبارانەکە چۆتەوە بۆ ماڵ. یان ڕەنگە بەر لە بۆمبارانەکەش چووبێ.

دەڵێ: «کەواتە خاڵۆم ڕاست دەکا.»

دەڵێ: «کەواتە ڕەحمەت لە بۆمبارانەکەدا کوژراوەو، بەبریندار نەچۆتەوە ماڵ کە بێهۆش ببێ و ئەوەندەی خوێن لەبەر بڕوات تا دەمرێ.» بەشێوەیەک دەیڵێ کە بۆ یەکەم جار هەست دەکەم پێی خۆشە وابووبێ. پێی خۆشە خاڵۆ ڕاستی کردبێ. پێی خۆشە باوکی ڕەحمەتی لە ماڵەوە نەدیبێ کە شەو تاریکان هەڵیگرێ بیبات بۆ مزگەوت و بیشوا و پاشان لە گۆڕستان لەوبەر ڕێگەکەوە بەتاقی تەنیا چاڵی بۆ هەڵکەنێ و بینێژێ. بۆ یەکەم جار هەست دەکەم پێی خۆشە ڕەحمەت لە گۆڕەکەیدا نەبێ. لەو گۆڕەدا کە هەموو پێنج شەمووان دەچێتە سەری و قسە و دەردەدڵی بۆدەکا. بریا دەمزانی باسی چی بۆدەکا. بۆ ڕەحمەت. بریا دەمزانی لەم هەموو ساڵەدا باسی چی بۆ کردووە.

دەڵێم: «بەپێچەوانەوە، من پێموانییە خاڵۆت ڕاست بکاو ڕەحمەت لە بۆمبارانەکەدا کوژرابێ. تەنانەت پێموانییە باوکیشت ڕاستی کردبێ و ڕەحمەت بریندار بووبێ.»

بە دڵڕەقییەوە ئەمانە دەڵێم. بەدڵنیاییەوە. دڵنیا لەوە کە ئەم چیرۆکە دەبێ کۆتایی پێ بێ و، ئەم چیرۆکە کۆتایی پێ نایەت ئەگەر ڕەحمەت نەچێتەوە بۆ ماڵەوە.

ڕەحمەت لە هەموو ئەو کووچە و کۆڵانانەدا تەلیسەکەی دانەنا. لە ماڵەوە داینا. لە حەساری ماڵەوە. ئەوسا هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشاو زەردەخەنەیەک لێو و ڕوومەتە تۆزاوی و خۆڵاوییەکەی نەخشاند. زەردەخەنەیەک لەوانە کە بەشوێن سەرهەڵدانی هەستی شیرینی سەرکەوتن، تەنانەت لێوو ڕوومەتە ماندوو و ترساوەکانیش دەنەخشێنێ. ڕەحمەت بەدەم زەردەخەنەکەوە جارێکی دی لە تەلیسەکەی ڕوانیەوە. تەلیسێکی پڕ کە زارکەکەی توند بەستبوو. جارێکی دی بیری کردەوە. بریا دەیتوانی تەلیسەکەی خاڵۆشی بهێنایە. بیری خاڵۆ زەردەخەنەی کردە پێکەنین. قاقا پێکەنی. بەرزو بڵیند. ئەوسا تاوی دایە تەلیسەکەو ئەمجارە بەخێشکەخێشک بەرەو ژێرخانی ماڵەکە ڕایکێشا. دەرکەی ژێر



خان کراوە بوو. کراوەی کراوە نا، قوفڵەکەی پێوە نەمابوو. ڕەحمەت داچڵەکی. موچڕکەی بەلەشدا هات. دەبێ کێ ئەو قوفڵەی کردبێتەوە؟ کاتی ڕۆشتن خۆی داینەخستبوو. خۆی زووتر لە خاڵۆی هاتبووە دەرو... بڵێی خاڵۆ لەبیری چووبێ دایخا؟ بەترسەوە دەستی بۆ دەرکەکە بردو بەحاستەم پاڵی پێوەنا. ناو ژێر خانەکە تاریک بوو. سەری کێشا. «کێیە لێیە؟» بێ ئیختیار دوو جار پرسی و کە هیچ وەڵامێکی نەبیست ڕۆیشتە ژوور. ماوەیەک بێ چرپە ڕاوەستا، تا چاوی بەتاریکییەکە ڕاهات. سەرەتا هەندێک شت و مەک کە لەلایەکی ژێرخانەکە لەسەر یەک هەڵچندرابوون سەرنجی ڕاکێشا. ڕادوێ زەبت، ڤیدیۆ، تەلەفۆن و کامێراو... بەحەز و خۆشییەوە چاوی پێدا خشاندن. ئێستا ئیتر ترس و دڕدۆنگییەکەی باریان کردبوو. دەستی بردو زارکی تەلیسەکەی کردەوە. تەلیسەکەی لەسەر کەوڵە شڕێکی ڕاخراو ڕۆ کرد. هەمووی قوماش بوو. قووماشی ژنانەو پیاوانە. لەو تاریک و ڕوونییەدا ڕەنگ و جۆری قوماشە هەڵڕژاوەکانی بۆ لێک جیا نەکرایەوە. ئەگەر تەلیسەکەی خاڵۆشی بۆ بهاتایە! لەبەر خۆیەوە گوتی.

خاڵۆ گوتبووی: «دوای کوژرانی ڕەحمەت بەخۆمدا هاتمەوە. زانیم دنیا ئەوەندە ناهێنێ بنیادەم لە پێناویدا خۆی خراپ بکا.» باوکی سەری ڕاوەشاندبوو گوتبووی: «ئەو جۆرە کەسانە بنیادەم نین. هەرگیز بەخۆیاندا نایەنەوە. قەت چاک نابن.» گوتبووی: «تۆ بنیادەم نی. تۆ دەعبای. دەعبایەکی چەپەڵ و بێ بەزەیی. دەعبایەکی زیانی خورۆ.»

ڕەحمەت لەجێی خۆی وشک بووبوو. وەک درەختێک برووسکە لێیدابێ و کردبێتیە ڕەژی. توانای ئاوڕدانەوەی نەبوو. ئاوڕ دانەوە بەرەو ئەو دەنگە کە دەنگی باوکی بوو. باوکی لە ناو دەرکەکەدا بوو. پشت لە ڕۆشنایی دەرەوەو ڕوو لە تاریکی ژێرخان. ژێرخانەکە تاریکتر بوو. سێبەری قورسی باوکی تاریکتری کردبوو. ڕەحمەت هیچی نەدەدی. تەنیا دەنگی باوکی دەبیست. دەنگی گڕ و تووڕەی باوکی کە دەیگوت: «تۆ دەعبای. دەعبایەکی زیانی خورۆ.»

دەڵێ: «کەواتە باوکم...»

لەبەر خۆیە دەیڵێ. ئارام ودڵنیا دووبارەی دەکاتەوە: «کەواتە باوکم...»

من هەڵدەستم. هەست دەکەم دەبێ هەستم و لە ژوورەکە بڕۆمە دەر تا ئەو ڕستە کە ساڵەهایە نەیوێراوە بیڵێ، بیڵێ.

١٨ / ١١ / ٨١

# ئێوارەی ڕۆژی چواردەی مانگ

لێت ناشارمەوە هەرگیز لە ڕاست و ناڕاستی ڕووداوەکانی ئەم چیرۆکە نەگەیشتووم. تکایە لەسەرخۆ لێخوڕە. کەسی دیکەیش سوار مەکە... مەبەستم چیرۆکی دایکمە. خەڵک بەدایکم ئەڵێن دایەخانم. خزم و کەس، دەرو دراوسێ، دۆست و ناسیاو. بەڵام من پێی ئەڵێم دایەگیان. دایەگیان پەنجاو دووساڵی تەمەنە. کەس ئەمە نازانێ، جگە لە من کە کوڕیم. کەس گوێ بەساڵ و مانگی تەمەنی ژن نادا. بەلای خەڵکەوە ژن یان جوانە یان پیر. کە جوانە بەلەباریک و شووشە. ئازاو گورج و گۆڵ. دەست و پێی وەک دەست و پێی ئاسکە کێوی چاپوکە. ڕوومەتی، سەرماش تەزاندبێتی تەڕو ناسکە. چاو و نیگاشی وەک چاو و نیگای ئاوازە، کە قەرار بوو ببێ بەبراژنم و نەبوو.

چاوەکانی ئاواز شاد و جوان و سەرنج ڕاکێش بوون، ئەودەمە کە دڵی عەلای برامیان – ئاخ عەلا – ڕفاندبوو. کە عەلاش لە تۆف و کڕێوەی ئەو کوێستانە هەزاربەهەزارە ڕەق بۆوە، چاوەکانی ئاواز خەمێکی گرانیان لێ نیشت. نیگایان بەڕێی نەگەڕانەوەی عەلاوە وشک بوو. ژن پیر ئەبێ ئەگەر نیگای بەڕێی نەگەڕانەوەی ئازیزیەوە وشک ببێ، وەک دایەگیان. لەشی قورس و گران ئەبێ. هەر سەعاتە و لەبەر ئێشێک ئەناڵێنێ. ئێشی دەست و پێ و پشتی. ڕوومەتی ژنی پیر سپی و دوورە سەرماو سۆڵیش بێ، هەلاهەلا، پڕە لە چرچ و لۆچ. لۆچەکان خەم و مەینەتی خاوەنەکەیان پێ ناشاردرێتەوە. ئەوانیش بیشارنەوە چاوەکانی ئەیدرکێنن. ئەو چاوانە کە وەک جاران، جارانی جوانی، ڕەش و ڕوون و گەورە نین. چاوەکانی دایەگیان ڕەش و ڕوون و گەورە بوون. خزم و کەس و ناسیاو ئەڵێن. بەڵام ناڵێن لەو ڕۆژەوە کە عەلای برام – ئاخ عەلا – شوێن خەون و خولیاکانی کەوت و ئێمەی بەجێهێشت، تا ئیمڕۆ چەند ئەستێر فرمێسکی تاڵ و سوێریان ڕشتووە. بۆیە ئێستا لەچاوی خنکاوێک ئەچن لەبنکی ئەستێرێکدا. نەرم و شل و مات و لێڵ. وەها کە سریوەی سروەیەک و نەرمە شەپۆلێکی بەحاستەم ونیان ئەکا. ئەیانسڕێتەوە. چاوەکانی دایەگیان ئێستا تەقەڵیان لەتەقەڵ پێ جیاناکرێتەوە. لە خەرمانەی قژی ڕەشی ئاوازدا تاڵە سپییەکان نابینن، کە ڕۆژ بەڕۆژ زیاتر ئەبن. ئێستا حەتمەن لە ساڵڕۆژی



مەرگی عەلای برامدا – ئاخ عەلا – تاڵە سپییەکانی قژی ئاواز ئەوەندە زۆر بوون کە دایکی لەم سەر بۆ ئەوسەری ژوورەکە بیانبینێ و بڵێ: «کچە کلۆڵەکەم فریای خۆت نەکەوی تیا ئەچی.»

ئاواز هیچ ناڵێ. لە ژوورەکە دێتە دەر. بۆ سەر بانیژەو حەتمەن دوێنێ بەیانی سەدجار هاتۆتە سەر بانیژەو لە ڕێی ئاوایی ورد بۆتەوە. ڕێگەکە لە دۆڵی خوار ئاواییەوە دەرئەکەوێ. دووفلیقانە، مارودوو، لە دڵی سپی دۆڵەکەوە بەرەو ئاوایی هەڵئەخزێ. لە تەختاوکی خوارماڵەکانەوە پەپکە ئەخواو کۆتایی دێ. ئوتومبێل جیپ یان لەندوێریش بێ تا تەختاوکەکە زیاتر دەرناچێ. بەتایبەت ڕۆژێکی وەک ئیمڕۆ کە شەو و ڕۆژی پێشووی بەفرێکی قورس باریوە. دوێنێ ئەم دەمانە هێشتا بەفرەکە نەباریبوو. نەک هەر لە شار، لێرەو لە ئاوایی بناری کوێستانیش نەباریوە حەتمەن. ئاواز لەسەر بانیژە نەبزواوە تا ئوتومبێلەکەی دایە گیان دەرکەوتووە حەتمەن. جیبێکی وەک ئەم جیبە. ئاواز کە ئەیبینێ هەرا ئەکا: «دایە خانم هات.» ئەوسا گورج و خێرا بەپلیکانەکاندا دائەگەڕێ. بەڕەشانکی بەربەڕۆچکەی پاڵ دیوارو پەرژینی ماڵەکاندا، بەرەو تەختاوکەکە هەڵدێ.

– «بەخێر بێی دایەخانم!»

دایەگیان لە جیبەکە دابەزیوە حەتمەن. باوەشی بۆ ئەکاتەوە. توند لە ئامێزی ئەگرێ و بەخۆیەوە ئەینووسێنێ. ماچی ئەکا. بۆنی پێوە ئەکا. بۆنی عەلای برامی لێدێ –ئاخ عەلا – ئەو بۆنە ئاسوودەیی بەگیانی ئەبەخشێ. هیلاکی ڕێی لە لەش دەرئەکا. ئەیحەسێنێتەوە. تەپ و کوتی خێراخێرای دڵی، نەرم و لەسەرخۆ ئەبێتەوە. لەشی تینی گەرم و دڵنیایی تێئەگەڕێ. لەشی ئیتر نالەرزێ. لەرزین ئەگەر ببێ لەرزینی دەستییەتی. بەرەدەستی بەقژو لامل و شانی ئاوازدا ئەهێنێ.

– «چاوەڕوانیت کۆتایی هات بووکە جوانەکەم.»

وتوویەتی حەتمەن. ئەوسا بەهەر دوو بەرەدەستی سەری ئاوازی گرتووەو لە خۆی دووری خستۆتەوە. هەروا بستێک. بۆ ئەوەی سەیری ڕوومەتی بکا. سەیری چاوی. هەردووکیان ماوەیەکی کورت چاویان لە یەکدی بڕیوەو بزەی شیرینیان بەڕوومەتی یەکدیدا پژاندووە حەتمەن.

– «ئەرێ بووکە جوانەکەم چاوەڕوانی کۆتایی هات. چاوەڕوانی من و تۆ.»

لێت ناشارمەوە من لەم قسانە ناگەم. هۆشت بەو چاڵ و چۆڵانەی ڕێگەکەوە بێ...

پێشتریش وتوومە دایەگیان من لەم جۆرە قسانەی تۆ ناگەم. بەڵام ئاواز تێ ئەگا حەتمەن. ئەوان لەیەکدی ئەگەن. ئەزانن ئەڵێن چی. بۆیە سەر بۆ یەکدی ئەلەقێنن و پاشان هەر یەکە، لە پشت سەری ئەویترەوە نیگایان بۆ دوور بەڕێ ئەکەن. ئاواز بەرەو خوار، بۆ دۆڵەکە کە ڕێگە دوو فلیقانەییەکە قووت ئەداو ئەیشارێتەوە. دایەگیان بەرەو ژوور، بۆ ئاوایی و لە پشت ئاواییشەوە بۆ کوێستانی سپی پۆش کە ئەمسەراوسەر، بەرزو بڵێند هەڵچووەو لووتکەی تا مل لە سنگی ئاسمان و لە دڵی پەڵە هەورە تەڵخ و چڵکنەکان چەقیوە.

دایەگیان لە شارو لە پەنجەرەی ماڵی خۆشمانەوە ئەو پەڵە هەورە تەڵخ و چڵکنانەی بەداوێنی خۆراوای ئاسمانەوە دیوە حەتمەن. بەیانی زوو، بەیانی دوێنێ، کە لەخەو هەستاوە، وەک هەموو بەیانییەکی دی بەرەو پەنجەرەکە چووەو پەردەی هەڵداوەتەوە. من لەماڵ نەبووم، بەڵام ئەزانم وەک هەموو بەیانییەکی دی نەبووە. بەتایبەت ئەو کاتە هەورەکانی دیوە ئاوسی بارشتە بەفرێکی قورس بوون. دڵی داکەوتووەو لەرزێکی سارد و کوشەندە نیشتۆتە گیانی حەتمەن. هەمیشە کاتێ بەداوێنی خۆراوای ئاسمانەوە هەور ببینێ کە ئاوسی بارشتە بەفرێکی قورس بن، دڵی دائەکەوێ و لەرزێکی قورس و کوشندە ئەنیشێتە گیانی. تای پەنجەرەکە ئەکاتەوەو چاو ئەگێڕێ لە کۆڵاندا کەسێک ببینێ و هەرای لێ بکا: «ئیمڕۆ چەندەی مانگە؟»

دوێنێ بەیانی هەرای لەکەس نەکردووە حەتمەن. زانیویە چواردەی مانگەو لەرزو دڵەکوتەکەی بۆتە ترس و وەحشەت. تای پەنجەرەکەی پێوەداوەتەوە. پەردەشی داداوەتەوە. لەبەر خۆیەوە وتوویەتی: «عەلا گیان ئیمڕۆ لەودیو کوێستانەوە بەرەو ئەمدیو سەر ڕێ ئەکەوێ.»

وتم من لە ڕاست و ناڕاستی ڕووداوەکانی ئەم چیرۆکە ناگەم. عەلای برام - ئاخ عەلا - چەند ساڵە نەماوە و دایەگیان قبووڵ ناکا عەلا چەند ساڵ لەمەوبەر ڕۆژی چواردەی ئاخر مانگی زستان کاتێک لەگەڵ دوو هاوڕێی لەودیو کوێستانەوە بەرەو ئەمدیو ڕێ ئەکەوێ، تا ئێوارە بگاتە ئاوایی و شەو ئاوازی لێ مارە بکرێ، بەفرێکی قورس دائەکا. عەلاو هاوڕێکانی لە تۆف و کرێوەی ئەو کوێستانە هەزار بەهەزارە لێیان ئەقەومێ. ڕێیان لێ هەڵە ئەبێ و هەرچی دێن و ئەچن سەرەندەر دەرناکەن. لەناو بازنەیەکدا هەڵئەگەڕێن و دائەگەڕێن و تا ئێوارە بەدەوری خۆیاندا ئەخولێنەوە. لە تاریکانی ئێوارەدا کوێستان شەق ئەباو کلیلە بەفرەکان هەرەس دێن و ئەوان ژێر هەرەس ئەکەون.



ئەو ڕۆژە دایەگیان لە ئاوایی بوو. لە ماڵی باوکی ئاواز. بەڵام من لەوێ نەبووم. من نەمئەتوانی لەوێ بم. دایە گیان قبووڵ ناکا کە من نەمئەتوانی لەوێ بم. ئەڵێ: «تۆ بەخەمی عەلاوە نی. تۆ پشتت لە براکەت کردووە.»

- «من پشتم لە براکەم نەکردووە. دوو حەفتە لەمەوبەر بوو پێکەوە چووین بۆ ئاوایی و ئاوازمان بۆ عەلا خواست. نەچووین؟»

- «چووین. بەڵام تۆ سەعاتێک زیاتر نەمایتەوە. تەنانەت تاشەو بەند نەبووی. چاوت بەعەلا بکەوێ.»

ئەڵێ: «تۆ ترسنۆکی. لە ترسی ئەوەی چاوت لێ بزنەکەنەوە یان ئەو چوار تمەنە مووچەت نەبڕن، نایەیت براکەت ببینی.»

دوێنێ بەیانیش وای وت. دوێنێ بەیانی من تازە گەیشتبوومە ئیدارە کە دایەگیان تەلەفونی بۆکردم. وتی: «تۆ ئەتزانی ئیمڕۆ چواردەی مانگە، نەدەبوو بچویتایە بۆ ئیدارە. دەبوو بمایتایەوە تا پێکەوە بچین بۆ ئاوایی.»

وتم: «دایە گیان من ناتوانم بێم. تۆش پێویست ناکا بچی.»

- «پێویست ناکا؟»

بە خەم و سەرسووڕمانەوە وتی.

- «عەلا بەم ڕۆژە تاڵ و تووشە ئەو کوێستانە سەختە ئەبڕێ و دێ بۆ ئاوایی کە دایک و براکەی ژنی لێ مارە بکەن، ئەوسا تۆ ئەڵێی پێویست ناکا بچم؟»

تووڕە بوو. نەمدی، بەڵام زانیم بەتووڕەییەوە تەلەفونەکەی دانا. من تا ئیجازەم وەرگرت و ڕۆشتمەوە بۆ ماڵ دایە گیان بوخچەیەک خەڵاتی و دیاری پێچابۆوە. وەک پار، وەک هەموو ئەم چەند ساڵە، کراسێک بۆ دایکی بووک، کەواو پانتۆڵ بۆ باوکی. براکانیشی لەبیر نەکردبوو. دوو برای مێرمنداڵ و یەکی دەستێک جلی بۆ ئامادە کردبوون. بۆ عەلاش - ئاخ عەلا - ڕانک و چۆغەی مەرەزی شینکی و، بۆ ئاوازیش جلی سپی بووکێنی و، چی خشڵ و پارە و پووڵیشی بوو هەڵیگرتبوو.

وتم: «دایەگیان...»

نەیهێشت درێژەی پێبدەم و بڵێم دایەگیان چەند ساڵ لەمەوبەر بوو قەرار بوو بچین و ژن لەعەلا مارە بکەین.

وتی: «تۆ هەموو ساڵێک بڕوبیانووی هیچ و پووچ دێنیتەوە و نایەیت.»

لەشی ئەلەرزی. بێ قەرار بەژوورەکەدا ئەهات و ئەچوو. وتی: «ئێستا کە نایەیت لانیکەم بڕۆ ئوتومبێلێکم بۆ بگرەو بەڕێم کە.»

چووم ئوتومبێلێکم بۆ هێنا. جیبێکی وەک ئەم جیبە. کەلووپەلیشم بۆ کڕی. برینج و ڕۆن و... بەشۆفیرەکەشم سپارد ئاگای لێی بێ. دایەگیان لە ناو ڕێدا هەموو شتێکی بۆ شۆفیرەکە گێڕاوەتەوە حەتمەن. وەک من کە هەموو شتێک بۆ تۆ ئەگێڕمەوە. وتویەتی: «ئیمشەو بەخێر ژن لە کوڕەکەم مارە ئەکەین، لە عەلا، ناو و ناوبانگیت بیستووە؟» وتویەتی: «پیاو ژنی نەبێ هەزار خەون و خۆزگەی لە مێشکدایەو لە پێناویدا خۆی بەئاو و ئاگردا ئەدا. بەڵام کە ژنی لێ مارە کرا ناچارە واز لە بەشێک لەو خەون و خۆزگانە بێنێ. بەژن و ژیانییەوە بنووسێ.»

بە ئاوازیش ئەمە ئەڵێ حەتمەن. بەدایک و باوکیشی کە دوا بەدوای کچەکەیان بەپیر دایەگیانەوە ئەچن. ئاواز ئەڵێ: «ئەو دەستەت بدە بەمن دایە خانم.»

دایکیشی ئەڵێ: «دەستەکەی دیکەیشت بۆ من.»

دایەگیان بزەی دێتێ، بزەیەکی نامۆ بەڕوومەتە ترساو و هەراسانەکەی. ئەڵێ: «پێویست ناکا دەستم بگرن، خۆم ئەڕۆم.» ئەوسا نەرم بەڕچەکەدا هەڵئەگەڕێ. ئاوازیش بەدوایەوە. دایک و باوکیشی، یەکیان بوخچەکە ئەنێتە بن هەنگڵی و ئەویدیکەیان کەلوپەلەکە بەکۆڵدا ئەدا و بەرەو ئاوایی شوێنی ئەکەون. ئاواییەکە دە، دوانزە ماڵ زیاتر نییە. دیوتە حەتمەن. خەڵکەکە ژن و پیاو لە ماڵەکانیان دێنە دەر. لەبەر دەرکە یان لەسەر بانیژەکان ڕائەوەستن و بەخێرهاتنی لێ ئەکەن؛ وەک پار. وەک ئەم چەند ساڵە. دایەگیان ئەڵێ: «ئای ئەم خەڵکە چەندە میهرەبانن. خۆزگە ئەکرا زەماوەندێکی خۆش بگرین و لە هەموویان بگێڕینەوە.»

ئەوسا لە هەموو بانیژەو بەردەرکەکان، چاو و نیگای بەناو خەڵکەکەدا ئەگێڕێ. مەندیل بەسەرێک نابینێ. دائەچڵەکێ. ڕائەوەستێ و ئاوڕ لە باوکی ئاواز ئەداتەوە. ئەڵێ: «مەلای مزگەوتەکەتان نابینم، نەکا لە ماڵ نەبێ.»

باوکی ئاواز سەری بۆ ئەلەقێنێ. یەعنی لە ماڵە. دایەگیان ئارخەیان سەر ڕێ ئەکەوێتەوە. بەناو ئاواییدا، بەڕەشانکی بەری بەڕۆژ، بەقەراغ دیواری ماڵەکاندا تێئەپەڕێ. بۆ ئەوبەری ئاوایی، بۆ ماڵی باوکی ئاواز کە تاقە ماڵی ئەوبەر ئاواییە.



دایەگیان لە ماڵی باوکی ئاواز، بەرلەوە بچێتە ژوور دەست و پەل و داوێنی قوڕاوی و بەفراوی کراسەکەی ئەشواتەوە. ئەوسا لە ژوورەوە لەپاڵ زۆپاکە لەسەر نمەدێکی پڕ نەخش و نگار دائەنیشێ و پاڵی ماندووی ئەداتەوە.

ئاواز شەرمەزاری ماندوویی دایەگیان و خۆشحاڵ لە هاتنی، بەناو ژوورەکەدا هەڵئەسووڕێ. گڕی زۆپاکە خۆش ئەکا. چای گەرمی بۆ تێئەکا. دایک و باوک و براکانیشی لە ژوورەکە چوونەتە دەر، هەرکەسە بەلای کارو فرمانی خۆیەوە. دایەگیان دوای پشوودان چاو بەژوورەکەدا ئەگێڕێ. ژوورەکە پاک و خاوێنە. وەک پار ئەم دەمانە، وەک هەموو ساڵێک ئەم کاتانە، هەموو شتێک لەجێی خۆیدایە. دوو بەستەکە نوێن لە جاجمی پڕ نەخش و نگاردا بەدیوارەوە هەڵپەساردراون. سێ چلتیکەی دەسکردی گەورە کچی دەست ڕەنگین و بەتاقەت بەتاقەکانەوە شۆڕ بوونەتەوە. چراو ئاوێنەو گوڵ و گوڵدانی لاسیقی سەرتاقەکان بەڕیز داندراون. بەدیوارەکانیشەوە چەند تابلۆی جوان و لە ژوور هەموویانەوە ڕەسمەکەی عەلای برام، ئاخ عەلا. عەلا پانتۆڵ و ستارخانییەکی خاکی لەبەردایە. کڵاو و جامانەیەکی جوانی پێچاوەتەوە. دایەگیان تێر لێی ئەڕوانێ و پاشان نیگای بۆ ئاواز ئەگوێزێتەوە. ئەڵێ: «بووکە جوانەکەم، نەکا پێتوابێ عەلاگیان ئیمڕۆ نایەتەوە کە دەستت بخەمە ناو دەستی و...»

نا، تێناگەم. بۆ ئەبێ ئاوازیش ئەوەندە لە هاتنەوەی علا دڵنیا بووبێ؟ ئەویش دوای چەند ساڵ کە لە مەرگی عەلا تێئەپەڕێ. چەند ساڵ لە مەرگی عەلای برام – ئاخ عەلا – تێپەڕیوەو ئاوازیش وەک دایەگیان بڕوای بەتێپەڕینی ئەم ساڵە نییە. ئەم چوار وەرز و دوانزە مانگانە، ئەم سێسەدو شەست و ئەوەندە ڕۆژانە لە مێشکی ئاوازیش سڕدراونەتەوە حەتمەن. بۆیە ئەڵێ: «بێگومان عەلا دێتەوە.»

دایە گیان بەوتنەکەی شاد ئەبێ. بزەیەکی گەرم و شیرینی بەڕوودا ئەپژێنێ. بەگیانیدا. ئەوسا لە تەجرەبەی ژنیەتی خۆی بۆی ئەدوێ. لە ژیانی هاوبەشی لەگەڵ باوکم.

لەسەرخۆ لێخوڕە. هۆشی ئەو چاڵ و چۆڵانەشت بێ... من منداڵ بووم کە باوکم مردووە. شەش ساڵانە بووم. هیچی وام لێی لەبیر نییە. جگە لەوە کە جاروبار گۆرانی بۆ ئەخوێندین. باوکم دەنگی خۆش بوو. هێشتا دەنگ و وتنی لە گوێمدایە. تاریشی خۆش ئەژەند. عەلای براشم – ئاخ عەلا – دەنگی خۆش بوو، تارەکەی باوکیشمی چاک ئەژەند. دایەگیان ئەیوت: «عەلا هەموو شتێکی لە باوکت ئەچێ.» کاتێک ئەیوت کە باوکم

نەمابوو. ئێمەش، من و عەلا، وردە وردە گەورە ببووین. من گەنجێکی کزو ئارام، تەنیاو تەریک، لە قوتابخانەوە یەکڕاست ئەگەڕامەوە بۆ ماڵ و لە ماڵەوەش ئەچوومە ژوورەکەی خۆم و سەرم بەدەرس و کتێبەکانمدا شۆڕ ئەکردەوە. بەڵام عەلا... جوان لە بیرمە، ئەتوت دوێنێکە بوو کە لە ژوورەکەم هاتمە دەرو بەتووڕەییەوە وتم: «من لە ناو ئەم دەنگەدەنگ و زیقە زیقەدا دەرسم بۆ ناخوێندرێ.»

دایەگیان سەیری هاتێ. وتی: «دەنگەدەنگ و زیقەزیق؟»

من بێدەنگ بووم و سەرنجیم بۆ ژوورەکەی عەلا گوێزایەوە. عەلا لە ژوورەکەی خۆی تاری ئەژەندو گۆرانی ئەخوێند.

– «ئەو دەنگەدەنگ و زیقەزیقە.»

دایەگیان پێکەنی. وتی: «بۆ یەکەمجارە عەلا لە ژوورەکەی خۆی تار بژەنێ و گۆرانی بخوێنێ؟»

یەکەمجار نەبوو، بەڵام ماوەیەک بوو هەر کە لە قوتابخانە ئەهاتەوە ئەچووە ژوورەکەی، دەرکەی لە خۆی پێوە ئەداو دەنگی هەڵئەبڕی. ماوەیەک لەوەدوا زانیم ئەچێتە بەر پەنجەرە، ڕووەو کوڵان و بەرامبەر بەماڵێکی دراوسێمان خەمگینانە تار ئەژەنێ و گۆرانی ئەخوێنێ. وتم: «دایەگیان، چاوەڕوانی کاری وات لە عەلا ئەکرد؟»

دایەگیان هیچی نەوت. هەستا ڕۆیشتە بەر پەنجەرە، ڕووەو کوڵان و لەماڵی دراوسێکەمانی ڕوانی. دەنگ و هەرای ژەنین و خوێندنی عەلا بەماڵەکەدا بڵاو ببوەوە. بەکوڵانەکەشدا و لەوبەر کوڵانەکەشەوە کچی دراوسێکەمان هاتبووە بەر پەنجەرەی ژوورەکەی. وتم: «خەڵکی گەڕەک یان باوک و برای ئەو کچە پێ بزانن ئابڕوومان ئەبەن.»

دایەگیان ئەمجارەش هیچی نەوت. تەنیا پێکەنی.

وتم: «من ئەترسم دایەگیان. لە ئاخر و عاقیبەتی ئەم کارە ئەترسم.»

وتی: «تۆ لە ئاخرو عاقیبەتی چ کارێک ناترسی؟»

بە توانجەوە وتی. هەمیشە ئەیوت. بەتایبەت ئەو دەمە کە عەلا تازە ڕۆیشتبوو. دایەگیان ئەیوت: «تۆ پیاوێکی ترسنۆک و دەستەوەستانی. خەڵک بزنێکی ون ئەبێ حەوت ئاوایی لێی ئەگەڕێ. کەچی تۆ تاقە براکەت ون بووە ناچی سۆراخێکی بکەیت.»

وتم: «دایە گیان عەلا ون نەبووە. عەلا بەخواستی خۆی ڕۆیشتووە. هەموو کەسیش ئەزانێ چووە بۆ کوێ.»



وتی: «دەبچۆ بیهێنەرەوە. بچۆ نەسیحەتی بکەو دڵی بدەرەوە.»

– «نایەتەوە. دڵنیا بە نایەتەوە. ئەگەر بێتەوە تووشی گرفت و کارەسات ئەبێ.»

– «دەڵانیکەم بچۆ لێی بپرسە. بزانە چی ئەکاو چی ناکا، چی پێویستە و چی پێویست نییە.»

من ئەترسام بچم لێی بپرسم خۆشم پێوە ببم. تووشی گرفت و کارەسات ببم و ئەو چوار تمەنە مووچەشم ببڕن. بۆیە وتم: «ناتوانم بچم. ناچم.»

لێت ناشارمەوە نەچووم و نەلێم پرسی. ساڵێک و دوان و سیان، وەها کە براشم نەبێ. هەرکەس و لە هەر شوێنێک باسی کرد، وتم برای من نییە. هەر کەسی بەهەر بیانوویەکەوە لێ ڕاسپاردم، وتم من پیاوێک بەناوی عەلا ناناسم. تا ئەوەی کە دوای سێ ساڵ ڕۆژێک دایە گیان وتی: «عەلا ڕایسپاردووە دەیەوێ ژن بێنێ. کچێکی خەڵکی یەکێک لە ئاواییەکانی بناری کوێستان.»

وتم: «پیرۆزی بێ، بەمن چی؟»

– «بە تۆ چی؟ ئێمە ئەبێ بچین کچەکەی بۆ بخوازین. من و تۆ کە دایک و براین.»

دیسان وتمەوە ناچم. هەرچی شێر و ڕێوی هێنایەوە کە ئەگەر عەلا ژن بخوازێ ناچار ئەبێ واز لەو دەربەدەرییەی بێنێ و بەژن و ماڵیەوە بنوسێ و تەنانەت بێتەوە بۆ شاریش، ملم نەدا. تا ئەوە کە زۆری بۆ هات و وتی ئەگەر نەچم شیری مەمکەکانیم لێ حەڵاڵ ناکا. ناچار چووم. بەترس و بەدزی هەموو کەسەوە، ڕۆژێکی جومعە دایەگیانم هەڵگرت و چووین بۆ ئاوایی، بۆ ماڵی باوکی ئاواز. ماڵێکی بەڕێزو بەحورمەت بوون. بێ هیچ بڕ و بیانوویەک کچەکەیان پێشکەش کردین. من ئەو ڕۆژە تا عەسر زیاتر بەند نەبووم. هەرچی وتیان بمێننەوە بەڵکوو ئێوارە عەلا بێت و چاوت پێی بکەوێ، نەمامەوە. بەڵام دایە گیان مایەوە. دوو، سێ ڕۆژ دوایی کە هاتەوە، وتی: «بووکەکەت پێ چۆن بوو؟»

وتم: «زۆر جوان و خان و مان. عاقڵ و ژیر.»

وتی: «نازانی چەندە عەلاشی خۆش ئەوێ. لە سەعاتێکدا سەدجار لە دەوری ئەگەڕێ.»

زۆر شتی دیکەیشی وت لە خۆشەویستی نێوان عەلاو ئاواز. ئەوسا وتی: «دوو حەفتەی دی ڕۆژی چواردەی مانگ ئەبێ بچینەوەو لە یەکیان مارە بکەین.»

وتم: «من نایەم دایە گیان. عەرز و ئاسمان سەر لە یەک بدەن من ئیتر ناوێرم بێم.»

هۆشی ئەو چاڵ و چۆڵانەت ببێ. قورِو لیتەیە، بەڵام بەفرەکەی دوێنێ و دوێشەو دایپۆشیوە... دوێنێ ئەم کاتانە بوو بەفر دایکرد. نا، درەنگتر بوو. زۆر درەنگتر. ئەم کاتانە هەورە تەڵخ و چڵکنەکان تەڵخترو چڵکنتر تەنییانەوە. لە شار وابوو، ئەبێ لێرەو لە بناری کوێستانیش وابووبێ. لە ئاواییش وابووە حەتمەن. دایەگیان نەیدیوە. نیوەڕۆیەو لەسەر سفرەی ماڵی باوکی ئاواز خەریکی نیوەڕۆژە کردنە. دوانیوەڕۆ بوخچەکەی ئەکاتەوە حەتمەن. خەڵات و دیارییەکانیان بەسەردا دابەش ئەکا. ئەوسا ئەڵێ: «بووکە جوانەکەم، تۆ دانیشە با دایکت و باوکت بڕۆن بەلای کارەکانیانەوە. بەلای نان و خوانی شەو و دەعوەتی میوانەکانیانەوە.» کە ئەوان ئەڕۆن، ئەڵێ: «دە ئێستا ئەو جلە جوانانەت لەبەرکە بزانم تەواوە.»

ئاواز بەشەرم و بەخۆشییەوە جلە سپییەکانی لەبەر ئەکا. دایەگیان خشڵەکانیشی دەردێنێ. قۆلێک بازنە پڕ بەمەچەکی ئاواز، ملوانکەیەک پڕ بەگەردنی، کلکەوانە و گوارە و گوێبەرۆک. ئەڵێ: «ئەمانە خشڵی بووکێنی خۆمن، تۆش بەبووکی خۆتی ئەبەخشی ئیشاڵا.»

لەشی ئاواز لە ناو جلی سپی بووکێنیدا هەڵئەلەرزێ. خرینگە و زرینگەی خشڵەکان هەراسانی ئەکەن. ڕەنگ بەڕوویەوە ناهێڵن. ناوێرێ بچێتە بەر ئاوێنەو لە خۆی بڕوانێ. دایەگیان لێی ئەڕوانێ. لە قەد و باڵای و، بزەی دێتێ. بەبینینی لەرزینی لەشی، بیری خۆی و لەشی خۆی لە جلی بووکێنیدا ئەکەوێتەوە حەتمەن. ئاواز زۆر خۆی لەناو ئەو جلوبەرگ و خشڵانەدا پێناگیرێ. دایانئەکەنێ و بەهەمان ترس و دڵەکوتەوە لە ژوورەکە ئەچێتە دەر. دەری بن نسێی هەورە تەڵخ و چڵکنەکان. تاریک نا، ڕووناکیش نا. ئاواز لە تاریک و ڕوونی دەرەوەدا بەپلیکانەکاندا دائەگەڕێ. لە حەسارەوە تێئەپەڕێ و بەقەراغ پەرژینەکەدا بەرەو تەپۆڵکەی پشت ماڵان ئەچێ. دەوری تەپۆڵکەکە ئەداتەوە، بۆ بن دارتووەکە. دایەگیان ئەیوت: «دارتووەکەی پشت ماڵان ژوانگەیان بووە.»

شەوی دوای خوازبێنییەکە لە زمانی عەلا یان ئاوازی دەرکێشاوە حەتمەن. عەلای برام – ئاخ عەلا – لە بن دارتووەکە چاوەڕێی ئاوازە. وەک هەمیشە لە هاوڕێکانی دابڕاوە، خۆی دوا خستووەو لە نەدیوی بن دارتووەکە خۆی شاردۆتەوە. تا ئاواز بەهەڵەداوان بیگاتێ و، کە ئەیگاتێ خەندەیەکی ئەمەکدارانەی شیرینی بۆ ئەکا حەتمەن. ئەڵێ: «نەهاتیتایە نەئەڕۆیشتم.»



– «بریا نەڕۆیشتیتایە.»

عەلا لە چاوە ڕەشەکانی ئاواز ئەڕوانێ کە فرمێسکیان تێدا قەتیسە. بەخەم و نیگەرانییەوە ئەڵێ: «ئەوە ئەگری؟»

ئاواز چاوی دائەخا. نیگای بەباڵای عەلادا شۆڕئەبێتەوە. نەک بۆ بەرپێی، بۆ سەر سنگی کە پان و پیاوانەیە.

– «ئەترسم عەلا.»

بە دڵی پڕەوە ئەیڵێ. بەدەم لەرزی هەموو گیانییەوە. عەلا پاڵتۆکەی خۆی دائەکەنێ کە بەشانیدا بدا. ئاواز ناهێڵێ. ئەڵێ: «زۆر ئەترسم.»

– «لە چی؟ خۆمن بۆ شەڕ ناچم. ئەچم و دوو حەفتەی دی ئێوارەی ڕۆژی چواردەی مانگ ئەگەڕێمەوە. تا ئەوکاتە دایکم و کاکەشم دێنەوەو...»

ئاواز ئەڵێ دایکت هاتووە عەلا. دایەخانم هاتووە. ئەوسا سەرو نیگای هەڵئەبڕێتەوە. عەلا لەوێ نییە. ئاواز دائەچڵەکێ. سەیری ئەملاولای خۆی ئەکا. سەیری ڕچە باریکەکە. ڕچەکە ڕەش، بەناو سپیایی بەفرەکەدا ئەڕواو ئەڕواو، ئیتر ڕەش نامێنێ. هەر نامێنێ. تەنیا کوێستان ئەمێنێ و ئاسمانێکی گرژو مۆن و لەو کاتەدا بەفر دائەکا. ئەوکاتە دایکردووە حەتمەن. سەرەتا پرووشەو کلووە نەرم و بچووکەکان، لەسەر پەنجەرەی ژوورەکەی دایەگیان نیشتوون و تواونەتەوە. دایەگیان لەبەر پەنجەرەی ژوورەکە دانیشتووە. ڕوو لە دەرەوە، ڕوو لە بارشتی بەفرەکەو، کوێستان لەودیو سەمای کلووەکانەوە لە تەڵخی و تاریکی کەشەکەدا هەڵتووتاوە.

ئاواز کز و خەمبار لەژێر بارشتی تەنکی بەفرەکەدا ئەگەڕێتەوە. بەداوێنی تەپۆڵکەکەی پشت ماڵاندا بەرەو ماڵ ئەبێتەوە. هەنگاوێک بۆ پێش و ئاوڕێک بۆ دوا، بۆ کوێستان. عەلا ئێستا لە شوێنێکی ئەو کوێستانە هەزاربەهەزارە بەرچەو ڕێچکەیەکدا هەڵئەگەڕێ یان دائەگەڕێ. بەناو بارشتی بەفردا هەنگاو هەڵدێنێتەوە. کەی ئەگاتە ئاوایی؟ ئاواز لە خۆی ئەپرسێ. وەک پار ئەودەمانە کە لە خۆی پرسیوە و هەر خۆشی وەڵامی داوەتەوە: ئەگات، ئێستا یان سەعاتێکی دی، زۆر بخایەنێ تا ئێوارە ئەگات.

دایکی ئاواز ئەڵێ: «کچم ئەوە ئێوارەیە و نیوەی کارەکانمان نەکردووە. لەبری ئەوە بڕۆیتە بەر ئەو بەفرەو نەخۆش بکەوی، وەرە کارێکمان لەگەڵ بکە. لایەکمان لێ بکەرەوە.»

ئاواز هیچ نالّیّ. لە حەسارەکەوە تێئەپەڕێ. لەبەر دەرکەو دەلاقەی تەنوور و ژێرخانی مالّەکەیانەوە. لە تەنوور و ژێرخان دایکی و دوو، سێ ژن و کچی خزم و دراوسێیان خەریکی ئامادەکردنی نان و خوانی ئێوارەن. براکانیشی بەباوەش دار و کۆتەرەی وشک بۆ زۆپای ژوورەکانی سەرەوە کێشەوە ئەکەن. باوکیشی چووە لە میوانەکان بگێڕێتەوە.

کە ئەلّێم من تێناگەم، لە خۆوە نالّێم. کەس تێناگا. تەنانەت تۆش کە تا ئێرەی چیرۆکەکەم بۆ گێڕاویتیەوە تێناگەی. تا ئێرەی ڕێگەکە زۆر ناخۆش نەبوو. بەلّام لێرە بەولاوە، لەو تەبارەوە کە لائەدەین ڕێگەکە ناخۆشتر ئەبێ... گریمان ئاواز لە بەر دلّی دایەگیان دیان بەنەمانی عەلای برامدا – ئاخ عەلا – نەهێنێ، ئەی دایک و باوکی بۆ؟ ژن و کچی خزم و دراوسێیان بۆ؟ خەلّکی ئاوایی بۆ ئاوا تەسلیمی خەون و خۆزگەی دایەگیان بوون؟ دایەگیان ئەلّێ: «خەلّکی ئاوایی میهرەبان و دلّسۆزن.»

پێشتریش وای ئەوت. بەتایبەت کاتێ کە ئەهاتن بۆ شار و لە دایەگیانیان ئەپرسی، یان هەوالّی عەلایان پێ ڕائەگەیاند. ئەیوت: «ئەو خەلّکە لە تۆ زیاتر عەلایان خۆش ئەوێ.»

– «بۆ؟ بۆ ئەبێ خەلّکێکی بێگانە لە من زیاتر عەلایان خۆش بوێ؟»

– «چونکا عەلاش ئەوانی خۆش ئەوێ. بەخەمیانەوەیە.»

دایەگیان ڕاستی ئەکرد. عەلا بەخەمی هەموو کەسەوە بوو. تەنانەت بەرلەوەش بڕوا، سەری زمان و بنی زمانی خەم و کلّۆلّی خەلّک بوو. ئەیوت: «فلّانە کەس، فلّانە موشکیلی هەیە. فیسارە کەس، فیسارە زولّمی لێ کراوە.» ئەموت: «بەئێمە چی. خۆ ئێمە وەکیلی خێر و شەڕ و خەم و مەینەتی خەلّک نین. خۆمان هەزار بەدبەختی و کلّۆلّیمان هەیە. بۆ باسی کلّۆلّییەکانی خۆمان ناکەی؟»

باسی کلّۆلّییەکانی خۆشمانی ئەکرد. نەک وەها کە من پێم خۆش بێ، وەها کە من بترسم. لێت ناشارمەوە من لە قسەکانی ئەترسام. لە ڕەفیق و هاوڕێکانیشی. وتم: «دایە گیان عەلا ڕەفیقایەتی هەندێک کەس ئەکاو دەم لە هەندێک قسەوە ئەدا کە ئاخرو عاقیبەتی باش نابێ. نەک هەر بۆ خۆی، بۆ منیش کە تازە دامەزراوم.»

وتی: «تۆ برای گەورەی، هۆشت پێوەی بێ ڕەفیقایەتی کەسی خراپ نەکاو دەم لە قسەی خراپەوە نەدا.»

یەکەمجار بوو دایە گیان ئەوەی ئەوت. یەکەمجار بوو منی بەبراگەورە ئەزانی کە دەبوو هۆشم بەبرا چکۆلەکەمەوە بێ. بەلّام تا هاتم هۆشم پێوەی بێ، عەلا ڕۆیی. لەگەلّ چەند



کەس لە ڕەفیقەکانی. ناچار بوو بڕوا. نەڕۆیشتایە تووشی کارەسات ئەبوو. ئاخریەکەشی بوو. چەند سالّ دواتر، ڕۆژی چواردەی مانگی ڕەشەمە. ڕۆژێکی وەک دوێنێ. دوێنێ دایەگیان تا ئێوارە لەبەر پەنجەرەی ژوورەکە نەبزواوە حەتمەن. نابزوێ. لە کوێستان و لە بارشتی بەفرەکە، کە سات لەدوا سات قورستر ئەبێ، ئەڕوانێ. کوێستان لەژێر بارشتی بەفرەکەدا دێلّە دێوێکی سپییە لە کەشێکی تەلّخ و تاریکدا. دایەگیان نیگەران و تۆقاو لێی ورد ئەبێتەوە. ئەلّێ: «دێلّە دێو بەر بەهاتنەوەی عەلا گیان نەگری.» بەترس و تووڕەییەوە ئەیلّێ. زووش پەشیمان ئەبێتەوە. بەتکاو ڕەجاوە درێژەی ئەداتێ: «ئێمشەو عەلا گیان بووکی لێ مارە ئەکرێ. سەری هاتنەوەی لێ نەشێوێنی.» دەنگی تێکەلّ بەلرفە لرفی گڕی زۆپای ژوورەکە ئەبێ. کەس لە ژوورەکەدا نییە بیبیستێ. لە دەرەوەش کوێستان نایبیستێ؛ یان ئەیبیستێ و هیچ نالّێ. دایەگیان ئەلّێ: «عەلا گیان دلّی لێرەیە، دلّداریشی لێرەیە. نەکەی گلی بدەیتەوە. نەکەی لە بەندی کەی، لە بەندی ساردو سپیت.» هەڕەشەی لێ ئەکا. «لە بەندی کەی، خۆم دێم و ڕزگاری ئەکەم. دێم و لە قورگتی دەرئەهێنم.» تووڕە ئەبێ. «دێلّە دێو کوڕم بۆ تۆ گەورە نەکردووە. بۆ ئەوەی ئیمڕۆ لێم بستێنی و سبەی چوار کوت پێشەو پلانم بۆ تف بکەیتەوە.» وتویەتی حەتمەن. ئەیلّێ. بەدەم ترس و لەرزو گریانەوە ئەیلّێ. «کوڕم گەورە کردووە، بیکەم بەزاوا. زاوای بووکێکی نیانی وەک ئاواز.»

ئاواز لە شوێنێک لە مالّەکەدایە حەتمەن. لەبەر پەنجەرەی یەکێک لە ژوورەکان، لە بانیژە، یان لەناو دەرکەی پشتەوە کە بەسەر بانی ئاغەلّەکەدا ئەکرێتەوە. چەند جار لەسەر بانی ئاغەلّەکەوە بەپێ پلیکانەیەکی نزمدا داگەڕاوە و بەناو ئەو بەفرەدا کە سات لەدوا سات بالّای ئەکشێ دەوری مالّەکەیانی داوەتەوە. مالّەکە وردە وردە لە بێدەنگییەکی سارد و تەڕ و ترسناکدا ڕۆئەچێ. وەها کە چۆلّ و هۆلّ بێ، تەنانەت هیچ دەنگ و هەراو چرپەیەکیش لەسەر تەنوور و ژێرخانەوە نایەت. دایکی ئاواز و ژن و کچە خزم و دراوسێکانیشیان لەسەر تەنوورو ژێرخانی مالّەکە کزو بێدەنگ چاوەڕوانی بیستنی هەوالّێکی ناخۆش، بەدەوری گڕی کزی ئاگردان و هەلّم و هالّاوی مەنجەلّە چێشتەکانەوە دانیشتوون و جاروبار لە دەلاقەو دەرکەی ئاوەلّاوە سەر هەلّئەبڕن. لە تاریکی دەرەوە ئەڕوانن کە تەلّخترو تۆختر بالّی بەسەر ئاوایی و بەسەر هەموو دنیای ئەو بناری کوێستانەدا ئەکێشێ. ئاواز بێ ئۆقرە و نائارام لە سووچێکی تاریکی مالّەکەوە بۆ سووچێکی تاریکی دی و چەند جاریش خۆی بەژوورەکەی دایەگیاندا کردووە حەتمەن.

دایەگیان لەبەر پەنجەرەی ژوورەکەدا هەڵلەرزیوە. ئاواز دوولۆ پەتوویەکی بەشان و پشتیدا داوە. دایەگیان هەستی پێ نەکردووە حەتمەن. هەستی پێ ناکا. لە ژوورەکەدا نییە تا هەستی پێ بکا. لە دەرەوەیە. لەبەر بارشتی بەفرەکە، لەو تاریکییەدا بەلێژی بناری کوێستاندا هەڵئەگەڕێ. ئازاو توندو تۆڵ، وەک تافی جوانی، هەنگاوی قورس و قایم هەڵدێنێتەوە. دڕ بەدڵی ساردی بەفرەکە ئەداو بەدەم هەڵگەڕانەوە جاروبار سەری هەڵئەبڕێ. بەفر مەجالی نادا بەباڵای کوێستانەکەدا هەڵزنێ. کولووەکان خۆ بەڕوومەتیدا ئەپەلۆسن و لە چاویدا ئەتوێنەوە. ناچار سەری دائەنەوێنێتەوە و دیسان هەڵئەگەڕێتەوە. لە بەرزاییەکە با هەڵئەکا. لە بنارو لە ئاوایی، بەفر مەندو ئارام ئەبارێ. لە بەرزایی بای توند و سەرشێت خول بەبارشتی بەفرەکە ئەدا. لە بەرزایی تۆف و کرێوەیە. عەلای برام – ئاخ عەلا – لەو تۆف و کرێوەدا لێی قەوماوە حەتمەن. بەرلەوە تاریکیش دابێ دنیای لێ نەدیو بووە. شاخ و دۆڵ و سەری رەشی دارو درەختەکان و بەربەرۆچکەی بەردو شاخەکانیشی لێ نەدیو بووە. تەنانەت هاوڕێکانیشی. هەرای کردووە: «هۆ کوڕینە...» دەنگی لە هاژەهاژ و لرفە لرفی با و کرێوەکەدا تواوەتەوە. هاوڕێکانی نەیانبیستووە. دایەگیانیش نایبیستێ. هەراو هاواری عەلا نابیستێ کە لە تاریکی و لە تۆف و کرێوەی کوێستاندا دەنگ هەڵئەبڕێ. بەفرو کرێوە، دەنگ و هەرای بەقوڕگیدا ئەدەنەوە. عەلا تۆقاو و هەراسان پەل ئەکوتێ. بەناو تۆف و کرێوەکەدا، هەڵئەگەڕێ و دائەگەڕێ. هاوڕێکانیشی دوور و نزیک هەڵئەگەڕێن و دائەگەڕێن و کوێستان تاریک و تاریکتر ئەبێ.

ئاواز دواجار کە تێ ئەگا دایەگیان لە ژوورەکەدا نییە، ئەتۆقێ. تۆقاوە حەتمەن. سەراسیمەو هەراسان لە ژوورەکە ئەچێتەدەر. هاوار ئەکا: «دایەخانم... دایەخانم...» کەس وەڵامی ناداتەوە. ئەچێتە سەر بانیژەو پڕبەقوڕگی ئەقیژێنێ: «دایەخانم ڕۆشتووە...» قیژەکەی ئاواز نەوەک هەر بەماڵ و حەسارەکەی خۆیاندا، بەهەموو ئاواییدا بڵاو ئەبێتەوە. خەڵکی ئاوایی ئەیبیستن. نزیکترینیان دایکییەتی کە بەقیژەو هاواری کچەکەی دائەچڵەکێ و دەرئەپەڕێتەدەر. بەدوایدا ژن و کچە خزم و دراوسێکان لەژێر خان و سەرتەنوورو، پاشان هەموو خەڵکی ئاوایی لە ژووری ماڵەکانیان دێنەدەر. پیاوەکانیش لە مزگەوت دێنەدەر. ئاواز بێ برانەوە ئەقیژێنێ و خەڵکی ئاوایی حەپەساو و تۆقاو بەرەو قیژەو هاوارەکەی ئەچن.

وتم لێرەبەولاوە ڕیگە ناخۆش ئەبێ... لێرەبەولاوەی چیرۆکەکەش خەڵکی ئاوایی



ئەیگێڕنەوە. بەتایبەت پیاوانی ئاوایی کە دوابەدوای هەواڵی ڕۆیشتنی دایەگیان کاڵەو پێڵاو ئەبەستن و فانۆس بەدەست لە ئاوایی دەرئەکەون. لەبن دارتووەکەی پشت ماڵان ئەبنە دوو دەستەو هەردەستە بەلایەکدا بەبناری کوێستانەکەدا هەڵئەگەڕێن. پیاوانی ئاوایی ئەگێڕنەوە؛ هەر ڕۆشتوون و هاواریان کردووە: «دایەخانم، هۆ دایەخانم...» ئەم دەستە، دەنگ و هەرای گەیوەتە ئەو دەستەی دیکەو، ئەودەستەی دیکەیش... کەسیان دەنگیان نەگەیوەتە دایەگیان. دەنگی دایەگیانیش ناگاتە عەلای برام – ئاخ عەلا – عەلا بەدەوری خۆیدا هەڵئەسووڕێ و قاو لە هاوڕێکانی ئەکا کە لێی هەڵبڕاون. هەموویان لە یەکدی هەڵبڕاون. تاریکی و تۆف و کرێوەی کوێستان ناهێڵێ پێک بگەنەوە.

من لەوێ نەبووم، بەڵام ئەزانم عەلا لەو تاریکی و تۆف و کرێوەدا زیاتر لەخۆی بەخەمی هاوڕێکانییەوە بووە. ویستوویە بیانبینێتەوەو، سێ بەسێ چیان بەسەردێ پێکەوە بەسەریان بێ. بۆیە تاو ئەداتە تفەنگەکەی و لە شانی ئەکاتەوە. گەلەن گەدەنەکەی ڕائەکێشێ و گولله ئەچێتە بەر دەرزی تفەنگەکە و دەرزی چاوەڕوانی جوولەی پەلەپیتکەو... گرمەی تەقینەوەیەک بەو کوێستانە هەزار بەهەزارەدا بڵاوئەبێتەوە. پیاوانی ئاوایی ئەگێڕنەوە تەقەی تفەنگ و گرمەو هاڕەی شەق بردنی دڵی کوێستانیان پێکەوە بیستووە. ئەوە ئاواییشمان لێ دەرکەوت...

پیاوانی ئاوایی ئەگێڕنەوە گرمەو شریخەی هەرەسە بەفرەکە لەو دۆڵەوە بەرزبۆتەوە کە ئەوسا پێیان وتووە دۆڵی خان و ئێستا پێی ئەڵێن دۆڵی هەرەس، جاروباریش پێ ئەڵێن دەولی عەلا، یان دۆڵی دایەخانم. ئەڵێن هەموو ساڵێک کلیلە بەفرەکان بەرەو ئەو دۆڵە هەرەس دێن. بۆیە کەسی ئاشنا بەوکوێستانە، زستانان، بەتایبەت ئاخرو ئۆخری زستان و سەرەتای بەهار لەو دۆڵەوە تێناپەڕن. ئەوانیش لەوێوە تێنەپەڕیون، بەشاخ و بڵیندایییەکانی ئەملای دۆڵەکەدا هەڵگەڕاون. بەڵام دایەگیان... دایەگیان ئەبێ نەیتوانیبێ بەو هەورازەدا هەڵگەڕێ. یان ئەبێ لە دڵی گەڕابێ، کرێوە سەری لە عەلاو هاوڕێکانی شێواندووە و نەشارەزا بەدۆڵەکەدا داگەڕاون.

ڕایگرە. ئەمە ئەو تەختاوکەیە کە وتم. ئەرێ لێرە ڕایگرە...

ئاواز ئێستا ئێمەی دیوە حەتمەن. ئەمانبینێ و بەرەو پیرم دێ. وەک پار، وەک هەموو ئەم چەند ساڵە. دایک و باوکی و پیاوانی ئاواییش بەرەو پیرم دێن. پیاوانی ئاوایی ئەڵێن تازە لە کوێستان گەڕاونەتەوە. بەخەم و گریانەوە ئەڵێن تازە لە دۆڵی خان، یان

عەلا، یان دایەخانم هاتوونەتەوە. ئەوان دوێشەو و، ئیمڕۆش لە بەیانییەوە تا عەسر بەبێڵ و خاکەناز لە بالآی بلّیندی بەفری دۆڵەکە وەربوون. کوا ئەو کێوە بەفرە ڕماوە بەو چەند پیاوەو بەهەزار ئەوەندە پیاویش لائەدرێ و ئەپشکندرێ؟

وتم ئێستا خەڵکی ئاوایی بەرەو پیرم دێن. ئەوە بەراییان دەرکەوت. ئەرێ... وتم من لە ڕاست و ناڕاستی ڕووداوەکانی ئەم چیرۆکە ناگەم. ئێستا دێن و ئەڵێن بگەڕێوە. ئەڵێن یەک، دوو مانگی دی وەرەوە کە بەفری کوێستان و هەرەسە بەفری ئەو دۆڵە توابێتەوە. ئەوسا ئەگەڕێین و تەرمەکەی عەلاو هاوڕێکانی و، تەرمەکەی دایەخانمیش ئەدۆزینەوە. بگەڕێوە.



## ئێرە ماڵی ئێمەیە

ئەڵێ ڕەنگە دەرهێنەر خۆی تێگەییبێ؛ یان ئەندامێکی گرووپەکە... ئەڵێ ڕەنگە کوڕەکە پێی وتبێ. وتبێتی: جەناب بەو هونەرپیشەتان بلێ یارمەتیم بدا. دەرهێنەر سەرسووڕماو وتبێتی: کامە هونەرپیشە؟ کوڕە وتبێتی: ئەوەی وا دەوری شۆڕشگێڕە کوردەکە دەگێڕێ. دەرهێنەر بزەی هاتبێتێ: ئەها! هیوا. ئەو ئەبێ چیت بۆ بکا؟

وتبووی: «تۆ ئەبێ چی بۆ ئەو کوڕە کلۆڵە بکەی؟»

بەئەوی وتبوو. شەو، کاتێک لە شوێنی فیلم هەڵگرتن گەڕابوونەوە. لە هۆڵی هوتێل لە دەوری یەک کۆ ببوونەوە. چایان ئەخواردەوەو، ئەدوان.

وتبووی: «ئەو کوڕە چی لەتۆ ئەوێ؟»

ئەوسا بزەیەکی شەیتانانە نیشتبووە سەر لێوی. کوڕەکان دیبوویان. ئەوانیش بزەیەکی شەیتانانەیان هاتبوویە. ئەو داچڵەکیبوو. پیاڵەی نیوە پڕی چاکەی لەسەر مێزەکە دانابوو، سەری هەڵبڕیبوو، وتبووی: «کامەکوڕجەنابی کەماڵی؟»

– «ئەوەی وا وەخت و بێ وەخت بەشوێن گرووپەکەوەیە؛ بەشوێن تۆوە.»

ئەو وتبووی: «زۆر کەس وەخت و بێ وەخت...» باقی وشەکان وەک مەلی پێکراو بەلالێویەوە بەر ببوونەوە. نیگای لە فیلم هەڵگری گرووپەکە، کە بەرامبەری دانیشتبوو سمێڵی بادەدا، بۆ تابلۆی سەرسنگی دیواری هۆڵەکە گوێزابۆوە. تابلۆی پیاوێکی تووڕەی گرژو مۆن کە تەنیا لە ئەوی نەئەڕوانی. کەماڵی پێکەنیبوو. لە قۆری چینی سەر مێزەکە پیاڵەیەکی دی بۆ خۆی تێ کردبوو. وتبووی: «ئەزانم. ئێوە هونەرپیشەن و زۆرکەسی... بەتایبەت منداڵ و مێرمنداڵ...» وتبووی: «بەڵام ئەوکوڕە وەک کەسی دی نییە.»

وەک کەسی دی نەبو. وەک کوڕانی هاوتەمەنی خۆی کە بەدەوری گرووپەکەدا هەڵئەسووڕان. هەمیشە تەنیا بوو؛ تاقی تەنیا، بەرامبەر دەرکەی هوتێلەکە، لەسەر لێواری جۆگەی شەقامەکە دائەنیشت و چاوەڕوانی هاتنەدەری گرووپەکە ئەما. کە ئەهاتن، تا شوێنی فیلم هەڵگرتن دوایان ئەکەوت. ئەوسا هەمدیس بەتەنیا لە سووچێک ڕائەوەستاو لە یاری هونەرپیشەکان ورد ئەبۆوە. کوڕێکی لەڕو لاواز بوو. پانزە ساڵ زیاتری نەئەنواند.

بەڵام وەک گەنجی بەتەمەنتر لە خۆی، جگەرەیەکی بەلالێویەوە ئەناو لە ئەو ڕائەما. ئەم ڕامان و ورد بوونەوە ئەوی تووڕە کردبوو. وتبووی: «تۆ چیت لە من ئەوێ هەتیو؟» وتبووی: «بەپیر، بەپێغەمبەر، من ڕێبوار نیم و ڕێبواریش ناناسم.»

ئەڵێ ڕەنگە کەماڵی بیستبێتی کە کوڕە بەئەوی وتووە، تۆ ڕێبواری. من دڵنیام تۆ کاک ڕێبواری و باوک و دایک و خوشکم ئەناسی.

وتبووی: «تۆ ئەبێ یارمەتیم بەی بیاندۆزمەوە، ئەگەر زیندوو بن. ئەگەریش کوژرابن گۆڕەکانیان بدۆزمەوە.»

ئەو وتبووی: «من ئەبێ لەکوێ لەدایک و باوکی تۆ بگەڕێم؟ یان لە گۆڕی بێ خاوەنیان.» تووڕەو داماوانە وتبووی. چەند جار دووبارەی کردبۆوە: «لە کوێ؟ پێم بڵێ لە کوێ؟»

کوڕە وتبووی: «لە هەڵەبجە.»

کەماڵی وتبووی: «نەتوتبوو خەڵکی هەڵەبجەیت. وتبووت...»

وتبووی: «خەڵکی کەرکووکم. جەوراوای کەرکووک.» ئەوسا کارتە سەوزە ئێرانییەکەی نیشان دابوو. کەمالی وتبووی: «بەمن چی تۆخەڵکی هەڵەبجەی یان کەرکووک، یان تەنانەت سنە. ئەوەی بۆ من گرنگە ئەوەیە زۆر زوو موشکیلەی خۆت و ئەو کوڕە بەلایەکدا بخەیت. نامەوێ هەموو ڕۆژ و هەموو شەوێک ئەو کوڕە لەبەر دەرکەی هوتێل یان لەشوێنی فیلم هەڵگرتن ببینم. ئەترسم کێشەیەکمان بۆ ساز بکا. پێشتریش وتوومە...»

پێشتریش وتبووی. لە سنە، بەر لەوەی ڕێ بکەون، وتبووی: «ئێمە دەبێ بۆ تەواو کردنی دوا بەشەکانی فیلمەکەمان بچینە کوردستانی عیراق. بچینە سلێمانی. تۆ لەوێ موشکیلەت نییە.» ئەو وتبووی: «موشکیلەی چی جەنابی کەماڵی. من هەر لەگەڵ بەعسیەکاندا موشکیلەم هەیەو ئەوانیش...» کەماڵی سەری لەقاندبوو. بەدەم زەردەخەنەوە دەستی بەشانیدا هێنابوو. ئەوسا ڕوویکردبووە هەموو کوڕانی گرووپەکە و وتبووی: «ئەوێ وڵاتی خۆمان نییە. هەموومان ئەبێ ئاگامان لە خۆمان و لە هەڵس و کەوتمان بێ. نامەوێ هیچکام لەئێوە لەگەڵ خەڵکی ئەوێدا تووشی کێشە بن.»

ئێستا ئەو تووشی کێشە ببوو. لەگەڵ کوڕێکی لاوازی مێرمنداڵداو، ئەبوو زۆر زوو کێشەکەی بەلایەکدا بخات. بۆ ئەوە لە هوتێل چووبووە دەر. چووبوو کوڕەکە ببینێ و بۆ دواهەمجار پێی بڵێ کە وازی لێ بینێ. پێی بڵێ ڕێبوار نییە و خەڵکی هەڵەبجە نییە و



هەرگێز دایکی و باوکی ئەوی نەدیوە. بەتایبەت خوشکەکەی. کارتە سەوزە ئێرانییەکەشی لەگەڵ خۆی بردبوو. ڕەسمێکی خۆی بەلایەکی کارتەکەوە لکابوو. ڕەسمی ئەودەمە کە جوانترو گەنجتر بوو. ناو و نیشانیشی لەسەر کارتەکە نووسرابوو. هیوا محەمەد ئەمین، خەڵکی جەوراوای کەرکووک. دوانزە ساڵ لەمەوبەر پەنای بۆ ئێران بردبوو. دەساڵ بوو کارتی سەوزیان دابوویە.

کوڕە لەوبەر شەقام، بەرامبەر بەهوتێل لەسەر لێواری جۆگەکە دانیشتبوو. جۆگەکە وشک بوو. کوڕە هەر کە ئەوی دیبوو، هەستابوو. لەگیرفانی کراسە کۆنەکەی جگەرەیەکی دەرهێنابوو، دایگیرساندبوو. ئەو تووڕەو سەراسیمە لە شەقامەکە پەڕیبووەوە. نەگەیشتبووە کوڕەکە، وتبووی: «ئیمڕۆ ئەبێ کێشەی خۆم و خۆت بەلایەکدا بخەم.»

ئەڵێ ڕەنگە بەدەنگی بەرز وتبێتی. یان زۆر تاڵ و هەڵچوو بووبێ و کوڕەکەی ترساندبێ. بەڕەنگی پەڕیوی ڕوخسارو جوولەی توندو بەپەلەی پێڵووەکانیدا دیار بوو کە ترساوە.

کوڕە چەند هەنگاو کشابۆوە. دەستی لە گیرفانی پانتۆڵەکەی ڕۆکردبوو، زنجیرێکی ئاسنی ئەستووری دەرهێنا بوو. زەنجیرەکەی لە دەوری چوار ئەنگوستی ڕەش و چڵکەسووی دەستی ئاڵاندبوو. وەک گەنجی جەربەزەو شەڕانخێو. جگەرەکەی فڕێدابوو، بەبەرەپێ کووژاندبوویەوە. ئەو دووبارەی کردبووەوە: «ئەرێ ئەبێ ئیمڕۆ کۆتایی بەم کێشە بێنم. ئەبێ تێبگەم کە بۆ پیلەم پێ ئەگری. هەزارجار وتوومە من ئەوە نیم لێی ئەگەڕێی.»

کاتێک ئەمەی وتبوو کە لە ناوە ڕاستی پیادەڕۆکە بەرامبەر بەکوڕە ڕاوەستابوو. کوڕە لەڕترو بچووکتر بووبۆوە. سەری هەڵبڕیبوو کە دیسان لە چاو و، لە ڕوومەتی وەک پشکۆ سوور هەڵگەڕاوی ورد ببێتەوە. ورد بووبۆوە، بەڵام زۆرخۆی پێ نەگیرابوو. ئەو کارتەکەی لەبەر چاوی کوڕەکەدا ڕاگرتبوو. وتبووی: «ئەمەش کارت و هۆویەم.»

کوڕە هیچی نەوتبوو. خۆی بەزنجیری دەوری مستیەوە خافڵاندبوو. ئەو تووڕەتر نەڕاندبووی: «دە بیخوێنەرەوە بێ دین. هیوا محەمەد ئەمین. خەڵکی جەوراوای کەرکووک.»

شەقام و پیادەڕۆ چۆڵ بوون. دوانیوەڕۆ بوو، هەتاو لە پشتی ساباتی دووکانەکان خۆی شاردبۆوە.

– «ئەمەش ڕەسمی ساحەب مردووم. دە بڕوانە.»

کوڕە بەدزیەوە لە ڕەسمەکەی ڕوانیبوو. ڕەسمی ڕێبوار. بەڵام دیسان هیچی نەوتبوو. دیسان خۆی بەزەنجیری دەوری مستیەوە... ئەو بۆ ساتێک دەهری ببوو. دەستی هەڵبڕیبوو. ڕەنگە بۆ ئەوە بەسەر و ڕوومەتی کوڕەیدا بپەڵۆسێ. کوڕە چاپووک، دوو سێ هەنگاو کشابۆوەو زنجیرەکەی بەدەوری خۆیدا سووڕاندبوو. ئەبێ دیمەنێکی سەیرو سەمەرەو پێکەنین دار بووبێ. ئەو بزەی هاتبوویە. بزەیەکی تاڵ. دەستی هەڵبڕاوی هێور داخستبوو. ئەبێ دڵی بەخۆی مابێ. بەبێ دەسەڵاتی خۆی. کەوتبووە پاڕانەوە. وتبووی: «بە هەڵە چووی کاکی خۆم. بەخوا بەهەڵە چووی. من ئەگەر ڕێبوار بوومایە. ئەگەر خەڵکی هەڵەبجە بوومایە...»

نەیوتبوو بۆ ئەبێ حاشا بکەم. یەکەم ڕۆژ ئەوەی وتبوو. نەک ئەو ڕۆژە هاتبوونە سلێمانی. ڕۆژی دوا ئەو ڕۆژە. لە شوێنی فیلم هەڵگرتن وتبووی. لە کۆڵانی گەڕەکێکی قەراغ شار. ئەو دەورەکەی خۆی بەباشی بینیبوو. دەوری شۆڕشگێڕێکی کوردی عیراقی کە لەگەڵ چەند سەربازی ئێرانیدا نیوەشەو خۆیان بەشاردا ئەکەن و لە ماڵێکی ئەو کۆڵانە خۆیان حەشار ئەدەن. ڕۆژی دوایی بەعسییەکان پێئەزانن. کۆڵان و هەموو گەڕەک گەمارۆ ئەدەن. پاشان، دوا شەڕێکی ماڵ بەماڵ و دەستەویەخە ئەیانگرن و... تا باقی کارەساتەکە.

ئەڵێ ڕەنگە دەرهێنەر بیری لە سازکردنی فیلمێکی دی کردبێتەوەو نووسینی سیناریۆیەکی دی. ڕەنگە لەبەر خۆیەوە وتبێتی چیرۆکێکی سەیرە. کوڕێکی پانزە ساڵە کە هەرخوا ئەزانێ ئەو دەمە کە سێ ساڵانە بووە چۆناو چۆن لە بۆمبارانی هەڵەبجە لە چنگ مردن قوتار بووە، پاش دوانزە ساڵ بەبینینی ئەو، بیرەوەریەکی دووری بیرئەکەوێتەوە. وێنەیەکی ڕۆژی بۆمباران لە زەینیدا ئەژیەتەوە.

کوڕە وتبووی: «بریا ئەکرا تۆش ببینی. وێنەی کاک ڕێبوارە. کوت ومت لە ئێستای ئەچێ. ئەڵبەت بەحاستەم گەنجەترەو هەروا تۆزێکیش خۆشحاڵتر.» وتبووی: «کاک ڕێبوار زاوایە. لەپاڵ بوکدا لەسەر کورسیەک دانیشتووە. بووک خوشکی منە. دڵنیام کە خوشکی من بووە. کاک ڕێبوار پێئەکەنی. وەک ئێستا ئەگەر پێبکەنێ و بووکیش...»

دەرهێنەر پەنجەی لە ڕیشی ڕۆکردبوو. وتبووی: «بووک چی؟ ئەویش پێئەکەنێ؟»

کوڕە سەری داخستبوو.

– «ڕوومەتی بووکم بەلێڵی لێ دیارە.ئەڵێی لە پشت شیشەیەکی ماتدایە.» ئەوسا دیسان سەری هەڵبڕیبۆوە. «بەڵام ڕوومەتی کاک ڕێبوار لەپشت شیشەیەکی ڕووندایە.



شیشەیەکی ڕوونی وەک...» سەری بەمەلاولادا گێڕابوو. «وەک...» چاوی بەدەرکەو پەنجەرەو شیشەی سەر مێزەکەی بەردەستیدا خشاندبوو. «وەک...» هەموویان ڕەش ومات بوون.

دەرهێنەر بزەیەکی خەمخۆرانەی هاتبوویە. قامکی بۆ شیشەی ڕوونی یەکێک لە تابلۆکانی سەر سنگی دیوارەکە درێژ کردبوو. ڕوخساری ژنێک لەپشت شیشەکە بوو. ژنێکی جوان کە لە شتێک تۆقابوو.

کوڕە وتبووی: «بەڵێ، وەک ئەم شیشە.»

دەرهێنەر وتبووی: «کەسی دیکەیش ئەیبینی کە ڕوومەتی لە پشت شیشەیەکی ڕوون بێ؟ ئەبێ کەسی دیکەیشی لێ بووبێ وانییە؟»

– «حەتمەن کەسی دیکەیشی لێ بووە. زەماوەندی خوشکم بووە. حەتمەن دایک و باوکیشم لەوێ بوون. زۆر کەس لەوێ بووە، بەڵام من وەبیرم نایەتەوە. کاک ڕێبوار وەبیری دێتەوە. ئەو ئەگەر ببهەوێ...»

دەرهێنەر وتبووی: «ئەی خۆت؟ تۆ ئەبێ ئەودەمە سێ ساڵانە بووبی.»

زەردەی بزەیەک بەڕوومەتی کوڕەدا تێپەڕیبوو. وتبووی: «ئەرێ من منداڵ بووم. منداڵێکی بچووک. حەتمەن بەرامبەر بەبووک و زاوا دانیشتووم و چەپڵەم لێداوە. وەک دایک و باوکم. وەک ئەوانی دی. ئەبێ هەموومان چەپڵەمان لێدابێ.»

کوڕە جگەرەیەکی لە گیرفانی دەرهێنابوو. دەرهێنەر وتبووی: «ئەی دەنگەکان؟ دەنگەکانت لەبیرە؟ دەنگی چەپڵەو...»

کوڕە جگەرەکەی دانەگیرساندبوو. لەگیرفانی ڕۆکردبۆوە. وتبووی: «نا» پاشان وتبووی: «بەڵام تەنیا دەنگی تەقینەوە. دەنگی پێکدا درانی دەرکەو پەنجەرەو، ڕەنگە قیژوقاو و هەراهەرای خەڵکیش...»

ئەڵێ ڕەنگە دەرهێنەر بیری لەوە کردبێتەوە ئەگەر زیاتر دنەی زەینی کوڕە بدرێ چیرۆکەکەی تەواو بکات.

وتبووی: «تۆ ئەبێ لەگەڵ ئەم کوڕە کلۆڵ و لێقەوماوە میهرەبانتر بی.» دەرهێنەر بەئەوی وتبوو. وتبووی: «من بەڵێنم پێداوە دوای تەواو بوونی ئەم فیلمە لەگەڵی بڕۆین بۆ هەڵەبجە».

ئەو داچڵەکاو و تۆقاو وتبووی: «هەڵەبجە؟ نەکا تۆش باوەڕت بەو چیرۆکە کردبێ،

جەنابی کەماڵی؟» کەماڵی نەیوتبوو باوەڕی کردووە. ئەڵبەت نەیوتبوو باوەڕیشی نەکردووە. وتبووی: «پێکەوە ئەچین. من و تۆ و ئەو کوڕە.» نەیوتبوو ئەو کوڕە. وتبووی: «ئەم برادەرە. من ئەمەوێ فیلمێک لە ژیانی ئەم برادەرە سازبکەم. مەگەر تۆ نەتئەویست لە فیلمەکانی دیکەیشمدا یاری بکەی؟» دەرهێنەر درێژەی پێ نەدابوو. ئەویش هیچی نەوتبوو.

کوڕەکە خۆشحاڵ بووبوو. باسی ژیانی خۆی کردبوو. باسی ڕابوردووی. باسی ئەو دەمە کە منداڵ بووە، منداڵکی سێ ساڵانەو، پیرە مێردێکی ئاوارە بەبێوەژنێکی خەڵکی گوندێکی لای سنەی سپاردووە. وتبووی: «دایە گوڵبەهار شەش ساڵ وەک دایکی خۆی پێی ڕاگەیشتووە. بەڵام کە شووی کردۆتەوە، مێردەکەی ئەوی بەپیرە پیاوێکی حافز فرۆشتووە. بۆ ئەوە کە چاوساغی بێ.»

ئەڵێ ڕەنگە خۆشی وەشک کەوتبێ. کاتێک دەرهێنەرو باقی ئەندامەکانی گرووپ لە دڵەوە بڕوایان بەکوڕە کردووە، ڕەنگە خۆیشی وتبێتی: «نەکا من بەڕاست ڕێبوار بم؟ نەکا خەڵکی هەڵەبجە بم و لە کارەساتێکدا، بلێین لە بۆمبارانەکەدا هەموو شتێکم فەرامۆش کردبێ؟»

دەرهێنەر ئەوەی پێ وتبوو. ئەو ڕۆژە کە لەگەڵ کوڕەکە لە سلیمانییەوە بەرەو هەڵەبجە چووبوون. لە کاتێکدا لە جادەو دەشتی ئەمبەراوبەری جادەو لە مەزرای زەردو دروێنەکراوەوە تێپەڕیبوون ئەو وتبووی: «ئەگەر من بەراست ڕێبوارم و خەڵکی هەڵەبجەم، بۆ ساڵەها لەمەوبەر کاتێ پەنام بۆ ئێران بردووە بەناوی هیوا محەمەد ئەمین خەڵکی جەوراوای کەرکووک کارتی سەوزم وەرگرتووە؟»

شەوی بەر لە ڕۆشتنیان بۆ هەڵەبجە، کاتێک لە هۆڵی هوتێلەکە لەگەڵ هەموو کوڕانی گرووپەکە ماڵاوایی و دەست و مۆستیان کردبوو، ئەو وتبووی: «بریا کەرکووکیش وەک ئێرە ئازاد بوایەو من بمویرایە لە هەمووتان بگێڕمەوەو، لە دێی خۆمان میوانداریتان بکەم.» وتبووی: «لە جەوراوا ماڵێکی گەورەو، باخ و زەوی و زار و، سەدان سەر وەڵاخمان هەیە.»

خزمەتکاری هوتێل کە چای بۆ هێنابوون، وتبووی: «مەگەر تۆ خەڵکی جەوراوای؟ دوو کیلۆمەتری ڕۆژهەڵاتی کەرکووک؟»

ئەو سەری بۆ لەقاندبوو. خزمەتکار شەرمێون زەردەخەنەی بۆ کردبوو. وتبووی: «ساڵەهای ساڵە جەوراوا وێران بووە. نەکا بەهەڵە چووبی؟»



خزمەتکار لەبەر خۆیەوە بەگوێیدا چرپاندبوو. کوڕانی گرووپەکە نەیانبیستبوو. ئەویش سەرخۆی نەهێنابوو.

ئەڵێ ڕەنگە ئەو کوڕە بەتایبەت ئەو و دەرهێنەری بۆ ئەو چایخانەیە بردبێ. چایخانەیەک لە ناوەڕاستی هەڵەبجە. ڕەنگە بیری کردبێتەوە حەتمەن کەسێک ڕێی ئەکەوێتە ئەوێ و ڕێبوار ئەناسێتەوە.

کوڕە وتبووی: «سێ ساڵ لەوەبەر کاتێک وازم لە کوێرکێشی هێناو لە چنگی ئەو حافزە خۆم دەرباز کرد، کاتێک بۆ یەکەمجار هاتمە ئێرە، لەم چایخانە گیرسامەوە.»

چایچی پیاوێکی گەڕاوەی گولەکە بوو، کە دەستی ڕاستی تا بن باڵی لە بەرۆکی کراس و کەواکەی ڕۆئەکرد و سەرسنگ و ناوشانی خۆی ئەخوراند. کوڕە لەپێش ئەو و دەرهێنەردا چووبووە ژوور. چایچی بەبینینی بزەیەکی میهرەبان و بێ تەکانی هاتبوویە و، وتبووی: «خۆ تۆ ئەتوت ئیتر سەر بەهەڵەبجەدا ناکەیتەوە.»

کوڕە گەڕابۆوەو، ئەو و دەرهێنەری بۆ ژوورەوە پێش خۆی دابوو. چایچی وتبووی: «بەهەڵە نەچووبێتم کەس و کارت دیوەتەوە.»

کوڕە میوانەکانی پێ ناساندبوو: «ئەمە کاک ڕێبواری زاوامە. ئەم جەنابەش دەرهێنەری سینەمایە.»

وتبووی: «ئەیەوێ فیلمێک لە ژیانی من ساز بکا.» ئەوسا چووبوو لە پاڵ ئەو و دەرهێنەردا دانیشتبوو. چایچی بەباڵای مشتەرییە غەریبەکانیدا هەڵزنابوو، بەڵام هیچی نەوتبوو. پیاوێکی ئاوڵەڕوو کە چاوە تەڕەکانی دەرتۆقیبوون و لەپاڵ چایچییەکەدا دانیشتبوو وتبووی: «ئەی بۆ کەس نایەت فیلمێک لەژیانی من سازبکا؟ من کە هەشت سەر خێزانم لە بۆمبارانداا...»

گەنجێکی بیست، بیست و دوو ساڵە هەڵیدابوویەو وتبووی: «فیلم لە تۆ سازبکەن؟ ئەبێ فیلم لە گەنجەکان سازبکەن. لەو گەنجانە کە وەک من ساڵەها پێشمەرگەی نیشتمانیان بوون.» ئەوسا سنگی دەرپەڕاندبوو، فیگۆڕێکی ئەکتەرانەی گرتبوو، ڕۆشتبوو بەرامبەر دەرهێنەر لەسەر کورسییەکی چێوی دانیشتبوو.

دەرهێنەر وتبووی: «ئەگەر پارەیان ئەدامێ، بەدڵنیاییەوە لەم شارە دەیان فیلمم ساز ئەکرد کە هەموویان خەڵاتی باشترین فستیواڵەکان وەربگرن.»

دەرهێنەر ئێوارەی ئەو ڕۆژە وتبووی. دوای ئەوەی هەموو شەقامەکانی شاری پشکنیبوو،

زۆربەی کاولەکانی سەردەمی بۆمبارانی دیبوو، چەند کەسێکی خەڵکی شاریشی دواندبوو.

ئەو و دەرهێنەر و کوڕە شەو لەو چایخانە مابوونەوە. نەک هەر ئەو یەکەم شەوە. چایچی تا درەنگان قسەی بۆ کردبوون. باسی ڕابووردووی شاری کردبوو. باسی ئەو پاشایانە کە لە پاشانشینی قەڵاکەیان لە ناوەراستی باخێکی گەورە، ڕوو لە کانی و ئەستێرێک دائەنیشتن و لە کچانی جوانی شار، کە گۆزە لەسەر شان ئەهاتن و ئەرۆشتن ورد ئەبوونەوە، شیعریان دائەناو بۆیەکیان ئەخوێندەوە.

دەرهێنەر وتبووی: «واز لە ڕابووردووی دوور بێنە. باسی ڕابووردووی نزیکمان بۆ بکە. باسی شەڕو بۆمباران. باسی ڕۆژی بۆمبارانە شیمیاییەکەمان بۆ بکە. باسی ئەو خەڵکە کە...»

چایچی قسەکەی پێ بڕیبوو. وتبووی: «تەنیا کارێک کە ئەتوانێ بۆ شەهیدانی ئەو ڕۆژە ڕەشەی بکا، ئەویە کە باسیان نەکا. پاشان ڕووی لە ئەو کردبوو. وتبووی: «ئەم کوڕە ڕاست ئەکا کە ئەڵێ تۆ زاوایانی؟ زاوایانی؟»

ئەو زەردەخەنەیەکی تاڵی کردبوو. وتبووی: «ئەمە یارییە. یارییەکی سینەماییە.»

بەرلەوە بڕۆن بۆ هەڵەبجە دەرهێنەر وتبووی: «لە فیلمەکەی داهاتوومدا تۆ دەوری زاوای ئەو کوڕە ئەبینی دەوری زاوای کوڕێکی کلۆڵ و داماو کە...»

ئەڵێ ڕەنگە چایچی پێشبینی کردبێ کە ئەم چیرۆکە کوتاییەکی خۆشی نییە، بۆیە وتوویە هۆشت بێ ئەمە یاری نییە. کوڕە یاری ناکات. ئەو ماڵەوماڵ بەشوێن کەسێکدا ئەگەڕێ کە ڕێبوار بناسێ و، وەبیری بێتەوە.

ئەو وتبووی: «کوڕە لە خۆوە خۆی ماندوو ئەکات. من بەدرێژایی تەمەنم جگە لەم ڕایە جارێکی دی هاتوومە ئێرە.»

هەرچی تێفکریبوو بیری نەکەوتبۆوە کەی و، چەندە لێرە بووە. وتبووی: «حەتمەن ئەودەمە زۆر منداڵ بووم.» ئەو وتبووی. بەچایچی وتبوو کە دایمەی خوا دەستی لە بەرۆکی کراس و کەواکەیدا بوو، سەرسنگ و ناوشانی ئەخوراند. نیوەشەوانیش لە چایخانە ئەچووە دەر و لە جۆگەی شەقامەکەدا ئەڕشایەوە. دەرهێنەر وتبووی: «تۆ ئەبێ بچیتە لای دوکتۆر، لە سلێمانی یان لە هەولێر. بچیتە لای دوکتۆرێکی پسپوڕ.»

چایچی پێکەنیبوو. وتبووی: «شتێکی وانییە. زۆربەی خەڵکی هەڵەبجە...»



زۆربەی خەڵکی هەڵەبجە ڕێبواریان ناسیبوو. لە وەڵامی کوڕەکەدا کە پرسیبووی: «ئێوە ئەم کاک ڕێبوارەتان بیر دێتەوە؟ لە بەر لە بۆمبارانەکەوە؟» وتبوویان: «ئەڵبەت کە بیرمان دێتەوە.» وتبوویان: «تا ئێستا لەکوێ بووە؟ ئەڵێیی هیچ نەگۆڕاوە.» کوڕە خۆشحاڵ ببوو. دەرهێنەر سەری سووڕمابوو. ئەویش...

ئەو وڕو کاس بوو. قسەکەی چایچی کە وتبووی هۆشت بێ ئەو کوڕە یاری ناکات، وڕوکاسی کردبوو. چایچی وتبووی: «نابێ بڕوا بەقسەی ئەم خەڵکە بکەی.» وتبووی: «سێ ساڵ لەمەبەر کاتێک ئەم کوڕە هاتبووە ئێرەو لە دایک و باوکی ئەگەڕا، دەیان ژن و پیاو لەبەر دەرکەی چایخانە ڕیز ببوون. هەموویان ئەیانوت دایک و باوکی ئەم کوڕەن. تەنانەت لەگەڵ یەکدی بەشەڕ ئەهاتن. یەکیان باسی خاڵی خوار برۆی چەپی ئەکرد. ئەیوت باوەگەورەی خوالێ خۆشبووشی خاڵێکی لە خوار برۆی چەپییەوە بووە. یەکیان باسی کۆنە برینێکی تەپڵی سەری ئەکرد. ئەیوت یەک ساڵانە بووە لە پەنجەرە کەوتۆتە خوار و تەپڵی سەری شکاوە. چایچی وتبووی: «کوڕەی داماو لە دایک و باوکێک ئەگەڕا، بەڵام دەیان دایک و باوکی بۆ پەیدا ببوو. یەک، دوو مانگ هەر چەند شەو لای دایک و باوکێک بوو.»

دەرهێنەر وتبووی: «بۆ ئەم خەڵکە تا ئەو ڕادە درۆزنن؟»

چایچی هەمدیس پێکەنیبوو.

«درۆزن؟ ئەڵبەت کە درۆزن نین. لەم شارە دەیان ژن و پیاو لەڕۆژی بۆمباراندا کوڕی سێ ساڵەیان ون کردووە، کە ڕێی تێئەچوو ئەم کوڕە یەکێک لەوان بێ.»

ئەڵێ ڕەنگە دەرهێنەر وتبێتی ئێستا ئەزانم بۆ کەس فیلمی لەم خەڵکەی ساز نەکردووە. وتبێتی منیش مافی ئەوەم نییە و، ئەڵبەت ناشتوانم لە ژیانی ئەم کوڕە فیلم ساز بکەم.

وتبووی: – بەکوڕەی وتبوو – «تۆ ئەبێ واز لە ڕابوردووت بێنی. ئەبێ ڕابوردووت فەرامۆش کەی و، لە بیری ساز کردنی داهاتووتدا بی.» کوڕە بەگەمەی زانیبوو. وتبووی: «داهاتوو؟» بەڵام کە زانیبووی دەرهێنەر گەمە ناکاو بەڕاستیەتی، ترسا بوو: «بەڵام تۆ بەڵێنت پێداوم.»

دەرهێنەر دەستی خستبووە سەرشانی کوڕەو وتبووی: «بە یادەوەری و وێنەیەکی خەیاڵی کە تەنیا ڕوخساری کەسێکی تێدا ئاشکرایەو...»

کوڕە هەڵیدابوویە: «بەڵام من ڕوومەتی دیکەیشی تیا ئەبینم.» بەخۆشییەوە وتبووی. بەتکاو پاڕانەوەوە.

– «له دوێنێوه كه باش له كاك ڕێبوار ئەفكرم و، وێنەكەم دێتەوە بەرچاو، چەند ڕوومەتێكی دیكەیش بەڕوونی ئەبینم. ڕوومەتی خوشكم كه بووكه، ڕوومەتی ئەو كەسانە كه له ژوورەكەدا له پاڵ بووک و زاوا ڕاوەستاون. پێئەكەنن و چەپڵە لێئەدەن.»

كوڕە چوارەم ڕۆژ یان پێنجەم ڕۆژ ئەوەی وتبوو. ئەو ڕۆژە كه شەوی پێشووی ژنێكی شەل دەركەی چایخانەی كوتابوو. دەركەی چایخانە داخرابوو. چایچی و میوانەكانی مێزەكانیان كۆ كردبۆوە. كورسییەكانیان له پاڵ یەكدی ڕیز كردبوو. جێ وبانیان لەسەر ڕاخستبوو. له پڕ دەركه كوترا بوو. چایچی دەركەی كردبۆوە. ژنێک سەراسیمە و هەڵوەدا خۆی بەژووردا كردبوو.

– «كارت بەكێیە خوشكم؟ چیت ئەوێ؟»

چایچی پرسیبووی و ژنه وەڵامی دابۆوە: «كارم بەكاكەمە. كاكه ڕێبوارم ئەوێ.»

چایچی و دەرهێنەر، تەنانەت كوڕەش تاساو، نیگایان له ژنەكەوە بەرەو ئەو گوێزابۆوە. نیگای سەرگەردانی ژنەش بەڕوومەتی ئەوەوە بەند ببوو. چاوەكانی بریسكابوونەوە. چێوشەقەكانی فڕێدابوو و شەله شەل هەڵاتبوو. وتبووی: «ڕێبوار گیان... كاكه ڕێبوار.» ئەوسا له پڕمەی گریانی دابوو.

دوای ڕۆشتنی ژنه چایچی وتبووی: «ئەگەر چەند ڕۆژی دی لێرە بمێنیتەوە دەیان ژن و پیاوی دیكەیش دێن و ئەڵێن تۆ برا یان كوڕیانی.» ئەویش گریابوو. وتبووی: «من هەر ئەم بەیانییە لەم كاولبووە ئەڕۆم. لەگەڵ خۆركەوتن.» بەڵام نەڕۆیشتبوو. هیچیان نەڕۆشتبوون.

ئەڵێ ڕەنگە كوڕە درۆی كردبێ. بەدرۆ وتبێتی ڕوومەتتی دیكەیشم وەبیركەوتۆتەوە. ڕوومەتی بووک و ئەو كەسانەی كه ئەو ڕۆژە لەپاڵ بووک و زاوادا ڕاوەستاون و پێكەنیون و...

كوڕە وتبووی: «ئێستا ئیتر ماڵەكەشمان ئەبینم. حەساری ماڵەكەش. تەنانەت كۆڵانەكەشم وەبیركەوتۆتەوە.»

دەرهێنەر وتبووی: «وەبیرت هاتبێتەوە یان نا، ئێمە ئیمڕۆ لێرە ئەڕۆین. ئەگەڕێینەوە.» وتبووی: «ئێمە بۆ حەفتەیەک مۆڵەتمان وەرگرتووە. درەنگتر بگەڕێینەوە تووشی كێشە ئەبین.»

بەڵام ئەو وتبووی: «یەک، دوو ڕۆژی دیكەیش...»



– «ئەمێنینەوە؟»

دەرهێنەر بەسەیرو سەرسووڕمانەوە پرسیبووی. چایچیش. كوڕە خۆشحاڵ ببوو. بزەیەكی ئەمەكدارانەی هاتبوویە و وتبووی: «سوپاس كاک ڕێبوار. سوپاس.»

ئەو وتبووی: لەم یەک، دوو ڕۆژەدا ئەبێ هەموو كۆڵانەكانی شار بگەڕێین.» ئەوسا ڕوویكردبووە كوڕە: «ئەو كۆڵانە كه ئەڵێی بیرت هاتۆتەوە، ئەگەر دیسان ببینییەوە...»

– «حەتمەن ئەیناسمەوە.»

گوتبووی: «ئەم كۆڵانەیە» و، ڕاوەستابوو. له سەرەتای كۆڵانێكی تەنگەبەر و داخراودا كه ڕێی بۆ هیچ كوێیەک نەبوو، جگە بۆ چەند كەلاوەو، چەند خانووی بچووک كه دیار بوو ئەوانیش ڕووخابوون و، بەداروو پەردوو، بەردو خشتی پێشوویان دیسان ساز كرابوونەوە. ئەویش ڕاوەستا بوو.له پاڵ كوڕەكەدا. وتبووی: «بە هەڵە نەچووی؟ ئەم كۆڵانە تەنگەبەر و داخراوەو ئەم ماڵانە...»

كوڕەخۆی بەكۆڵانەكەدا كردبوو. ڕۆشتبووە لای ئەو منداڵانە كه له گڵ و خۆڵدا گەوزیبوون.

چەند ژن له سێبەری درەختێكدا دانیشتبوون. درەختەكە له ناوەڕاستی دیواری حەساری یەكێک له ماڵەكاندا بوو.

درەختێكی گەورە، ئەستوورتر له پانایی دیوارەكە، چەند منداڵ پیایدا هەڵگەڕابوون، بەژوور دیوارەكەوە لەسەر ئەو لقانە كه ڕووەو حەسار چەمابوونەوە، دانیشتبوون. له ناو لق و پۆپ و گەڵاكاندا. دەوراندەوری حەسارەكە خەڵک بەڕیز وێستابوون. حەسار پان و گەورە بوو. له ناوەڕاستیدا حەوز و تروومپایەک بوو. خەڵک بەدەوری حەوز و تروومپاكەدا هەڵئەپەڕین. كوڕە وتبووی: «بڕوانە كاك ڕێبوار، ئەمەش تروومپاكە.»

تروومپاكە مابوو. بەبێ دەسک و ئاوهەڵێنج. بەڵام حەوزەكە نەمابوو. پڕ ببووەوە. ماڵەكەش كاول ببوو. تەبارێک گڵ و بەرد. درەختی ناوەڕاستی دیواری حەسارەكەش وشک ببوو. سووتابوو. دیواری حەسارەكەش... كوڕە بەرەو تروومپاكە چووبوو.

ئەڵێ ڕەنگە پیرێژن له پەنجەرەی بچووكی ماڵەكەیەوە ئەوانی دیبێ. ئەو و، كوڕەكە دەستی ڕاستی بەلوولەی تروومپاكە گرتبوو، بەدەوریدا هەڵئەسووڕا.

پیرێژن لەوبەر كۆڵان له پەنجەرەی ماڵەكەیەوە ئەوانی دیبوو. خنەخن بەپلیكانە چێویەكەدا داگەڕابوو. له دەركەی ماڵەكەی هاتبووە دەر. لەوبەر كۆڵانەوە بۆ ئەمبەر، بۆ

لای ئەو، شان بەشانی ئەو ڕاوەستابوو، لە کوڕەکە کە هێشتا بەدەوری خۆیداو بەدەوری تروومپاکەی ناوەڕاستی حەسارەکەدا هەڵئەسووڕا ورد بووبۆوە.

– «تۆ لەم کۆڵانەدا ئەژی دایە؟»

ئەو پرسیبووی. پیرێژن لە کاتێکدا چاوی لە سووڕانەوەی کوڕە هەڵنەئەگرت، سەری لەقاندبوو. وتبووی: «ئەرێ کوڕم، من ساڵەهایە لەم کۆڵانە...»

ئەو وتبووی: «ئەم ماڵەش ڕۆژی بۆمبارانەکە ڕووخاوە. تۆ خاوەنی ماڵەکە ئەناسی؟»

پیرێژن یەک، دوو هەنگاو لێی کشابۆوە، بەرەو درەختە سووتاوەکە، پاڵی پێوە دابوو. ئەهوەند داخزابوو، لە بنیدا هەڵتووتابوو. وتبووی: «ماڵە برامە.» ئەوسا تێزە بزەێکی داماوانەی کردبوو. «ساڵانێک لەمەبەر ماڵە برام بوو.» کوڕە هەروا بەدەوری خۆیداو بەدەوری تروومپاکەدا خولابۆوە. کەلاوەکەو هەموو کەلاوەکانی کۆڵان بەدەوریدا خولابوونەوە. ئەو بەرەو پیرێژن چووبوو. بەترس و دڵەکوتەوە بەرامبەری دانیشتبوو. وتبووی: «ماڵی برات بووە؟» سەرسووڕماوانە وتبووی. بەگومانەوە. ئەوسا لە دەم و چاوی پڕلە چرچ و لۆچی پیرێژن ورد بووبۆوە. وتبووی: «ئەم کوڕە ئەڵێ ڕۆژی بۆمبارانەکە لەم ماڵەدا زەماوەند بووە. زەماوەندی...» نەیوتبوو خوشکی. خوشکی کوڕە.

پیرێژن وتبووی: «زەماوەندی ڕێبواری کوڕم.» پیرێژن لەئەوی نەڕوانیبوو، لە کوڕەکەی ڕوانیبوو، یان لە ماڵە کاولەکە. یان لە شوێنیکی دوور. زۆر دوور. وتبووی: «کچی براکەم بۆ خواستبوو. نازەنینی برازام.» وتبووی: «لە هەموو کەس و کارمان گێڕابۆوە. لە هەموو دۆست و ناسیاوێک. لە خەڵکی کۆڵان و گەڕەکیشمان گێرابووەوە. زەماوەندێکی گەورە بوو. بەچوار دەوری ئەم حەسارەدا خەڵک ڕاوەستابوون و هەڵئەپەڕین.» وتبووی: «ڕێبواری جوانەمەرگ و بووکە نامورادەکەی لە یەکێک لە ژورەکاندا لەسەر دوو کورسی دانیشتبوون. برا و خوشکەکانم... برازا و خوشکەزاکانم...» پیرێژن وتبووی و فرمێسک بەچرچ و لۆچی ڕوومەتە ماندووەکەیدا خل بووبۆوە.

ئەڵێ ڕەنگە پیرێژن بەهەڵە چووبێ. ڕەنگە ڕێبوار نەکوژرابێ. لە ڕۆژی وادا، لە قڕەو قەرەباڵغی وادا... ڕەنگە من...

پیرێژن وتبووی: «کاتی بۆمبارانەکە من بۆ کارێک ڕۆشتبوومەوە ماڵی خۆمان. ئەم ماڵەی بەرامبەر. کە تیارەکان هاتن من لەوێ بووم. کە گرمەو هاڕەی بۆمبەکان نەما دەرپەڕیمەدەر. خەڵک وەک مێروو لە دەرکەی ئەم حەسارەوە ئەهاتنە دەر. هاوارم کرد،



بووک و زاوا... ڕێبوار و نازەنین... خەڵک دەرفەتی چوونە ژووریان نەئەدامێ. تەنانەت دەرفەتی ڕاوێستان و مانەوەش. وەک لافاو پێش خۆیان ئەدام و لە ماڵەکەیان دوور ئەخستمەوە. من هاوارم ئەکرد، بووک و زاوا... ڕێبوار و نازەنین... ئەیانوت ئەوان بەر لە هەموو کەس دەرپەڕیونەتە دەر. ئەیانوت بەچاوی خۆیان دیویانن کە سوار ئوتومبێل بوون. دیبوویانن؟ بووک و زاوا لە ژوورەکەدا مابوونەوە؟ براو براژنیشم مابوونەوە؟ ئەوان کوژرابوون؟ خنکابوون؟...» پیرێژن لە پرمەی گریانی دابوو.

ئەو وتبووی: «بەڵام ڕەنگە ڕێبوار...»

بە ترس و دڵەکوتەوە وتبووی. چاوی لە پیرێژن بڕیبوو. لە چاوە تەڕەکانی. لە چرچ و لۆچی ڕوومەتی. پیرێژن وتبووی: «دایکی بمرێ ڕێبوار، شۆڕە لاوێک بوو!» ئەوسا نیگای لە کوڕەکە، لە کەلاوەکە و لەو دوورانە دزیبۆوە، لە ئەوی ڕوانیبوو. وتبووی: «شۆڕە لاوێکی باڵابەرز بوو. وەک تۆ. بەڵام نا... لە تۆ گەنجترو زۆر شادتر بوو.»

کوڕە ماندوو هەناسە سوار بەرەو ئەو هاتبوو. وتبووی: «چاوت لێ یە کاک ڕێبوار؟ ئێرە ماڵی ئێمەیە. هەر ئەو ماڵە کە وتبووم. من ماڵەکەمانم دۆزیوەتەوە.»

ئەڵێ ڕەنگە ئەگەر منیش بگەڕێم، ڕەنگە ئەگەر منیش کەسێک ببینم و بەبینینی وێنەیەک لە ڕابوردوو، یادێکی کۆن لە زەینمدا بژیەتەوە... ڕەنگە ئەگەر...

بەهاری ١٣٨٠

# ئەو کە ونبوو

ئەوەی وا مەیلی هەموومانی بۆ ئەو و چارەنووسەکەی ڕاکێشا، کارەساتی ئەو شەوە ترسناکە بوو. ئەو شەوە کە کێلەکەی ئەفسانەی جەمالیان تیاشکاندو، نەخشی ڕوخساریان وردو خاش کرد. زۆربەمان، بەتایبەت هاوسێکانی ئەفسانە لە دەمێکەوە، لەو ڕۆژەوە کێلەکەیان - کە وێنەی جوانی ڕوخساری ئەفسانەی لەسەر کێشرابۆوە - لەسەر گۆڕەکەی دامەزراند، سەرەنجمان ڕاکێشرابوو. لەوە پێش کەس گوێی بەئەو - ئەفسانە نا، ئەو - نەئەدا. خراپتر لەوەش ڕقیان لێی بوو. ئەیانوت: خەڵوەتەکەمان ئەشێوێنێ. یەکێک ئەیوت: لە خۆی بیستووە لەبەر خەڵوەتی ئێرەیە دڵی لێ هەڵناکەنێ. بەکەسێک لە ئێمەی نەوتبوو. ڕەنگە بەیەکێک لە خۆیان، یان لەبەر خۆیەوە وتبێتی: جگە لێرە کوێی هەیە بچێ؟ ئەیانوت: ئێرە بەموڵکی خۆی ئەزانێ. وتبووی: هەرگیز بستێک موڵکی خۆی نەبووەو خەمی بوون و نەبوونیشی نەخواردووە. ئەیانوت: پیاوێکی سەرسەری لە جیهانی زیندووەکاندا یان گەوجە یان دڵڕەق و بێ بەزەیی. بەڵام جاروبارە قسەی وای ئەکرد لە وتەی فەیلەسووفەکان ئەچوو. کەسێک کە بەرلەوەی بێتە ئێرە مامۆستای دەرسی فەلسەفە بووە، ئەمەی ئەوت.

مامۆستا ئەیوت: نابێ فریوی گریانی بخۆین. پیاوە دڵڕەقەکان زیاتر لە خەڵکی ئاسایی ئەگرین. ئەگەرچی لە خەڵوەتدا و دوور لە چاوی خەڵکی.

کەس نەیئەزانی ئەو بۆ کێ یان بۆچی ئەگری. زۆربەی ئێواران کاتێک لە ڕۆخە سوور و نارنجییەکەی ئاسمان ورد ئەبووەوە، گۆرانییەکی بەسۆزی ئەچڕی و بەدەمییەوە ئەگریا. ئێمە بەبوغزێک کە لە دەنگیدا بوو ئەمانزانی. فرمێسکەکانی لێ ئەشاردینەوە. تەنانەت دوا کارەساتەکەی ئەو شەوەش، لە تاریکی پێش خۆرکەوتندا فرمێسکەکانی لێ شاردبووینەوە.

کەسانێک پێیان لەسەر ئەوە دائەگرت کە بەیانی شەوی کارەساتەکە ئەو نەگریاوە. ماوەیەک لە کێلە شکاوەکە ڕاماوە، پاشان لە نێو لەت وکوتی کێلەکەدا لە پارچەکانی نەخشی ڕوخساری ئەفسانە گەڕاوەو، کاتێک هیچی نەدۆزیوەتەوە هەستاوەو ڕۆیشتووە.



بۆ کوێ؟ گرێ پووچکەی کێشەکە لێرەدایە. ئێمە، هەموومان ئەمانەوی لەوە بگەین کە دوا بەجێهێشتنی ئێرە لە بەیانی شەوی کارەساتەکەدا بۆ کوێ چووە؛ یان چی بەسەر هاتووە؟

زۆر کەس ئەڵێن، چووە تۆڵەی کێلە شکاوەکە لەو پیاوانە بستێنێتەوە. دراوسێکەی مامۆستای فەلسەفە - کە تا ئێستا کەسمان ناوی نازانین - ئەڵێ، کاتی ڕۆیشتن بەلای گۆڕەکەی ئەودا تێپەڕیوە. ئەڵێ گوایە ئاگری تۆڵەی لە چاوە تەڕەکانیدا دیوە. بەڵام کەس گوێ بەقسەی ئەو نادا. ئەو خۆی قوربانی تۆڵە سەندنەوەیەکەو هێشتا ئاگری تۆڵەی چاوی بکوژەکەی لەبیر نەچۆتەوە. ئەڵێن: بەبینینی دیمەنی کێلە شکاوەکە تووشی نائومێدییەکی سەیر بووەو سەری خۆی هەڵگرتووە. لاوێکی کوورِ کەچەند ساڵ لەمەوبەر لە داخی بێ وەفایی کچە خاڵ یان کچە مامەکەی خۆی کوشتووە، ئەڵێ: چووە خۆی دەم ئاوی چۆمێک بدا، ملی بەپەتێکەوە بکا؛ یان وەک من پیاڵۆکە ژارێک بەسەرەوە نێ.

پیرێژنەکەی دراوسێی دیوار بەدیواری ئەفسانەی جەمالی کە لە هەموو کەس زیاتر بەینی لەگەڵ خۆش بووە، ئەڵێ: جگە لە خودا تەنیا ئەفسانەی جەمالی ئەزانێ چووە بۆ کوێ و چی بەسەر هاتووە. پیرێژن سوێند ئەخوا کە بەر لە ڕۆشتن دەمی لە گۆڕکەی ئەفسانە نزیک خستۆتەوە و شتێکی بەگوێدا چرپاندووە. بەڵام ئەو (واتە پیرێژن) نەیبیستووە. کچە مێرمنداڵەکەی پەنای، لە دەمی دەرئەچێ و ئەڵێ: ڕەنگە بۆ ماڵاوایی گۆڕەکەی ماچ کردبێ. کچە بەدیتنی خێسەو مۆڕەی ئەوانیدی لاڵ ئەبێ و لە پڕمەی گریان ئەدا.

لە هەرحاڵدا هەموومان پێمانوایە ئەم گرێ پووچکە تەنیاو تەنیا بەدەستی ئەفسانەی جەمالی ئەکرێتەوە. بەڵام ئەفسانە لەدوا کارەساتەکەی ئەو شەوە خۆی لە گۆڕەکەیدا حەپس کردووەو کەس، تەنانەت پیرێژنەکەی دراوسێشی تاقە وشەیەک چییە لێی نەبیستووە.

ئەم ئاگرە لە گۆڕی ئەفسانەی جەمالییەوە هەڵئەستێ. ئەمە قسەی ئەو ژنە ڕەشتاڵەیە وا گۆڕەکەی لە پشت هەموو گۆڕەکانەوەیە. کە ئەبینێ قسەکەی لەجێێ خۆیدا نەبووە، تووڕە ئەبێ. ئەڵێ: هەموو شەڕو شۆری دنیا لەژێر سەری ئەم ژن و کچە بەڕەڵایانەوەیە. کەس ناوێرێ نارەزایی دەربڕی. ڕقاویتر ئەڵێ: یەکێک لەمانە بوو ژیانی من و منداڵەکانمی بەئاگرەوە نا. ئەوسا بەهەمان ڕق و تووڕەییەوە پشتیان تێ ئەکاو ئەچێتەوە گۆڕەکەی خۆی. ژنێکی تووڕەو تووتڕکە سەرە، ئەڵێن ساڵانێک لەمەوبەر لە داخی هەوێی جوانەکەی ئاگری لە خۆی بەرداوە.

ئەڵێم: نەکا ئەفسانەی جەمالی... و، درێژەی پێنادەم. زۆریان تیزە بزەیان دێتی. ڕەنگە

پێیان وابێ ویستوومە بڵێم: نەکا ئەفسانەی جەمالی لە ترسی کارەساتەکە سەکتەی کردبێ و مردبێ. بەڵام خۆ من تائەوڕادە گێژو فەرامۆشکار نیم. ڕاستە ئەگەر بشێ مردوو سەکتە بکاو دیسانەوە بمرێتەوە، ئەوشەوە بێگومان ئەفسانە سەکتەی ئەکرد و ئەمرد. زۆربەمان بەتایبەت ئەوانەی وا لە دەمێکەوە دانیشتووی ئەم شوێنەین، زۆر شەوی ناخۆشمان بووە. بەڵام ئەو شەوە نەوەک هەر ناخۆش، شەوێکی ترسناکیش بوو. من خەوتبووم. ئەڵێن دەمەو نیوەشەو بووە کە دەنگە دەنگی چەند پیاوێکیان بیستووە. شتێکی سەیر کە پێشتر کەمتر ڕوویداوە. سەیرتر لەوەش، دەنگە دەنگەکە هاوار هاوارێکی سارد و بۆڕ بووە. وەها کە لە کەڕەناوە هاتبێتە دەر. کۆرسێکی تاڵ کە نزیک و نزیکتر بۆتەوەو بڵیندو بڵیندتر. کە گەیشتۆتە کێلەکەی ئەفسانە هاوئاهەنگییەکەی پچڕاوە و نەزمی کۆرسەکە تێکچووە.

من لە دژوێن و فەزیحەتی شێتانەیان لەخەو ڕاپەڕیم. هەروەها لە تەقەتەق و زرم و کوتیان. بەترسەوە سەرەتاتکەم کرد. ئەوانەی لە گۆڕەکانیان هاتبوونەدەر، لە پشت کێلەکانیانەوە خۆیان حەشار دابوو، لە ترسا هەڵئەلەرزین. شەوێکی ساردو تاریک بوو. ئەڵبەت نەئەوەندە سارد کە دوایی بڵێن لە سەرما هەڵلەرزیون و ئەوەندەش تاریک نەبوو تاپۆی هێرشەکەرەکان نەبیندرێ.

تاپۆکان لەسەر سنگی گۆڕەکان لە سەما و هەڵپەڕکێیەکی سەیردا بوون. وەک شایی جنۆکان. بەڵام ئەوان جنۆکە یان دێوو درینج نەبوون. چەند پیاوێکی ڕەشپۆشی فێدار بوون، هاتبون کێلەکەو نەخشی ڕوخساری ئەفسانە بشکێنن و شکاندیان. لەتە گەورەکانیشیان هاڕی. پاشان هێور بوونەوە. هەرا هەراکەیان نزم بۆوە، بووە چرپەو... ئەوسا بێدەنگی. بێدەنگییە هەمیشەییەکە. ئێمە، ئەو چەند کەسەی وێرابوومان و تا پشت کێلەکانمان هاتبووین، لە ترسی شاڵاوی دووبارە خزاینەوە گۆڕەکانمان.

ئەڵێن: ئەو شەوەش وەک زۆربەی شەوان ئەو لێرە بووە. ئەڵێن: بەبیستنی هەراهەرای پیاوەکان لە دەستی تفیوە، هەڵاتووە و تا دەمەو بەیانیش نەگەڕاوەتەوە. بەڵام چەند ڕۆژێک لەمەوبەر پیرە پیاوێکی پەککەوتەی کەمدووێن کە گوایە ئەویش گۆڕهەڵکەن بووە، بەکەسێکی هاوتەمەنی خۆی وتووە: گۆڕهەڵکەنەکان ئەوەندە ناپیاو نین لە شەوی وادا پشت لە گۆڕەکان بکەن و هەڵێن. ئەگەرچی هێندێ کەس بەگومانن نەکا ئەو پیرە پیاوە باوک یان باوە گەورەی ئەو بێ و بیەوێ بەناحەق لە سەری هەڵقڕێ، بەڵام لەبەر



ئەوەی هەمووومان ئەزانین ئەو چەندە کێلەکەی ئەفسانەی خۆش ئەویست، ئەم شک و گۆمانانە جێ ناکەون. مامۆستای فەلسەفە کە گوایە ڕۆژی خۆی سەری لە عەشق و عاشقیش دەرچووە، ئەڵێ: پیاوی عاشق هەرگیز مەیدان چۆڵ ناکا. ئەڵبەت پیاو ئەبێ لە تافی زیندووبوونیدا عاشق بووبێ، تا لەم قسانە بگا.

پاشان ئاخێکی قووڵ هەڵئەکێشێ و بەگوێی مندا ئەچرپێنێ و ئەڵێ: سەد بریا من و تۆ ئەودەمەی زیندووبووین وەک ئێستا هاوڕێی یەکدی بوینایە و من چیرۆکی عەشقی خۆمم بۆت بگێڕایایەوە. ئەڵێ: دڵنیام ئەگەر ئەوچیرۆکەت بنووسیایە لە هەموو چیرۆکەکانت پەسەندتر ئەبوو.

ساڵانێک بوو کەس لێرە لە عەشق و عاشقی نەدوابوو. ڕەنگە لەبەر ئەوەی کە عەشق هەستی خەڵکی زیندووە. بەڵام لەدوا مەرگی ئەفسانە، یان نا، لەدوا دامەزراندنی کێلەکەی، دەور گۆڕا. سەرەتا کەسمان ئاگامان لەو کێلە و نەخشی ڕوخسارە نەبوو. ئەو بوو کە سەرەنجی ڕاکێشاین. نەوەک هەر بۆ کێل و نەخشەکە، بۆ خودی ئەفسانەش.

ئەفسانە کچێکی جوان بوو؛ تازە هاتبووە ئێرە و جگە لە چەند کەسی دراوسێی هێشتا کەسی دی نەیدیبوو. پیرێژنەکەی دراوسێی ئەیوت: لە ترسا یان لەبەر شەرم و حەیای خۆی بەکەمی لە گۆڕەکەی ئەهاتە دەر. تەنانەت ناویشی بەکەس نەوتبوو. ئەیوت: من بۆ یەکەمجار ناوی ئەفسانەم لە دەمی ئەو بیست. ئێوارەی ئەو ڕۆژە کە کێلەکەیان هێنابوو، ئەو بەخۆشی و شەیدایییەکی سەیرەوە لە کێل و نەخشەکە ورد بووبۆوە. بەسۆزی قسەکانیدا تێگەیشتم. کاتێک نووسینی سەر کێلەکەی ئەخوێندەوە: ئەفسانەی جەمالی کچی سوارەو ڕەعنا لە تەمەنی بیست ساڵیدا دڵە گەنجەگەی لە لێدان کەوتووە. ئەو لەو ڕۆژەوە هۆگری گۆڕەکەی ئەفسانەبوو. هەموو ڕۆژێک چەند جار پووتێک ئاوی بەسەر سنگ و کێلەکەدا ئەڕشت. ئەگەر دراوسێکان نەیاندرکاندایە ئەفسانە نەیئەزانی کە ئەو دڵبەستەی نەخشی ڕوخساری بووە. ئەڵبەت ڕەنگە کەسانێک بن پێیان وابێ من بەهەڵە چووم و بڵێن: ئەو بەر لە مردنی ئەفسانەش ناسیوبەتی و شەیدای بووە.

ئەفسانە خۆی دانی بەمەدا نەناوە. تەنانەت ڕەنگە وتبێتی پێش لە مردنی هەرگیز و لە هیچ شوێنێک ئەوی نەدیوە. ئەو کەسانەش وتبێتیان: ئەفسانە کچێکی شەرمن و حەیا بەخۆ بووە. ئەشێ سەری هەڵنەبڕیبێ و نەیدیبێ کە هەموو ڕۆژێک لە ڕێگەی قوتابخانە کوڕێکی لاواز و ڕەنگ پەڕیوی بەدواوەیە.

گەنجە کوڕەکە ئەڵێ: ئەفسانە کچێکی جوان و قەشەنگ بووە. ئەو کچانە کوڕی لاواز و ڕەنگ پەڕیو بەدوای خـۆیانەوە نابینن. ئەگـەرچی ئەو و کـێلەکـەی ئەفـسـانە هیچ پێوەندییەکیـان بەدنیای ئێمەوە نەبوو، سەرەتا نێـوانی ئەو و نەخشی سەر کێلەکە بوو بەهۆی ئەوەی زیاتر ڕقیان لێی بێ. ئەیانوت: ئەم ڕەفتارە ناحەز و سەرچڵانەیە. بەڵام کە دواتر دییان بەپێچەوانەوە، خاکەسارانەیە، بەزەییان پێیدا هەتاوە. دیارە بەزەیی وشەیەکی تەواو نییە.

ئەو هەستە هەستێکی سەیر بوو. کاتێک بەرامبەر کێل و نەخشەکە دائەنیشت و لێی ڕائەما، ئێـمـەش لێی ورد ئەبوینەوە. بەنهـێنی لە ترسی ئەوە نا بمانبـینێ، ڕێزمـان لە خەڵوەتەکەی ئەگرت. خەڵوەتێکی بێگەرد و زوڵاڵی بوو. زۆربەمان تەنانەت ڕوومان لێ وەرئەگێڕا. وەک خودی ئەفسانە ئەخزاینە گۆڕەکانمانەوە.

ئەڵێن: لە هەموو ئەو ماوەدا جگە لە سەلام و خواحافیز هیچی دیکەی بەنەخشی سەر کێلەکە نەوتووە. «سڵاو گوڵەکەم!» دوا چەند سەعات، «خوات لەگەڵ گوڵەکەم!»

یەکـێک لە دراوسـێکانی ئەفـسـانە پیـرێژن نا، کـچـە مـێـرمنداڵەکـەی پەنای، ئەڵێ: یەکەمجار کە لەوە زیاتر لەگەڵی دوا، ئەو ڕۆژە بوو وا ئەو سێ کەسە دەرکەوتن. کە ئەڵێ ئەو سێ کـەسـە ئەزانین مـەبەسـتی ئەو سێ پیـرەکـچـەیە کـە دوو، سێ ڕۆژ پێش شـەوی کارەساتەکە ڕێیان کەوتبووە لای ئێمە.

یەکەم کەس ئەفسەرەکە بوو کە وتبووی: کارەساتی ئەو شەوە پێوەندی ڕاستەوخۆی بەو سێ کەسەوە هەیە. ژنێکی ناوین ساڵی بەویقار کە گۆڕەکەی زۆر لە ئەفسانە دوور نییە، ئەڵێ: کە خشپەی پێی ئەو سێ کەسەم بیست پێموابوو کچەکانی خۆمن، هاتوون. قرچەی نیوەڕۆ بوو. تەنیا کچەکانی من لەو دەمانەدا دێنە ئێرە. ئەڵێ: کە هاتمە دەر ئەو پشت لە من و ڕوو لە کێلەکەی ئەفسانە دانیشتبوو. کە پیرەکچەکانی لە دوورەوە دی شڵەژا. پاشماوەی ئاوی پووتەکەی بەسەر سنگی گۆڕەکەدا ڕشت و لەبەر خۆیەوە وتی: من ئەبێ بڕۆم گوڵەکەم. ئەم قەیرەکچانە نابێ لێرەو لە لای تۆ ببینن. ئەوسا گورج دوور کەوتەوە. ئەڵێن چووە لەسـێبـەری بن کـەپرۆچکە ئاسنیـیـەکـەی گـۆڕی حـاجی دراوسـێی پیـرە گۆڕهەڵکەنەکە ڕاکشاوە.

حاجی پیاوێکی ماقووڵی بێ درۆو دەلەسەیە. ئەڵێ: ڕاکشا، بەڵام خەوی لێ نەکەوت. لە دەست ئەو میوانە ناوەختانە تووڕە بوو. لەوە ئەچوو بیانناسێ. لەبەر خۆیەوە قسەی پێئەوتن. توانجی تێئەگرتن...



گەنجە کووڕەکە هەڵئەداتێ و ئەڵێ: ناحەقی نەبووە. بەڕاستی خۆین تاڵ و ئێسک گران بوون. ئەوان بەرلەوەی بگەنە گۆڕەکەی ئەفسانە، بۆ ماوەیەکی کەم لای ئەو گەنجە کووڕە مابوونەوە و پشوویان دابوو. ئەڵێ: لەو قەیرە کچە گرینۆکانە بوون. لە ژوور سەری منیش نووکە نووکێکیان کرد. باش بوو پسکەکەیان زوو هەستا. ئاگام لێ بوو ڕاستەوڕێ بەرەو کێلەکەی ئەفسانە چوو. پیرێژنەکەی دراوسێی ئەفسانە ئەڵێ: پسکەکە بەقەد ئەو دوانەی دی پیر نەبوو. لەوە ئەچوو نەخشی سەر کێلەکە جادووی کردبێ. ڕوخساری ئەفسانە کێشی ئەکرد. وەک شێتان بەسەر گۆڕەکاندا هەنگاوی هەڵهێنایەوەو لەبەر خۆیەوە ئەیوت: ئەفسانە... ئەفسانە... کە گەیشتە سەر کێلەکە بەرز هاواری کرد: کچەکان ئەفسانە!

حاجی دراوسێی پیرە گۆڕ هەڵکەنەکە ئەڵێ: ئەو بەبیستنی ناوی ئەفسانە ڕاپەڕی. باش بوو هەڵنەستا و بەرەو پیری دەنگەکە نەچوو. تەنیا لە پشت کێلەکەی منەوە سەیری کردن. کە موچڕکەی بەلەشدا هات، زانیم ئەو پیرەکچە وا ئەڵێن پسک بووە، دەستی بۆ نەخشی سەر کێلەکەی ئەفسانە بردووە. ئەڵێن: کە دوو پیرەکچەکەی دی گەیشتن، شاڵاویان بۆ دەستی خوشکەکەیان برد و لە کێلەکەیان دوور خستەوە.

یەکیان بەپەلە پەڕۆیەکی ڕەشی بەسەر کێلەکەدا دا و ئەویدیکەیان بەتوورەییەوە وتی: هەمـوو شـتـێک بۆ بینین و لێ نزیک بوونەوە نابێ. بەڵام کـچە پسکەکە کە دیار بوو لە پشت ڕەشایی پەڕۆکەشەوە چاوەکانی ئەفسانەی ئەدی، وتی: ڕوخسـارو چاوی ئەفسانە بەسەر کێلەکەشیەوە پیاو جادوو ئەکا.

پیـرێژنەکەی دراوسێی ئەفسانە ئەڵێ: قەیرەکچەکان ئەفسانەیان ئەناسی. تەنانەت ئەیانزانی تاقـانەی دایک و باوکی بووە. ئەیانزانی مـاوەیەک لەوەبەر بەبێ هیچ هۆ و نەخۆشیەک دڵی لە لێدان کەوتووە و مردووە. ڕەنگە زۆر شتی دیکەیشیان ئەزانی کە وا لێی تووڕە و قەڵس بوون.

ژنە بەویقـارەکە، ئەوەی وا بۆ بینینی کـچـەکـانی لەو قرچەی نیوەڕۆیە، هاتبـووە دەر، ئەڵێ: ئەوان زیاتر لە خودی ئەفسانە، لە نەخشی ڕوخساری بەسەر کێلەکەوە تووڕە بوون. ئەیانوت، ئەم کێلە بەیداخی شەیتانە. دەیانوت، هەر ئەو کاتەی هاتوون دیویانە شەیتان بەیداخەکەی لێرە کوتاوەو هەڵاتووە. تەنانەت بەهەڵبڕینی دەست ئاماژەیان بۆ کەپرۆچکەی سەر گۆڕی حاجیش ئەکرد.

کچە مێرمنداڵەکە ئەڵێ: کە دیم ئەگرین و نەفرەت لە شەیتـان و بەیداخەکەی ئەکەن،

پێکەنینم لێ پژا. پیرێژنەکە ئەڵێ: بەڵام من هەر ئەو کاتە زانیم ئاخرو عاقیبەتی ئەو گریان و شیوەنە بەخێر نییە. ئەڵێ: دڵم نەهات بیدرکێنم، بەڵام لەدوای ڕۆیشتنی ئەو سێ کەسە، چاوەڕوانی ڕووداوێکی وەک کارەساتەکەی ئەو شەوە بووم.

ئەفسەرەکە بەدەم هەستانەوە ئەڵێ: ئێمە بەدەورکردنەوەی ئەم ڕووداوانە بەهیچ کوێیەک ناگەین. ئەوسا بەرەو گۆڕەکەی بەجێمان دێڵێ. هەمووومان بۆ ماوەیەک بێدەنگ ئەبین.

پیرێژنەکە، ڕەنگە بۆ ئەوەی ئەو بێدەنگییە ساردە بتارێنێ، قسە هەمیشەییەکەی دووپات ئەکاتەوە: من وتوومەو ئەیلێیمەوە، تەنیا کەسێک کە ئەتوانێ تێمان بگەیەنێ ئەو لە دوا کارەساتەکەی ئەو شەوە بۆ کوێ چووە و چی بەسەر هاتووە، ئەفسانەی جەمالیە.

مامۆستای فەلسەفە کە لەوە ئەچێ لەو هەموو قسەو قسەلۆکە بێ ئەنجامە ماندوو بووبێ، ئەڵێ: گریمان ئەفسانەش لە گۆڕەکەی هاتە دەر، گریمان وتیشی ئەو نیازی بووە بچێتە کوێ، یان چی بکا. زانین و نەزانینی بۆ ئێمە چ جیاوازییەکی هەیە؟ پاشان وەک زۆر جاری دی دەمی لە گوێی من نزیک ئەخاتەوە و ئەڵێ: تەنانەت تۆش دەرفەتی ئەوەت نەماوە چیرۆکێکی دەربارە بنووسی. مامۆستای فەلسەفە هەمیشە بەم شێوە کۆتایی بەکۆبوونەوەکانمان ئەهێنێ. هەموومان هەڵئەستین و بەرەو گۆڕەکانمان ئەچینەوە.

زستانی ١٣٧٨



## ڕۆژانی وەڕسی

ئەڵێم: «ئێمە زیاتر لە پێویست کۆڵمان بەژیانمانەوە هەڵگرتووە.» بەڵام ئەبوو بموتایە، ئێمە ئەوەندەی پێویستە کۆڵمان بەژیانمانەوە هەڵنەگرتووە. ئێمە ژیانمان لە بیر چۆتەوە.

فەرقیان چییە؟ ئەو نایبستێ و منیش لەسەری ناڕۆم. ئەو لەبری هەڵکردنی سەماوەرەکە، یان لانیکەم ئامادە کردنی سفرەی بێ چایی ناشتا، یەکەوڕێ ئەچێتە بەرپەنجەرە و وەک هەموو بەیانییەکی دی لۆی پەردەکە هەڵئەداتەوەو لەسەر کورسییە چێویەکە دائەنیشێ. پشت لە من و لە ژوورەکە و هەموو ئەو شتانە کە ڕەنگە ڕۆژێ لە ڕۆژان دڵی پێیان خۆش بووبێ و ڕوو لە دەرەوە.

لێرەوە کە دانیشتووم، چاوم لە دەرەوەیە؛ لە باخچە بچووکەکەی حەسار و گوڵە سیسە ژاکاوەکانی. لە ڕیزی سەربانە ڕەشەکان، کە تا سنگی کێوەکەی بەرامبەر کشاون و لە سووچێکی ئاسمان و پەڵە هەورێکی چڵکن و خۆڵەمێشی کە حەز ئەکا کۆچ بکاو نایکا. حەز ئەکا بگری و ناگری. بەڵام ئەو تەنیا لە دارە پیرەکەی حەساری چوار ماڵ ئەولاتر ورد بۆتەوە. دارتوویەک کە هەرخوا ئەزانێ لە کەنگێوە حاجی لەقلەق هێلانەیان لەسەر لقە بەرزەکانی چێ کردووە. نێرومێیەکی داماوی سەرکز و شان و باڵ کز.

جاران کە نیگام لێیان هەڵئەنگووت، ئەمپرسی: «بەلاتەوە سەیر نییە بۆ لەم ناوەڕاست شارە و جەنگەی شلووقیەدا هێلانەیان ساز کردووە؟» ئێستا تاقەتی ئەو پرسیارەشم نەماوە. تەنانەت تاقەتم نییە لێی بپرسم: «ماندوو نابی ئەوەندە چاو ئەبڕیە ئەو هێلانە حاجی لەقلەقانە؟ ئەو حاجی لەقلەقانە؟»

بەڵام هەر جارێک ویستبێتم ئەوەی لێ بپرسم و نەمپرسیبێ، خۆی ئارام وەک چپەو خشەی گەڵا زەرد و سوورەکان بەدەم لقە ڕووت و ترساوەکانەوە هاتۆتە قسە: «ئێمە لەو حاجی لەقلەقانە ئەچین. یان ئەوان لە ئێمە ئەچن. نێر و مێیەکی تەنیا و داماو. پیر و پەککەوتە. چاوەڕوانی سەرما و زستان و مردن.» کە ئەمەی وت ئەزانم دوو دڵۆپ فرمێسک لە چاویەوە خل ئەبنە خوار.

ئەڵێم: «ئێمە وەک هیچ حاجی لەقلەقێک نین. ئێمە وەک خۆمانین. ژن و مێردێک کە

هێشتا هیچی وا نەژیاوین. ژن و مێردێک کە هێشتا ئەتوانین بەختەوەر بین. بەمەرجێک ئەوەندە بیر لە پاییز و زستان و مردن نەکەینەوە.» کە منیش ئەمەم وت، ئەو ئەزانێ بوغزی خەمێکی گران چنگی لە قوڕگم ناوە. زۆر ئێوارە، کاتێ حاجی لەقلەقەکان خەمبار ملە درێژەکانیان بەسەر شانی یەکدیدا شۆڕ ئەکەنەوە و هەورەکان دڵتەنگ ئەبارێن، ئێمەش بەجووت ئەگرین. بێ ئەوە شەرم لە یەک بکەین. بێ ئەوە دڵخۆشی یەکدی بدەینەوە. بێ ئەوە یەکدی ژیر بکەینەوە.

ئەڵێم: «بۆ وەک جاران دەست بۆ فڵچە و ڕەنگەکانت نابەیتەوە؟ بۆ وەک جاران هۆ سەر نیگارکێشانەکەت نادەیتەوە؟»

جارانێکی خۆشمان بوو. لانیکەم جارانێکی ئاسایی. دووبەدوو سەرمان بەسەر یەکەوە نابوو پاڵمان بەڕۆژ و شەوەکانمانەوە ئەنا. ڕاستە جاروبار وەڕس ئەبووین و تاقەتمان ئەچوو، بەڵام کەم و زۆر خوومان بەتەنیاییەکەمان گرتبوو. پێی ڕاهاتبووین. ئەڵێم: «بەڕاست جاران ئەم کاتانە چیمان ئەکرد؟» ئەوەی لێ ئەپرسم تا ئەگەر بکرێ وەگ جاران بکەینەوە. ئەڵێم: «بۆ تابلۆیەک لەو باغچە بچووکەمان ناکێشیتەوە؟ باخچەیەک پڕ لە گوڵی هەمەجۆر و هەمەڕەنگ.» ئەڵێم: «ئەگەر تۆ خۆت بەنیگار کێشانەوە سەرقاڵ کەی، منیش خەریکی خوێندنەوەی کتێبێک ئەبم.»

ئەڵێ: «تۆ ماندوو نابی ئەوەندە ئەخوێنیتەوە؟»

ئەڵێم: «ئەی تۆ ماندوو نابی ئەوەندە ئەکێشیتەوە؟»

هەردووکمان ماندوو بووین. نەک لە خوێندنەوە و کێشانەوە، لەو ژیانە ماندوو بووین. لەو تەنیاییە. لەو خەمە کە بەرۆکی بەرنەئەداین. لەو ئازارە کە وازی لێ نەئەهێناین. لە ئاخ هەڵکێشانی خۆمان و تانەو تەشەری خەڵکی. ئەرێ تانەو تەشەری خەڵکی ماندووی کردبووین. من ئەمتوانی خۆی لێ کەڕ کەم و گوێی نەدەمێ. ئەمتوانی لاسایی خەڵکی بەختەوەر بکەمەوە؛ بەڵام ئەو فرسەتی نەئەدام. جاروبار کە زۆری بۆ ئەهات لە حاستمدا ئەکەوتە سەرچۆک. وەها کە لە بەرامبەر حاکمێکدا چۆک دائەدەن. ئەگریاو لێم ئەپاڕایەوە: «مەردی چاک بە تەڵاقم بدە...»

ئەو کاتە بوو هەستم بەخەمێکی گران و هەرەسی قورسی ڕۆحی ئەکرد. دائەچڵەکام، حەپەساو و هەراسان نەمئەزانی چی پێ بڵێم. بیری ئەو ڕۆژانە ئەکەوتمەوە کە دەسگیرانم بوو، دائەنیشتین و لە داهاتوومان ئەدواین. ئەیوت: «هەر کە گەڕایتەوە بۆ ماڵ ئەبێ



دانیشی تا من بتکێشمەوە.» ئەیوت: «هیچ ڕۆژێ نابێ کەمتر لە دوو پۆرترەت لێ بکێشمەوە.» منیش بەپێکەنینەوە ئەمەوت: «هەر کە گەڕامەوە بۆ ماڵ ئەبێ قۆڵت هەڵماڵی تا من تەوژمی خوێنت بگرم.» ئەمەوت: «هیچ ڕۆژێ نابێ کەمتر لە دوو جار تەوژمی خوێنت بگرم.»

وتم: «ڕۆژانی دەسگیرانی قەت بیرمان لە منداڵ ئەکردەوە؟ یان تەنانەت یەک دوو ساڵی سەرەتای ژن و مێردایەتیشمان؟»

ئەزانم ئێستا کە باسی منداڵ ئەکەم ئاواتی لێ ئەژیێتەوە. ئەزانم باوەشی پێدا ئەکاو بەسنگی خۆیەوە ئەینووسێنێ. ئەزانم ئەڵێ: «ساغ یان نەخۆش، تا دنیا دنیایە من خزمەتی ئەکەم.» ئەزانم بەسەرما ئەقیژێنێ: «نابێ بێڵی بمرێ، دکتۆر.» ئەترسام کە پێی ئەوتم دکتۆر. ئێستاش ئەگەرچی پێم نالێ دکتۆر بەڵام هەر ئەترسم. لەو کپی و بێدەنگییەی ئەترسم. لەو دیوارە سەهۆڵەی نێوانمان کە گەرمای ژوورەکەش دەرەقەتی توانەوەی نایەت.

ئەڵێم: «با بگەڕێینەوە بۆ ئەو ساڵانە. با هەوڵ بدەین لە بیر خۆمانی ببەینەوە.»

ئەڵێ: «چۆن؟» یان ئەبێ بڵێ «چۆن؟»

ئەڵێم: «با ئیتر لەمەودوا باسی ئاوات نەکەین و ڕێگە نەدەین کەس، تەنانەت دۆست و ئاشناش لەلامان باسی بکەن و برینمان بکولێننەوە.»

ئەو ساڵەش من بووم ئەو پێشنیارەم کرد. وتی: «برینی ئێمە هەمیشە تەشەنایە.»

وتم: «دەی کەواتە با منداڵێکی بێ دایک و باوک بێنین و...»

لەو ڕۆژەوە تاچەند حەفتەش ژن و مێردەکەی جاران نەبووین. وەها کە شەڕمان بووبێ و دەنگمان لە یەک دابڕیبێ. هەرچی بیرم دەکردەوە نەمئەزانی بۆ ئەو قسەی ئەوەندە لاگران بووە؟ چەند ساڵ دواتر لێم پرسی، وتی: «چاوەڕوان بووم ئاوات لە دایک ببێ.» منیش بەشۆخیەوە وتم: «ئەوسا دایکی بمرێ و ئێمەش ببینە خاوەنی؟» نازانم چۆن بوو ئەو قسەم لەدەم دەرچوو. پێشتر، لەو ڕۆژەوە کە ئاواتی هێنابۆوە، بێ هیچ قەرار و بەڵێنێک باسی دایکیمان نەکردبوو. پێکەنین لەسەر لێوە سوورەکانی کاڵ بۆوە و بەخەم و دڵپڕییەوە وتی: «من چاوەڕوانی ئاوات بووم. چاوەڕوانی مەرگی کەس نەبووم.»

بەڵام ئەگەر ئەو ئافرەتە غەریبە نەمردایە کە هەرگیز نەمانزانی ناوی چی بووە و ژنی کێ بووە، ئێمە – من و ئەو – چۆن بەئاواتمان ئەگەیشتین؟ نەمئەوێرا ئەوەی پێ بڵێم.

نەمئەویست یان دڵم نەئەهات شادی و خۆشی ئەو ڕۆژانەی بتارێنم. بەو حاڵەش حەزم ئەکرد بزانم لەگەڵ ئەو ڕووداوانە ڕووداوی مەرگی ئافرەتێکی لێقەوماو و شاد بوونی ئێمە بەکۆرپە ساواکەی، چۆن ڕێکەوتووە.

دڵنیا بووم بەو زووانە پەی بەو ڕازە ئەبەم. چۆن وکەی؟ نەمئەزانی. ئەوەندەم ئەزانی کە ئەو هیچم لێ ناشارێتەوە. وەک هەموو ئەو ساڵانەی ژیانی هاوبەشمان کە هیچی لێ نەشاردبوومەوە. هیچ ڕاز و نهێنییەکی لێ حەشار نەدابووم. هیچ خەون و خەیاڵێکی بەمولکی تاکە کەسی خۆی نەزانیبوو. کەواتە پێویست نەبوو هیچی لێ بپرسم. ئەمزانی هەموو پرسیارێک هەراسانی ئەکا، ئەیترسێنێ. بەیانییەک کە لە خەو هەستام، دیم لە بەرامبەر سێ پایە و تابلۆیەکدا، لەسەر کورسییەک دانیشتووە. لە ڕۆژی لە دایک بوونی ئاواتەوە کەرەسەی نیگار کێشانم لە ژوورەکەدا نەدیبوو. لە دڵم گەڕا، ئیمرۆ وەڵامی هەموو پرسیارەکانم وەرئەگرمەوە. لە بەر ئەوەی تەنیاییەکەی نەشەمزێنم، ڕاکشامەوە و چاوم لێک نایەوە. ڕەنگە پێی زانیبێتم. کە شیرین وتی: «پێویست ناکا بخەویتەوە. هەستە درەنگت بەسەر دێ. نەخۆشەکانت چاوەڕێتن.»

هەستام. وتم: «ئیمشەو ئاوات نەیهێشت بخەوی.» لێی چوومە پێش. نیگام لە تابلۆ سپییەکەی سەر سێ پایەکەوە بۆ ڕوومەتی گوێزایەوە، لە بەر خۆمەوە وتم: «خۆزگە ئەمزانی ئەتەوێ چی بکێشیتەوە.»

هیچی نەوت. هەرگیز پێش تەواو کردنی کارێک هیچی دەربارە نەئەوت. ئێوارە کە گەڕامەوە تابلۆکەی تەواو کردبوو. ماندوو نەبوونیم لێ کرد. وەک ڕۆژانی پێشتر ئاواتم ماچ کرد. ئەوسا ئارام لە تابلۆکە نزیک بوومەوە کە هێشتا بەسەر سێ پایەکەوە بوو. وتم: «بڕوام پێئەکەی هەرگیز پێموانەبووە ڕۆژێ لەڕۆژان لە بەرامبەر وەها شاکارێکدا ڕاوەستێم؟!»

بەڕاستم بوو. هەرگیز پێموانەبوو تابلۆیەک بتوانێ هەستی مرۆڤێک لە سووچە مژ گرتووەکانی ڕۆحیدا ئاوا بنوێنێ. پێموابوو لە بەرامبەر ڕۆحیدا وەستاوم. ڕۆحێکی ڕووت و ڕەها. یەکەم جار بوو وەها سادە لە زمانی ڕەنگ و هێڵ، لە زمانی نەخش و نیگار ئەگەیشتم. چ سادە بوو. سادەو ڕەوان و زوڵاڵ. وەک ڕوخساری ئاو. ئاوی ئەستێرێکی بچووک. پڕ لە ماسی وردو بچووک، کە جاروبار ئەبیندرێن و جاروبار نابیندرێن. دوودەست، دوودەستی ئێسکن وباریک، لە دڵی زەمینەیەکی سوورەوە هاتبوونە دەر و،



کۆرپەیەکی کافووری ڕەنگیان بۆ ئەمدیوی تابلۆکە ڕاگرتبوو. ئەوەندە بەرجەستەو زیندوو کە هەردوو دەستم بۆ گرتنی درێژ کرد. ئاواتی خستە باوەشمەوە.

ئاوات دەمی پان کردبۆوەو دەستە بچووکەکانی لە ژوور سنگییەوە بۆ شتێکی ون ئەگێڕا. ناوچاوانە سپییەکەیم ماچ کرد و بەسنگمەوە نووساند. ڕەنگە توند گوشیبێتم، گریا. گریانێکی سپی و شیرین. گورج لێی سەندمەوە و وتی: «ئاخ! بابە ئازاری دای...» وەک وتنی منداڵ. وتی: «ئاوات لەشی وەک پەڕەی گوڵ ناسکە، ئەبێ بزانی چۆن بیلاوێنیتەوە.»

وتم: «من ساڵەهایە گوڵێکی وەک تۆ ئەلاوێنمەوە...»

قاقا پێکەنی. دیسان وەک پێکەنینی منداڵ. وتم: «لە تابلۆکەت ڕازیت؟»

وەڵام لە پێکەنینیدا ون بوو. لە لەرینەوەی لەش ولاریدا کە ئاواتی هەڵئەپەڕاند. من سەیری تابلۆکەم کردەوە. ماوەیەکی دیکەیش لێی ڕامام. کۆرپە کافوورییەکە هەروا بەسەر ئەو دوو دەستە باریک و ئێسکنەوە بوو. ناسیمەوە. دوو دەستی پیاوێکی داماو. پیاوێکی هەراسان کە وەک شێت بەدەوری خۆیدا خولی ئەخوارد و هەر کەسێکی ئەدی، بەرەو پیری ئەچوو، ڕێی لێ ئەگرت و لێی ئەپاڕایەوە: «ئاخر من چی لەم منداڵە بێ دایک و باوکە بکەم؟ نا، ئێوە بڵێن، من چی لەم کۆرپە بەستەزمانە بکەم؟»

وتی: «ئەو دوو دەستە پیرۆزە ئاواتیان بەئێمە بەخشی.»

بە ستایش و ئەمەکدارییەوە سەیرێکی دیکەی دوو دەستی ناو تابلۆکەی کردەوە. وتی: «ئێمە تا ئەو ڕۆژە ئەمرین، ئەبێ منەتباری ئەو دوو دەستە پیرۆزە بین.»

هاتم بڵێم؛ بەڵام دوو دەستی ئەو کابرا ترسنۆک و داماوە بۆ بڕین ئەبوو، بەڵام نەموت. نەموت چونکا دڵنیا نەبووم.

دەڵێم: «چۆنە لەم شارە بڕۆین؟» دەڵێم: «بۆ ماوەیەک، یان بۆ هەمیشە...» ئەوسا بەئارامی بەرەو پەنجەرەکە ئەچم. بەرەو ئەو. دەست ئەنێمە سەرشانی. سەر شانی ساردی. بەگوێیدا ئەچرپێنم: «با بڕۆین بۆ شارێکی دی. بۆ شارێکی گەورەتر. زۆر گەورەتر.»

پێموانییە هەست بەگەرمایی بەرەدەستم بکا بەسەر شانی ساردییەوە. تەنانەت دڵنیا نیم ئەو چرپەشم ببیستێ. هەروا بێدەنگ و بێ جوولە بۆ دەرەوە ئەڕوانێ. بۆ حەوشەو بۆ گوڵە وەریوەکانی باخچە بچووکەکە. بۆ پیرەدارەکەی چوار ماڵ ئەولاتر. بۆ حاجی لەقلەقەکان کە لەو بەرزاییە لە هێلانەکەیاندا کز هەڵنیشتوون. پاڵ بەپاڵی یەکدی، لە

شارو له پەنجەرەی ماڵەکان و له ئێمە ئەڕوانن. جاروباریش سەریان بەژوور گەردنی درێژیانەوە هەڵئەبڕن و له ئاسمان، له پەڵە هەورە خۆڵەمێشییەکان، ورد ئەبنەوە.

ئەڵێم: «وادیارە حاجی لەقلەقەکان بەڕاست تەسلیمی ئەو چارەنووسە بووبێتن کە تۆ کێشاوتە.»

دوو مانگێک لەمەوبەر بوو، چەند ڕۆژێ دوای مەرگی ئاوات، هەر وەک ئێستا لەبەر پەنجەرەکە وەستابووین و له دەرەوەمان ئەڕوانی. له بەرایی پاییزێکی مات. وەک ژن و مێردێکی کۆست کەوتوو له گۆڕستانێکی خامۆش. لەپڕ ترسێکی ئان وساتی پاڵی پێوەنام و له پەنجەرەکەی دوور خستمەوە. بێ ئاگا له خۆم بەرەو ئەو سەری ژوورەکە، بەرەو ڕادوێی سەر تاقەکە چووم. هەڵمکرد. هاڕە هاڕو خشەخشێک شووخاڵی له مێشکم گرت. کووژاندمەوە. لەبەر خۆمەوە وتم: «چ ڕۆژانێکی ناخۆشە.» ئەوسا بەپەلە له ماڵ چوومە دەر. دەمەو ئێوارە بوو گەڕامەوە. چۆن بەجێمهێشتبوو، هەروا له بەر پەنجەرە و لەسەر کورسییەکە دانیشتبوو. بەڵام نا، بەیانی سێ پایە و تابلۆم لەوێ نەدیبوو. ڕەنگ و فلچەی لەبەر دەستدا نەبوو.

بەخۆشییەوە لێی نزیک بوومەوە. وتم: «وادیارە ئیمرۆ خەریکی کار بووی...» وتم: «حەز ئەکەم بزانم چیت کێشاوەتەوە.» هیچی نەوت. تەنانەت نەشبزاو. چوومە پێش و بەرامبەر تابلۆکە ڕاوەستام. حاجی لەقلەقەکان کزتر و داماوتر له پێشوو له ناو هێلانەکەیاندا باڵیان شۆڕ بووبۆوە. بەفر کلووکلوو بەسەر هێلانەکەیان و لقە ڕووتەکانی دارتووەکەدا ئەباری. بەفرێکی قورس و سپی سەر و ملی پێ نەواندبوونەوە بۆ سەر سنگیان. وتم: «کەواتە ڕەق بوونەتەوە.»

وتی: «تا چەند ڕۆژی دی بەفر دایانئەپۆشێ و له چاوی خەڵکی پشت پەنجەرەکانیان ئەشارێتەوە.»



## تاسە

ڕاکێش ڕاکێش ڕاکێش شتوومەکی کاسبیەکەی بۆ سێبەری بن درەختی پیادەڕۆی شەقامەکە گوێزایەوە. سندووقێکی تەختە، تەنەکەیەکی بچووکی پڕلە کوتە کاغەزی فاڵی حافز، قەفەسێک و دوو مەلی بچووکی باڵ نەخشینی کز. مابۆوە کورسییەکەی خۆی. له کامە لا داینێ؟ ڕوو له شەقام و پشت له باخە گشتییەکە یان...

دوا فراوێن بوو. خەڵک کەمترقەرەی شەقام، کە هاڵاوی گەرمی قیرەکەی ئازاری ئەدان، ئەکەوتن. بۆیە ڕوو له پیادەڕۆ و باخە گشتییەکە دانیشت. چۆڕێ ئاوی بۆ مەلەکان ڕۆ کرد. چوار دەنک دانیشی لەسەر پەنجە، لەم دیو قەفەسەکەوە بۆ ڕاگرتن. مەل له توونیان سەر دانەکە نەپرژان. پێیەکی سەر ئەوپیێ دیکەی خست و دەستی کردە ستوونی چەناگەی.

– «بەم قرچەی نیوەڕۆیە فاڵ بۆ کێ ئەگریتەوە؟ ناسیاوێک بتبینێ وائەزانێ لەماڵەوە دەریان پەڕاندووی.»

هەر بەو دۆخە ڕایەک بەملاو ڕایەک بەولادا ڕووی وەرچەرخاند. له ئەمسەراوسەری پیادەڕۆکەی ڕوانی. نەک هەر ناسیاو غەریبەشی نەدی. «چاکتر» بەدەرفەتی زانی. «سووکە وەنەوزێکی ئەم بن دارە سەعاتێ خەوی ناو ماڵ دێنێ.» پێڵووی هەر دوو چاوی نیشتن.

– «له زۆر کاسبکاریت نییە. له ژن و منداڵت وەڕسی.»

خەو بردیەوە. نەماڵ و نە شەقام و نە گۆی پیادەڕۆ. له خشەی ڕاوەستانی ماشینێک ڕاچەنی. ڕاست له پشت سەریەوە بوو. پێڵووەکانی ڕەوینەوە.

– «دەستت خۆشبێ ئێرە چاکە.»

دەنگێکی نێری پیاوانە بوو. گوێی نەدایە.

– «بەم قرچەی نیوەڕۆیە لێرە چی بکەین؟»

چرپەیەکی ناسکی ژنانە بوو، سیخورمەی له هۆشی کوتا. بەدەم ڕاچڵەکینەوە ستوونی

چەناگەی ڕووخا. قیت بۆوە. ئارەقەی بەرە دەستی بەپانتۆڵەکەی سڕی و دەستی بەسەرە تاشراوەکەیدا هێنا. تا هات ئاوڕیان لێ بداتەوە، ئەوان لە جۆگەی پیادەڕۆکە پەڕیبوونەوە. ژن و پیاو، هەردووکیان گەنج. یەکیان کراسێکی مەیلەوشین و شەڵوارێکی ڕەشی لەبەردا بوو. ساکێکی سەفەری بەدەستەوە بوو. ئەوی دیکەیان مانتۆ و لەچکەیەکی خەنەیی. ژن ومێرد بوون یان خوشک وبرا؟

مانتۆخەنەیەکە پرسی: «سەعات چەندەیە؟»

ئەم دەستی بەمەچەکی خۆیدا هێنا. ئەو مەچەکەی وا ئەبوو سەعاتێکی دەستبەند زەردی تێدابێ و نەبوو. کراس مەیلەو شینەکە ساکە سەفەرییەکەی داناو سەیری سەعاتە دەستبەند زەردەکەی دەستی کرد.

«دوو و نیو. نزیکەی سەعات و نیوێکی ماوە.»

لە ئەمەوە دوور نەبوون. دیسان بەسیلەی چاو سەیری کردنەوە. مانتۆ خەنەییەکە پشتی لێی بوو. کراس مەیلەو شینەکە سەرەنجی ڕانەکێشا.

«ئەچینە ناو ئەو باخە، لەبن دارێک دائەنیشین و پشوویەک ئەدەین. لەوەچاکترە، بەم گەرمایە وەیلانی شەقامەکان بین.»

مەلەکان کەوتنەجریوەجریو و لە تەلی قەفەسەکە نزیک بوونەوە. ڕەنگە پێیان وابووبێ وەختیەتی دەنووک لە کوتە کاغەزەکانی ناو تەنەکە بچووکەکە بگرن.

ئەم دڵی لای ڕەنگی مانتۆکە بوو. وتی: «بۆ ئافرەت هیچ جلوبەرگێک ناگاتە مانتۆ.»

– «دەی کە ئەوەندە حەزت لە مانتۆیە، فەرموو ئەوە من و ئەوەش بازاڕ.»

ئەم بەدانیشتنانەوە بەباڵایداو بەکراسە زەردو بۆرەقنە کوردییەکەیدا هەڵزنا.

– «پێتوایە من حەز ناکەم مانتۆیەکی جوان لە بەرکەم و خانمانە خۆم ڕاوەشێنم؟»

ئەم بەخەیاڵ چەند ڕەنگ مانتۆ و چەند جۆر لەچکەی پێ تاقی کردەوە. پاشان وتی: «هەرئەم کراسە ئاودامێنە لە ژنی ئەسمەر ئەکاڵێتەوە.» پێکەنی. نا، بزەی هاتێ.

ژن و پیاوەکە بەبەرچاویدا تێپەڕین. شان بەشانی یەک. بێ هیچ سەبرو سەرەنجێک. کراس مەیلەو شینەکە وتی: «بۆ بگەینە لای دەروازەکە؟ پێ پلیکانەیەکە حەسارەکە. بێرەدا هەڵگەڕێ.»

مانتۆ خەنەییەکە چابووکانە هەنگاوی هەڵێنایەوە.



ئەم وتی: «مانتۆ لە بەری وا بەلامدا تێ ئەپەڕێ، برای خۆی حەیرانی ئەبێ.»

– «ئەبێتە چی؟ وا ڕۆژی سەد دەستەش بەلاتدا تێ پەڕین. گریمان لە لاشت وەستان و فاڵێکی حافزیشیان پێ گرتییەوە، وەنیە شەواو شەو ئەبێ بگەڕێتەوە بۆ ئەم ماڵەو بۆ لای ئێمە. وەک هەمیشە هەر مەراقەکەیت بۆ ئەمێنێتەوە.» بزەی هاتێ. نا، پێکەنی.

خۆزگە لەبن دارێک دانیشین لەئەم نەدیو نەبێ.

وتی: «نەحلەتی خوا لە شەیتان و لە باوکە گۆڕبەگۆڕەکەی من. ئەگەر کوڕی قالە سواڵکەر نەئەبووم تۆ تیزت پێ نەئەکردم و نەتئەوت وەک هەمیشە هەر مەراقەکەیت بۆ ئەمێنێتەوە.»

– «کوڕی مەحموو پاشای جافیش بوویتایە دارمەیتی پەریخانیان پێ هەڵنەئەگرتی.»

– «پەریخان هی من بوو.»

– «منیش دەسگیرانی کوڕی شابووم.»

– «پەریخان هی من بوو.»

– «هەرئەوە وابیستت...»

دیار بوو کراس مەیلەو شینەکە ئەو بن دارەی دەستنیشان کردووە. حەتم بەمانتۆ خەنەییەکەی وتووە: «لەو حەوزە چۆڕێ ئاو بەڕوومەتدا بکە، با فێنک ببیتەوە.» ئەوسا ساکە سەفەرییەکەی داناوە. «ئێرە خۆشە. بەرامبەر بەو ڕیزە گوڵە ڕەنگاوڕەنگەو ئەو حەوز و فوارە. ڕوومان لە شەقامەکەشە.»

مانتۆ خەنەییەکەش لەگەڵ ئەوەی کە دوو مست ئاو بەڕوومەتیدا ئەکا، ئەڵێ: «هەر وەها ئەم شۆڕەبیانەی دەوری حەوزەکە. بڕوانە چۆن پرچیان بۆ ناو ئاوەکە بەرداوەتەوە.»

وتبێتی یان نا، شۆڕەبی مەلەکەی دارانە. کە نەرمە بایەک لە پرچی ئەهالی وەک ئافرەتی سەما کەرە. ئافرەت بەپرچی درێژەوە جوانە. وەک پرچی شۆڕی شۆڕەبی.

ئێستا نۆرەی مانتۆ خەنەییەکەیە بۆسێبەری بن دارەکە بکشێ. شان بەشانی کراس مەیلەو شینەکە پاڵ بەدارەکەوە بداو چاو لە حەوزو فوارەکە، چاو لە گوڵە ڕەنگاوڕەنگەکان و چاو لە شۆڕەبییە پرچ درێژەکان ببڕێ.

– «سەر هەڵبڕن یان هەڵنەبڕن، سەیری لق و پۆپی چڕ و گەڵای سەوزی منیش بکەن یان خود نەیکەن، مادام گوێم لە جریوەجریو و ورتە و سرت و چرپەتان بێ، هەروا دەست و دڵ ئاوەڵا سێبەرو فێنکاییتان بەسەردا ئەڕێژم.»

بیستبێتیان یان نا، پیرەدار دڵی بەخۆی ماوە و ئەمەی لە بەرخۆیەوە وتووە. بەوان یان بەو جووتە چۆلەکە وا هەموو ڕۆژێ ئەم کاتانە هۆمەن بۆ لق و پۆپی دێن.

ئەم هەروا دەستی ستوونی چەناگەیەتی. مەلەکان بەرلە خۆی هەست بەمشتەری ئەکەن.

– «بەچەند فاڵ ئەگریتەوە؟»

– «هەرچەندەت پێ خۆش بوو، دات.»

تەنەکە بچووکەکەی لە تەلی قەفەسەکە نزیک خستەوە. مەلەکان بەئەرکی خۆیان ئەزانی. یەکیان بەلاسارییەوە سەری بۆ ئەم دیوی قەفەسەکە درێژ کرد و کوتێ کاغەز بەدەنووکییەوە هات. وتی: «من بۆت بخوێنمەوە یان خۆت ئەیخوێنییەوە؟»

– «هیچمان. بیدڕێنە. ویستم بۆ ساتێک هەموومان لەو تەنیایی و وەڕسییە بێینە دەر. من وتۆ و ئەم مەلە داماوانەش.»

بێ هیچ گلەییەک کوتە کاغەزەکەی خستەوە ناو ڕیزەکە. وتی: – لەبەر خۆیەوە – «بەڵام من تەنیا و وەڕس نەبووم.»

– «وازبێنە؛ واز لە پەریخان بێنە...»

بە عەجایەبەتییەوە سەری هەڵبڕی. کابرا دەمێک بوو دوور کەوتبۆوە. ئەم قیژاندی:

– «پەریخان هی من بوو، هی من. ئێستاش هی منە.»

ئەو گریا. دەبوو بگری. هەرکەسی دیکەیش بێ لەبری ئەو چاوەکانی ئەپالێوێ و کلاو بەچرچ و لۆچی ڕوومەتە ڕەشەکەیدا ئەڕژێتە خوار. هەرکەسی دیکەیش بێ لەبری ئەو ئەپرسێ: «ئەی من هی کێم؟»

ئەیپرسی ئەگەر ڕۆژی خۆی ئەم بیوتایە: «پەریخان هی منە.» ئەگەر نیو سەعاتیش پێش مارە کردنی بوایە تەنانەت. بەڵام ئەم نەیوتبوو «پەریخان هی منە.» وتبووی: «پەریخان هی من بوو.» ئەویش سەرسووڕماو پرسیبووی: «کێ؟ پەریخان؟» ئەوسا بەشەرمێکی بووکانەوە سەری هەڵبڕیبوو. لە ئەم و سەرە تاشراوەکەی ورد بووبۆوە. لە ترسی ئەوە پێکەنینی لێ نەپژێ. بۆ ئەمەیان لە دڵی خۆیدا هیچی نەوتبوو.

– «تۆ بۆ وا بەگەنجی پیر بووی؟»

– «بە پیریش گەنج ئەبوومەوە، ئەگەر جارێ، هەر تاقە جارێ پەریخان خۆی بەو باخەدا بکردایە.»



ڕەنگە تەنیا هەر ئەو باخە بێ کە دیواری دوورو بڵیند لە چاوی ئەمی نەدزیبێتەوە. گوڵەکانی ئەیناسن؛ حەوز و فوارەکەشی؛ بیە پرچ درێژەکانیشی؛ تەنانەت ئەو پیرەدارەش کە کراس مەیلەو شینەکە و مانتۆ خەنەییەکە لە سێبەریدا دانیشتوون.

ڕەنگە ئێستا مانتۆ خەنەییەکە بپرسێ: «سەعات چەندەیە؟» کراس مەیلەو شینەکەش بێتە وەڵام: «سەعات سێیە. هێشتا زووە. سەعاتێکی ماوە.»

سەعاتێکی ماوە بۆچی؟ زەنگی قوتابخانە لێبدرێ و قوتابی بچنەوە بۆ ماڵ؟ ڕەنگە مانتۆ خەنەییەکە بترسێ و بڵێ: «ئەترسم باوکم بزانێ ئیمڕۆ نەچوومەتە قوتابخانە.» کراس مەیلەو شینەکە بڵێ... نا... ئەو هیچ ناڵێ. پیرە دارەکە ئەڵێ:

– «سەر هەڵبڕی یان هەڵنەبڕی، سەیری لق و پۆپی چڕو گەڵای سەوزم بکەی یان نەیکەی، ئەبێ ئەوە بزانی کە من سێبەر و فێنکایی بەسەر کەسێکدا نارێژم کە بترسێ.»

ئەم سەر هەڵئەبڕێ و سەیری لق و پۆپ و گەڵاکانی ئەکاو لە بەرخۆیەوە ئەڵێ: «لەبەر دڵی منیش بووە دان بەجەرگتدا بگرەو تووڕە مەبە. پەریخان ببیستێ لێمان ئەڕەنجێ و دیسان ئەتۆرێتەوە.»

مانتۆ خەنەییەکە ئەڵێ: «ئەوە وریتەوریتی چیتە؟ چی بەگوێی ئەم پیرەدارەدا ئەچرپێنی؟»

ئەم پێئەکەنی. قاقا پێئەکەنێ: «قسەی خۆمانە پەریخان.»

مانتۆ خەنەییەکە بزەی دێتێ: «قسەی خۆتان؟ بۆ لە زمانی دارو درەختیش ئەگەیت؟»

ئەم دیسان سەر هەڵئەبڕێتەوە و چاو لە لق وپۆپ و گەڵا سەوزەکان ئەقرتێنێ:

«خۆ گوێت لێیە پەریخان چی ئەڵێ؟» پشتی بەدارەکەوە ئەنووسێنێ، توند. «پێی سەیرە لە زمانی ئیوەش بگەم.» ئەوسا نیگای بۆ حەوز و فوارەکە ئەگوێزێتەوە. بۆ شۆڕە بییەکان بەدەورییەوە. شۆڕەبییەکان پرچی درێژیان ئەشەکێتەوە. بەدەوری حەوزەکەدا ئەسووڕێنەوەو سەما ئەکەن.

– «گوڵە ڕەنگاوڕەنگەکان پێشێل نەکەن شۆڕەبییە پرچ درێژەکان. نەکەونە ناو حەوزەکەوە شۆڕەبییە شۆخ و شەنگەکان.»

مانتۆ خەنەییەکە دیسان لە سەعات ئەپرسێتەوە: «درەنگم بەسەر نەیەت، باوکم ببیستێ لەگەڵ تۆ بووم بەپرچ هەڵمئەواسێ و سەگیش بەتۆوە ئەنێ.»

ئەم دڵخۆشی ئەداتەوە: «مەترسە پەریخان، مەترسە. کە باوکت پرسی لە کۆی بووی، ئازایانە سەر هەڵبڕە، چاو لە چاوی ببڕەو بڵێ لەو باخە بووم، لەگەڵ حەمەعەلی. کە پرسی کامە حەمە عەلی، بڵێ کوڕە گەورەی خوالێ خۆشبوو حاجی قادر. کە پرسی کامە حاجی قادر... نا، ناپرسێ کامە حاجی قادر، تەنانەت ناپرسێ کامە حەمە عەلی. مەترسە پەریخان، مەترسە. ئیتر دەوری دزە دزو خۆشارکێنێ نەماوە. ئیمڕۆ یان سبەی ئەنێرمە خوازبێنیت.»

مانتۆ خەنەیییەکە ئەڵێ: «بەڵام ئەترسم باوکم...»

– «لە چی ئەترسی؟ ها؟ من حەمەعەلیم پەریخان. کوڕە گەورەی حاجی قادری خوالێخۆشبووم. ئەی نەحلەتی خوا لە شەیتان و لەو باوکە لووت بەرزە کچەکەی بەمن نەدا.»

ئەم تووڕە بوو. مانتۆ خەنەیییەکە پێی زانیبوو. پیرەدارەکەش. شۆڕەبییەکانیش پێیان زانیبوو.

– «بستێ منداڵ بووین بەشوێنتەوە بووم. ماڵ بەماڵ، کۆڵان بەکۆڵان، سەعات بەسەعات، ساڵ بەساڵ. تۆ هی من بووی پەریخان. هی من بووی.»

کۆڵانەکان باریک بوون. باریک و سوور. پەنجەرەکان شین بوون. شین و گەورە. بۆن شەپۆلانی ئەدا. بۆنی گڵ و گەسکە شاری. ناوێرم بێنم ناوەکەی وەی لەبەر زولفە خاوەکەی... پەری وەرە ژوورەوە...

– «هەر مانتۆی خەنەییت لێ جوان نییە پەریخان. تۆ هەموو ڕەنگێکت لێ جوانە.»

پەریخان دیسان بەترسەوە لە سەعاتی پرسییەوە. ئەم ئەپاڕایەوە. مانتۆ خەنەیییەکە ئەیدی. پیرە دارەکەش. شۆڕە بییەکانیش ئەیاندی.

– «خۆ تاوانم نەکردووە خۆشم ویستووی پەریخان. خۆ تاوانم نییە خۆشم ئەوێی. ئەرێ خۆشم ئەوێی. بەقەدەر هەموو دنیا. پەلە مەکە پەریخان. هەڵمەیە...»

کۆڵانەکان تەنگەبەر بوون. تەنگەبەر و سوور. تەنگەبەر و زەرد. شەقامەکان زەردبوون. شەقامەکان دورودرێژ بوون. جۆگەکان دوورودرێژ بوون. دارتەلەکان، سیمەکان، هاژەکان، ویژەکان، هاڕەکان، پەلە مەکە پەریخان. ماشینەکان دوورودرێژ بوون. کوڕی خۆم خۆت لادە. بۆن شەپۆلان ئەدا. بۆکڕووز. هەموو کەس بۆکڕووزی لێ دێ. هەمووشت بۆکڕووزی لێ دێ.



– «کوڕی مەحموو پاشای جافیش بوویتایە دارمەیتی پەریخانیان پێ هەڵنەئەگرتی.»

مانتۆ خەنەیییەکە وەڕسە و هەڵئەستێ. ئەم ئەگری. پەریخان ئەیبینێ. پیرەدارەکەش. شۆڕە بییەکانیش ئەیبینن.

– «پەریخان هی من بوو.»

– «تۆ بۆ وا بەگەنجی پیربووی؟»

– «بە پیریش گەنج ئەبوومەوە ئەگەر...»

تاکسییەکی زەرد لە لای دەروازەی باخە گشتییەکە ڕاوەستا. مانتۆ خەنەیییەکە سواربوو. کراس مەیلەو شینەکەش.

پاییزی – ١٣٧٧

# شەوانی بەفری

شتێکی سەیر نەبوو. ئەشیا هەر کەس تووشی ببێ، بەتایبەت ئەو، بەو زەینە قاڵەیەوە. خۆی وتبووی - بەشۆخی -: «ئەڵێی حەمامێکی قەدیمییە، بەخەزینەو تووناوتوونی ترسناکەوە. بەتاریک و ڕوونی وەهمیی و دنیایەک دەنگەدەنگ و هەراو هوریای ناو هەڵم و هالآوی خەستەوە.»

ئەشیا هەرکەس تووشی وەها حاڵەتێک ببێ کە نەزانێ کێ یان چییە کە ئازاری ئەدا. بەتایبەت ئەو، بەکۆڵێک یادەوەری تێکەڵ و پێکەڵەوە. وەها کە لەگەڵ یادەوەری هەزاران کەس تێکەڵ بووبێ. کەسانێکی ناسیاو و نەناسیاو. هەمیشە ئەیوت: «ساڵەهایە تووشی بووم.»

مەبەستی دڵەکوتەکەی بوو. ترس و خۆف و نیگەرانییەکی سەیر کە پێیوابوو بۆ ڕابوردووی دووری، بۆ سەردەمی منداڵیی ئەگەڕێتەوە. بەڵام ماوەیەکە ئەڵێ: «لە شەوێکی بەفرییەوە دەستی پێکرد.» ئەوسا شەوێکی دێتەوە بیر کە بەسەر ژنەکەیدا نەڕاندبووی.

ئەگەر لە ژنەکەی بپرسێ: پێتوایە ئەو شەوە بۆ ئەبێ بەسەر تۆدا نەڕاندبێتم؟ و ژنەکەی بڵێ: کامە شەو؟ ئەو بڵێ: ئەو شەوە کە لەگەڵتا بەشەڕ هاتم و سێ شەو، بگرە زیاتریش لەیەک تۆراین. ژنەکەی دیسان بڵێ: کامە شەو؟ و ئەو بڵێ: ئەو شەوە کە لای پەنجەرەکە ڕاوەستابووی و لە درزی پەردەوە لە دەرەوەت ئەڕوانی. ئەگەر ژنەکەی بەتووڕەییەوە بڵێ: ئەتەوێ حسابی شەڕ و تۆرانەکانمان ڕابگری؟ و ئەویش لێبووردن خوازانە بێتە وەڵام: ئەمەوێ ئەو شەوەت بیر بێتەوە کە بەفر ئەباری و من بەسەرتا نەڕاندم و شەڕمان بوو. ژنەکەی ترساو و نیگەران لێی ئەپرسێ: بۆ لەو شەوەدا چی ڕوویداوە؟ ئەڵێ: نەکا شتێکم لێ بشاریتەوە؟

ئەو بەداماوییەوە ئەڵێ: «ژنان قسەیان لێ دەرناکێشرێ.» نەوەک بەژنەکەی، بەخۆی ئەڵێ و پیاوێکی سمێڵ ئەستوور لە زەینیدا درێژەی ئەداتێ: «مەگەر بەزۆری دار و قامچی» ئەو پێدەکەنێ.



ئەزانێ وەبیرهێنانەوەی شەوێکی بەفری تایبەت لە ناو ئەو هەموو شەوە بەفرییانەدا، نەوەک هەر بۆ ژنەکەی، بۆ هەموو کەس کارێکی سەخت و گرانە. ڕاست وەک وەبیرهێنانەوەی شەوێکی بارانی.

شەوێکی بەفری، گومانی لەوە نییە کە لەو شەوەدا بەفر باریوە. بەفرێکی قورس. لەو بەفرانە کە ساڵەها لەبیر ئەمێننەوە. لەو بەفرانە کە پیاو بۆ کوشتنی براکانیان دنە ئەدەن. برای شاعیر و شێت کە لەبری ئەوەی کاسبی بکەن، عاشق ئەبن. سوورملینا ناوێکی جوانە. بۆ ئەبێ کەسێک بیەوێ برا عاشقەکەی بکوژێ، ئەویش لە شەوێکی بەفریدا؟ ئەو تێناگا. لەزۆر شتی دیکەیش ناگا. لەوەش ناگا کە بۆ پیاوێک کە بڕیاری داوە ئازاد بێ و ئازاد بژی، لە ناو بەفری کوێستاندا ژنەکەی بەدوا خۆیا ڕائەکێشێ، منداڵەکەی و ئەسپەکەشی، تا پاشان ناچار بێ دەمانچە لە تەوێڵی ئەسپەکەی بگرێ، تا ئەسپ پێڵووە کراوەکانی لێکنێ و چاوەکانی - کە لە چاوی ژنەکەی ئەچێ - داپۆشێ. تا هەمدیس ناچار بێ بەقامچی بکەوێتە گیان ژنەکەی، تا پێڵووی لێکناوی بکاتەوە و پیاوە و قامچی و کوێستانە سپی و ڕووناکەکە ببینێ.

ئەگەر بەژنەکەی بڵێ: بۆ ئەبێ هەموو ئەو ڕووداوانە لە ڕۆژان و شەوانی بەفریدا ڕوو بدەن؟ ئەگەر ژنەکەی کاتێک ژوورەکەی هەڵئەپەردێوێ ئەملاولا بەفیلم و کتێبەکانی بکا... ئای کە هەندێک کەس تەجرەبەی سەیر و غەریبیان بووە. باشە بۆ ئەو هەرگیز نەبۆتە پەڵە هەورێکی پانتۆڵ لە پێ؟ یان وێنەیەکی کووڕ لە دڵۆپە فرمێسکێکدا؟

ئەگەر لە ژنەکەی بپرسێ: بۆ ئەبێ کەسێک دنیای بەبێ چاو بوێ و کەسێکی دی لە دنیادا تەنیا دوو چاوی ڕەشی ژنێک؟ ئەوسا ژنەکەی بڵێ: ڕەنگە بۆ ئەوەی لە گۆڕستانێکی شاری پاریس بیاننێژێ. ئەویش نیوە شۆخی و نیوەش بەڕاست لە بەرامبەری چۆک دابدا و ژنەکەی تیزە بزەی بێتێ و بڵێ: خۆ تۆ ڕقت لە ڕاسکۆلنیکۆڤ بوو.

ژنەکەی ڕاست ئەکا. سویدریگایلۆڤ کەسی دڵخوازی ئەوە. ئەو پیاوە کە دەمانچە لە دڵدارەکەی ئەکێشێ و لە ئەنجامدا خۆی ئەکوژێ.

بەمەرگی کەس هیچ گرفتێک چارەی نایەت. بوون و نەبوونی هیچ کەس گرنگ نییە. گرنگ ئەوەیە کە لەو شەوەدا بەفر باریوە.

ئەو شەوە بەجارێک بەفر ئەباری و

بەیانییش دەستەی قەلەڕەشەکان لەسەر لقی سپی زستان

له دەشتی بوورسەدا، تا چاوم هەتەر بکا
دنیایەکە بێ کۆتایی.
دڵدارەکەم، وەرزێکی دی هاتووە و
لە ژێر ئەو بەفرە
ژیان
تێکۆشەر و لووت بەرز
بەردەوامە.

ئەگەر لە ژنەکەی بپرسێ: ئەرێ تۆ هیچ پیاوێکت لەو شەوە بەفرییەدا دی؟ و ژنەکەی بڵێ: کامە شەو؟ ئەو بڵێ: ئەو شەوە کە بەسەر تۆدا نەڕاندم و سێ شەو، ڕەنگە زیاتریش لەیەک تۆراین.

بێگومان لەوەها شەوێکدا ئەبێ کەسێک لە دەرەوەی ماڵەکە بووبێ و شانی بەقورسایی بارشتی بەفرەکە سپاردبێ. پیاوێکی ماندوو...

«پیاوێکی ماندوو لە شەوێکی بەفریدا ئەبێ چ کارێکی بووبێ؟» لە خۆی ئەپرسێ یان لە ژنەکەی؟ ڕەنگە لەو پیاوە کە لەژێر کولوە سەرگەردانەکاندا خەڵوەتی کۆڵانەکە ئەشەمزێنێ و سیبەرەکەی لەبەر ڕۆشنایی گڵۆپی سەر دەرکەی ماڵەکان، لەسەر خشتی دیوارەکان ئەخزێ و حورمەتی دەرکە و پەنجەرە داخراوەکان ئەشکێنێ.

– «لە کەسێک ئەگەڕێی؟»

بڵێی ئەمەی پرسیبێ؟

– «من هەموو خەڵکی ئەم گەڕەکە ئەناسم.»

یان تا ئەو ڕادە بەماریفەت بووبێ؟

ئەڵێ: بریا ئەمتوانی وەڵامی ڕاست بەم پرسیارانە بدەمەوە.

هیچ پرسیارێک وەڵامی ڕاستی نییە. ئەگەر ئەمە بەژنەکەی بڵێ و ئەگەر ژنەکەی بڵێ: ئەی بۆچی...

نایەوێ باقی قسەکانی ژنەکەی ببیستێ. هەموو بیر و هۆشی لە کۆڵانەو لە لای ئەو پیاوە کە دەستە ساردەکانی ئاخنیوەتە نێو گیرفانی پاڵتۆ تاریکەکەی. سێبەری پیاوەکە لە پانایی کۆڵاندا نیوە خولێک ئەدا و لەسەر دیواری ماڵێک، باڵا بەباڵای خاوەنەکەی بەرەو



پێش ئەڕوا. لەگەڵ هەر هەنگاوێکی کابرا سێبەرەکەی باڵای ئەکشێ و لە پەنجەرە داخراوەکانەوە سەرەتاتکە ئەکا.

– «ئەڵێم ئەگەر حەز بکەی ئەتوانم یارمەتیت بدەم.»

ئەوسا درێژەی پێئەدا: «بەڕواڵەتدا دیارە غەریبیت و ماندوو.»

ڕەنگە کابرای ماندوو تێگەیشتبێ کە دەسبەرداری نابێ، بۆیە نەچۆتە ئەوبەر کۆڵان و سێبەرەکەی هەمدیس نیوە خولێکی نەداوە. یان ڕەنگە دەنگەکەی بەلاوە ناسیاو بووبێ کە ڕاوەستاوە و ئاوڕی لێداوەتەوە.

– «کەواتە بەهەڵە نەچووم. لە کەسێک ئەگەڕێی.»

– «خائین.»

لەگەڵ هەموو هەوڵ و تەقەلای ئەم ماوەی بۆ بیرهێنانەوەی ئەو شەوە بەفرییە و ئەو پیاوە ماندووە، هێشتا دڵنیا نییە کە وشەی خائینی لێ بیستووە یان نا.

ئێستا ئیتر بێگومانە لەوەی کە لە خەڵوەتی کۆڵانەکەو لەژێر بارشتی قورسی ئەو بەفرەدا پیاوێکی غەریب و ماندووی دیوەو قسەشی لەگەڵ کردووە. لەو قسانە کە هەموومان لە شەوێکی بەفری لەگەڵ پیاوێکی غەریب ئەیکەین. پیاوە شتێکی پێ گوتووە. بەلەت و کوت بوونی هەوری هەڵمی بەردەمیدا ئەزانێ، یان ڕەنگە بەچاوەکانیدا. بەنیگای سارد و گەزکی کە لە پشت مێڵە سپییەکانی بەفرەوە بۆ ساتێک دیبوونی و پاشان وەها کە هەرگیز نەیدیبێتن لە بیری کردبوون.

– «خائین.»

ئەگەر بەژنەکەی بڵێ: دوای ساڵەها ئەو وشەم وەبیرهاتەوە کە لێی ئەگەڕام. ئەگەر ژنەکەی بڵێ: کامە وشە؟ و ئەویش بڵێ: هەمان وشە کە لە کابووسی شەوانەمدا ئەمبیست و لە بیرم ئەچۆوە. ئەگەر ژنەکەی بڵێ: نارەفیق؟ شەوێک بەدەم ئەم وشەوە لە خەو ڕابووییت.

ئەڵێ: خائین یان نارەفیق؟ من ئەبێ تێبگەم ئەو پیاوە بۆ شتی وای بەمن گوتووە. ئەپرسێ: (لە ژنەکەی؟) «لەبیرتە من ڕۆژێ لە ڕۆژان لە ڕیزێکدا بووبم؟»

ژنەکەی لە کاتێکدا ئەلبومی زەماوەندەکەیان هەڵئەداتەوە، بەبزەیەکی نازدارانە کە لە بزەی سەرەتای ژیانی هاوبەشیان ئەچێ، ئەڵێ: «لە ڕیزی عاشقانی مندا.»

گوێی ناداتێ. دەمێک ساڵە گوێ بەنازدارییەکانی ژنەکەی نادا. ژنە بەمە ئەزانێ. خەمیشی لێ ئەخوا، بەڵام بەسەرخۆی ناهێنێ. هەرئەم کردەی ئەوی دڕدۆنگ کردووە. لە دەمێکەوە دڕدۆنگ بووە.

– «ئاگری بن کایە ژن. کلۆڵ – پاز– دڵی بەکێ خۆشە، ئەلیزابت، پرسەفۆنە، ماری... ئەو ئەتوانێ یارمەتیم بدا، کەچی نایدا.»

ژنەکەی ئەڵێ: «کابووسەکانی پیاو لە بەشە ونبووەکانی پازڵێک ئەچن. جاری وایە دۆزینەوەی بەشێکی تازە سەر لە پیاو ئەشێوێنێ.»

نازانێ کە بۆچی ژنەکەی ئەڵێ «سەر لە پیاو ئەشێوێنێ.» بەڵام دڵنیایە کە «خائین» بەشێکی تازە لە پازڵێکی هەڵڕژاوە. بۆیە لەپاڵ بەشەکانیدی ڕایدەگرێ. شەوێکی بەفری، کۆڵانێکی چۆڵ، پیاوێکی ماندوو، هاوارێکی دوور و دەمانچەیەک؛ بڵێی ئەم دواهەمینەش بەشێک لە کابووسەکانی ڕابوردووی بێ، یان بەشێک لە کابووسی کەسێکی دی؛ بۆنموونە سویدریگایلۆڤ، یان تەنانەت خودی داستایۆڤسکی؟

– «چەند ساڵ بوو کابووسەکان وازیان لێ هێنابووی.» ژنەکەی ئەیلێ.

– «بەڵام وادیارە دیسان سەریان هەڵداوەتەوە.»

ئاماژەی بۆ ئەو قسانەیە کە لەم چەند ڕۆژەدا لێی بیستووە. قسەی شەوێکی بەفری و شەڕ و تۆرانێک کە ئەبێ سێ شەوی خایاندبێ و...

ئەو دڵنیایە ڕووداوەکانی ئەو شەوە کابووس و وەهم نەبوون، بەڵکوو واقیعێک بوون کە لە عالەمی بەخەبەرییدا ڕوویانداوە.

– «ئەتەوێ بڵێی تووشی وەهم بووم؟» دڵنیا نییە کە ژنەکەی بیستبێتی. بەرزتر ئەیلێ: «پێتوایە پیاوێکی غەریب و ماندوو لە خەڵوەتی کۆڵانی شەوێکی بەفریدا لە چی ئەگەڕێ؟»

ژنەکەی ئەڵێ: «ڕەنگە لەماڵی دۆست و برادەرێکی کۆنی.»

– «بۆیە منیش ئەمویست یارمەتی بدەم.»

– «یارمەتیت دا؟»

«ئەمویست بەڵام...» ئێستا بیری دێتەوە چی پێ گوتووە و زۆر شتی دیکەیشی بیر دێتەوە. پیاوەی غەریب ئەوی ناسیبوو. ئەویش ڕەنگە ناسیبێتی کە لە حاستیدا وشک



بوو بوو، پاشان لەسەر بەفرەکە چەند هەنگاو لێی کشابۆوە و هەڵاتبوو. ئەو تا بەردەرکەی ماڵی خۆیان هەڵاتبوو. بێ ئەوە ئاوڕ بداتەوە و بزانێ پیاوە بەدوایەوەیە یان نا، خۆی بەماڵەوەدا کردبوو. لە ژوورەوەش دەرکەی قایم داخستبوو. کە ئاوڕی دابۆوە دیبووی ژنەکەی لە هۆڵەکە، لەبەر پەنجەرە ڕاوەستاوە و لە دەرەوە ئەڕوانێ. بەسەر ژنەکەیدا نەڕاندبووی و ئەوسا شەڕیان بووبوو.

ئەگەر بەژنەکەی بڵێ: چەند شەو لەمە بەر هاوڕێم دی. ئەگەر ژنەکەی بڵێ: کامە هاوڕێ؟ و ئەو بڵێ: هاوڕێ، کوڕەکەی پوورە خاتوون. ئەوسا ژنەکەی بڵێ: هاوڕێ یان هیوا؟ و هەمدیس بڵێ: هاوڕێ زۆر لە هیوای برای ئەچێ و بەداخ و مەخابنەوە ئاخ هەڵکێشێ و بڵێ: ئای کە ژیان بێ بایەخ و هیچ و پووچە. ئێستا ئیتر هیوا لە بیرەوەرییەکانیشماندا نەماوە.

خۆزگە ئەوەی ئەگوت. بەڵام ژنەکەی دەمێکە بوو باسی هیوای نەئەکرد. ڕەنگە لە بیری کردبێ؛ یان ویستبێتی لە بیری بکات. لەبەر خۆی و لەبەر دڵی مێردەکەی کە ساڵەهای ساڵ هەر کاتێ باسی هیوا ئەکرا لە پڕمەی گریانی ئەدا. وەها کە تەرمی هاوڕێکەی بەکۆڵەوە بێ و بۆ لای بنەماڵەکەی بباتەوە.

ئەو کاتە خواکان بنیادەمیان خوڵقاند
مەرگیان بۆ بنیادەم دانا و
ژیانیان بۆ خۆیان ڕاگرت.

مردووەکان ئەبێ بەڕوخساری گۆڕاوەوە بچنە ماڵە تاریکەکانیان و ئەویش واز لە شین و گریان بێنێ، خواردنی خۆش بخوا و جلوبەرگی جوان و ڕازاوە بپۆشێ.

ئاگات لەو مرۆڤە بەستەزمانەبێ کە دەستی بەدەستی تۆ سپاردووە.
بێڵە با بووکەکەت چێژ لە باوەشت وەربگرێ
چما ئەرکی بنیادەمان ئەمەیە و چیتر نییە.

ئەڵێ: وازمان لێ ناهێنن ژیانی خۆمان بژین. شەوانی بەفری و پیاوانی غەریب و ماندوو کە لە پشت مێڵەی کولووەکانەوە ڕقی سەهۆڵینیان لە ڕوومان تف ئەکەن، وازمان لێ ناهێنن.

ئەگەر هیوای هاوڕێشی بووبێ چۆن توانیوییە ماڵەکەیان وەدۆزێ و هەر ئەو شەوە یان شەوی دواتریش، کە ئەو لە ترسان لە ژوورەکەی نەچۆتە دەر، خۆی بگەیەنێتە پشت

پەنجەرەکەو بەزاری قوڕاوییەوە پڕ بەخەڵوەتی کۆڵان بقیژێنێ؟ ئەو هەستی کردبوو قیژەکەی بیستووە؛ یان ڕەنگە بەڕاست بیستبێتی. دەنگێک کە لە دوورەوە لە هاوار چووە. دەنگێک کە بەگوێی غەریب نەبووە. وەک ئەو دەنگانە کە هەمیشە لە گوێماندان، بەڵام جاروبار نەبێ نایانبیستین. ئەگەر هیوای هاوڕێشی بووبێ، بۆ ئەبێ لە پشت پەنجەرەکە هاواری کردبێ؟ بۆ ئەبێ دەرکەی ماڵەکەی نەکوتابێ؟ خۆ ماڵی نەناسیاو نەبووە، ماڵە هاوڕێی بووە، هاوڕێی هەموو تەمەنی.

ئەڵێ – نازانێ بەکێ –: «لە منداڵییەوە پێکەوە بووین. لە کۆڵان و لە قوتابخانە. لە هەموو ئەو ساڵانەدا، تەنانەت بۆ ڕۆژێکیش لەسەر دوو کورسی لێک جیا دانەنیشتین. من بووم کە گوتم با بچینە پەیمانگەی مامۆستایان و ببین بەمامۆستا. وەک سەمەدی بەهرەنگی دەرس بەمنداڵە دێهاتییەکان بڵێینەوە. یەکەم ساڵی مامۆستاییمان هەر خودا ئەزانێ چیمان کرد تا هەردووکمانیان نارد بۆ دێیەک. دێیەکی دوورە جادەی کوێستانی. جێیەک کە بەمووچەی دوو قاتیش کەس نەئەچوو. ئێمە چووین و ساڵی دواتریش هەر لەوێ ماینەوە، تا ئەو بەڵا و موسیبەتە...

– «زۆر بێ مەعنایە ژنێک کە مێرد و دوو منداڵی هەیە بچێتە بەر پەنجەرە و چەند سەعات لە درزی پەردەوە لە دەرەوە بڕوانێ.»

نەوەک هەر شەڕی ئەو شەوەیان، بەڵکوو هەموو شەڕەکانیان بەم قسە دەستی پێ ئەکرد. بەوەی کە «من ئەبێ تێبگەم ئەم هەموو ساڵە چاوەڕوانی هاتنی کێ بووی؟»

حەیای ژن هەرگیز نەیهێشتبوو ڕووبەڕووی مێردەکەی ڕاوەستێ و بۆ ئەم قسانە، کە دڵنیا نەبوو لە بێ باوەڕی و دڵ پیسییەوە ئەگوترێن یان نا، شەرمەزاری بکات.

ئەویش بەمەی ئەزانی و ئەیزانی ژنەکەی لەم هەموو ساڵەدا چەندە بەئەو و منداڵەکانیا ڕاگەیشتووە. تەنیا شتێک کە ئەو نایزانێ ئەوەیە کاتێک ژنەکەی لە شەوانی بەفریدا لە پەنجەرەوە لە دەرەوە ئەڕوانێ بیر لەچی ئەکاتەوە. هەروەها نازانێ ئایا ژنەکەی لەو شەوە بەفرییەدا پیاوێکی غەریب و ماندووی دیوە کە لەو دیو پەنجەرەکەوە هاوار بکات؟ ئەگەر دیوبیە ئایا ئەویش پێیوابووە ئەو پیاوە هیوایە؟ هیوای کوڕە پووری خۆی و هاوڕێی دێرینی مێردەکەی؟

ئەو لەوەی کە چیرۆکەکە گەیشتۆتە ئێرە ئەترسێ. حەز ئەکا بەلاڕێدا چووبێ. لە شوێنێکدا هەڵەی کردبێ. چۆن و لە کوێیدا، نازانێ. بۆیە بەچیرۆکەکەیدا ئەچێتەوە.



سەرلەنوێ پارچە پارچە و کوتەکانی لە پاڵ یەکدی ئەچنێتەوە. شەوێکی بەفری، کۆڵانێکی چۆڵ و پیاوێکی ماندوو کۆمەڵێک سێبەر کەوەک مار نیوە سووڕ ئەدەن و لە کۆڵان، لە دیوارە تەڕەکانەوە سەرەتاتکە بۆ پەنجەرەی داخراوی ماڵەکان ئەکەن. پیاوێکی ماندوو بەچاوی سەهۆڵین و نیگای سارد و گەزک، هەورێکی بچووک لە هەڵم و هاڵاو کە لەبەردەمیدا لەتوکوت ئەبێ. وەها کە گوتبێتی خائین. پیاوێکی ماندوو کە لەو دیو پەنجەرەی هەڵم گرتوو، بەزاری قوڕاوییەوە هاوار ئەکا و بەجووڵەی نەرم و بێ گیانی دەستە سارد و ئێسکنەکەی سەمای ئارامی کولووە بەفرەکان ئەشەمزێنێ.

بەترسەوە چرای ژوورەکەی ئەکوژێنێتەوە. ژوورەکە و هەموو ماڵەکە تاریک دادێ. ئەبێتە کوتێک لە زوڵمەتی ئەو شەوە. کوتێک لە زوڵمەتی شەوێکی بەفری.

– «لەم تاریکییەدا ماڵەکەی لێ ون ئەبێ. لە بەفر و کرێوەکەدا سەرگەردان لێی ئەقەومێ.»

ئەو لە دەرەوەی ماڵەکە هەست بەسەرگەردانی و لێقەومانی پیاوەکە ئەکا. هاوارەکەشی ئەبیستێ. هاوارێکی دوور. ئەڵێی بەناو بانگی ئەکا. ئەو چاوەکانی لێک ئەنێ. گوێی خۆی ئەگرێ. بەڵام بەو حاڵەش پیاوەکە ئەبینێ کە لەناو بەفرەکەدا باوەشی بەخۆیدا کردووەو لە ترسان و لە سەرمان هەڵئەلەرزێ. داماو و لێقەوماو لە لایەکەوە بۆ لایەکیدی و... ئەکەوێتەوە. ئەمجارە ئارامتر و بێ گیانتر هاوار ئەکا. هەمدیس بەناو بانگی ئەکا. بانگی ئەو و بانگی یەکە یەکەی پیاوانی ئاوایی کە بەناو ئەیانناسێ.

– «خۆتۆ هەمیشە تا دەمەو بەیانی بەخەبەر بووی و کتێبت ئەخوێندەوە.»

ئێستا بیری دێتەوە کێ ئەوەی پێ گوتووە. گریانەکەشی بیر دێتەوە. ویستوویە بڵێ: «ئەگەر ئەو شەوە زووتر لە شەوانیدی چرای ماڵەکەت نەکوژاندایەوە و نەخەوتیایە هیوا لە دوورەوە ڕووناکییەکەی ئەدی و ڕێگەکەی ئەدۆزییەوە.»

ژنەکەی ڕاستی گوتووە. قوتابخانەکەی ئاوایی کە هەم ماڵ و هەم قوتابخانەیان بووە لەسەر تەپۆڵکەیەک بوو. شەوان ڕووناکی چرای ژوورەکەیان وەک فانۆسی کوێستان، نەوەک هەر لە جادەوە، بەڵکوو لە ئاواییەکانی ئەملاو لاشەوە دیار بوو.

ئەڵێ: «من نەمئەزانی هیوا بەوشەوە ئەگەڕێتەوە بۆ ئاوایی.»

ئەگەر لە ژنەکەی بپرسێ: تۆ پێتوایە نیگابانی فانۆسی دەریایی شەوێک بەئەنقەست فانۆسەکە بکوژێنێتەوە و ببێتە هۆی تیاچوونی کەشتی شکاوێک؟ ئەگەر ژنەکەی بڵێ:

جاری وایە بنیادەم هەموو جەنایەتێکی لێ ئەوەشێتەوە. ئەو بڵێ: تەنانەت ئەگەر کەشتی شکاوەکە هاوڕێی نیگابانەکەش بێ؟ و ژنەکە بڵێ: جاری وایە بنیادەم بۆ کوشتنی هاوڕێکەی هەزار و یەک هۆ شک ئەبا.

ئەڵێ: «من بۆ ئەبێ هیوام کوشتبێ؟ بۆ ئەبێ ئەو شەوە بەئەنقەست چراکەم کووژاندبێتەوەو خەوتبم؟»

ترساو و هەراسان چرای ژوورەکەی هەڵئەکا. بەو ئومێدەی کە هیوا هێشتا لە دەرەوە، لە پشت پەنجەرەکە بێ. بەڵام نایبینێ. هاوارەکەشی نابیستێ. «ڕەنگە هێز و گوڕی نەمابێ. ڕەنگە دیسان لەو بەفر و کڕێوەدا... هیوا...»

وەک شێت دەرکەی ژوورەکە بەکۆڵەوە ئەگرێ. «هیوا... هیوا...»

هاوارەکەی خەڵوەتی کۆڵانەکە ئەشەمزێنێ.

ئەم چیرۆکە سەرەتا لە ساڵی ١٣٧٧ بەزمانی فارسی نووسراوە و بڵاوکراوەتەوە و لێرەدا بۆ مەبەستی هاوڕێیی و هاوماڵی کردن لەگەڵ چیرۆکەکانی پێشوو کراوە بەکوردی.

# پێڕست


من چیرۆکنووسێکی کوردم ..... 5

**زریکە** – کورتە چیرۆک ..... 15
مەچەکێک لە تەڵەی پێنج پەنجەدا ..... 17
تەزووی ئازارێکی کۆن ..... 26
مەرگی نووسەر ..... 36
زریکەیەک لە قورگی شەودا ..... 51
نابێ شێرە پێ بزانێ ..... 59
ئەولەو مەراقێکی دێرین ..... 70
دوو وێنەی ون ..... 78
ڕۆژێ لەو ڕۆژانە ..... 81
مونو درامای چاوەڕوانی ..... 91

**تەنگانە** – کورتە چیرۆک ..... 97
وتەیەک ..... 99
شەو قەڵای مێردە ..... 101
من... تۆم... خۆش... دەوێ ..... 109
بەهیوای «باران» ..... 115
مەسخ ..... 119
لەگەڵ کۆچی پەرەسێلکەدا ..... 128
ورمز و پەیکەرێک لە قورقوشم ..... 133
هۆرەی وەرزی بەرد بارین ..... 137
چیرۆکێکی ناتەواو ..... 144
ڕابوردوویەک لە ئاگردا ..... 151

**ئەو باڵندە بریندارە کە منم کۆمەڵە چیرۆک** ..... 169
ڕازی پشت پەردەی نارنجی ..... 171
ئەو باڵندە بریندارە کە منم ..... 187





چیرۆکێک بۆ خوشکی ڕەحمەت ..... 205
ئێوارەی ڕۆژی چواردەی مانگ ..... 221
ئێرە ماڵی ئێمەیە ..... 236
ئەو کە ونبوو ..... 249
ڕۆژانی وەڕسی ..... 256
تاسە ..... 262
شەوانی بەفری ..... 269